چیخۆف

کۆچیرۆک

ڕەبەنێکی ڕەشپۆش

گۆڕینی لە فارسییەوە

حمە کەریم عارف

پێڕست

*- وتەیەک

١- دژمنان

٢-ڕێکەوتێکی هیچ

٣- زندە خەون

٤- زیک زیکە

٥- ماچ

٦-هەڵاتن

٧- گرانەتێ

٨- ڕەبەنێکی ڕەشپۆش

٩- هاملێتی مۆسکۆیی

١٠- جۆزیف

١١- لە دەفتەری بیرەوەری کیژێکەوە

١٢- تازیە باری

١٣- مەرگی فەرمانبەرێک

١٤- ڤانکا

١٥-خانم وسەگە چکۆلەکەی

١٦- بووکێ

١٧- قاوشی ژمارە شەش

وتەیەک

چیخۆف(١٨٦٠-١٩٠٤) یەکێکە لە چیرۆکنووسە هەرە دیارەکانی ڕوسیا و شۆرەت و نێوبانگی جیهانی هەیە، بۆ خۆی لە بواری چیرۆکی کورتدا خاوەنی ڕێبازی تایبەتی

بووە و بە دامەزرێنەرێکی هەرەگەورەی ژانری چیرۆکی کورت دەژمێردرێ و پاشان بوو بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی ئەوتۆ کە لە سەرانسەری دنیادا پەیڕەوانی خۆی هەبوو.

ئەم پیاوە هەرگیز تووشی غرور و خۆپەسەندی نەبوو، وێڕای ئەوەی پتر لە ٤٠٠ بەرهەمی هەمەجۆری وەک: چیرۆک، چیرۆکی درێژ و نۆڤلێت، شانۆنامە و یادداشت و گوتار و نووسینی دی بڵاوکردۆتەوە و پایەیەکی ئەدەبی یەکجار گەورەی هەبووە، هەرگیز حەزی بە خۆنواندن نەکردووە، حەزی نەکردووە باسبکرێ و پێیدا هەڵبگوترێ، ئەم نامەیەی چیخۆف بەڵگەی ئەو قسەیەی سەرێمانە، نامەکە وەڵامی نامەی دۆستێکی خۆیەتی بە ناوی دکتۆر ڕوسولیموف. کە هاودەورەی زانستگەی پزیشکی بوون. چیخۆف لەو نامەیەدا دەڵێت: "... داوات لێکردبووم ژیاننامەی خۆم بنووسم. من لەم نەخۆشی ژیاننامە نووسینە زۆر بێزارم. هیچم لەوە لا ناخۆشتر نیە کە هەندێ شت دەربارەی خۆم دەخوێنمەوە. خۆ لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە هەستم دەربارەی خۆم بنووسم و چاپی بکەم. بەهەرحاڵ وا هەندێ شتی کەم، برێ حەقیقەتی بێ ڕتووش و بێ پەردەم دەربارەی خۆم لە پارچە کاغەزێکی جیادا بۆ نووسیوی و لەوەش پترم لە دەست نایەت..."

خوێنەری بەڕێز بەندەش وا دەقی ئەو شتە کەمەی سەر کاغەزە جیاکە دەخەمە بەردەستی ئێوەی هێژا: "... من، ئانتوان چیخۆف لە ١٨٦٠/١/١٧دا، لە تاگانرۆک هاتوومە دنیاوە. سەرەتا چوومە قوتابخانەی یۆنانی (کڵێسای ئیمپراتۆر قەستەنتین) پاشان لە قوتابخانەی تاگانرۆک درێژەم بە خوێندن دا. لە ساڵی ١٨٧٩ دا چوومە زانستگەی مۆسکۆ، خۆم لە کۆلێجی پزیشکی ناونووس کرد. لەو تەمەنەدا هێندە سەرم لە کۆلێجەکان دەرنەدەکرد بیرم نییە بۆچی کۆلێجی پزیشکیم هەڵبژارد. بەڵام پاشان لەم کارەم ژێوان نەبوومەوە. لە یەکەم ساڵی زانستگەمەوە دەستم بە نووسین کرد. نووسینەکانم لە گۆڤارە هەفتانەکان و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە. کە زانستگەم تەواوکرد، نووسین بوو بوو بە پیشەم. لە ساڵی ١٨٨٨دا خەڵاتی پۆشکینم وەرگرت. لە ساڵی ١٨٩٠دا چووم بۆ تاراوگەی ساخالین تا کتێبێک لەمەڕ نەفیکراو و مەحکومانی ڕژێمی تزاری بنووسم. لە ماوەی بیست ساڵەی ژیانی ئەدەبمیدا جگە لە ڕیپۆرتاژ، یاداشت و ئەو گوتارانەی کە ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە و ئێستا پەیداکردنەوە و کۆکردنەوەیان یەکجار زەحمەتە، پتر لە ٣٠٠ چیرۆک و ئەفسانەم نووسیوە و چاپم کردوون. هەروەها نمایشنامەشم ئامادەکردوە.

بێگومان خوێندنی من لە کۆلێجی پزیشکیدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانم هەبووە. زانیاری و شارەزایی پزیشکی زەمینەی بۆ خۆشکردم کە وردتر سەرنجی شتەکان بدەم و زانیاریی سەبارەت بە جیهان و خەڵکی دەوڵەمەنکردووم. بایەخی ڕاستەقینەی ئەو زانستە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە کارە ئەدەبییەکانمدا تەنیا پزیشک پەی پێدەبات. کاریگەری ڕاستەوخۆی زانستی پزیشکی و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانمدا هێندە گەورە بووە کە لە زۆر هەڵەی پاراستووم. ئاشنایەتیم دەگەڵ زانستە سروشتییەکان و ڕێبازی زانستیدا وای لێکردم هەرگیز لە مەنتیق لانەدەم.

هێندەی بۆم کرابێ و دەسەڵاتم پێدا شکابێ هەوڵمداوە دەستور و بنەمای زانستی ڕەچاو بکەم. هەر کاتێک پێ حەسیابم دەرەقەتی پەیڕەوکردنی ڕێبازی زانستی نەهاتووم، خۆم لەو بابەتە نووسینە بواردووە. پێویستە ئەمەش بڵێم کە داهێنانی هونەری هەمیشە یان هەموو کاتێک لەگەڵ ڕێباز و دەستوری زانستیدا ناگونجێت. بۆ نموونە مەحاڵە لەسەر شانۆ، مردنی کەسێکی ژەهر خواردوو وەکو چۆن لە واقیعدا ڕوودەدات، نیشانبدرێ. بەڵام دەکرێ بە زەبری ڕەچاوکردنی ڕێبازی زانستی، ئەو دیمەنە لە واقیع نزیک بخرێتەوە؛ بە جۆرێ خوێنەر یان بینەر لەوکاتەدا کە سوور دەزانێ ئەو دیمەنە واقیعی نییە و دەستکردە، ئەوەی بۆ دەربکەوێ کە مامەڵە لەگەڵ نووسەرێکی شارەزادا دەکات. من بابایەکی ئەفسانە نووسی خەیاڵ پڵاو و خەیاڵباز نیم کە لەبەردەم زانستەکاندا ڕێبازێکی سەلبی بگرمە بەرو نکوڵی لە زانستەکان بکەم. هەروەها لەو نووسەرانەش نیم کە بەپێ خاوسی بەناودەکەون و لە مەنجەڵی هەموو بابەتێکا ئەسکوێن".

خوێنەری هێژا ئەوە چیخۆف بوو، ئێستاش با لەوەی پتر لە سەری نەڕۆین و با چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە خۆیان بێنە قسان و بۆ خۆتان یەکتر بخوێننەوە و یەکتر کەشفبکەن.

حمە کەریم عارف

سەرچاوە:

دشمنان، انتون چیخوف، ترجمە سیمین دانشور،چاپ ششم:١٣٦١

# دژمنان

دکتۆر کریلوف، پزیشکی دەوڵەتی بوو، تاقە کوڕێکی شەش ساڵانی هەبوو نێوی ئاندرێ بوو، نزیکەی سەعات دەی تاریکە شەوێکی مانگی نۆ ئەم تاقانەیەی بە نەخۆشی ملە خڕە مرد. ڕێک لەو دەمەدا کە ژنەکەی دکتۆر لە بەردەم قەرەوێڵەی کوڕە مردووەکەیدا بە چۆکا هات و یەکەمین شاڵاوی نائومێدی بڕستی لێ بڕی، لە زەنگی دەرگاکەیان درا، دەنگی زەنگەکە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە.

ماڵی دکتۆر هەرکە زانیان ملەخڕە لە ماڵیاندا پەیدابوو، بۆ بەیانی هەموو نۆکەرەکانیان ئیزن دا. کریلوف خۆی چووە بەر دەرگا. لە ماڵەوە چۆن بوو واهی چووە بەر دەرگا. کراسێک و ئێلەکێکی لەبەر بوو، نە دوگمەی ئێلەکەکەی داخست و نە دەست و دەموچاوی وشک کردەوە. ئەسفەنیک دەستی سووتاندبوو. داڵانەکە تاریک بوو. کابرا هاتە ژوورەوە، نەدەناسرایەوە، هەر ئەوەندە دیاربوو کە میانە باڵا، ملپێچێکی سپی لە مل و ڕەنگی پەڕی بوو. هێند ڕەنگی سپی ببوو کە وەژوور کەوت لە تۆ وایە داڵانەکەی ڕووناک کردەوە. کابرای میوان زمانی تێک ئاڵابوو، بە هەزار حاڵ تا پرسی: "جەنابی دکتۆر لە ماڵێیە؟"

کریلوف گوتی: "بەڵێ لە ماڵم، چیت گەرەکە؟"

کابرای میوان گەشایەوە و گوتی: "تۆ جەنابی دکتۆری؟ زۆر خۆشحاڵم." لە تاریکییەکەدا دەستی بۆ دەستی دکتۆر گێڕا، هەرکە دەستی دکتۆری بەردەستان کەوت بە توندی گوشی و گوتی: "زۆر زۆر خۆشحاڵم، جارێکی دیکەش بە خزمەتت گەییوم، ئەگەر بیرت مابێ من (ئەبوگین)م ناوە. ئەم هاوینە لە ماڵی (گنوشیف) بە خزمەتت گەیشتم. زۆر خۆشحاڵم کە وای لە ماڵ. مەعز بۆ ڕەزای خوا، دەست نەنێی بە ڕوومەوە و بڵێی بەم درەنگە شەوە لەگەڵت نایەم. ژنەکەم لەپڕ لە زریکەی دا و کەوت، حاڵی خراپە. عەرەبانەشم لەگەڵ خۆ هێناوە..."

کابرای میوان بە قسە و ڕەفتاریا دیاربوو پەرێشان و خەمبارە. دەتگوت لە ئاگرێکی بێ ئامان یا سەگێکی هار ترساوە و بە ئاستەم ڕۆحی پێ ماوە. تەنانەت نەیدەتوانی جڵەوی هەناسە بڕکێیەکەشی بگرێ. بە دەنگی لەرزۆک و لێکدا لێکدا قسەی دەکرد. ڕاستگۆیی و ترسێکی منداڵانە لە قسەکانیا دیاربوو، وەکو یەکێک زارەترەک بووبێ، بە پچڕپچڕی و تێکەڵ و پێکەڵی قسەی دەکرد و گەلێ قسەی بێ سەر و بەر و نەبەجێ لە زاری دەردەپەڕین. لەسەری ڕۆیی: "هەر خەمی ئەوەم بوو کە خوا نەخواستە لە ماڵ نەبی. بە درێژایی ڕێگا دڵم لە مەستما بوو، هێزە خێراکە، فریام کەوە جلەکانت لەبەرکە و با بڕۆین. ئێوارە (پاپچینسکی) هاتە میوانیم، پاشان ئەلکساند زیمیوفچیش هات، هەڵبەتە دەیانناسیت.

دانیشتبووین بۆ خۆ قسانمان دەکرد، پاشان هەستاین بۆ چا خواردنەوە، ژنەکەم هاواری لێ هەستا، دەستی بە دڵییەوە گرت و کەوت بەسەر کورسییەکەدا، هەڵمان گرت و بردمانە سەر جێگاکەی، نێوچەوانیم بە دەرمان چەورکرد، ئاوی ساردم بە دەموچاویا پرژاند، ئیدی بوو بە جەنازە و لەو گۆڕە کەوت. دەترسم دڵی وەستابێ، خێراکە بابڕۆین، بابیشی بە نەخۆشی دڵ مرد." کریلوف مات و بێدەنگ گوێی گرتبوو. هێند بێ دەنگ بوو دەتگوت تاقە وشەیەکی ڕووسی نەدەزانی. وەختێ ئەبوگین جارێکی دی نێوی پاپچینسکی هێنا و باسی خەزروری کرد و جارێکی دی کەوتە گەڕان بەدووی دەستی دکتۆرا. دکتۆر سەری بادا و هاتە قسان، زۆر بەبێ ئارامی و بێ قەراری قسەی دەکرد: "بم بوورە. ناتوانم لەگەڵت بێم، چونکە هەمووی پێنج دەقیقە نابێ کە کوڕەکەم مرد."

ئەبوگین تۆزێ کشایەوە و گوتی: "بەڕاست؟ خوایە لەم بەختە! چ ڕۆژێکی شوومە! چ ڕێکەوتێکە! بەڵێ ئەمە ئیرادەی خوایە و گەڕانەوەی نیە!" ئەبوگین دەستی بە کێلونی دەرگاکەوە گرت. سەری داخست و لە فکران ڕاچوو. دیاربوو نەیدەتوانی بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە. دوودڵ بوو کە بڕوا یا هەوڵێکی دیکەش لەگەڵ دکتۆرا بدات. کەوتە سەر دەست و پێی کریلوف و بە خەمبارییەوە گوتی: "دکتۆر من هەست بە وەزعی تۆ دەکەم. خوا ئاگادارە خۆم بە شەرمەزار دەزانم لەم کاتەدا تەکلیفت لێ بکەم. بەڵام چ بکەم؟ من ناڵێم، تۆ بڵێ ڕوو لەکوێ بکەم؟ جگە لە تۆ چ دکتۆرێکی دی لەم ناوە نییە. بیکە بە خاتری خوا لەگەڵم وەرە. خۆت دەزانی شتەکە بۆ خۆم نییە، من نەخۆش نیم..."

هەردوو بێدەنگ بوون. کریلوف پشتی کردە ئەبوگین. تۆزێک وێستا و ئەوجا بە ئەسپایی لە دالانەکەوە خۆی بە ژووری میوانا کرد. وەزعی نائاسایی و ڕەفتاری ئامێر ئاسا بوو. گلۆپێکی کوژاوەی میزان کرد، تەمەشایەکی کتێبێکی ئەستووری وازی سەر مێزێکی کرد.

دکتۆر خۆشی نەیدەزانی بۆ ئەم کارانە دەکا، چونکە لەو دەمەدا نە مەبەستێکی تایبەتی هەبوو نە بیری لە شتێک دەکردەوە. هەر بیریشی نەمابوو کە کابرایەکی غەریب لەبەر دالانەکە وێستاوە و چاوەڕوانی ئەوە. کپی و تاریکی ژوورەکە هێندەی دی خەمبار و بێ تاقەتیان کرد. کە لە ژووری میوانەوە چووە ژووری کارکردنەکەی خۆی، لاقی ڕاستی لەڕادەبەدەر قورس بوو. کەوتە لەپەکوتێ بە دووی کێلونی دەرگاکەدا، ئازای لەشی سست و خاو بوو. وەکو یەکێک بەڕێکەوت ڕێی کەوتبێتە ماڵێکی بێگانە یا بۆ یەکەمجار لەژیانیا مەست بووبێ، گێژ و سەرسام کەوتبووە بەر شەپۆلی کۆمەڵێ هەست و سۆزی تازەوە. هێڵە ڕووناکییەک کەوتبووە سەر کتێبەکانی نێو تاقێکی ژووری نووستنەکەی، ئەم ڕووناکییە لەگەڵ بۆنی ئەسفەنیک و سپرتۆی ژووری نووستنەکە، تێکەڵ ببوو… دکتۆر شەکەت و خەمبار خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکی پشت مێزەکەیا. بۆ ساتێ چاوانی گێژ و وێژی بڕینە کتێبەکان کە لەبەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشانەوە. ئەوجا هەستا و چوو بۆ ژووری نوستن، لێرەدا، لە ژووری نوستندا مەرگ باڵی بەسەر هەموو شتێکا کێشابوو. هەموو شتێک؛ بچووکترین شتی نێو ژوورەکە باسی لافاو و تۆفانێکیان دەگێڕایەوە کە تێپەڕی بوو. مۆمێک لەنێوان کۆمەڵێ شووشە و قوتو و گۆزەدا لەسەر تەپلەکێ دانرا بوو و دەسوتا. چرایەکی گەورەش لەسەر دۆلابێ دانرابوو. مۆم و چراکە تاقە رووناکی ژوورەکە بوون.

کوڕەکەیان لەسەر قەرەوێڵەیەکی نزیکی پەنجەرەکە ڕەق ڕاکشا بوو. چاوانی ئەبڵەق ببوون و ماکی سەر سامییەک بە چارەیەوە دیاربوو. جوڵەی نەدەکرد، پێدەچوو چاوە ئەبڵەقەکانی سات بە سات تاریک و تاریکتر ببن و زیاتر بە قوڵا بچن. دایکی دەستی خستبووە سەر لەشی کوڕەکەی و دەموچاوی لە چەرچەفەکانا نوقم کردبوو و بەرانبەر قەرەوێڵەکەی چۆکی دادابوو. ئەویش وەکو کوڕەکەی بێ جوڵە بوو. بەڵام ئازای بەدەنی وەکو بێ نێو ئاو دەلەرزی! بە هەموو هێز و توانای باوەشی بە قەرەوێڵەکەدا کرد، دەتگوت لەوە دەترسێت ئەو ئارامییەی باڵی بە سەرخۆی و هەموو شتێکا کێشاوە بشێوێ و سەرلەنوێ بوروژێتەوە. پەتۆکان، چەرچەفەکان، قاپ و ئامانەکان، ئەو دڵۆپە

ئاوانەی سەر عاردەکە، ئەو فلّچە و مراکانەی لێرە و لەوێ کەوتبوون، شووشەیەک دەرمانی سپی، هەوای ناخۆشی ژوورەکە هەر هەموو بێ گیان و مات و مردوو دەهاتنە بەرچاو. دکتۆر کە چاوی بە ژنەکەی کەوت هەڵوەستەیەکی کرد. دەستەکانی لەنێو گیرفانی پانتۆڵەکەیدا گرمۆڵە کردن. سەری دانەواند و سەیرێکی کوڕەکەی کرد. چ شتێک لە سیمایدا بەدی نەدەکرا، تەنیا ئەو فرمێسکانەی سەر ڕدێنی نەبێ کە ئەوەیان نیشان دەدا کە تازە گریاوە.

ئەو ترسەی کە لە کاتی باسکردنی مەرگا بە خەیاڵماندا دێ لەو ژووری نووستنەدا نەبوو. بێدەنگی و کپی ژوورەکە، وەزعی دایکەکە، سیمای باوکەکە، هەر هەموو سامێکی تایبەتیان دەخستە دڵ. ناسکی و حەساسی غەمێکی مرۆڤانەی لە وەسف نەهاتووی ئەوتۆ لە ئارادا بوو کە مەگەر تەنیا مۆسیقا دەرەقەتی وەسف کردنی بێ. کپی و بێدەنگییەکی یەکجار هەستیار و سەیر هەست پێدەکرا. کریلوف و ژنەکەی هێدی و ئارام بوون، نەدەگریان، وەک بڵێی ئەوانیش ئیعترافیان بە وەزع و حاڵی شاعیرانەی خۆ دەکرد. چونکە هەردووکیان چووبوونە ساڵەوە، ئومێدی ئەوەیان نەمابوو منداڵی دیکەیان ببێ.

دکتۆر چل و چوار ساڵە، موی سپی بووە و لە تەمەنی ڕاستی خۆی پتر دەنوێنێ. ژنە جەرگ سوتاوەکەشی هەرچەندە تەمەنی سی و پێنج ساڵە، بەڵام تەواو ژاکاوە و تێک چووە. ئامدرێ نەک هەر تاقانەیان بوو بەڵکو دوا منداڵیشیان بوو.

دکتۆر، بە پێچەوانەی ژنەکەیەوە لەو بابەتە مرۆڤانە بوو کە لەکاتی پەستی و غەمباری و سەغڵەتی دا حەز بە جوڵان دەکەن. پێنج دەقیقەیەک بە دیار ژنەکەیەوە وێستا و ئەوجا لە ژووری نووستن وەدەرکەوت. لاقی ڕاستی تەواو بەرزکردەوە، خۆی بە ژوورێکی چکۆلەدا کرد کە تاکە قەنەفەیەکی گەورە نیوەی پڕکردبۆوە. لەوێوە خۆی بە موبەقەکەدا کرد. بە دەوری وەجاخەکەدا سوڕایەوە. دانەوییەوە و لە دەرگەیەکی بچووکەوە هاتە بەر دالانەکە، دیسان زەلامێکی مل پێچ لە مل و ڕەنگ پەڕیوی لێ بەدیار کەوت. ئەبوگین هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "هاتیت" کیلۆنی دەرگاکەی گرت و گوتی! (فەموو با بڕۆین." دکتۆر کەوتە لەرزین، لێی ڕاما و گوتی.

– ئەدی پێم نەگوتی ناتوانم بێم؟ چ کابرایەکی سەیری!

– دکتۆر، ئاخر منیش بەشەرم. وەنەبێ بە وەزعی تۆ نەزانم، باوڕبکە پڕ بەدڵ هاوبەشی خەمتم." ئەبوگین دەستی خستبووە سەر ملپێچەکەی و بەدەم تکا و ڕجاوە دەیگوت: "خۆ من بۆ خۆمم ناوێ. رجات لێدەکەم ژنەکەم خەریکە دەمرێ. ئەگەر گوێت لە ناڵە و هاواری دەبوو، ئەگەر ڕەنگوڕویت دەبینی ئەوسا ناهەقت نەدەگرتم! سەیری من کە، وامزانی چوویت خۆت بگۆڕی! دکتۆر رجات لێدەکەم، مەعز بۆ ڕەزای خوا، پیاوی چا بە تا درەنگ نەبووە بابڕۆین."

کریلوف ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی: "ناتوانم لەگەڵت بێم" و خۆی بە ژووری میواندا کرد. ئەبوگین دووی کەوت، قۆڵی گرت و گوتی:

– دەزانم تۆش خەمباری و ناهەقت نییە. بەڵام من بۆ کارێکی سوکەڵە بە دووتدا نەهاتووم، بۆ ئەوە نەهاتووم ددانێ چارەسەر بکەی یا گەواهینامەیەکی پزیشکگەرێکم بۆ بنووسیت. هاتووم کە ژیانی مرۆڤێک ڕزگار بکەی." عەینی گەدایان دەپاڕێمەوە: "ژیانی مرۆڤێک کەم نییە، لە هەموو غەمێکی شەخسی گەورەترە. تکات لێدەکەم هیمەتێ بکە، بە ناوی مرۆڤایەتییەوە تکات لێدەکەم.

کریلوف بە دڵتەنگییەوە گوتی: "ئاخر مرۆڤایەتی دوو سەرەیە، بە ناوی هەمان مرۆڤایەتییەوە تکات لێدەکەم کە لەگەڵ خۆتم مەبە. خوایە، تووشی چ بووم! من بە تۆبزی خۆ بە پێوە دەگرم و تۆش مرۆڤایەتیم بە گژا دەکەی. باوەڕ بکە بێشم هیچم پێ ناکرێ بە کەڵکی چ نایەم، ئاخر چۆن ژنەکەم بە تەنێ بەجێ بێڵم؟ نا، نا..."

کریلوف دەستی هەڵتەکاند. پشتی کردەوە ئەبوگین، لەسەری ڕۆیی: و... لە من گەرەک نییە، بەداخەوەم... بەپێی قانونی مەدەنی، بەرگی سیازدە مەجبورم بێم و تۆش هەقی خۆتە پشتی ملم بگری و بەزۆر لەگەڵ خۆتم بەری، قەیدی نییە بمکوژە، بەڵام من ناتوانم. تەنانەت ناتوانم قسان بکەم، بمبورە." ئەبوگین دیسان دەستە و دامێنی کەوتەوە و گوتی: "خوا هەڵناگرێ بەم جۆرە وەڵامم بدەیەوە دوای قانونی مەدەنی و بەرگی سیازدە ببڕێتەوە. من هەقی ئەوەم نییە کە بە تۆبزی لەگەڵ خۆمت بەرم. ئەگەر دێی وەرە، نایەی هەواڵە بەخوا بی. بەڵام من چ زۆرێکم نییە. رجات لێدەکەم. ژنێکی گەنج خەریکە دەمرێ. تۆ خۆت دەڵێی تازە کوڕەکەت مردووە، جا تۆیەک بەو هەموو خەمەوە لە خەم و ترسی من نەگەی کێ لێم تێبگا؟

دەنگی ئەبوگین لە داخا و لە خەفەتا دەلەرزی. ئاوازی قسەکانی گەلێ لە خودی قسەکان کاریگەرتر بوو. ئەبوگین یەکجار بە خەمەوەبوو. بەڵام وشەکانی قەبە و قەڵەو و بێ گیان و دەستکرد دەهاتنە بەرچاو. بە خۆیشی هەستی بەمە دەکرد جا بۆ ئەوەی دڵی دکتۆر نەڕەنجێ هەوڵی دەدا ئەگەر بە وشە دکتۆری بۆ نەیەتە ڕەدا ئەوا بە ڕەفتار و کروزانەوە لە وەتەری سۆزی بدا و قەناعەتی پێ بکا. بە شێوەیەکی گشتی وشە هەرچەند جوان و ناسک بێ تەنیا کار لە کەسانی بێ خەم دەکەن. وشە هەمیشە ئەو توانا و دەسەڵاتەی نییە کە خەڵکانی زۆر شاد یا زۆر خەمبار ڕازی بکا، چونکە باشترین دەربڕی خۆشحاڵی زۆر و غەمی زۆر بێدەنگییە. ئاشقان لە بێدەنگیدا باشتر لە زمانی یەکدی حاڵی دەبن. وەعزدانێکی گەرم و گوڕی سەر گۆڕی مردوویەک تەنیا کار لە بێگانان دەکا. ژن و منداڵی ئەو مردووە، ئەو وەعزە گەرم و گوڕەیان بەلاوە سارد و هیچە، کریلوف مات و بێدەنگ وێستابوو کە ئەبوگین پتر لەسەر پیرۆزی و فیداکاری پیشەی دکتۆران ڕۆیی. دکتۆر گوتی: زۆر دوورە؟

– هەر سەعاتە ڕێیەکە. ئەسپەکانم ئەسپی چاکن، دکتۆر وەعدی شەرەفت دەدەمێ کە بە سەعاتێ بت بەم و بت هێنمەوە.

ئەم قسانەی دوایی گەلێ زیاتر لە چەمکی "مرۆڤایەتی" و "پیشەی پیرۆزی دکتۆران" کاری لە دکتۆر کرد. تۆزێ ڕاما و ئاهێکی هەڵکێشا: "چاکە، بڕۆ با بڕۆین!"

بەپەلە ڕۆیی. بە دوودڵییەوە خۆی بە ژووری کارەکەیدا کرد و خێرا بە پاڵتۆیەکی دەڵبەوە گەڕایەوە. ئەبوگین گەشایەوە، کەوتە مەرایی دکتۆر، یارمەتی دا تا پاڵتۆکەی لەبەرکرد و ئەوجا بە دووقۆڵی لە ماڵ وەدەرکەوتن. دنیا تاریک بوو. بەڵام هێشتاش لە دالانەکەی ماڵی دکتۆر ڕوناکتر بوو. لە تاریکییەکەدا باڵای بەرز و کەمێ کووڕی دکتۆر، ڕدێنە تەنک و درێژەکەی، کەپووە بەرانییەکەی بە ئاشکرا دیاربوو. لە تەنیشت دکتۆرەوە، دەموچاوی پان و بێ ڕەنگی ئەبوگین ، کڵاوە بچوکەکەی کە بە هەزار حاڵ کەللەی داپۆشی بوو دەبینرا. ملپێچەکەی هەر لە پێشەوە سپی دەچۆوە، لە پشتەوە وەبن قژە درێژەکەی کەوتبوو. ئەبوگین لەو دەمەدا کە یارمەتی دکتۆری دەدا تا سەرکەوێ و لەنێو عەرەبانەکەدا جێگیر بێ. بە ئەسپایی گوتی: "باوەڕبکە هەست بە خەمی تۆ دەکەم." و بە عەرەبانچییەکەی گوت: "باژۆ لیوکی ئازیز باژۆ، تا دەتوانی خێرا باژۆ."

عەرەبانچییەکە بەپەلە وەڕێ کەوت، یەکەمجار گەیشتنە ئاستی ڕیزە خانوویەکی ڕووت. ئەم خانووانە لەو دەوری حەوشەی خەستەخانەیەک گیرسابوونەوە. هەموو لایەک هەر تاریک بوو، تەنیا لەو سەری حەوشەکە نەبێ کە ڕووناکییەک لە پەنجەرەی ژوورێکەوە دەبریسکایەوەو پەرژینی باخێکی ڕوناک کردبووەوە. سێ پەنجەرەی نهۆمی سەرێی خانویەکی تەنیا لە تاریکییەکەدا بێ ڕەونەقتر دەیاننواند، ئەوجا عەرەبانەکە کەوتە نێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە، تەنیا خشەخشی گەڵای درەختان و بۆنی کارگ دەهات. دەنگی پێچکەی عەرەبانەکە. تەیر و توی خەبەر کردەوە و لەنێو لق و پۆپی درەختەکانەوە جم و جوڵ و فریادی خەمناک، وەک بڵێی دەیانزانی کوڕەکەی دکتۆر مردووە و ژنەکەی ئەبوگین زۆر نەخۆشە. لە چڕە دارستانەکە ڕەت بوون، تاک و تەرا لێرە و لەوێ درەختان دەکەوتنە بەرچاو، پاشان تاقە دەوەنێک پەیدا بوو. حەوزەئاوێک بەحاڵ دەدرەوشایەوە و سێبەری گەورە لە باوەشیدا مت ببوون. ئێستا عەرەبانەکە بە پێ دەشتێکی تەخت و هەمواردا دادەکشا. دەنگی تەیروتو زۆر لە دوور دەهات. بەڵام هەر زوو هەموو شتێک کپ و خامۆش بوو. کریلوف و ئەبوگین بە درێژایی ڕێگە بێدەنگ بوون. تاقە جارێک ئەبوگین ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و لە بن لێوەوە گوتی: "کە دەردێکی گرانە، بنیادەم هیچکاتێ کەسوکاری بەقەد کاتی خەتەری لەدەست دانیان خۆش ناوێ."

کاتێ عەرەبانەکە بە هێواشی لە چۆمێک دەپەڕییەوە. کریلوف لەپڕ ڕاپەڕی و ترسی لێ نیشت. وەک بڵێی لە داکشانی ئاوەکە ترسا. بە خەم و کەسەرەوە گوتی: "ئا ڕێم بکەن با بچم یەکێک بنێرمە کن ژنەکەم، فەقیرە بەتەنیایە. پاشان دێمەوە خزمەتتان."

ئەبوگین بێدەنگ بوو. عەرەبانەکە بە لەقەلەق بەسەر بەردەکاندا ڕەت دەبوو، لە کەنارێکی قومەڵان ڕەت بوو و کەوتە ڕێ. کریلوف ئالکاوی کول و کەسەری خۆی بوو، بەدەم خەم و خەفەتەوە دەیڕوانییە دەوروبەر، کۆتایی جادەکە لەبەر تیشکی کزی ئەستێرەکاندا نەدەبینرا. درەختی بی لە کەنارەکەدا ڕیزیان بەستبوو و غەرقی تاریکی بوون. پێدەشتەکەی دەستی ڕۆژهەڵات. بێ هەوراز و نشێو، تەخت و ساف وەکو ئاسمان بێ کۆتایی بوو. جارجارێ لێرە و لەوێ لە دووررا ڕوناکییەک بەرز دەبووەوە. پێدەچوو لە کێڵگە و پەرێزەکاندا ئاگر بکەنەوە. بە دەستی ڕۆژئاوادا و شان بە شانی جادەکە گردۆلکەیەکی بچووک قوت ببووە و بنچک و دەوەن بە سەرییەوە مت ببوون. مانگ سوور و گەورە و بێ جوڵە لە ئاستی گرۆلکەکە بە ئاسمانەوە وێستابوو. لە تۆ

وایە ئێشکی دەگرن تا نەوەک لەپڕ ئاوابێ و لەدەست بچێ! سروشت و هەموو دیمەنەکانی سارد و سڕ و خاڵی لە ئومێد دەهاتە بەرچاو. زەوی وەکو چۆن ژنێکی زیز لە ژوورێکی تاریک و نوتەکدا بەتەنێ دادەنیشێت و هەوڵدەدا یادی ڕابردوو نەکاتەوە، غەمبار و کەسەرداربوو. دەستی لە بەهار و هاوین شۆردبوو بە ناچاری چاوەنۆڕی زستان بوو. تا چاو هەتەری دەکرد سروشت تاریک و سارد سڕ و پڕ کەندوکلۆ دەهاتە بەرچاو. کریلوف و ئەبوگین مانگی سوور هەڵگەڕا و ئەم هەموو شتەیان نەدەبینی و نەیان دەتوانی خۆی لێ ببوێرن. تا عەرەبانەکە نزیکتر دەبۆوە، ئەبوگین بێ قەرارتر دەبوو. هەڵدەستایە سەرپێیان، لە پشت عەرەبانچییەکەوە دەیڕوانییە پێشی. ئەنجام عەرەبانەکە گەییە بەر قاڵدرمەیەک کە کەپرێکی بە سەرەوە قوت کرابۆوە. ئەبوگین ڕوانییە پەنجەرە ڕوناکەکانی نهۆمی ژێرەوە. بە ئاشکرا دەنگی هەناسەدان دەبیسترا.

لەگەڵ دکتۆرا وەژوورکەوتن، بە غەمباریەوە دەستەکانی پێکداماڵین و گوتی: "ئەگەر شتێ ڕوو بدا دەمرم..." گوێی بۆ کپی و بێدەنگی ماڵەکە هەڵخست و ئەوجا لەسەری ڕۆی: "چ دەنگێ ناژنەوم، یەعنی ساغ و سەلیمە؟!..." نە دەنگێ نەسەرتەیە لە دالانەکەوە نەدەهات. هەرچەند چراکان رووناک بوون بەڵام پێدەچوو هەموو ماڵەکە لە غورابی خەودا بێ. ئێستا دکتۆر و ئەبوگین لەبەر رووناکییەکە یەکدییان بە جوانی دەبینی. دکتۆر زەلامێکی باڵابەرزی نەختێ کۆم بوو. بەخۆی سادە و جل و بەرگەکەی سادەتر بوو. لێو ئەستور، قۆڵنگە کەپوو، دەموچاو ژاکاو، نیگا سارد، بەگشتی پیاوێکی بێباک و بێ منەت بوو. قژی تەنکی، چرچی و لۆچی دەموچاوی، ڕدێنە تەنکە زوو سپی بووەکەی، ڕووی گرژ و مۆنی، سارد و سڕی لەگەڵ خەڵکیدا ، سەرسەختییەکەی و هەر هەموو ئەمانە ڕۆژانی تاڵی ڕابردوو، چارەنووسی پڕ جەور و جەفا و مەشەقەتی ژیان و ڕەنج بێوەری مرۆڤی بیری بنیادەم دەخستەوە. گەر تەماشایەکی هەیکەل و کەلەشیت کردبا باوەڕت نەدەکرد کە ئەم پیاوە ژنی هەبێ و توانیبێتی بەدیار جەنازەی مناڵەکەیەوە گریابێ. بەڵام ئەبوگین جیاوازبوو، توند و تۆڵ و تۆکمە بوو، قژ زەرد و، کەللەزل بوو، دەموچاوی هەرچەند پان و گەورەبوو ، بەڵام ناسکییەکی تایبەتی هەبوو. جلەکانی هەڵبژاردە و لەسەر دوا مۆد بوو. بە جل و بەرگەکەیدا دیاربوو کە دارا و دەوڵەمەندە. کە ڕێی دەکرد سەری  قیت دەگرت و سینگی دەردەپەڕاند. دەم و لەبزی شیرین بوو. کە ملپێچەکەی دادەکەند یا قژی ڕێک دەخست ناسکییەکی ژنانە لە ڕەفتاریدا بەدی دەکرا. هەرچەندە بەدەم داکەندنی پاڵتۆکەیەوە بە ترسێکی مندالانەوە دەیڕوانییە قاڵدرمەکە. بەڵام ئەم ترسەش نەیدەتوانی بیگۆڕێ. یا خۆپەسەندییەکەی

وەشێرێ و لە شەوق و زەوقی بخا. لەو دەمەدا کە بە قاڵدرمەکەدا سەرکەوت گوتی: "کەس دیار نییە، چ دەنگێ نایێ. خوایە خۆت ڕەحم بکەی."

دکتۆری لە ڕاڕەوەکەوە برد بۆ هۆڵێکی گەورە. پیانۆیەکی گەورە لە سوچێکی هۆڵەکە دانرابوو، چرایەک هەڵواسرابوو. لەوێوە چوونە ژوورێکی بچکۆلەی جوان؛ ژووری دانیشتن بوو، زۆر خۆش و دڵگیر بوو. ڕوناکییەکی خۆشی ئامال سوور ڕۆشنی کردبۆوە. ئەبوگین گوتی: "جەنابت لێرە دانیشە با خەبەریان بدەمێ و هەر ئێستا دێمەوە خزمەتت." کریلوف بەتەنێ مایەوە. نە جوانی و ڕازاوەیی هۆڵەکە و نە ئەم ماڵە غەریب و بێگانەیە شتاقیان کاریان تێ نەکرد. لەسەر کورسییەک ڕۆنیشت و ڕوانییە دەستە بە سپیرتۆ سوتاوەکانی. نیو نیگایەکی گڵۆپە سورباوەکەی جانتای چەلۆکەی کرد، و ئەوجا کەوتە هەڵڕوانین بە دیوارەکانی ژوورەکەدا تا بزانێ سەعاتەکە لەکوێیە، لەپڕ نیگای لەسەر گورگێکی بە کا ئاخنراو گیرسایەوە کە وەکو ئەبوگین لەخۆڕازی و خۆپەسەند بوو.

هەموو شتێک کپ و ئارام بوو... لە شوێنێکی یەکجار دوورەوە، لە یەکێک لە ژوورەکانەوە کەسێک بە دەنگی بەرز ئاهێکی هەڵکێشا. دەرگایەکی شووشە چرکەیەکی لێوە هات و ئیدی هەموو شتێک کپ و بێدەنگ بوو. پێنج دەقیقە ڕەت بوو. کریلوف ئیدی نەیدەڕوانییە دەستی خۆی، چاوی بڕییە ئەو دەرکەیەی کە ئەبوگین لێوەی ڕۆیی بوو. ئەبوگین لەبەر دەرگا وێستا بوو. ئەبوگینەکەی جاران نەبوو. وەکو کەو چوو بوو و خۆ پەسەندییەکەی نەمابوو ، دەموچاو و دەستی، وەزع و حاڵی تەواو گۆڕا بوون، ئیدی یا لە ترسا بوو یا لەتاو ئازارێکی بەدەنی بوو. کەپووی، لێوی، سمێڵی و سیمای دەلەرزین، بەڵام چاوەکانی بریسکەی ئازارێکی سەیریان دەدا.

ئەبوگین بە هەنگاوی قورس و هەڕاوەوە خۆی گەیاندە ناوەندی ژوورەکە! کووڕ بۆوە، ناڵاندی و دەستی هەڵتەکاند. هاواری کرد: "فریودرام!" ئەو ، تا هێزی تێدابوو دانی بە وشەی ئەودا نا: "ئەو دێڵە فریوی داوم، ڕۆییشتوە، بە درۆ خۆی نەخۆش خست و دەستی بە منەوە نا تا ڕەدووی ئەم کەرپیاوە "پاپچینسکی" بکەوێ! ئەی هاوار! هاوار لە خۆم!"

بە سستی بەرەو لای دکتۆر چوو. دەستە سپی و نەرمەکانی گرت بە دەموچاوییەوە. بەدەم داخ و خەفەتەوە لەسەری ڕۆیی: "ڕۆیشتووە، فریوی داوم، ئاخر ئەم درۆ گەورەیە بۆ؟ ئەی خوای گەورە، ئاخر من چیم لێکردووە؟ ڕەدوو کەوتووە!" فرمێسک

وەکو باران لە چاوانی دەباری. گەڕایەوە، کەوتە هاتووچۆ بە ژوورەکەدا. ئەبوگین بە چاکەتە کوڵ و پانتۆڵە تەسکەکەیەوە کە مۆدی ڕۆژ بوو، لاقی لە چاو بەدەنیا یەکجار باریک دەهاتە بەرچاو، بەو قەد و قەڵافەتەوە لە شێر دەچوو. دکتۆر لەپڕ پەلەپەلی پێ کەوت، هەستایە سەر پێ، ڕووبەڕووی ئەبوگین وێستا و گوتی: "باشە نەخۆشەکە کوا؟" ئەبوگین هاواری کرد، قاقا پێکەنی، هون هون گریا، دەستی هەڵتەکاند: "نەخۆشەکە؟ نەخۆشەکە؟ نەخۆشی چی! مەلعونە، ناچیزەیە، نائینسانە، شەیتانیش پەی بەم فەندە نەدەبرد: دەستی بە منەوە نا تا بۆ خۆی ڕەدووی کەرپیاوێک بکەوێ ڕەدووی قەشمەڕێ، لۆتییە، چەکلێک بکەوێ! خوایە چیم بەسەرهات، خۆزی مردبا، قەت ئەمەم پێ قبوڵ ناکرێ، نە بەخوا قبوڵ ناکرێ."

دکتۆر ڕەق ڕاوەستا. چاوی پڕبوو لە ئەشک. ڕدێنە تەنک و چەناگە باریکەکەی کەوتنە لەرزین. بە سەرنجەوە ڕوانییە دەور و بەری خۆی و گوتی: "ئەم گاڵتە بازاڕە چییە؟ مناڵەکەم مردووە، ژنەکەم بەو هەموو کول و کەسەرەوە بەتەنێ لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە، خۆم لەسەر پێیان ناگرم، سێ دانە شەوە خەو نەچۆتە چاوانم... و لەوێندەرەوە منی هێناوە تا لەم کۆمیدیا بازاڕییەدا دەورم پێ ببینێ... من لەمە تێناگەم، نەخێر سەر لەمە دەرناکەم!" ئەبوگین یەکێک لە کۆڵە مستەکانی کردەوە، کاغەزێکی چرچ و لۆچ کەوتە سەر زەوی، تا توانی پێی پێدانا، دەتگوت پێ بە ژەنگە سوورەیەکدا دەنێ، بە ڕقەوە گوتی: "سەیری منی نەفام بکە، چاوم کوێر ببوایە" دەستی گرت بە سەرییەوە. دەتگوت فەلاحێکە و تەبارە گەنمەکەیان پێ شێل کردووە، لەسەری ڕۆیی: "نەمدەزانی بۆ هەموو ڕۆژێ سەرمان دەدا، نەمزانی بۆ ئەمڕۆ بە گالیسکە هاتبوو؟ تۆ سەیری گێلی من کە! بەستەزمانی دڵپاک!"

دکتۆر کەوتە پرتە و بۆڵە: "من تێناگەم، سەرم لەم شتە دەرناچێت، ئەم فێڵ و تەڵەکەبازییە یانی چی؛ یانی دەستخەڕۆ کردنی خەڵکی، یانی گاڵتەکردن بە دەرد و ئازاری خەڵکی. مەحاڵە... من لە ژیانما شتی وام نەدیوە!".

دکتۆر گێژ و وێژ و سەرسام. سەرسام وەکو یەکێک لەپڕ هەست بکا کە زاڵمانە پێیان ڕابواردووە. شانەکانی هەڵتەکاند، دەستی بە یەکدا ماڵین. نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا. نیوە گیان خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکدا.

ئەبوگین بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە قسەی دەکرد: "ئێستا باشە، باش، ئەوا منی خۆش نەدەویست. دڵی بە پیاوێکی دیکەوە بوو. هەموو ئەمانە بەجێی خۆی، بەلام ئەم فڕوفێڵە

بۆ؟ ئەم ڕیسواییە بۆ؟ ئاخر بۆ؟ لەپای چی؟ ئاخر من چ خراپەیەکم لەگەڵ کردبووی؟" لە کریلوف نزیک بووەوە بە گەرمی گوتی:

"جەنابی دکتۆر گوێت لەبرای خۆت بێ، تۆ بێ ئەوەی بتەوێ تازە بوویت بە شایەتی ئەم کۆستەی من، منیش نامەوێ چ شتێکت لێ وەشێرم. باوەڕ بکە ئەم پرچ بڕاوەم خۆش دەویست، بە دڵ و بە گیان ئاشقی بووم. هەموو شتێکم کرد بە قوربانی ئەو. لەگەڵ کەسوکارمدا تێک چووم، دەست بەرداری کارەکەم بووم و وازم لە موسیقا هێنا. لە شتی وادا چاوپۆشیم لێکردووە کە لە دایک و خوشکی خۆمم نەکردووە. هەرگیز لێی تووڕە نەبووم، قەت لە گوڵ کاڵترم پێ نەگوتووە، ئاخر ئەم فێڵە بۆ؟ ئاخر ئەگەر دڵت بە منەوە نەماوە دڵت لە جێیەکی دییە، ئەوا ڕێک و ڕەوان بیڵێ و تەواو. بەتایبەتی بە خۆت دەتزانی کە من لێت تێدەگەم..."

ئەبوگین بەدەم فرمێسک هەڵڕشتنەوە هەموو نهێنییەکی خۆی بۆ دکتۆر هەڵڕشت. بە گەرمی قسەی دەکرد و بە هەردووک دەستان دڵی دەگوشی. بێ سڵکردنەوە هەموو نهێنییەکی خێزانداری خۆی هەڵڕشت. پێدەچوو خۆشحاڵ بێ بەمەی کە ئەم ڕازانە لە دڵی وەدەرنێ. ئەگەر سەعاتێ – دووان بەو شێوەیە قسەی کردبا و داخی دڵی خۆی هەڵڕشتبا بێگومان دڵی هێورتر دەبووەوە.

کێ دەڵێ گەر دکتۆر گوێی بۆ گرتبا و دڵی داباوە، ئەبوگین شێتگیر نەدەبوو و کارێکی گەوجانەی نەدەکرد؟ بەڵام بە پێچەوانەوە وەختێ ئەبوگین قسەی دەکرد دکتۆر تەواو گۆڕا، تورەیینیشتە سەر سیمای، چارەی خەمبارتر وتووڕەتر بوو. کە ئەبوگین وێنەی ژنەکەی خستە بەر دەستی دکتۆر و – ژنەکەی جوان و ئێسک سووک بوو، بەڵام عەینی دنیا تەرک کردووان وشک و بێ دەماغ بوو – لێی پاڕایەوە کە سەیری ئەو وێنەیە بکا و بڵێ کە ئایا دەشێت خاوەنی دەموچاوێکی ئاوا درۆیەکی ئاوا ڕێک بخا، دکتۆر لەپڕ وەکو یەکێک حاڵی لێ بێ، ئاگر لە چاوانی بێتەوە، هەستایە سەر پێ و گوتی: "لەگەڵ منتە؟ من نامەوێ گوێ بگرم! نا!" هاواری بە سەریا کرد و بە توندی دەستی بەسەر مێزەکەدا کێشا: "من نامەوێ بە نهێنی هیچ و بێ مەعنای ئێوە بزانم. نەفرەت لە خۆتان و نهێنیتان... ئاخر تۆ بە چ ڕوویەکەوە ئەم قسە قۆڕانە بۆ من دەکەی! یا لات وایە هێشتا تەواو پێت ڕانەبواردووم؟ چما من گاڵتەچی جەنابتم ها؟"

ئەبوگین، پاشەوپاش کشایەوە و بە سەرسامی ڕوانییەوە کریلوف. دکتۆر بەدەم ڕیشە لەرزێوە لەسەری ڕۆیی: "بۆچی منت بۆ ئێرە هێنا؟ تۆی بێ غیرەت بە ملی

شکاوت ژن دێنی، تۆی نامەرد بە ئەستۆی وردت توورە دەبی و دەیکەی بەم هەرایە، پێم ناڵێی من چمە لەم سەریەشەیە؟ داستانی ئاشقێنی ئێوە چ پێوەندییەکی بە منەوەیە؟ واز لە من بێنە و هەرە بەردەوام بە لەسەر دزی ئابڕومەندانەی خۆت و تا دەتوانی دەم لە بیر و باوەڕی مرۆڤ دۆستانە بکوتە!"

دکتۆر بە تیلەی چاوڕوانییە جانتای چەلۆکە و گوتی: " برۆ ساز و سەنتوری خۆت لێبدە، وەکو کەڵەشێری خەسیو خۆت پف بدە، نەخەڵەتابی بە پیاوی ماقوڵ ڕابوێری. ئەگەر ڕێزی ناگری ئەوا نەخەڵەتابی توخنی بکەوی!"

ئەبوگین سوور بۆوە و گوتی: "ئەم قسانە چییە؟"

– ئەم قسانە ئەوەیە کە بە خەڵکی رابواردن کارێکی نامەردانەیە. من بابایەکم دکتۆر. چما لات وایە دکتۆران و کاسبکارانی بەحورمەت کە وەکو ئێوە گەل بەرەڵانین و بە مۆزە مۆز دووی ئافرەتان ناکەون، کرێگرتە و شاگردی ئێوەن. لە ئێوە کەمترن. خۆ ئەگەر واش بیربکەنەوە هەقی ئەوەتان نییە کە بابایەکی کاسبکار دووچاری ئەم سەریەشەیە بکەن.

ئەبوگین بەکاوەخۆ پرسی: "بە چ هەقێ ئەم قسانە دەکەی؟.

دکتۆر هەمدیس نەڕاندی بەسەریا و بە توندی دەستی کێشا بە مێزەکەدا:

– ئەدی تۆ بە چ هەقێک منت بۆ ئێرە هێنا؟ بۆیەت هێنام تا گوێ لە قسە قۆڕەکانت بگرم. بە خۆت نەتدەزانی لە چ وەزع و حاڵێک دام؟ بە چ هەقی گاڵتە بە خەم و خەمباری خەڵکی دەکەی؟" ئەبوگین هاواری کرد: "تۆ شێتی، پیاوێکی کەڵەمە ڕەقی، من یەکجار غەمگینم و.. و..." دکتۆر بزەیەکی کرد: "غەمگین! نۆبەتی ئەو قەوانەیە، تۆ و خەم کوجا مەرحەبا، ئەو بەرەڵلایانەش کە دەستیان دەکەوێتە ڕوو خۆ بە بەدبەخت و غەمبار دەزانن، کەڵەشێری نێرەموکیش غەمگینە. لە چەوری و قەڵەوی خۆی بێزارە. هەی گەجەر و گوجەرانی بێ حورمەت!"

ئەبوگین هاواری کرد: "قوربان تۆ ئاگات لە خۆ بڕاوە، ئەم جوێنانە زەلامیان لەسەر دارکاری دەکرێ، تێ دەگەی؟"

ئەبوگین دەستی بە گیرفانی بەر باخەڵەکەیا کرد، دەفتەرچەیەکی دەرێنا، دوو پارچە پارەی کاغەزی دەرێنا و توڕی هەڵدانە سەر مێزەکە. پەڕەی کەپووی دەلەرزی و گوتی: "فەرموو ئەوە پارەکەت، ئەوە هەقی هاتنەکەت!"

دکتۆر، پارەکانی تووڕدایە سەر زەوییەکە و گوتی: "بە چ ڕوویەکەوە پارەم دەدەیێ، ئیهانەکردن بە پارە خۆش نابێتەوە؛ عورز لە قەباحەت خراتر." ئەبوگین و دکتۆر بەرانبەریان لێکدی گرت، تا توانیان جنێوی سوکیان بە یەکدی دا، کەسیان لە ژیانیانا تەنانەت لە دنیای بێهۆشی و شێتیشدا جنێوی وا سووک و نەهەق و بێ جێیان بە زاردا نەهاتبوو. غەمی هەردووکیان تەواو سەری کردبوو ، لێو ڕێژ ببوو. خەڵکانی غەمگین، خۆپەرست و ناڕەسەن و بێ ویژدانن و لە شێت شیتترن و چەند شێتان لێکدی حاڵی دەبن ئەوانیش هەر ئەوەندە. غەم هەرگیز بەشەر یەک ناخا – بەشەر فێری دوو ڕوویی و ڕییا دەکا. ئەگەر کەسێک وابزانێ خەم و خەفەت بەشەر یەکدەخا، ئەوا غەدر دەکا و بەهەڵەدا چووە. لەنێو خەڵکی غەمبارا زۆر و ستەم زیاتر ڕوودەدا تا لەنێو خەڵکانی بێ خەم و بە کەیفدا.

دکتۆر پرزەی لێ بڕا، گوتی: "رجات لێدەکەم بمنێرەوە بۆ وێرانەکەی خۆم." ئەبوگین بە تورەیی لە زەنگی دا، کەس بە دەنگییەوە نەهات، جارێکی دی زەنگەکەی لێدایەوە و ئەوجا بە تووڕەیی زەنگەکەی کێشا بە عاردیدا. زەنگەکە بێ ناز لەسەر مافورەکە کەوت و دەنگێکی خەمناکی وەکو ناڵەی مەرگی لێوەهات.

نۆکەرێ وەژوور کەوت.

ئەبوگین بە مشتەکۆڵە تێی بەربوو: "باوە حیزی کەرانباوگاو پێم ناڵێی لە کوێ بووی! هەڕەبێژە عەرەبانەیەک بۆ ئەم پیاوە حازربکەن و عەرەبانە تاک ئەسپییەکەش بۆ خۆم ئامادەبکەن." هەر کە نۆکەرەکە ویستی بڕوا گازی کردەوە:

"سەبر کە، سبەی شتاقتان لێرە نامێنن، نمەک حەرامینەی پێ نەزانینە، باروبنەتان وەپێچن و بڕۆن. پیاوی دی ڕادەگرم، خوێڕییانە" ئەبوگین و دکتۆر هەردوو بێدەنگ و ئارام چاوەڕێی گالیسکە بوون.

ئەبوگین، گەڕایەوە سەرباری جاران، خۆپەسەند و لەخۆرازی، بە ژوورەکەدا هاتووچۆی دەکرد. بە شێوەیەکی جوان ودڵگیر سەری بادەدا، دیار بوو مژوولی دانانی پیلانێکە، هێشتا تووڕەییەکەی نەنیشتبووەوە. بەڵام دەیویست وا خۆی بنوێنێ کە گوێ

بە دژمنەکەی نادا. دکتۆر بە پێوە وێستابوو، دەستێکی لەسەر قەراخی مێزەکە بوو، بە نیگایەکی پڕگومان و قوڵ و ڕقنەوە دەیڕوانییە ئەبوگین؛ نیگایەک کە تەنیا خەڵکی خەمبار و بێ ویژدان لە کاتی دیتنی جوانیدا دەیکەن.

دوای تۆزێک دکتۆر سوار بوو، لەوێندەر دوور کەوتەوە، هێشتا هەر ماکی ڕق و تووڕەیی بە نیگایەوە مابوو. دنیا تاریک بوو. زۆر تاریکتر لە سەعاتێ بەر لە ئێستا کە بەڕێوە بوون بۆ ئێرە. مانگی سورباو کەوتبووە پشت گردەچکۆلەکەوە. هەورەکان ڕەوی بوونەوە، لە تاریکییەکەدا گوم ببوون؛ لیرە و لەوێ دەوری ئەستێرەکانیان دابوو. گالیسکە تاک ئەسپییەکە بە تەق و هۆڕ لە عەرەبانەکەی دکتۆر ڕەت بوو. ئەبوگین بە سواری ئەو عەرەبانەیە دەڕۆیی، دەڕۆیی تا هەر حەماقەتێکی لە دەست بێ بیکا. دکتۆر بە درێژایی ڕێگا نە بیری لای ژنەکەی بوو نە لای ئاندرێ، تەنیا بیری لە ئەبوگین و ئەو کەسانە دەکردەوە کە لە ماڵەکەیدا دەژیان. بیر و بیرکردنەوەکانی ناڕەوا و نامرۆڤانە بوو. تا توانی لە دڵی خۆیدا جوێنی بە ئەبوگین و ژنە بەد ڕەوشتەکەی و هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵیدا بوون، دا. بە درێژایی ڕێگا نەفرەتی بۆ ناردون و هێشتاش هەر دڵی ئاوی نەخواردەوە، هەزار و یەک تانەو تانوتی لێدان، تاوانباری کردن، خەتاباری کردن و پێدەچوو تا مردن ئەم ڕق و کینەیەی لە دڵ دەرنەچێ.

ڕۆژگار دەگوزەرێ، غەمی کریلوف دەبڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕق و کینەیە هەرچەند لایق بە دڵی ئینسان نییە، نابڕێتەوە، نابڕێتەوە و تا مردن لە دڵی دکتۆر و لە بیری دکتۆر دەرناچێ.

ڕێکەوتێکی هیچ

نیکوولای ئیلیچ بیەلیف یەکێک بوو لە موڵکدارانی پترزبورگ. ئاشقی ئەسپ سواری و جریدبازی بوو، خۆشی دەخوارد و چاکی دەدڕی. گەنجێکی سی و دوو ساڵەی گەنم ڕەنگ بوو. ڕۆژێ دەمەوئێوارە خۆی گەیاندە خزمەتی خات "ئارنین" یانی خۆی گەیاندە خزمەتی "ئۆلگانوڤنا" کە پێوەندی لەگەڵیا هەبوو، یاخود خۆی گوتەنی "ساڵانێ لەوەپێش کۆتی ئەشقی پڕ مەشەقەتی ئەوی لە گەردن کردبوو" هەرچەندە لاپەڕەکانی هەوەڵی ئەم دەفتەرە، لاپەڕەی گەرم و گوڕ و پڕ لە جوانی و ئیلهام بوون، بەڵام ئەم لاپەڕانە لەمێژ بوو خوێندرابوونەوە و ئێستا هەرچەندە ناوەناوە هەڵدەدرانەوە بەڵام ئەو گەرم و گوڕییەی جارانیان نەبوو، ئاسایی بوون.

نیکولای ئیلیچ بیەلیف، کە بینی ئۆلگائیڤانوڤنا لە ماڵ نییە، خۆی بە ژووری میوانا کرد و بەدەم چاوەڕوانییەوە لەسەر قەنەفەیەک ڕۆنیشت. لەپڕ دەنگی منداڵێک لە گوێیدا زرینکایەوە. "نیکولای ئیلیچ خێر هاتی، هەنووکە دایکم دێتەوە. لەگەڵ "سونیا"دا چوونەتە کن خەیات."

ئەلیوشای کوڕی ئۆلکاش لە هەمان ژووردا لەسەر قەنەفەیەک پاڵ کەوتبوو. تەمەنی هەشت ساڵان بوو، بەڵام دیاربوو کە چاک خزمەت دەکرێ . بە چاکەتە مەخمەل و گۆرەوییە ڕەشەکانیا هەر لە وێنەی سەر پۆستکارت دەچوو. لەسەر سەرینێک پاڵ کەوتبوو و لاسایی ئەو پەتبازەی دەکردەوە کە لە سێرکدا بینی بووی. هەرجارەی لاقێکی هەڵدەبڕی، کە لاقە ناسکەکانی ماندوو دەبوون، دەستەکانی تەکان دەدان، یا ڕادەپەڕی و بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیی، دەیویست هەردوو لاقی هەڵبڕێ و لەسەر هەردووک دەستی بوەستێ، بە دڵ و بە گیان ئەم کارەی دەکرد، هانکەهانکی پێدەکەوت و دەتگوت لە لەشی خۆی بێزارە.

بیەلیف گوتی: "ئەدی تۆ چۆنی کوڕی باش؟ ئەمە تۆی، نەم بینیت. دایکت چۆنە؟" ئەلیوشا لەم کاتەدا تازە پەنجەی پێی چەپی بە دەستی ڕاستی گرتبوو و لە وەزعێکی دژوارا بوو. سەری هەڵسوڕاندەوە تا گەییە پاژنەی پێی، ئەوجا بازێکی دا و لە بیەلیف ڕاما، شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی:

– بڵێم چی، بەڕاستی دایکم هیچ کاتێ باش نییە. بە خۆت ژنان دەناسیت، ئەویش وەکو هەر ژنێکی دی دایمە یەکێک لە بورغوەکانی سیلاگە. بیەلیف بۆ ئەوەی خۆی مژول بکا، کەوتە سەرنجدانی سیمای ئەلیوشا. بیەلیف کە ئولگای دەبینی ئیدی گوێی بە ئەلیوشا نەدەدا و چ حیسابێکی بۆ نەدەکرد. وەرە کوڕێک لەبەرچاوتا بێ، بەڵام چ دەکا؟ چی نیازە؟ قەت بیر لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەکەیەوە.

دەموچاو و هەنیەی سپی ئەلیوشا و جاوە گەش و ڕەشەکانی لەبەر بوڵێڵی خۆرئاوادا "ئولگا ئیڤانوڤنا"ی وەبیر بیەلیف هێنایەوە، بەڵام ئۆلگائیڤانوڤنای یەکەم لاپەڕەکانی دەفتەری ئاشقێنیان. ویستی تۆزێ موجامەلەی ئەلیوشا بکا، گوتی: "وەرە شەیتان، وەرە با لە نزیکەوە تێر تەماشات بکەم."

ئەلیوشا خۆی لەسەر قەنەفەکە هەڵدایە خوارێ و چووە لای بیەلیف، بیەلیف دەستی خستە سەر شانی ئەلیوشا و گوتی: "ئێ، ئەدی خۆت چۆنی؟"

– بڵێم چی، جاران زۆر باشتر بووم.

– چۆن؟

– جاران من و سۆنیا تەنیا مۆسیقامان دەخوێند و دەرسی خوێندنەوەمان هەبوو، بەڵام ئێستا دەبێ شیعری فەرەنسیش لەبەر بکەین. ئەوە تازە سەرت تاشیوە؟

– بەڵی، زۆر نییە.

– نەک بڵێی. ڕدێنیشت کورت کردۆتەوە. دەستێکی لێ بدەم؟ نایەشێ؟

– نەخێر.

– ئەوە بۆ وەختێ تاقە موویەک ڕادەکێشی دێشێت، بەڵام ئەگەر چەپکە موویەک ڕابکێشی وەکو ئەوە وایە نەیەشێت. حەیفێ تۆ ردێنی ئەملا و ئەولای ڕووت نایەڵێتەوە. هەقی ئێرە و ئێرە بێڵییەوە و تەنیا ئێرە درێژ بکەیەوە." ئەلیوشا هاتبووە تەنیشت بیەلیف و کەوتبووە یاری کردن بە زنجیری سەعاتەکەی. گوتی: "کە گەورە بووم و چوومە قۆناغی ناوەندی دایکم سەعاتم بۆ دەکرێ، پێی دەڵێم زنجیرێکی لەمەی تۆم بۆ بکرێ. قفڵەکەی چەند جوانە. بابیشم یەکێکی وای هەیە، بەڵام ئەمەی تۆ لێرەوە خەت

خەتە کەچی ئەوەی بابم لێرەوە پیتی لەسەرە و وێنەیەکی دایکیشمی تێدا داناوە. ئێستا بابم زنجیرێکی تازەی کڕیوە، ئەڵقە ئەڵقە نییە، وەکو شریت سافە.

- تۆ چوزانی؟ چما بابت دەبینی؟

- من ها! نەء! من!...

ئەلیوشا سوور بۆوە. بۆ ئەوەی درۆکەی داپۆشێت، پەرێشان و سەرسام کەوتە یاری کردن بە قفڵی زنجیری سەعاتەکەی بیەلیف. بیەلیف چاوی بڕییە ئەلیوشا و گوتی: "تۆ پێم بڵێ بابت دەبینی؟"

- نەء!

- بە شەرەفت ڕاست بڕۆ، بە دەموچاوتدا دیارە کە ڕاست ناڕۆی، زمان درۆ ناکا! پێم بڵێ بزانم بابت دەبینی، دە پێم بڵێ خۆ من و تۆ دۆستین.

ئەلیوشا بە سەرسامی پرسی:

- ئاخر بە داکم ناڵێی؟

- ئەوە قسەیە؟

- ئاخر وەعدی شەرەفم دەدەیێ؟

- وەعدی پیاو بێ.

- دە سوێنم بۆ بخۆ:

- سەیری ها!

ئەلیوشا ڕوانییە دەوروبەری خۆی، چاوەکانی زیت کردنەوە و کەوتە چپە دوو:

- بەڵام توخوا بە دایکم نەڵێی، چونکە نابێ نە دایکم و نە کەسی دی بەم نهێنییە بزانێ. خوانەکەران دایکم پێ بزانێ ئیدی وای بە حاڵی من و سونیا و پلاگیەڤا. دەوجا گوێ بگرە، سونیا و من هەموو سێ شەمموان و جومعەیەک بابم دەبینین. پلاگیەڤا بە ناوی گەڕانەوە بەر لە نیوە ڕۆژە دەمانبات بۆ شیرینی خانەی "ئاپفل" و بابم لەوێندەر

چاوەڕوانمە. هەمیشە لە ژوورێکی جیا دادەنیشێت، ژوورەکە مێزێکی مەڕمەڕی جوانی تێدایە، تەپڵەکێکی لە سەرە هەر لە تاژی بێ پشت دەچێ.

- لەوێ چ دەکەن؟

- هیچ، چاک و خۆشی لەگەڵ یەکدی دەکەین، ئەوجا دادەنیشین و بابم قاوە و کێکمان بۆ دەکڕێ. دەزانی سونیا کولیچەی ناوبەقیمە دەخوا، بەڵام من حەزی لێناکەم، ئەگەر بە کەلەرم و هێلکە دروست بکرێ تۆزێ باشترە! زۆر ناخۆین، دەزانی بۆ؟ تا نیوەڕۆ کە هاتینەوە نانمان پێ بخورێ و دایکم هەست بە هیچ نەکا.

- باشە لەوێ باسی چی دەکەن؟

- لەگەڵ بابم؟ باسی هەموو شتێ دەکەین. بابم ماچمان دەکا، نازمان دەکێشێ، چیرۆکی خۆش خۆشمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێ کە گەورە بووین دەمانباتە لای خۆی تا لەگەڵ ئەو بژین. سونیا پێی خۆش نییە. بەڵام من دەڵێم: "باشە، هەرچەندە بە بێ دایکم ناخۆشە، بەڵام قەیدی نییە نامەی بۆ دەنێرین." چەند خۆشە. دەتوانین لە تەعتیلەکاندا سەری دایکم بدەین. ناتوانین؟ بابم وەعدی داوە ئەسپێک بۆ من بکڕێ. بابم پیاوێکی چاکە، بەڵام نازانم بۆچی دایکم بەعزی کردووە و نایەوێ ئەویش بێتە لای ئێمە، نازانم دەڵێ ئێمە نابێ ئەو بدینین، خۆ بابم دایکیشمی خۆش دەوێ. هەمیشە لە ئێمە دەپرسێت حاڵی چۆنە، خەریکی چییە؟ کە دایکم نەخۆش بوو سەری دنیای لێ هاتبۆوە یەک. هەمیشە ئامۆژگاریمان دەکا کە بە قسەی دایکە بکەین و قەدری بگرین. ئەرێ ڕاستە ئێمە بەدبەخت و نەگبەتین؟

- بۆ؟

- بابم وا دەڵێ، دەڵێ ئێوە منداڵگەلێکی بەدبەختن. من کە گوێم لەو دەبێ و دەڵێ ئێوە نەگبەتن، من و دایکتانیش هەر نەگبەتین، زۆرم پێ سەیرە. هەمووجار پێمان دەڵێ دوعا بۆ خۆتان و بۆ ئەویش بکەن.

ئەلیوشا چاوی بڕییە باڵندەیەک کە پوشکەیەکی کەوتبووە نێوچاو، لە فکران ڕاچوو. بیەلیف بۆڵەیەکی لێوەهات: - یانی ئێوە ئەم کارانە دەکەن؟ دەچنە شیرینی خانە و لەگەڵ بابتاندا دادەنیشن و دایکتان پێ نازانێ؟!

– نە! نە! لەکوێ بزانی؟ پلاگیەڤا قسە ناکا پێرێ زەردەلوی بۆ کڕین. هێند شیرین بوو دەتگوت مرەبایە، دوو دانەی دایە من.

– باشە بابت قەت باسی من ناکا؟

– تۆ؟ بڵێم چی؟

ئەلیوشا شانی هەڵتەکاند و تەماشایەکی بیەلیفی کرد: – باسی تۆ!...

– چی دەڵێ؟

– ئاخر زویر نابی؟

– بۆ زویر دەبم؟ خۆ جوێنم پێ نادا؟

– نە، جوێن نا، بەڵام دەزانی... زۆر لە تۆ تووڕەیە و دەڵێ هەمووی خەتای تۆیە کە دایکم بەدبەختە و تۆ... تۆ... تۆ دایکەت لە ڕێ دەرکردووە. بەڵام من باسی تۆم بۆ کرد. گوتم پیاوێکی باشە و قەت بەسەر دایکمدا نابۆڵێنێ. کەچی ئەو هیچی نەگوت، تەنیا سەرێکی لەقاند و تەواو...

– یانی ڕێک و ڕەوان دەڵێ من دایکتم لە ڕێ دەرکردووە؟

– بەڵێ بەڵام خۆ تۆ گوتت زویر نابی.

– زویر نیم... ئەمەیان تۆ نایزانی، تومەز وێڕای ئەوەی کەوتومە داوەوە خەتاباریش دەرچووم.

زەنگی دەرگا لێدرا. ئەلیوشا هەستا و دەرپەڕییە دەرێ. دوای تۆزێک ژنێک و کیژۆڵەیەک وەژوور کەوتن. ژنەکە، ئولگا ئیڤانوڤنای دایکی ئەلیوشا بوو. ئەلیوشا لە دوای ئەوەوە بە هەڵبەز و دابەز و دەست هەڵتەکاندنەوە وەژوور کەوت.

بیەلیف کەوتە منجەمنج، وەڵڵا بابە خۆشت گۆ ئەدی وایە، جگە لە من کێ تاوانبارە؟ هەق بەوە، ئەو مێردێکی زوڵم لێکراوە.

ئولگا پرسی: – چی بووە؟

– چی بووە؟ گوێ لە وەعزدادانی مێردە ئازیزەکەت بگرە. یانی من کابرایەکی ئاژاوەچی و پیاوکوژم، خووی تۆ و منداڵەکانتم شەڕ کردووە، من لە ڕێم دەرکردوون. ئێوە هەمووتان بەدبەختن و لەو ناوە هەر من لەوپەڕی بەختیاری دام، زۆر زۆر بەختیارم!

– لێت تێ ناگەم نیکولا، چی بووە؟

بیەلیف ئاماژەی بۆ ئەلیوشا کرد و گوتی: – لەم برادەرە بپرسە.

ئەلیوشا سوور هەڵگەڕا، لەپڕ ڕەنگی گۆڕا و ترس لە سیمای نیشت.

بە دەنگی بەرز گوتی: – نیکولای ئیلچ قسە نەکەی!

بیەلیف بە دەنگی بەرز لە سەری ڕۆیی: – ئەگەر حەز دەکەی لەو بپرسە. پلاگیەڤای گەوج و خرف منداڵەکان لەگەڵ خۆی دەبا بۆ شیرینی خانە و لەوێندەر بابی بەڕێزیان دەبینن. ئەمەیان هەرنەیسە، گوایە بابی بەڕێزیان شەهید بووە و من شەهیدم کردووە. من کابرایەکی ئاژاوەچیم و ژیان و گوزەرانی ئێوەم تێکداوە...

ئەلیوشا بە کەسەرەوە گوتی: نیکولای ئیلچ  خۆ تۆ قەولی شەرەفت دامێ...

بیەلیف دەستی هەڵتەکاند: وازبێنە، ئەمە لە کێشی قەولی شەرەفدا نییە. چ شتێ نامکوژێ دوو ڕوویی و درۆ نەبێ.

چاوانی ئۆلگا پڕ بوون لە فرمێسک: "من تێ ناگەم." ڕووی کردە کوڕەکەی و پرسی: "لیولکا، ئێوە بابتان دەبینن؟" ئەلیوشا خۆی گێل کرد و بە ترسەوە ڕوانییە بیەلیف. دایکی گوتی: "مەحاڵە، دەچم لە پلاگیەڤا دەپرسم."

ئۆلگا لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ئەلیوشا لە حەژمەتاندا هەموو گیانی دەلەرزی، گوتی: "خۆ تۆ قەولی شەرەفت دامێ!"

بیەلیف دەستێکی هەڵتەکاند و کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. بیری لەوە دەکردەوە کە چ تانەیەکی لێ دراوە. ئێستاش وەکو هەمیشە ئەلیوشای فەرامۆش کردبوو. ئەو، ئەو پیاوە گەورەیە هەقی بەسەر منداڵەکانەوە نەبوو. ئەلیوشا لە سوچێکا دانیشت و بە ترسەوە بۆ سونیای گێڕایەوە کە چۆن هەڵخەڵەتێنراوە. دەلەرزی، نزگرەی دەدا، دەگریا، یەکەمجاری بوولە ژیانیدا روو بە ڕووی درۆیەکی زاڵمانە بووبوو. بەر لەمە هەرگیز

باوەڕی نەدەکرد کە لەم دنیایەدا جگە لە زەردەلوی شیرین و کێک و سەعاتی گران بەها، گەلێ شتی دی هەن کە لە زمانی منالاَندا ناویان نییە.

زندە خەون

دوو سەرباز، کابرایەکی ئاوارەیان گرتووە و وەپێش خۆیان داوە و بۆ مەرکەزی، شاری دەبەن. ئەم کابرا ئاوارەیە نێوی خۆی لەبیر کردووە. یەکێک لە سەربازەکان کەتەیەکی زەلامی ڕدێن ڕەشە. لاقی هێند کورتن، لە دواوە لە مریشکی لاق کوڵ دەچێ. لاقی لە چاو لاقی هاوڕێکەیەوە هەر زۆر کوڵن. سەربازەکەی دی بالاَبەرزێکی لاوازە و وەکو دار ڕێک و ڕاست چووە بە ئاسماندا. سەربازی یەکەم گەلاَوگەڵ دەڕوا، بەردەوام دەڕوانێتە دەور و بەری خۆی. ناوبەناو قوڵی چاکەتەکەی دەخاتە دەمی و دەی مژێ. یا دەست دەکێشێ بە ڕانیا و لەبەرخۆیەوە ورتەورت دەکا. تێکڕا لە پیاوێکی خۆشباوەڕ و بێ سەروبەر دەچێ. سەربازی دووەم لە بنیادەمێکی قورس و سەلار دەچێ. بە

هەیکەل و سیمادا لە کەشیشێکی پڕ دیانەت و بە ویقار دەچێ. یا لەو سەربازە جەنگاوەرانە دەچێ کە جاران لەسەر پارچە ڕەسم دەکران. سەربازی یەکەم نێوی "ئاندروپتاکا"یە و دووەم نێوی "نیکاندر ساپوژنیکف"ە.

ئەو پیاوەی کە ئەم جووتە سەربازە گرتویانە و وەپێش خۆیان داوە هەرگیز لە چەکل وبەرەڵلایان ناچێ. وردیلە و ناسکە. کەم نمود و بێ توانایە. ڕەنگوڕوو سیسەڵە و چرچەڵەیە، برۆی باریک، نیگای جوانە، هەرچەند بە ڕواڵەت لە سی ساڵ زیاترە بەڵام تازە سمێڵی بۆر کردۆتەوە. بە شەرمەوە ڕێ دەکا، سەری داخستووە و دەستەکانی لە قۆڵی چاکەتەکەیدا ون بوون. یەخەی چاکەتەکەی، کە لە چاکەتی دێهاتیان ناچێ، هەڵدراوەتەوە و لەگەڵ قەراخی کڵاوەکەیدا یەکیان گرتووە، تەنیا کەپووە بچووکە سوور هەڵگەڕاوەکەی بە دەرەوەیە. دەنگی گڕ و قسەی نەرمە، دوای هەر قسەیەک کۆکەکۆکی پێدەکەوێ. قەت لەوە ناچێ بابایەکی تەڵەکەباز و ساختەچی بێ و درۆ و بۆ ڕی گومکێ وا خۆی بنوێنێ کە ناوی خۆی لەبیرکردبێ، پتر لە کوڕە کەشیشێک دەچێ کە لێ کەوتبێ و کەوتبێتە دەرۆزە و خوا غەزەبی لێ گرتبێ و فەرامۆشی کردبێ، یا لە کەشیشێک دەچێ بەهۆی بەد ڕەوشتییەوە تڕۆ کرابێ. هەروەها دەشێت بە کوڕە بازرگانێ بشوبهێنرێ کە هەموو توانایەکی خۆی لە سەر شانۆ بەکارهێنابێ و ئێستا بیەوێ بەدەم گەڕانەوەوە بۆ ماڵ، دەوری کوڕێکی بەرەڵلای دەست بڵاو ببینێ. ڕێو ڕۆیشتنی بە نێو قوڕەلیتەی پایزدا لە ڕێو ڕۆیشتنی کابرایەکی دوودڵ و ڕاڕا دەچێ. لە گەنجێ دەچێ کە پەروەردەی دێران بووبێ و سەرانسەری ڕوسیا تەی بکا و لەم دێرەوە بۆ ئەو دێر بچێ و بە دڵ و بە گیان عەودالی "ژیانێکی ئارام و خالی لە هەموو گوناهێک" بێ و هەرگیز نەیگاتێ و لێی نزیک نەبێتەوە.

ئەم سێ ڕێبوارە لەمێژە بەڕێوەن، سەرەڕای ئەو هەموو ڕێکردنەیان هەر دەڵێی لەجێی خۆ چەقیون و ناجوڵێن. دنیا تەم و مژە بە شەڕەشەق دە مەترێکی پێش خۆ دەبینن، ئەو دە مەترەش قوڕە سوورێکی لینجە و بەراز لێی دەرناچێ. پشتەوەشیان هەر وایە تیژترین چاو لە دە مەتر پتر بڕ ناکات. لە دە مەترەکەش بەولاوە چڕە تەمە. هەر دەڕۆن و ڕێیان لەبەر ناچێ و لەجێی خۆیاندا گێرە دەکەن. تەم و مژەکە نزیکتر نابێتەوە، دەڵێی هەر لە شوێنی خۆیدایە. جارجارێ نەبێ شۆستەیەکی سپیواژی ناڕێک و پێک وەدیاردەکەوێ، یا قۆرتێکی سەر جادەکە دەردەکەوێ، یا چنگێ کاوکوتی لە لۆریان ڕژاو دەردەکەوێ. یا بۆ ساتێکی کەمخایەن گۆلاوێکی لێڵ دەبریقێتەوە. یا لەپڕ

سێبەرێک دیتە سەر ڕێگەیان و تا لێی نزیکتر دەبنەوە بچووک و تاریکتر دەبێ. نزیک و نزیکتر دەبنەوە پلاکارتێکی کیلۆمەترژمێری بە خەتێکی ناخۆش لەسەر نووسراویان لێ بەدیار دەکەوێ وەکو ئەوەی گاڵتەیان پێ بکا وایە. یا درەختێکی خەمناکی ڕووت و تەڕ چەشنی گەدا لە بەردەمیان قوت دەبێتەوە. درەختەکە ڕاز و نیاز لەگەڵ گەڵا زەردەکانی خۆی دەکا.

گەڵایەک دەتۆرێ، جیادەبێتەوە و بەدەم سەماوە دەکەوێتە سەر زەوی. هەمدیس تەم و مژ و قوڕ و چڵپاوی کەناری جادەکە دەست پێدەکاتەوە. ئاونگی خەست بەسەر پەلکی گیادا دەخزێ. ئەم ئاونگە، لەو دڵۆپە ئاونگە دڵگیرانە نییە کە هاوینان لە ئاکامی پێک شادبوونی زەوی و تیشکی هەتاو چێ دەبن و تینوێتی دەمەوبەیانی کڵاوکوڕە و بولبول و پەپوەسلێمانی نازدار و دەنوک درێژ دەشکێنن. پێی ڕێبوارەکان تا ئەژنۆ لە پاخوای قوڕە سووری لینج ڕۆ دەچێ و بە هەزار کولەمەرگی تا هەنگاوێ هەڵدێنن.

"ئاندروپتاکا" پیاوێکی چەقاوەسووە، تا حەزبکەی سوێرە قسەیە، حەز لە قسان دەکا. دەیەوێ هەموو شتێکی ئەم پیاوە وێڵ و ئاوارەیە لە بنج و بناوان بکا و بزانێ چۆن دەشێت پیاوێکی ماقوڵ و بێ وەی و گوێ ڕایەڵ ناوی خۆی لەبیربکا. دەپرسێ:

– تۆ ئەرتەدوکسیت؟

کابرای ئاوارە لە کورتی دەی بڕێتەوە و دەڵێ: "بەڵێ، ئەرتەدوکسیم."

– باشە، تۆ غوسڵی تەعمید کراوی؟

– ئەدی چۆن، خۆ تورک نیم. دەچمە کڵێسا، ڕۆژوو دەگرم، ئەو کاتانەی گۆشت خواردن قەدەغەبێ، دەمی بۆ نابەم.

– باشە، بە چ ناوێ گازت بکەم؟

– کەیفی خۆتە کاکە گیان!

"پتاکا" شانەکانی هەڵدەتەکێنێ. بە سەرسامییەوە دەکێشێ بە ڕانی خۆیدا. سەربازەکەی دی "نیکاندر" وەکو خۆی مات و بێ دەنگە. ئەم وەکو "پتاکا" ساویلکە نییە، زۆر چاک لەوە حاڵییە کە بۆچی کابرایەکی ئەرتەدۆکسی دەیەوێ ناوی خۆی بشارێتەوە. سیمای جدی و وشکە. وا دێتە بەرچاو کەبیەو ێ بۆ هەموو کەسێک و هەموو شتێک و

تەنانەت بۆ تەمە چرەکەشی بسەلمێنێ کە پیاوێکی فرە گرینگ و وریایە. پتاکا لە سەری دەڕوا: "مەگەر هەر خوا بزانێ تۆ چیت و چ کارەیت! ئایا دێهاتیت یا نا، خانەدانی یا نا؟؟ یا دوڕەیت و ڕەگێکت دێهاتی و ڕەگێکت خانەدانە؟ جارێ تۆڕێکم خستە گۆلێکەوە، حەیوانێکم گرت بە ئەندازەی قامکی خۆم، بە گوێچکەیا ماسی بوو، بەڵام کلکی هەبوو، لە دڵی خۆمدا گوتم دیارە دەبێ جۆرە ماسییەک بێ. پاشان جوان دیقەتم دا سەیرم کرد پێی هەبوو، خوا بمگرێ ئەگەر درۆ بکەم. نە ماسی بوو نە مارمێلکە. هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ چ بوو! تۆش وایت، ئاخر تێم ناگەیەنی تۆ لە چ تیرە و تایفەیەکی، سەر بە چ چینێکی؟!"

کابرای ئاوارە ئاهێک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "ڕەگێکم جووتیارە، دایکم کۆیلە بوو و لە ماڵە گەورەکەیدا کارەکەی دەکرد. دایکم لەو ماڵە گەورەیەدا پەرستار بوو، بۆ خۆی نانی کەوتبووە ڕۆنەوە، ئارەزووی لە چ بوایە لەبەر دەستیا بوو. منیش جگەرگۆشەی ئەو بووم، لە خوێن و گۆشتی ئەو بووم، تا ئەو مابوو منیش لەو ماڵە بووم. خوا هەڵناگرێ نازیان دەدامێ، سەریان دەخستە سەرم، لێیان دەدام تا بووم بە کوڕێکی تەوا وەکو منداڵی خوا پێداوان و ماڵە گەوران لەسەر سیسەم دەنووستم. هەموو ڕۆژێ خواردنی چاکم دەخوارد، پانتۆڵم لەبەر دەکرد و پێڵاوی پاژنە نزمم لەپێ دەکرد. دایکم هەرچییەکی خواردبا منیش دەمخوارد، ئەو ماڵە جل بەرگیان دەدایە و بە منیشیان دەدا. ژیانمان کۆڵی خۆش بوو! ئەو هەموو کێک و شەکرلەمانەی من بە منداڵی خواردوومن ئەگەر ئێستابا دەشیا بە پارەکەی ئەسپێکی چاک چاک بکڕی. دایکم فێری خوێندن و نووسینی کردم. هەر لە منداڵییەوە فێری لە خواترسی کردم، ئەوەندە بە ڕێک و پێکی پەروەردەی کردم کە تا ئەمڕۆ وشەیەکی دزێو یا قسەیەکی قۆڕی وەکو قسەی دێهاتیان بە زارما نەهاتووە. من بابایەکی ئارەق خۆر نیم کاکە گیان! جلی پاک و خاوێن لەبەردەکەم، لەنێو کۆمەڵدا ڕێز و حورمەتی خۆم دەگرم. ئەگەر زیندووە یادی بەخێر و خوا ئاگاداری بێ، ئەگەر مردووشە خوا ڕەحمی لێبکا و ڕۆحی بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان، بەرەو ئەو شوێنە ببا کە ڕۆحیانەتی چاکانی لێ دەهێورێ!"

کابرای ئاوارە سەری کۆت دەکا، قژە زبرەکەی وەکو دڕک ڕەپ دەوەستێ. چاو هەڵدەبڕێ و دەڕوانێتە ئاسمان، دوو جاران نیشانەی خاچ دەکێشێ و بە دەنگێکی کشاو دەڵێ: "خوایە بیخەیتە بەهەشتێ، نەهەشتی بەرین و ڕازاوە جێی بێ" قسەکانی پتر لە قسەی پیرێژنان دەچێ تا قسەی پیاو! و لە سەری دەڕوا: "خوایە کینیای کەنیزەکی

خۆت لە هەر شوێنێ هەیە بپارێزی. ئەگەر ئەو دایکە چاکەم نەبوایە ئێستا من دێهاتییەکی نەفام دەردەچووم.

کاکە گیان هەر پرسیارێکت هەیە بیکە، هەموو شتێ دەزانم، ئایەتی ئینجیلی پیرۆز، هەموو شتە پیرۆزەکانی خوا، هەموو وێرد و دوعاکان، زۆربەی پرسیار و وەڵامە ئاینییەکان، گشت ئەمانە دەزانم. من بە گوێرەی ئینجیل دەژیم. خراپە دەرهەق بە کەس ناکەم، لەشم بە پاکی رادەگرم. ڕۆژوو دەگرم، نانێ حەڵاڵ نەبێ نایخۆم، هەندێ کەس لەزەت لە ئارەق خواردنەوە و بەدمەستی دەبینن، بەڵام من دوورم لەو شتانە، هەر کاتێ بێ کاربم لە سوچێکا دادەنیشم و کتێبێ دەخوێنمەوە و بەدەم خوێندنەوەوە فرمێسک دەڕێژم، ئەسرین هەڵدەوەرێنم."

- باشە ئەوە زانیمان کتێب دەخوێنییەوە، ئەدی بۆچی دەگری؟

- چونکە ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە هێند مەحزونە هەر مەپرس. جاری وایە مرۆڤ کتێبی بە "٥" کوپیکان دەکڕێ، بەڵام هێندە دەگری هێندە دەگری کە لە نائومێدی دا...

پتاکا پرسی: "بابت مردووە."

- باوەڕت بێ نازانم کاکە گیان. پیاو نابێ بە ناهەق چ گوناهێک وەشێرێ. من نازانم بابم کێ بووە؟ وا تێدەگەم حەرامزادە بم و هەر خوا و دایکم بزانن لە کێ بم. دایکم لە ژیانیا هەر لەگەڵ پیاوانی بە حورمەت و بەقەدەر و نێودارا هەستاوە و دانیشتووە. هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچووە شوو بە کەرە دێهاتییەکی پێ خاووس و لینگ ڕووت بکا.

پتاکا بەدەم پێکەنینەوە دەڵێ: "بۆیە بەرز فڕیوە و کاکی ئاغا پاک و پوختە هەپەی ناوە!"

- وایە، بەڵام دایکم ژنێکی لە خوا ترس بوو، بۆیە ئەگەر من قسەی وا بکەم گوناحم دەگا. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە پێ دەچێ خوێنی ئاغا و ئەشراف زادە لە دەماری مندا هەبێ. ڕەنگە سەر و سەکوتم دێهاتیانە بێ، بەڵام لەڕاستیا ڕەگ و ڕەچەڵەکم بچێتەوە سەر خانەدانان و ئەشرافان.

هەموو ئەم قسانە بە دەنگێکی بەسۆز و هێدی و هێمن دەکا. نێوچەوانی گرژ دەکا، فرەفڕی کەپوە بچووکە سورەکەی سەعاتە ڕێیە دەڕوا. پتاکا بەدەم گوێگرتنەوە چاوی دەبڕێتێ و دیسان شانەکانی هەڵدەتەکێنێ.

پاش ئەوەی چوار کیلۆ مەترە ڕێ دەڕۆن، بە سێ قۆڵی لەسەر گردێک دادەنیشن تا پشوویەک بدەن. پتاکا لە بن لێوانەوە دەڵێ: "سەیرە، سەگ بە سەگی خۆی ناوێکی هەیە. من ناوم "ئاندرو"یە، ئەم برادەرە ناوی "نیکاندر"ە. هەر گووڕاوێکی خوا ناوێکی هەیە و مەحاڵە یەکێک هەبێ ناوی خۆی لە بیر بکا! مەحاڵە!"

– جا ناوی من بە خەڵکی چی؟!

کابرای ئاوارە ئاخێک هەڵدەکێشێ، دەست دەگرێ بە ڕوومەتەکانییەوە و لەسەری دەڕوا: "ئاخر بۆچی خەڵکی بم ناسن؟ چ قازانجێ دەکەم؟! خۆ ئەگەر ئازادیش بام و بە کەیفی خۆ بەملا و بەولادا ڕۆیشتبام وەزع و حاڵم لە ئێستا چاکتر نەدەبوو. هاودینەکانم! من سەرم لە قانون دەردەچێ و کەمۆکەیەکی لێدەزانم، ئێستا من بابایەکم ئاوارە، نێوی خۆم بیرچووە، جا بەم حاڵەوە ئەگەر بشگیرێم، ئەوپەڕی هەواڵەی سیبریای ڕۆژهەڵات دەکرێم و ٣٠ – ٤٠ جەڵدەم بۆ دەبڕدرێتەوە. بەڵام ئەگەر ناوی خۆمیان پێ بڵێم ئەوا دیسان هەمان بەزم و ڕەزم بەرۆکم دەگرێتەوە، هەم حوکم دەدرێم و هەم کاری سەختم بەسەردا دەدەن. ئەی مەعنای چی، خۆم دەزانم!"

– یانی تۆ مەحکوم بوویت؟

– بەڵێ برا ئازیزەکەم. سەریان تاشیم و چوار ساڵی خشت پێوەند لە پێ و کەلەپچە لەدەست.

– باشە لەسەر چی؟

– لەسەر قەتڵ. کە منداڵ بووم، تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، دایکم بە هەڵە لەبری سۆدە، زەرنیخی لە پەرداخەکەی ئاغا کرد. چونکە عەمارەکەیان پڕبوو لە پاکەتی هەمەجۆر ئیدی هەڵەکردن کارێکی ئاسایی بوو!

کابرای ئاوارە ئاخێک هەڵدەکێشێ، سەرێک بەملا و بەولادا بادەدا و لەسەری دەڕوا: "ئەلهەقی ژنێکی لە خوا ترسیش بوو، بەڵام کێ دەزانێ دەرونی مرۆڤ چی تێدایە؟! دەرون جەنگڵستانێکی تاریکە. لەوەیە هەڵەی کردبێ، لەوەیە بە ئانقەست ئەم کارەی کردبێ؛ ئاغا خووی دابێتە کارەکەرێکی دی و ئەمی لەبەرچاو کەوتبێ و دایکیشم غیرەتی زەدەدار بووبێ و ئەم تانەیەی پێ قبوڵ نەکرابێ. لەوەشە بە مەبەستێکی دی زەرنیخی بۆ لە پەرداخەکە کردبێ، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ! من ئەو دەمە منداڵ

بووم و سەرم لەم کارانە دەرنەدەچوو. بەڵام ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، بە جوانی دێتەوە خەیاڵم کە ئاغا دۆستێکی دیکەی گرتبوو و دایکم زۆری خەفەت دەخوارد. مەحکەمەکەمان دوو ساڵ درێژەی کێشا. دایکم ٢٠ ساڵ حوکم و کاری سەختی بۆ بڕایەوە، منیش لەبەر منداڵی حەوت ساڵ حوکم و کاری سەختم بۆ بڕایەوە.

- باشە کە قاتیلەکە گیرا ئیدی تۆ بۆ حوکم درای؟

- بە تۆمەتی شەریکە تاوان. ئاخر من پەرداخەکەم بۆ ئاغا برد. هەمیشە هەر من پەرداخەکەم بۆ دەبرد. من ئەم قسانە لای ئێوە دەکەم، بەڵام توخوا با هەر بەینی خۆمان بێ و کەس پێ نەزانێ...

پتاکا دەڵێ: "خەمت نەبێ نە، کەس ئەم پرسیارە لە ئێمە ناکا و بە کرێش نەگیراوین لە خۆوە باسی بکەین... ئێ یانی تۆ لە زیندان هەڵاتووی؟"

- بەڵێ. چواردە کەس بووین، خوا یار و یاوەریان بێ، ئەوان هەڵاتن و منیشیان لەگەڵ خۆدا هێنا. ئێستا کوڕەکە گیان من ناڵێم تۆ بڵێ، پێویست دەکا ناوی خۆم بە کەس بڵێم؟ ئەگەر ناوی خۆم بڵێم دووبارە دەمگێڕنەوە بۆ زیندان و کاری سەخت. بە خۆیشت دەمبینی چ زەلامێکم؟ بابایەکم نەخۆش، بێ تاقەت و کەم جورم. حەزم لە خواردن و جێ و ڕێی پاکوخاوێنە. حەزدەکەم چرایەکی چکۆڵە یا مۆمێ هەڵگیرسێنم و بکەومە وێرد و پاڕانەوە. حەزناکەم لەکاتی نوێژکردندا دەوروبەرم قەرەباڵغ و پڕ هەرا و هەنگامە بێ. حەزناکەم لەکاتی کڕنوش بردن و چوونە سوجدەدا سوجدەگاکەم پڕ لە تف و بەڵغەم بێ. من بۆ ڕزگاریی دایکم شەو و ڕۆژی چل جاران دەچمە سوجدە."

کابرای ئاوارە کڵاوەکەی دادەکەنێ و هاوار دەکا: "ئەگەر حەزدەکەن با هەواڵەی سیبریای ڕۆژهەڵاتم بکەن، ترسم لەوێ نییە."

- چی؟ بۆ سیبریا باشترە؟

- "ئەمەیان مەسەلەیەکی ئەلاحەدەیە. کە مرۆڤ بە کاری سەخت حوکم دەدرێ لە قرژاڵی گیرۆدەی تۆڕ خراتری بەسەر دێ."

- چی؟ بۆ سیبریا باشترە؟

دەوروبەری قەرەباڵغە. دەڵەکی دەدەن، خۆی پێدا دەکێشن، سوچێکی دەست ناکەوێ کە هەناسەیەکی ڕەحەتی تێدا بدا. زیندان دۆزەخی سەر زەمینە، خوا بە نسیبی کەسی نەکا! مرۆڤ بە دڕندە دەزانن و ڕەفتاری دڕندەی لەگەڵ دەکەن. ژیانی لە ژیانی سەگ خراترە، خواردنت نادەنێ، شوێنێ نییە تاوێ بخەوی، یا وەکو بنیادەم نوێژەکەت بکەی. بەڵام دوورخستنەوە جیاوازە، وردە وردە خۆت بەگەڵ جماعتێک دەخەی. دەوڵەت مەجبورە زەویت بداتێ، باوەڕبکە چۆنی دەڵێم وایە. بیستوومە زەوی لەوێندەر هەرزانە، لە بەفر هەرزانترە. هەرچییەکت بوێ دەتدەنێ. پارچە زەوییەکم دەدەنێ. پارچەیەکیشیان لێ وەردەگرم بۆ باغ و تۆزێکیش بۆ خانوو. ئەوجا وەکو هەر کەسێکی دی بۆ خۆ دەکەومە کشتوکاڵ و شۆو بڕین. بەرەبەرە ڕانێک پێکەوە دەنێم، هەنگ بەخێو دەکەم، بۆ خۆ دەبم بە خاوەنی پەز و سەگ، گوربەیەکی سیبریش ڕادەگرم و بەڕەڵڵای گیانی جرج و مشکی دەکەم تا نەیەڵێ ماڵەکەم بخۆن. بۆ خۆ خانویەک دروست دەکەم، میحراب ڕۆدەنێم و ئەگەر خوا یاربێ و بە نسیبی بکا ژنێکی لێ دێنم و دەبم بە خاوەنی ماڵ و منداڵ."

کابرای ئاوارە ئێستا لەبەر خۆیەوە دەدوێ و سەیری سەربازەکان ناکا. چاوی بڕیوەتە شوێنێکی دوور دوور. هەرچەندە خەون و خەیاڵەکانی بێ سەر و بەرن بەڵام هێندە بە دڵ و کوڵ قسان دەکا پیاو ناتوانێ باوەڕی پێ نەکا!

سێبەری بزەیەک نیشتە سەر دەمە چکۆلەکەی. سیمای، چاوی، کەپووی هەر هەموو گەشاوەی شادییەکی دوورە دەستن.

سەربازەکان گوێ دەگرن و بە نیگای پڕ بەزەییەوە سەیری دەکەن. ئەوانیش قسەکانی بۆ دەسەلمێنن.

کابرای ئاوارە لەسەری دەڕوا: "بە هیچ جۆرێ لە سیبریا ناترسم، سیبریا و ڕوسیا وەکو یەکن. لەوێندەریش هەمان خوای ڕوسیا دەپەرستن، گوێڕایەڵ و مل کەچی فەرمانی هەمان تزارن. بە هەمان زمانی مەسیحیانی ئەرثەدۆکس دەدوێن، یانی ئەم زمانەی کە من لەگەڵ ئێوەدا قسەی پێدەکەم. بەڵام لە سیبریا هەرزانییە، خەڵکی پارەدارترن. هەموو شتێکی لە ڕوسیا باشترە، بۆ نمونە چۆم و ڕوبارەکانی، چۆم و ڕوباری ئەوێ هەزار هێندەی چۆم و ڕوبارەکانی ئێمە جوانن. ماسی، ماسی! ڕاوەماسی وێندەر هەر باس باکرێ! برادەرانی ئازیز بە لای منەوە لە ڕاوەماسی خۆشتر نەبووە و نابێتەوە. بە پەت و قولاپ، بە تۆڕ ماسی دەگرم. لەکاتی سەهۆڵ بەنداندا تۆڕی گەورە

بەکاردێنم، هەڵبەتە بەتەنێ دەرەقەتی تۆڕی گەورە نایەم، جا کابرایەکی دێهاتی بە "٥" کوپیکان بەکرێ دەگرم ئیش و کاری ئەوەبێ کە تۆڕەکەم بۆ هەڵکێشێتەوە. کە خۆشە خوایە! کە بۆ خۆ کەیف دەکەم... بەڵام هەر ماسییەک و جۆرە مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێ. هەندێ ماسی دەبێ وردە ماسی بۆ بکرێ بە چەشە. هەندێکی دی دەبێ کرمی بۆ بکرێ بە چەشە، بۆ هەندێکی دیکە دەبێ بۆق یان قالۆنچە بکرێن بە چەشە. دەبێ هەموو ئەم فەند و فێڵانە بزانی. بۆ نموونە مارماسی، ماسییەکی درژ پەسەندە، تەنانەت دەتوانی مارمێلکەشی بۆ بکەی بە چەشە. ماسییە دەم درێژەکان حەز لە کرمی بۆر دەکەن، ماسییە دڕکاوییەکان حەز لە شەمشەمەکوێرە دەکەن. لە دنیادا چ شتێ لە ڕاوی ماسی قەڵەوی نێو ئاوی خوڕ خۆشتر نییە. قالۆنچەیەک یان شەمشەمە کوێرەیەک دەکەی بەسەری قولاپەکەتەوە و دەیدەیتە دەم ئاوەکەوە، پەتەکەی بۆ شل دەکەی ٢٠ – ٣٠ مەترێک دوور دەکەوێتە، ئەوجا پیرە پانتۆڵی لێ دادەکەنی و بە لینگی ڕووت وەنێو ئاوەکە دەکەوی و وردەوردە دووی چەشەکە دەکەوی، پاشان لەپڕ بە توندی پەتەکە ڕادەکێشێ و تەماشا دەکەی ماسییەکی گەورە و قەڵەو بەسەری قولاپەتەکەوەیە. دەبێ وریا بی لەکاتی خۆیدا پەتەکە ڕابکێشی، دەنا هەم ماسییەکە و هەم چەشەکەت لە دەست دەچێ، هەر کە پەتەکە خوار بوو، پێویستە ڕای بکێشی. نابێ تاقە دەققەیەکیش ماتەڵ بی. وەختێ کە فیرار بووین و حوکمدراوەکانی دی لە پرخەی خەودا بوون، من خەوم لێنەدەکەوت و دەکەوتمە ڕێ تا ڕوبارێ بدۆزمەوە. ڕوباری ئەوێندەر گەلێک پان و خوڕن و کەنارەکانی نشێوییە. ڕاوەماسی لەوێ یەکجار زەحمەتە. سەرانسەری کەنارەکان چڕە دارستانە. درەختەکان هێند بەرزن کە بتەوێ سەیری سەرەوەیان بکەی کڵاوت لە سەر دەکەوێ. درەختی وای تێدایە لێرە بە ١٠ ڕۆبڵێ نادەن."

کابرای وردیلەی مەینەتبار لەژێر فشاری خەون و خەیاڵی ڕابوردوو وزڕە ئومێدی خۆشی ئایندەدا شەکەت دەبێ و لە قسان دەکەوێ. وەکو یەکێک ڕاز و نیاز لەگەڵ خۆی بکا تەنیا لێوەکانی دەبزوون. سێبەری بزەیەکی پڕ شادی دەنیشێتە سەری سیمای و خێرا ئاوا دەبێ. سەربازەکان چ شتێ ناڵێن، سەریان داخستووە و لە فکران ڕاچوون. کپی و خامۆشی پایز، تەمی شێدار لە زەوی هەڵدەستێ و وەکو دیوار لەبەردەم مرۆڤدا قوت دەبێتەوە و ئەو تۆزە ئازادییەی کە هەیەتی دەیداتەوە بە ڕویا، ئاخ کە لەو دەمانەدا خەیاڵی چۆم و ڕوبارانی گەورە و خوڕ چەند خۆش و ئارام بەخشە! چۆم و ڕوبارانێ کە کەناری ئاوەدان و پڕ درەختیان هەبێ! خەیاڵی ئاسودەیی. خەیاڵ بە شێوەیەکی تایبەتی پیاوێک بەرجەستە دەکا کە وەکو خاڵێک بە ڕووی

کەناریکی نشێوەوە ئارام و ئاسودە لە بەیانییەکی زوودا گیرساوەتەوە، بەیانییەکی هێند زوو کە هێشتا شوعلەی سپێدە لە ئاسۆ جیانەبۆتەوە. لەمبەر و لەوبەری ڕووبارەکە دارکاژی بە دەماخ و پڕ ژیان ڕیزیان بەستووە و سەریان هێناوەتەوە یەک و بە چپە یەکدی دەدوێنن و بەدڵ دەڕواننە ئەو پیاوە ئازاد و سەرفرازە. دەوەن و ڕەگوڕیشاڵ و تاوێرە بەردی زەلام و بنچکی دڕکاوی ڕێی دەگرن، بەڵام ئەو پیاوە چ وەکو بەدەن و چ وەکو ورە بەهێزە و لە هیچ ناترسێت. نە لە دارکاژەکان، نە لە تاوێرە بەردەکان، نە لە تەنیایی و نە لە دەنگدانەوەی هەنگاوەکانی خۆی. خەیاڵی سەربازەکان، ژیانێکی ئازادیان لەبەرچاو بەرجەستە دەکا، ئازادییەکی ئەوتۆ کە تەنیا ناویان بیستووە.

ئایا ئەوان، وێنەی ئەو شتە خەیاڵیانە بەرجەستە دەکەن کە هەر ناویان بیستووە؟ یا ئەم تاسە و خەیاڵی ئازادییە تێکەڵ بە خوێنیان بووە و لە باوباپیرانی کێوی و دلێریانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە؟ تەنیا خوا دەیزانێ!

"نیکاندر" کە تا ئێستا تاقە قسەیەکی نەکردبوو، بێدەنگییەکە دەشکێنێ. ڕەنگە لە دڵی خۆیدا بەغیلی بە خەون و خەیاڵی کابرای ئاوارە بەرێ. لەوەیە لە دڵی خۆیدا بڵێ ئەم خەونە خۆشانە لەگەڵ ئەم تەم و مژ و قوڕە لیتەیەدا ناگونجێن. بەهەرحاڵ بە پەستییەوە دەڕوانێتە کابرای ئاوارە و دەڵێ: "برادەر هەموو ئەمانە چاک و بەجێن، تابڵێی جوان و دڵگیرن، بەڵام تۆ هەرگیز ناگەیتە ئەو شوێنە خۆش و بە بەرەکەتە. چۆن دەیگەیتێ؟ تۆ بابایەکی بێ تاقەتی، سی کیلۆمەتر بڕۆی دەمری. تۆ ئەمڕۆکە تەنیا چوار کیلۆمەتر هاتووی وات بەسەرهاتووە! دەڵێی بە حەیاتت ئیسراحەتت نەکردووە؟

کابرای ئاوارە نیگایەکی "نیکاندر" دەکا، ڕەنگ لە ڕووی نامێنێ و وەکو یەکێک بە دزیەکەوە گیرابێ شەرمەزار و پەست سەرێکی بۆ دەلەقێنێ، دیسان هەموو کڕوکپ دەبنەوە. هەرکەسە و سەرگەرمی بیر و بیرکردنەوەی خۆیەتی... سەربازەکان هەوڵ دەدەن ئەو ماوە دوورەی نێوان خۆیان و ئەو سەرزەمینی ئازادییە خەیاڵییە بێننە بەرچاوی خۆ. کۆمەڵێ وێنەی ئاشکراتر بەڵام ترسناک تر لە مێشکی کابرای ئاوارەدا دێ و دەچێ؛ هۆڵی دادگا، زیندان، دوور خراوە و مەحکومان، قفڵ و دەرگا و زیندان، پشوودانی ڕێگا، سەرمای زستان، نەخۆشی، مەرگی هاوڕێیان، هەر هەموو ئەم وێنانە بە ئاشکرا دێنە بەرچاوی و بەرجەستە دەبن. چاوەکانی دەکەونە پرتەپرت، دڵۆپە ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەنیشێتە سەر هەنیەی. بە سەری قۆڵی هەنیەی دەسڕێ و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ؛ دەڵێی تازە لە کوورە خانەیەکی گەرمی گەرمەوە

هاتۆتە دەرێ. هەمدیس هەنیەی بەسەری قوڵەکەی دیکەی دەسڕێ و بە ترسەوە ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە.

پتاکاش قسەی هاوڕێکەی تەسدیق دەکا: "ڕاستە، تۆ هەرگیز ناگەیە ئەوێندەر. تۆ ناتوانی ڕێ بکەی، تۆ سەیری خۆت بکە، هەر پێست و ئێسکی! برا گیان تۆ هیچ نەتکوژێ ئەم ڕێیە دەتکوژێ."

نیکاندر قسەکەی دەمی هاوڕێکەی دەقۆزێتەوە: "مەعلومە کە دەیکوژێ، مەحاڵە ئەم ڕێیەی پێ تەواو بکرێ، یەکسەر دەینێرنە خەستەخانە؛ ئەمە دۆغرییەکەیەتی و چەند و چۆن هەڵناگرێ.

کابرای ئاوارەی بێ ناو بە ترسەوە دەڕوانێتە سیمای هاوڕێ دێو سیفەتەکانی. ئەوجا چاوی دادەخا، بەپەلە دادەنەوێتەوە و بێ ئەوەی کڵاوەکەی لەسەری دابکەنێ. بە چۆکا دێ. ئازای لەشی دەکەوێتە لەرزین، سەری دەسوڕێ و وەکو کرمێک کە پێی پێدا بنرێ دەکەوێتە هەڵپلان؛ نیکاندر هەڵدەسێتە سەر پێیان و هاواری بەسەردا دەکا: "هەستە، هەستە بابڕۆین درەنگە!"

هەر سێ ڕێبوارەکە دوای تۆزێک دەکەونەوە ڕێ و قوڕ شێلان. کابرای ئاوارە سەری داخستووە و دەستەکانی لە جاران زیاتر تەپاندونەتە نێو قوڵی چاکەتەکەیەوە؛ بەڵام پتاکا مات و بێدەنگە.

زیک زیکە

" ١ "

زەماوەندی ئولگا ئیڤانوڤنا بوو. دۆستان و ئاشنایان هەموو هاتبوونە داوەتەکەی. ئولگا لێکدا لێکدا ئاماژەی بۆ شووەکەی دەکرد و بە ئاشنا و دۆستەکانی دەگوت: "ئەنگۆ جوان سەرنجی بدەنێ، شتێکی نادیار لە سیمایدا بەدی دەکرێ". پێدەچوو بۆیە ئەم قسەیە بکا تا نەوەک داوەتکراوان لە دڵی خۆدا بڵێن مێردەکەی چ نییە، پیاوێکی ئاساییە و بە هیچ جۆرێ مایەی سەرنج نییە.

شووەکەی "ئەسیپ ئەستپانوفچ دیموڤ" پزیشک بوو، بەناو پلەی ڕاوێژکاری هونەری هەبوو. لە دوو نەخۆشخانەدا کاری دەکرد. لە یەکەمیاندا نەخۆشانی دەبینی و لە دووەمیاندا کاری نەشتەرگەری دەکرد. لە سەعات نۆوە تا نیوەڕۆ لە خەستەخانەی یەکەم کاری دەکرد و نەخۆشانی ئاسایی دەبینی و لە هەموو بەشەکاندا کاری دەکرد، کە کاری تەواو دەبوو سواری قیتار دەبوو، دەچوو بۆ نەخۆشخانەی دووەم و لەوێندەر سەرگەرمی کاری نەشتەرگەری دەبوو. دەرامەتی ساڵانەی کەم بوو، نزیکەی ٥٠٠ ڕۆبڵێک بوو. ئەمە دیموف بوو! بەڵام دۆست و ئاشناکانی ئولگا خەڵکانی ئاسایی نەبوون. هەر یەکەیان لە هونەرێکا بەنێوبانگ بوو، نێو و شۆرەتیان هەبوو، دیار و ناسراو بوون. ئەگەر هەندێکیان هێشتا تەواو شۆرەتیان دەرنەکردبوو ئەوا ئومێدی زۆریان بە ئایندە هەبوو. ئەمیان ئەکتەرێکی کارامە و هۆشیار و بەقەدر بوو. ئەویان پیاوێکی زەریف بوو، ئەوی دی مامۆستای هونەری خوتبەوێژی بوو و ئولگای فێر کردبوو، کە چۆن بەرهەمی ئەدەبی لەبەر بخوێنێتەوە. یەکێکی دییان دەنگبێژێکی شۆخ و شەنگی ئۆپرا بوو، هەمیشە داخی هەڵدەکێشا و گلەیی لە ئولگا دەکرد کە خۆی نەناسێت و قەدری ئەو بەهرە چاکەی خۆی نازانێ و ئەگەر واز لە تەمەڵی بێنێ و جڵەوی خۆی بگرێتەوە بێگومان دەبێ بە دەنگبێژێکی یەکجار نێودار و ناسراو.

ئاشناکانی دیکەی ئولگا چەند نیگارکێشێکیان تێدابوو کە ڕیابوسکی دیمەن ساز سەرقافڵەیان بوو. ڕیابوسکی سروشتی بێ گیان و گیانداری دەکێشا. پیاوێکی قژ زەردی قۆز، تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو. لە پێشانگایەکی نیگارکێشیدا شۆرەتی پەیدا کردبوو و دوا تابلۆی خۆی بە ٥٠٠ ڕۆبڵ فرۆشتبوو. ڕیابوسکی دەستکاری سکێچەکانی ئولگای دەکرد، ڕێنوێنی دەکرد و پێشبینی ئایندەیەکی پڕشنگداری بۆ دەکرد. ئاشنایەکی دیکەی ئولگا کابرایەکی چەلۆژەن بوو کە ئەو ئامێرەی دەهێنایە زمان. بە ڕاشکاوی ستایشی ئولگای دەکرد و دەیگوت لەنێو ئەو ژنانەدا کە ئەم دەیان ناسێت ئولگا لە هەموویان لەبارتر و کارامەترە بۆ هاو ئاهەنگی لەگەڵ ئامێرەکەی ئەودا. ئەدیبێکیش لە پێری

ئاشنایانی ئولگا بوو، ئەم ئەدیبە هەرچەند هێشتا گەنج بوو، بەڵام سەبارەت بە کورتە چیرۆک و شانۆنامەکانی شۆرەت و نێوی پەیدا کردبوو. کێی دی کێی دی؟ ئا، بیرم کەوتەوە؛ ڤاسیلی ڤاسیلوڤچ. ئەمیان کابرایەکی دێهاتی بوو. وێنە سازێکی بەهرەمەند و ئاشقی شوێنەواری مێژووی و میللی بوو، ئەم کابرایە، ئاشقێکی گەورەی پیشە کۆنەکانی ڕووس بوو، هەر ئەم ئەشقە گەورەیە ببوو بە هاندەری و شاکاری واقیعی لەسەر کاغەز، چینی، و قاپی گلین ڕەسم دەکرد.

لەنێو ئەم کۆمەڵە ئازاد و ناسک و بەڕێکەوت پوخڵەدا تەنیا جەنابی زاوا کابرایەکی گومناو و پشت گوێ خراو بوو. زاوا لەنێو ئەم کۆمەڵەدا چ جێیەکی نەبوو. هەرچەندە کابرایەکی باڵا بەرزی ناوشان پان بوو، بەڵام بێ خێر و بێ مەعنا دەهاتە بەرچاو. بیجامەکەی هێندە دەڵب و نالەبار بوو لە تۆ وایە بۆ یەکێکی دی دوراوە. ڕدێنی دەتگوت ڕدێنی کاسبکارانە. گەر بهاتبا ئەم کابرایە نووسەر یا نیگارکێش با ئەوا ئەو دەمە ڕدێنی، ڕدێنی "زولا"ی دێنایەوە یادی مرۆڤ.

نیگارکێشەکە بە ئولگای گوت کە بە قژی لوول و پرپێچەوە و بەم جلی بوکێنییەوە ڕێک لە درەختێکی بەنازی ئالوباڵو دەچێ کە لە بەهارانا شکۆفەی سپی و جوان دەکا. ئولگا دەستی کابرای نیگارکێشی گرت و گوتی: "تۆ گوێ بگرە بزانە ئەم شوکردنە لەنکاوە چۆن ڕووی دا. گوێ بگرە، گوێ بگرە. دیموف و بابم لە یەک خەستەخانەدا کاریان دەکرد. کە بابم لە خەستەخانە کەوت، دیموف شە و ڕۆژ لێی دوور نەدەکەوتەوە. کە پیاوێکی دڵسۆزە! گوێ بگرە ڕیابوسکی، تۆش گوێت لێ بێ جەنابی نووسەر، چیرۆکێکی خۆشە، وەرنە پێشترەوە، ئەو هەموو دڵسۆزییە، ئەو هەموو زەحمەتکێشانە! بە خۆیشم شەوان نەدەخەوتم و تاکو بەیانی بەدیار بابمەوە دادەنیشتم لەپڕ... دڵی کوڕەی بێچارەم برد! ئیدی دیموف دیموف لە ئەشقدا غەرق بوو. شتەکان بە جۆرێکی سەیر ڕێک کەوتن.

کە بابم مرد، ئێمە لێکدی دانەبڕاین، لە گەڕەک و بانا یەکدیمان دەدی. جارجاریش دیموف دەهاتە دیدەنیم، لەپڕ شەوێک داخوازی کردم... ئەو شەوە تاکو بەیانی فرمێسکم هەڵڕشت، بە خۆیشم گرفتاری ئەشقی بووم و ئەوەتا بە خۆتان دەبینن کە شووم پێکردووە. ئەرێ بەڕای ئێوە شتێکی نائاسایی لە سیمایدا بەدی ناکرێ؟! شتێکی بەهێز؛ وەکو بێباکی و دلێری شێر؟ جارێ دیار نییە، نیوەی ڕووی لە ئێمەیە و ڕووناکییەکە تەواو نییە. بەڵام کە ئاوڕی دایەوە بڕواننە نێوچەوانی! ڕیابوسکی تۆ چ دەڵێی؟ دیموف

خەریکە باسی تۆ دەکەین. چوو مێردەکەی گاز کرد و گوتی: "دیموف وەرە ئێرە، لەگەڵ ڕیابوسکیدا ئاشنا بن!" دیموف بە زەردەخەنەیەکی سادە و بە ڕووی خۆشەوە دۆقەی لەگەڵ نیگارکێشەکەدا کرد و گوتی: "خۆشحاڵم لە دانشگا ڕیابوسکییەکم لەگەڵ بوو، خزمی تۆیە؟"

"٢"

ئۆلگا ٢٢ ساڵان بوو و دیموف ٣١ساڵ. پاش زەماوەندەکەیان بە خۆشی پێکەوە دەژیان. ئۆلگا ژووری میوانی وەکو پێشانگا لێ کردبوو، پڕی کرد لە تابلۆکانی خۆی، تابلۆی دۆستەکانی. تابلۆی چوار چێوەدار، و بێ چوارچێوەی لێرە و لەوێ هەڵواسی. دەوروبەری پیانۆکە و شتەکانی دیکەی نێو ژوورەکەی بە چتر و سێپا، تابلۆی ڕەنگین، خەنجەر، نیوپەیکەر و وێنە ڕازاندنەوە. هەندێ تابلۆی سادەی تری بابەتی زەوقی دێهاتیانی لە ژووری نان خواردن هەڵواسی.

ژوورێکی دیکەی بە پێڵاو شەبقەی پوش و داس و شەن پڕ کردەوە، ئەم ژوورەی بە شێوەیەکی میللی ڕازاندەوە. بۆ وەی ژووری نووستنەکەی وەکو ئەشکەوت بنوێنێ، بن میچ و دیوارەکانی بە پارچەی ڕەش پۆشی، فانۆسێکی لە سەرووی سیسەمەکەوە هەڵواسی و لەبەر دەرگاشەوە پەیکەرێکی کوتەک بە دەستی دانا، تێکڕا ڕایان وابوو کە ئەم جووتە گەنجە خانوویەکی جوان و ڕێک و پێکیان هەیە.

ئۆلگا هەموو ڕۆژێ سەعات یازدە لە خەو ڕادەبوو، تاوێ پیانۆی لێدەدا. ئەگەر دنیا هەتاو با بۆیە زەیتییەکەی دەردێنا و دەکەوتە نیگارکێشان. سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ دەچووە نک خەیات. چونکە نە خۆی و نە دیموف هیچیان پارەدار نەبوون، هەڵدەستا فێڵێکی زیرەکانەی بەکار دێنا، بۆ وەی جلێکی تازە و جوان و مایەی سەرنج و پەسەندی هەمووان لەبەر بکا، کۆنە پارچەی جوان، پارچە تۆڕ، پولەکە و دوگمە و مورو ومەخمەل و ئاوریشمی دەبردە کن خەیات، خەیاتی دەست ڕەنگینیش موجیزەی لێ دروست دەکردن. جل، جل نەبوو بەڵکو خەون و خەیاڵی شاعیرانە بوو.

کە ئیشی لای خەیاتی تەواو دەبوو دەچووە کن یەکێک لە ئەکتەرەکانی دۆستی تا دەنگوباسی شانۆگەرییان بزانێ و بلیتی شەوی یەکەمی شانۆگەرییەکە پەیدا بکا، لەوێندەر دەڕۆیی بۆ ڕەسم خانەی یەکێک لە نیگارکێشەکان یا دەچووە سەیری پێشانگایەکی تابلۆسازی. ئەم هەموو هاتوچۆیە یا بەوە کۆتایی دەهات کە یەکێک لە

نێوداران دەعوەت بکا بۆ ماڵەوە یا بە گفتوگۆیەکی ئاسایی و سادە کۆتایی دەهات. ئەم خەڵکانەی کە نێوداری دەزانین، هەموو ئۆلگایان بەهاوتای خۆ دەزانی، دەیانگوت گەر ئۆلگا فرسەتی گونجاوی لە دەست نەدەدا و خۆی خەسار نەدەکرد، زەوق و بەهرە و هۆشیاری لە ڕادەیەکدایە کە بتوانێ کارێکی گەورە ئەنجام بدا. ئولگا گۆرانی دەگوت، مۆسیقای لێدەدا، نیگارکێشی دەکرد، دەبوو بە مۆدێل، وەکو هونەر دۆستێک لە شانۆگەریدا بەشداری دەکرد، هەموو کارێکی بە چاکی ئەنجام دەدا. بۆ نمونە ئەگەر گڵۆپێ یا بلاجکتۆرێکی دانابا، کە خۆی ڕازاندباوە، یا بۆینباخێکی بۆ یەکێک بەستبا، بێ چەند و چۆن شاعیرانە و جوان و بێ عەیب دەیکرد. بەڵام هیچ بەهرەیەکی نەدەگەییە بەهرەی دیدەنی و پێشوازی خەڵکانی نێودار هەرکە یەکێک کەمێ نێوی دەرکردبا یا تەنیا نێوی کەوتبا سەرزاران ئەوا ئولگا لە ماوەی ڕۆژێکا دەی دۆزیەوە و بە دیداری شاد دەبوو، دۆستایەتی لەگەڵ دەگرت، بۆ ماڵەوەی دەعوەت دەکرد. ئەو کاتەی خۆشی بوو کە ئاشنایەکی تازە بگرێ. پیاوانی نێوداری دەپەرست، شانازی بە ناسینیانەوە دەکرد و بە درێژایی شەو خەوی پێوە دەدەین. بە هیچ جۆرێ دڵی دانەدەکەوت و تینوێتی نەدەشکا. تاقمێکی کۆن دەکرد و تاقمێکی تازەی دەگرت، زوو بە زوو لەگەڵ تازەکاندا ڕادەهات و خووی پێوە دەگرتن، زۆری نەدەبرد ئەوانیشی لەبەر چاو دەکەوت و بە هەڵەداوان بە دووی تازەتردا دەگەڕا.

سەعات پێنج لە ماڵەوە لەگەڵ شووەکەیدا نانی دەخوارد. گەلێک لە هۆش و گۆش و ڕەوشت جوانی مێردەکەی ڕازی بوو. لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵدەستا، پڕی دەدایە مێردەکەی، سەری لە باوەش دەگرت و ماچ بارانی دەکرد! "دیموف تۆ چەند پیاوێکی بە هۆش و شەریفی تەنیا یەک عەیبت هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زەوقی هونەریت نییە. مۆسیقا و نیگارکێشی بە هیچ نازانی."

شووەکەی بە خۆشەویستییەوە وەڵامی دەدایەوە: "من شارەزای مۆسیقا و نیگارکێشی نیم. من هەموو تەمەنم لە خوێندنی زانست و پزیشکگەریدا بەسەر بردووە، کاتی خوێندنەوەی هونەرم نەبووە."

- دیموف ئەم ئیعترافە خەتەرە!

- بۆ خەتەرە؟ خۆ دۆستەکانی تۆش چ زانیارییەکیان لەمەڕ زانست و پزیشکگەری نییە، کەچی تۆ لۆمەیان ناکەی، هەرکەسە و بە کاری خۆی! من سەر لە ئۆپرا و تابلۆیان دەرناکەم. بەڵام لام وایە کە:

-خەڵکانی بەهرەمەند ژیانی خۆ بۆ ئەم جۆرە شتانە تەرخان دەکەن و خەڵکانێکی ئاقڵ و هۆشیاریش پارەیەکی زۆر بەم شتانە دەدەن، کەواتە دەبێ هونەر شتێکی زەروری و پێویست و بە سوود بێ. بەڵام چیبکەم من تێناگەم. دیارە تێ نەگەیشتن لە شتێک مانای ئەوەی نییە کە بە هیچی نەزانی.

- دەستی شەریفت بێنە با بیگوشم.

ئۆلگا پاش فراڤین دەچووە نک دۆستەکانی. پاشان دەچووە شانۆگەری یا ئاهەنگی مۆسیقا و پاش نیوەشەو دەگەڕایەوە ماڵێ. ئەمە کار و پیشەی هەموو ڕۆژێکی بوو. ڕۆژانی چوارشەممە، نۆرە دەعوەتی شێو بوو. وەرق بازی قەدەغەبوو. خانەخوێ و میوانان تێکڕا باسی هونەریان دەکرد. ئەکتەر پارچەیەکی لەبەر تەمسیل دەکرد، دەنگبێژ گۆرانی خۆی دەچڕی. نیگارکێشان تابلۆیان لەنێو ئەلبومە زۆر و زەبەندەکانی ئۆلگا دەکێشا. خانەخوێ بە خۆیشی نیگاری دەکێشا، دەبوو بە مۆدێل، یارمەتی مۆسیقازانەکانی دەدا ،گۆرانی دەگوت، لە پاڵ ئەم کارە هونەرییانەوە، باسی کتێبانی تازە، شانۆگەری و هونەریان دەکرد، لەم میوانداریيانەدا ژنان دەعوەت نەدەکران، چونکە ئۆلگا - جگە لە خانمانی هونەرمەند و خەیات - حەزی لە چارەی ژنانی دی نەبوو. کە زەنگی دەرگا لێدەدرا خانەخوێ ڕادەپەڕی و بە شانازییەوە هاواری دەکرد: "خۆیەتی" و مەبەستی نێودارێکی تازەبوو کە بۆ یەکەمجار دەعوەتی کردبوو! دیموف بەشداری ئەم کۆڕانەی نەدەکرد. بەڵام دەوروبەری سەعات یازدە و نیو دەرگەی ژووری نان خواردن دەکەوتە سەر پشت، دیموف بە زەردەخەنەیەکی گەرمەوە بەدیار دەکەوت، دەستی پێکا دەماڵین و دەیگوت: "برادەران فەرموون شیو حازرە".

لەم کاتەدا هەموو ڕوویان دەکردە ژووری نان خواردن و هەمیشە هەمان شتەکانی پێشتریان لەبەردەم خۆدا دەبینی: قاپێک سەدەف، پارچەیەک گۆشتی بەراز یا گوێرەکە، پەنیر، خاویار، کارگ، فۆدگا و دوو شەربە ئاو.

ئۆلگا بە کەیفی ساز و زەوقی کۆکەوە دەستی تەکان دەدا و هاواری دەکرد: "میوانداری ئازیزم! بەڕاستی تۆ شایانی پەرستنی! کوڕینە ئێوە بڕواننە نێوچەوانی. دیموف ڕوویان تێ بکە. برادەران تەماشای بکەن، دەموچاوی دەڵێی دەموچاوی پڵنگە. بەڵام هەمان دڵگیری و جوانی دەموچاوی ئاسکی هەیە، ئازیزەکەم".

میوانەکان ژەمبردە ئاسا شانیان لە نان خواردن قایم دەکرد و دیقەتی دیموفیان دەدا، بەڵام هەر زوو فەرامۆشیان دەکردەوە و بایان دەداوە سەر باسی شانۆگەری، مۆسیقا و هونەر.

ئەم دوو گەنجە تەباو گونجاو بوون. ژیانیان زوڵاڵ و سازگار بوو. بەڵام لە سێیەم هەفتەی مانگی هەنگویندا پەڵە هەورێک بە ئاسمانی ژیانیاندا تێ پەڕی، دیموف لە خەستەخانە کەوت و قژە جوانەکەی هاتە تراشین. ئۆلگا بە دیارییەوە دانیشت، بە کوڵ گریا. وەختێ ڕووی کردە چاک بوونەوە یەشماغێکی سپی لەسەر بەست و وەکو عەرەبی خێوەتنشینی لێکرد و پۆرترێتێکی بۆ کێشا و هەردووکیان خۆشحاڵ بوون.

دیموف چووە سەر دەوامی خۆی. پاش سێ ڕۆژان بەدبەختییەکی دی ڕووی تێکردن. کە دانیشتنە سەر نیوە ڕۆژە گوتی: "نازە پێدەچێ بەخت پشتی تێکردبین. ئەمڕۆ ٣ – ٤ عەمەلیاتم هەبوو، دوو قامکی خۆم بڕی، ئائێستا پێم زانیوە. ئۆلگا ترسا، بەڵام پێکەنی. ئەمەی بە ڕووداوێکی ئاسایی وەرگرت و گوتی کە زۆر جاری دیکەش دەستی خۆی بڕیوە. ئەوجا لەسەری ڕۆیی: "کە دەکەومە ئیشکردن ئاگام لە خۆ نامێنێ."

ئۆلگا خەمی ئەوەی بوو کە برینەکانی پەنجەی کێم بکەن و لێی پیس بکەن، شەوێ دوعای بۆ کرد. بەڵام برینەکانی دیموف چاک بوونەوە. ژیانی شاد و بەختەوەریان بێ گرێ دەڕۆیی. ئێستایان خۆش بوو، بەهاریش بەڕێوەبوو. بەهار ڕۆژ بە ڕۆژ نزیک دەبۆوە. سەرەتاتکێی دەکرد و مژدەی هەزاران خۆشی و شادی دەدا. مزگێنی شادمانی بێ سنوری دەدانێ. سێ مانگەی بەهار لە شار وەدەردەکەون و بە گەڕان و سەیران، خوێندنەوە و لەگەڵ ئاوازی بولبولاندا دەیبەنەسەر. لە مانگی شەشەوە تاکو پایز سەیران و موتاڵای هونەری لە کەناری ڕوباری ڤۆڵگادا ئەنجام دەدرێ. ئۆلگا وەکو ئەندامی ئەنجومەنی هونەرمەندان لەم موتاڵا هونەریانەدا بەشداری دەکات. ئۆلگا دوو دەست جلی چیتی گران قیمەتی دایە درون، بۆیە و فڵچە و ئەلبوم وقەرەوێڵەیەکی سەفەری پەیدا کرد. ڕیابوسکی هەموو ڕۆژێ دەهات تا بزانێ کە کاری نیگارکێشی ئۆلگا گەییوەتە کوێ، کە ئۆلگا کارە هونەریەکانی خۆی نیشان دەدا، ڕیابوسکی دەستەکانی دەتەپاندنە گیرفانی، لێوی هەڵدەقورتاند و دەکەوتە پرتە و بۆڵە: "ئاوا!... ئەم هەورانە زەوقیان تێدا نییە و ئەم ڕووناکییە گونجاو نییە.

زەمینەکەی پچڕ پچڕە تێدەگەی... کەوێڵەکە گرمۆڵە بووە، دەبێ ئەو سوچەی تاریکتر بێ. بەڵام بە گشتی خراپ نیە. پەسەندی دەکەم." هەرچەند قسەکانی ڕیابوسکی ئاڵۆزتر و نامەفهومتر دەبوو، ئولگا باشتر تێیان دەگەیی.

"٣"

پاش فراڤینی ڕۆژی دووەمی هەفتەی سێیەم، دیومف کەمێ خواردەمەنی و شیرینی کڕی، سواری ڤیتار بوو کە بڕوا بۆ ڤیلاکەیان. دوو هەفتەی تەواوبوو کە ژنەکەی نەدیتبوو، زۆری بیر دەکرد. کە دابەزی بەپێیان وەنێو جەنگەڵە گەورەکە کەوت، بەدەم ڕێگاوە هەستی بە برسێتی و ماندوێتی کرد، دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە ئێوارێ لەگەڵ ژنەکەی نان دەخوا و تێر تێر دەخەوێ. کە دەیڕوانییە پریاسکە پڕەکەی و دەستی بە بەستە خاویار و پەنیر و ماسییە سپییەکاندا دێنا، خۆشی و شادی بەسەردا دەباری.

بەر لەوەی بگاتە ڤیلاکە خۆرئاوا ببوو، نۆکەرە پیرەکە گوتی کە خانم لە ماڵێ نییە، بەڵام زوو دەگەڕێتەوە، هەمان ڤێلای نارێک و پێک بوو، دیوارەکانی نزم، بە کاغەزی نووسین داپۆشرابوون، سێ ژووری تێدابوو. ژورێکیان سیسەمێکی تێدابوو. ژووری دووەم ئەلبوم و فڵچەی دان، فڵچە، کاغەزی پیس و جل و شەپقەی پیاوانەی تێدابوو کە بە نارێکی لێرە و لەوێ، لەنێو دەرگا و پەنجەرەکاندا تووڕ درابوون. دیموف سێ پیاوی بێگانەی لە ژووری سێیەمدا بینی، دوانیان ڕیشن و ڕەشتاڵە بوون و سێیەمیان کە دیاربوو ئەکتەرە، زەلامێکی کەتەی ڕدێن تاشراوبوو، کابرای ئەکتەر بە دەنگێکی گڕ پرسی: چیت گەرەکە؟

مۆڕەیەکی لە دیموف کرد و لەسەری ڕۆیی: "ئولگات گەرەکە هەنووکە دێتەوە.".

 دیمۆڤ بە دەم چاوەڕوانییەوە ڕۆنیشت. یەکێک لە پیاوە ڕەشتاڵەکان بەساردییەوە نۆڕییە دیمۆڤ وگوتی چای دەخۆی؟پەرداخەکەی خۆی پڕکرد.

دیموف حەزی دەکرد هەم شتێ بخوا و هەم شتێکیش بخواتەوە؛ بەڵام دەترسا ئیشتیهای بتۆرێ؛ بۆیە چایەکەی نەویست. پاش تۆزێ دەنگی هەنگاو و پێکەنینێکی ئاشنای هاتەگوێ. دەرگا کرایەوە، ئولگا بە شەپقەیەکی زلەوە وەژوور کەوت. زەمیلەیەکی بە دەستەوە بوو. ڕیابوسکی لە دوای ئەوەوە بە گۆنای ئاڵەوە، چەترێ بە

دەستێکییەوە و کورسییەکی سەفەری بە دەستەکەی دییەوە، بە شادی و پێکەنینەوە وەژوور کەوت.

ئۆلگا ئیڤانوڤنا، لە خۆشی و شادیا سوورهەڵگەڕا و هاواری کرد: "دیموف" هەردوو دەستی خستنە سەر شانی دیموف، سەری بە سینگییەوە ناو گوتی، "ئەمە تۆی، ئەدی بۆ زووتر نەهاتی؟ ئاخر بۆ؟ دیموف گوتی: "نەم پەرژا نازێ، دایمە سەرم قاڵە و کە لە ئیش دەبمەوە ئیدی فریای قیتار ناکەوم تا بێم." ئۆلگا گوتی: "زۆر زۆر بەخێرهاتی. مەگەر خوا بزانێ چەندم پێخۆشە! خەوم پێوە دەدی. دوێنێ شەو تا بەیانی هەر بیرم لای تۆ بووە. خۆزگە دەتزانی چەندم خۆش دەوێی و چەند لە کاتی خۆیدا هاتی! بەڕاستی تۆ ڕزگارکەری منی. سبەی زەماوەندێکی خۆشمان بەدەستەوەیە..." بە پێکەنینەوە بۆینباخەکەی بۆ شووەکەی ڕێک خستەوە و لەسەری ڕۆیی: "کوڕێکی تەلەگرافچی گەنج کە نێوی چیکالایفە و لە وێستگادا کار دەکا دەیەوێ ژن بێنێ، کوڕێکی چاکە، هەر لە خۆیەوە دەچێتە دڵەوە، کابرایەکی ئێسک سووک و خۆشەویستە... زۆری یارمەتی داوین و چەندین جار لە بەردەممانا دانیشتووە و بووە بە مۆدێل تا پۆرترێتی ڕووسیای کۆنی لەسەر بکێشن. هەمووماں خۆشمان دەوێ و قەولمان داوەتێ کە بچینە زەماوەندەکەی... کوڕێکی دەستکورت و بێکەس و کار و هەندێ شەرمنە، گوناحە ئەگەر نەچینە زەماوەندەکەی و لە قسەی خۆ ژێوان بینەوە... پاش تەواوبوونی مەراسیمی کڵێسا، شاییەکە دەست پێدەکات. هەموو دەچنە ماڵی بووکێ... تێدەگەی حەیاتم... لەوێندەر. لە لێرەواران... لەنێو ئاوازی پڕ خرۆشی باڵندان لە نێو سەوزەجاڕی هەتاو لە ئامێز گرتوو، بە خۆشمان چەشنی پەڵەی ڕەنگاوڕەنگی سەوز و جوان... شتێکی یەکجار جوان و تازەیە، کوت و مت بە شێوەی نیگارکێشانی ئیمپرسیونیستی فەرەنسایی، بەڵام دیموف گیان من چ لەبەر بکەم؟ جل و بەرگم لەگەڵ خۆدا نەهێناوە. هەر هیچم پی نییە؛ نە جلێ، نە گوڵێ، نە دەستکێشێ!... مەگەر هەر تۆ فریام بکەوی. هاتنی تۆ لەم کاتەدا نیشانەی بەختیاری منە. ئەمەش کلیلەکانە حەیاتم! هەر ئێستا سواری قیتار بەو خۆت بگەیەنە ماڵ و جلە سوورەکانم لەنێو کەنتۆرەکە دەربێنە و لەگەڵ خۆتا بیهێنە. دەزانی کامە دەڵێم؟ لە یەکەم خانەی کەنتۆرەکەیە، پاشان چەکمەجەی خانەی دواوە ڕاکێشە، دوو جانتای تێدایە، هەندێ ئۆیە و شرە و پڕە لەسەر جانتاکانە ئەوانە نا، لەژێر جانتاکاندا گوڵ هەیە، هەموو گوڵەکان لەگەڵ خۆت بێنە!... شتاقیانت بیر نەچێ!... چونکە نازانم کامیان بەکاردێنم... کە هێناتن لێرە لێیان هەڵدەبژێرم. جووتێ دەستکێشیشم بۆ بکڕە".

دیموف گوتی: "زۆر چاکە سبەی دەچم دەیانهێنم".

ئولگا گوتی: "سبەی چی؟" ورد ورد دیموفی بە نیگا دابێژت و لەسەری ڕۆیی: "سبەی فریا ناکەوی. چونکە یەکەم قیتار سەعات نۆ دەردەچێت و شاییەکە سەعات یازدە دەست پێدەکات، ئەو شەو برۆ حەیاتم! ئەگەر زانیت سبەی ناتوانی بگەڕێیتەوە ئەوا بە یەکێکا بینێرە. دەی خێراکە، نەوەک فریای قیتارەکە نەکەوی حەیاتم."

- بە چاوان.

- چەندم پێ ناخۆشە کە دەت نێرمەوە. بڵێ بۆ وەکو شێت قەولم بە تەلەگرافچییەکە دا کە بچمە داوەتەکەی؟ و فرمێسک لە چاوانی قەتیس ما.

دیموف بەپەلە چایەکی هەڵقوڕاند. بە ڕووخۆشی و ڕەزامەندییەوە بەرەو وێستگاکە گەڕایەوە. ئەو خواردن و پەنیر و ماسییانە"ی هێنابوونی بوون بە قسمەتی کابرای ئەکتەر و دوو زەلامە ڕەشتاڵەکەی کە وەکو ژەمبردە بەپەلە خواردیان.

"٤"

شەوێکی هەیڤەشەوی کپ و خۆشی مانگی شەش بوو. ئولگا لەسەر کەشتییەکەی نێو ڕوباری ڤۆلگا وێستابوو. جارێ دەیڕوانییە ڕوبارەکە و جارێ سەیری کەنارە دڵگیر و جوانەکانی ڤۆلگای دەکرد.

ڕیابوسکی لە تەنیشتی وێستابوو و دڵنیای دەکرد کە: "ئەم سێبەرانە سێبەری تاری ئاوەکە نین. بەڵکو خەو و خەیاڵن. ئەم ڕوبارە ئەفسوناوییە بریقەدارە، ئەم ئاسمانە بێ پایانە، ئەم کەنارە چاو بە گریانە. هەموو دەڵێی لەتاو بێهودەیی ژیان دەناڵێنن. هەموو دەربارەی بوونەوەرێکی باڵاتر و بەهێزتر، دەربارەی شتێکی سەرمەدی نەمر دەدوێن و بەرەو مەرگ گازمان دەکەن. ڕابووردوو چ نییە، ئایندەش بێ مەعنایە.

ئەم شەوە پڕ ڕازە، ئەم تەنیا شەوەی تەمەنیش بە زوویی تێدەپەڕێ و ئالکاوی ئەبەدییەت دەبێ، کەواتە بۆچی بژین؟"

ئولگا گوێی ڕادەدێرا. هەوەڵجار گوێی بۆ ڕیابوسکی گرت و پاشان بۆ کڕ و کپی شەو. وای هاتە بەرچاو کە هەرگیز نامرێ، ڕەنگی وەنەوشەیی ڤۆڵگا، ئەو ڕەنگەی کە لە ژیانیا نەی دیبوو، ئاسمان، کەنارەکان، سێبەرە تاریکەکان و ئەو خۆشییە سەیرەی کە

دڵی پڕ کردبوو، هەر هەموو ئەمانە بە گوێیاندا دەچرپاند کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بە کەڵەنیگارکێش و شانازی و شۆرەت و خۆشەویستی ژیان لە هەموو شوێنێ چاوەڕوانین؛ لە شوێنانی دوور، لە پشت شەوانی هەیڤە شەو، لە هەموو دنیا چاوەڕوانیین وەختێ بە تاسەوە چاوی خەیاڵی بڕییە ئایندەی دوور، ئاپورای خەڵک، ڕوناکی و تیشکی گڵۆپان، مۆسیقای غەمگین و هاواری شادی و لەزەتی هێنایە بەر چاوی خۆی، خۆی لە جلێکی سپیدا بینی کە هەرچوار دەوری هەر گوڵە و گوڵ. خەڵکی بێ ئختیار بەرەو پیری دێن. قەناعەتی تەواوی لا پەیدا بوو کە هەنووکەش پیاوێکی بەڕاستی گەورە، بلیمەت، هەڵبژاردەی خوای لەلاوە وێستاوە. پیاوێک کە حاڵی حازر، خاوەنی گەلێ کاری جوان و نائاساییە و ئەگەر عەمر باقی بێ و تەمەن مەودا باو درەختی بەهرەی شکۆفە بکا و گوڵ بگرێ ئەوا شۆرەتی دنیا دەگرێ. ئەمە لەنێو چەوانی نووسراوە و بە ڕاشکاوی لە سیمایدا دیارە، ئەو باسی سێبەر، ڕەنگی شەو، هەیڤە شەو دەکا و نازانی کە بەهرەی وی، وەستایی و دەسەڵاتی ڕازئامێزی ئەو سنووری سروشتی بەزاندووە. ئەو بابایەکی قۆزە، ژیانی وەکو ژیانی باڵندەیەکی ئازادی بێ پەروا وایە و لە وردە شتەکانی ژیان بێگانە و نامۆیە، ئولگا بەدەم موچڕکەیەکەوە گوتی: "خەریکە ساردی دەکا."

ڕیابوسکی، پاڵتۆکەی بۆ کردەوە، ڕایکێشایە ژێر پاڵتۆکەی و بە سۆزێکی گریان ئامێزەوە گوتی:

– خۆم لە تۆدا دەبینم، بەندەی تۆم، بۆچی ئەو شۆ هێندە جوان و دڵرفین بووی؟

نیگایەکی سەیری کرد، چاوانی هەندە بە سام بوون کە ئولگا نەیوێرا سەیری بکا. گەرمی هەناسەی ختوکەی گۆنای ئولگای دەدا، بەگوێیدا چرپاند: "خۆشم دەوێی، بۆت شێت بووم. تەنیا قسەیەک بکە، تاقە قسەیەک و چیدیم ناوێ، ژیانم ناوێ… تەنانەت هونەرەکەشم ناوێ".

بەو پەڕی غەمگینییەوە هاواری کرد: "خۆشت بوێم، خۆشت بوێم".

ئولگا گوتی: "واز لەم قسانە بێنە، ئەم قسانە خەتەرن، ئەدی دیموف؟" ئەوجا چاوەکانی نوقاندن.

– دیموف دەکاتە کێ؟ من هەقم چییە بەسەر ئەوەوە؟ ئۆلگا، جوانی، ئەشقی خۆم، ئەو حاڵەی لێم هاتووە... ئەمانە شتن... دیموف هەر نەبووە و نابێ... ئاخ، من ئەمە نازانم، ڕابووردووم ناوێ، تەنیا یەک ساتم پێ ببەخشە... یەک دەقیقە.

دڵی ئولگا بە توندی کەوتە لێدان، هەوڵی دا بیر لە شووەکەی بکاتەوە. بەڵام هەموو ڕابووردووی خۆی، شوکردنەکەی، دیموف، تەنانەت میوانداری و شەوکۆڕییش بێ بایەخ، قێزەوەر، بێ فایدە و بێ مەعنا هاتبە بەر چاوی. لەڕاستیشا... دیموف دەیکردە کێ؟

ئەو چ پێوەندییەکی بە دیموفەوە هەبوو؟ ئایا بەڕاستی دیموف هەبوو یا تەنیا خەون و خەیاڵ بوو؟

چاوی نوقاندن و لە فکران ڕاچوو: "ئەم پیاوە ئاساییە بەشی خۆی و بگرە زیاتریش ڕای بواردووە." و: "نەفرەتم دەکەن، لۆمەم دەکەن با بیکەن، من هەموو لەزەتێک دەچێژم و بلا پاشان بمرم، تۆزم نەمێنێ. ئا دەیچێژم و ئەوجا دەمرم... ئێمە دەبێ هەموو لایەنێکی ژیان بجرپێنین. خوایە چەند بە ئازار و لە عەینی کاتدا بەلەزەتە!"

ڕیابوسکی باسکی لە قەدی ئاڵاند، وەکو تامەزرۆ کەوتە ماچکردنی دەستی ئولگا. ویستی دەستی لابەرێ.

ڕیابوسکی گوتی: "باشە تەگبیر؟ چ بکەم؟ خۆشت دەوێم؟ بەڵێ؟ چ شەوێک، چ شەوێکی خواییە!" ئولگا کەوتە ورتەورت: "شەو ئەمما شەو!" ڕوانییە چاوانی فرمێسک تێزاوی ڕیابوسکی، ئەوجا بەهەر چوار دەورا هەڵی ڕوانی، باسکی لە ملی وەرینا تا خوا هێزی دابوێ لێوی مژی، دەنگێک لەوسەری کەشتییەکەوە گوتی: گەییوینەتە نزیکی کنیشما.

دەنگی هەنگاوی سست و خاو لە پشتیانەوە دەهات، فەڕاشێک لە بارەکەوە وەدەرکەوت، ئولگا لە کەیفان هەم پێدەکەنی و هەم دەگریا. پڕ بە زاری هاواری کرد: "ئەهای... شەرابمان بۆ بێنە".

ڕیابوسکی، شڵەژاو و ڕەنگ پەڕیو لەسەر کەرەویتەیەک ڕۆنیشت و مەمنون و منەتبار کەوتە ڕوانینی ئولگا. بەڵام پاش کەمێک، چاوی نوقاند، بزەیەک لەسەر لێوی تاسا و گوتی: "ماندووم" و سەری نا بە قەراخی کەشتییەکەوە.

"٥"

ڕۆژی دووەمی مانگی نۆ بوو. دنیا گەرم و بای نەدەهات. هەر لە بەیانی زووەوە تەنکە تەمێک سەری ڕوباری ڤۆلگای گرتبوو. سەعات نۆی بەیانی باران دایکرت، پێ نەدەچوو وا زوو خۆش بکاتەوە.

ڕیابوسکی بەدەم قاوەڵتییەوە بە ئولگای گوت کە نیگارکێشی قۆڕترین هونەرە، هەروەها گوتی من نیگارکێش نیم و خەڵکانێکی گێل و گەوج وا دەزانن هونەرمەندم و بەهرەیەکم هەیە. ئەوجا دەستی دایە کێردێک و باشترین سکێچی خۆی دادڕی. پاش تاشت خواردن عەینی کوند مۆنی کرد و لەبەر پەنجەرەکە هەڵکوڕما و چاوی بڕییە ڕوبارەکە، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ڤۆلگا چ نییە، بێ تام و ئاڵۆز و سارد و سڕە. هەموو شوێنێکی ئەو ناوە دەتگوت باسی گرژ و مۆنی پایز و نزیک بوونەوەی دەکا. وا دەهاتە بەرچاوی کە مافوری دڵگیری کەنارەکان، بریسک و هۆڕی ئەڵماس ئاسای ئاو، ئاسمانی ساماڵ و شین و بێگەرد، هەموو شکۆ و جوانی سروشتی لە ڤۆلگا ساندۆتەوە و لە قاسەیەکی ناوە بۆ بەهار. ئەو قەل و داڵانەی کە بەسەر ڕوبارەکەدا دەفڕین دەتگوت گەمەی پێدەکەن.

ڕیابوسکی گوێی بۆ دەنگی قەلەکان ڕادێرا، ماندوو و وەڕەز و بێ تاقەت سەری داخست و لە فکران ڕاچوو. هەموو کارێکی ئەم دنیایەی بە گەوجانە زانی، گلەیی لە خۆی کرد کە نەدەبوو خۆی بەم ژنەوە هەڵواسێ و ببێ بە سەربار. بە کورتی ڕیابوسکی غەمگین و بێ کەیف بوو.

ئولگا لەسەر قەرەوێڵەیەک کە لە پشت پەردەیەکەوە بوو، ڕۆنیشتبوو، دەستی بە قژە جوانەکەیدا دێنا. ماڵەکەی خۆی دێناوە بەرچاو: ژووری میوان، ژووری نوستن و پاشان نووسینگەی مێردەکەی. خەیاڵ وردە وردە هەڵیگرت و بردی بۆ شانۆگەری، خەیاتخانە و لای دۆستەکانی. ئاخۆ نووکە دیموف لە چ حاڵێکدایە؟ بیری ئولگا دەکا؟ بیری ئولگا دەکا؟ دیموفی ئازیز بە چ سۆز و پاڕانەوەیەکی منداڵانەوە لە نامەکانیا لەم دەپاڕایەوە کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ؟ مانگانە هەفتاوپێنج ڕۆبڵی بۆ ئولگا دەنارد.

کە ئولگا بۆی نووسی سەد ڕۆبڵی لە نیگارکێشەکان قەرز کردووە یەکسەر سەد ڕۆبڵەکەشی بۆ نارد. چ پیاوێکی باشە، چەند دڵاوا و بەخشندەیە! ئولگا تەواو لە گەشت و گوزاری هونەری بێزار ببوو، خودا خودای بوو زووتر لە دەستی دێهاتیان، لە دەستی ڕوبار، لە دەستی ئەم سەرگەردانییە هەڵێ و ڕزگاری بێ. ئەگەر ڕیابوسکی قەولی بە

ئەندامانی ئەنجومەنی هونەری نەدابا کە تا بیستەمی مانگی نۆ دەمێننەوە هەنووکە هەموو دەڕۆیشتنەوە. خۆززی قەولی نەدابا و هەنووکە ڕۆیشتبانەوە!

ڕیابوسکی بێزار و بێتاقەت گوتی: "خوایە چ بکەم، تۆ بڵێی هەتاو دەرنەکەوێ، بەبێ هەتاو چ دیمەنێکم بۆ ناکێشرێ!" ئولگا لە پشت پەردەکەوە وەدەرکەوت و گوتی: "بیرتە ئەها دیمەنێکت کێشابوو کە هەوری بە سەرەوە بوو، ئەوەی لای ڕاستی درەخت و لای چەپی مەڕومالآت بوو؟ ئەو دیمەنە تەواو بکە".

ڕیابوسکی ڕووی گرژ کرد: "چی؟ تەواوی بکەم، پێت وایە هێندە گەوجم کە نەزانم چی بکەم!" ئولگا گوتی: "ئەوەندە دەزانم بەرانبەر بە من گۆڕاوی" و ئاهێکی هەڵکێشا.

– بەڵێ. ئەم قسەیە دروستە.

ئولگا کەوتە لەرزین، چوو بەلای سۆپاکەوە و دەستی بە گریان کرد.

– هەر لە گریانمان کەم بوو! بەسە بیبڕەوە! گریان بۆ من باشە کەچی ناشگریم.

ئولگا هاواری کرد: "بۆ تۆ باشە ها! دەزانم هۆیەکەی ئەوەیە کە لە من وەڕەز بووی" و بەدەم گریانەوە لەسەری ڕۆیی: "با ڕێک و ڕاست لە قولی مستتی نێم کە تۆ شەرمەزاری ئەوەی کە ئاشقی من بووی، دەتەوێ ئەم ئەشقە وەشێری و کەس پێی نەزانێ، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە و لەمێژە هەموو دەیزانن."

ڕیابوسکی کەوتە پاڕانەوە: "ئولگا تکات لێدەکەم، من تاقە یەک شتم لە تۆ گەرەکە" و هەردوو گوێی گرت و بەردەوام بوو: "تەنیا یەک شتم لە تۆ دەوێ، شەرمەزارم مەکە، لە دینم دەرمەکە، لەمەی پتر چ شتێکی دیم لە تۆ ناوێ".

– دە باشە سوێندم بۆ بخۆ کە هێشتا خۆشت دەوێم.

ڕیابوسکی دانەکانی ڕیچ کردنەوە: "ئا ئەمە پیاو دەکوژێ" و لەجێی خۆی ڕاپەڕی: "وام لێدەکا بڕۆم خۆم بخەمە ڕوبارەکەوە یان شێت ببم و بدەمە کێوان، وازم لێ بێنە!"

ئولگا هاواری کرد: "کەواتە وەرە بمکوژە، بمکوژە، بمکوژە". چووە پشت پەردەکەوە، خۆی دا بەسەر قەرەوێڵەکەدا و دەستی بە گریان کردەوە.

له سەربانی کوختەکەوە دەنگی باران دەهات. ڕیابوسکی سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی و بەنێو کوختەکەدا دەهات و دەچوو. پاشان وەکو یەکێک لێبڕابێ شتێک بسەلمێنێ، شەپقەکەی کردە سەری، تفەنگەکەی هەڵگرت و لە کوختەکە وەدەرکەوت.

کە ڕیابوسکی ڕۆیی، ئۆلگا لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت و تا توانی گریا، بیری لەوە کردەوە هەندێ ژەهر بخوا تا ڕیابوسکی بەسەر جەنازەی سارد و سڕیا بێتەوە. بەڵام زوو بە زوو خەیاڵ فریای کەوت: ژووری میوان و نووسینگەی مێردەکەی هێنانەوە بەرچاو. هەستی کرد هێمن و ئارام لە پاڵ دیموف دانیشتووە، ئیسراحەت و پاکوخاوێن لە هیچی کەم نییە. ئەو شەوانەی بیرکەوتەوە کە گوێی لە مۆسیقا دەگرت. ئارەزووی ژیار و شارستان و خەڵکانی نێوداری شار باڵی بە سەریا کێشا. ژنە دێهاتییەک وەژوور کەوت و بەوپەڕی بێ تاقەتییەوە سۆپاکەی بۆ فراڤین لێنان ئامادەکرد. دووکەڵ و تەنی ژوورەکەی تەنی بوو، پاشان چەند نیگارکێشێک بە پێڵاوی قوڕاوییەوە وەژوور کەوتن. باران سەروگوێلاکی تەڕ کردبوون، ڕوانینە تابلۆ و وێنەکان و دڵخۆشی خۆیان بەم قسەیە دایەوە کە ڕوباری ڤۆلگا لە ڕۆژانی بارانیشا جوانیی تایبەتی خۆی هەیە. سەعاتە چاڵمە هەرزان بایيەکە هەر چرکەچرکی بوو. پێشکەی سەرما بردەڵە لە دەوور و بەری سۆپاکە خڕ ببوونەوە و ویزەویزیان بوو. سیسرکان بە بن تەختەکاندا فڕکان فڕکانیان بوو.

ڕیابوسکی ئێوارێ گەڕایەوە. کڵاوەکەی تووڕ دایە سەر مێزەکە، ڕەنگ وڕوو سیسەڵە، شەکەت و قوڕاوی خۆی دا بەسەر کەروێتەیەکدا و چاوی نوقاند. چارەی بە یەکا دا و گوتی: "ماندووم". ویستی چاوی هەڵێنێ. ئۆلگا ئاشت ببۆوە و چی لە دڵا نەمابوو، بۆ وەی ئەمە بسەلمێنێ و خۆشەویستی خۆی بۆ بنوێنێ، هاتە بەرەوە و بە ئەسپایی ماچی کرد و کەوتە دەست هێنان بە قژە زەرد و لوولەکەیدا.

ڕیابوسکی وەکو یەکێک شتێکی ساردی بەرکەوتبێ، ڕاچڵەکی، چاوی هەڵێنا و گوتی: "چ دەکەی؟ وازم لێ بێنە، توبی خوا دەست بەردارم بە".

بە هەر دووک دەستان ئۆلگای دایە دواوە، سیمای تووڕە و دڵی تۆرا بوو. ژنە دێهاتییەکە قاپێ شۆربای هێنا و لەبەردەمیا دانا. قامکە پیسەکانی لە شۆرباکە ڕۆچوو بوو، ڕیابوسکی بە تاسوقەوە کەوتە خواردنی. ئۆلگا دڵی لە هەموو شتێک تێکهەڵدەهات، لە ژنە ورگ زلەکە، لە قامکە پیسەکانی، لە کوختەکە کە هەوەڵجار زۆری بە لاوە دڵگیر و شاعیرانە بوو. بە ساردیەوە گوتی:

– ئێمە دەبێ بۆ ماوەیەک لێکدی دوور بکەوینەوە. دەنا هەر ئەمە حاڵمان دەبێ و لە خۆڕایی شەڕ بە یەکدی دەفرۆشین و هۆیەکەی ماندوویەتییە. من تەواو بێتاقەت بووم و ئەورۆ دەڕۆم...

– دەڕۆی؟ بە کەشتی دەڕۆی؟

– ئەورۆ پێنج شەمەیە و سەعات نۆ و نیو کەشتییەک دێ.

– "جا لەوە باشتر دەبێ، جێی خۆیەتی، زۆر چاکە بڕۆ". ڕیابوسکی بە نەرمی ئەمەی گوت و داوای خاولییەکی کرد بۆ سفرە سڕین و گوتی: "ئێرە بە کەڵکی تۆ نایەت، چ کارێک نییە بیکەی. کوڕم دەوێ بتوانێ دڵی تۆ ڕابگرێ، دوای بیستی مانگی نۆ یەکدی دەبینین.

ئولگا بە خۆشییەوە جلەکانی خستە جانتاکەیەوە، گۆناکانی لە شادیا سوور هەڵگەڕان، لە دڵی خۆیا دەیگوت: "تۆ بڵێی ئەو ساتە بێ؟ تۆ بڵێی بەم زووانە بگەمەوە ژووری میوان، بێخەم لێی دانیشم و نیگارکێشی بکەم، لەسەر سیسەمێکی ڕێک و پێک و ماقوڵ بخەوم و دانیشمە سەر سفرەی پاکوخاوێن و تێروپڕ بخۆم؟" کەمێک دڵی فێنک بۆوە، ڕقەکەی نیشتەوە، ڕووی کردە ڕیابوسکی و گوتی:

"ڕیابوشا، بۆیە و فڵچەکان بۆ تۆ بەجێ دێڵم، ئاگادار بە تەمبەڵی نەتگرێ، هەموویان لەگەڵ خۆت بێنەوە. کە من ڕۆیشتم خەم دات نەگرێ و دەستە و ئەژنۆ دانیشی، ئیش بکە، باشە ڕۆحەکەم!"

ڕیابوسکی، سەعات دە خواحافیزی لێکرد و لەبەر دەرگای کوختەکەدا ماچی کرد، ئولگا بە خۆی دەیزانی بۆیە لەوێندەر ماچی کرد، چونکە نەیدەویست لە کانارەکەدا و لەبەر چاوی خەڵکی ماچی بکا.

کەشتییەکە گەییە جێ، ئولگا سوار بوو و کەوتە ڕێ. پاش دوو ڕۆژ و تاقێک گەییەوە ماڵێ بە هەمان کڵاو و شانێلی بارانییەوە خۆی بە ژووری میواندا کرد، ئەوجا خۆی گەیاندە ژووری نان خواردن.

لە خۆشیان هانکەهانکی پێکەوتبوو. دیموف بە تۆی کراسێک و ئێلەکێکی دوگمە دانەخراوەوە لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و کێردێکی تیژ دەکرد. کەڵەشێرێکی سوورەوەکراوی لەبەر دەما بوو. ئولگا بڕیاری دابوو هەقیقەت لە مێردەکەی بشارێتەوە

و پێی وابوو دەرەقەتی ئەم کارە دێ و هۆش و توانای شاردنەوەی هەیە. بەڵام هەرکە بزەی شیرین و چاوانی پرشنگدار و پڕ شادمانی دیموفی بینی هەستیکرد کە هەڵخەڵەتاندنی ئەم بابەتە پیاوە ئەستەمە، ئەوپەڕی نزمییە و ئەم کارە هاوتای مرۆڤ کوژی، دزی و تاوانە، لەپڕ لێبڕا سەر لەبەری حەقیقەتەکە بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە. وەختێ مێردەکەی لە هەمێزی گرت و ماچی کرد، ئولگا بە چۆکا هات، دەموچاوی لەنێو هەردوو لەپی دەستیا شاردەوە.

دیموف بە نەرمی گوتی: "نازێ ئەوە چیتە؟ ماندوو بووی؟!"

ئولگا دەموچاوی لە شەرما سوور هەڵگەڕاوی هەڵبڕی و وەکو تاوانباران چاوی پڕ پاڕانەوەی بڕییە دوڕ چاوی مێردەکەی، بەڵام ترس و شەرم ڕێیان نەدا حەقیقەتەکە بگێڕێتەوە. گوتی: "هیچم نییە، تەنیا..." دیموف قۆڵی گرت، لەسەر کورسییەکی کەنار مێزەکە داینیشان و گوتی: "لێرە دانیشە، ئۆخەی کە پێک گەییینەوە! نانەکەت بخۆ، دیارە ڕوحەکەم برسێتی".

ئولگا بە تاسەیەکی تایبەتیەوە هەوای ماڵەکەی خۆی هەڵمژی و دەستی بە نان خواردن کرد. دیموف بە حەزێکی هەڵچووەوە سەیری دەکرد و بەوپەڕی شادیەوە بۆی دەگرژایەوە.

"٦"

دیموف لە ناوەندی زستاندا بۆ یەکەمجار دڵی لە ژنەکەی پیس کرد. ڕەفتاری گۆڕا، پێدەچوو بە ئازار و سوێی ویژدانەوە بتلێتەوە. وەکو جاران ڕاستەوخۆ نەیدەڕوانییە چارەی ژنەکەی. کە ژنەکەی دەهاتەوە وەکو جاران بە بزەی گەرم و ناسک پێشوازی نەدەکرد. بۆ وەی هەر خۆی و ژنەکەی دوو بەدوو نەکەونە ماڵەوە بە زۆری "کوستلوف"ی هاوکاری بۆ نیوە ڕۆژە لەگەڵ خۆدا دەهێنایەوە. کوستلوف پیاوێکی قژ کورت و دەموچاو تێک قوپاو بوو. لە حوزوری ئولگادا هەستی بە گێژی و بیربڵاوی دەکرد.

ئەم هەستەش بەوەدا دەردەکەوت کە ئولگای دەبینی لایەکی سمێڵی بەدەمدا دەبرد و دەکەوتە جوینی. لێکدا لێکدا دوگمەی چاکەتەکەی دەکردەوە و دای دەخست.

هەردوو دکتۆر بەدەم نیوە ڕۆژەوە قسانیان دەکرد. دەیانگوت ئەگەر حیجابی حاجز بە شێوەیەکی نائاسایی بەرزبێتەوە ئەوا دڵ هەندێجار بێ قاعیدە لێدەدا: دەیانگوت لەم ڕۆژانەدا نەخۆشی ئەعساب زۆر بووە، هەروەها باسی دوا ئیکتشافی دیموفیان دەکرد کە لەکاتی عەمەلیاتێکا پەی پێ بردووە، ئەم عەمەلیاتە، عەمەلیاتی شێرپەنجەی گەدەببوو کە پزیشکانی دی بە هەڵە بە نەخۆشی "کەم خوێنی کوشندە" دەست نیشانیان کردبوو. دیاربوو ئەم جووتە دکتۆرە بۆیە سەبارەت بە پزیشکگەری قسانیان دەکرد تا ئۆلگا بێدەنگ بێ و فشە نەکا. پاش فراڤین "کورستلوف" دەچوو بەلای پیانۆکەوە و دیموف ئاخێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت: "ئاخ، برای ئازیز شتێکی غەمگینم بۆ لێ بدە". کورستلوف شانەکانی هەڵدەتەکاند، دەستەکانی بڵاو دەکردنەوە و چەند ئاهەنگێکی لێدەدا و بە دەنگی نزم گۆرانی دەچڕی "تەنیا شوێنێکمان نیشان بدە کە جوتیاری ڕووسی تیا شاد بێ و بۆ بەختی خۆی نەناڵێنی" و دیموف ئاهێکی دی هەڵدەکێشا، سەری دەخستە نێو هەردوک دەستی و لە فکران ڕادەچوو. ئۆلگا دەمێ بوو دەستی لە خۆی بەردابوو. هەموو بەیانییەک بە پەستی و بێزارییەوە لە خەو ڕادەبوو، هێندەی بیر لەوە دەکردەوە کە ڕیابوسکی چیدی خۆشی ناوێ و گۆڕاوە تا بە هیلاک دەچوو. پاشان هەر خۆی دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە باشتر؛ خۆشی بوێ یا نەوێ وەکو یەکە و هەموو شتێک بە نیسبەت ئەمەوە تەواو بوو… بەڵام هەرکە قاوەکەی دەخواردەوە دیسان لە فکران ڕادەچوو، قەناعەتی بە خۆ دەکرد کە ڕیابوسکی ئەمی لە مێردەکەی کردووە و ئێستا لە هەردوو دینان بووەو هی کەسیان نییە. ئەوجا قسەی یەکێک لە دۆستەکانی بیردەکەوتەوە کە گوایە ڕیابوسکی سەرقاڵە و خەریکە تابلۆیەکی جوان بۆ پێشانگایەک ئامادە دەکا. ئەم تابلۆیە تێکەڵەیەکە لە دیمەن و مرۆڤ و حەیوان. لەسەر شێوازی "پلیونوف" دروست کراوە و بینەر شەیدا دەکا. کە دەگەییە ئێرە کەیفی بەوە دەهات کە ڕیابوسکی ئیلهامی ئەم تابلۆیەی لەوەوە وەرگرتووە و کاریگەری ئەو نەبوایە ئەم تابلۆیەی بۆ ئەنجام نەدەدرا. ئەی ئافەرین بۆ کاریگەری ئەو. کەواتە ڕیابوسکی بە شێوەیەکی گشتی باشتر بووە و ئەگەر ئەو، ئەم کاریگەرییەی نەبوایە ئەوا ڕیابوسکی بە تەواوی بە حیسابی ڕۆیی بوو. ئەوەی بیرکەوتەوە کە ئاخر جار ڕیابوسکی هاتبووە دیدەنی، چاکەتێکی جوانی لەبەرکردبوو، بۆینباخی تازەی بەستبوو، لە ئۆلگای پرسی بوو: "ئەرێ قۆزم؟" بەڕاستیش ڕیابوسکی بە جلی پۆشتە و پەرداخ، بە چاوی شین و بە قژی لوول درێژەوە قۆز بوو، یا ڕەنگە هەر لەبەر چاوی ئەو قۆز بووبێ، ئەو ڕۆژە بە گەرمی و ڕووخۆشییەوە چاکوچۆنی لەگەڵ ئۆلگا کردبوو. ئۆلگا

دوای ئەم هەموو لێکدانەوە و حیسابکردنە، جلی لەبەر دەکرد و بە کوڵ و کەسەرێکی زۆرەوە دەچوو بۆ ڕەسمخانەکەی ڕیابوسکی.

ڕیابوسکی بە کەیف بوو. دڵی بە تابلۆکەی خۆش بوو. هیوای گەورەی لە دڵ بوو. وەکو گێلە پیاوان ڕەفتاری دەکرد و بە سوعبەت و شۆخییەوە وەڵامی پرسیارە جدییەکانی ئولگای دەدایەوە. ئولگا بەغیلی پێ دەبرد. چاوی بەرایی نەدەدا تەماشای تابلۆکە بکا. بۆوەی گلە و گازاندەی نەیەتە سەر پێنج دەقیقەیەک بە دیار تابلۆکەوە وێستا و هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە بن لێوانەوە گوتی: "تۆ جاران بەمجۆرە کارت نەدەکرد. هەر ئەمەش بنیادەم دڵتەنگ دەکا".

ئەو ساڵە ڕیابوسکی دەپاڕایەوە کە خۆشی بوێ. کە وازی لێ نەیەنێ کە بەزەیی بەو گووراوە بەدبەختەدا بێتەوە! دەستی ماچ دەکرد، بەسەریا دەگریا، ناچاری دەکرد سوێندی بۆ بخوا کە هێشتا خۆشی دەوێ.

شانازی بەوەوە دەکرد کە ئەگەر وی نەبوایە ڕیابوسکی لە ڕێ دەردەچوو و بەتەواوی تیا دەچوو. بەو جۆرە هەم لە زەوقی ڕیابوسکی دەدا و هەم خۆی سووک وسەلیم دەکرد. ئەوجا لەوێندەرەوە دەچووە کن خەیات یا دەچووە نک یەکێک لە دۆستە ئەکتەرەکانی تا بلیتی شانۆگەرییەک پەیدا بکا.

جارێک ڕیابوسکی لە ماڵ نەبوو، کاغەزێکی بۆ نووسیبوو سوێندی خواردبوو کە ئەگەر خێرا نەیگاتێ، زەهر دەخوا. ئەویش بە ترسەوە هات و نیوەڕۆش لە ماڵی ئولگا مایەوە. بێئەوەی چ حیسابێک بۆ مێردەکەی بکا بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە قسەی لەگەڵ کرد. ئولگایش بە هەمان ڕاشکاوی وەڵامی دایەوە. نە بێ یەکدی هەڵیان دەکرد و نە بێ شەڕیش دادەنیشتن. بەوپەڕی بێ شەرمییەوە قسانیان دەکرد.

تەنانەت کورستلوفی فەقیرۆکەش هەستی بەم ڕووهەڵماڵڕاوی و بێ شەرمییەیان دەکرد. ڕیابوسکی پاش نیوە ڕۆژە و بەپەلە خواحافیزی کرد و ڕۆیی.

ئولگا لێی پرسی: "کێوە دەچی؟" لە ڕاڕەوەکەدا وێستا و بە نەفرەتەوە سەراپای بە نیگا دابێژت.

ڕیابوسکی. چارەی دا بەیەکا و نێوی ژنێکی ئاشنای برد، دیاربوو دەیویست ئولگا ئازار بدا و لەزەتی لەم ئازاردانە دەبینی. ئولگا چووە ژووری نووستنەکەی خۆی، خۆیدا

بەسەر سیسەمەکەیدا. لە ڕقا، لە شەرمەزاریا، لە بەغیلی و خۆ بە سووک زانیا قەپی بە پشتییەکەدا دەکرد، بە دەنگی بەرز کەوتە گریان، دیموف کورستلوفی بەجێ هێشت و چوو بەلای ئولگاوە، گێژ و وێژ و خەمبار، بە ئەسپایی گوتی:

- نازێ دەنگ هەڵ مەبڕە، گریان بە چی دەچێ؟ ئێمە نابێ دەنگمان دەرچێ… نابێ خەڵکی بەم ڕیسواییەمان بزانن، بە خۆت دەزانی ئەوی چوو دەچێ و ناگەڕێتەوە.

ئولگا هەرچی دەکرد نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و ئەو بەغیلییە بشارێتەوە کە لە ناخیا گینگڵی دەدا. لە فکران ڕاچوو، وای بۆ دەچوو کە ئەوەی چووە دەگەڕێتەوە. هەستا، دەموچاوی شت. سوراو و سپیاوی کرد. بەپەلە بەرەولای یەکێک لە دەستە خوشکەکانی وەڕێ کەوت. کە ڕیابوسکی لەلای ئەو نەبینی، بەهەڵەداوان چوو بۆ لای یەکێکی دی. کە لەوێس نەبوو، چوو بۆ لای سێیەم.

لە سەرەتادا شەرمی لەم دیدەنییە کوتوپڕانەی خۆی دەکرد. بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە شەرمی شکا، تاقێکی بە دیدەنی دەستە خوشکانی بردە سەر و ئاکامیش ڕیابوسکی نەبینی و هەموو دەستە خوشکەکانیشی هەستیان بەوە کرد کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە.

لای ڕیابوسکی گازاندەی لە مێردەکەی دەکرد و دەیگوت:

- ئەم پیاوە بە سەبر وچاوپۆشی دەمکوژێ. هیچ نامکوژێ بێدەنگی و چاوپۆشی ئەم پیاوە نەبێ.

ئەم قسانەی هێند بە ئاو وتاو دەگوت، هێندە بە زاری خۆش بوون تەنانەت لای نیگارکێشەکانی دیکەش دەیگوت و دەیوتەوە: "هیچ نامکوژێ سەبر و چاوپۆشی ئەم پیاوە نەبێ." بەگشتی چ گۆڕانێک بەسەر ئەتوار و ڕەفتاریدا نەهاتبوو. شەو کۆڕی چوارشەمموان وەکو جاران گەرم بوو.

ئەکتەر تەمسیلی دەکرد. نیگارکێش سکێچی خۆی دەکرد. چەلۆژەن، ئامێری خۆی دەژەند. دەنگبێژ گۆرانی دەچڕی. وەکو جاری جاران سەعات یازدە و نیوی شەو دەرکەی ژووری نان خواردن دەکرایەوە، دیموف لەبەر دەرکەوە و بزە لەسەر لێو دەیگوت: "برادەران فەرموون شیو حازرە".

ئولگا وەکو جاران هەڵوەدای پیاوانی نێوداربوو. جونێکی بەردەدا و جونێکی تازەی دەگرت. وەکو جاران درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵ. بەڵام دیموف وەکو جاران نەدەنووست. لە نووسینگەکەی خۆیدا ڕۆدەنیشت و کاری دەکرد. سەعات سێ دەچووە نێو جێگەوە و سەعات هەشت لە خەو ڕادەبوو.

جارێک ئولگا لەبەردەم ئاوێنەکە وێستابوو، خۆی دەگۆڕی تا بچێ بۆ شانۆگەرییەک. دیموف بە جلی ڕەسمی و بۆینباغی سپییەوە خۆی بە ژووری نووستنا کرد. سێبەری بزەیەکی بێگەرد و شیرین کەوتە سەر لێوی، بە تاسەیەکی تایبەتییەوە ڕوانییە ژنەکەی. دەموچاوی پێدەکەنی. دانیشت؛ بەدەم شێلانی لاقییەوە گوتی: "ئا ئێستا لە موناقەشەی نامەکەم بوومەوە".

ئولگا گوتی:- چی؟ نامە؟!

دیموف پێکەنی: "بەڵێ". لە ژنەکەی هاتە پێشێ تا دەموچاوی لە ئاوێنەکەدا بدینێ.

ژنەکەی هەر بەو دەقەوە کە پشتی لەوبوو، بەردەوام بوو لەسەر ڕێکخستنی قژی. دیموف دووبارەی کردەوە: "بەڵێ دەزانی چییە؟ بەتەمام کارنامەی پزیشکگەری تایبەتی لە نەخۆشی گشتیدا وەربگرم، ئەمەش بۆ خۆی شتە."

بە سیمایا دیاربوو کە ئەگەر ئولگا بەشداری سەرکەوتن و شادییەکەی کردبا ئەوا دەیبەخشی و چاوی لە هەموو شتێ دەپۆشی. بەڵام "پزیشکگەری تایبەتی" و "نەخۆشی گشتی" بەلای ئولگاوە بێ مەعنا بوو، ئەمە جگە لەوەی دەترسا کە فریانەکەوێ و شانۆگەرییەکەی لەدەست بچێ، بۆیە هیچی نەگوت. دیموف چەند ساتێ بە بێدەنگی دانیشت، بزەیەکی سارد نیشتە سەرلێوی و لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

" ٧ "

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی شووم بوو.

دیموف سەری دێشا، نە قاوەڵتی خوارد و نە چووش بۆ خەستەخانە، لەسەر قەنەفەی ژوورەکەی خۆی کەوت. ئولگا، سەعات یەک چوو بۆ لای ڕیابوسکی تا ئەو "دیمەنە سروشتییەی" کە کێشابووی نیشان با و گلەییشی لێبکا کە بۆ دوێنێ نەهاتووە بۆ ماڵیان؟ ئولگا بەخۆی دیمەنەکەی بەلاوە چ نەبوو، هەر بۆئەوەی دروست کردبوو تا بەو بیانووەوە بچێتە دیدەنی ڕیابوسکی.

به بێدەنگی خۆی بە ماڵەکەی ڕیابوسکیدا کرد. گەیییە ڕاڕەوەکە، لەو دەمەدا کە خەریک بوو پێڵاوە لاستیکەکانی دادەکەند. گوێی لە دەنگی پێ و خشەخشی جلی ژنێک بوو کە بەپەلە خۆی کرد بە ڕەسم خانەکەی "مرسم" ڕیابوسکی دا. خۆی بە ڕەسم خانەکەدا کرد، چمکی تەنوورەیەکی قاوەیی بەرچاو کەوت، تەنوورە لەبەرەکە خۆی لە پشت تابلۆیەکی گەورەدا وەشارد. ئەم تابلۆیە لەسەر سێ پایەک دانرابوو و پەردەیەکی ڕەشی پێدا درابوو. ئولگا گومانی لەوە نەما کە ژنێک لەوێندەر خۆی شاردۆتەوە، چونکە ئولگاش زۆرجار خۆی لەوێندەر دەشاردەوە: ڕیابوسکی گێژ و سەرگەردان هەردوو دەستی بەرەو ئولگا درێژ کرد، وەکو یەکێک ئەم هاتنە ناوەختەی پێ سەیر بێ، بە تۆبزی بزەیەکی بۆ کرد و گوتی: بەخێرهاتی سەرچاوانم، خێرە؟"

ئولگا شەرمەزار و تووڕە، فرمێسک لە چاوی قەتیس ما. بەو بایە مردبا نەک لەبەردەم ژنێکی بێگانەدا قسە بکا، جا چ ژنێکیش؟!

ژنێک کە ڕەقیب و خەنیمی ئەوە، کڵاوی کردۆتە سەری، لە پشت تابلۆکەوە خۆی وەشێردوو بێگومان هەر بە زۆڵێتی پێدەکەنێ. بە دەنگێکی نزم، شەرمەزار و ترسنۆکانە گوتی: "وێنەکەم هێناوە" بە لێوە لەرزێ لەسەری ڕۆیی: "دیمەنی سروشتی بێ گیانە."

- چی؟ چی؟ دیمەن؟. وێنەکەی لە دەست وەرگرت، تەماشایەکی کرد و ئامێر ئاسا بەرەو ژوورێکی دی وەڕێکەوت، ئولگاش بە ناچاری شوێنی کەوت.

بە دەنگی بەرز گوتی: "سروشتی بێ گیان" وەکو یەکێک بۆ قافیە بگەڕێ، تۆزێ داماو لەسەری ڕۆیی: "لەسەر وەزنی ئاسمان... سەربان... نەردەوان..."

لە ڕەسم خانەکەوە دەنگی هەنگاوی بەپەلە و خشەخشی تەنوورە هات، ژنەکە بوو و ڕۆیی. بە ئولگا بوایە پڕ بە زاری هاواری کردبا وبەربوایەتە سەر و گوێلاکی ڕیابوسکی. بەڵام فرمێسک بەرچاوی گرتبوو، هێندە شەرمەزار بوو هەر ئەوە بوو نەدەتوایەوە.

هەستی کرد ئیدی ئولگای نیگارکێش نییە بەڵکو زیک زیکەیەکە.

ڕیابوسکی دەنگی لە تێرییەوە دەهات، گوتی: "ماندووم" و چاوی بڕیە ئولگا و سەرێکی لەقاند. وەکو ئەوەی بیەوێ خەواڵویی خۆی بڕەوێنێتەوە بایەکی باڵی خۆ بدا و لەسەری ڕۆیی: "جوانە، بەڵام سکێچە و نەت توانیوە گەشەی پێ بدەی... پاریش هەروا بوو،

مانگێکی دیکەش هەروا دەمێنێتەوە. نازانم چۆن تاقەتت لێی ناچێ؟ من لەجێی تۆ بام وازم لە نیگارکێشی دێنا و خووم دەدایە مۆسیقا یا شتێکی دیکە. تۆ نابی بە نیگارکێش، تۆ مۆسیقا زانی. ئای کە ماندووم. با بنێرم چایمان بۆ بێنن. باشە؟

لە ژوورەکە دەرکەوت. ئولگا گوێی لێ بوو کە داوای چای دەکرد. ئولگا بۆ ئەوەی چیتر ماتەڵ نەبێ و ئەرکی خودا حافیزیش لە کۆڵی خۆی بکاتەوە و بۆوەی لە سەڵای گریانێ نەدا، بەپەلە خۆی گەیاندە ڕاڕەوەکە، خێرا پێڵاوە لاستیکەکانی لەپێ کرد و بۆی دەرچوو. کە گەییە دەرێ هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. هەستی کرد بۆ هەتا هەتایە لە شەڕی ڕیابوسکی و نیگارکێشی ڕزگاربووە و ئیدی هەموو شتێ تەواو بوو، لەوێوە چوو بۆ لای خەیات. ئەوجا خۆی کرد بە موغازەیەکدا کە ئامێری مۆسیقای هەبوو. بەدرێژایی ئەم ماوەیە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەم داخە بە ڕیابوسکی بڕێژێ و کاغەزێکی سارد وتووڕەی بۆ بنوسێت. کاغەزێ کە بیسەلمێنێ ئەو - ئولگا - بنیادەمێکی کەم نییە.

بیری لەوە کردەوە کە ئەم بەهار و هاوینە لەگەڵ دیموفدا دەچێتە دورگەی قرم و کەوڵی ڕابوردوو لە خۆی دادەماڵی و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا.

وەکو هەمیشە درەنگە شەوانێ گەییەوە ماڵ. هەر بەو جلانەوە لە ژووری میوان ڕۆنیشت و خۆی بۆ نووسین ئامادە کرد. ڕیابوسکی پێی گوتبوو: نیگارکێش نییە. ئەمەی لە دڵ دەرنەدەچوو، دەیویست بەهەر جۆرێ بووە تۆڵەی خۆی بکاتەوە و بۆی بنووسێت ڕیابوسکی بە خۆی هیچ نییە.ساڵی تاقە تابلۆیەک دەکێشێ، ئەویش کاوێژکردنەوەی هەمان بابەتی سارد و سڕە، وێڕای ئەو هەموو خۆ ماندوو کردنەش ناتوانێ کارێکی هونەری نایاب ئەنجام بدا. دەیویست بۆی بنووسێت لەو کارانەشدا کە تا ئێستا کردونی قەرزارباری ئولگایە، دەیویست بۆی بنووسێت کە ئەگەر هەڵەیەک لەمەوە - ئولگا - ڕووی دابێ ئەوا خەتای ئەو ژنە بەرەڵڵا و بێ سەروبەرانە بووە کە لە پشتی تابلۆکانیا خۆ دەشارنەوە. دیموف، لە ژوورەکەی خۆیەوە بێ ئەوەی دەرگا بکاتەوە گازی کرد: "نازێ!"

- چییە؟

- نازێ مەیە ژوورەوە، وەرە بەر دەرگا، ئە ئاوا. پێرێ لە خەستەخانە تووشی ملەخڕە"وەناق" بووم و هەنووکە... حاڵم خەراپە، خێرا بنێرە بە دووی کورستلۆف دا.

ئولگا، مێردەکەی و ئاشنا پیاوەکانی خۆی بە نێوی شۆرەتیانەوە گاز دەکرد. حەزی لە شۆرەتی "ئەسیپ" نەدەکرد، چونکە "ئەسیپ"ە کەی گوگوڵ و ئەو وشە قورسانەی بیردەکەوتەوە کە کردبوونی بە قافیەی. بەڵام ئەمجارەیان هاواری کرد:

– ئەسپ وانەڵێی!

– بنێرە بە شوێنیا، نەخۆشم".

ئولگا لە پشت دەرگەوە گوێی لێ بوو کە دیموف ڕۆیی لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا و بە دەنگە گڕەکەی گوتی: "بنێرە!"

ئولگا زۆر ترسا، بیری کردەوە: "دەبێ چۆن تووش بووبێ؟ کە خەتەرە!"

بێ وەی چ مەبەستێکی هەبێ، مۆمێکی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی خۆی، تیا مابوو چ بکا. خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی. کە دیقەتی دا؛ ڕەنگی زەرد و سیمای ژاکاو، قۆڵی چاکەتەکەی دەڵب، پەڕی زەردی بە یەخەیا کردبوو، تەنوورە دڕاو، کە خۆی بەو جۆرە بینی لە خۆی ترسا، لەپڕ دڵی بە دیموف سوتا، خەمێکی زۆری بۆ ئەشقی بێ پایانی، بۆ خێر لە خۆ نەدیوی، بۆ سیسەمە تەنیاکەی کە ماوەیەک بوو دیموف لەسەر نەدەنووست، خوارد. بزە ناسک و ڕاستگۆکانی بیر کەوتەوە. بە کوڵ گریا و نامەیەکی پڕ پاڕانەوەی بۆ کورستلوڤ نووسی. سەعات دووی بەیانی بوو.

" ٨"

ئولگا، وەختێ سەعات هەشتی بەیانیی ڕۆژی دوایی، خەواڵۆ و پەشێو، وەکو تاوانباران لە ژووری نووستن وەدەرکەوت، لە ڕاڕەوەکەدا تووشی پیاوێکی ڕدێن ڕەشی بێگانە و نەناس بوو کە بە سیمایا دیاربوو دکتۆرە. بۆنی دەرمان دەهات... کورستلوڤ لە پشت دەرگای نووسینگەکەی دیموف وێستا بوو، بەدەستی ڕاستی سمێڵی چەپی بادەدا. نیگایەکی نەفرەت ئامێزی ئۆلگای کرد و گوتی: "ببوورە، ناتوانم ڕێگات بدەم کە بچییە ژوورەوە. لەوەیە تۆش تووشی ملەخڕە ببی و ئەوە جگە لەوەی چوونەکەت بێسوودە، چونکە دیموف هۆش و هەستی نییە."

ئولگا لەبن لێوانەوە گوتی: "یانی بەڕاستی ملەخڕەی گرتووە؟"

کورستلوف بێ وەی گوێ بە پرسیارەکەی ئولگا بدا، گوتی: "هەموو کارێکی گەوجانە باجی خۆی هەیە. دەزانی چۆن بووە؟ ڕۆژی سێ شەممە بە سۆندەیەک کێمی گەروی کوڕێکی هەڵمژیوە، وەکو شێت ملی پێوە ناوە، ئاخر بۆ؟!"

ئولگا پرسی: خەتەرە؟ زۆر؟

-بەڵێ، دەڵێن زۆر خەتەرە و پێویستە بنێرین بە دووی "شەرەک"دا. پێویستە...

هەوەڵجار پیاوێکی وردیلەی قژ سووری قژ درێژ و کەپوو درێژ کە بە دەمودوویدا لە جوولەکە دەچوو وەژوور کەوت. پاشان پیاوێکی شپرێوی باڵابەرزی کۆماوەی وەک حاخامی گەورە، وەژوورکەوت. پاش هەمووان پیاوێکی سوورەی گەنجی کەتەی عەینەک لە چاو هاتە ژوورەوە، هەموو ئەم دکتۆرانە هاتبوون یارمەتی هاوپیشە نەخۆشەکەیان بدەن و بەسەری بکەنەوە، کورستلوف کە درێغی نەکردبوو، دەبوا بڕوا پشوویەک بدا، کەچی نەڕۆی و لەوێندەر مایەوە، وێڵ و سەرگەردان حەوانەوەی نەبوو، لە چ شوێنێ ئۆقرەی نەدەگرت. کارەکەرەکە سەری قاڵ بوو، پێیەکی لە موبەقەکە بوو کە چا بۆ دکتۆرەکان داکا و پێیەکی لە دەرمانخانە بوو، کەسێ نەبوو دەستێ بە ژوورەکاندا بێنێ و ڕێکیان بخا. هەموو شتێک مات و غەمگین بوو.

ئۆلگا لە ژوورەکەی خۆی ڕۆنیشتبوو، لە فکران ڕاچوو بوو، پێی وابوو چونکە فێڵ و خیانەتی لە دیموف کردووە، خوا بەم جۆرە تۆڵەی لێکردۆتەوە. ئەو پیاوە ئارام و هێمنە، ئەو پیاوەی کە لە وەسف کردن نایە، کە چ گلەیبە ناکا، ئەو پیاوە فیداکارەی دەڵێی لە دڵسۆزی و دڵپاکی و چاکی خۆیدا پوکاوەتەوە و لاواز بووە ئێستا لەسەر قەنەفەیەک کەوتووە و ئازار دەچێژێ و تەنانەت ناڵەیەک ناکا. چونکە ئەگەر بەدەم بێ هۆشی و تاوە، گلەییەک؛ گازاندەیەک بکا، ئەوا دکتۆرەکان هەست بەوە دەکەن کە تەنیا ملەخڕە بکوژی ئەو نییە، ئەوجا لە کورستلوف دەپرسن و ئەویش هەموو ورد و درشتێک دەزانێ و... بیری کردەوە کە بێ هۆ و لە خۆڕایی نییە کە لە کورستلوف دەپرسن و ئەویش هەموو ورد و درشتێک دەزانێ و... بیری کردەوە کە بێ هۆ و لە خۆڕایی نییە کورستلوف بە ڕقەوە دەڕوانێتە ژنی هاوڕێکەی وەکو ئەوەی ژنی هاڕێکەی بە گوناحکار و تاوانباری ئەسڵی بزانێ و ملەخڕەکەی تەنیا بە یارمەتیدەر و شەریکە تاوانی ئەو بزانێ، ئیدی بیری ئەو هەیڤە شەوەی نێو ڕوباری ڤۆلگای نەکرد، بیری بەلای پەیمانی ئاشقانە و ماچی بەر دەرکەی کوختەکەدا نەچوو. هەر ئەوەی لە بیر بوو کە بەهۆی هەوەسبازی و خۆپەرستی خۆیەوە هێندە لەوتاوە کە ئاوی هەموو

دنیا پاکی نەکاتەوە. کە ئەشقی شێتانەی خۆی دەربارەی ڕیابوسکی هێنایەوە بەرچاو گوتی: "ئاخ کە کڵاوم کردە سەری. نەفرەتی خوا لە ڕیابوسکی".

سەعات چوار لەگەڵ کورستلوفدا نانی خوارد. کورستلوف چارەی دابوو بەیەکدا و جگە لە تۆزێ شەرابی سوور چیدی نەخوارد. ئۆلگاش چی وای نەخوارد. لە دڵی خۆییدا لە خوا دەپاڕایەوە و شەرتی کرد ئەگەر ئەمجارە دیموف چاک بێتەوە، خۆشی بوێ و ژنێکی بە وەفا و ئەمەک بێ لەگەڵی. پاش تۆزێ خۆی لەبیر کرد. ڕوانییە کورستلوف و لە فکران ڕاچوو! "چەند ناخۆشە بنیادەم وەکو ئەم کورستلوفە دڵڕەق و خەڵەفاو و سادە و گومناو بێ، تا ئەم ڕادەیە غەشیم بێ و ئاگای لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ". وای هەست دەکرد خوا بۆیە ئەم نەهامەتییەی بەسەردا هێناوە چونکە مێردەکەی پشت گوێ خستووە. کول و کەسەر باڵی بەسەرا کێشا، هەستی کرد تەلاری ژیانی وێران بووە و هێزی نییە ئاوەدانی بکاتەوە.

ئۆلگا، پاش فراڤین خۆی بە ژووری میوانا کرد، کورستلوف لەسەر کەرەوێتەیەک خەوتبوو، سەری خستبووە سەر پشتییەک و بە دەنگی بەرز دەی پرخاند.

دکتۆرەکان یەک یەک دەهاتن، شتاقیان ئاوڕی لە شپرێوی ژوورەکان نەدەدایەوە. پیاوێکی بێگانە لە ژووری میوان خەوتبوو وپرخوهۆڕی بوو. تابلۆی قەد دیوارەکان، ڕازانەوەی سەیر و سەمەرەی ژوورەکە، قژی شێواو و جل و بەرگی لە ئوتو نەدروای کارەکەرەکە شتاقیان سەرنجی کەسیان ڕانەدەکێشا، کەس بە کەس نەبوو.

یەکێک لە دکتۆرەکان پێکەنی، بەڵام پێکەنینەکەی هێندە بە شەرمەوە بوو بە حاڵ دەبیسرا.

ئۆلگا کە جاری دووەم هاتە ژوورەوە، کورستلوف هەستابوو، هەستایە سەر پێ، جگەرەیەکی داگیرساند و بە ئەسپایی گوتی: "ملەخڕەی گرتووە. هەردوو کونە کەپوی پڕ بووە لە کێم... دڵی سستە... وەزعی خراپە".

ئۆلگا گوتی: "واچاکە بنێرین بە دووی شەرەک دا".

- شەرەکیش هاتووە، ئەویش دەڵێ نەخۆشییەکە سیرایەتی کردووە و خەریکە کەپوی دەگرێ. تازە شەرەک چی بۆ دەکرێ؟ شەرەکیش هیچی دەسەڵات نییە، تەنیا ناوەکەی هەیە. جیاوازی من و ئەو هەر ئەوەیە ئەو شەرەکە و من کورستلوف!...

زەمەن تێکەڵ بە نەبڕانەوە دەبوو. ئولگا هەر بە جلەکانییەوە خۆی دا بەسەر قەرەوێڵەکەیدا و خەون و خەیاڵ بردییەوە. هەستی دەکرد دێوێکی ئاسنین بەر دەرکەی لێ گرتوون، هەرکە ئەم دێوە لابچێ ئیدی هەموو شتێکی وەکو جارانی لێ دێتەوە. بەڵام کە بە خۆیدا هاتەوە، بۆی دەرکەوت کە چ دێوێک لە ئارادا نییە و تەنیا دیموف نەخۆشە.

بیری کردەوە: "سروشتی بێ گیان" و دیسان ئاگای لە خۆ بڕا: "ئاسمان... سەربان... نەردەوان، ئەدی شەرەک؟ لە هزری خۆیدا شەرەکی لەسەر وەزنی گورگ، ورگ، گۆلک ڕێک خست. پاشان بیری کردەوە: "ئایا هەنووکە دۆستەکانم لە کوێن، ئاگایان لەم خەمە گەورەیەی من هەیە؟ خوای گەورە فریامان بکەوە، ڕزگارمان بکە! شەرک، گورگ..."

دیسان دێوی ئاسنین. زەمەن تێکەڵ بە نەبڕانەوە دەبوو، سەعاتی ڕاڕەوەکە چەند جارێک لێی دا. ناوە ناوە زەنگی دەرگا لێدەدرا.

دکتۆران دەهاتن... کارەکەرێک وەژوور کەوت، سینیەک و پەرداخێکی خاڵی بە دەستەوە بوو گوتی:

- خانم سیسەمەکە ڕێک بخەم؟

چونکە چ وەڵامێکی نەدرایەوە، لە ژوورەکە وەردەرکەوت.

دیسان سەعاتەکە لێی دایەوە، دیسان خەون و خەیاڵ تێکەڵ بە بارانی سەر ڕوباری ڤۆلگا بوونەوە.

دیسان یەکێک وەژوور کەوت، ئەمجارەیان لە بێگانە دەچوو. ئولگا هەستایە سەرپێ و کورستلوفی ناسییەوە. پرسی سەعات چەندە؟

- نزیکەی سێیە.

- باشە چی بوو؟

- چی بوو! هاتووم کە پێت بڵێم لە حاڵی مەرگ دایە.

بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە لە سووچێکی قەرەوێڵەکەی ئولگادا ڕۆنیشت و بە قۆڵی چاکەتەکەی فرمێسکەکانی سڕی. ئولگا لە سەرەتادا حەپەسا، پاشان گێژبوو و لە جێی خۆی لوول بوو.

کورستلوف بە دەنگێکی ناسک دووبارەی کردەوە و بەدەم گریانەوە گوتی: "دەمرێ، خەریکە دەمرێ، خۆی فیدا کرد! ماڵی وێرانم بۆ ئەو زیانەی لە دنیای زانست دەکەوێ!" ئەوجا بە کول و کەسەرەوە لەسەری ڕۆیی: "ئەم پیاوە لە هەر هەمووومان گەورەتر بوو، پیاوێکی بێ هاوتا بوو. یەکپارچە بەهرە بوو! چەندی هاندەداین!" کورستلوف کۆڵەمستی گوشی: "خوایە، خوای گەورە تا دنیا دنیایە زانایەکی وا هەڵناکەوێتەوە. ئوسکادیموف، ئوسکا دیموف ئاخر تۆ چت کردبوو؟ خوای گەورە؟ بە نائومێدییەوە لەسەری ڕۆیی: "جا ڕەوشت پاک، دڵسۆز، مرۆڤدۆست! ئینسان نەبوو پارچە زێڕێکی خالیسە بوو! چ خزمەتێکی بە دنیای زانست کرد! چۆن لە پێناوی زانستدا خۆی دانا!

شەو و ڕۆژ سەرگەرمی کارکردن بوو. جا بێ تەماح، هیچی بۆ خۆی نەدەویست، ئەم زانا لاوە، ئەم پرۆفیسۆری ئایندەیە ئیسراحەتی لە خۆی حەرام کردبوو، تەنانەت شەوانیش هەر خەریکی وەرگێڕان بوو تا پارەی ئەم... ئەم شتە قۆڕانە، ئەم پارچە کۆنانە دابین بکا". کورستلوف بە گومانەوە چاوی بڕییە ئولگا، بە هەردوو دەست پڕی دایە چەرچەفەکە و پارچەپارچەی کرد، دەتگوت چەرچەفەکە تاوانبارە نەک ئولگا.

... دیموف هەرگیز خەمی خۆی نەبوو... "کەسیش خەمی ئەوی نەبوو تازە دوای چی؟ بەچی دەچێ؟ دەنگێکی بەرز لە ژووری نان خواردنەوە هات: "پیاوێ بوو لە نێو سەد پیاوا هەڵت بژاردبا". ئولگا ژیانی خۆی و دیموفی هێنایەوە بەرچاو، هەستی کرد کە بە ڕاستی مێردەکەی پیاوێکی هەڵبژاردە بووە، لە هەر هەموو دۆستەکانی ئەم پیاوتر و گەورەتر بووە. ئەوەی بیر کەوتەوە کە بابی چ ڕایەکی دەربارەی دیموف هەبوو. هاوپیشەکانی دیموف چۆن ستایشیان دەکرد. چ شۆرەت و نێوبانگێکیان بۆ ئایندەی دیموف پێشبینی کردووە. دیوارەکان، بن میچەکان، گڵۆپەکان، مافورەکان تێکڕا مۆڕەیان لێدەکرد و لێویان لێ هەڵدەقورتاند، وەکو ئەوەی پێی بڵێن: "هەموو خەتای تۆ بوو، تۆ بە ئانقەست بەرەڵلات کرد تا بەم دەردە بچێ! تا دیق بکا و خۆی بفەوتێنێ!" بەدەم هاوارەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بە ژووری نان خواردنا تێ پەڕی، دڕی بە خەڵکەکە دا و خۆی بە ژووری مێردەکەیا کرد. دیموف سارد و سڕ بێ جوڵە لەسەر قەنەفەکە کەوتبوو، چەرچەفێکی پێدا درابوو، تەنیا سەر و چاوی بە دەرەوە بوو. دەموچاوی لاواز، ڕەنگی زەرد. دیموفەکەی جاران نەبوو، تەنیا برۆ ڕەشەکانی و زەردەخەنە ناسکەکەی وەکو خۆیان مابوون. ئولگا دەستی خستە سەر سینگی، ئەوجا سەر نێوچەوانی و پاشان سەر دەستی.

هێشتا سینەی گەرم بوو، بەڵام تەوێڵی و دەستی ڕچی بوون.

چاوە نیمچە وازەکانی لە ئۆلگا نەبوو، بەڵکو ڕێک لە چەرچەفەکە بوو . ئۆلگا پڕ بە زار هاواری کرد: – دیموف! دیموف!

پڕ بە دڵ حەزی دەکرد تێی بگەیەنێ کە ئەوەی چوو، چوو هەمووی هەڵە بوو، کە هێشتا فرسەت ماوە و هەموو شتێ لە دەست نەچووە، کە دەشێت ژیان بگەڕێتەوە و پڕ ببێ لە خۆشی و جوانی، کە لەمڕۆ بەدواوە مێردەکەی دەپەرستێت، خۆی وەقفی ڕێزگرتنی ئەو دەکا… هاواری کرد: "دیموف!" و شانی ڕاتەکاند و نەیدەویست قەناعەت بکا کە ئیدی دیموف هەرگیز بێدار نابێتەوە: "دیموف! دیموف!" کورستلوف لە ژووری میوانا بە کارەکەرەکەی دەگوت: پرسیاری نابەجێ مەکە، خێرا هەڕە نک پاسەوانی کڵێسا و ئەدرەسی ژنەکانی لێ وەربگرە، ئەوان بە خۆیان دەیشۆن و ئامادەی دەکەن و هەرچییەک پێویست بێ جێ بەجێی دەکەن".

ماچ

سەعات هەشتی شەوی بیستەمی مانگی پێنج بوو. تێکڕای ئەفسەرانی هەر شەش لقەکەی هێزی تۆپخانەی "ن" خۆیان بە گوندی مێستچکیدا کرد. ئەم گوندە لەسەر ڕێگای ئوردوگاکەیان بوو، بەو مەبەستە ڕوویان کردە ئەوێندەر، تا شەوێ وەمێنن و پشوویەک بدەن.

ئەفسەرەکان کردبوویان بە هەرا و هەنگامەیە ئەوسەری دیار نەبوو، هەندێکیان خەریکی تفەنگەکانیان بوون، هەندێکی دی لەگەڵ ئەفسەری ئێشکچیدا سەرگەرمی ڕێک خستنی جێگای قۆشەنەکە بوون. ئەوان هەموو سەرگەرمی کاری خۆ بوون کە لەپڕ لەپشت کڵێساکەوە سەروسەکوتی پیاوێکی مەدەنی پەیدا بوو کە بەسەر ئەسپێکی بەرچاوییەوە بوو. ئەسپەکەی ئەسپێکی بچکۆلەی کلک کورت بوو. گەردنە جوانەکەی بە

شێوەیەکی تایبەتی دەجوولاند و بە نێسکە نێسک دەهاتە پێشێ. لاقەکانی لە سەمایەکی سەیرا بوون. دەتگوت یەکێک لە دواوە دەکێشێ بە سمەکانیا... سوارەکە هەرکە گەییە بەردەم ئەفسەرەکان، جڵەوی ڕاکێشا، کڵاوەکەی لەسەر داکەند و بە ڕێزێکی تایبەتییەوە گوتی: "قوربان، جەنەراڵ (فنرابک) کە ماڵەکەی ها لەم نزیکانە، دەیفەرموو بۆ چا خواردنەوە تەشریف بێننە ماڵی ئەو و گەورەی بکەن." ئەسپەکە سەرێکی تەکان دا، بەدەم سەما و لەنجەوە بەرەو دوا جما. سوارەکە هەمدیس کڵاوەکەی لەسەر داگرتەوە، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا و لە پشت کڵێساکەوە گوم بوو.

هەموو ئەفسەرەکان هاواریان کرد: "عەمری نەمێنێ" و سەرگەرمی کاری خۆ بوونەوە: "ئێمە لە ماندوێتیدا چاومان هەڵنایەت و جەنابی فنرابک دەعوەتی چایمان دەکا. لەم جۆرە دەعوەتەمان زۆر دیوە!"

ئەفسەرەکان هێشتا بیرەوەری دەعوەتەکەی جاری پێشوویان لەیاد مابوو. لەکاتی دوا مانۆڕیاندا لەگەڵ هاوڕێ سەربازەکانیاندا لە ماڵی نێودارێکی گوندا کە کۆنە ئەفسەرێکی خانەنشین بوو و جەنابی کونتی پێدەگوترا دەعوەتی چای کرابوون. خانەخوێیەکەیان پیاوێکی زیتەڵە و ڕووخۆش بوو، زۆری خزمەت کردبوون و بە دەوریاندا هاتبوو، خولقی گەرمی کردبوون و وێڵی زۆری نواندبوو. هێندە خواردن و ڤۆدگای دەرخوارد دابوون مرِی کردبوون. ئەویش شەوێ دەعوەتی کردبوون، هەڵبەتە ئەفسەرەکان لەمە بە گلەیی نەبوون. بەڵام پیرە ئەفسەری خانەنشین هەقی ئەوەی لێکردبوونەوە کە زیاد لە پێویست بە دەوریاندا هاتبوو؛ تا بەرەبەیان سەربهوردی خۆی بۆ گێڕابوونەوە و خەوی لێ حەرام کردبوون. بە هەموو ژوورەکاندا گێڕابوونی. تابلۆی گران بەها. بەردی تاشراوی کۆن و چەکی گران بەهای نیشان دابوون، هەر هەموو ئەو نامانەی بۆ خوێندبوونەوە کە لە پیاوانی نێودارەوە بۆی هاتبوون. ئەفسەرەکان کە ماندوێتی زۆری بۆ هێنابوون، خوا خوایان ببوو خانەخوێیەکەیان لێ بێتەوە و سەرخەوێ بشکێنن، هێندەیان باوێشکیان دابوو، هەموو شەویلاگەیان ڕەق ببوو. وەختێ خانەخوێیەکەیان لێ ببۆوە ئیدی کاتی خەوتن نەمابوو.

ئایا فنرابکیش لە بابەتی هەمان کۆنتی پیرە؟ لەوەیە. خۆ ناشکرێ نەچن. ئەفسەرەکان تەراشیان کرد، خۆیان تاس و لوس دا، جلیان لەبەرکرد و بەرەو ماڵی فنرابک وەڕێ کەوتن. کە گەیینە مەیدانی کڵێساکە ئەوجا بۆیان دەرکەوت کە دەبێ بە گردەکەدا نشێو ببنەوە و بگەنە کەناری چۆمەکە و لەوێوە بەرەو باخەکانی جەنەراڵ داگەڕێن و ئیدی

لەوێندەرەوە ڕاستە شەقامێک جیادەبێتەوە و ڕێک دەگاتە بەر ماڵی جەنەراڵ. خۆ ئەگەر بشیانەوێ بە گردەکەدا هەڵگەڕێن ئەوا دەگەنە عەمارەکانی جەنەراڵ کە نیو فرسەخێک لە گوندەوە دوورە، ئەفسەرەکان ئەم ڕێگەیەیان گرتە بەر. یەکێکیان پرسی: "ئەرێ ئەم فنرابکە کێیە؟ خۆ ئەوە نییە کە لە پلونا فەرماندەی هێزی سوارە بوو؟"

- نەء؟

- نەء. ئەو ڕابکی ڕووت بوو.

- هەواکەی زۆر خۆشە ها!

کە گەیینە ئاستی یەکەمین عەمار، دوو ڕیانێکیان هاتە پێش، ڕێیەکیان بەرەو تاریکی دەکشا و ئەوی دیکەیان کە بە دەستی ڕاستدا پێچی دەکردەوە بەرەو ماڵی جەنەراڵ دەچوو. ئەفسەرەکان تا نزیکتر دەبوونەوە هێواشتر قسانیان دەکرد، ئەمبەر و ئەوبەریان یەکپارچە عەماری بە خشت دروستکراوبوو، سەربانی عەمارەکان بە ڕەنگی سوور بۆیەکرابوو، لە دوورەوە لە سەربازخانەی شارەکان دەچوو. پەنجەرە ڕوناکەکانی ماڵی جەنەراڵ فنرابک لە دوورەوە گازی دەکردن.

ئەفسەرێکی گەنج هاواری کرد: "کوڕینە بەختمان یارە! بڕوانن سەگە بە بۆنەکەمان چۆن پێشکەوتووە. پێدەچێ بۆنی شتێکی کردبێ".

ئەفسەرە گەنجەکە مەبەستی ملازم لبێتکف بوو. لبێتکف ئەفسەرێکی باڵابەرزی مل ئەستوور بوو، بە جۆرێ خۆی تاس و لوس دابوو و ڕدێنی تراشی بوو، کێچ لەسەر ڕووی هەڵدەخلیسکا، هەرچەند تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، بەڵام لەنێو هاوڕێکانیا بە مێباز ناسرابوو، مێبازێکی وا کە لە دوورەوە بۆنی ژن بکا و هەر بە بۆن بزانێ ژن لەو شوێنە هەیە یا نە. کە گوێی لە پلاری هاوڕێکەی بوو ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: "ڕاست دەکا، پڕە لە ژن. دڵم وا دەڵێ."

کابرایەکی شەست ساڵەی جوان بە جلی مەدەنییەوە هاتە پێشوازییان. ئەو پیاوە فنرابک بوو. بەدەم تەوقەکردن و خێرهاتنەوە پێی ڕاگەیاندن؛ کە هەرچەندە بە دیداریان خۆشحاڵە. بەڵام داوای لێبوردنیان لێدەکا چونکە جێی مانەوەی شەوی ئەوانی نییە، و هەردوو خوشکەکەی و منداڵەکانیان و براکەی و چەند دراوسێیەکیش ئەو شەو میوانن و ژووری چۆڵیان بە دەستەوە نییە. هەرچەند بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کردن و

عوورزی بۆ هێنانەوە و بە ڕوویانەوە پێکەنی، بەڵام ئاشکرابوو کە بە ئەندازەی نیوەی کۆنتەکەی پار بە دیداریان خۆشحاڵ نییە و تەنیا بۆ ناو و لەبەر ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی دەعوەتی کردوون! ئەفسەرەکان بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن. قاڵدرمەکان بە قاڵی و مافوری نەرم پۆشرابوون، بەدەم سەرکەوتنەوە گوێیان بۆ دەم ودووی خانەخوێیەکەیان شل کردبوو و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە هاتنەکەیان مایەی ناڕەحەتی و سەربارێکی نابەجێن، لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت باشە کەسێک دوو خوشک و هەموو خوشکەزاکانی و برایەکی و کۆمەڵێ دراوسێی بۆ دەعوەتێکی خێزانی دەعوەت کردبێ چۆن کەیفی بە ١٩ ئەفسەری بێگانە دێ کە لە ژیانیدا نەیدیتوون؟

ژنێکی باڵا بەرزی بەتەمەن، خۆش هەیکەل و دەموچاو درێژکۆلەی برۆ ڕەش لەبەر دەرگای ژووری میوانەوە خێرهاتنی کردن، لە ڕووی نەزاکەتەوە و بە هەیبەتێکی تایبەتییەوە بزەیەکی ناسکی بە ڕوویانا دا. ئەویش دووبارەی کردەوە کە بە دیداریان خۆشحاڵ و تەنیا خەجاڵەتی ئەوەیە کە جێگای مانەوەی شەویان نییە، بەڵام هەرکە ڕووی وەرگێڕا، زەردەخەنە پڕ نەزاکەت و بە شکۆکەی سەر لێوانی هەڵفڕی. بە ئاشکرا دیاربوو کە لە سەردەمی خۆیدا گەلێک ئەفسەری دیتوون و ئەم ئەفسەرانەی ئێستای بە لاوە غەریب و سەیر نین و بۆیەی دەعوەت کردوون کە پلە و پایەی خۆی وای خواستوە. دە، ژن و پیاو لە ژوورێکی گەورەی نان خواردندا لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتبوون و چایان دەخواردەوە. لە پشتی ئەوانەوە چەند پیاوێکی گەنج لەنیو چەڕەدووکەڵی جگەرەدا بە پێوە وێستابوون و ئامادەی خزمەت بوون. یەکێک لەو پیاوانە لاوازێکی سمێڵ سووربوو کە بە دەنگی بەرز و بە زمانێکی پس بە ئینگلیزی قسانی دەکرد. ئەفسەرەکان لە دەرکەیەکی وازەوە ژوورێکی ڕوناکیان بینی کە بە کاغەزی شینی ئاسمانی پۆشرابوو. جەنەراڵ بە زمانێکی شیرین و ڕێزێکی تایبەتییەوە گوتی: "برایان، لەبەر ئەوەی ژمارەتان زۆرە و ناکرێ یەک یەک تەعاروفتان پێ بکرێ. تکا دەکەم خۆتان یەکدی بناسێنن.

میوانەکان، هەندێکیان بە کەش و فشەوە، هەندێکیان بەدەم زەردەخەنەی دەستکردەوە و هەموو ناشیانە سەریان دانەواند و پاشان لە دەوری مێزەکە و هەرکەسە و لەجێی خۆی ڕۆنیشت.

لە هەموویان ناشرینتر نەقیب "ڕیابوفچ" بوو، کە کابرایەکی باڵا کوڵ و شان و شەپیلک داتەکیو بوو. عەینەکی لەچاو کردبوو، ڕدێنی هێشتبووەوە. وەختێ هاوڕێ ئەفسەرەکانی

به سیمای جدی و بەدەم زەردەخەنەی دەستکردەوە دانەوینەوە سیمای ئەم جەنابی نەقیبە. بە عەینەک و ڕدێنەکەیەوە وا دەهاتە بەرچاو کە هاوار بکات: "من لەنێو هێزەکەدا لە هەموویان کەمڕووتر و شەرمنۆکترم، لە هەموویان بێ قەدرترم." پاش ئەوەی لەجێی خوێ ڕۆنیشت تا ماوەیەکی زۆر نەیتوانی سەرنجی بخاتە سەر شتێکی تایبەتی. سیمای خەڵکەکە، جل و بەرگ، بوتڵە کۆنیاک و پەرداخ، ئەو پیاڵانەی کە هەڵاویان لێ هەڵدەستا، نەخش و نیگاری گەچینی تاقەکان، هەر هەموو ئەمانە هەستێکی ترسناکیان لەلای وروژاند. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد سەری بخاتە نێو هەردوو دەستی، عەینی خوتبەوێژێکی بێ ئەزموون هەموو شتێکی لەبەردەم خۆیدا دەبینی، بەڵام چ شتێکی بۆ دیاری نەدەکرا.

ڕیابوفچ. بەرەبەرە بەسەر شەرمنۆکی خۆیدا زاڵ بوو و توانی دەوروبەرەکەی دیاری بکا و بکەوێتە هەڵڕوانین. چونکە بەخۆی کابرایەکی شەرمن و گۆشەگیر بوو، بەر لە هەموو شت سەرنجی لەسەر جورئەتی لە ڕادەبەری دۆستە تازەکان گیرسایەوە. فنرابک. ژنەکەی، دوو ژنی دیکەی بەتەمەن، کیژێکی شینپۆش، پیاوە سمێڵ سوورەکە، وای دەهاتە بەرچاو کە "فنرابک" گەنجە. هەموو بێ باک و بێ چ شەرمێک لە نێو ئەفسەرەکاندا ڕۆنیشتبوون. وەکو ئەوەی پێشتر مەشقیان کردبێ زوو بە زوو ئەفسەرەکاندا کەوتنە قسە و باس و میوانەکانیان سەرگەرم کرد. کیژە شینپۆشەکە پاش گفتوگۆیەکی زۆر ئەوەی سەلماند کە ئەفسەری تۆپچی لە ئەفسەری سوارە و پیادە چاکترە. فنرابک و ژنە بەتەمەنەکانیش قسەکەی ئەویان سەلماند. باسەکە تەواو بێ سەر و بەر ببوو، ریابوفچ گوێی بۆ کیژە شینپۆشەکە ڕادێرابوو، ئەو کیژە هێند بە ئاو وتاو قسەی دەکرد بەتۆ بوایە هەر گوێی لێ بگری. بەڵام مخابن باسی شتی وای دەکرد کە ڕیابوفچ نەحەزی لێدەکرد و نە سەری لێ دەردەکرد، هەستی دەکرد کە بزەی لە وەخت و لە ناوەختدا دەکەوێتە سەر سیمای و ئاوا دەبێ.

هەرچەند خانەوادەی فنراک بە باسی عەمەلیاتی سوپایی میوانەکانیان سەر گەرم دەکرد، بەڵام چاویان لە هەموو پەرداخ و دەمێکیش بوو تا بزانن هەموو میوانەکان چایان خواردۆتەوە یا نا، خەمی ئەوەیان بوو نەبادا چایەکان تاڵ بن: "قوربان بۆ پسکیت نافەرمووی؟ حەز لە کونیاک دەکەی؟" ریابوفچ تا پتر گوێی دەگرت و تەماشای دەکرد زیاتر دڵبەندی خانەوادەی بەتەربیێتی فنرابک دەبوو.

میوانەکان چایان خواردەوە، هەستان و چوونە ژووری میوان، غەریزەی لبتیکف درۆی نەکردبوو. ژووری چی! پڕبوو لە ژنی گەنج و ناسک و کیژی جوان و نەشمیل، هێشتا دەققەیەک تێ نەپەڕی بوو کە ملازمە بە بۆنەکە خۆی گەیاندە تەنیشت کیژێکی جوانی قژ زەردی ڕەشپۆش. دانەوییەوە و بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی دەستی خستە سەر شانی. بێگومان بێ تامترین قسانی دەکرد. چونکە کیژە قژزەردەکە زۆر بە ساردی گوتی: بەڕاست! ئەم وشەیەی هێند بە ساردی گوت کە دەبوایە سەگە بە بۆنەکە تەواو دڵنیابێ بە هەڵەچووە و لە هەموو هەورێ باران نییە.

مۆسیقا دەستی پێکرد. هەرکە ئاهەنگی مۆسیقای سەمایەکی خەمناک لە پەنجەرە وازەکەوە چووە دەرێ، تەواوی میوانەکان وایان هەست کرد کە لە دەرێ ڕا بەهارە و، باوەشی بۆ شەوی جوانی مانگی پێنج گرتۆتەوە. دنیا پڕبوو لە بۆنی گەڵای درەختان و گوڵاڵە و وەنەوشە. مۆسیقاکە و بەهار هەردوو بێ ئەندازە دڵگیر بوون. ڕیابوفچ کە مەستی ئاهەنگەکە و کۆنیاک بوو. بە زەردەخەنەوە ڕوانییە پەنجەرەکە، ئەوجا سەرنجی لە سەر سەمای ڕێک و پێکی ژنەکان گیرسایەوە، بۆی دەرکەوت کە بۆنی گوڵاڵە و وەنەوشە و درەختان لە دەرێ ڕا نایەت و بەڵکو لە دەموچاو و جل و بەرگی ژنەکان دێ.

سەما دەستی پێکرد و فنرابک دوو تاو لەگەڵ کیژێکی زۆر لاوازدا بە دەوری ژوورەکەدا سوڕایەوە. لبیتکف چووە کن کیژە شینپۆشەکە و تاوێک لەگەڵی ڕەقسی. ڕیابوڤچ لەبەر دەرگا و لەپاڵ دیوارە گڵەکاندا وێستابوو و بەکاوەخۆ دیقەتی هەموویانی دەدا. عاجباتی لە جورئەتی پیاوەکان دەما کە چۆن بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە دەست لە قەدی ژنێکی بێگانە دەئاڵێنن و سووڕ دەدەن. زۆری هەوڵدا خۆی لە حاڵ و بارێکی وادا بێنێتە بەرچاوی خۆی، بەڵام بێهودە بوو.

سەردەمانێ بەغیلی بە جورئەت و ڕووداری هاوڕیکانی دەهات و زۆری خەفەت لە شەرمنی خۆی و شان و شەپیلکە داکەوتووەکەی دەخوارد، زۆری لەبەر گران بوو کە کەس حیسابی بۆ نەدەکرد، خەفەتی لەوە دەخوارد کە ناشرین و ڕدێن هاتووە. بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەگەڵ ئەم وەزع و حاڵەی خۆیدا ڕاهات. بەڵام ئێستا کە ڕوانییە ئەم بەزمی سەماو سوڕو چەقەنەیە چ بەغیلیەکی نەهات. بەڵانەکی هەستێکی غەمگین دایگرت.

که یەکەم تاوی سەما تەواو بوو، فنرابک هات و ئەو دوو ئەفسەرەی کە سەمایان نەدەکرد، لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ یاری بیلیارد. بە سێ قۆڵی لە ژوورەکە وەدەرکەوتن. ڕیابوڤچ بێ کار و بەتەنێ وێستابوو، هەستی کرد کە دەبێ بەشداری شتێک بکا، بۆیە لەگەڵ ئەواندا ڕۆیی. ژووری نان خواردنیان بەجێ هێشت، بە ڕاڕەوێکی باریکدا ڕەت بوون، گەیینە ژوورێکی دی، سێ پێشخزمەتی خەواڵو بەرزەپێ ڕاپەڕین. ئەو ژوورەشیان بەجێ هێشت و خۆیان کرد بە ژوورێکی بچووکدا کە ژووری بلیاردەکە بوو.

فنرابک و دوو ئەفسەرەکە دەستیان بە یاری خۆ کرد. ڕیابوڤچ کە تەنیا یاری وەرەقی دەزانی لە نزیکی مێزەکە وێستابوو و بە ساردیەوە سەیری دەکردن. یاری کەرەکان دوگمەی چاکەتەکانیان کردبۆوە، دار بە دەست ئەملا و ئەولایان دەکرد. بەدەم سوعبەت و گاڵتەوە زاراوەی هونەری یارییەکەیان بەکار دێنا.

کەس ئاگای لە ڕیابوڤچ نەمابوو. مەگەر جارجار یەکێک لە یاری کەرەکانی بەرکەوتبا و پێی گوتبا: "ببوورە". تەواو بێتاقەت بوو، یاریەکەی بەجێ هێشت و لێرا بگەڕێتەوە بۆ ژووری میوان، لە ژووری یاری وەدەرکەوت. هێشتا تەواو دوور نەکەوتبووە هەستی کرد ڕێیەکەی لێ تێک چووە. باش بوو ئەو ژوورەی بیرمابوو کە سێ پێشخزمەتەکەی لێ دانیشتبوون. پێنج - شەش ژووری بڕی، هەستی کرد ڕێیەکەی گوم کردووە. بەپەلە گەڕایەوە و بەدەستی چەپا پێچی کردەوە، خۆی لە ژوورێکی تاریکدا بینییەوە کە پێشتر نەیدیتبوو. هەڵوەستەیەکی کرد. بەلەپەکوتێ دەستی گەیاندە یەکەم دەرگا و کردییەوە؛ تاریکستانێ بوو بۆ خۆی. ڕوناکییەک لە درزی دەرگایەکی بەردەمییەوە دەیدا لە ژوورەوە. ئەم ژوورەش عەینی ژووری میوان پەنجەرەکانی کرابوونەوە و بۆنی گەڵای درەخت و گوڵاڵە سوورە و وەنەوشەی لێدەهات.

ڕیابوڤچ نەیدەزانی چ بکا، بۆیە بێدەنگ بوو. بێدەنگی بۆ چەند ساتێ باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا. پاشان دەنگی پێی یەکێک هاتە گوێ کە بەپەلە دەهات، نەخێر خشەخشی جلیش هاتە گوێ، ئەوجا دەنگی ژنێک کە هانکەهانکی پێ کەوتبوو، هاتە گوێی! "ئاخرییەکەی!..." لەپڕ دوو بازووی لە بۆنا هەڵکشاوی نەرم و شل کە بێ چەند و چون بازووی ژن بوون لە گەردەنی ئاڵان. گۆنایەکی گەرم لەگەڵ ڕوومەتیا جووت بوو و ماچێکی دەنگدار لەسەر لێوی نەخش بوو. هێشتا ماچەکە بەتەواوی لە ژوورەکەدا دەنگی نەدابۆوە کە ژنە نەناسەکە بەپەلە کشایەوە و هەڵهات. ڕیابوڤچ وای زانی قێزی

لێی هاتەوە بۆیە هەڵهات. ڕیابوڤچ خەریک بوو هاوار بکا، بەپەلە بەرەو ئەو ڕوناکییەی کە لە درزی دەرگاکەوە دیاربوو، تاوی دا.

کە گەیشتەوە ژووری میوان هێشتا دڵی هەر ترپە ترپی بوو، دەستەکانی بە ئاشکرا دەلەرزین، ناچار خستنییە پشت سەری و تێکی ئاڵاندن. هێند شەرمەزار بوو، پێی وابوو هەموو میوانەکان پێیان زانیوە کە هەنووکە ژنێک باوەشی پێدا کردووە و ماچی کردووە. لە سوچێکا دانیشت و بە ترس و لەرزەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، کە دیتی میوان و خانەخوێ هەموو سەرگەرمی سەما و قسەن، ترسەکەی ڕەوییەوە و خۆی دایە دەم هەست و خەیاڵێکەوە کە یەکەمجار بوو لە هەموو ژیانیدا بەو جۆرە باڵی بەسەردا کێشابوو. بەسەرهاتێکی بێ وێنە ڕووی دابوو. گەردنی، کە تازە لەژێر دوو قۆڵی گۆشتنی نەرم و شلی لە بۆنا هەڵکشاو هاتبووە دەر دەتگوت بە ڕۆن چەور کرابوو. نزیکی سمێڵی چەپی؛ شوێنی ماچەکە، فێنک و خۆش بوو، وەکو ئەوەی چەند دڵۆپە ئاوی پونگەیان پێداکردبێ وابوو. سەرپا غەرقی هەستێکی نائاسایی ببوو، ئەم هەستە نائاساییە سات بە سات و دەم بەدەم گەشەی دەکرد و گەشەی دەکرد... پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەستێ و وەکو ئەو خەڵکە  بڕەقسێ، تا دەتوانێ بەنێو باخەکەدا غاربدا، لە قاقای پێکەنین بدا، هەر بیری نەمابوو کە شان و شەپیلکی داتەکیوە، لە هێزەکەیاندا کەس حیسابی بۆ ناکا، ڕدێنی هەیە و هەمیشە هەستی بە کەمی کردووە. ئەم هەموو هەست و خەیاڵە خۆشانە بەرەکەتی گەرم و گوڕی لێوی ژنێک بوو کە ماچی کردبوو، کە ژنەکەی فنرابک بە تەنیشتیدا ڕەت بوو، ئەم هێند بە مەمنونی و منەتبارییەوە بە ڕوویدا گرژایەوە کە ژنە ناچار ئاوڕێکی لێ دایەوە و نیگایەکی پرسیار ئامێزی کرد. ئەمیش بەپەلە عەینەکەکەی ڕێک خستەوە و گوتی: "خوا تێکی نەدا خانوویەکی خۆشتان هەیە!" ژنەکەی فنرابک بە ڕووخۆشی و زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە کە خانووی بابێتی، ئەوجا لێی پرسی کە ئایا ئەو دایک و بابی ماون؟ چەندە لە سوپادا خزمەت دەکا؟ ئەدی بۆ ئەوەندە لاوازە؟ پاش ئەوەی وەڵامەکانی ئەوی گوێ لێ بوو لێی دا ڕۆیی. هەرچەند قسەیان تەواو ببوو بەڵام ڕیابوڤچ خێرا خێرا بزەی بۆ دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە کە ئاشنا تازەکانی چەند باش و میوان پەروەرن.

کە شێو هات، ڕیابوڤچ هەرچییەکیان لەبەردەمی دانا وەکو مەکینە خواردی و خواردییەوە، گوێی لە چ قسەیەک نەبوو. هەموو هۆش و گۆشی لای ئەو بەسەرهاتە ئاشقانەیە بوو. بەسەرهاتەکە چۆن ڕووی دابوو؟ دیاربوو کە یەکێک لە کیژەکان – بە

لێکدانەوەی ڕیابوڤچ - ژوانی لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەبووە و بە هەڵە ڕیابوڤچی ماچ کردووە. بە بیری کێدا هاتووە ڕیابوڤچ ڕێ هەڵەبکا و لەو ژوورە تاریکەدا بگیرسێتەوە! کەواتە تا ئێرە چ نهێنییەک لە کارەکەدا نییە و تەواو ڕۆشنە. ڕیابوڤچ لەخۆی دەپرسی: دەبێ کامە کیژیان بووبێ؟ بە چاوی کڕیارەوە کەوتە ڕوانینی دەموچاوی ژنەکان. بێگومان گەنج بووە، چونکە پیرێژنان ئەم جۆرە ڕەفتارانەیان نییە. کارەکەرەش نەبووە؛ چونکە بۆن و بەرامەی عەتر و خشەخشی جل و بەرگ و دەنگە ناسکەکە لە هی کارەکەران نەدەچوو.

هەوەڵجار ڕوانییە کیژە شینپۆشەکە، زۆر بە دڵ بوو. شان و بازووی سفت و سپی و جوان، دەموچاوی ساف و زیتەڵە، دەنگی ناسک و زوڵاڵ بوو. ڕیابوڤچ خۆزی دەخواست کە خۆی بووبێ.

بەڵام کە بزەیەکی دەستکردی بۆ کرد، چرچ و لۆچ کەوتە کەپووە درێژەکەی، وەکو پیرێژن هاتە بەرچاوی. ڕیابوڤچ خێرا ڕووی لەو وەرگێرا و چاوی بڕییە کیژە قژ زەردە ڕەشپۆشەکە. کیژە قژ زەردەکە بچووکتر و ناسکتر و سادەتر و لەبەردڵانتر بوو. قژی لوول و جوان؛ هێندە بە ناز و عیشوەوە پێکەکەی بۆ لێوی دەبرد پیاوی مەست و خومار دەکرد. ڕیابوڤچ خواخوای بوو کە ئەمیان بووبێ. بەڵام کە بە جوانی دیقەتی دا سەیری کرد دەموچاوی سافە. چاوی بڕییە کیژەکەی تەنیشتی ئەو، لە فکران ڕاچوو: "سەیرە. ئەگەر شان و بازووی کیژە شینپۆشەکە و قژی زەرد و لوولی ڕەشپۆشەکە و چاوانی کیژەکەی تەنیشت لبیتکف و..."

بە خەیاڵ هەموو ئەو جوانیانەی لێکدا و مونتاژێکی تەواوی کرد و کیژی دڵخوازی خۆی دروستکرد، ئەو کیژەی کە ماچی کردبوو. بەڵام ئەم کیژە تەنیا لە خەیاڵی ڕیابوڤچدا بوونی هەبوو.

شیو تەواو بوو. میوانەکان هەموو ڕازی و مەست ماڵئاواییان کرد. خاوەن ماڵ و ژنەکەی بە جووتە داوای بوردنیان لە میوانەکانیان کرد کە جێگایان نییە تا شەوێ گلیان بدەنەوە.

جەنەراڵ گوتی: "زۆر بەخێرهاتن، گەلێ گەلێ خۆشحاڵ بووم". ئەمجارەیان پێدەچوو بە ڕاستی بێ، چونکە خواحافیزی کردن و بە ڕێکردنی میوانانی نەناس لە خێرهاتن و پێشوازی کردنیان ئاسانترە.

جەنەراڵ گوتی: "بەڕاستی خۆشحاڵ دەبم لە گەڕانەوەشتاندا گەورەمان بکەن. ماڵی خۆتانە، شەرم مەکەن. لەکوێوە تەشریف دەبەن؟ لە گردەکەوە، یا لە خوارەوە؟ نا، نا لە خوارەوە بڕۆن، بەنێو باخەکەدا تەشریف بەرن نزیکترە."

ئەفسەرەکان بەگوێی ئەویان کرد. باخەکە لە چاو ئەو ماڵە قەرەباڵغ و چراخانەدا، تاریک بوو. تا بەر دەروازەی باخەکە کەس ورتەی لێوە نەهات. کپی و ئارامی و سامی شەو ئەم پیاوە ناسک و نیوە مەستانەی خستبووە دنیای بیر و خەیاڵی قوڵەوە.

هەر هەموویان هەمان پرسیاری ڕیابوڤچیان لە خۆ دەکرد: "ئایا ڕۆژێ دێ منیش وەکو فنرابک خانوویەکی گەورە و خێزانم ببێ؟ باخم هەبێ؟ میوانداری خەڵکی بکەم؟ چش با ئەم میواندارییە لە دڵیشەوە دەرنەچێ، پێشوازی خەڵکی بکەم، ڕازی و مەست و تێر و پڕ بەڕێیان بکەم؟"

هەرکە لە باخەکە ڕەت بوون، هەموو دەمیان کرایەوە و کەوتنە قسان، لەپڕ و بێ چ هۆیەک لە قاقای پێکەنینیان دا. ڕێیەکەیان دەچۆوە سەر چۆمەکە، کەناری چۆمەکە دەوەنە جارێکی چڕوپڕ بوو، هەمووی چاڵ و چۆڵ و کەند بوو. شۆڕە بی و سوورە چناری کەنارەکە بەخێرایی لەبەر چاوی ئەفسەرەکان بەجێ دەمان. تەنیا ڕێگاکەی بەردەمیان بەتەواوی دیاربوو. ئەوبەری تاریکستانێ بوو چاو چاوی نەدەبینی! ناوە ناوە چۆمەکە وێنەی ئەستێرە ڕوناک و پرشنگدارەکانی دەنواندەوە و ئەمە تاقە نیشانەی خوڕی ئاوی چۆمەکە بوو. لەوبەری چۆمەکەوە مەلێکی خەواڵو بۆ تاقە جارێک ناڵاندی و لەجێی خۆی کڕبوو. لە کەناری ڕێبازەکاندا و لەنێو لق و پۆپی دەوەنێکەوە بولبولێک بێ ئاگا لەو ئاپۆرایە بە دەنگی بەرز دەیخوێند. ئەفسەرەکان کۆبونەوە و کەوتنە ڕاوەشاندنی دەوەنەکە. بەڵام بولبولەکە خۆی شێلو نەکرد و لەسەر خوێندنی خۆی بەردەوام بوو. هەموو کەوتنە ستایشی بولبولەکە: پیری خۆشخوان، دنیای داوەتە بەر کلکان، خۆزگەم بە خۆی.

گەیشتنە سەر جادەکەی مەیدانی کڵێسا. هەموو ماندوو ببوون. لەسەر پەڵە گیایەک دانیشتن و کەوتنە جگەرەکێشان. ڕووناکییەکی ئاماڵ سوور لە دوور دیار بوو. ئەفسەرەکان لەبەرئەوەی چ قسەیەک نەبوو بیکەن کەوتنە باسی ئەم ڕووناکییە؛ ئایا ڕووناکی ئاگرێکی هەڵایساوە یا ڕووناکی گڵۆپی ماڵێکە، یا هی شتێکی دییە؟! ڕیابوڤچ سەری هەڵبڕی، ڕوانییە ڕوناکییەکە، هەستی کرد بەو پێدەکەنێ و چاوی لێ دادەگرێ، وەک بڵێی لە کەین و بەینی ماچەکە ئاگادار بێ.

گەیشتنەوە جێی خۆیان. ڕیابوڤچ بەپەلە جلەکانی داکەند و لەسەر تەختەکەی خۆی پاڵ کەوت. ڕیابوڤچ هاو ژووری لبیتکف و مولازمێکی دیکە بوو بە ناوی "مرزلیاکف" کە پیاوێکی وردیلەی بێدەنگ و سەلار بوو. ئەم مولازمە پیاوێکی زۆر خوێندەوار بوو، بۆ هەر شوێنێ چوبا کتێبی "پەیامبەری ئەوروپا"ی لەگەڵ خۆدا دەبرد و هەمیشە موتاڵای دەکرد. لبیتکف بە تۆی کراسێک بەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. خوڵامەکەی نارد کە بیرەی بۆ بێنێ.

مرزلیاکف لەسەر پشت ڕاکشا، گڕی مۆمەکەی چاک کرد، کتێبی "پەیامبەری ئەوروپا"ی بە دەستەوە گرت و کەوتە موتاڵاکردنی. ڕیابوڤچ لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبێ ئێستا لەکوێ بێ؟ چاوی بڕییە بن میچە دووکەڵاوییەکە. هەستی دەکرد جێ ماچەکە هێشتا هەر فێنکە و تەزوویەکی خۆشی پێدا دێ، دیمەنی کیژەکان یەک یەک وەکو شریت بە مێشک و خەیاڵیا ڕەت دەبوون. شان و بازووی کیژە شینپۆشەکە، قژی لوول و چین لەسەر چینی کیژە ڕەشپۆشەکە، چاوانی گەش و خوماری کیژەکەی دی، کەمەری باریکی ئەوانی دی، بەرمور و تەوقە و قردێلەی کیژەکانی دیکە تێکڕا چاوشارکێیان لەگەڵ دەکرد. هەوڵی دەدا هەر هەموو ئەم دیمەنانە لە هزر و بیریا وێنە بگرێ و بە ئامان و زەمان دەست بەرداریان نەبێ.

بەڵام بێهودە، دیمەنەکان بۆ تاوێ دەدرەوشانەوە، چاوبڕکێیان لەگەڵ دەکرد و پاشان ئاوا دەبوون. کە ئەم دیمەنانە لە تاریکییەکەدا ون دەبوون، گوێی بۆ دەنگی هەنگاوی گورج و سرکی ژنێک هەڵدەخست، گوێی بۆ خشەخشی ژێر کراسی ژنانە و دەنگدانەوەی ماچەکە شل دەکرد.

خۆشی و لەزەتێکی بێهودە سەراپای داگرت. لەم خەیاڵە خۆش و بەلەزەتەدا بوو کە خوڵامەکەی لبتیکف بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە و ڕایگەیاند کە بیرە دەست ناکەوێ. لبتیکف بە نیگەرانییەوە کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. لەپێشا چووە نزیکی ڕیابوڤچ، پاشان لە تەنیشت مرزلیاکف وێستا و گوتی: "هەتیوێکی گەوجە. کەر پیاوی وا لە کوێ بیرەی پێ پەیدا دەکرێ. خوێڕی!"

مرزلیاکف بێ ئەوەی چاو لەسەر کتێبی "پەیامبەری ئەوروپا" هەڵبڕێ، گوتی "بەم شەوە لەکوێ بیرە لێرە پەیدا دەبێ." لبتیکف هاواری کرد: "تۆش باوەڕت کرد، لەسەری مانگیش بم. لە ماوەی پێنج دەقیقەدا هەم بیرە و هەم ژنیش پەیدا دەکەم. لەبنی عێزیشا بێ پەیدای دەکەم. گەواد بم ئەگەر پەیدای نەکەم!"

به بێدەنگی خۆی گۆڕی، جگەرەیەکی داگیراند و وەدەرکەوت. لە ڕاڕەوەکەدا هەڵوەستەیەکی کرد و لەبن لێوانەوە کەوتە ورتە ورت: "ڕابک! گرابک! لابک!... بەتەنێ ناڕۆم، هەر دێو کەوڵم دەکا. ڕیابوڤچ وەرە با پیاسەیەک بکەین. چی؟" چونکە چ وەڵامێک نەدرایەوە، گەڕایەوە. بە ئەسپایی جلەکانی داکەند و ڕاکشا. مرزلیاکف هەناسەیەکی هەڵکێشا، کتێبەکەی داخست و مۆمەکەی کوژاندەوە.

لبتیکف دووکەڵی جگەرەکەی کرد بەنێو تاریکییەکەدا و لەبەر خۆیەوە گوتی: تەگبیر؟!

ڕیابوڤچ خۆی لەژێر چەرچەفەکەیدا گرمۆڵە کرد، هەوڵی دەدا بە خەیاڵ هەموو دیمەنەکان لێک بدا و وێنەیەکی جوان جوانیان لێ دروست بکا، بەڵام خەون و خەیاڵەکان سرک و سڵ بوون و بۆی ڕام نەدەبوون هەر زوو خەوی لێکەوت. چونکە قەت نازی بە خۆوە نەدیتبوو زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو بەوەی ژنێک ئاوڕی لێ داوەتەوە و نازی کێشاوە، ئەم بیر و خەیاڵانە لە خەویشا هەر دەست بەرداری نەبوون.

کە لە خەو ڕابوو، نە چەوریەکەی قەد ملی و نە فێنکایی جێ ڕامووسانەکە نەما بوون. بەڵام لەزەت وەکو دوێنێ شەو بە هەموو دەمارەکانیا دەگەڕا. جامی پەنجەرەکە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە، گوێی بۆ دەنگەدەنگی دەرێ هەڵخست. یەکێک لە ژێر پەنجەرەکەدا و بە دەنگی بەرز هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد؛ دەنگی "لبدتسکی" فەرماندەی هێزی تۆپخانە بوو کە تازە لە ڕێوە هاتبوو. نەڕەیەکی کرد و گوتی:

- چی دی؟

- دوێنێ لە کاتی ناڵ کردنی ئەسپەکاندا، سمی ئەسپەکەی "گولوبچیک" کون بوو. بەیتاڵەکە دەستوی دا کە لە گەچ و سرکە بگیرێ. هەروەها قوربان دوێنێ شەو "ئارتمیڤ"ی میکانیک سەرخۆش بوو و جەنابی سەروان دەستوری دا کە بیخەنە سەر پێشی عارەبانەی تۆپەکە تا بێتەوە سەر خۆی.

سەر لقەکە لەسەر قسەکەی ڕۆیی: "کاریف بیری چووە سنگی خێوەتەکان و پەتی ڕاکێشانی تۆپەکان بێنێ. ئەفسەرەکانیش شەوێ لە ماڵی جەنەراڵ فنرابک میوان بوون." لیدتسکی بە خۆ و ڕدێنە سوورەکەیەوە لەبەر پەنجەرەکەدا قوت بۆوە، چاوە نزیک بینەکانی برِیە نێو ژوورەکە. جماعەت هێشتا سست و خەواڵو لە نێو جێگاکانیاندا بوون. چاک و خۆشی لەگەڵ کردن و پرسی: "ئایا هەموو شتێک دورستە، خۆ چ کەموکوڕییەکتان نییە؟"

لبتیکف گوتی: "پشتی ئەسپەکەم ڕوشاوە؛ نیرە نوێیەکە گرتویەتی." فەرماندە هەناسەیەکی هەڵکێشا، تۆزێ داما و گوتی: "بەتەمام بچمە لای (ئەلکساندرا یگوزڤنا) و ببینم، خواحافیز. شەوێ لە ڕێگادا پێتان دەگەمەوە."

پاش چارەکە سەعاتێک هێزەکە کەوتە ڕێ. وەختێ گەیشتنە ئاستی عەمارەکانی فنرابک، ڕیابوڤچ ئاوڕێکی دایەوە و ڕوانییە ماڵی فرانبک، پەردەی پەنجەرەکان دادرابوونەوە، دیاربوو هەموویان خەوتوون. ئەویش، ئەویش کە پێش چەند سەعاتێ ئەمی ماچ کردبوو، هەنووکە لە غوڕابی خەودایە. هەوڵیدا بە خەوتووی بیهێنێتە بەرچاوی خۆی. پەنجەرەی ژوورەکەی ئەوی هێنایە بەرچاوی خۆی کە لق و پۆی سەوز لە پەنجەرە وازەکەوە سەریان بردۆتە ژوورێ. فێنکی و خۆشی هەوای سپێدە، بۆنی سوورەچنار، وەنەوشە و گوڵی سوور، سیسەم، کورسی، ئەو جلە جوانانەی دوێنێ شەو، جوتێ پاپوجی بچکۆلە، سەعاتێ کە لەسەر مێزێک چرکەچرکی دەکرد، هەر هەموو ئەمانە لەبەر چاویا بەرجەستەبوون، بەڵام سیمای، بزە تەڕ و ناسک و پڕ مەحەبەتەکەی؛ واتە ئەوەی کە گرینگ بوو، وەکو چۆن جیوە لە دەستی بنیادەمدا ناوەستێ، لە خەیاڵی ئەودا بەند نەدەبوو، پاش ئەوەی نیوقۆناغەرێ ڕۆییشتن، ئاوڕێکی دی دایەوە. کڵێسا زەرد باوەکە، ماڵەکە، باخەکە و چۆمەکە یەکپارچە غەرقی ڕووناکی بوو ،ئاسمانی ساف و شین، ڕەخی یەکپارچە سەوزی چۆمەکە کە تیشکی زیوینی ڕۆژی گرتبووە باوەش، لەڕادەبەدەر جوان بوو. ڕیابوڤچ دوا نیگای کردن و وەکو لە شتێکی یەکجار ئازیز و خۆشەویست دابڕابێ هەستی بە خەمێکی گەورە کرد.

ڕیابوڤچ بست بە بستی ڕێگاکە شارەزابوو، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە کێڵگەی گەنمی پڕ لە مرۆر بوو. قەل و داڵ بەسەر کێڵگەکاندا دەفڕین و دەنیشتنەوە. بەردەمی تەپوتۆز و پشتی زەلام بوو، پشتەوەی تەپوتۆز و دەموچاوی زەلام بوو. چوار سەربازی شمشێردار لەبەردەم هێزەکەوە دەڕۆیشتن؛ ئەوانە پێشقەرەوڵ و پاسەوانی هێزەکە بوون. لەدوای ئەوانەوە دەستەی کەڕەنا و مۆسیقا بوو. پێشقەرەوڵان و دەستەی جۆق و مۆسیقا وەکو دەستەی بەڕێکردنی جەنازە کەوتبوونە پێشەوە و گوێیان بە ڕێک و پێکی ڕیزەکە نەدەدا. ڕیابوڤچ "٥" تۆپی لەبەردەم خۆیەوە دەبینی. بۆ بابایەکی نەشارەزا، ئەم کۆڕەوە سەخت و دوور و درێژەی هێزی تۆپخانە شتێکی سەیرە، بابایەکی نەشارەزا قەت لەوە تێ ناگا کە بۆ دەبێ تاقە تۆپێک ئەم هەموو پاسەوانەی لەگەڵ بێ! یا ئەم هەموو ئەسپەی بۆ چییە؟ بەڵام بۆ یەکێکی وەکو ڕیابوڤچ کە سەری لەو کارانەدا

سپی کردبوو ببوو به کارێکی ڕۆتینی و به هیچ جۆرێ مایەی سەرنج نەبوو. ئەو دەمێ ساڵ بوو دەیزانی کە بۆچی دەبێ سەر لقێکی شەیپوڕچی قوت و قیت بە سواری ئەسپ لە پشت ئەفسەری هەر تۆپخانەیەکەوە بڕوا، دەیزانی بۆ بەم سەر لقە دەڵێن "ئاردالٚ"، دەیزانی بۆچی ئەفسەران و ڕێنوێنان لە دوای ئەوەوە دەڕۆن.

ڕیابوڤچ دەیزانی کە بۆچی ئەسپە نزیکەکان پێیان دەگوترێ ئەسپی سواری و ئەسپە دوورەکان پێیان دەگوترێ ئەسپی یەدەک. هەڵبەتە ئەم زانیاریانە بۆ بابایەکی نابەڵەد و نەشارەزا و ئاسایی مایەی سەرنجن. سەبازێک بەسەر ئەسپێکەوە بوو هێشتا تەوپوتۆزی دوێنێی پێوەبوو، بەلەکپێچێکی لە لاقی ڕاستی شەتەک دابوو کە تەواو بێفایدە و بێ مەعنا دەهاتە بەرچاو. بەڵام ڕیابوڤچ کە سوودی ئەم پوزەوانەیەی بە چاکی دەزانی بە لایەوە بێفایدە و مەعنا نەبوو. عەرەبانچییەکان خۆبەخۆ قامچییەکانیان ڕادەوەشاند و شریخەیان لێ هەڵدەستاندن و هەندێ جاریش هاواریان دەکرد. تۆپەکان لەخۆوە سەرنجیان ڕادەکێشا. توورەکەی مشەما و جاوی پڕ کاو و جۆ لە پێشی عەرەبانەی تۆپەکان بارکرابوون. مەقەڵی و کاسە و گۆزە و قۆری بە تۆپەکانەوە هەڵواسرابوون. تێکڕا تۆپەکان لە حەیواناتی بێ ئازار دەچون کە لەبەر هۆیەکی نادیار لەلایەن زەلام و ئەسپەکانەوە دەپارێزران و شەش تۆپچی بە تەنیشت تۆپەکەوە دەڕۆیشتن و بازوویان بادەدا. لەدوای هەر تۆپێکەوە فەرماندە و ئەفسەران و سەرلق دەڕۆیشتن. تۆپەکانی دیکەش بە هەمان دەستور دەهاتن. تۆپەکانی دواوە ناشیرین بوون و شتاقیان سام و تامی تۆپی یەکەمیان نەبوو. چونکە هەر لقێکی تۆپخانە چوار تۆپی هەبوو، و تێکڕای هێزەکە شەش لقی تۆپخانەی هەبوو بۆیە هێزەکە مەودای نیوفەرسەخێکی گرتبۆوە.لە کۆتایی هێزەکەوە عەرەبانەیەک هێدی هێدی دەهات. ئەسپێکی مەجەڕی لەژێردا بوو، یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی تۆپخانە ئەم ئەسپەی لە تورکیاوە هێنابوو. ئەسپەکە سەری نەوی کردبوو؛ و دەتگوت بیر دەکاتەوە.

ڕیابوڤچ خەیاڵاوی دەجووە پێشێ. جارێ دەیڕوانییە بەردەمی و شان و ملی تۆزاوی ئەوانەی پێشەوە و جارجارێ ئاوڕی دەدایەوە دەیڕوانییە چارەی ئەوانەی دواوە، هێشتا هەر لە نەشئەی ئەو ڕێکەوتەی دوێنێ شەوا بوو دەنا وانەبا ئێستا وەنەوزی دەدا. ئێستا غەرقی خەیاڵی خۆش و تازە بوو، ئەو ڕۆژە کە هێزەکە کەوتبووە ڕێ قەناعەتی تەواوی بە خۆی کردبوو کە مەسەلەی ماچەکە تەنیا ڕێکەوت بووە و هیچی دی، بەخۆی دەیزانی کە ئەم ماچە چ بایەخێکی واقیعی نییە و ئەگەر بە جدی بیگرێ و بە

قووڵی بیری لێبکاتەوە ئەوا خۆی دەخەڵەتێنێ. کەچی زوو بە زوو ئەقڵ و هۆشی باریان کرد و تەسلیمی خەیاڵات و زندە خەون بوو.

بە خەیاڵ خۆی لە ژووری نان خواردنی فنرابکدا دەبینییەوە کە سەرگەرمی قسە و باسە لەگەڵ جوانێکا کە جوانی و ناسکی کیژە شینپۆشەکە و کیژە قژە زەردەکە و کیژە ڕەشپۆشەکەی لە خۆدا کۆکردبووەوە. چاوی دەنوقاند و ئەمجارەیان خۆی لەگەڵ کیژێکی بێگانەی دیدا دەبینییەوە، نازی دەکێشا، بەسەر شان و ملیدا دادەنەویەوە. ئەوجا خەیاڵی شەڕ و جیابوونەوەی بەسەردا هات... ئەوجا دیدار و پێک گەیشتنەوە... هەرجارێ کە دەگەیشتنە سەرگردێک ئەم فەرمانە لە گوێی هەمووا‌ندا دەنگی دەدایەوە: "لەسەر خۆ بڕۆن" ڕیابوڤچش هەمان فەرمانی دووبارە دەکردەوە: "لەسەر خۆ بڕۆن." هەر جارێ کە فەرمانەکەی دووبارە دەکردەوە ترسی لێدەنیشت کە نەبادا تەلیسمی ئەفسونەکە بشکێ و دنیای خەیاڵی لێبشێوێ.

ئەم تەلیسمە تا نزیکی نیوەڕۆ نەشکاو باڵی بەسەر هزر و بیریدا کێشا، نیوەڕۆ لەوسەری هێزەکەوەو بە دەنگی بەرز جاڕی فەرمانێک درا: "ئەفسەرەکان وریابن! بڕواننە ڕاست!" جەنەراڵی بەرپرسی هێزەکە بە گالیسکەیەکی دوو ئەسپیی سپییەوە وەدەرکەوت، چەند ئەفسەرێک کە ریابوڤچش یەکێک بوو لەوانە غاریان دا. جەنەراڵ گوتی: "کار و بارتان لە چ دایە؟" ئەوجا چاوە سوورەکانی تروکاندن و لەسەر ڕۆیی: "خۆ کەس نەخۆش نییە؟!" جەنەراڵی وردیلەی لاواز پاش ئەوەی وەڵام درایەوە، کەمێ تێفکری و ڕووی کردە ئەفسەرێک و گوتی: "ئەوە بۆ ئەسپ سواری تۆپی سێیەم زەنگاڵەکەی داکەندووە و بە تۆپەکەوەی هەواڵسیوە؟ خوێڕی سزای بدە؟!" پاشان ڕووی کردە ڕیابوڤچ و گوتی: زینی ئەسپەکانی لقەکەی تۆش لە شل و شێواو دەچێ. چەند شتێکی تری لەو بابەتەی گوت و ئەوجا ڕووی کردە لبتیکف و بە پێکەنینەوە گوتی: "ملازم لبتیک ئەوە بۆ وا چارەت داوە بە یەکدا، بیری خاتوو (لوپوخوف) دەکەی ها؟ کوڕینە وادیارە بیری خاتوو لوپوخوف دەکا."

خاتوو "لوپوخوف" ژنێکی باڵابەرزی قەڵەو بوو، تەمەنی نزیکەی پەنجا دەبوو. چونکە جەنەراڵ بەخۆی حەزی لە ژنی قەڵەو دەکرد و هێندە گوێی بە تەمەن نەدەدا، وای دەزانی ژێر دەستەکانیشی هەمان زەوقیان هەیە. ئەفسەرەکان بەڕێزەوە پێکەنین. جەنەراڵ زۆری کەیف بەوە هات کە قسەیەکی خۆشی بۆ ئەفسەرەکانی کردووە. دەستێکی دا بە پشتی گالیسکەچییەکەدا و سڵاوێکی کرد و گالیسکەکە ڕەت بوو.

گالیسکەکەی جەنەراڵ تەپوتۆز و گەردەلوولی لە دوای خۆیەوە هەستاند. ڕیابوڤچ بەدەم تەماشاکردنی گەردەلوولەکەوە لە فکران ڕاچوو: "تومەز ئەوەی لای من خەیاڵە، لەلای خەڵکی ئاساییە و زۆر کەس پێی گەیشتوون. ئەم ڕێکەوتە، هەموو ڕۆژێکی خوا ڕوودەدا و هەر هەموویان ماچیان جەڕباندووە. بۆ نموونە ئەم جەنەراڵە پیرە لە گەنجیدا بەقەد تووکی سەری من ئاشقێنی کردووە و ئێستاش ژن و منداڵی هەن. نەقیب - فاشتر -ش ژنی هەیە و ژنەکەشی خۆشی دەوێ، خۆ چارەشی دوو فلسی قەڵب نایەنێ... سلمانوف پیاوێکی توورە و ترۆیە و هەر لە مەغولیان دەچێ کەچی بە ئاشقێنی ژنی خواستووە!... یانی ئەم شادییە هەر بۆ خەڵکی ڕەوایە؟ من پێی ناگەم؟! نا، نا منیش درەنگ یا زوو هەر پێی دەگەم". دڵخۆشی خۆی بەوە دایەوە کە ئەویش وەکو خەڵکییە و لە هیچ کەسێک کەمتر نییە، ئەمجارەیان بە جورئەتەوە جڵەوی بۆ خەیاڵ شل کرد و، ئەو و خۆی هێنایە بەرچاو کە لەوپەڕی خۆشی و شادیدا بوون.

دمەوخۆرئاوا هێزەکە گەیشتەجێ و لایدا. ئەفسەرەکان هەموو شەکەت و ماندوو لە خێوەتی خۆدا لێی کەوتن. بەڵام ڕیابوڤچ، مرزلیاکف و لبیتکف سەندوقێکی پڕیان کرد بە مێز و شێوەکەیان لەسەر خوارد. مرزلیاکف بەدەم نان خواردنەوە کتێبەکەشی دەخوێندەوە، لبیتکف هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد و بیرەی لە پەرداخەکەی خۆی کرد. ڕیابوڤچ کە گێژ و کاسی زندە خەوی بەردەوامی ڕۆژ بوو، بە بێدەنگی نانی دەخوارد. پاش پێکی سێیەم مەست بوو، گیانی سست بوو، شەرمی شکا و کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی: "کوڕینە من لە ماڵی فنرابک تووشی شتێکی سەیر بووم" دەیویست وا خۆی بنوێنێ کە ئەم شتانەی بە لاوە ئاساییە و گاڵتەی پێ دێ: "ویستم لە ژووری بیلیاردەکە بێمە دەر کەچی لە ڕێگادا..." بە ئاو وتاو هەموو ورد و درشتێکی ماچە مێژووییەکەی گێڕایەوە. بەو بوایە گێڕانەوەی ئەم داستانە خۆشە هەر تەواو نەبوایە و تا بەیانی درێژەی بکێشایە.

وەختێ ڕیابوڤچ لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی بووەوە، لبتیکف کە بەخۆی پیاوێکی درۆزن بوو و باوەڕی بە قسەی چ کەسێک نەدەکرد، لە ڕووی نەباوەڕییەوە پێکەنی. مرزلیاکف برۆکانی وێک هێنایەوە و بەدەم موتاڵاکردنەوە و بەبێ موبالاتییەوە گوتی: "خوادەزانێ کێ بووە؟ وتت خۆی پێتا هەڵواسی و هاواریشی نەکرد؟ یا دەبێ ئەقڵی سووک بووبێ یا شێت بووە؟!" ڕیابوڤچ گوتی: "قسەی تۆیە ڕەنگە شێت بووبێ."

لبیتکف گوتی: "ئەوە منیش جارەک شتێکی، وام لێهەڵکەوت. دەچووم بۆ "کوڤنو" سواری قیتار بووم و بلیتی نمرە دووم بڕی بوو. فارگۆنەکە پڕپڕ بوو، خەوم نەدەهات. هەستام ڕۆبڵێکم دایە پاسەوانی قیتارەکە، جانتاکەی هەڵگرتم و بردمییە فارگۆنێکی نمرە یەک. لەوێ ڕاکشام و پەتۆکەم بە خۆمدا دا، زۆر تاریک بوو. لەپڕ هەستم کرد یەکێک دەستی خستە سەرشانم، نەخێر هەناسەی بەر دەموچاوم کەوت. دەستم درێژکرد، بەر ئانیشکی کەوت. چاوم هەڵبڕی چ ببینم! ژنێ بوو چاوانی ڕەش وەکو زوخاڵ، لێوی سوور عەینی یاقووتی ئاڵ، هەناسەی بۆنی ئەشقی لێدەهات مەمکی قوت و توند..."

مرزلیاکف بە هێمنی قسەکەی پێ بڕی: "دە فشەفش! سەبارەت بە مەمکەکانی هەرچییە بڵێی ڕەنگە باوەڕت پێ بکرێ، بەڵام کە زۆر تاریک بوو، چۆن لێوە سوورەکانیت بینی؟" لبیتکف بۆ ئەوەی درۆکەی خۆی پینە بکا پێکەنی. ریابوڤچ زانی گاڵتەی پێدەکا، بۆیە ناڕەحەت و دڵتەنگ هەستا و چوو لەسەر تەختەکەی خۆی ڕاکشا و سوێندی خوارد کە ئیدی هەرگیز باوەڕ بە کەس نەکا.

ژیانی ئوردوگاکەیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕۆیی، ڕۆژان چون یەک تێدەپەڕین. ڕیابوڤچ ئاشقانە بیری دەکردەوە. بەیانیانی زوو کە خوڵامەکەی ئاوی ساردی بۆ دێنا و ئەو دەموچاوی پێ دەشت لەپڕ ئەوەی بە بیرا دەهات کە: "ژیانی گۆڕاوە و ئەو دنیا چۆڵ و هۆڵەی جاران نییە."

شەوان کە هاوڕێکانی باسی ئاشقێنی و ژنانیان دەکرد، ئەو لەنێو کورسییەکەی دەخزی، و دەتگوت سەربازێکی پیرە و باسی ئەو جەنگانە دەگێڕێتەوە کە بەشداری تێدا کردوون. هەندێجار ئەفسەرەکان، ملازم لبیتکفی مێبازیان دەدایە پێش خۆ و دەچوون بۆ مێبازی. ریابوڤچ بە ناچاری بەگەڵیان دەکەوت، بەڵام ویژدانی ناڕەحەت بوو، ڕەفتار و ئەتواری سارد و سڕبوو، لە دڵی خۆیدا پۆزشی بۆ "ئەو" یانی دەنکە خەیاڵییەکەی دێناوە. ئەو شەوانەی کە خەوی دەڕزا و مێشکی پڕدەبوو لە بیرەوەری منداڵی، باوکی و دایکی و هەموو شتێکی دیکەی دڵگیری بیر دەکەوتەوە. ئاکام بەوە دەشکایەوە کە یادێکی میستچکی، ئەسپە جوانەکە،فنرابک، ژنەکەی کە دەتگوت شای جوانانە، ژوورە تاریکەکە، ڕووناکییەکەی درزی دەرگای گۆڕین بکاتەوە و بیرەوەرییە خۆشەکانی پێ برازێنێتەوە.

لە ٥/٣١ دا ڕیابوڤچ لەگەڵ دوو مەفرەزەدا گەڕایەوە، ڕیابوڤچ وەکو چۆن دوورخراوەیەک بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە لە خۆشیان لە پێستی خۆی نەدەهێوری و

بەردەوام زندەخەونی دەبینی، تامەزرۆی دیداری ئەسپەکە، کڵێساکە، فنرابک، تامەزرۆی ژووره تاریکەکە بوو. تامەزرۆی ئەو دەنگە نەمرە بوو کە لە گوێی هەموو ئاشقاندا دەنگ دەداتەوە و ئاشقانی دابڕاو لە یار فریودەدا. ئەو دەنگە نەمرە کە لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە و دڵنیای دەکرد کە: "جارەکی دیکە دەیبینێتەوە". بەڵام گومان بە هیلاکی دابوو. چۆن دەیبینێتەوە؟ چی پێ بڵێ؟ ئاخۆ ماچەکەی بیرماوە؟! ئەدی ئەگەر بۆ نەگبەتی هەرگیز نەیبینێتەوە؟هەر خۆی دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە "جارێکی دی خۆی بە ژووره تاریکەکەدا دەکاتەوە و هەرنەبێ یادێکی گەرم و گوڕی شەوی گوڕین دەکاتەوە."

دەمەوئێوارە، عەمارە سپییەکان و کلێساکە لە دوورەوە بەدیار کەوتن. دڵی ڕیابوڤچ کەوتە پەلەپەل. ئەفسەرەکەی تەنیشتی قسەی دەکرد. بەڵام ئەم گوێی لێ نەبوو. ئاگای لە دنیا نەمابوو. بە تاسە و ئەڵهایەکی سەیرەوە چاوی بڕییە ئەو چۆمەی کە لە دوورەوە دیاربوو و لە دیاری مەحبوبەدا دەبریسکایەوە. ڕوانییە سەربانە سەوزەکان، ڕوانییە ئەو کۆترخانانەی کە کۆتری جوان جوان بە سەریاندا دەفڕین و هەتاوی دەمەوئێوارە تیشکی زێڕینی دابوو لە باڵیان.

ڕیابوڤچ ڕووی ئەسپەکەی کردە کڵێساکە، دیسان دەنگە گڕەکەی ئەفسەری دارایی لە گوێچکەیدا گیرسایەوە... بەتەمابوو لە ئان و ساتدا سوارێ لە پشت پەرژینەکانەوە دەرکەوێ و دەعوەتی چایان بکا. بەڵام ئەفسەری نێوبراو قسەکەی خۆی تەواو کرد، ئەفسەرەکانی دی بەپەلە ڕوویان کردە گەندەکە و چ هەواڵێک لە ئەسپ سواری گۆڕینەوە نەبوو.

ڕیابوڤچ بەوە دڵی خۆی دەداوە کە: "ئەگەر فنرابک پێ بزانێ کە گەڕاوینەتەوە دەنێرێ بە شوێنماندا" هێند لەم مەزەندەیەی خۆی دڵنیا بوو کە وەختێ خۆی بە کوختەکەیدا کرد پێی سەیر بوو هاوڕێکانی مۆمیان هەڵایساندوە و دەستور بە خۆڵامەکانیان دەدەن سەماوەر پێبکەن!

ئارەزوویەکی پڕ سوێ نارەحەتی کردبوو، لەسەر تەختەکەی پاڵکەوت. پاش تۆزێک هەستا تا بزانێ سوارەکە دەرکەوت یا نە؟ چ سوارێ دیارنەبوو، دیسان پاڵ کەوتەوە. هەمدیس هەستایەوە. ئەمجارەیان بەرگەی نیگەرانی نەگرت و کەوتە کوچە و کۆڵانان و ڕووی کردە مەیدانی کڵێساکە. مەیدانەکە تاریک و چۆڵ و هۆڵ بوو. سێ سەرباز هێدی

و ئارام لەسەر گردەکە وەستابوون، کە ئەویان بینی ڕەق ڕاوەستان و سەلامیان بۆ کرد. سەلامەکەی سەندنەوە و بە ڕێگای خۆیدا نشێو بووەوە.

پەڵە هەوری ئەرخەوانی بە ئاسمانی پشت چۆمەکەوە دیاربوو. مانگ وردە وردە بەرزبووەوە و لەنێو ئەو پەڵە هەورە ئەرخەوانیانەوە بەدیارکەوت. دوو ژنە دێهاتی بەدەم قسەکردنەوە بەنێو بێستانێک کەوتبوون و گەڵا کەلەرمیان دەکردەوە. ماڵەکانیان کەوتبووە پشتەوە و لە تاریکییەکدا مت ببوون. کەناری چۆمەکە هەروەکو خۆی وابوو، هێشتا هەر سەوزبوو، بنجک و دەوەنەکان وەکو خۆیان بوون. بەڵام ئەمجارەیان چریکەی بولبول نەدەهات و بۆنی درەختی چنار و گیای تازە کەم ببوو.

ڕیابوڤچ گەییە ئاستی ماڵی فنرابک، چاوی نا بە کونی دەروازەی باخەکەوە و دزەنیگایەکی کرد. هەموو شتێک هەر بێدەنگ و تاریک بوو. لێرە و لەوێ کۆتەرە دارێک بە ئاستەم سپی دەچووەوە. باخەکە کش و مات بوو. ڕیابوڤچ گوێی هەڵخست، چاوی بڕییە ژوورەوە؛ نزیکەی چارەکە سەعاتێک بەو دەقەوە مایەوە، پاشان بێ ئەوەی دەنگێ بژنەوێ یا ڕوناکییەک بدینێ، شەکەت و خەمبار گەڕایەوە.

گەیشتە قەراغ چۆمەکە، گەرماوەکەی جەنەراڵ لە بەردەمیدا بوو، خاولی سپی و توکن درابوون بەسەر تەیمانی پردەکەدا، لە پردەکەوە سەرکەوت و تاوێک وێستا. دەستێکی لە خاولییەکان دا! تەڕ و سارد بوون. لە سەرێڕا ڕوانییە چۆمەکە، چۆمەکە بە خێرایی دادەکشا. هاڕە و هاژەی ئاوەکە لە غەڵبەغەڵبێکی نامەفهوم دەچوو؛ وەک ئەوەی جنێو بێ و بە پایەی گەرماوەکە بدرێ! بە دەستی چەپا و لە سووچێکەوە تریفەی سورباوی هەیڤ لەنێو ئاوەکە عەکس ببووەوە. شەپۆلی چۆمەکە، جارێ ئەم ڕووناکییە سووورباوەی لە ئامێز دەگرت، جارێ وەکو شمشێر دوو لەتی دەکرد و جارێ ورد و خاپوری دەکرد و چەشنی ئاوماڵکە و نەمامی بچووک ڕای دەماڵی.

ڕیابوڤچ چاوی بڕییە شەپۆلە خێراکان و گوتی: "چەند بێهودەیە! ئەرێ وەڵڵا بێهودەیە! خوایە؛ هەموو شتێک پوچ و بێ مەعنا و بێهودەیە!"

وەختێ هیوای لەدڵدا نەما، ناچار لە ئەسپی خەیاڵ دابەزی. مێژووی ماچەکە، بێ قەراری خۆی، گڕی ئەشقەکەی. ئارەزووە ئاڵۆزەکانی، سەرلەبەر کەوتنە بەر ڕووناکییەکی ئاشکرا، دەستی لە هاتنی سوارەکە و دیتنی ژنەکە شۆرد؛... ئەو ژنەی کە بەڕێکەوت ئەمی لەبری یەکێکی دی ماچ کردبوو.

ئاوی چۆمەکە بەتەنیشتیا دەڕۆیی، کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوا. مانگی پێنج بوو وکەچی ئاوەکە هەر خێرا دادەکشا، ئیدی چۆمە و عەودالّی ڕوبارە، ڕوبارە و ئاشقی دەریایە، دەریایە و ئالکاوی تەم و مژ و شەپۆلی زەلامەکە لەوەیە ئەم ئاوە هەمان ئاوی گۆڕین بووبێ کە ئێستا بەمجۆرە بە بەرچاوی ڕیابوڤچەوە دەڕۆیی. بەڵام بۆ؟ مەبەستی چ بوو؟ سەرلەبەری دنیا و ژیان لەبەرچاوی ڕیابوڤچ تاریک بوو و بێهودە دەی نواند.

چاوی لە چۆمەکە گواستنەوە و ڕوانییە ئاسمان. ئەوەی بیری خۆی هێنایەوە کە چۆن قەدەر بۆ تاقە جارێک بەسەری کردەوە و ژنێکی نەناسی ڕەخساند کە ماچی بکا. چ خەون و خەیاڵی شاعیرانەی هەبوون وەکو فیلم بۆ خۆی لێدایەوە و سەیری کرد سەرلەبەری تەمەن و ژیانی پوچ و بێهودە و بێ مەعنا بووە. کە گەیشتەوە کوختەکەی خۆیان، هاوڕێکانی لەوێندەر نەبوون.

خولامەکەی پێی ڕاگەیاند کە: "هەموو چوونە بۆ ماڵی جەنەراڵ فنرابک، جەنەراڵ سوارێکی بەدوودا ناردبوون و دەعوەتی کردبوون." گەشکەیەکی کورت خایەنی کەوتە نێو دڵ و دەروون. بەڵام ڕیابوڤچ ئەم گەشکەیەی سەرکوت کرد و دای مرکاندەوە؛ بەدەم گلەیی کردنەوە لە بەختی خۆی، خۆی دا بەسەر تەختەکەیدا و وەکو یەکێک بیەوێ تۆڵە بستێنێ، خۆی لە دەعوەتەکە کەڕ کرد و گوێی نەدایێ.

## هەڵاتن

سەربهوردێکی بێ کۆتایی بوو. پاشکا و دایکی لە باراندا تەڕببوون، چەندین قۆناغ بە پێیان هاتبوون. دەشت و پەرێزیان بڕی بوو. ئەوجا گەییبوونە سەر جادە جەنگەڵییەکان. جادەکان یەکپارچە گەلای ڕژاوی درەخت بوو. تاکو سپێدە هەر بە پێیان هاتبوون. پاش ئەو هەموو ڕێکردنە دوو دانە سەعاتی خشت لەبەر دەرگای عیادەدا وەستابوون و چاوەنۆڕ بوون دەرگایان لێ ڤەبێ. هەڵبەتە ژێر کۆڕنیشی دەرگاکە لە دەرێ گەرمتر و وشکتر بوو. بەڵام وادیاربوو بایە لاسارەکە ئەوێشی پێ ڕەوا نەدەبینین و پڕوشە بارانی لەگەڵ خۆدا دێنا. هەرکە ژێر کۆڕنیشەکە پڕبوو لە نەخۆش و دەردەداران، پاشکا خۆی بە نێو ئاپوراکەدا کرد و دەموچاوی کرد بەژێر چمکێکی فەروەکەیدا کە بۆنی ماسی خوێکراوی لێدەهات، خەو بردییەوە.

ئەنجام دەرگە کرایەوە، پاشکا و دایکی خۆیان لە هۆڵی چاوەڕوانیدا بینییەوە، دیسان چاوەڕوانی... نەخۆشان لەسەر تەخت و کەرەویتەکانی نێو هۆڵەکە ڕۆنیشتن. کەس جوڵەی نەدەکرد. کەس زاری هەڵنەدەهێنا. پاشکا ئەبڵەق و واق ورماو چاوی بڕییە ئاپوراکە. هەرچەندە زۆر شتی سەیر و پێکەنین هێنەری بەرچاو کەوت، بەڵام لێوی لەبەر یەک هەڵنەهێنان. تەنیا جارێک نەبێ کە کوڕێک بە تاقە لاقێکەوە و بە هەڵقون هەڵقون وەژوور کەوت، پاشکا ژەنییە قەپرغەی دایکییەوە و سەری وەبن فەروەکەی خست و بە پێکەنینەوە گوتی: "دایکە تەمەشا، حاجی لەقلەق"

- کڕبە ڕۆڵە.

لە پشت پەنجەرەیەکی بچووکەوە، سەروسەکوتی خەواڵۆی پزیشکیارەکە وەدیار کەوت و گوتی: "وەرن ناوەکانتان بنووسم."

نەخۆشەکان تێکرا و لە هەموویان دیارتر کوڕە یەک لاقەکە بەرەو پەنجەرەکە هێرشیان هێنا. پزیشکیارەکە ناو و شۆرەت و ناوی گوند و نەخۆشی هەر یەکێکیانی دەپرسی و وردە پرسیاری دیکەشی لێدەکردن. پاشکا بە وەڵامەکەی دایکیا بۆی دەرکەوت کە ناوی "پاڤل گالاکتیونف"ە، عەمری حەوت ساڵانە، لە جەژنی ئیستەرەوە تا ئێستا نەخۆشە.

نەخۆشەکان ناونووس کران، هەر یەکە و چاوەڕوانی نۆرەی خۆی بوو. دکتۆرەکە بە بەرکۆشەی سپییەوە و خاولییەک بەسەر شانییەوە لە هۆڵی چاوەڕوانییەوە تێ پەڕی. کە گەییە ئاستی کوڕە یەک لاقەکە دەستێکی دا بەسەر شانیدا و گوتی: "عەجەب ولاغێکی، توخوا تۆ ولاغ نیت؟ من پێم گوتیت دوو شەممە وەرەوە کە چی جومعە هاتویتەوە. من لە تۆ پتر خەممە. ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێ لاقت لە دەست دەدەی، ها!" کوڕە یەک لاقەکە گرژ بوو، وەکە گەدایان کەوتە پاڕانەوە: "ئیڤان نیکولاڤیچ... مەعز بۆ خوا..."

دکتۆرەکە بە سەرزەنشتەوە گوتی: "ئیڤان نیکولاڤیچی چی! پێم گوتیت دوو شەممە. دەبێ بە قسەم بکەی. بەڵام فایدەی نییە تۆ ولاغیت قسە ناچێ بە گوێتدا."

دیداری نەخۆشان دەستی پێکرد. دکتۆر لە ژووری خۆی ڕۆنیشت و کەوتە گازکردنی نەخۆشەکان، لە ژووری دکتۆرەکەوە دەنگی گریانی منداڵان، ئاهوناڵەی نەخۆشان، گلە و گازندەی تووڕەی دکتۆر دەهاتە گوێی: "هاوار مەکە، خۆ ناتکوژم، ئارام دانیشە!" ئاخری نۆرەی پاشکا هات. دکتۆر گازی کرد: "پاڤل گالکتیونف". دایکی پاشکا هەوەڵجار گێژ بوو، بەڵام خێرا هاتەوە سەرخۆ، دەستی پاشکای گرت و بردی بۆ ژووری دکتۆر. دکتۆر لە پشت مێزێک دانیشتبوو، ڕاستەیەکی بە دەستەوە بوو وخۆ بە خۆ دەیکێشا بە کتێبێکی ئەستوردا.

دکتۆر بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ و سەیریان بکا گوتی: "چییەتی؟"

دایکی پاشکا گوتی: "ئانیشکی کوڕەکەم لووی لێهاتووە" بەجۆرێ دەموچاوی گرژبوو وەکو ئەوەی بەخۆی ئازاری لوی کوڕەکەی بچێژێ.

دکتۆر گوتی: "جلەکانی داکەنە." پاشکا بە هانکەهانک مل پێچەکەی کردەوە. کەپووی بەسەری قۆڵی سڕی و دوگمەی پاڵتۆکەی ترازاند.

دکتۆرەکە بە تووڕەییەوە گوتی: "خاتوون خۆ نەهاتویتە میوانی؟ بۆ پەلە ناکەی، خۆ هەر تۆ چاوەڕوان نیت؟"

پاشکا بەپەلە چاکەتەکەی داکەند و فڕێی دایە سەر عاردەکە و بە یارمەتی دایکی کراسەکەشی داکەند. دکتۆر بە ساردییەوە کەوتە سەیرکردنی، ئەوجا کێشای بە ورگیدا و گوتی: "کاکە پاشکا گەورەش بووی!" ئەوجا گوتی: "ئادەی ئانیشکت." باشکا کە چاوی بە جامێکی خوێناوی کەوت ترسی لێنیشت! چاوی بڕییە بەر کۆشەی دکتۆرەکە و دەستی بە گریان کرد. دکتۆر بە گاڵتەوە گوتی: ئای لەوە، شەرم ناکەی، بڕوانە بڕوانە تۆ وەختی ژن هێنانتە و کەچی دەگریت، عەیب ناکەی لە خۆت!"

پاشکا دەیویست بەسەر گریانەکەیدا زاڵ بێ. چاوی بڕییە دایکی. سیمای دەیگوت: "دایکە کە چووینەوە لای کەس نەڵێی لە خەستەخانە گریاوم."

دکتۆر تەماشای ئانیشکی پاشکای کرد. یەک – دوو جار نووشتانییەوە، ئاهێکی هەڵکێشا؛ لێوی هەڵقورتاند و دووبارە دەستی بە ئانیشکی پاشکادا هێنا. گوتی: "خانم خاس هەقی بەرد بارانت بکەن، بۆ زووتر نەتهێناوە؟ بازووی منداڵەکەت فەوتاوە، تۆ تەماشاکە کەرە، نابینی جومگەکەی فەوتاوە." دایکی پاشکا وتی: "تۆ باشتر دەزانی باوکە گیان."

– باوکە گیان! بازووی منداڵەکەی فەوتاندووە و لە باوکە گیان باوکە گیانی خۆی ناکەوێ! ئەوە ئەگەر بە ئاستەم سەری کەپوی ئاوسابا هەر لەوێوە تا ئێرە بە غار دەهاتی. بەڵام لەبەرئەوەی بازووی بە دەرەوە نییە داش بڕزێ، کرمێ بێ گوێی نادەیێ. ئێوە هەمووتان وەکو یەکن!"

جگەرەیەکی داگیراند، بەدەم دووکەڵی جگەرەکەوە شەڕی بە دایکی پاشکا دەفرۆشت. لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد، ئەوجا سەری هەڵبڕی و لەفکران ڕاچوو. پاشکا بە ڕووت و قووتی لەبەر دەمیا وێستا بوو، گوێی بۆ ورتە ورتەکە ڕادەدێرا و چاوێکی لە دووکەڵی جگەرەکە بوو. کە جگەرەکەی تەواو بوو ئەوجا بەکاوەخۆ کەوتە قسان: "گوێ بگرە خانم، چەورکردن و دەرمان بێفایدەیە، دەبێ لێرە بیخەوێنی."

– تۆ چۆنت پێ چاکە با وابێ.

– دەبێ عەمەلیات بکرێ... "تۆش پاشکا دەبێ لێرە بمێنییەوە!"

ئەمەی گوت و دەستێکی پڕ سۆزی بە شانی پاشکادا دا و لەسەری ڕۆیی: "دایکت دەنێرینەوە تۆ لای من دەمێنییەوە. ئێرە ناخۆش نییە، من لێرە دار و درەختیشم هەن، هەرکە تۆزێ چاکتر بووی پێکەوە دەچینە ڕاوە کێشکە. ئەوجا ڕێویت نیشان دەدەم. باشە؟ دەمێنییەوە؟ دایکیشت سبەی دێتەوە بۆ لات."

پاشکا نیگایەکی پرس ئامێزی دایکی کرد. دایکی گوتی: "دەبێ وەمێنی ڕۆڵە."

دکتۆر بە ڕووی خۆشییەوە گوتی: "ئا، ئا دەمێنێتەوە، ئاقڵە، جا ڕێوییەکی زیندوو زیندووی نیشان دەدەم. پێکەوە دەچینە بازاڕ و شەکرلەمەی بۆ دەکڕم. ماریا دنیستونا، بیبە سەرێ."

دکتۆر بە زمانی شیرین پاشکای ڕام کرد. پاشکا هەرگیز نەچوو بووە جومعە بازاڕ، ڕێوی زیندووی نەبینی بوو، زۆری دڵ پێوەبوو کە جومعە بازاڕ و ڕێوی زیندوو بدینێ. بەڵام دڵێکی هەر لای دایکی بوو، چۆن تەگبیری ئەمە بکا؟ لە دڵی خۆیدا تەگبیرێکی باشی بۆ ئەمەش کرد، لێبرا تکا لە دکتۆر بکا کە بێڵێ دایکیشی لەگەڵیا بمێنێتەوە. بەڵام بەرلەوەی زار بکاتەوە، پەرستارەکە ڕای ڕفاندە سەرێ. حەپەساو و ئەبڵەق کەوتە هەڵڕوانین. قاڵدرمەکان، دیواری ڕاڕاوەی ژوورەکان، دەرگا و پەنجەرەکان هەموو بە بۆیەیەکی زەردی جوان بۆیە کرابوون. لە هەموو لایەکەوە بۆنی دا و دەرمان دەهات، دەتگوت بۆنی کەرەیەکە و زۆر ماوەتەوە.

فەرش و مافور لە هەموو شوێنێ ڕاخرابوو، بۆری سپی و بریقەداری ئاو بە قەد هەموو دیوارێکەوە بوو. بەڵام پاشکا لە هەموو ئەمانە پتر دڵی بە جێگەکەی دەکرایەوە. لێفەیەکی توکنی کەوەیی بە سەرەوە بوو. کە دیقەتی پشتی و سەرین و لێفەکانی دا، گەییە ئەو قەناعەتەی کە دکتۆر ماڵێکی چاک و پۆشتەی هەیە.

ژوورێکی چکۆلە بوو، سێ تەختی تێدابوو، تەختی یەکەم چۆڵ بوو، دووەم هی پاشکا بوو، تەختی سێیەم پیرەمێردێکی لەسەر ڕۆنیشتبوو. چاوەکانی تەڵخ و لیڵ، لێکدا لێکدا دەکۆکی و تفەکەی ڕۆ دەکردە کاسەیەکەوە. پاشکا لەسەر تەختەکەی خۆیەوە دوو تەختی نێو ژوورەکەی بەرانبەریشی لێوە دیاربوو.

پیرەمێردێکی لاوازی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە کە کیسەیەک سەهۆڵی لەسەر سەر دانرابوو لەسەر یەکێکیان ڕاکشابوو. تەختی دووەمیش دێهاتییەکی سەر پێچراوی بە سەرەوە بوو چۆنت دیقەت دەدا هەر لە پیرێژن دەچوو.

پاشکا هەرکە گەییە سەر تەختەکەی خۆی، پەرستارەکە بەجێی هێشت و خێرا بەدەستی جلەوە گەڕایەوە و گوتی: "ئەمە هی تۆیە هەستە لەبەریان بکە."

پاشکا جلە کۆنەکانی داکەند، جلە تازەکانی لەبەرکرد، ئەوجا ڕۆبە کەوەکەی بەسەریانا لەبەر کرد. بە شادییەوە ڕوانییە خۆی، چەند حەزی دەکرد بەم جلە تازانەوە بە کوچە و کۆڵانانی گوندەکەی خۆیاندا بسوڕێتەوە. جلەوی بۆ خەیاڵ شل کرد، دایکی هێنایە بەرچاوی خۆی کە ئەمی ناردووە بۆ باخەکەی کەناری چۆمەکە تا گەڵا کەلەرم بۆ بەرازەکەیان بێنێ، کوڕ و کچی گوندەکەیان دەوریان داوە و بە بەغیلییەوە لێی ڕاماون و ئەبڵەق ئەبڵەق دەڕواننە ڕۆبەکەی.

پەرستارەکە کە جاری دووەم گەڕایەوە دوو قاپ و دوو مراک و دوو پارچە نانی لەگەڵ خۆ هێنابوو. یەکێکیانی دا بە پیرەمێردەکە و ئەوی دیکەیانی دایە پاشکا و گوتی: "بخۆ". پاشکا لە قاپەکە ورد بووەوە، سەیری کرد پڕە لە گۆشتاوی چەور، و گرتکە گۆشتێکیشی لەبن دایە، دیسان لە دڵی خۆیدا گوتی کە ژیانی ئەم دکتۆرە خۆش و ئاسوودەیە. وەکو بە ڕواڵەت توورە دیارە نابێ وابێ، چونکە ئەم ناز و نیعمەتە و توورەییان نەگوتووە! گۆشتاوەکەی بە تاسوقەوە خوارد، هەموو جارێکیش مراکەکەی بە لەزەتەوە دەلستەوە. کە هەموو گۆشتاوەکەی خوارد و تەنیا گرتکە گۆشتەکەی لەبەردەمدا ما، لەبن ڕا نیگایەکی پیرەمێردەکەی کرد و پڕ بە دڵ بەغیلی پێ برد، ئاهێکی هەڵکێشا. کەوتە سەر گۆشتەکە، هەوڵی دا تا دەتوانێ درەنگتر بیخوا و تەواوی بکا. بەڵام بێفایدە بوو، گۆشتەکەی پاکودا. ئەوجا نۆرەی نانەکە بوو. نانی بێ پێخۆر خۆش نییە. چاری نەبوو و ئەویشی خوارد. هەرکە لێبوەوە پەرستارەکە بە دوو قاپی دیکەوە گەڕایەوە لایان. ئەمجارە گۆشتی گوێرەکەی سوورەوەکراو و پەتاتەیان تێدابوو. پەرستارەکە ڕووی کردە پاشکا: "کوا نانەکەت؟ پاشکا چ وەڵامێکی نەدایەوە، گوپەکانی پڕکردن لە هەوا و پوپ دەری پەڕاند. پەرستارەکە بە خەمبارییەوە گوتی: "ئەویشت خوارد؟ ئەدی ئەم گۆشتە بە چییەوە دەخۆی؟" ڕۆی و پارچە نانێکی دیکەی بۆ هێنا.

پاشکا لە ژیانیا گۆشتی گوێرەکەی سوورەوەکراوی نەخواردبوو. زۆری لا خۆش و بەلەزەت بوو. لە ماوەی چەند دەققەیەکدا گۆشتەکەی خوارد و نانەکەی هێشتەوە.

پیرەمێردەکە کە لە نان خواردن بووەوە، نانە زیادەکەی لە چاوی مێزەکەیدا قایم کرد. پاشکاش لێبڕا چاو لەو بکا. بەڵام پاش تۆزێک بیرکردنەوە نانەکەشی خوارد!

پاش فراڤین هەستا و کەوتە گەڕان. لە ژوورەکەی بەرانبەردا، جگە لەو تەختەی لە ژوورێرا دیتبوونی. چوار پیاوی دیکەی بینی. تەنیا یەکێکیان سەرنجی ڕاکێشا، ئەم یەکەیان کابرایەکی دێهاتی باڵابەرز بوو. هێندە باریک و بنێس بوو پێستی بەسەر ئێسکییەوە هیشک ببوو، دەتگوت لە قەبر دەرهێنراوەتەوە. دەموچاوی توکن و گرژ بوو. لەسەر تەختەکەی ڕۆنیشتبوو و سەرە لەقێی بوو، بازووەکانی وەکو بەندۆڵی سەعات بەملا و بەولادا دێنا و دەبرد. پاشکا نەیتوانی چاوی لێ وەگوێزێ. هەوەڵجار وای زانی هەر بۆ گاڵتە و سەرگەرمی خەڵکەکە وا دەکا. بەڵام کە تەواو زەینی داین بۆی دەرکەوت کە ئەم ڕەفتارەی کاردانەوەی ئازارێکی دژوار و سەختە. زۆری دڵ پێ سووتا. ئەوجا خۆی کرد بە ژووری سێیەمدا، دوو پیاوی سورفلی تێدابوو. دەموچاویان هێند سوور بوو دەتگوت بە گڵە سوور تەڕاوکراون. بێ جوڵە لەسەر تەختەکانیان ڕۆنیشتبوون.

سیمای سەیر و سەمەرەیان لە خواوەندی بت پەرستان دەچوو. پاشکا لە پەرستارەکەی پرسی: "ئەرێ پورێ ئەمانە بۆ وان؟"

– ئەوە ئاوڵەیان دەرداوە ڕۆڵە.

پاشکا گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. لەسەر تەختەکەی دانیشت، چاوەڕێ بوو دکتۆر بێ و پێکەوە بچنە ڕاوە کێشکان یا جومعە بازاڕ. بەڵام دکتۆر نەهات. پزیشکیارەکە تۆزێ لەبەر دەرگای ئەو بەرەوە وێستا، بەسەر ئەو نەخۆشەدا، کە کیسە سەهۆڵەکەی خرابووە سەر سەر ،دانەویەوە و بانگی کرد... میخایلوف!" میخایلوف ئاگای لە دنیا نەبوو، ورتەی لێوە نەهات. پزیشکیارەکە دەستێکی هەڵتەکاند و ڕۆیی.

پاشکا هەر بە دەقی خۆیەوە چاوی بڕی بووە دراوسێکەی، بەتەمای هاتنی دکتۆر بوو. پیرەمێردەکەی دراوسێی لێکدا لێکدا دەکۆکی و تف و بەڵغەمەکەی ڕۆ دەکردە کاسەکەی تەنیشتی. خیزە خیزی سینگی لە دوورەوە دەبیسترا. کە لە کۆکە کۆک دەکەوت و هەناسەی هەڵدەکێشا شتێک لە سینگیدا دەنگی دەهات، پاشکا زۆری پێ سەیر بوو، خۆی پێ نەگیرا و پرسی: "باپیرە ئەوە چییە لە سینگتا فیکە لێدەدا؟" کابرای

پیرەمێرد وەڵامی نەدایەوە، پاشکا کەمێک بێدەنگ بوو ئەوجا پرسی: "باپیرە ڕێوی لەکوێ هەیە؟"

- ڕێوی چی؟

- ڕێوی زیندوو.

- لەکوێ هەیە؟ لە چەم و بێشاندا هەیە.

کات تێدەپەڕی و دکتۆر دیارنەبوو. پەرستارەکە چای بۆ پاشکا هێنا. پزیشکیارەکە گەڕایەوە، ویستی میخایلوف بێدار بکاتەوە. گڵۆپەکان هەڵبوون، دکتۆر هەر دەرنەکەوت. ئیدی درەنگ ببوو، زەحمەت بوو فریای ڕاوە کێشکان یا جومعە بازاڕ بکەون. پاشکا لەسەر تەختەکەی ڕاکشا و لە فکران ڕاچوو. خەیاڵ هەڵیگرت. ئەو شەکرلەمەیەی هاتە بەرچاو کە دکتۆر قەولی دابوو بۆی بکڕێ… ڕەنگ و دەنگی دایکی هاتەوە بەرچاو. کوخە تاریک و نوتەکەکەی خۆیانی بیرکەوتەوە، بیری شەڕە منداڵی "یگورفنا"ی کرد. لەپڕ ماندوو و بێ تاقەت خەم دایگرت، بەوە دڵخۆشی خۆی دەداوە کە سبەی دایکی دێتەوە بۆ لای بەدەم ئەو خەیاڵانەوە خەوی لێکەوت.

لە دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵب خەبەری بۆوە. چەند پیاوێک لە ڕاڕەوەکەدا بوون و هەر ورتە ورتیان بوو. شەو بوو. لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکاندا سێ تارمایی بە دیار تەختەکەی میخایلوفەوە دیاربوون. یەکێکیان پرسی: "بە دۆشەکەکەوە هەڵیگرین یا هەروا؟"

- هەروا، هەروا، لەوێندەر جێی دۆشەک نییە. کە لە وەختێکی خراپا مرد، خوا عافوی بکا. ئەوجا یەکێک لە هەردوو شانی و یەکێکی دی لە هەردوو لاقی نەوین و هەڵیان گرت. دەڵنگی بیجامەکەی شۆڕ ببۆوە و تەکەتەکی بوو. زەلامی سێیەم کە لە پیرێژنە دێهاتیان دەچوو دانەویەوە، بە سێ قۆڵی و بەدەم پێگیربوونیان لە دەلنگی بیجامەکەی میخایلوفەوە ڕایانڕفاند و لە ژەهرەکە وەردەرکەوتن.

خیزەخیزی سینگی کابرای پیرەمێرد سەعاتە ڕێیە دەڕۆیی. پاشکا کە گوێی لێبوو خەریک بوو زراوی بتۆقێ. لەجێی خۆی ڕاپەڕی، بە ترسەوە ڕوانییە پەنجەرە تاریکەکان، بە نیگەرانییەوە لە تەختەکەی هاتە خوارێ پڕ بە زاری هاواری کرد: دایکە! بێ وەی چاوەڕێی وەڵام بێ خۆی کرد بە ژوورەکەی ئەوبەرا. ڕووناکی گڵۆپەکان دڕی بە تاریکی شەو دابوو. نەخۆشەکان هەموو مات و خەمبار لە شوێنی خۆ کز

دانیشتبوون. هەموو سەر و قژ شێواو دەتگوت دێو ودرنجن. هەموو گەورە و زەبەلاح دەهاتنە بەرچاو. زۆر لەولاتر کابرایەکی دێهاتی لە سووچێکی تاریکدا ڕۆنیشتبوو و بازووەکانی وەکو بەندۆڵی سەعات دێنا و دەبرد. پاشکا دەرکەکەی بە وازی جێ هێشت. لە ژووری ئاوەڵەدارەکانەوە خۆی گەیاندە ڕاڕەوەکە و لەوێوە خۆی بە ژوورێکی بێ کۆتاییدا کرد. هێند تاریک و نوتەک بوو، هێند ترسناک بوو، لە تۆ وایە پڕە لە خێو و دێو و درنج. ئەوجا خۆی وە ژوورێکی ژناندا کرد و لەوێندەرەوە دیسان بۆ ڕاڕەوەکە، بە قالدرمەکاندا بەرەو نهۆمی خوارەوە داگەڕا. کاتێکی بەخۆ زانی ها لە ژووری چاوەڕوانی. وەکو کێوی کەوتە گەڕان بەدووی دەرگادا. کیلۆنی دەرگایەک دەنگی لێوەهات، کزەبایەکی سارد هورووژمی هێنایە ژوورێ. پاشکا سەرەسمێکی دا و دەرپەڕییە نێو حەوشە. تەنیا هەلاتنی لەبیربوو. هەرچەندە نابەڵەد بوو بەلام پێی وابوو چ چارێکی نییە غەیرە هەلاتن، تەنیا هەلاتن دەیگەیەنێتەوە نک دایکی. مانگ لە بەینی پەڵە هەورەکانەوە سەرەتاتکێی بوو.

پاشکا هەر لاقێکی کرد بە دوو. تاوێکی باش بە دەوری پەرژینێکدا غاری دا، ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد، پاشان بەرەو نەخۆشخانەکە گەڕایەوە، تاوێک بە دەوری ئەویشدا غاریدا. لەپڕ بە دوو دڵییەوە وێستا، هەر کە چاوی بە خاچە سپییەکانی گۆڕستانەکە کەوت، پڕ بە زاری هاواری کرد: دایکە! دیسان گەڕایەوە. پەنجەرەیەکی ڕووناکی لێ بەدیارکەوت.

لەو تاریکییە بێ سنوورەدا، ئەم پەڵە ڕووناکییە سوور باوە سامناک دەهاتە بەرچاو. بەلام پاشکا کە لە ترسا تەواو پەشۆکابوو و نەیدەزانی کێوە بچێ. بە ئاسوودەییەوە ڕووی کردە ئەم پەڵە ڕووناکییە. قالدرمەیەکی چەند پلەیی و دەرگایەک لە پاڵ پەنجەرەکە هەبوو، ئیعلانێک بە دەرگاکەوە چەسپێنرا بوو. پاشکا بە پلەکاندا سەرکەوت، لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی کرد، شادییەکی کوت و پڕ ئازای گیانی داگرت؛ دکتۆرە ڕووخۆشەکە لە ژوورێ دانیشتبوو و کتێبێکی بە دەستەوە بوو. پاشکا لە خۆشیا پێکەنی، ویستی هاوار بکا، بەلام هێزێکی نادیار بینی گرت، لاقی سست بوو، سەری سوڕا و لەسەر پلەکان کەوت.

کاتێ بە هۆش هاتەوە دەورووبەری تەواو ڕووناک بوو. ئەو دکتۆرەی کە قەولی دابوو پێی بیبا بۆ جومعە بازاڕ و ڕاوە کێشکان و ڕێوی زیندووی نیشانبدا دەمی نابوو بە گوێیەوە و دەیگوت: "پاشکا تۆ ولاغی، هەر بە ڕاستی ولاغی، پێویستە قەساس بکرێی..."

گرانەتێ

کلیموفی ئەفسەری لاو لە فارگۆنێکی دوکەڵاوی قیتارێکی پۆستەبەردا دانیشتبوو. قیتارەکە لە پترۆزبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ دەچوو. پیرەمێردێک بەرانبەری دانیشتبوو، سەرو سیمای لە دەریاوان دەچوو. ڕدێنی هێندە لە بنڕا تراشی بوو، دەموچاوی ئاوسا بوو. بەڕواڵەت لە مل ئەستوور و پارە دارەکانی خەڵکی سوید یان فنلەندە دەچوو بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەر سەبیلی دەکێشاو لەسەر یەک بابەتی تایبەتی دەڕێسا.

-ئەها! تۆ ئەفسەری؟ برایەکی منیش ئەفسەرە، بەڵام ئەو لە هێزی دەریاییە، دەریاوانە. دەریاوانەو لە (کرونشتات) کاردەکات، بۆچی دەچیت بۆ مۆسکۆ؟

-بەماموری دەچم.

- ژنت هەیە؟

-نەء، لەگەڵ خوشکەکەم و میمکمدا دەژیم.

-براکەی منیش ئەفسەرە، بەڵام ئەو ژن و منداڵی هەیە. ئەها!

کابرای فنلاندی هەندێجار لەخۆڕا سەرسام دەبوو، وەختێ وشەی ئەهای بەکاردێنا، بەخۆ پەسەندی و لاسارییەوە پێدەکەنی و بەردەوام مژی لە سەبیلەکەی دەدا، کلیموف بێتاقەت بوو، بەهیچ جۆرێ حەزی نەدەکرد قسانی لەگەڵ بکات، پڕ بەدڵ ڕقی لێی بوو. چەندی حەزدەکرد ئەو سەبیلە نەحلەتییەی لەدەست ڕاپسکێنێ و تووڕی بداتە ژێر کورسییەکە! چەندی حەز دەکرد ئەم کابرا فنلاندییە تووڕ بدرێتە فارگۆنێکی دییەوە و لەم چەنەبازییەی ڕزگار بێ.. لەبەر خۆوە تێفکری: "ئەم فنلاندییایە یا تۆ بڵێ ئەم یونانیانە چەند خەڵکێکی میمڵ سیفەت و ترسناکن! چەند تەمەڵ و موفتەخۆر و ئێسک قورسن! دایمە بارن بەسەر خەڵکییەوە. ئاخر فایدەیان چیە" کە بیری لە فنلاندی و یونانیان کردەوە دڵی تێک هەڵهات. هەوڵیدا لەگەڵ فەرەنساوی و ئیتاڵییەکاندا بەراوردیان بکات، بەڵام ئەم بیرەش هەستێکی ناخۆشی لەلای بێدار کردەوە، یەکسەر ئەو ئۆرگ لێدەر، ژنانی ڕووت، چەقەنە لێدەرو ئەو وێنە ڕەنگاو ڕەنگانەی کە لەسەر

پارچە نەخشێنرابوون، بیرکەوتەوە، کە لەماڵی میمکی بە بەزەییەوە و لەسەروی ڕەفەکان هەڵواسرابوون.. هەرچەندە هەموو جێگەی دانیشتنەکە هی خۆی بوو، بەڵام وەکو ئەوەبوو جێگاکەی تەنگ بێ و نەتوانێ دەست و لاقان ڕاکێشێت. دەمی وشک و تاڵ بوو. سەری قورس بوو، بیری ئاڵۆزی ئاوارەو سەرگەردان بوو. بیری پەشێوی لەسەر چ شتێکی دیاریکراو نەدەگیرسایەوە. دنیا لەبەرچاوی تاریک دەبوو، تارمایی کورسی و خەڵکانی سەیر سەیری دەهاتە بەرچاو. ژاوەژاو و غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ لە مێشکی دا دەزرنگایەوە.

دەنگی پێچکەو تایەی عەرەبانان، دەنگی پێکادانی دەرگا، دەنگی زەنگی دوور، دەنگی شاورو پۆلیسی ڕێگاوبان، دەنگی پێی هاتوو چۆکەرانی زۆر و زەوەند گوێیان دەزرنگاندەوە. کات بەخێرایی دەبووری. وای دەهاتە بەرچاو کە قیتارەکە هەر سا ناساتێ لە وێستگایەکدا دەوەستێ و پیاوێک سەردەکەوێ و دەپرسێت:-

پۆستەکە حازرە؟ و یەکێک وەڵام دەداتەوە: - حازرە! وای دەهاتە بەرچاو کە پیاوی بەرپرسی پلەی گەرمای فارگۆنەکان زوو زوو وەژووردەکەوێ و تەمەشای "گەرماپێو"ەکە دەکات. هەروەها وای هەست دەکرد قیتارەکانی دی هەرگیز ناوەستن و یەک یەک قیتارەکەی ئەم بەجێ دێڵن. قیتارەکەی ئەمیش شەقە شەق ڕێڵەکان دەپێچێتەوە، دەنگ، شووتی قیتار، پیاوە فنلاندییەکە، دووکەڵی سەبیل، هەر هەموو ئەمانە لەبەرچاوی بوون بوون بە تارمایی جۆراو جۆر و بەدووم و وەکو مۆتەکە چۆکیان بەسەر سینگیدا دادابوو. بەدەم ئازارو ژانە سەرەوە سەری هەڵبڕی و ڕوانییە ئەو گڵۆپەی کە کۆمەڵێک سێبەر و تاریکی ترسناک گەمارۆیان دابوو. تینووی بوو، بەڵام زمانی وشک بوو، بەهیچ جۆرێ لە دەمیا نەدەگەڕا، تەنانەت تاقەتی ئەوەشی نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی کابرای فنلاندی بداتەوە، هەوڵیدا ڕابکشێ و بخەوێ، بەڵام نەیتوانی. کابرای فنلاندی چەندین جار خەوی لێکەوت بێداربووەوە. سەبیلەکەی پێکردەوە، بەهەمان (ئەها!) لەگەڵ ئەودا دەستی بە قسان کردەوە و دیسان خەوتەوە. کلیموف، هێشتا نەیتوانی بوو شوێنێک بدۆزێتەوە و لاقەکانی درێژ بکات. بەردەوام تارمایی ترسناک دەهاتنە بەرچاوی و شێوەیان دەگۆڕا. کە گەیینە (سپیرۆف) لە فارگۆنەکە وەدەرکەوت تا تۆزێ ئاو بخواتەوە، کۆمەڵێکی بینی کە لە دەوری مێزێک کۆبوونەوە و بەپەلە نانیان دەخوارد. لەفکران ڕاچوو: "چۆن نانیان پێ دەخورێ!" هەوڵیدا بۆنی گۆشتی سوورەوەکراوی بەسەردا نەیات، ڕووی لەو دێهاتیانە وەرگێڕا کە

خێرا خێرا نانیان دەخوارد، ژنێکی جوان لەگەڵ ئەفسەرێکی کڵاو سووردا قسانی دەکرد، بەدەم قسەکردن و زەردەخەنەوە ددانە سپی و جوانەکانی بەدیار دەکەوتن.

زەردەخەنەکەی، ددانەکانی و خودی ژنەکەش هەمان هەستی قێزەوەری گۆشتە سوورەکراوەکەی لەلای کلیموف بێدار کردەوە.

تێنەدەگەیی چۆن ئەو ئەفسەرە کڵاو سوورە دەتوانێ لەپاڵ ئەو ژنەدا دانیشێ و بڕوانێتە دەموچاوی ناسک و پڕخەندەی. هەرکە تۆزێ ئاوی خواردەوە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. کابرای فنلاندی دانیشت و سەبیلەکەی پێکرد. دەنگێکی ناخۆش لە سەبیلەکەیەوە دەهات؛ دەنگێک ڕێک وەکو فلْچە فلْچی قۆندەرەیەکی لاستیکی کون کون کە بەنێو قوڕو چلْپاوا پێوەی بڕۆیت. بەسەرسامییەوە پرسی: "ئەها، ئێرە چ وێستگایەکە؟". کلیموف وەڵامی دایەوە: "نازانم" ڕاکشا و دەمی خۆی گرت تا تام و بۆنی تاڵی دوکەڵی بەزار و گەرودا نەچێت.

-کەنگێ دەگەینە تور؟

–نازانم، ببوورە، من، من ناتوانم قسان بکەم، حاڵم باش نییە. سەرمام بووە.

کابرای فنلاندی سەبیلەکەی بە چوارچێوەی پەنجەرەکە تەکاندو دیسان کەوتەوە چەنەبازی دەربارەی براکەی. کلیموف چیدی گوێی نەدایێ. بەدەم ئازارەوە کەوتە بیری جێگای نەرم و شل و پاک و خاوێن و بوتڵی ئاوی تەزی و (کوتی)ی خوشکی کە چاک دەیزانی چۆن بە تەنگییەوە دێ و خزمەتی دەکات و دەروو ژووری پێدەکات. تەنانەت وەختێ کە (پاڤل)ی خولامی بیرکەوتەوە کە چۆن پێڵاوە قورس و تەنگەکانی لەپێ دادەکەنێ و ئاوی بۆ ئامادە دەکات و لەسەر مێزەکە دای دەنێ، لە دنیای خەیاڵدا بوو، وای دەهاتە بەرچاو ئەم هیچی لەسەر نیە تەنیا ئەوە نەبێ بچێتە ناو جێگاکەوە و هەڵبەتە ئاوەکەشی بۆ خۆی بخواتەوە، ئەوسا بێگومان ئەم مۆتەکە ترسناکانەی لەکۆڵ دەبێتەوە و خەوێکی خۆشی لێدەکەوێت. دەنگێکی دوور و نامەفهومی بەرگوێ کەوت: – پۆستە حازرە؟ دەنگێکی بەرز و گڕ لە پەنجەرەکەی تەنیشتیانەوە وەڵامی دایەوە: – حازرە!. دووەم یان سێیەم وێستگای پاش سپیرۆف بوو. کات بەخێرایی دەبووری، لەتۆ وایە بەچوار ناڵە دەڕوات. بەڵام دەنگی زەنگ و شووت و برێک کردنی هەر نەدەبڕایەوە، کلیموف بەنائومێدییەوە دەموچاوی لە گۆشەیەکی پشتییەکەی توند کرد. سەری خستە نێو هەردوو دەستی و دیسان کەوتە خەیاڵی خوشکەکەی و پاڤڵی

خوڵامی، بەڵام هەم خوشکەکەی و هەم خوڵامەکەی لەگەڵ تارمایی دیکەدا تێکەڵ بوون. لەبەرچاوی سوڕان و ون بوون. هەناسەی، کە لەپشتیەکەی دەدا و دەگەڕایەوە، هێندە گەرم بوو هەر ئەوە نەبوو دەموچاوی بسوتێنێ. لاقەکانی دەیەشان. دەتگوت بایەکی سارد لە پەنجەرەکەوە دێ و لەپشتی دەدا. هەرچەند زۆر کەسیرەو نەخۆش بوو، بەڵام نەدەیویست و نەدەیتوانی ئەو حاڵەی بگۆڕێ.

ئازای گیانی سست و خاو بووەوە و ئاگای لەخۆ نەما. کاتێ لەپڕ سەری هەڵبڕی و تەمەشای کرد، بینی فارگۆنەکە بەتەواوی ڕووناک بووەتەوە. خەڵکی خەریک بوون پاڵتۆکانیان لەبەر هەڵدەکێشاو کەوتبوونە جموجوڵ. قیتارەکە وێستا. حەماڵەکان بەخۆیان و بەرکۆشی سپییەوە و بە نمرەی بەر بەرۆکیانەوە، بەدەوری ڕێبوارەکاندا دەهاتن و جانتاکانیان لەدەست دەقۆستنەوە.

کلیموف، خۆ بەخۆ پاڵتۆ قورسەکەی دا بە شانیاو لە قیتارەکە دابەزی، باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە خۆیەتی و خەریکە ڕێ دەکات، وای دەهاتە بەرچاو کە پیاوێکی دیکەیە، پیاوێکی بێگانەیە، هەروەها وای هەست دەکرد کە گەرمی نێو قیتارەکە، تینوێتی، تارمایی و شەبەنگی نەگریسی جۆراوجۆر کە بەدرێژایی شەو خەویان لێ حەرام کردبوو، هێشتا دەست بەرداری نەبوون! بێ ئختیار لە جانتاکەی نەوی و عەرەبانەیەکی بەکرێ گرت.

عەرەبانچییەکە داوای ڕۆبڵێک و ٢٥ کوپیکی کرد تا بیگەیەنێتە گەڕەکی (پاورسکا)، بەڵام ئەو چ مامەڵەیەکی لەگەڵ نەکرد. کوێرانە خۆی بەنێو عەرەبانەکەدا کرد و لێی دانیشت... هێشتا توانای ئەوەی مابوو هەست بە کەمی و زۆری پارەکە بکات و بزانێ چ کڵاوێکی لەسەرنراوە، بەڵام پارەی مەبەست نەبوو؛ خوا خوای بوو بگاتەوە ماڵێ. کە گەییەوە ماڵێ، میمکی و خوشکەکەی (کیژێکی هەژدە ساڵان بوو). بە پیرییەوە هاتن. خوشکەکەی دەفتەر و قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو. سڵاوی لێکرد و چاک و خۆشی و دەستومۆچی لەگەڵ کرد. کلیموف بیری کەوتەوە کە خوشکەکەی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی بوونە مامۆستای ئامادەیی، ئامادە دەکات. کلیموف گوێی بە ئەحوالپرسی و پرسیارەکانی نەدا. لەگەرما هانکە هانکی پێ کەوتبوو. بەنێو ژورەکاندا کەوتە ڕێ، گەییە ژوورەکەی خۆی و خۆی بەسەر جێگاکەیدا دا. کابرای فنلاندی، ئەفسەرە کڵاو سوورەکە، ژنە ددان سپیەکە و بۆنی گۆشتە سوورەوە کراوەکە و ئەو سێبەرانەی گەمارۆی گڵۆپەکەیان دابوو، مێشکیان پڕ کردبوو.

ئاگای لەخۆ بڕابوو، غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگی ترسناکی دەورووبەرەکەی بۆ جیانەدەکرایەوە. وەختێ بەهۆش هاتەوە، خۆی لەنێو جێگاکەیدا بینی. جلەکانیان داکەندبوو. سەرنجی لەسەر بوتڵێکی ئاوو پاڤڵی خولام گیرسایەوە، بەڵام ئەمانەش چ ئاسوودەییەکیان پێ نەدەبەخشی، دەست و لاقی دەتگوت هاڕدراون.

زمانی بەمەڵاشویەوە نووسابوو، هێشتا دەنگی مژلێدانی سەبیلەکەی کابرای فنلاندی لە مێشکیدا دەزرنگایەوە. دکتۆرێکی ڕدێن ڕەشی مل ئەستوور لەپشت سەری پاڤڵەوە بەدیارییەوە وەستابوو و ورتە ورتی دەکرد: "ئافەرین کوڕی خۆم، ئافەرین چاک بوو". دکتۆرەکە پێی دەگوت "کوڕی خۆم"، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: "بەڵێ، بەڵێ! چاک بووە، نائومێد مەبن!"

دکتورەکە خێرا و خۆمانە قسانی دەکرد. دەموچاوی گۆشتن و دەنگە دۆستانەکەی کە بە کلیموفی دەگوت کوڕی خۆم، کلیموفی دەهری کرد. لەپڕ ناڵاندی "بۆ پێم دەڵێی کوڕی خۆم؟ یانی چی ئەوەندە خۆمانە دەدوێی؟ هەی دواتان بڕێتەوە" خۆی لە دەنگی خۆی دەترسا. دەنگی هێندە وشک و لاواز بوو کە بە خۆیشی نەیناسییەوە. دکتۆرەکە نەسەخڵەت بوو، و نە ڕەنجاش، لەسەری ڕۆیی: "ئافەرین، بەڵێ! بەڵێ! نابێ توڕەببی."

لەماڵیشەوە، کات بەهەمان خێرایی نێو قیتارەکە دەڕۆیی و دەتگوت چوار ناڵە دەکات لەشکری ڕۆژ بەرە بەرە پاشەکشەی دەکرد و لەشکری شەو بەکاوەخۆ دەهاتە پێشێ. پێدەچوو دکتۆرەکە لەجێی خۆی نەجوڵێ و هەر سانا ساتێ دەمرێژێ بەڵێ، بەڵێی بەگوێچکەیدا دەکرد. زنجیرەیەک تارمایی و شەبەنگی لەبن نەهاتوو، لە ژوورەکەدا ڕیزیان بەستبوو: پاڤڵ، کابرای فنلاندی، مولازم یارشوفیچ، نەقیب ماکزیموف، ئەفسەرە کڵاو سوورەکە، ژنە ددان سپییەکەو دکتۆر، هەر هەموو ئەمانە سەرگەرمی قسان بوون، ئەمریان دەرکرد، دەستیان هەڵدەتەکاند، سەبیلیان دەکێشاو شتیان دەجوو، کلیموف ڕۆژێک لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژ، کەشیشی ناوچەکەی بینی. بابی ڕوحانی جەنابی کەشیش، کتێبی پیرۆزی بەدەستەوە بوو. لە نزیکی جێگاکەی کلیموف وەستابوو و لەبەر خۆوە ورتە ورتی دەکرد.

سیمای حاڵەتێکی وەهای دەنواند کە کلیموف هەرگیز ئەو حاڵەتەی نەدی بوو، کلیموف ئەوەی بیرکەوتەوە کە بابی ڕوحانی هەمیشە بە ئەفسەرانی کاتولیک مەزەبانی دەگوت پۆلاندی: ویستی بیهێنێتە پێکەنین، گوتی: "بابە! دەزانی یارسوفچی پۆلاندی سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕووی کردۆتە لێرەوار!" بەڵام بابی ڕوحانی کە پیاوێکی ڕووخۆش و دەم

بە پێکەنین بوو، پێ نەکەنی، بگرە سیمای گۆڕاو خەمێکی سەیری لێ نیشت. خاچەکەی لە کلیموف بردە پێشەوە.

شەوان دوو سێبەر، یەک لەدووی یەک، بەئەسپایی دەخزینە ژورەوە، ئەم دوو سێبەرە خوشکەکەی و میمکەکەی بوون، سێبەری خوشکەکەی چۆکی دادەداو دوعای دەکرد و دەپاڕایەوە، سەری دادەنەواندو سێبەرە بۆرو چەماوەکەی دەکەوتە سەر دیواری ژوورەکە. بەهەرحاڵ هەردوو سێبەرەکە هەر دەپاڕانەوە. بەدرێژایی ئەم ماوەیە بۆنی گۆشتی سوورەوەکراو و سەبیلی کابرای فنلاندی لە کەپووی نەبڕا، بەڵام لەپڕ بۆنێکی ئاشکرای بخوردی پیرۆز بەدەم و کەپوویدا چوو. خەریک بوو بڕشێتەوە، هاواری کرد: "بخوڕدە! لایبەن لێرە!" کەس وەڵامی نەدایەوە. تەنیا دەنگی ئاوازی کەشیشانی دەژنەوت کە بەئەسپایی سرودێکیان دەگوتەوە، لەپڕ وای هەستکرد یەکێک بەغاردان بە قالدرمەکاندا سەر دەکەوێ.

کلیموف، کە هاتەوە سەرخۆی، سەیری کرد ژوورەکەی چۆڵ و هۆڵە، هەتاوی بەیانی لەپشت پەردەی پەنجەرەکەوە داوییە لەناو ژوورەکە، تیشکێکی باریک و تیژ چەشنی شمشێر لەناو بوتڵێک ئاودا دەلەرزێ. گوێی بەدەنگی پێچکەی عەرەبانان زرینگایەوە. بەمەدا زانی کە بەفری کوچەو کۆڵانەکان، تواوەتەوە. بەدیقەت ڕوانییە تیشکی هەتاو، کەلوپەل و شتومەکی نێو ژوورەکەو دەرگاکە. یەکەمین ئارەزووی ئەمە بوو کە لە قاقای پێکەنین بدات، قاقایەکی بەرز سینگ و سکی خستە سەمایەکی شیرین و بەلەزەت، ئازای لەشی پڕ بوو لە خۆشی و شادییەکی بێ سنوور. ئەم خۆشی و شادییە عەینی ئەو خۆشی و شادییە بوو کە مرۆڤ یەکەمجار دەکەوێتە سەرپێ و دنیا لەبەردەم خۆیدا دەبینێ. کلیموف، پڕ بەدڵ ئارەزووی دیداری خەڵکی و جموجوڵ و قسەکردنی کرد. بەدەنی سست و بێ جوڵە بوو، بەڵام دەیتوانی دەستەکانی بجوڵێنێ، بەڵام خۆی بەمەی نەدەزانی. چونکە بیری لەلای شتی دیکە بوو. هەناسەدان و پێکەنینەکەی خۆی لەگیان خۆش بوو. بەدیتنی بوتڵە ئاوەکە، بن میچەکە، تیشکی هەتاو و پەردەی پەنجەرەکە شادبوو.

دنیا تەنانەت لەو گۆشە تەنگەی ژورەکەشیا جوان و دڵخۆشکەر دەهاتە بەرچاوی. وەختێ دکتۆرەکە هات، کلیموف بیری لەوە دەکردەوە کە دەرمانەکانی چەند بەکەڵک بوون، خۆی چەند دڵسۆز و میهرەبان بووە و هەموو دەوروبەرەکەی دڵسۆزانە بەخەمییەوە بوون. دکتۆرەکە گوتی: "چاکە! چاکە! ئافەرین، خوا زۆر شوکر کە چاک

بوویەوە!"، کلیموف بەدەم گوێ شل کردنەوە بەکوڵ پێکەنی. کابرای فنلاندی بیرکەوتەوە.

ژنە ددان چەرموەکەی وەبیرهاتەوە. قیتارەکەی بیرکەوتەوە و حەزی دەکرد جگەرە بکێشت، گوتی: "دکتور پێیان بڵێ چاو خواردنم بۆ بێنن". دکتۆر قاییل نەبوو، پاڤڵ ئەمرەکەی بەجێ نەهێناو نەچوو نانی بۆ بێنێ، کلیموف ئەمەی زۆر لەبەرگران بوو، وەکو منداڵی وڕکن کەوتە هات و هاوار.

دکتۆرەکە بەدەم پێکەنینەوە کەوتە لاسایی کردنەوەی: "بەبە! دایکە، مەمە دەخۆم". کلیموف دەستی بە پێکەنین کردەوە، کە دکتۆرەکە ڕۆیی، خەوێکی چاکی لێکەوت و پاشان بەهەمان هەستی پڕ شادییەوە ڕابوو. میمکی لەپاڵیدا دانیشتبوو. زۆر خۆشحاڵ بوو، پرسی: "میمکە گیان ئەوە چیم بوو؟"

-گرانەتێ

-بەڕاست! بەڵام ئێستا چاک بوومەتەوە، بەتەواوەی چاک بوومەتەوە، ئەدی (کوتی) لەکوێیە؟

-لەماڵ نیە، پێم وایە تاقیکردنەوەی داوەو پاشان چووە بۆ لای یەکێک.

پیرەژن کە ئەو قسەیەی کرد، دوو لۆ نوشتایەوە، دەستی بۆ گۆرەوییەکانی برد، لێوی کەوتنە تەتەڵە. ڕووی وەرگێڕاو لەپڕ دایکورکاند. خەم و کەسەری دڵی، ئامۆژگارییەکانی دکتۆری بیربردەوە و بەدەم گریانەوە گوتی: "ئۆو، کوتی، کوتی، فریشتەکەمان ڕۆیی!..." گۆرەوییەکانی داکەند و لەهەمان شوێندا نوشتایەوە. کڵاوەکەی بەربوەوە. کلیموف، چاوی بڕییە قژە بۆزەکەی ئەو، هیچی بۆ مەعلوم نەبوو، دڵی کەوتە وەسوەسەو پرسی: "میمکە گیان کوتی لە کوێیە؟!"

پیرێژن کە هەموو شتێک و تەنانەت کلیموفشی لەبەر خەمی خۆی بیرچوو بوو گوتی: "کوتی، لەتۆوە گرانەتای گرت و مرد... پێرێ بە خاکمان سپارد..."

ئەم هەواڵە ناخۆش و کوتوپڕە کلیموفی هێنایەوە سەرخۆ. هەرچەندە هەواڵێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو، بەڵام هەر نەیتوانی ئەو شادییەی باڵی بەسەر کلیموفی تازە چاکەوە بوو! کێشا بوو، بڕەوێنێتەوە. تێر گریا. پاشان پێکەنی و ئەوجا کەوتە گلەیی ئەوەی کە بۆ شتێکی نادەنێ بیخوا.

پاش هەفتەیەک، جلێکی دەڵبی لەبەرکراو بەیارمەتی پاڤڵ وردە وردە کەوتە ڕێ کردن. خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە و ڕوانییە ئاسمانی ساف و بێگەردی بەهار. لە دوورەوە گوێی لە تەقە تەقی شڕە قیتارێک بوو. خەم دڵی گرت، فرمێسک لەچاوی قەتیس ما. تەوێڵی بەتوندی نا بەپەنجەرەکەوە و لەبن لێوانەوە گوتی "چەند دڵم تەنگە، خوایە چەند غەمبارم!" خۆشی و شادی کشانەوە و خەم و بێتاقەتی هەواری هەڵداو لە کانگای دڵەوە هەستی بە لەدەست دانی خوشکەکەی کرد.

*-میمک: خوشکی دایک ..پور: خوشکی باب.

ڕەبەنی ڕەشپۆش

"١"

"ئاندری ڤسیلیوڤچ" کاورین، مامۆستای زانستگە بوو، زیاد لەپێویست خۆی ماندوو و ئەعسابی هیلاک کردبوو، بەڵام هیچ هەوڵێکی نەدا کە بەباشی خۆی تیمار بکات. بەڕێکەوت پاش ئەوەی قاپێک شەرابی خواردەوەو لەگەڵ جەنابی دکتۆری دۆستیدا هەندێ دەردە دڵی کردو دۆستەکەشی، جەنابی دکتۆر ئامۆژگاری کرد کە بەهارو هاوین لە زۆزان بگوزەرێنێ. ڕێک لەو کاتانەدا کاغەزێکی دوورو درێژی لە "تانیا پسوتسکی"یەوە پێگەیی کە داوەتی کردبوو بچێ بۆ گوندەکەی ئەوان و ماوەیەک لە "بوریسوکا" لەگەڵ ئەو و بابیدا وەمێنێ. کاورین لێبڕا بچێ، بەڵام بەرلەوەی بچێ بۆ ئەوێندەر "مانگی نیسان بوو" سەرێکی "کاورینکا"ی زێدی خۆی داو سێ هەفتەی لەوێندەر گوزەراندن. کە دنیا خۆش بوو، ئەوجا ڕووی کردە گوندەکەی ماڵی

(پسوتسکی) باخەوانی نێوداری ڕوس. "پسوتسکی" گەورەی کردبوو، و بە نیسبەت کاورینەوە لەجێی باب بوو. مەودای نێوان "کاورینکا" و "بوریسوکا" کە ماڵی پسوتسکی لەوێندەر بوو نزیکەی هەفتا میل بوو، سواری عەرەبانەو بەهار و ڕێگا، مژدەی خۆشییەکی ڕاستەقینەیان بەکاورین دەدا.

دیوەخانی پسوتسکی لە بوریسوکادا گەورە بوو. هەیوانێک لەبەردەم ئاپارتمانەکەدا کە بەشێرە گەچینە ڕازا بووەوە، بەڵام ئەم پەیکەرە گەچینانە هەندێکیان ڕوشابوون و پارچەیان لێ بەربوو بوەوە. خۆڵامێک بەجل و بەرگی مەیتەرەوە لەبەر دەرگا وێستا بوو. باغێکی کۆنی تاریک، لەسەر شێوەی باخی ئینگلیزان و بەدرێژایی فەرسەخێک، لەبەر ماڵەوە تا قەراخ چومێک داکشابوو و، لەوێندەرەوە دەچۆیەوە سەر نشێوێکی پڕ گوڵ و گوڵزار. ئەم نشێوییە بەڕیز دارکاژی لێ ڕوابوو کە ڕەگەکانیان بەدەرەوە بوون و هەر لەچنگی تێک ئالاو دەچوون. چۆڵە چۆمێک بەقەراخ ئەم نشێوییەدا دادەکشا و لە دوورەوە دەبریسقایەوە. باڵندەی دەنووک درێژی زۆنگاوان بە جوکەجوکی غەمگین بەسەر چۆمەکەدا دەفڕین. تێکڕای ئەم دیمەنانە ڕێبواریان گاز دەکرد کەبێ دانیشێت و چامەیەک بهۆنێتەوە، بەڵام باخ و بێستانانی میوە کە تێکڕای بەدێراوی جوان ڕێکخرابوو و نزیکەی ٨٠٠ هەزار مەتر دووجای گرتبووەوە، هەستێکی تەواو جیاواز تری دەوروژاند. هەمیشە ڕوناک و ڕەونەقدار بوون و هەستی شادی و خۆشییان لەدڵی مرۆڤدا بێدار دەکردەوە. گوڵ و گیای جۆراو جۆر وهەمەڕەنگ، لەسپی سادەوە بیگرە تا ڕەشی ڕەش، ئەو هەموو شکۆفە ناسک و نازدارانە، ئیدی بەهەشتێک بوو کە کاورین لە هەموو ژیانیدا ئەو تەرحە جوانییەی نەدیتبوو.

بەهار، لە هەوەڵی بوو. گیاو گوڵی کەم وێنە لەژێر شووشەی گوڵخانەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو، بەڵام هەر بەستێن و دێراوێکت گرتبایە هێندەی گوڵ و شکۆفە لێ ڕوابوو هیچ بارەگایەکی پاشایەتی لە ڕازاوەیی و بۆن خۆشیدا بەتۆزی پێیدا نەدەگەیی. ئەم کۆمەڵەیە بەیانیانی زوو لە هەموو کاتێک جوانتر بوون. یانی ئەو دەمانەی کە ئاونگ وەکو ئەڵماس و مرواری بەسەر پەڕەی گوڵ و پەلکی گیادا دەدرەوشایەوە.

کاورین، کە منداڵ بوو، جوانی ئەم باخە کارێکی ئەفسانەیی لێدەکرد. کەچی "پسوتسکی" هەر بۆ تانە بەم جوانییەی دەگوت "زڕوزبل"، بەڵام لەڕاستیدا هونەر و سەنعەت چ پەڕجوویەکی درستکردبوو! چ کارێکی گەورەی لە کتێبانەوە ڕاگوێزابوو و چۆن بەسەر سروشتدا زاڵ ببوو، دەستەمۆی کردبو! مەیدانی پڕ لە درەختی میوە، دارهەرمێیەکی

باڵابەرزی قوچەکی، دار بەڕووی بازنەیی، زەیزەفۆن، دار سێو، خانوو، تامی چلچرا. مێژووی ساڵی ١٨٦٢ کە بەداری ئاڵوباڵو نووسرابوو، واتا ئەو ساڵەی دەنواند کە پسوتسکی بۆ یەکەمجار دەستی دابووە بێستانکاری زانستانە. هەر هەموو ئەمانە جوان و شیرین و دڵڕفێن بوو. درەختانی ڕازاوەو لق و پۆ پەرچکراو، بەقەدی ساف و ڕاستەوە وەکو قەدی درەختی خورما ڕێک و ڕاست چوو بوون بەئاسماندا، بەڵام کە بەوردی زەینەت دەدایێ و سەیرت دەکرد درەختی مێو یان توو دەردەچوون، بەڵام ئەوەی گیانی دەخستەبەر ئەم باغەو نەوای شادی ئامێزی پێدەبەخشی، هاتوچۆی بەردەوام و هەوڵ و کۆششی بێوچانی باغەوانەکانی پسوتسکی بوو. لەبەیانی زوەوە تا درەنگە شەوان لەم درەختەوە بۆ ئەم درەخت، لەم شەتڵەوە بۆ ئەو نەمام، لەم دێراوی پڕ گوڵەوە بۆ ئەو گوڵزار، زەلام دەگەڕان و وەکو مێرولە بە مەکینەی دەستی و بێڵ و ئاو پرژێنەوە ئەم بەرو ئەو بەریان دەکرد.

کاورین، سەعات نۆی شەو گەییە گوندی "بوریسوکا". وەختێ گەییە ئەوێندەر، سەیری کرد تانیاو بابی بێ تاقەتن. هەوای سافی شەوو ئەستێرانی بەجریوە، ترسی زوقوم کەوتنی سپێدەی دەخستە دڵەوە. "ئیڤان کارلیڤچی سەر باخەوانیش چوو بووە شاری و کەسێکی دەستپاک و خەمخۆرو جێ متمانەیان شک نەدەبرد کە باخەکەی پێ بسپێرن. قسەو باسی سەر نان خواردنی ئێوارەیان هەرباسی زوقوم و زوقوم کەوتن بوو، ئاقیبەت لێبڕان کە تانیا ئەو شەوە نەخەوێ و سەعات یەکی شەو سەرێکی باخەکە بدات و دڵنیا بێ لەوەی کە هەموو شتێک وەکو خۆیەتی یان نا. "یگور سمیوونوڤیچ"ش سەعات سێ یان زووتر لەخەو ڕابێ و بێ بۆ باخەکە.

کاورین، بەدرێژایی شەوەکە لەگەڵ تانیادا دانیشت و سەعات یەکیش لە گەڵیا هات بۆ باخەکە. بۆسۆیەکی توند دەهات لە ڕەزەکانەوە کە ناویان نابوو "تیجارەتخانە" و ساڵی هەزاران ڕۆبڵ دەرامەتیان هەبوو، دووکەڵێکی چڕو خەست سەر زەوییەکەی گرتبوو، ئەم دوکەڵە دەبوایە گیاو گەڵا و گوڵەکان بە جۆرێک داپۆشێت کە نەیەڵێ زوقوم بیانبەستێت. درەختەکان وەکو بەردی شەترەنج بەڕیز وێستابوون، وەکو ڕیزە سەربازان ڕێک و پێک بوون. ئەم بەڕیز وەستان و هاوباڵاییەی درەختەکان، باغەکەیان تا ڕادەیەک ناخۆش دەنواند. کاورین و تانیا سەری سەراپای باخەکەیان دا. چوونە سەر ئەو ئاگرەی کە لە پەین و کاوپوش بەر ببوو. بەڕێکەوت تووشی یەکێک لەو کرێکارانە دەبوون کە وەکو سێبەر بەنێو چەڕە دوکەڵەکەدا لە هاتوچۆدا بوون، تەنیا

درەختانی ئاڵوباڵوو قۆخ و چەند دار سێوێک غەرقی شکۆفە بوون، ئیدی تەواوی باخەکە غەرقی دووکەڵ بوو. کە گەیینە دێراوە تازەکان ئەوجا کاورین توانی هەناسەیەکی ڕەحەت بدات. شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی: "بیرمە، بە منداڵی بە دووکەڵ دەپژمیم، بەڵام تا ئێستا نەمزانیوە کە چۆن دوکەڵ گیا و گەڵایان لەبەستن دەپارێزێ".

تانیا وەڵامی دایەوە: کە دنیا هەور نەبێ، دووکەڵ جێگەی هەوران دەگرێتەوە.

-هەور بۆچی باشە؟

-ئەگەر دنیا هەورو هەڵابێ، زوقوم ناکەوێ و درەختەکان نایبەستێ.

-بەڕاستتە؟

کاروین، ئەمەی گوت و پێکەنی. دستی تانیای گرت. دەموچاوی پان و پۆڕو ڕچیوی تانیا، برۆ چڕو پەیوەست و ڕەشەکانی، یەخەی سفت و ڕەقی چاکەتەکەی کە نەیدەهێشت بە ئاسانی ملی بجولێنێ، جلەکانی کە لەشەونمدا هەڵکشا بوون و بەژن و باڵای ڕیکوپێکی سەرنجیان ڕاکێشا. لەدڵی خۆیدا گوتی: "ماشەڵڵا چەند گەورە بووە". ئەوجا بە تانیای گوت: "٥ ساڵ لەمەوپێش کە من لێرە بووم، تۆ مناڵ مناڵ بوویت ، لاواز بوویت، لاقەکانت درێژو هێشتا خڕو پڕ نەبووبووی، شۆرتێکی کورتت لەپێ بوو.. بزانە بەم ٥ ساڵە چەند گۆڕاوی"!

تانیا ئاهێکی هەڵکێشا: بەڵێ پێنج ساڵ! لەم پێنج ساڵەدا زۆر شت ڕووی داوە. بەخۆشیەوە ڕوانییە دەموچاوی کاورین و گوتی: ئاندرێ ڕاستم پێ بڵێ، ئایا هەست دەکەی کە ئیدی لە ئێمە دابڕاویت و چ پەیوەندییەکت پێمانەوە نەماوە؟ بەڵام بۆ ئەم پرسیارە دەکەم؟ تۆ پیاوێکی کاروباری تایبەتی خۆت هەیە... تۆ... ئەگەر تۆزێ نامۆیی بکەیت و ئێمە بە بێگانە بزانی کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر وابێ یان وانەبێ ئاندریوشا، تکات لێدەکەم کە تۆ ئێمە بە بێگانە نەزانیت و وەکو خزم و کەسوکاری خۆتمان حسێب بکەی، ئێمە هەقی خۆمانە ئەم داوایەت لێبکەین".

-هەرواشە تانیا!.

-بەشەرەفت؟

-بەشەرەفم.

–پێت سەیرە کە ئەم هەموو وێنەیەی تۆمان هەیە، بەڵام بێگومان بەخۆت دەزانی کە بابم چەندی خۆش دەوێی. هەر بە پەرستن دەتپەرستێ. تۆ پیاوێکی زانایت، پیاوێکی ئاسایی نیت. تۆ پایەیەکی پڕشنگدارت بۆ خۆت بەدەست هێناوە و بابە پێی وایە سەرکەوتنی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەخۆی پەروەردەی کردوویت. من نامەوێ ئەو خەیاڵەی لێ تێکبدەم و دڵی بشکێنم، چ قەیدییە با وا بیربکاتەوە!

 بەیانی دا، ڕەنگی ئاسمان ڕوون بووەوە. تەنکە هەوران ڕەوینەوە. بولبولان کەوتنە خوێندن. دەنگی کڵاوکوڕە لە کێڵگەو مەزراکانەوە بەرز بووەوە.

تانیا گوتی: ئیدی کاتی خەوە. ساردیشە. دەستی کاورینی گرت و گوتی: ئاندریوشا، زۆر مەمنونتم کە لەگەڵم هاتی. بێزار بووین ئەوەندە لەگەڵ ئاشنایانی تاقەت بەردا هەڵسوکەوت بکەین. ژمارەشمان کەمە. هەموو ژیانمان هاتوتە سەرباخ و باخ و هیچی دی. هەموو قسەو باسێکمان هاتۆتە سەر کۆتەرەو چڵان، سێوی موتوربە و سێوی شیرین، چوزەرەدان و چرۆکردن، قەڵەم کردن و موتوربە کردن. هەموو ژیانمان بووە بە باخەکە. تەنانەت کە دەشخەوین هەر خەون بە سێوو هەرمێوە دەبینین. هەڵبەتە هەموو ئەمانە پڕ سوودو باشن، بەڵام هەندێجار بەدەستی خۆم نیەو حەز دەکەم گۆڕانێک لە ژیانمدا بکەم. لە یادمە جاران کە تۆ دەهاتی یە دیدەنیمان و پشووی هاوینت لەکن ئێمە دەگوزەراند، وەکو ئەوە بوو ماڵەکەمان خۆشترو ڕوناکتر ببێ. وەکو ئەوە بوو یەکێک ڕوپۆشی سەر شتەکانی ماڵەکەمان لابەرێ. من ئەو کاتانە منداڵ بووم، بەڵام تێدەگەیشتم..."

 تانیا هەژدەر هەژدەرو بەگەرمی قسەی دەکرد. کاروین لەپڕ ئەمەی هات بە خەیاڵدا کە لەوەیە ئەم پشووی هاوینە دڵی بچێتە سەر ئەم زەعیفە وردیلەو ناسکە زۆر بلێیە. لەوانەیە بەتەواوی ئاشق و شەیدای بێ. بۆ وەزع و حاڵی ئەوان چ شتێک لەم کارە ئاسایی ترو لە گوینتر بوو؟ ئەم بیرەی پێخۆش بوو. ئەم بیرە مژولی کردو هەرکە دانەوییەوەو ڕوانیە دەموچاوی پڕ میهرو ڕەنجاوی تانیا، لەبن لێوانەوە ئەم دێڕەی پوشکینی گوتەوە:

"ئونیژین، من ئەوە ناشارمەوە کە بۆ تانیا دێوانەم".

کاتێ گەیینەوە ماڵێ، یگورسیمیونوفیچ لەخەو ڕابببوو. کاورین، خەوی نەدەهات. لەگەڵ پیرەمێردا سەرگەرمی قسان بوو و لەگەڵیدا گەڕایەوە بۆ نێو باخەکە، یگورسیمونوڤیچ،

پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانەی قەڵەو بوو. هەرچەندە دووچاری تەنگەنەفەسی ببوو، بەڵام ئەوجاش هێندە گورج و گۆڵ بوو، زەحمەت بوو لەڕێگەوباندا پێیدا بگەی. سیمای، پەلەکردنی بەردەوامی دەنواند، وادەهاتە بەرچاو کە هەمیشە وابیردەکاتەوە کە ئەگەر تۆزێ ماتەڵ بێ و درەنگ بگاتە سەر کارەکەی ئیدی هەموو شتێکی وێران دەبێ و ئاداری بەسەر پاداریییەوە نامێنێ.

–بزانم دەزانی نهێنی ئەمە چیە؟ هەڵوەستەیەکی کرد تا هەناسەیەک تازە بکاتەوە و ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

–وەکو دەبینی زەوییەکە بەستوویەتی، بەڵام ئەگەر گەرما پێوەکە بخەیتە سەر دارعاساکەت، یانی مەتر و نیوێک لە سەروی ئەرزەکەوە، سەیر دەکەی تەواو گەرمە. ئەمە بۆ وایە؟

کاروین بە پێکەنینەوە گوتی: ڕاستت دەوێ نایزانم.

–نەء!... تۆ ناتوانی هەموو شتێک هەر بزانی. گەورەترین کەللەش ناتوانێ هەموو شتێک هەربزانێ.. ئایا هێشتا هەر سەرگەرمی فەلسەفەیت؟

–بەڵێ، بەزۆری خەریکی موتاڵاکردنی فەلسەفەو دەروونناسیم.

–بێتاقەتت ناکات؟

–بەپێچەوانەوە، بێ فەلسەفە هەڵناکەم.

یگورسیمیوڤیچ، سمێڵە قیتەکانی ڕێک خست و گوتی:

–، ماشەڵلا، ماشەڵلا! زۆرم دڵ بەکاروبارەکانت خۆشە، بەڕاستی پێم خۆشە.

لەپڕ گوێی هەڵخست. ترسێک نیشتە سەر سیمای. هەر پێیەکی کرد بەدووان و بەغار بەشەقامی نێو باغەکەدا بۆی دەرچوو. لەپڕ لەنێو چڕی درەختەکان و چەڕە دوکەڵدا ون بوو.

دەنگێکی نائومێدانە لەگوێی کاروینداا زرینگایەوە: –کێ ئەم ئەسپەی بەدرختەکەوە بەستۆتەوە، چ ناکەس بەچەیەک، چ دەست بڕێک زاتی ئەوەی کردووە، ئەم ئەسپە تۆپیوە بەم دار سێوەوە ببەستێتەوە. هاوار بەماڵم، وێران بوو! وێران بوو! باخەکەم وێران بوو. هاوار بەماڵم، چیبکەم خوایە!

که گەڕایەوە لای کاروین، زۆر پەرێشان و پەست دیار بوو. دەستەکانی دەدا بەیەکداو دەیگوت: پیاو نازانێ لەگەڵ ئەم خەڵکە نەحلەتیەدا چ بڵێ؟ چییان لەگەڵ دەکەی؟ ئەستپکا، دوێ شەو عەرەبانەیە پەینی هێناوە بۆ ئێرە و ئەسپەکەی بەدارەکەوە بەستووەتەوە. کەر پیاوە،هێندە ڕەشمەی ئەسپەکەی توند بەستووە کە لەسێ شوێنەوە توێکڵی دارەکە بریندار بووە. پیاو نازانێ چ لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بکات؟ کە قسەی لەگەڵ دەکەی چاوی حیز دەکات و خۆیت لێدەکات بە کەڕەی شەربەت، پێویستە هەڵیواسی.

کە تەواو هێدی بووەوە، کاروینی لە ئامێز گرت و ڕوومەتی ماچکرد و گوتی:

ماشەڵلا، ماشەڵلا، بەڕاستی بەهاتنت خۆشحاڵم، هێند خۆشحاڵم ناتوانم بە زمان بۆتی دەربرم، زۆر زۆر مەمنوونتم"! ئەوجا بەهەمان خێرایی جارانەوە کەوتەوە ڕێ. لەگەڵ کۆنە شاگردەکەیدا هەموو باخەکە گەڕان، نارنجستانەکە و هەموو شوێنەکانی دی، سەرێکی دوو کووره هەنگەکەشیان دا کە خۆی گوتەنی "پەڕجووی ئەم سەدەیە" بوو.

بەدەم پیاسەکردنەوە ڕۆژیان لێ هەڵات و تیشکی ڕۆژ باخەکەی ڕوناک کردەوە. دنیا گەرم بوو. کاروین کەوتە بیرکردنەوە لە ئایندەی پرشنگداری خۆی. بیری لەوە کردەوە کە تازە سەرەتای مانگی پێنجەو هێشتا هاوینێکی دوور ودرێژو خۆش بەدەستەوەیە. لەپڕ هەستێکی خۆشی وەکو ئەو هەستانەی کە بە منداڵی لەم باخەدا تووشی دەبوون، ئازای گیانی داگرت. ئەویش کابرای پیرەمێری لە ئامێز گرت و بە ئەسپایی ماچی کرد. بیرەوەری ڕابردوو باڵی بەسەر هەردووکیاندا کێشا. دوو بە دوو گەڕانەوە بۆ ماڵێ و چاو قەیماغ و پسکیتیان خوارد. ئەم وردەشتانەش بیرەوەری ڕۆژانی منداڵیان وەبیری کاورین هێنایەوە. خۆشی و شادی ئێستا تێکەڵ بە بیرەوەری ڕابردوو بوو و هەستێکی شادمانی قوڵیان لەدڵیدا جۆش دا.

چاوەڕوانی کرد تا تانیا بێدار بووەوەو قاوەی لەگەڵ ئەویشدا خوارد. ئەنجام چوو بۆ نێو باخەکەو ماوەیەک لەوێندەر پیاسەی کرد. پاشان چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و کەوتە کارکردن. بەوردی کتێبی دەخوێندەوە و یادداشتی تۆمار دەکرد. جارجارێ چاوی لەسەر کتێبەکەی هەڵدەبڕی و لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە مێزەکەی کە هێشتا ئاونگیان بەسەرەوە بوو. هەستی کرد هەموو دەمارەکانی لەشی لەخۆشی و شادیدا دەلەرزن و سەما دەکەن.

"٢"

کاورین، لە گوندیشدا هەمان ژیانی پڕ مەشغەڵەتی شاری درێژە پێدا. مێشک و ئەعسابی ماندووتر کرد. لەجاران پتر دەیخوێندەوە. دەینووسی و خۆی فێری زمانی ئیتاڵیش دەکرد. کاتێ کە بۆ پیاسەش دەچووە دەرێ هۆش و گۆشی هەر لای کارەکەی و گەڕانەوە بوو. هێندە کەم دەخەوت کە خانە خۆییەکانی پێیان سەیر بوو چۆن هەڵدەکات. ئەگەر بەڕێکەوت، ڕۆژێک نیو سەعاتێک خەوتبایە ئەوا بەدرێژایی شەوەکە خەوی دەزڕا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بێ خەوییەشەدا هەر چالاک و پڕ کارو بەکەیف و بەدەماغ بوو.

زۆری قسە دەکرد، زۆری دەخواردەوە.. جگەرەی زۆر دەکێشا. بەزۆری و ڕۆژانە کچۆلانی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە دەهاتن بۆ بوریسوکاو لەگەڵ تانیادا دادەنیشتن و گۆرانیان دەگوت. جار جاریش کوڕێکی گەنج، کە درواسێیان بوو، دەهات. کەمانچە ژەنێکی کارامەو لێهاتوو بوو. کاورین گوێی لەسازو ئاوازی وان دەگرت. بەڵام ماندوو دەبوو. بێ ئیختیار چاوەکانی دەهاتنەوەیەک و ملی بەسەرشانیدا شۆڕ دەبووەوە.

کاورین، عەسرانێک پاش چا خواردنەوە لەبەر هەیوانەکە دانیشتبوو کتێبێکی دەخوێندەوە، تانیا لە ژوری میوان و لەگەڵ یەکێک لە دۆستەکانی و دوو گۆرانی بێژدا کە یەکێکیان دەنگی بەرزو ئەوی دیکەیان دەنگی نزم بوو، بەیارمەتی کەمانچە ژەنەکە پرۆڤەی گۆرانییەکیان دەکرد. کاورین گوێی بۆ وشەکان ڕادەدێرا. هەرچەند وشەکان ڕوسی بوون، بەڵام لە ماناکانیان تێ نەدەگەیی، ئەنجام کتێبەکەی لەلایەکەوە داناو بەوردی گوێی هەڵخست. ئەمجارەیان تێگەیی. گۆرانییەکە بریتی بوو لەوەی کە :کیژێک بەخەیاڵ، لە نیوە شەودا دەنگێکی نهێنی ئامێز لەنێو باخەکە دەژنەوێ. ئەم دەنگە هێندە ناسک و دڵگیرە کە کچە خۆی ناچار دەکات کە شکۆ و پیرۆزی و گونجانی ئەو دەنگانە کە بۆ ئێمەی خەلقەندەی فانی نایەتە دەرک کردن، دیاربکات. کچە پاش ئەوەی ڕازی دەنگەکان هەڵدێنێ و دیارییان دەکات، دەست بەجێ دەمرێ و روحی دەفڕێ بۆ ئاسمان". پێڵوی چاوانی کاورین قورس بوون، هەستایە سەرپێ. بەبێ تاقەتی بەژوری میواندا تێ پەڕی و خۆی کرد بە بەردالانەکەداو لەوێندەر کەوتە هاتوچۆ. کە کۆڕی مۆسیقا تەواو بوو، دەستی تانیای گرت و لەگەڵ خۆیدا بردییە بەر هەیوانەکە و پێی گوت: لە بەیانی زووەوە فیکر و خەیاڵم مژولی ئەفسانەیەکی سەیرە. ناتوانم خۆم لە شەڕی ئەو ئەفسانەیە ڕزگار بکەم. نازانم لەکوێ خوێندومەتەوە. یان لەکێ و لەکوێم بیستووە؟ بەڵام چیرۆکێکی دڵگیر و سەرنج ڕاکێشە. هەرچەند زۆریش هاوئاهەنگ نیە.

دەبێ لەهەوەڵەوە ئەوەت پێ بڵێم کە زۆریش سادە و ڕوون نییە. هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕەبەنێکی ڕەشپۆش لە بیابانی سورریا یان عەرەبستان سەرگەردان بوو... چەندین قۆناغ لەو لای ئەو بیابانانەوە، ماسیگران ڕەبەنێکی ڕەشپۆشی دی دەبینن کە بەئەسپایی بەسەر دەریاوە سەما دەکات. ڕەبەنی دووەم تارمایی ڕەبەنی یەکەم بوو. ئێستا تۆ هەموو یاسایەکی دەروونناسی لەمێشکی خۆت دەربکەو، چونکە لەم ئەفسانە کۆنەدا بەهیچ جۆرێ ڕەچاونەکراوە... گوێ بگرە. لە تاپۆی یەکەمەوە، تاپۆیەکی دی کەوتەوە. لە دووەمەوە سێیەم کەوتەوە... هتد. چونکە وێنە و سێبەرە، واتا تارمایی ڕەبەنە ئەسڵییەکە، زیندوو نەمر هەر جارەی لە شوێنێکدا دەردەکەوت. جارێ ئەم تارماییە لە ئەفریقا، جارێ لە ئەسپانیاو، پاشان لە هندستاندا و جارێکیش لە قوتبی باکوردا بینرا. ئاقیبەت لە سنووری زەمین دەرچوو. بەڵام ئەم دەرچوونە هەرگیز نەیکردە کارێک کە ئەم تاپۆیە چیدی دەرنەکەوێ. لەوەیە ئەم تاپۆیە ئێستا لە هەسارەی مەریخ، یان لەوەیە لە کۆ هەسارەکانی باشووردا کە لەشێوەی خاچ دایە، ببینرێ. ئێستا خاڵی بنەڕەتی و سەرەکی ئەم ئەفسانەیە لەم پێشبینییەدایە کە "ڕێک پاش هەزار ساڵ دوای ئەو مێژووەی کە ڕەبەنەکە لە بیاباندا وێڵ بوو، تاپۆکە دێتەوە سەر زەوی و خۆی نیشانی تیرەی بەشەر دەدا". هەنوکە پێدەچێ کە ئەم هەزار ساڵە تەواو بووبێ... بەپێی ئەم ئەفسانەیە بێ دەبێ ئەمڕۆ یان سبەی چاوەڕوانی ڕەبەنی ڕەشپۆش بین".

تانیا، ئەم ئەفسانەیەی بەدڵ نەبوو، گوتی: ئەفسانەیەکی سەیرە.

کاروین پێکەنی و گوتی: لەمە سەیرتر ئەوەیە کە من بیرم نیە چۆن ئەم ئەفسانەیەم لەمێشکدا چەسپیوە. ئایا لە شوێنێکدا خوێندومەتەوە؟ ئایا لە کەسێکم بیستووە؟ یان دەشێت هاتبێتە خەونم؟ بیرم نیەو نازانم. بەڵام ئەم ئەفسانەیە تێکەڵ بە هەستم بووەو لە بەیانییەوە تا ئێوارە بیر لە هیچ ناکەمەوە، ئەمە نەبێ".

تانیا، گەڕایەوە بۆلای میوانەکانی، کاروین، لەماڵ وەدەرکەوت بێ تاقەت و غەرقی بیرو خەیاڵان بەکەنار تەلانی گوڵەکاندا کەوتە پیاسەکردن. هەتاو بەتەواوی ئاوا ببوو. بۆنێکی یەکجار خۆش لەگوڵە تازە ئاودراوەکانەوە دەهات. لەماڵەوە، مۆسیقا سەرلەنوێ جۆش و خرۆشی بە دەنگی گۆرانی بێژەکان دەدا. کاروین، بەدەم بیرکردنەوە و گەڕان بۆ سەرچاوەی ئەفسانەکە، بەرەبەرە هەموو باخەکەی بڕی و پاشان بێ وەی بەخۆی بزانێت و مەبەستی بێت بەکەناری چۆمەکەدا نشێو بووەوە.

بەنێو ڕەگ و ڕیشاڵی وەدەرکەوتووی درەختەکاندا دەگەڕاو کاتێکی بەخۆ زانی گەییە ڕەخ ئاوەکە. مەلی زۆنگاوەکان سڵەمینەوەو دوو سۆنە ناڕەحەت بوون. لق و پۆپی چڕو تاریکی دار کاژەکان لەبەر تیشکی ئاسۆدا هێشتا بریقەیان دەدایەوە. بەڵام ئاوی چۆمەکە تاری ببوو. کاورین، لەچۆمەکە پەڕییەوە. مەزرایەکی گەورەی مرۆری تازە ڕواو لەبەردەمیدا بوو. شوێنەواری ژیان لەو دەوروبەرەدا بەدی نەدەکرا. پێدەچوو ئەم ڕێیە بچێتەوە سەر سەر زەمینێکی ڕازئامێزی ئەوتۆ کە هەرگیز پێی ئادەمیزادی پێ نەکەوتبی. بچێتەوە سەر خۆرنشینێک کە تازە خۆر چوبێتە زەردەو هێشتا دوا تیشکەکانی بەنازو شکۆوە لەوێندەر بدرەوشێتەوە و ببریسکێنەوە.

کاورین، ملی ئەو ڕێگایەی گرت و لە فیکران ڕاچوو: چ سەرزەمینێکی فراوانە! چەند کپ و ئارام و ئازادە! دەڵێی هەموو جیهان لە کون و قوژبنی ئەم سەرزەمینە فراوانەدا پەنهان بووەو لە حەشارگەی خۆیەوە دەڕوانێتە من و چاوەڕوانی منە تابچم و سەرلەنوێ بیدۆزمەوە!

شنەیەکی خۆش مەزرا مرۆرەکەی خستە کەروێشکە. شنەی فێنک و خۆشی ئێوارێ، سەری کۆتی کاورینی فێنککردەوە. تۆزێک تێپەڕی و شنەباکە هەمدیس هەڵیکردەوە. ئەمجارەیان توندتر بوو. مرۆرو گیایەکان سەریان هاتەوەیەک و لەپشت ئەوانەوە خشەی چپە ئاسایی پەلکی دارکاژەکان هاتە گوێ. کاورین بەسەرسامی وێستا. لەلای ئاسۆوە لولەیەکی تاریکی گەردەلول ئاسا یان شەپۆل ئاسا بەدیارکەوت. ئەم لولە تاریکە ئاسمان و زەوی لێک دەدا. قەوارەی ئەم لوولەیە دیار نەبوو، بەڵام هەر لەیەکەم تەماشاکردنەوە دیار بوو کە لەجێی خۆی نەوەستاوە. بەڵکو زۆر خێرا بەرەو کاورین دێت. ئەم تاریکیە تا نزیکتر دەبووەوە بچووکتر دەبوەوە. کاورین بەپەلە خۆی لاداو ڕێی بۆ ئەم تاریکییە کردەوە. ڕەبەنێکی سەراپا ڕەشپۆش، قژ ماش و برنج، ئەبرۆ ڕەش، دەستەکانی لەشێوەی خاچدا خستبوونە سەرسینگی، لەوێوە تێپەڕی. پێیە خاوسەکانی لەسەر زەوی بوون. بیست شەقاوێک لە کاورین دوورکەوتەوە و ئەوجا گەڕایەوەو تەمەشای ئەوی کرد. سەری لەقاندو بزەیەکی پڕ میهرو بێباکانەی بەڕوویدا دا. دەموچاوی لاواز و بێ ڕەنگ بوو. کاتێ کە لە کاورین ڕەتبوو هەمدیس گەورەتر بووەوە. لە چۆمەکە پەڕییەوە. بە بێدەنگی خۆی هەڵدایە سەر ڕەخی چۆمەکەو بەنێو دارکاژەکاندا ڕەتبوو و، دووکەڵ ئاسا لەچاو ون بوو.

کاورین، بەشڵەژاوییەوە گوتی: بینیت، خۆ بەچاوی خۆت بینیت کە ئەفسانەکە ڕاستەو درۆی تێدا نیە. بێ ئەوەی هەوڵ بدات سەر لە نهێنی ئەم تاپۆ سەیرە دەربکات، خۆشحاڵ و ڕازی بوو لەوەی کە نەک هەر تەنیا لە نیزکەوە بە تەواوی جلە ڕەشەکانی بینی، بەڵکو سیماو دەموچاوی ڕەبەنەکەی بەتەواوی بینی، شڵەژاو لەهەمان کاتدا خۆشحاڵ گەڕایەوە بۆ ماڵێ. میوانەکان، هێدی هێدی لەباخەکەدا پیاسەیان دەکرد. کۆڕی مۆسیقا، لەماڵەوە هێشتا هەر بەردەوام بوو. کەواتە هەر خۆی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەی دیتوە، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد چیرۆکی بینینی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە بگێڕێتەوە. بەڵام ترسا کە لەدڵی خۆیاندا گاڵتەی پێبکەن و بڵێن چاوی ڕیشکەو پیشکەی کردووە. بۆیە لیبڕا ئەم نهێنییە لای خۆی بپارێزێت و بۆ کەسی نەدرکێنێ. قاقا پێکەنی. هەڵیکردە گۆرانی. کەوتە سەماو سوڕدان. خۆی لەجاران بەکەیف ترو شادتر بینی. میوانەکان و تانیا شادی و ئیلهامێکی تایبەتیان لە سیمایدا بەدی کرد.

"٣"

کە شێو تەواو بوو و، میوانەکان ڕۆیشتن، کاورین هاتە ژوورەکەی خۆی و لەسەر قەنەفەیەک پاڵکەوت. دەیویست بیر لە ڕەبەنەکە بکاتەوە، بەڵام دوای تۆزێک تانیا وەژوورکەوت و گوتی: ئاندریوشا، تاقەتت هەیە گوتارەکانی بابم بخوێنیەوە. گوتارەکانی بەرزن. شتی چاک دەنووسێت.

یگورسیمیونوفیچ، دوا بەدوای تانیا وەژورکەوت و بەدەم بزەیەکی دەستکردەوە گوتی: بەڕاستی بەرزن. گوێ بەقسەی تانیا مەدە. ئەگەر دەشتەوێ بیان خوێنییەوە، ئەوا شەوێ بیانخوێنەوە، دەرمانی خەونە.

تانیا بەو پەری متمانەوە گوتی: ئاندریوشا، گوتارەکان بخوێنەوە و بابم ناچار بکە کە پتر بنوسێت. بابم دەتوانێت نامەیەکی ئەکادیمی تێروتەسەل لەمەڕ باغداری بنووسێت.

یگورسیمونوڤیچ پێکەنی. سووربوەوە. وەکو هەر نووسەرێکی بێ فیز و شەرمن شپرزە بوو و نەیدەزانی چ بڵێ، ئەنجام تەسلیم بوو.

بەدەستی لەرزۆک چەند کاغەزێکی جیاکردەوەو گوتی: ئەگەر دەتەوێ گوتارەکانم بخوێنییەوە، هەوەڵجار ئەم گوتارانەی "گاشە و سەرگوتارە ڕوسیانە بخوێنەوە.

پێویستە بزانی کە من وەڵامی چم داوەتەوە. بەڵام ئەم گوتارانە بۆ تۆ خۆش نین... یەکەم بێ سەروبەرن و دووەم تازە کاتی خەوە.

تانیا، لە ژوورەکە وەدەرکەوت. یگورسیمیونوفیچ، لە قەراخ قەنەفەکەو لەپاش بێدەنگییەکی زۆر گوتی: ئاخ برای ئازیز. من گوتاران دەنوسم. لە پێشانگەی کشتوکاڵیدا بەشداری دەکەم و هەندێ جاران خەڵات و میداڵ وەردەگرم. هەموو خەڵکی دەڵێن پسوتسکی سێوی وای هەن هەریەکەی بە ئەندازەی سەری ئادەمیزادێک... پسوتسکی، سەروەت و سامانێکی وەهای لە باخەکانی وەدەست هێناوە کە. .. خۆلاسە بەدەردی "کوشوبێ" شاعیر گوتەنی: هەم پارەدارو هەم خاوەن پایەو شکۆ.

بەڵام حەزدەکەم لەتۆ بپرسم کە بەچی دەچێت؟ باخەکانم بێ چەندو چون جوان و عالن. باخی نموونەین... باخ نیە بەڵکو موزەخانەیەکی بێ هاوتایە. دەزگایەکە کە جگە لە جوانی بایەخێکی سیاسی زۆریشی هەیە. هەنگاوێکی تازەیە بەرەو سەنعەتی کشتوکاڵی هاوچەرخی ڕوسیا... بەڵام بەچ دەچێت و ئاکامەکەی چ دەبێ؟.. ئامانجی سەرەکی ئەم کارە چیە؟!

-وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە.

-مەبەستم ئەو وەڵامە نیە. دەمەوێ بزانم دوای مردنی من چی بەسەر ئەم باخە دێت؟ پێموایە یەک مانگ پاش مردنی من، باخەکە تیا دەچێت. هەڵبەتە لەبەر ئەوەنا کە باخەکە گەورەیەو کرێکارو باخەوانی زۆری هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە من ئاشقی ئەم کارەم. حاڵی عەرزم هەیت؟ من ئەم کارەم خۆش دەوێ. لەوەیە لە خۆمم پتر خۆشبوێ. من ڕۆژ تا ئێوارێ کار دەکەم. هەموو کارەکان بەدەستی خۆم جێبەجێ دەکەم. قەڵەم لێدان، موتوربە کردن، ناشتن. هەر هەموو ئەم کارانە بەدەستی خۆم دەکەم. ئەگەر یەکێک یارمەتیم بدات بەغیلی پێدەبەم و هێندە توورە دەبم کە هەندێجار لە سنوری ئەدەب دەردەچم ،هەموو نهێنییەک لە ئەشقی کاردا خۆی حەشارداوە. لەچاوی تیژی وەستایەکدا، لەدەستی کارامەی وەستایەکدا خۆی حەشارداوە. کە دەچمە دیدەنی دۆستێک و نیو سەعاتێک دادەنیشم هەست دەکەم دڵم لە جێیەکی دیە. هەمیشە ترسی ئەوەم لەدڵە نەک باخەکە شتێکی بەسەربێ. ئەوجا وەرە بیری لێبکەوە کە سبەینێ من مردم کێ جێم دەگرێتەوە؟ کێ ئەم کارانە جێبەجێ دەکات؟ باخەوانەکان؟ یان کرێکاران؟ ڕاست و دۆغری خەمی گەورەی من ئەمەیە کە سبەی باخەکانم بکەونە

دەستی بێگانان، دەنا چ ترسێکم لە کەروێشک و کرم بڕەو سەهۆڵبەندان نیە. ترسی گەورەم ئەوەیە کە باخەکانم بکەونە دەستی بێگانان...

کاورین گوتی: خوا نەیبڕێ تانیا هەیە... بە پێکەنینەوە لەسەری ڕۆیی: مەعلووم لە کەروێشکان خەتەرتر نیە... ئەویش حەز لەکار دەکات و چاکیش سەری لێی دەردەچێت.

-بەڵێ تانیاش شارەزایەو سەری لە کارەکانی دەردەچێت. خۆزگە دوای من باخەکە بکەوتبایە دەستی ئەو! جا لەوە باشتر دەبێ! بەڵام... خوا بەو ڕۆژە نەکات، ئەگەر هاتوو شوی کرد.

یگورسیمیونوڤیچ، بەچاوانی ترس لێ نیشتووەوە ڕوانیە کاورین و بە ئەسپایی گوتی: نەگبەتیەکە لەوەدایە کە تانیا شوو بکات و پاشان منداڵی ببێ و ئیدی فریای باخەکە نەکەوێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر خراپە، خۆ لەمەش خراپتر ئەوەیە شوو بە پیاوێک بکات کەچاوی لە ماڵەکەی بێ و تەنیا لەبەر سەروەت و سامانەکەی بیخوازێ و ئیدی بە ساڵێک باخەکە لەدەست دەچێت. ئاخر هەر لەبەر دووشتی وایە کە دەڵێن: ژن قامچی خوایە! ژن نەحلەتی خوایە!

یگورسیمیونوفیچ، ئاهێکی هەڵکێشاو پاش کەمێک بێدەنگی گوتی:

-ڕەنگە تۆ ئەمە بە خۆپەرستی بزانیت، بەڵام من حەزناکەم تانیا شوو بکات. ئەو هەتیوە جیقنە دەبینی کە هاتووچۆی ئێرە دەکات و هەمیشە خەریکی کەمانچەلێدانە؟ من دڵنیام کە تانیا هەرگیز شووی پێناکات، بەڵام دیسان هەر خۆشیم بەچارەیدا نایەت. ئیدی برای ئازیز منیش بۆ خۆم بەشەرێکم و لە فیکری خۆم حاڵی دەبم.

یگورسیمیونوڤیچ هەستا، بە نیگەرانییەوە کەوتە هاتووچۆ بە ژوورەکەدا دیار بوو شتێکی پێ بوو، بەڵام نەیدەتوانی بیدرکێنێ. دەستەکانی تەپاندنە گیرفانییەوەو گوتی: من بابایەکم حەز بە پێچ و پەنا ناکەم و هەرچیەکم لەدڵدا بێ بەڕاشکاوی دەیڵێم، بەکورت و کرمانجی تۆ تاقە پیاوێکی ئەگەر تانیا بخوازی لێت ناترسم. تۆ پیاوێکی هوشیارو بە ویژدانی و، هەرگیز ڕازی نابی ڕەنجی ژیانی من بەفیڕۆ بچێ. ئەمە جگە لەوەی من تۆم وەکو کوڕی خۆم خۆش دەوێ و شانازیت پێوە دەکەم. بۆیە ئەگەر خوا بکات، تۆو تانیا بۆ یەک ببن، زۆر خۆشحاڵ دەبم.

کاورین، بزەیەکی بۆ کرد، یگورسیمیونوڤیچ دەرگاکەی کردەوەو دەیویست بڕوا... بەڵام لەپڕ لەنێو دەرگاکەدا هەڵوەستەیەکی کردو گوتی: ئەگەر کوڕێکتان ببێ، ئەوا وەکو پسپۆڕێکی کاروباری کشتوکاڵ پەروەردەی دەکەم.. لەسەری ڕۆیی:

-... بەڵام هەموو ئەمانە خەیاڵی خاوە! شەو باش!

کاورین، پاش ڕۆیشتنی ئەو، بە ئیسراحەت لێی ڕاکشاو کەوتە خوێندنەوەی گوتارەکانی خانەخوێیەکەی. یەکەم گوتار بە ناونیشانی "کشتوکاڵی سەدەکانی ناوەڕاست" بوو. دووەم گوتار بەناونیشانی "کورتە وەڵامێکی ڕێزدار ز. دەربارەی ڕەمەعەل هێنانی خاکی باخێکی تازە." گوتاری سێیەم بەناونیشانی "چەند سەرنجێک لەمەڕ موتوربەکردن" و گوتارەکانی دیکەش ناونیشانی لەو بابەتانەیان هەبوو. بەڵام چەشنە شپرزەییەکی گیانی باڵی بەسەر هەموو گوتارەکاندا کێشا بوو، تەنانەت ئەو گوتارەش کە بەناونیشانی "دار سێوی وڵاتی ڕووسیا" بوو، هەر لەو شپرزە گیانییە بەدەرنەبوو. یگورسیمیونوڤیچ وتارەکانی بەم ڕستە لاتینییە دەست پێدەکرد "گوێ لە قسە موخالیفانیش بگرە" و بەم ڕستەیە کۆتایی پێ دێنا "کەسێ کەسە ئەلفێکی بەسە". لەنێوان ئەم ڕستانەدا کە بەزمانی لاتینی دەینووسین، یەک دنیا قسەی ڕەق و ناشیرین بەدی دەکرا کە ڕاستەوخۆ دژی "جەهالەت و نەزانی پسپۆڕانی کشتوکاڵی کە لەپشت کورسی ئەکادیمیاوە دەیانڕوانییە سروشت" نووسرابوون. بەتایبەتی دژی ئاغای "گاشە" بوو کە "شۆرەتی خۆی لەسەر بناغەی کفرکردن و بەرەڵلایی ڕۆنابوو" کاورین، ئەنجام تووشی هەندێ بابەتی بێ سەروبەرو دەربڕینی پڕ داخ و کەسەری بێڕەحمانەی نووسەری گوتارەکان بوو، نووسەر داخی لەوە دەخوارد کە جەڵدەلێدانی ئەو دێهاتیانەی میوە دەدزن یان درەخت دەشکێننەوە بەپێی یاسا قەدەغەکراوە. لەفکران ڕاچوو "کارەکەی کارێکی چاکە. کارێکی ماقوڵ و ڕێکوپێکە. بەڵام پیاو لەم دەقانەدا جگە لە دڵڕەقی و شەڕفرۆشتن چ شتێکی دی بەدی ناکات. پێم وایە لە هەموو شوێنێک هەروایە. لە هەموو کاروپیشەیەکدا خاوەن نەزەران خەڵکانێکی تووڕەو لە ڕادەبەدەر دڵ ناسکن و دەبن بە قوربانی هەست و دڵ ناسکی خۆیان، پێم وایە دەبێ هەر واش بێ".

بیری لە تانیا کردەوە. ئەو تانیایەی کە لەڕادەبەدەر دڵبەندی گوتارەکانی بابی بوو، ئەوجا بیری لە یگورسیمیوڤیچ کردەوە. تانیا کیژێکی وردیلە، ڕەنگ کاڵ، چاپوک و گورج و گۆڵ، ئێسکەکانی سینگی بەدەرەوە بوون. چاوە ڕەشە درشتەکانی وەکو ئەوەی تاقیبی شتێک بکەن، بەردەوام دەگێڕا. هەموو ئەمانە سەرنجی کاورینیان ڕاکێشا.

ئەوجا یگورسیمیونوڤیچی بە لاقە کورتەکانییەوە هێنایە بەرچاوی خۆی. دیسان گەڕایەوە سەر تانیا. تانیا زۆر حەزی لە گفتوگۆو موناقەشە دەکرد و هەمیشەو بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی قسەکانی دەکرد "تووڕە، پێم وایە لە ڕادەبەدەر تووڕە بێ".

دیسان کەوتەوە خوێندنەوە، بەڵام هیچ تێ نەگەیی و کتێبەکانی تووڕدا. هەستێکی خۆش دایگرت، هەستی سەماکردن و گوێگرتن لە مۆسیقا. هەستێک کە هەزاران بیری لە مێشکیدا وروژان. ئەوەی بە بیردا هات کە ئەگەر ئەم ڕەبەنە سەیرو نائاساییە تەنیا ئەم دیتبێتی و کەسی دی نەی دیبێ ئەوا ئەم نەخۆشەو نەخۆشێکی وەهایە کە تاپۆو شەبەنگانی دێنە بەرچاو. ئەم بیرە کەمێک ترساندی.

لەسەر قەنەفەکە دانیشت و سەری خستەنێو هەردوو دەستی. هەواڵیدا زاڵ بێ بەسەر ئەو نەخۆشییەدا کە باڵی بەسەریدا کێشا بوو. پاش تۆزێک هاتووچۆ بەژورەکەدا، گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی، بەڵام بابەتی کتێبەکە تێنوێتی و ئارەزووی نەدەشکاند. ئەو عەودالی شتێکی نادیارو سەرسوڕهێنەرو مەزن بوو. دەمەو بەیان خۆی گۆڕی و بە نەبەدڵییەوە چووە نێو جێگاکەی. هەستی دەکرد پێویستی بە ئیسراحەتە. ئاخری کە گوێی لە دەنگی یگورسیمیوڤیچ بوو کە دەچوو بۆ نێو باخەکە، لە زەنگی داو پێش خزمەتەکەی گاز کرد کە شەرابی بۆ بێنێ، چەند پێکێکی هەڵداو کەمێک مەنگ بوو و خەوی لێکەوت.

"٤"

یگورسیمیونوڤیچ و تانیا بەزۆری شەڕیان بوو وقسەی ناشیرینیان بەیەکدی دەگوت. ئەو ڕۆژەش بەیانییەکەی شەڕیان ببوو و تانیا دەستی بەگریان کرد بوو و چوو بووە ژوورەکەی خۆی و نەبۆ فراڤین و نەبۆ چای خواردن نەهاتبووە خوارێ.

یگورسیمیونوڤیچ هەوەڵجار بەڕەزامەندییەوە کەوتبووە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا . وەکو بیەوێ بۆ هەموو کەسێکی بسەلمێنێ کە عەدالەت و زەبت و ڕەبت بەلای ئەوەوە بەرزترین بناغەو دەستوری ژیانە، بەڵام نەیتوانی لەسەر ئەم وەزع و حاڵە برواو بەردەوام بێ هەر زوو دڵی تەنگ بوو و لە ئەسپی غرور دابەزی. لەکەری شەیتان هاتە خوارێ. سەرگەردان و وێڵ بە باخەکەدا دەسوڕایەوە و هەر پەکو پۆی بوو: ئاخ خوایە!

نیوەڕۆ هیچی پێنەخورا، بەئەسپایی لە دەرگای داخراوی ژورەکەی تانیای داو بەشەرمەزارییەوە گازی کرد: تانیا! تانیا!

لەپشت دەرگاکەوە دەنگێکی کزو گریاناوی هاتە گوێ: وازم لێ بێنە.. تکایە وازم لێ بێنە.

زویربوونی باب و کیژ لە هەموو ماڵەکەدا ڕەنگی دابووەوەو تەنانەت کاری کردبووە سەر باخەوان و کرێکارانی باخەکەش. کاورین، وەکو جاران سەرگەرمی کارەکانی خۆی بوو، بەڵام ئەنجام ئەویش ماندوو و نارەحەت بوو. لێبڕا بکەوێتە بەینیانەوەو ئەم هەوری زیزبوونە بەر لە شێو بڕەوێنێتەوە. لە دەرگای ژورەکەی تانیای دا. ڕوخسەتی لێوەرگرت و وەژوورکەوت، بەشۆخیەوە گوتی:

-وەرە، وەرە. شەرم ناکەیت!..

بەسەرسامی ڕوانیە دەموچاوی فرمێسکاوی و تۆراوی تانیاو گوتی: یانی شەڕەکەتان ئەوەندە جدییە؟ جوانە، جوانە.

تانیا گوتی: ئەگەر دەتزانی چی پێکردووم! ئەمەی گوت و فرمێسک وەکو بارانی بوهار لەچاوە درشتەکانییەوە دابارین. دەستەکانی دان بەیەکداو لەسەری ڕۆیی: هەر کوشتمی، باوەڕبکە چ قسەیەکی غەڵەتم نەکردووە... تەنیا ئەوەندەم گوتووە کە پێویست ناکات ئەم هەموو کرێکارە ڕابگرین... ئەگەر... بکرێ بە ڕۆژانە کرێکاران بگرین باشترە.. تۆ نازانی ئەو کرێکارانە یەک هەفتەیە چ کارێکیان نەکردووە. من، من تەنیا ئەوەندەم گوت، کەچی لێم ڕاپەڕی و... هەزارو یەک جنێوی سەربەکوڵکەی دامێ.. جا جنێوی ناشیرین.. لە پێناوی هیچیش".

کاورین، قژی تانیای ڕێک خستەوەو گوتی: گوێ مەدەیێ، بەشی خۆت شەڕت کردوەو فرمێسکیشت ڕشتووە. بەسە ئیدی، خۆ هەتا هەتایە هەر ناتۆرێی... بڕوا بکە بابت زۆری خۆش دەوێی.

تانیا بەدەم هەنسک هەڵدانەوە لەسەری ڕۆیی: ژیانی لێ تاڵ کردووم قسەی خۆشی جوێنە. عەرزەتمە قسەیەکی خۆشی لێ بژنەوم. بەجۆرێ سەیرم دەکات وەکو ئەوەی لەم ماڵەدا بێگانەبم. کەیفی خۆیەتی با وابکات. هەڵبەتە بیانوویەکی هەیە. من سبەی ئەم

ماڵە بەجێ دێڵم و دەڕۆم کارێک بۆ خۆم دەدۆزمەوە، دەبم بە تەلەگرافچی. قەیدی نیە با بەدڵی خۆی بکات.

–وەرە گیانە وەرە، مەگری تانیا. گریان بەچی دەچێ؟ ئێوە هەردووکتان تووڕە و دڵ ناسکن و خەتای هەردووکتانە، وەرە با ئاشتتان بکەمەوە.

کاورین، نەرم و لەسەرخۆ قسەی دەکردو تانیا کوڵی گریانی نەدەنیشتەوە. شانەکانی کووڕ دەکردەوە و دەستی دەدان بە یەکدا، لەتۆ وایە نەگبەتییەکی گەورە بەرۆکی گرتووە. کاورین لەوە دڵگیربوو کە ئەم هەموو بشێوێنی و خەم و خەفەتە لەسەر شتێکی هیچ بوو. چ ڕووداوێکی هیچ و بێ بایەخ ئەم بەستەزمانەی بەدرێژایی ڕۆژێک یان خۆی گوتەنی بەدرێژایی هەموو تەمەنی وا کڵۆڵ و داماو کردبوو! لەو دەمەدا کە دڵخۆشی تانیای دەدایەوە ئەوەی بە بیردا هات کە لەم دنیایەدا جگە لەم باب و کیژە چ کەسێک نیە کە ئەوی وەکو خزم و کەسی نزیک خۆش بوێ. ئەگەر ئەمان نەبوایەن ئەو هەر لە منداڵیەوە بێ باب و دایک، وێڵ و سەرگەردان دەبوو و، لە هەموو ژیانیدا عەزرەتی سۆزێکی دڵسۆزانە دەبوو و، هەرگیز تامی خۆشەویستی نەدەچەشت، ئەو خۆشەویستیەی کە تەنیا لە کەسوکاری دڵسۆز چاوەڕوان دەکرێ. کاورین هەستی کرد کە ئەعسابی ماندووی وەکو موگناتیس بەرەو ئەم کیژە چاو بە فرمێسکە دەکشێ، هەروەها هەستیکرد هەرگیز ناتوانێ ژنێکی قوت و قەڵەوی گۆنا ئاڵی خۆش بوێ. بەڵام ئەم تانیا ڕەنگ کاڵ و لاوازو کەمجورمە تەواو دڵی بردووە. کە دەیڕوانییە شان و مل و قژی تانیا، لە ناخدا گەشکەی دەکرد. دەستەکانی تانیای گوشی و فرمێسکەکانی بۆ سڕی... ئاخری تانیا ژێر بووەوە. بەڵام هێشتا گلەیی لە بابی و لە ژیانی ناڕەحەتی خۆی دەکردو لە کاورین دەپاڕایەوە کەلەم وەزع و حاڵە ڕزگاری بکات. ئەوجا تانیا بەرەبەرە گەشایەوە و بزە کەوتە سەر لێوانی و کەوتە گلەیی لە بەختی خۆی کە خوا بۆچی بەمجۆرە دروستی کردووەو بۆ هێندە دڵی ناسکە. پاشان لە قاقای پێکەنینی داو گوتی من شێتم و بەغار لە ژوورەکە وەدەرکەوت. کاورین، دوای تۆزێک چوو بۆ باخەکە. سەیری کرد یگورسیمیونوڤیچ و تانیا وەکو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، شان بەشانی یەکدی بە شەقامی نێو باخەکەدا پیاسە دەکەن و نانیان دەخوارد. هەردووکیان زۆریان برسی بوو.

کاورین، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە توانی بووی یگورسیمیونوڤیچ و تانیا ئاشت بکاتەوە، بەدەم ئەو خۆشیەوە چوو بۆ باخەکە. لەسەر تەختێک دانیشت و چووە ژێری. لەپڕ گوێی لە دەنگی تەقە تەقی عەرەبانەیەک و پێکەنینی ژنێک بوو، دیار بوو دیسان میوانە. دەنگی کەمانچە بەرزبووەوە. دەنگی نامەفهومی ژنێک گەیشتە گوێ. ئەم دەنگانە ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەیان وەبیر کاورین خستەوە. لەکوێ، لە چ وڵاتێک، لەسەر کام هەسارە ئەم بوونەوەرەی، هاتۆتە بەرچاو. بەزەحمەت ئەم ئەفسانەیەی وەبیر خۆی هێنابووەوەو خەریک بوو ئەو تاپۆڕەشەی کە لە مەزارەکەدا دیتبووی لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە بکات. لەپڕ لەپشت دارکاژەکانی بەرانبەرییەوە پیاوێکی دەستەباڵا، بەبێ خشپەو بێ ئەوەی بچووکترین سرتەی لێوە بێ وەدەرکەوت. قژی بۆز بوو بوو. کڵاوی لەسەر نەبوو. دەموچاوی هێندە بێ ڕەنگ بوو، هەر لە دەموچاوی مردوان دەچوو. یەک دنیا خاڵی ڕەشی ناشیرین بەڕوویەوە بوو. کابرای غەریب یان کابرای سواڵکەر بە ئەدەب و نەزاکەتەوە سەری دانەواند و بە بێدەنگی هاتە پێشەوەو لەسەر تەختەکەی کاورین دانیشت. کاورین، ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەی ناسییەوە. تاوێکی باش لێکدی ڕامان، کاورین بەسەرسامی و ڕەبەنەکە بەخۆشەویستییەوە، وەکو جاری یەکەم، بەڵام چەشنە ڕەندی و بێ موبالاتییەک بەسیمایەوە دیار بوو، کاورین گوتی:

–تۆ بوونەوەرێکی خەیاڵیت، بۆچی هاتوویە ئێرەو بۆچی لە شوێنێکدا دانیشتووی، ئەم کارەی تۆ لەو کۆنە ئەفسانەیە ناچێت".

ڕەبەنەکە بە هێمنی وەڵامی دایەوە: فەرق ناکات.

ڕووی کردە کاورین: –ئەفسانە، بوونەوەری خەیاڵی، من، هەر هەموو ئەمانە زادەی خەیاڵی وڕوژاوی تۆن. من شەبەنگم.

کاورین گوتی: یانی دەتەوێ بڵێی کە چ بوونێکت لە دەرێی خەیاڵدا نیە؟

–چۆنت ئارەزوو لێیە وای بیر لێبکەوە. من لە خەیاڵی تۆدا هەم. چونکە خەیاڵی تۆ بەشێکە لە تەبیعەت، کەواتە من دەبێ لە تەبیعەتیشدا هەبم. ئەمەی گوت و سوکە بزەیەک کەوتە سەر لێوی.

کاورین گوتی: هوشیارو بەدەماغ دیاری. پێموایە لە دنیای واقیعدا پتر لە هەزار ساڵ تەمەنت رانیوە. من نەم دەزانی خەیاڵم توانای ئەفراندنی دیاردەیەکی وای هەیە. بۆ واسەیرم دەکەی؟ خۆشت دەوێم؟

-بەڵێ، چونکە تۆ لەو خەڵکە کەمانەی کەبەڕاستی دەکرێ نێوی هەڵبژاردەی خوات لێ بنرێ. تۆ خزمەتی حەقیقەتی نەمر دەکەی، بیرو بیرکردنەوەی تۆ، مەبەست و ئارەزووی تۆ، بەهرەو زانیاری تۆ، هەموو ژیانی تۆ مۆری خوایی لێدراوە. بە ئاشکرا مۆری خوایی پێوە دیارە. هەموو شتێکی تۆ لە قەبێڵی ئەقڵ و جوانی کراوە، واتا بۆ جیهانی ئەبەدی و پایەدار تەرخانکراوە.

-باسی "حەقیقەتی نەمر"ت کرد، ئایا تیرەی بەشەر، بەشەری فانی دەگاتە حەقیقەتی نەمر؟

ڕەبەنەکە گوتی: ژیانی نەمر هەیە.

-تۆ پێت وایە بەشەر بونەوەرێکی نەمرە؟

-هەڵبەتە، ئایندەیەکی جوان و بەشکۆ چاوەڕوانی ئێوەیە. چاوەنۆڕی تیرەی بەشەرە. تا جیهان، پیاوانی وەکو تۆی زۆر هەبێ، زووتر دەگاتە ئەم ئایندەیە. بەبێ تۆ و نموونەی وەکو تۆ کە بەهوشیاری و وریاییەوە دەژین، کە سەربەرزو ئازادن، کە خاوەنی سەرەتای بەرزو جوانن، بەشەرییەت چ مەعنایەکی نیەو بەپێی دەستووری تەبیعی دەبێت دەستەو ئەژنۆ دانیشن و چاوەڕوانی کۆتایی مێژووی خۆ بکەن، بەڵام تۆو نمونەی وەک تۆ ، بەدرێژایی هەزاران ساڵ تیرەی بەشەر دەگەیەننە حەقیقەتی نەمر. خزمەتکردن و ئەرکی بەرزو پیرۆزی ئێوە ئەمەیە. هەرچی بەرەکەت و فەڕێک کەخوا وەعدی بە بەندەکانی داوە لە بوونی تۆدا بەرجەستە بووە.

کاورین پرسی: ئامانجی تەمەنی جاویدان چیە؟

-ئامانجی تەمەنی نەمر وەکو هەموو ژیان خۆشییە. خۆشی ڕاستەقینەش لە زانستدایە، ژیانی نەمر سەرچاوەی لەبن نەهاتووی زانست بۆ تیرەی بەشەر دەڕەخسێنێ. هەر لەبەر ئەمەشە گوتویەتی: "ماڵی بابی من پڕە لە قەسرو کۆشکان..."

کاورین، بەخۆشیەوە دەستەکانی دان بەیەکداو گوتی: دەزانی زۆرم کەیف بە قسەکانت دێت؟!

-سوپاس.

-بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم کە تۆ بڕۆیت ئیدی لە بوونت دەکەومە گومانەوەو گومان دەمکوژێ. تۆ تاپۆو شەبەنگی، زیندە خەون و خەیاڵی، دیتنی تۆ نیشانەی ئەوەیە کە من نەخۆشم و لە حاڵێکی ئاساییدا نیم.

-جا چ قەیدییە با نەخۆش بی؟! نابێ ئەمە ساردت بکاتەوە. تۆ نەخۆشیت چونکە زیاد لە پێویست کار دەکەیت. چونکە سەلامەتی خۆت کردۆتە قوربانی ئامانجێک و ڕۆژەک دێ کە نەک هەر سەلامەتیت بەڵکو ژیان و ژینت لەم پێناوەدا فیدا بکەیت. لەوەی پتر چت دەوێ؟ ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە هەموو تەبیعەتێکی هەڵبژاردەو عال بەتاسەیەوەن.

-بەڵام ئەگەر نەخۆش بم چ متمانەیەکم بەخۆ دەبێ؟

-بەچ مەعلوم هەموو ئەو بلیمەتانەی کە بوونە مایەی متمانەی هەموو جیهان، سوودیان لە خەون و خەیاڵ نەبینیوە. ئێستا بە تۆ دەڵێن کە بلیمەتی زۆر لەشێتییەوە نزیکە. بلیمەتی و شێتی زۆر لێکدی دوور نین. باوەڕبکە خەڵکانی ساغ، خەڵکانێکی ئاسایین، ڕان و پەزن، ترسان لە نەخۆشی ئەعساب، لە پیربوون و پەککەوتن تەنیا ئەو کەسانە ئازار دەدات کە ئامانجی ژیانیان لە حاڵی حازردایە نەک لە ئایندەداو ئەمانەش هەمان ڕان و پەزن، خەڵکانی ئاسایین.

-بەڵام گوتەی "ئەقڵی ساغڵەم لە بەدەنی ساغڵەم دایە" ئامانجی ڕۆمیانی کۆن بووە.

-مەرج نیە هەرچییەک ئەوان گوتبێتیان دروست بێ. خوپەرو هەڵچوون، تاسەو ئەڵها، بەرزەفڕی، حاڵ و جەزمە، هەموو ئەم خەسێتانەی کە شاعیران، پەیامبەران و شەهیدانی ڕێگەی ئامانجی بەرز، لە خەڵکانی ئاسایی جیادەکاتەوە، لەگەڵ ژیانی ئاژەڵیدا ناگونجێ، واتا لەگەڵ سەلامەتی بەدەن و ساغی بەدەندا ناگونجێ. جارێکی دیکەش پێت دەڵێمەوە ئەگەر دەتەوێ ساغ و ئاسایی بیت ئەوا ببە بە یەکێک لە ڕەشە خەڵکەکە، ببە بە یەکێک لە پەزەکە.

کاورین گوتی: سەیرە، هەرچییەک بەخەیاڵی مندا هاتووە و چەندین جار بیرم لێکردۆتەوە تۆ گوتت. وەکو ئەوەی تۆ هەمیشە ئاگات لە من بووبێ و گوێت لە بیرو خەیاڵە نهێنییەکانم بووبێ، بەڵام بەسە باسی من مەکە، تۆ مەبەستت لە هەقیقەتی نەمر چیە؟ چۆنی لێک دەدەیتەوە؟

ڕەبەنەکە وەڵامی نەدایەوە. کاورین تەماشایەکی کرد، بەڵام نەیتوانی دەموچاوی بەجوانی ببینێ. سیمای دیار نەمابوو. سەرو دەستی دیار نەمان، ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە بەتەواوی دیاری نەماو لەچاو ون بوو.

کاورین، بەپێکەنینەوە گوتی: حەیفێ لەچاو ون بوو.

بە کەیفخۆشی و چالاکییەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە. قسەی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە ڕوح و گیانی لەڕادەبەدەر شاد کردبوو، بوونە هەڵبژاردە، خزمەتکردنی هەقیقەتی نەمر. دانانی لە ڕیزی ئەوانەی کە هەزاران ساڵ ژیانی مرۆڤ پێش دەخەن، دانانی لە ڕیزی ئەوانەی کە مرۆڤ لە گرفتاری و گوناحی هەزاران ساڵ ڕزگار دەکەن، ئەوانەی هەموو شتێکی خۆ لە ڕێی ئامانجێک دادەنێن، گەنجییان، تواناو سەلامەتیان دەبەخشن و لەپێناوی شادی کۆمەڵدا دەمرن، چ ئامانجێکی پیرۆزە. چ پلەو پایەیەکی مەزن و بەرزە، وەختێ بە ژیانی ڕابردووی خۆیدا چۆیەوە، ژیانی بێ رتوش و بێ غەل و غەش و پڕ کارو کۆششی خۆی هێنایەوە بەرچاو، وەختێ ئەوەی فێری ببوو و، خەڵکانی دیکەی فێرکرد بوو بەیاد هێنایەوە، گەییە ئەم ئەنجامەی کە قسەکانی کابرای ڕەبەن موبالەغەیان تێدانیە.

تانیا کە بەدوویدا دەگەڕا، لە پارکەکەوە وەدەرکەوت و بەرەو لای ئەم هات. جلێکی تازەی لەبەر کرد بوو. ئەو جلە نەبوو کە کاورین ئاخرجار لەبەریدا دیتبوی. هاواری کرد: ئەوە لێرەی؟ خۆ هەموومان بەدوی تۆدا دەگەڕاین... وی ئەوە چیە؟ بەسەرسامی ئەو پرسیارەی کردو چاوی بڕییە سیمای پرشنگداری و چاوانی فرمێسک تێزاوی و گوتی: ئاندریوشا، چیت بەسەرهاتووە زۆر گۆڕاوی؟!

کاورین دەستی خستە سەرشانی تانیاو گوتی: من زۆر شادم، لە شادیش زیاتر، بەختیارم. تانیای ئازیز، تۆ بێ ئەندازە ئازیزو خۆشەویستی. تانیا زۆر خۆشحاڵم.

بەگەرمی هەردوو دەستی تانیای ماچکردو لەسەری ڕۆیی:

-ئێستاکێ، لەوپەڕی هەوای خۆدا بووم. لە لوتکەی شادیدا بووم. لە ژیانمدا ئەوەندە شاد نەبووم، بەڵام ناتوانم هەموویت بۆ بگێڕمەوە. چونکە بەشێتم دەزانی. باوەڕ بە قسەکانم ناکەیت. بابێینە سەر باسی تۆ. تانیا من تۆم خۆش دەوێ و دەمێکە خۆشم دەوێی، نزیک بوونەوەو دیتنی تۆ بووە بەشێک لە ئەرکەکانی ژیانم نازانم کە بگەڕێمەوە چۆن بەبێ تۆ هەڵبکەم.

تانیا بە پێکەنینەوە گوتی: بەو خەستییەش نا. دوای دوو ڕۆژ لە بیرت دەچمەوە. ئێمە خەڵکانی بچوکین و تۆ پیاوێکی گەورەی. کاورین گوتی: بێ سوعبەت، بەتەمام لەگەڵ خۆمت بەرم تانیا، باشە؟ لەگەڵم دێی؟ تۆ دەبی بەهی من!

تانیا هاواری کرد: چی؟ ویستی پێبکەنێ، بەڵام پێکەنین چووە قاتی و نەکەوتە سەر لێوانی. لەجێی پێکەنین ڕومەتی سوور هەڵگەڕا، هەناسەی سوار بوو و، بەپەلە بەرەو باخەکە ڕۆیی. دەستەکانی هەڵگلۆفتن و بەنەباوەڕییەوە گوتی: باوەڕ ناکەم. هەرگیز لەم باوەڕەدا نەبووم... هەرگیز...

بەڵام کاورین بەپەلە بەدوویدا چوو بەهەمان سیمای نورانی و پرشنگدارو حاڵ لێهاتنەوە لەسەری ڕۆیی: من عەوداڵی ئەشقێکم هەموو بوونم فەتح بکات. تەنیا تۆ، تەنیا تانیا ئەم ئەشقە بەمن دەبەخشێ. من زۆر بەختیارم، کە بەختیارم!

تانیا، تەسلیم بوو... کووڕ بووەوە، تێک چوو، لەتۆ وایە بە ئەندازەی دە ساڵ پیرتر بوو، بەڵام لەبەرچاوی کاورین یەکجار جوان بوو. بە دەنگی بەرز گوتی: چەند جوانە!

"٦"

یگورسیمیونوڤیچ، کە زانی کاورین نەک هەر ئاشقی تانیا بووە، بەڵکو لێبڕاوە بشی خوازێ، تەواو شپرزە بوو. چووە سوچێکەوە و هەوڵیدا شپرزەیی خۆی وەشێرێ. دەستەکانی دەلەرزین، گەردنی وەکو ئەوەی بای کرد بێ شین هەڵگەڕابوو. دەستووری دا کە ئەسپەکان بێنن و عەرەبانەکەیان لێ ببەستن. سوار بوو و ڕۆیی. تانیا کە بینی چۆن ئەسپەکان بەر قامچیان دەداو کڵاوەکەی تا سەر گوێی داگرتووە، ئیدی لە وەزع و حاڵی تێگەیی. خۆی بەژوورەکەی خۆیدا کرد. دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و بەدرێژایی ئەو ڕۆژە گریا. لە نارنجستانەکەدا، هەموو قۆخ و هەڵوژەکان بەتەواوی پێگەیی بوون. دەبوایە زۆر بەوریایی لێبکرێتەوە و لە سەندوقان بخرێن و بنێردرێن بۆ مۆسکۆ. چونکە دنیا زۆر گەرم ببوو. دەبوا هەموو درەختەکان ئاو بدەن. ئەم کارە وەختی زۆری دەویست. ئەمە جگە لەوەی درەختەکان کرمیان هەڵێنا بوو. هەرچەند کاورین زۆری قێز لە کرمەکان دەکردەوە، بەڵام چار نەبوو، کرێکارەکان و تەنانەت یگورسیمیونوڤیچ و تانیاش بە بەرچاوی ئەوەوە بەدەست کرمەکانیان دەفلیقاندەوە.

خەڵکی لێکدا لێکدا دەیانکردە سەریان و میوەیان بۆ وەرزی پایز ڕادەسپارد. ئیدی وەڵامدانەوە و ڕازیکردنی ئەو خەڵکەش ببوو بە سەرباری کارەکانی دی. گەرمەی کارکردن بوو. کەس نەیدەپەرژا سەری خۆی بخورێنێ. لەم گەرمەی کارکردنەدا، کاری مەزراکانیش دەستی پێکرد. نیوەی کرێکارانی باخەکە، باخەکەیان بەجێ هێشت.

یگورسیمیونوڤیچ کە تاوە سووت ببوو، قسەی لەگەڵ بەکردن نەدەهات. هەمیشە تووڕە بوو. پێیەکی لە مەزرا بوو، پێیەکی لە باخەکە بوو، بەردەوام خوتەو بۆڵەی بوو: گیانم دەرچوو. بە هیلاک چووم کار وابڕوات ڕۆژێ دێت خۆم بکوژم.

سەرباری ئەم هەموو کارە، بەزم و ڕەزمی جیازی کڕینی تانیاش لەولاوە بوەستێ کە بنەماڵەی پسوتسکی زۆر بەخەمییەوە بوون. لەلایەک جل بڕین بوو، لەلایەک خەیاتانی تووڕەو ترۆ. ئیدی کەس بەکەس نەبوو. میوانیش لەولاوە بوەستێ. خەڵکی ماڵەکە مەجبور بوون پێشوازی میوانەکان بکەن. شیرینی و شەربەتیان بۆ دابنەن و جێ و ڕێ بۆ مانەوەی شەویان دابین بکەن.

بەڵام وێڕای ئەو قەرەباڵغی و سەرقاڵییە، کارەکان بە خۆشی و شادی ڕادەپەڕێنران و کەس ئاگای لەماندوو بوون نەبوو. تانیا، هەستی دەکرد کە ئەشق و بەختەوەری لەپڕ لە دڵیدا شکۆفەی کردووە. هەرچەند لە چواردە ساڵییەوە دەیزانی کە یان بۆ کاورین دەبێ یان بۆ گڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر نیگەران و دوو دڵ بوو. هەندێجار بەجۆرێ مەستی شادی و خۆشی دەبوو کە پێی وابوو دەبێ لە کەیفان بفڕێ و خۆی بگەیەنێتە ئامێزی هەوران و نوێژان دابەستێ. بەڵام کە بیری لەوە دەکردەوە دەبێ مانگی هەشت بە بووکی بڕوات و بابی و ئەم ماڵە بەجێ بێڵێ، ئەم ماڵەی کە هەموو تەمەنی خۆی تێدا گوزراندووە، ترسێکی نامەفهومی لێ دەنیشت. خوا دەزانێ چەندین جار ئەم بیرەی بەسەردا دەهات کە ئەم لە پیاوێکی مەزنی وەکو کاورین بچوکترەو شایستەی ئەو نیە. کە ئەم خەیاڵەی بەسەردا دەهات بە پەلە خۆی بە ژورەکەی خۆیدا دەکرد، دەرگاکەی لەسەرخۆی دادەخست و چەندین سەعات بە کوڵ دەگریا. لەنێو میوانەکاندا تەنیا کاورینی لەبەرچاو قۆزو جوان بوو. هەستی دەکرد هەموو ژنەکان بەغیلی پێ دەبەن. لەم ساتانەدا دڵی پڕ دەبوو لە غرورو شادی و وەکو ئەوە بوو هەموو جیهانی بۆ خۆی داگیر کردبێ. خۆ ئەگەر کاورین، زاتی کردباو لەگەڵ ژنێکدا پێکەنیبا، ئەوا تانیا لە حەژمەتاندا دەلەرزی و بەپەلە دەچووە ژوورەکەی خۆی و دیسان دەستی بە گریان دەکرد! ئەم هەستانە باڵیان بەسەریا کێشابوو. وەکو مەکینە کاری دەکردو یارمەتی

بابی دەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگای نە لەکرم، نە لە کارەکەران، نە لە کرێکاران و نە تێ پەڕبوونی وەخت نەبوو.

باری دەروونی یگورسیمیونوڤیچش وەکو تانیا بوو. ئەویش لە بەیانییەوە تا شەو کاری دەکرد. لە باخەکەدا ئەم بەرو ئەو بەری بوو. تووڕە دەبوو جنێوی دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەون و خەیاڵێکی ئەفسوناوی باڵی بەسەریا کێشابوو، هەستت دەکرد قاڵبێکی توند و تۆڵەو دوو کەسی گرتۆتە خۆ. یەکێکیان یگورسیمیونوڤیچی واقیعی بوو کە لەگەڵ باخەوانێکا قسەی دەکرد، کە گوێی لە قسەکانی ئیڤان کارلوڤیچ دەگرت لەمەڕ بێ زەبت و ڕەبتی باخەکە، دین دەبوو و قژی خۆی دەڕنییەوە. ئەوی دیکە یگورسیمیونوڤیچی  ناواقیعی بوو. پیرەمێرێکی نیمچە مەست بوو. قسەی زۆر گرینگی دەبڕی. خۆی لە قسان هەڵدەقورتاند. یەخەی باخەوانەکەی دەگرت، ڕای دەتەکاند و دەیگوت:

-تۆ هەرچییەک دەڵێی، بیلێ، بەڵام بە بێژنگ بەری هەتاو ناگیرێ. دایکی یەکێک بوو لە ژنە هەرە نەجیب و زیرەکەکان. دەموچاوی هێندە پاک و نورانی بوو لەتۆ وایە فریشتەیە. نیگارکێشی دەکرد. شیعری دەگوت پێنج زمانی دەزانی و گۆرانی دەگوت... بەستەزمانە، خوا عافوی بکات، تووشی سیل بوو و مرد.

ئەم یگورسیمیونوڤیچە ناواقیعیە ئاهێکی هەڵدەکێشاو لەسەری دەڕۆیی.. کە لە ماڵی مندا بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵی دەداو گەورە دەبوو. هەمان دەموچاوی نورانی فریشتە ئاسای دایکی هەبوو. تەمەشا کردنەکەی، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری، قسە نەرم و خۆشەکانی هەمووی لەدایکی دەچوو. جا زیرەکییەکەی بۆ ناڵێی! بە بەلاش پلەی مامۆستایی وەرنەگرتووە، بەڵام هێشتا لە کوێیەتی ئیڤان کارلوڤیچ، تۆ دە ساڵی دی بیبینە بزانە دەبێ بەچی! لەگەڵ ئێستایدا هەر بەراورد ناکرێ! کە دەگەییە ئێرە، هەڵوەستەیەکی دەکردو دەبووەوە بە یگورسیمیونوڤیچی واقیعی. قژی خۆی دەڕنییەوە، دەی نەڕاند: کەرانباوگاوانەی باوەحیزینە! بەستویەتی، وێران بوو. وێران بووە! باخەکە وێران بوو، باخەکەم فەوتا.

کاورین، بەهەمان شەوقی ئەشقی هەوڵەوە کاری دەکردو هەراو هەنگامەو بەزم و ڕەزمەکەی دەوروبەری کاریان تێنەدەکردو ساردیان نە دەکردەوە. ئەشق تاقە هاندەرو پشتیوانی بوو. پاش هەر ژوانێک لەگەڵ تانیادا بەخۆشی و شادی دەگەڕایەوە ژوورەکەی و دەستی بەکار دەکردەوە. بەهەمان ئەشقەوە کە تانیای ماچکرد بوو و،

سوێندی ئەشقی بۆ خواردبوو، کتێب و دەستنووسەکانی لە ئامێز دەگرتن و مژولیان دەبوو. قسەکانی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە دەربارەی: هەقیقەتی نەمر، ئایندەی پرشنگدارو شکۆداری مرۆڤایەتی، دەربارەی ئەو کە بەندەی هەڵبژاردەیە - ناسکی و جوانییەکی تایبەتی و نائاسایی بەکارەکانی دەبەخشی هەفتەی جارێک یان دووجار ڕەبەنە ڕشپۆشەکەی لە پارکەکەدا یان لەماڵەوە دەبینی و چەندین سەعات قسەی لەگەڵ دەکرد. بەڵام ئەم دیاردەیە نیگەرانی نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە شادو خۆشحاڵی دەکرد، چونکە ئێستاکێ تەواو قەناعەتی کردبوو کە ئەم جۆرە تارماییانە تەنیا دێنە دیدەنی خەڵکانی هەڵبژاردەو هەڵکەوتووی ئەوتۆ کە خۆیان بە فیدای ئامانج و ئاواتەکانیان دەکەن.

جەژن و ئاهەنگی مارە بڕین بەسادەیی و ئاسانی تەواو بوو، بەڵام جەژنی زەماوەندەکە بەدڵی سازنەکرا. یەکێک بوو لەو جەژن و ئاهەنگە بێ مەعنایانەی کە دوو ڕۆژ و دوو شەوان درێژەی کێشا. سێ هەزار ڕۆبڵ تەنیا مەسرەفی خواردن و خواردنەوە بوو، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی و غەڵبەغەڵب و بەزم و ڕەزمی مۆسیقاو هەروا هەنگامەی چێشت لێنان و هاتوچۆی نۆکەران و ژنانی عەبا بەسەر و هەراو هۆریا و سەغڵەتی و تەنگی جێگا، چ کەسێک ئاگای لە شەرابی گرانبەهای عەسران نەبوو کە لەموسکۆوە هێنرابوو.

" ٧ "

شەوێکی درێژی زستان، کاورین لەسەر تەختێک ڕاکشابوو، چیرۆکێکی بە زمانی فەرەنسی دەخوێندەوە، تانیای بەلەنگاز کە بەژیانی شارستانی ڕانەهاتبوو، هەموو شەوێک تووشی ژانەسەر دەبوو. ژمێژ بوو نووستبوو و بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد.

سەعاتە چاڵمەکە سێ جاران لێی دا. کاورین، مۆمەکەی تەمراندو ویستی بنوێ. ماوەیەک چاوی نوقاند و هەر بەتەمای خەو بوو، بەڵام گەرمی ژوورەکەو وڕینەی تانیا، نەیان دەهێشت خەوی لێبکەوێ. سەعاتی ژوورکەو وڕێنەی تانیا، نەیان دەهێشت خەوی لێبکەوێ. سەعات چوارونیو مۆمەکەی هەڵایساندەوە. ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە لە

تەنیشتییەوەو لەقەراخ تەختەکە دانیشتبوو. ڕەبەنەکە سڵاوی لێکردو پاش دەمێک بێدەنگی پرسی: ئێستا بیرت لەچی دەکردەوە؟

کاورین گوتی: بیرم لە شۆرەت دەکردەوە ئێستا خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکێکی فەرەنسی بووم. قارەمانی چیرۆکەکە پیاوێکی گەنجەو گەلێک کاری گەوجانە دەکات و ئاقیبەت بەداخ و سوێی شۆرەتەوە دەمرێ. ئەم کەڵکەڵەو ئارەزوە بەلای منەوە چ مەعنایەکی نیە.

-چونکە تۆ پیاوێکی ئاقڵی و شۆرەت بە گاڵتەی منداڵان نازانی تاکو سەرنجت ڕابکێشێ و بکەویە خولیایەوە. تۆ گوێ بە شۆرەت نادەی.

-وایە

-شۆرەت بەلای تۆوە شتێکی خۆش نیە. ئاخر پیاو چ خۆشی و لەزەتێک لەوە دەبینێ کە بزانێ دوای مردنی ناوی لەسەر گۆڕەکەی هەڵدەکەندرێ؟ لەکاتێکدا مەعلومە کە ڕۆژگار درەنگ یان زوو ئەو ناوەو هەموو نووسینەکانی دی دەسڕێتەوە. بەڵێ، خۆشبەختانە ناوی خۆت ئاسا زۆر زۆرەو هزری بیری بەشەریش کورتە ناتوانێ یادی هەموو ناوەکان بکاتەوە.

کاورین گوتی: هەڵبەتە وایە. ئەمە جگە لەوەی کە سوودی یادکردنەوە چیە؟ بەڵام با بێینە سەر باسێکی دی. بۆ نموونە باسی خۆشی. خۆشی چیە؟

کە سەعات پێنج لێیدا، کاورین لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو، پێی بە مافورەکەی ژێر پێیدا دەخشاند. سەری بردبووە بناگوێی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە و دەیگوت: لە زەمانی کۆندا پیاوێک هەبووە کە خۆشی و شادی هەراسانی کردووە. خۆشی و شادی ئەو کابرایە لەڕادە بەدەر بووە. جا بۆ ئەوەی غەزەبی خواوەندان لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەنگوستیلەیەکی جوانی دەبێ کە زۆری لە دڵ شیرین دەبێت، دەیکات بە قوربانی بۆ خواوەندان. ئەم چیرۆکەت بیستووە؟ منیش ئێستاکێ وەکو "پولی کرات" م لێ بەسەرهاتووە و لە کەیف و خۆشیاندا لە پێستی خۆم ناهێورم. لەبەیانی زووەوە تا شەوێ خۆشی دەجەڕبێنم. خۆشی باڵی بەسەر هەموو هەست و ئارەزوویەکی دیکەمدا کێشاوە. مەعنای خەم و ڕەنج و ماندوویەتی نازانم. ڕاست و دۆغری گومانم لێ نیشتووە.

ڕەبەنەکە بەسەرسامی پرسی: بۆچی تۆ پێت وایە خۆشی و لەزەت هەستێکی میتافیزیکییە؟ پێت وایە ئەم هەستە ڕەنگدانەوەیەکی ئاسایی شتەکان نیە؟ تا مرۆڤ لەباری فیکری و ئەخلاقییەوە پتر پێش بکەوێ ئازادتر دەبێ و پتر لە ژیان ڕازی دەبێ سوکرات، دیوجین، مارک ئورول هەموویان شادییان دەناسی و لە غەم بێ ئاگابوون و گوتەی یەکێک لە یاوەرانی مەسیحە: تا دەتوانی شادبە، شادی و خۆشی بکە. کاورین بە شۆخییەوە پێکەنی و گوتی: ئەو ساکە لەپڕ خواوەندان ڕقیان هەڵدەستێ و زەوقی من ئەمە پەسند ناکات کە خواوەندان ببن بە دزی خۆشی و شادی و مرۆڤ ناچار بکەن لە خەما بلەرزێ و لەبرسان بمرێ.

تانیا، خەبەری بووەوە، بە ترس و سەرسامییەوە ڕوانییە شووەکەی. شووەکەی قسەی دەکرد. ڕووی دەکردە کورسییەکە. لە خۆڕا پێدەکەنی. چاوەکانی دەبریسکانەوەو پێکەنینەکەی دەنگێکی سەیری هەبوو. تانیا، دەستی شووەکەی گرت کە بەرەو لای ڕەبەنەکە درێژی کرد بوو، گوتی: ئاندریوشا، لەگەڵ کێ قسە دەکەیت، ئاندریوشا ئەوە کێیە؟ کاورین وەڵامی دایەوە: چی کێیە؟ ڕەبەنەکەیە. ئەوەتا لەوێ دانیشتووە. ئاماژەی بۆ لای ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە کرد.

-کەس لەوێ نیە، ئاندرویوشا تۆ نەخۆشیت.

تانیا باوەشی بە مێردەکەیدا کردو هێند بەتوندی گوشی بەخۆیەوە لە تۆ وایە دەیەوێ لە تاپۆکەی بپارێزێ. دەستی خستەسەر چاوی مێردەکەی. ئازای گیانی هاتبووە لەرزین و هۆن هۆن دەگریا: تۆ نەخۆشیت بمبوورە ئازیزەکەم! ماوەیەکە هەستم دەکرد مێشکت بەرەو تێکچوون دەچێت... تۆ نەخۆشیت... تووشی نەخۆشی دەرونی بویت... ئاندریوشا.

کاورینیش کەوتە لەرزین. جارێکی دی ڕوانییە کورسییەکە، ئێستا کورسییەکە بەتاڵ بوو، هەستی کرد باسک و لاقی بێتاقەت و سستن. دەستی کرد بە خۆگۆڕین. هێشتا هەر دەلەرزی. بە زمانی تێک ئالاوەوە دەیگوت: تانیا... چی نیە نە، هەست دەکەم کەمێک وەزعم ناتەواوە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە مشوورێکی خۆم بخۆم و بزانم چ نەخۆشییەکە.

تانیا کە هەوڵیدەدا جڵەوی گریانەکەی بگرێ، گوتی: من ماوەیەکە هەستم بەمە کردووەو بابیشم هەستی پێکردووە. تۆ بەشێوەیەکی سەیر قسە لەگەڵ خۆت دەکەیت. لەخۆڕا پێدەکەنی و شەوانیش ناخەوی. خوایە، خوای گەورە فریامان بکەوە.

بەدەم کوڵی گریانەوە لەسەری ڕۆیی: بەڵام مەترسە، ئاندریوشا توخوا مەترسە.

تانیاش خۆی گۆڕی... کاورین بە تەماشاکردنەکەی تانیادا بۆی دەرکەوت کە حاڵی زۆر خراپەو گفتوگۆکردنی لەگەڵ ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەدا نیشانەی ئەوەیە کە شێت بووە.

هەردووکیان خۆبەخۆ خۆیان گۆڕی و چوونە بەردالانەکە. یەکەمجار تانیاو پاشان کاورین چوو. یگورسیمیونوڤیچ بەخۆو ڕۆبەکەیەوە لەوێندەر وێستابوو. یگورسیمیونوڤیچ لەگەڵ ئەواندا دەژیاو لە گریانی تانیا بەخەبەر هاتبوو . تانیا دەیگوت: مەترسە ئاندریوشا. ئەمەی دەگوت و خۆیشی وەکو نۆبەتای لێ هاتبێ لەترساندا هەڵدەلەرزی. لەسەری ڕۆیی: مەترسە بابە... ئەم ئاریشەیەش تەواو دەبێ.

کاورین وەها پەشۆکا بوو نەیدەتوانی قسان بکات، بەڵام هەوڵیدەدا شتەکە بەهەند هەڵنەگرێ. ڕووی کردە خەزوری و ویستی بڵێ: پیرۆزباییم لێبکەن. پێم وایە ئەقڵەکەم لەدەست داوە. بەڵام لێوەکانی بە ئاستەم جولان و بزەیەکی تاڵیان کەوتە سەر.

سەعات نۆ جلەکانکیان گۆڕی. پاڵتۆکەیان لەبەر کرد. چەرچەفێکیان پێدا داو بەعەرەبانە بۆ لای دکتۆریان بردو دەستیان بە زنجیرەیەک مالیجەکرد.

"٨"

هاوین بوو، دیسان کاورین لە سەر دەستووری دکتۆر بۆ گوند گەڕایەوە. وەزعی تەواو باش ببوو ئیدی ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەی نەدەبینی. تەنیا ئەوەندەی مابوو بەتەواوی ڕەنگ و ڕوو هەڵێنێ و لەباری بەدەنییەوە ببوژێتەوە. لە ماڵی خەزوری دەژیا. شیری زۆر دەخوارد و ڕۆژی تەنیا دو سەعات کاری دەکرد، دەمی بۆ مەشروب نەدەبردو جگەرەی ترک کردبوو.

شەوی نۆزدەی مانگی حەوت، شەوێک بەر لە جەژنی "الیاە" کۆڕی نوێژ و زیکرو دوعای ئێوارە لەماڵەوە سازدرا. هەرکە کەشیش بخوردەکانی هەڵایساند و دالانەکە بۆن و بەرامەی کڵێسای گرتەخۆ، کاورین تاقەتی چووەوە، ڕۆیی بۆ نێو باخەکە بێ ئەوەی ئاوڕ لەو هەموو شکۆفە ناسک و جوانانەی دەوروبەری بداتەوە دەستی کرد بە پیاسە. تۆزێک لەسەر تەختێک دانیشت و ئەوجا هەستاو بەرەو باخە کۆنەکە نشێوبووەوە. بەکەنارە نشێوەکەدا هات و لە قەراخ چۆمەکە بەئارامی وێستاو نیگای پڕ پرسیاری

بڕییە چۆمەکە. دارکاژە زەلامەکان بەرەگ و ڕیشاڵی تێک ئالاوەوە، ئەو دارکاژانەی کە پار ئەویان بەو هەموو چالاکی و شادی و بەزەوقییەوە دیتبوو وەکو منداڵی ساوا بەرویا دەگرژانەوە، ئێستا هەموو بێ جوڵەو بێ خشپە ڕاوەستا بوون و زەق زەق سەیریان دەکرد. پێدەچوو نەیناسنەوە... بەڕاستیش لەچاو پاردا زۆر گۆڕا بوو. بەو قژە کورەتەیەوە، بەهەنگاوی خاوو سستییەوە. بەدەموچاوی گۆڕاوییەوە بەو بێتاقەتی و بێ ڕەنگییەوە لەکەم شوێندا دەناسرایەوە.

لەچۆمەکە پەڕییەوە، ئەو مەزرایەی پار کرابوو بە چاودار، ئێستا ببوو بە خەرمانجاڕی جۆ. بەڕیز خەرمانی جۆ قوتکرابوەوە. هەتاو ئاوا ببوو. ئاسۆی سوورباو پێدەچوو تۆف و بۆرانی پێ بێ. هەموو شتێک ئارام بوو. کاروین چاوی بڕییە ئەو شوێنەی کە پارەکە ڕەبەنە ڕەشپۆشەکەی تێدا بینی بوو. تا زەردەی خۆر بە تەواوی لە ئاسماندا ون نەبوو، چاوی لەو شوێنە نەگواستەوە. پەست و هیلاک و ماندوو بۆ ماڵ گەڕایەوە. یگورسیمیونوڤیچ و تانیا لەسەر قالدرمەی بەر هەیوانەکە دانیشتبوون چایان دەخواردەوە. پێکەوە قسەیان دەکرد. بەلام کە کاورینیان بینی قسەکەیان بڕی. کاورین بە سیمایاندا زانی کەباسی ئەویان دەکرد. تانیا، بەشووەکەی گوت:-وەرە شیرەکەت بخۆ، ئێستا وەختێتی.

کاورین لەسەر دوا پلەی قالدرمەکە دانیشت و گوتی: نا، هێشتا وەختی نیە، تۆ بخۆ من شیر ناخۆم.

تانیاو بابی تەمەشای یەکتریان کردو ئەوجا وەکو یەکێک خەتایەکی کردبێ گوتی: دەزانی شیر بۆ تۆ زۆر باشە!

کاورین پێکەنی و: بەڵێ، هەر زۆریش باشە! با مژدەشت بدەمێ کە لە ڕۆژی هەینییەوە تا ئێستا یەک کیلۆ زیادم کردوە.

ئەوجا سەری خستە نێو دەستی و بەکەسەرەوە گوتی: ئاخر بۆ؟...

بۆ بردمە لای دکتۆر؟ ئیسراحەت کردن، بێکاری، حەمامی گەرم، پارێز، چاودێری کردنی هەر هەنگاوێکم، ئەم کارانە ئاقیبەت شێتم دەکەن. ئیدی بێتاقەت بووم. من شێت و ئاشقی گەورەیی بووم، هەر بەهۆی ئەم "گەورەیی"یەوە بوو کە چالاک، بەکەیف و دەماخ، شادو خۆشحاڵ بووم.. من بابایەک بووم دیارو بەرچاوی، لە خەڵکانی ئاسایی نەدەچووم.. ئێستا بووم بە بوونەوەرێکی وشک و ساردو سڕ، وەکو هەر بەنی

ئادەمێکی ئاسایی ئەم دنیایە، ئێستا بووم بە کابرایەکی بێ تام و بازاڕی و من لەگەڵ ئەم جۆرە ژیانەدا هەڵناکەم.. ئاهـ چ زوڵمێکتان لێکردم کە بردمتانە لای دکتۆر! ڕاستە من دووچاری مۆتەکە ببووم، تاپۆو شەبەنگم دەبینی، بەڵام ئەمە چ زیانێکی بەکەس دەگەیاند؟ ئێوە بڵێن چ زەرەرێکی بە کەس دەگەیاند؟!

یگورسیمیونوڤیچ، ئاهێکی هەڵکێشا: مەگەر هەر خوا لە مەبەستت تێ بگات؟ تەنانەت گوێ گرتنیش لە تۆ کارێکی گەوجانەیە.

-پێویست ناکات گوێ بگری!

کاورین، زۆری پێناخۆش بوو کە یگورسیمیونوڤیچ لەوێندەر بوو، زۆر بەساردی و وشکی و بێ ئەدەبیەوە وەڵامی خەزوری دەدایەوەو بە ڕقەوە سەیری دەکرد. یگورسیمیونوڤیچ، نەیدەتوانی دان بەهەڵەی خۆیدا بنێ. وڕوکاس لێکدا لێکدا دەکۆکی. تانیا، بێ ئەوەی هۆی ئەم گۆڕانە کتوپڕەی بابی و کاورین بزانێ، پاڵی دا بەباییەوەو بەترسەوە ڕوانییە چاوەکانی، لای مەعلووم بوو کە پەیوەندی ئەوان و شووەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراتر دەچوو. بابی تەواو پیر ببوو. شووەکەشی دڵی ناسک و دەم دەمی و توورە ببوو، کوڕم دەویست لەگەڵیا هەڵبکات. تانیا مات و خەمگین نە پێدەکەنی، نە گۆرانی دەگوت، نە خواردن و خەویشی مابوو. هەمیشە لێو بەبارو بێتاقەت و دڵگیراو بوو، هێندە خەم و خەفەتی دەخوارد کە پاش نیوەڕوان وەکو جەنازە بێ هەست و خوست لێی دەکەوت. کە کۆڕی دوعاخوانی لەماڵەوە بەرپا دەکرا، دەیبینی کە بابی دەگری، ئێستا کە لەبەر هەیوانەکەدا دانیشتبوو هەوڵی دا ئەم خەیاڵانە لە خۆی بتارێنێ.

کاورین گوتی:باوەڕبکە بوداو محەمەد و شەکسپیر خەڵکانی بەختەورە بوونە. نەخزم و کەسوکارە دڵسۆزەکانیان و نە دکتۆرەکانیان هەوڵی چارەسەرکردنی ئیلهام و سروش و خورپەیانیان نەداوە. پزیشکان و کەسوکاری دڵسۆز هەوڵی ئەوە دەدەن کە تیرەی بەشەر بەرەو گەوجی و بێهۆشی بەرن. ڕۆژێ دێ کە گەوجی شوێنی بلیمەتی بگرێتەوە و مرۆڤایەتی لەنێو بچێ. ئەگەر ئێوە یەک تۆز ئەقڵتان هەبوایە، تاقە تۆزقاڵێک مێشکتان هەبوایە، من زۆر زۆر مەمنوون دەبووم.

لێرەدا بە خەم و ئازارەوە قسەکانی تەواو کرد. هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، بۆ ئەوەی خۆی لە هەرزەوێژی بپارێزێ، هەستاو چووە ژوورەوە، شەوێکی کپ و

خامۆش بوو، هالاوی دەم با نەیدەبرد. لە پەنجەرەکەوە بۆنی توتن دەهات. تریفەی مانگ دابووی لەناو ژوورەکەو زەوییەکەو پیانۆکەی ڕووناک کرد بووەوە. کاورین، خۆشیەکانی پار هاوینی بیرکەوتەوە. کە ئەوساش وەکو هەنوکە دنیا پڕ ببوو لە بۆنی گیاو تریفەی مانگ لە پەنجەرەکانەوە ڕژابووە ژورێ... بۆ ئەوەی ئەو وەزع و حاڵەی پار لەخۆیدا بێدار بکاتەوە، چووە ژورەکەی خۆی، جگەرەیەکی یەکجار تیژو کەسکونی پێکردو بەخزمەتکارەکەی گوت کە شەرابی بۆ بێنێ، بەڵام جگەرەکە لە دەمیدا تاڵ و ناخۆش بوو. شەرابەکەشی ئەو نەشئەو خەیاڵەی پاری نەدایێ. ئاخر شت تەر کردن مەعنای چییە؟! بە جگەرەیەک و دوو فڕ شەراب سەری کەوتە سوڕان و ناچار بوو حەب بخوات پیش ئەوەی بچێتە ناو جێگاکەیەوە، تانیا پێی گوت: ئاندرویوشا، بابم تۆی خۆش دەوێ و زۆری خاترت دەوێ، بەڵام لەسەر شتی هیچ و پوچ تێکی دەدەیت و دەتۆرێی. بابم ئەمەی پێ ناخۆشە، تۆ دیقەتی دەموچاوی بدە ڕۆژ بەڕۆژ وسەعات بە سەعات پیرتر دەبێ. ئاندریوشا تکات لێدەکەم، بیکە بەخاتری مەسیح، تۆ گۆڕی بابت، لەبەر خاتری من، لەگەڵ بابمدا ئاشت بەرەوە.

-ناتوانم.

-بۆ؟ ئاخر تێم بگەیەنە بۆ؟

تانیا، هەموو گیانی کەوتە لەرزین.

-چونکە حەزم لە چارەی نیەو تەواو.

کاورین، ئەمەی بەبێ موبالاتییەوە گوت و شانەکانی هەڵتەکاند و لەسەری ڕۆیی: چاکتر وایە قسەی لێ نەکەین و هەرچییەک بێ بابی تۆیە.

-ئاخر من تێناگەم ئەمە بۆ.

تانیا، دەستەکانی بۆ نێوچەوانی برد. نێوچەوانی گوشی و چاوی بڕیە خاڵێک و گوتی: لەم ماڵەدا شتێکی سامناک، شتێکی نامەعقووڵ ڕووی داوە. ئاندریوشا تۆ گۆڕاوی و ئاندریوشاکەی جاران نیت. تۆ کە کابرایەکی زیرەک و هەڵبژاردەی، زوو لەسەر شتی بێ بایەخ دەڕەنجێی و دڵت دەشکێ. هەندێجار لەسەر شتی ئەوەندە هیچ و پووچ تووڕە دەبی کە ئەگەر لەکاتیکی دیدا بێ بەخۆیشت باوەڕ ناکەیت. نا تووڕە مەبە... تووڕە مەبە.

دەستەکانی کاورینی ماچ کردو لەسەری ڕۆیی: تۆ پیاوێکی هوشیار و باش و شەریفی. غەدر لە بابم ناکەیت.. بابم ئەوەندە باشە کە..

-نەخێر باش نیە، ڕواڵەت بازییە، بەڵام خۆی باش دەنوێنێ. ئەم پیرانەی کە لە نمایشنامەی سەتیردا بەشداری دەکەن، ئەم خەڵکانەی کە وەکو بابتن، ئەم خەڵکانەی تێرن و دەزانن چۆن چارەیان دەگۆڕن و زوو دەمولچیان دەدەن بە یەکەدا، کەسانێکی تایبەتین کە ماوەیەکی زۆر پێیانەوە مژول بووم، لە ئەفسانەدا، لە نمایشی سەتیرداو تەنانەت لە ژیانی واقیعیشدا سەرنجیان ڕاکێشام، بەڵام ئێستا لێیان بێزارم.

ئەوانە خەڵکانێکی تا بڵێی خۆپەرستن.. هەموو ڕواڵەت بازو نەوسن و ورگ پەروەرن.

تانیا، لەسەر تەختەکە دانیشت و پشتی دا بە پشتییەکەوەو گوتی:

-ئەم قسانە بنیادم دەکوژێ.. بەدەنگیدا دیاربوو کە زۆر ماندووەو بە تۆبزی قسان دەکات. گوتی: لە زستانی پارەوە تاکو ئیستا دەقەیەک ئیسراحەتم نەبووە. چی بکەم خودایە...

-بەڵێ، هەڵبەتە بەندە خەتابارم و بابی بەڕێزت لە منداڵی ساوا بێ گوناحترە! دەموچاوی لەبەرچاوی تانیا ناشیرین و بێ تام بوو. تانیا هەستی کرد کە دەموچاوی تێکچووە. لەو ساوە کە قژی تاشی بوو دەموچاوی گۆڕابوو. تانیا پڕ بەدڵ حەزی دەکرد جنێوبارانی بکات، بەڵام باش بوو جڵەوی خۆی گرت و بەدەم خەم و پەژارەو ترسەوە ژوری نوستنەکەی بەجێ هێشت.

"٩"

کاورین. کورسییەکی مامۆستایی بەدەست هێنا. دەبوو لە ٢/ دیسمبرا یەکەم موحازەرە بڵێتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕاگەیەنراوێک بە ڕاڕەوەکانی زانستگەدا هەڵواسرابوو، بەڵام لە ڕۆژی دووی مانگدا کاورین، بروسکەیەکی بۆ بەرپرسانی زانستگە ناردو داوای لێبوردنی کرد کە لەبەر نەخۆشی ناتوانێ موحازەرەکان بڵێتەوە.

خوێنی هەڵدەهێنا. کە تفی دەکرد، تفەکەی هەر خوێن بوو. لە ماوەی مانگێکدا دووجاران خوێنی هەڵێنا. هەستی دەکرد بەرەبەرە لاوازو بێتاقەت دەبێ و زۆر جاریش

دەبووڕایەوە، لەو نەخۆشیە نەدەترسا، چونکە دەیزانی دایکی مەرحومیشی هەمان نەخۆشی بووەو زیاد لە ١٠ساڵ بەم نەخۆشییەوە ژیاوە. پزیشکانیش دەیانگوت وەزعی خەتەر نیە. تەنیا ئامۆژگاری ئەوەیان دەکرد کە هەڵنەچێ و تووڕە نەبێ و کەم قسان بکات و تا دەتوانێ هێمن و لەسەر خۆبێ.

مانگی یەکیش لەبەرهەمان نەخۆشی موحازەرەکەی دواخست و مانگی دوو، ئیدی درەنگ بوو بۆ موحازەرەکە. بۆیە موحازەرەکەی خرایە ساڵی ئایندە.

ئێستا لەگەڵ تانیادا نەدەژیا. لەگەڵ ژنێکی دیکەی زۆر لەخۆی گەورەتر دەژیا. ئەم ژنە وەکو منداڵ سەرپەرشتی دەکردو ئاگاداری دەکرد. کاورین تەواو هێمن و ئارام ببوو، تەواو هاتبووەوە سەر ڕێگە. وەختێ ئەم ژنە "ڤارڤارانیکو لایوڤنا" پێشنیازی کرد کە بیبات بۆ قرم، کاورین قاییل بوو، هەرچەندە خۆی دەیزانی کە گۆڕینی ئاوو هەواش دادی نادات و چاک نابێتەوە.

درەنگە شەوێک گەیشتنە سباستپول ولەوێ لایاندا ئیسراحەتێ بکەن و سبەی بەرەو یاڵتا بڕۆن. ڤارڤارانیکولایوڤنا چای خواردوو چوو بخەوێ، بەڵام کاورین نەخەوت، سەعاتێک بەرلەوەی لەماڵ بێنە دەرێ و بچن بۆ وێستگەی قیتار، نامەیەکی لە تانیاوە پێگەیی بوو، و ئەم نامەیەی نەخوێندبووەوە. ئەم کاغەزە تەواو ناڕەحەت و نیگەرانی کردبوو. زۆر چاکی دەزانی کە خواستنی تانیا کارێکی هەڵە بووە و ئەو چاتر کە لێکدی جیابوونەوە، بەڵام بیرکەوتنەوەی ئەم ژنە، ئەم ژنەی کە لەم ئاخرو ئۆخریەدا بوو بوو بە مۆمیایەکی زیندووی پڕ جمجوڵ ، ئەم ژنەی کە تەنیا چاوە درشت و زیتەڵەکانی بەزیندوێتی مابوون، یادکردنەوەی ئەم ژنە، داخ و بەزەیی لە دڵیدا دەوروژاند و ڕقی لەخۆی دەبووەوە، ئەدرەسی سەر زەرفەکە دوا دوو ساڵی ژیانی لەگەڵ تانیادا، بیرهێنایەوە. ئەو دوو ساڵەی کە هەمیشە بەبێ ویژدانی و ستەم تاوانباریان دەکرد و ئەوئیش تۆڵەی تەنیایی خۆی و بێزاری و وەڕزی خۆی لە ژیان، لە کەسانێک دەکردەوە کە چ گوناحێکیان لەم ڕووەوە نەبوو. زۆر بەبێ ئینسافی تۆڵەی لێدەسەندن.. بیری کەوتەوە کە چۆن جارێک دەستنوسەکەی پارچە پارچە کردبوو و هەموو ئەو گوتارانەی کە دوای نەخۆشییەکەی نووسی بوونی دڕی بوو. بیری کەوتەوە کە ورتکە کاغەزەکانی لە پەنجەرەکەوە تووڕدابوونە دەرێ و پارچە کاغەزەکان بەدەم باکەوە کەوتبوونە سەماو لەسەر درەخت و گوڵەکان گیر سابوونەوە، لە هەر لاپەڕەیەکدا ڕاوبۆچوونی بێ سەرو بەرو سەیرو سەمەرەی تۆمار کردبوو، لە هەموو

نووسینەکانیدا ڕەنجی بێهودەو شەیدایی لە پێناوی "گەورەیی" دا بەدی کرد، هەر هەموو ئەم شتانە گەیاندیانە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی ئەو نووسیویەتی گەرچی خەتاو هەڵەکانی خۆی بووەو نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی شەخسیەتە نەخۆشەکەی بووە، بەڵام کاتێ کە دوا نووسینی خۆی دڕی و لە پەنجەرەکەوە تووڕی دا، هەستی بە ناڕەحەتی و نیگەرانی کرد، لە داخا چووە گیان ژنەکەی و بێ ویژدانانە کەوتە دواندنی. خوایە چۆن ژیانی ئەم ژنەی شێواندبوو! بیری کەوتەوە کە چۆن جارێک بۆ ئەوەی دڵی تانیا بە ناهەق بشکێنێ، پێی گوتبوو کە بابی تانیا لە زەماوەندی ئەواندا دەورێکی نا ئاسایی گێڕاوەو تەنانەت بابی لەو پاڕاوەتەوە کە کیژەکەی بخوازێ. یگورسیمیونوفچ کە بەڕێکەوت ئەم قسەیەی بیستبووەوە و خۆی بە ژورا کردبوو، هێند سەرسام بوو بوو کە نەیتوانی بوو تاقە قسەیەک بکات. تەنیا ئەوەندەی پێ کرابوو کە بەتوندی پێی بەعاردیدا دابوو و هاوارێکی ئەوتۆی کردبوو لە تۆ وایە زمانیان لەبنەوە بڕی بوو. تانیا حەپەساوو داماو ڕوانی بویە بابی و بە دەنگێکی دڵتەزێن گریا بوو و بێ جوڵە لەسەر عاردی کەوتبوو.

دەست خەتی سەر زەرفەکە هەموو ئەم بیرەوەریانەی لە هزرو بیریدا بێدار کردبووەوە. چووە باڵکۆنەکە، دنیا گەرم و بێدەنگ بوو. بۆنی شۆراوک لە دەریاوە دەهات. تریفەی مانگ و تیشکی گڵۆپەکانی کەناری دەریاکە لە ئاوەکەدا عەکس بوو بووەوە. ئاوەکە ڕەنگێکی سەیری هەبوو. لەهەندێ شوێن شینێکی تێری ئاماڵ سەوز بوو. لە هەندێ شوێنی دی لە زاخی سەوز دەچوو. لەهەندێ شوێنی دی لەتۆ وایە تریفەی مانگەشەوە. ئەم ڕەنگانە سام و تام و شکۆیەکی بێ وێنەیان دەنواند.

دیاربوو لە نهۆمی خوارەوەی ئوتێلەکەو لەبن باڵکۆنەکەدا، پەنجەرەکانیان کردۆتەوە، چونکە بە ئاشکرا دەنگی ژنان و حیلکەی پێکەنینیان دەهات. دیاربوو لە خوارەوە کۆڕی میوانداری گەرم بوو. کاورین، ئاقیبەت بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، کاغەزەکەی کردەوە، گەڕایەوە ژورەکەی خۆی و دەستی بە خوێندنەوەی کرد: "بابم ئێستاکێ مرد، هەڵبەتە مردنەکەی لەچاوی تۆ دەزانم، چونکە تۆ کوشتت. باخەکەمان بەرەو وێران بوون دەچێ. کەوتۆتە دەستی بێگانان. ئەوەی بابم لێی دەترسا، ئاخری ڕوویدا، دیارە ئەمەشیان هەر لەچاوی تۆ دەزانم، پڕ بەدڵ ڕقم لێتە. ئاواتە خوازی مەرگتم! ئاخ کە گەلەک کەسەردارم! کە دەردی دڵم گرانە دەک خێر لەخۆ نەبینی و بەر نەفرەتی خوا

بکەوی! من تۆم وەکو پیاوێکی هەڵبژاردەو بلیمەت پەسند کرد، کەچی شێت و دێوانە دەرچوویت...".

کاورین نەیتوانی لەوەی پتر بخوێنێتەوە. کاغەزەکەی دڕی و پارچەکانی تووڕدا. پەشێوی و نیگەرانی باڵی بەسەریدا کێشا. ترسی لێ نیشتبوو. ڤارڤارانیکولایوڤنا، لەپشت پەردەکەوە نوستبوو. کاورین گوێی لە دەنگی هەناسەدانی دەبوو. لە نهۆمی خوارەوە دەنگی قاقای ژنان دەهات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاورین هەستی کرد کە غەیزەر خۆی چ زیرۆحێ لەو ناوە نییە. ناوەڕۆکی نامەکەی تانیا تەواو بریندار کردو بەترسەوە چاوی بڕییە دەرگاکە. دەتگوت لەوە دەترسێت کە نەبا ئەو هێزە نادیارەی کە دوو ساڵی تەمەنی بە فیڕۆداو خۆشەویسترین کەسانیشی وێران کرد، بگەڕێتەوە.

بەتەجرەبە بۆی دەرکەوتبوو کە کاتێک ئەعساب دەوروژێ، باشترین ڕێگەی هێورکردنەوەی، کارکردنە. کاورین، لەکاتی وەهادا لەپشتی مێزەکەی دانیشت و بیری لە شتێکی تایبەت دەکردەوە. دەفتەرچەیەکی لە جانتا سوورەکەی دەرهێنا کە سەرە قەڵەمی پرۆژەی کتێبێکی بچوکی تێدا تۆمار کردبوو، و بەتەمابوو لەماوەی مانەوەی لە قرم ئەگەر دەستی گەیی و پەرژا تەواوی بکات. لە پشت مێزەکە دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە لەم پرۆژەیەو هەستی کرد بچووکترین و ئاسایی ترین بەرژەوەندی ژیان، یەکجار زۆر لەسەر بەشەر دەکەوێ. پاش چل ساڵ ژیان و لاف و گەزافی زانست و زانایی، تازە بە تازە کورسییەکی مامۆستایی بەدەست هێنابوو، ئەوجاش مامۆستایەکی ئاسایی. تەفسیرکردنی فیکری ئاسایی ئەوجاش خۆزگە تەفسیری فیکری خۆی بوایە، نەک تەفسیری فیکری خەڵکانی دی. بریا تەفسیرێک با بەزمانێکی سووک،نەک بە زمانێکی قورس وتاقەتبەر،یانی بەکورتی وەدەسهێنانی پلەیەکی هاکەزایی.. ئەوجاش ئەمە چەند لەسەری کەوتبێ! ١٥ ساڵی ڕەبەق دەرسی خوێند بوو. لە ژن هێنانا تێکەوتبوو. ماڵی خۆی و نزیکترین کەسوکاری خۆی وێران کردبوو لە بری هەموو پاداشتێک تۆمەتی شێتی و بێ ویژدانی و... درابووە پاڵ. ئاخ، ئێستا کێ بەتەواوەتی هەستی دەکرد کە پیاوێکی مام ناوەندی و ڕۆژە ڕەشەو بەوپەڕی قەناعەتەوە دانی بەم حەقیقەتەدا نا، چونکە دەیزانی دەبێ هەموو کەسێک وەکو چۆن هەیە ئاوا خۆی بدینێ و قایلیش بێ.

پرۆژەی کتێبەکە، هێوری کردەوە، بەڵام پارچەی کاغەزە دڕاوەکەی تانیا کە لەو ناوە کەوتبوو، بیرو حەواسیان پەرت دەکرد. هەستایە سەرپێ، پارچە کاغەزەکانی

کۆکردەوە. لە پەنجەرەکەوە فڕێی دانە دەرێ. بەڵام شنەبایەک لە دەریاوە هەڵیکرد و پارچە کاغەزەکانی گەڕانەوە بەر پەنجەرەکەو دیسان نیگەرانییەکی ترسامێز باڵی بەسەریدا کێشاو وای هەست کرد کە جگە لەخۆی چ کەسێک لە ئوتێلەکەدا نییە... چووە بالکۆنەکە. دەریا وەکو گیانلەبەرێکی زیندوو، بە هەزاران چاو، چاوی ڕۆشن، چاوی شینی تێر، چاوی پیرۆزەیی و چاوی ئاگرین تەمەشای ئەوی دەکرد. ئیشارەتی بۆی دەکرد. دنیا گەرم و تاقەتبەربوو، هەستی کرد ئێستا مەلە خۆشە! ؛لەپڕ لەژێر پەنجەرەکەوە دەنگی کەمانچەیەک بەرز بووەوەو دوو ژن هەڵیانکردە گۆرانی. ئەم ئاوازو گۆرانییەی دەناسییەوە. گۆرانییەکە باسی کیژێکی گەنجی دەکرد:

"کیژێ کە نەخۆشی خەیاڵی بوو، کیژێ کە شەوێکی درەنگ لە باخێکدا، دەنگانی نهێنی ئامێزی ژنەوت و ئەم دەنگانە هێندە سازگارو گونجاوو کاریگەر و سوفیانە بوو کە ئێمەی بەشەری فانی هەرگیز لێی تێناگەین." کاورین، هەستی ڕاگرت، دڵی دایێ و ئەو خورپە پڕ ڕازو لەنکاوەی کە ماوەیەک بوو لە بیری چوو بوو، دووبارە ئازای گیانی هێنایەوە لەرزین.

لوولەیەکی بەرزو ڕەشی وەکو گەردەلول، یان وەکو شەپۆلی دەریای سەرهەڵگرتوو لە کەنارەکەی ئەو بەرەرە هەستا. بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر دەریاکەی بەیەکاداو بەرەو ئوتێلەکە هات. بچوک و بچوکتر بوەوە. کاورین. وەلاکەوت تا ڕێگای بدات. ڕەبەنەکە، بە قژی بۆز. بەسەری کۆت. بە برۆی چڕی ڕەشی ڕەشەوە، بە پێی پەتی و بە بازوانی تێک ئاڵاوی عەینی خاچەوە، بە تەنیشتیدا ڕەت بوو و لەناوەندی ژوورەکەدا وەستا.

نیگایەکی پڕ نەوازشی کاورینی کردو بە دەنگێکی خەمبار گوتی:

-بۆ باوەڕت بە قسەکانی من نەکرد؟ ئەوسا من پێم گوتیت تۆ بلیمەت و هەڵکەوتویت، ئەگەر باوەڕت پیم کردبا ئەم دوو ساڵەی تەمەنت بەمجۆرە خەمناک و بێ بەر نەدەڕۆیی.

کاورین، دیسان هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەڵبژاردەی خوایە و بلیمەتە. هەموو قسەکانی کابرای ڕەبەنی وەبیر خۆی هێنایەوەو پڕ بەدڵ حەزی دەکرد بتوانێ وەڵامی بداتەوە، بەڵام خوێن وەکو بەلوعە لە گەرویەوە هاتە خوارێ و بەسەر سینگ و بەرۆکیدا ڕژاو بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ چ دەکات دەستی بۆ سینگی بردو هەردوو

دەستی لەخوێنا سوور بوون، ویستی ڤارڤارانیکولاپوڤنا گازبکات. ڤاراڤارا نیکولاپوڤنا لەپشت پەردەکەوە خەوتبوو. ویستی ئەو گاز بکات. پڕ بەزاری هاواری کرد:

-تانیا!

کەوتە سەر زەوی، دەستەکانی هەڵبڕین و دیسان هاواری کرد:

-تانیا!

تا هێزی تێدا بوو، هاواری بۆ تانیا کرد. هاواری بۆ گوڵەکان برد. هاواری کردە باخە کۆنەکە. هاواری کاژە ڕەگو ڕیشاڵ تێک ئاڵاوەکانی کرد. لێیان پاڕایەوە. هاواری مەزرای چاوداری کرد. هاواری بۆ زانست و زانایی خۆی برد. هاواری کردە ئازایەتی خۆی. خۆشی و شادی لەدەست چووی، ژیانی جوان و دڵگیری. هاواری کردە هەر هەموو ئەوانە.

ئەستێڵێکی گەورەی خوێنی لەبەردەم خۆیدا بینی. لەبەر بێتاقەتی و بێ توانایی نەیتوانی تاقە قسەیەک بکات، بەڵام خۆشییەکی لە وەسف نەهاتوو، خۆشییەکی بێ سنور، ئازای گیانی داگیرکرد. لەژێر بالکۆنەکەوە ئاوازەکە هەر بەردەوام دەهاتە گوێ و ڕەبەنە ڕەشپۆشەکە بە گوێیدا دەچپاند کە بلیمەت بووەو چونکە بەدەنی فانی و لاوازی هاوسەنگی خۆی لەدەست داوە، دەمرێ و هەروەها گوتی کە ئەم بەدەنە لەوەی پتر ناتوانێ ئەم چەشنە بلیمەتییە لە ئامێز بگرێ.

کاتێ ڤار ڤارانیکولا پوڤنا، لەخەوا ڕابوو، و لەپشت پەردەکەوە وەدەرکەوت، کاورین مردبوو، بەڵام بزەیەکی لە سرینەوە نەهاتووی پڕ لەزەت و خۆشی نیشتبووە سەر سیمای..

## هاملێتی مۆسکۆیی

بەندە هاملێتی مۆسکۆییم. بەڵێ. دەچمە هەر شوێنێ، ماڵان، موغازەو پێشانگایان، هوتێلان، بڵاوەخانەی چاپەمەنیان و هەر شوێنکی دی، ئەم قسەیە دەڵێم و دەڵێمەوە: "ئەمە چ حاڵێکە خودایە. بەڕاستی مایەی ناڕەحەتی و بێزارییە. مرۆڤ تاقەتی لە هەموو شتێک دەچێت؟". خەڵکیش ئەم وەڵامە دەدەنەوە:

"ئەشەدو وایە. مایەی ناڕەحەتی و بێزارییە!".

ئیدی ئەمە بووە بە پیشەی شەو و ڕۆژم. کە شەوان دەگەڕێمەوە ماڵێ تاریک و نوتەک و هەر بەو تاریکییە لەسەر جێگاکەم ڕادەکشێم، لەخۆ دەپرسم: "ئەرێ من بۆ هێندە بێتاقەت و بێزارم؟" هەست بە ژاوەژاوێکی تایبەتی دەکەم و ئەوەم بیردەکەوێتەوە کە هەفتەی پێشوو لە یەکێک لە ماڵەکاندا پرسیم: "نازانم، چ هەشێک بەسەری خۆدا بکەم. تا لەم بێزارییە ڕزگار بم؟ پیاوێکی نەناس، کە پێنەدەچوو خەڵکی مۆسکۆ بێ، لەپڕ ڕووی کردمێ و بەدڵتەنگییەوە گوتی: "جا لەوە ئاسانتر هەیە. پارچە وایەرێکی تەلەفۆن پەیدا بکەو هەرکە گەیشتییە یەکەم عامودی تەلەفۆن لە مل خۆتی بکەو خۆت لەسێدارە بدە، ئەمە تاقە ڕێگاو تاقە چارەتە!" بەڵێ، بەدرێژایی شەو بیردەکەمەوە.

وام دێت بە خەیاڵدا کە خەریکە هۆی ئەم ناڕەحەتی و بێزاریەم بدۆزمەوە، بۆ، بۆ؟ لام وایە هۆکەی ئەمە بێ... ئەگەر لە هەوەڵیەوە دەست پێبکەم هیچ شتێک نازانم. چەند ساڵێکی مەکتەبم خوێندووە، بەڵام بێفایدەیە! لەوەیە هۆی بێزارییەکەم ئەمە بێ کە ئەو زانیاریانەی هەمن بێفایدەن و بە کەڵکم نایەن! ئاخر جۆ من نامەوێ هەمو ساتێک ئەمەریکایەک کەشف بکەم. بۆ وێنە هەرکاتێ پێم دەڵێن کە مۆسکۆ پێویستی بە زێرابێکی چاک هەیە یا کە دەڵێن تۆوی کێوی ناڕوێ و بەر ناگرێ، بەسەرسامی دەپرسم: "بەڕاست؟!".

لەوەتەی هاتومەتە دنیاوە، هەر لە مۆسکۆدا ژیاوم، بەڵام خوا عالیمە من ڕیشەو ئەسڵی مۆسکۆ نازانم. بوونی، فایدەی، پێویستییەکانی چییەو چی نیە، نایزانم و سەری لێدەرناکەم. لە ئەنجوومەنی شارا دەربارەی بەڕێوەبردنی شار لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەندا قسان دەکەم، بەڵام نازانم ڕووبەری مۆسکۆ چەندە. ئاماری خەڵکەکەی چەندە. ژمارەی مردوان و لەدایکبووانی چەندن. دەرامەت و سەرفیاتی شار چییە و چۆنە. بازرگانیمان لەگەڵ کێ هەیە؟ مۆسکۆ دەوڵەمەندترە یان لەندەن؟ ئەگەر مۆسکۆ دەوڵەمەندترە هۆیەکەی چییە؟ مەگەر هەر خوا بیزانێ! کاتێ لە ئەنجوومەندا باسی یەکێک دەکرێت، من خۆم سەغڵەت دەکەم و بەر لە هەموو کەسێک هاوار دەکەم:

"پێویستە ئەم بابەتە بە کۆمیتەیەکی تایبەتی بسپێردرێ! ئا، بە کۆمیتەیەکی تایبەتی!".

ناوە ناوە بەگوێی بازرگانەکاندا دەچپێنم کە ئێستا وەختێتی ڕوسیا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین و ئێراندا ببەستێ. کەچی ناشزانم چین و ئێران کەوتونە کێوە؟ ئایا ئەم دوو

وڵاتە جگە لە ئاوریشمی خاوی کرمخواردووی شێدار، شتی دیکەشیان هەیە؟ لەبەیانییەوە تا ئێوارێ لە چاخانەی "تیستف" دا چەنەبازی دەکەم و نازانم بۆ ئەم چەنەبازییە دەکەم و چ دەڵێم. هەندێجار لە نمایشێکدا، دەورێک وەردەگرم، بەڵام نازانم نمایشەکە چییە؟ دەچمە ئۆپرا تا گوێم لە "داپیرە پیک" بێ، کەچی کاتێ پەردە لادەبرێ هەنگینێ بیرم دەکەوێتەوە کە ئەم چیرۆکە بە نێوبانگەی پۆشکینم، نەخوێندوەتەوە، یان ئەگەر خوێندبێتمەوەش لەبیرم چوەتەوە.

نمایشنامەیەک ئامادە دەکەم و دەیخەمە سەر شانۆ، کە نمایشەکەم دووچاری بێ بازاڕی دەبێت و بەساردی پێشوازی لێدەکرێ ئەوجا تێدەگەم کە وێنەی نمایشنامەکەی من پێشتر لەلایەن "و. ئالکساندروف"ەوە نووسراوەو پێش ئەویش لەلایەن "فدوتف"و پێش "فدوتف"ش "ئەسفازیتسکی" عەینی نمایشنامەکەی منیان نوسیوە! من ناتوانم قسە بکەم. یان باسێک بکەمەوە یان سەرە باسێک بگەینمە کۆتایی. کە چەند کەسێک دەکەونە باس و گفتوگۆ لەسەر بابەتێک کە من چ زانیارییەکم دەربارەی نییە، خێرا دەکەومە قسە هاوێشتن، ڕووی خۆم گرژ دەکەم و خەم لەخۆم دێنم. ددانم لێکدی دەسووم. یەخەی بەرانبەرەکەم دەگرم و دەڵێم: "برای ئازیز! ئەم بابەتە کۆن بووەو باوی نەماوە!" یان دەڵێم: "کاکی خۆم تۆ قسەی بێ سەرو بەر دەکەیت. لە دەرفەتێکی تردا دێینەوە سەر ئەم بابەتە ناسک و حەساسە و قەناعەت بەیەکدی دەکەین، بەڵام توخوا پێم بڵێ بزانم تۆ "یوگمن"ت دیوە؟.." ئەمە بابەتێکە کە ڕەخنەگرانی مۆسکۆیی زۆریان لەسەر گوتووەو دەتوانم پیشانتی بدەم!. کاتێ کە دەچمە کۆڕی باسی نمایشنامەی هاوچەرخەوە وا دەزانم گوێزم بۆ دەژمێرن، بەڵام خۆم لە گورە نابەم و بۆ وەڵام دانامێنم. ئەگەر یەکێک ڕام بپرسێت خێرا وەڵامی دەدەمەوە!" کوڕینە من چ ناڵێم. بەڵام پێم بڵێن نێوەڕۆکی مەبەستەکە لەکوێیە؟ فیکرو مەبەستی نووسەر چییە؟" یان پاش ئەوەی هەناسەیەک هەڵدەکێشم دەڵێم: "مولیری نەمر لەکوێی، گۆڕ هەڵتەکێنە؟" و بە خەمبارییەوە دەست دەدەم بەیەکداو بۆ ڕۆژێکی دی دەچم.

شانۆنامەنووسێکی داماو هەیە بەنێوی "لوپ دو ــڤگا" وابزانم دانیمارکییە، ئەوم کردووە بەداردەستی خۆم و دەمی گوێگرەکانمی پێ دادەخەم. دەم وەپەنا گوێی ئەو کەسەی تەنیشتمەوە دەنێم و بەچپە دەڵێم: "هەر بەینی خۆمان بێ "کالدرون" ئەم ڕستەیەی لە "کوپ دو ــڤگا" دزیوە.." ئەوانیش بێ چەندو چۆن باوەڕ دەکەن؛ باشە تەقوو هات بەسەریانداو بچن تاقیب بکەن!

وێڕای هەموو نەزانی و جەهالەتێکم، تەربیەتیش نەدراوم. ڕاستە بەگوێرەی مۆد جلوبەرگ لەبەردەکەم. لە دەلاکخانەی "تیودور" سەر دەتاشم . ڕواڵەتی ماڵەکەم جوانە، بەڵام هێشتا هەر ئاساییم و زمانم نەگۆڕاوە.

سەر مێزەکەم، دایمە پڕە لە کاری نەکراو و نیوەچڵ، مێزەکە بەخۆی چوار سەد ڕۆبڵ دێنێ. پەردەکانم هەموو بەجێی خۆی، بەڵام کونی سۆپاکەم بەکراسی ژنێک گرتووە، لە هەموو ماڵەکەمدا قاپێکی خاوێن بەچنگ ناکەوێ. هاوڕێکانیشم لەخۆم باشتر نین! لەلای قاڵدرمەکانەوە بۆنی گۆشتی سوورەوەکراو دێت. سەرپەرشتیاری موبەقەکە خەواڵووە. موبەقەکە زۆر پیسە. ژێر سیسەم و کەرەویتەو ناو تاقەکان هەر گەردو تۆزە. جۆلاتەنە، کۆنە پێڵاوی کەڕو لێداو و کاغەزە شڕ کە بۆنی پشیلەی تۆپیوی لێدێ، هەمیشە شتێکی ماڵەکە سەقەت و خراپە، یان دوکەڵکێشی سۆپاکە دوکەڵ دەکات یان با، لەلای دەستشۆرەکەو ئاو دەستەکەوە دێتە ژورێ، یان سەری کڵاوڕۆژنەکە نانرێتەوە، منیش بۆ ئەوەی باسریشک نەیەتە نووسینگەمەوە، نزیکترین سەرینی بەردەستم هەڵدەگرم و دەیتەپێنمە کڵاوڕۆژنەکەوە. هەندێجار ژورێکی موبیلەدار بەکرێ دەگرم. لەسەر تەختێکی ژوورەکەم پاڵدەکەوم و بیر لە بابەتی "ناڕەحەتی و بێزاری" دەکەمەوە. لە ژورەکەی لای ڕاستمەوە، ژنێکی ئەڵمانی کرێنشین هێلکەو ڕۆن لەسەر سۆپایەکی زوخاڵی بەرد، دروستدەکات. لەژوورەکەی لای چەپمەوە هەندێ کچۆڵە بە بوتڵە بیرە بەردەبنە یەکدی، لە ژوورەکەمەوە دەکەومە تاوتوێکردنی "ژیان" چاو لە هەموو شتێک دەپۆشم و تەنیا سەبارەت بە ژنە ئەڵمانییەکە، کیژۆڵەکان و دەستەسڕی سفرە پیسەکان شت دەنووسم، خۆم لەم نوسینانەدا دەوری مەستان یان ئایدیالیستانی بێ ڕەونەق و لەڕەواج کەوتوو دەبینم، گرنگترین بابەت کە بایەخی دەدەمێ، خانووی کرێی هەرزانەو ڕۆشنبیرانی بێکارو دەستبەتاڵە. لەگەڵ ئەمەشدا هەست بە هیچ ناکەم. بەتەواوی خۆم لەگەڵ حاڵە نزمەکەم، لەگەڵ سیسرکی ڕەش، لەگەڵ شێ و تەڕەشوع، لەگەڵ دۆستانی مەیخۆرمدا کە بەپێڵاوی پیسەوە لەسەر تەختەکەم ڕادەکشێن، ڕادەهێنم. نە گەرد و تۆز، نە دەرگا پیسەکان، نە تابلۆی بێزەونی ئیعلانات، نە دەرۆزەکەران، هیچیان و بەهیچ جۆرێ هەستی جوانیناسی من ناتۆرێنن و ناڕەنجێنن، وەکو سام لێنیشتوو و لە عەرەبانەیەکی تەنگ و باریکدا کزو بێدەنگ دادەنیشم، با، لە هەموو لایەکەوە هێرشم بۆ دێنێ، کابرای عەرەبانچی بێئەوەی پێبزانێ قامچییەکەی بەمنیشدا دەکێشێت؛ ئەسپە لەڕو لاوازەکانی بەهەزار حاڵ هەنگاو هەڵدێنن، بەڵام من هەقم بەسەر ئەمانەوە نییە، من هەقم چییە؟ دەڵێن تەلارکارانی مۆسکۆیی لەبری خانوو،

قاڵبی سابونیان دروستکردووە، بۆیە شار هێندە شپڕێو و ناپوختەیە، بەڵام بەدڵی من قاڵبی سابوون شتێکی خراو نییە، دەڵێن موزەخانەکانمان هەژارانەیە، زانستانە نین و بەکەڵکی هیچ نایەن. خۆ ناچمە موزەخانان، گلەیی دەکەن، کە گوایە یەک گەلەری چاکمان هەیەو، ئەویش "تریتاکف" دایخستووە. خوای دەکرد دەرگاکەشی هەڵدەچنی. من هەقم چییە؟

هۆی دووەمی بێزارییەکەم ئەمەیە کە دڵنیام یەکجار زرنگ و فامیدەم. کە دەچمە ماڵێک، یان قسەیەک دەکەم، یان بێدەنگ دەبم یان لە کۆڕێکی ئەدەبیدا شیعرێک دەخوێنمەوە، یا لە چایخانەی تبستفدا هەرزە وێژی دەکەم، هەموو ئەم کارانە بە غرووڕێکی تایبەتییەوە ئەنجامدەدەم. باس نییە خۆی تێهەڵنەقورتێنم، لەهەموو مەنجەڵێک ئەسکوێمە. ڕاستە کە قسەی ماقووڵ بە گوێمدا ناچێت، بەڵام دەتوانم دەتوانم زەردەخەنەی تەوسامێز بکەم. دەتوانم بە تەوسەوە شان هەڵتەکێنم.دەتوانم تیرو توانج بهاوێژم. من کە لەناخی ناخدا کێویم و بابایەکی ئاسایی تەربیەت نەدراوو ڕام نەبووم و بەهەموو شتێک ڕازی و قاییل دەبم. هەمیشە وا دەنوێنم و خۆم نیشاندەدەم کە هەندێجار خەریکە خۆشم باوەڕ بەخۆم دەکەم. کاتێ نمایشنامەیەکی کۆمیدی نیشاندەدەن، پڕ بەدڵ حەز بە پێکەنین دەکەم، بەڵام خێرا جڵەوی خۆم دەگرم، خوا نەکا ڕێگەی تاقە بزەیەکیش بدەم کە بکەوێتە سەر لێوانم: ئاخۆ ئەوەی تەنیشتم چ دەڵێ؟ یەکێک لە پشتمەوە پێدەکەنێ. ئاوڕدەدەمەوە و مۆڕەیەکی لێدەکەم، ئەفسەرێکی بەدبەختە، هاملێتێکی خۆم ئاسایە، غوزر دێنێتەوە، بۆ ئەوەی پاساوی پێکەنینە نابەجێیەکەی بداتەوە دەڵێ: "چ ساردوسڕە، دەڵێی بوکەڵە بازییە!"

لەناوەندی پەردەکاندا سەرێ بە بارەکەدا دەکەم و بە دەنگی بەرز دەڵێم: "کە تەمسیلێکی قۆڕو قێزەوەرە. بەڕاستی حەیابەرەیە!"

یەکێک لەولاوە هەڵدەداتێ: "بەڵێ، بوکەڵە بازییەکی ئاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی پێیە، بیرێکی تێدایە."

-بەڵام، ئەم بیرە کۆنە، چەندین ساڵ لەمەوپێش "لوپ دوو ڤگا" ئەم بیرەی خستۆتە ڕوو و بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ئەمەدا بەراورد ناکرێ. ئەمەیان بەڕاستی بێزەوەرە! تەحەمول ناکرێ!

بەڵام لە "ایموگن" هێندە باوێشکان دەدەم، شەویلاگەم دێتە ژان، چاوانم لە نارەحەتیدا بەقوڵا دەچن، زارم هیشک دەبێ. بەڵام ماکی بزەیەکی شادمانی دەکەوێتە سەر ڕوم. لەبن لێوانەوە دەڵێم: "ئەمە، لاساییکردنەوەیەکی ڕیالیزمە، لە مێژە لەزەتی وەهام بەخۆوە نەدیوە."

هەندێجار دێ بەسەرمدا کە کەرێتییەک بکەم و لە نمایشێکی کۆمیدیدا دەورێک وەربگرم زۆر حەز دەکەم ئەم کارە بکەم و دەزانم کە بۆ ئەم ڕۆژە تاریک و خەمناکە، ئەمە چاکترین چارەو دەوای دەردی منە، بەڵام لەکۆڕی هونەرمەندان و ئەکتەراندا چم پێدەڵێن؟ نا، نا. خوا نەکا..

لە گەلەرییاندا، بە ئانقەست چاوان خێل و قیچ دەکەم و وەکو خەڵکانی زانا سەر دەلەقێنم و بەدەنگی بەرز دەڵێم: "لێرەدا هەموو شتێک بەرچاو دەکەوێ، جەو، حاڵەت، ئاهەنگ و... هتد، بەڵام حەقیقەت و جەوهەری ئەسڵی کوا؟ فیکر و بیری بنەڕەتی لەکوێدایە؟ من ناڵێم، ئێوە بڵێن فکر لەمەدا کەی هەیە؟".

دەمەوێ ڕۆژنامەکان داکۆکی لە پرەنسیپی ئابڕومەندانە بکەن. هەر بەوەوە ناوەستم، دەمەوێ هەموو گوتارەکان لەلایەن پرۆفیسۆرانی گەورەوە یان لەلایەن ئەو کەسانەوە بنووسرێن کە تاراوگەی سیبریایان دیوەو جەڕباندووە. کەسێک بۆ سیبریا نەفی نەکرابێ، یان پرۆفیسۆر نەبێت چوزانێ گوتارنووسین چییە؟

دەمەوێ کە تەنیا "مەدام یرملوف" دەوری کیژانی نموونەیی ببینێ. کیژانێک کە هەرگیز لە بیست و دوو ساڵان تێنەپەڕن. سوورم لەسەر ئەوەی ئەو ئەکتەرانەی کە دەوری قۆشەنکێشی دەبینن  دەبێ شارەزای ئەدەبیات و شەکسپیر بن. تا ئەگەر بۆ وێنە ئەکتەرێک لەسەر شانۆ بڵێ: "شەوباش برناردو" هەموو تەماشەکەران هەستبکەن کە ئەو ئەکتەرە هەر هەشت بەرگە گەورەکەی "بنەمای ڕەخنە"ی خوێندۆتەوە.

بەردەوام سەری چاپخانە دەدەم. بۆ وێنە دوێنێ چوومە نک بڵاوکەرەوەی گۆڤارێکی مانگانەو لێم پرسی کە ئایا ئامادەیە کتێبێکی نۆسەد لاپەڕیم هەیە، بۆم چاپبکات؟

کابرای بڵاوکەرەوە بە شپرزەییەوە گوتی: "بەڕاستی نازانم چبکەم؟ بەخۆت دەزانیت کە زۆر درێژەو وەختی دەوێت و ماندوومان دەکات."

گوتم: "ڕاستە، بەڵام کتێبێکی واقیعییە". بڵاوکەرەوەی بێنەوا بە نەبەدڵیەوە ڕازی دەبێت: باشە. چاپی دەکەم.

دۆستەکەم و ژنانی دیکەی ئاشنامش لەخوا بەزیاد بێ هەموو زرنگ و بەهۆش و فامیدەن. هەموو وەکو یەکن. جلوبەرگ، قسەکردن و ڕەفتاریان وەکو یەکە. تەنیا جیاوازییان لەوەدایە کە لێوی یەکێکیان لەشێوەی دڵدایەو یەکێکی دیکەیان کە پێدەکەنێ زاری وەکو تۆڕی ماسییانی گەورە دەکرێتەوە.

کیژە لێو دڵەکە دەپرسێت: دوا گوتاری پروتوپوپوفت خوێندوەتەوە؟ گوتار نییە، یەکپارچە ئیلهامە.

کیژە دەم زلەکە دەڵێت: باوەڕ بکە کە ئیڤان ئیڤانوفچ ئیڤانوف بە گوتارە بەتامەکانی، بلینسکی وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە. من تەنیا ئۆمێدم بەوە ئەگەر شتێک بکات.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە سەردەمانێک بەینم لەگەڵ "ئەودا" هەبوو، تەنانەت ئەوەشم لەیادە کە چۆن ئاشقێنیمان پێکەوە دەکرد. ئەو لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت. هەمان کیژ کە لێوی لەشێوەی دڵدا بوو، جلوبەرگەکەی ساکارو ناشیرین بوو – لە ڕواڵەتبازی بێزارە – قژی شێواو شانە نەکراو بوو. دەست لەقەدی دەئاڵێنم، مەمکلغەی لەبن دەستمدا دەپچڕێ. گۆنای ڕادەموسم، سوێرە. بیری ئاڵۆزە. گێژو وێژە. جڵەوی لەدەست بەر بووە. دەڵێت: "خوایە چۆن دەکرێ ڕیشەو سەرەتا ئابڕومەندەکان لەگەڵ شتێکی نابەجێی وەکو ئەشقدا تێکەڵ بکرێ؟ ئەگەر پروتوپوپوف، بەم حاڵەوە بماندینێ چدەڵێت؟ وازم لێبێنە با بڕۆم. دۆستایەتییەکەمان تێک مەدە"

وەڵامی دەدەمەوە: "من بە دۆستایەتی ڕووت قەناعەت ناکەم." ئەوجا قامکەکانی تێک دەئاڵێنێ و دەڵێ: "بەمەرجێ خۆشمدەوێی کە هەمیشە ئامادەو لەسەر پێ بێ." کە لە ئامێزی دەگرم دەڵێ: "وەرە با پێکەوە بین"

ئیدی پێکەوە دەژین وردە وردە بۆم دەردەکەوێ کە کونی دوکەڵکێشی سۆپاکە بە بلوزێکی ئەو گیراوە. کاغەزەکانی بن تەختەکەی بۆن تەگەوری لێدێت. ئەویش لە موناقەشەو قسەکردندا قسەی بە تویکڵ دەکات و قسان دەهاوێت. لەگەلەریدا تووتی ئاسا باسی "جەو و حاڵەت" دەکات. دیارە دەبێ ئەویش فیکرێکی هەبێ! بەدزییەوە ڤۆدگا دەخواتەوە. بەرلەوەی بخەوێ بە کرێمێکی تاڵ دەموچاوی سواغ دەدات تا گەنجتر بنوێنێ. موبەقەکەی پڕە لە پاکەتە شرێ کلینکس و پیسی دیکە. کە ئاشپەزەکەی

کولیجە دروستدەکات بە شانەکەی سەری هەویرەکە دەنەخشێنێ و ئەوجا دەیخاتە نێو مێزەکە. کە کێک  دروستدەکات بە تف کشمیشەکانی بەهەویرەکەوە دەلکێنێ. ئەوجا من ناچار هەڵدێم و خۆشەویستەکەم لێدەبێت بە شەیتان و جنۆکە. ئەویش کە فامیدەو زرنگ و زماندرێژە ڕوودەکاتە هەر شوێنێک بەخراپە باسم دەکات و دەڵێت: "لەپرەنسیپەکانی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆی پێشلێکردووە."

سێیەمین هۆی ناڕەحەتی و بێزاریم، حەسودی و بەغیلی لەڕادەبەدەرمە. کە دەبیستم "فلان، گوتارێکی جوانی نووسیوە"و "نمایشی فیسار سەرکەوتنێکی چاکی بەدەستهێناوە"و "ی – دوسەد هەزار ڕۆبڵی لە قورعەکێشیدا بردۆتەوە"و "خوتبەکەی – ن کاریگەرییەکی زۆری بووە" چاوم دەپەڕنە تەوقی سەرم. چاوەکانم دەنوقێنم و دەڵێم: "پێم خۆشە. باشبوو ئەمەی بۆ ڕێکەوت.. دەزانی لەساڵی ٧٤دا لەسەر دزی گیرابوو.".

لە حەژمەتاندا دین و هار دەبم. لەناخی ناخەوە قین لەکابرای سەرکەوتوو هەڵدەگرم و لەسەری دەڕۆم: "زۆر خراپە لەگەڵ ژنەکەیدا! سێ "دۆستی" هەیە. تێکڕا کابرایەکی ناجسنە. چیرۆکەکەی خراپ نییە، بەڵام دزێویەتی، پیاوێکی هیچ و پوچ و فشەکەرە. ئەوی ڕاستی بێ، من لەم چیرۆکەشیدا شتێکی جوان و ماقوڵ نابینم، بەڵام ئەگەر شانۆنامەی یەکێک لاواز بێ و خەڵکی لێی بخوێنن ئەوا خێرا لایەنی نووسەرەکەی دەگرم و هاوار دەکەم: "نە، برادەران. نە. وانییە، بۆ خۆی شتێکە، بەهەرحاڵ ئەدەبیات هەر ئەوەیە."

ئایا دەزانن کە هەر دەنگۆ وشتێکی خراپ دەربارەی خەڵکی مۆسکۆ دەکەوێتە سەر زاران. لە منەوە بڵاوبووەتەوەو داهاتووە؟ بڕۆن بە بەرپرسی شار بڵێن کە ئەگەر ڕێگاوبانی چاکمان بۆ دروستبکات، من ڕقی لێهەڵدەگرم و لێی دەکەم بە قاو کە شای دزانە. ئەگەر ببیستم ڕۆژنامەیەک هەزار خوێنەری هەیە، ئیدی تەپڵی بۆ لێدەدەم و بەخەڵکی دەڵێم کە جڵەوی خاوەنەکەی بەدەستی ژنێکەوەیە.

سەرکەوتنی خەڵکی مایەی پەستی و شەرمەزارییە بۆ من. دڵم ئەنجن ئەنجن دەکات. ڕەنگە بپرسن ئەدی ویژدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیت؟ ویژدانی چی! ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ویژدانم بووبێ ئەوا دەمێکە خۆرەی بەغیلی و حەسودی تێی داوەو وێرانی کردووە! بەم هەموو نەزانی و بێ تەربیەتی و بەخەیاڵی خۆم زرنگی و هوشیارییەوە، بەم دنیا بەغیلی و حەسودییەوە، بە ڕەنگی زەردو، بەسەری بۆزو کەچەڵمەوە، ماڵەوماڵ دەگەڕێم و ژیان لەبەرچاوی خەڵکی دەخەم. دەچمە هەر ماڵێک، زەردی و

تاریکی و کەچەڵی لەگەڵ خۆدا دەبەم و بەوپەڕی نائومێدییەوە شەکران دەشکێنم: "ئەمە چ حاڵێکە خوایە، بەڕاستی مایەی نارەحەتی و بێزارییە، بنیادەم نازانێ چیبکات، تاقەتی لە هەموو شتێ دەچێت!" وەکو هەلامەت و پەسیو و ئەنفلۆنزا بەخێرایی بڵاو دەبمەوە. لە "بێزاریدا" دەناڵێنم، دادو بێدادمە، ژیر و فامیدە دەنوێنم و کارێکی وەهادەکەم دۆستان و ئاشنایانم پەی بەو بەغیلی و حەسودییەی ناخم هەر نەبەن... ئیدی ئەوەتا قوتابییەکی گەنج وەکو ئەوەی هەنگوینی لەدارا دۆزیبێتەوە، قسەکەی من هەڵدەگرێتەوە، بە بێزاری و بێتاقەتییەوە، کتێبەکەی تووڕ دەدات، بە نائومێدییەوە سەری دەخاتە نێو هەردوو دەستی و دەڵێ: "هەموو قسەی ڕووتە. بنیادەم تاقەتی لە هەموو شتێک دەچێت!". وەکو من چاوانی بچووک دەکاتەوەو دەڵێ: "مامۆستایان کەوتونەتە خوتبەخوانی تا پیتاک بۆ زەرەرمەندانی قاتوقڕی و گرانی کۆبکەنەوە. دەترسم نیوەی پارەو پیتاکەکە بڕژێتە گیرفانی موبارەکیانەوە!".

وەکو سێبەر دەسوڕێمەوە. چ کارێک ناکەم. جگەرم ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەئاوسێت و گەورە دەبێت کات دەگوزەرێ و دەگوزەرێ. پیرو کەنەفت بووم. ئاقیبەت ڕۆژێک ئەنفلۆزا دەگرم و دەمبەن بۆ گۆڕستانی "واگانکف". دۆستەکانم یەک دوو ڕۆژێک بیرم لێدەکەنەوەو پاشان لەبیرم دەکەن و چ دەنگ و ڕەنگێکم نامێنێ.

تەمەن هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەگەر لە ڕۆژی خۆیدا نەتوانی بەدروستی بژیت، ئەوا حیسابی لەدەست چوو بۆ تەمەنت بکە. بەڵێ بەفیڕۆچوو و گوم بوو! لەگەڵ ئەمەشدا، من دەمتوانی هەموو شتێک فێرببم. ئەگەر ئەم بونەوەرە "ئاسیاییە"م لەخۆ دوورخستباوە دەمتوانی مەدەنیەتی ئەوروپایی، تیجارەت، سەنعەت، کشتوکاڵ، ئەدەبیات، مۆسیقا، نیگارکێشی، تەلارکاری، تەندروستی ئەوروپاییم خۆشبووێ و فێری ببم. دەمتوانی ڕێگەی گەورە و شەقام و جادەی پانو بەرین لەمۆسکۆدا چێبکەم. پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین و ئێراندا بەرپا بکەم. مەرگ و مردن کەم بکەمەوە. دژی جەهالەت بجەنگم. دژی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک بخەبتم کە ئێمەی لەکاروانی ژین و ژیان دواخستووە. دەمتوانی بابایەکی بەتەربێت و بە ئەدەب، نەجیب و دڵاواو پڕ هیوابم. دەمتوانی لەزەت و سوود لە سەرکەوتنی خەڵکانی دیکە ببینم، چونکە "بچوکترین سەرکەوتن خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکە بەرەو بەختەوەری و حەقیقەتناسی.".

بەڵێ، دەمتوانی. دەمتوانی، بەلام من پەڕۆکۆنێکی پیسم. زڕو زبڵێکی بێفایدەم. خەوم لێناکەوێ. بەدرێژایی شەو بیر دەکەمەوە کە لەبەرچی هێندە پەستوو بێزارم؟ ئەم

وشانە تاکو سپێدە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە: "پارچە وایەرێکی تەلەفۆن پەیدا بکەو خۆت بگەیەنە نزیکترین عامودی تەلەفۆن و خۆت لەسێدارە بدە. ئەمە تاقە ڕێگەو چارەو دەوای دەردتە."

جۆزیف

(١)

دنیا تاریک بوو بوو. لەشکری شەو لێکدا لێکدا دەهاتە پێشێ. جۆزیف، سەرباز بوو، دەچووە مادونی. لەسەر جۆلانەکەی خۆی پاڵکەوتبوو. کەمێ خۆی بەرز کردەوەو لەبن لێوانەوە گوتی: "گوێت لێمە پاڤل ئیڤانوڤچ؟ لە (سوشان) سەربازێک پێی گوتم کە ماسییەک قایەغەکەیانی هەڵ لوشیوەو لەپشتی ماسییەکەوە دەرچووە!"

ئەو کابرایەی کە جۆزیف قسەی بۆ دەکرد، لە نەخۆشخانەی کەشتییەکەدا بوو. هەموو کەسێک هەر پێی دەگوت پاڤل ئیڤانوڤچ. بێدەنگ بوو و خۆی گێلکرد وەک بڵێی گوێی لە قسەکەی جۆزیف نەبووبێ.

دیسان بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشان. با بەگڤ و هوڕ خۆی بە چارۆکەی کەشتییەکەدا کرد. جەڕو بورغوی کەشتییەکە کەوتنە جیڕەجیڕ. شەپۆلان، هەر یەکەی بە باڵای زەلامێک دەهاتن و خۆیان بە کەشتییەکەدا دەکێشاو دەیانشۆردەوە، جۆلانەکانی کەوتبوونە جیڕەجیڕ. بەڵام ئەوان لە مێژ بوو گوێیان بەم هەراو هەنگامەیە ڕاهاتبوو و پێیان وابوو هەموو شتێک ئارام و خامۆشە. وەزع و حاڵێکی خەماوی بوو. سێ کەس لە نەخۆشەکان (کەشتیوانێک و دوو سەرباز) کە بەدرێژایی ڕۆژ وەرەقبازیان کردبوو، هەنوکە نوستبوون و بەدەم خەوەوە ئەمدیوو ئەو دیویان دەکرد.

کەشتییەکە، کەوتە تەکاندان. جۆلانەکەی جۆزیف بەئەسپایی دەهات ودەچوو. دەتگوت لەهەر هاتوچۆیەکدا دەڵێ: یەک، دوو، سێ. شتێک کەوتە سەر زەوی و شکا. شتێک بە قوڵپە قوڵپ ڕژا، پێدەچوو گۆزەی ئاوەکە بوو بێ.

جۆزیف بەدەم گوێ هەڵخستنەوە گوتی: "جڵەوی بایەکەیان بەرداوە."

ئەمجارەیان پاڤل ئیڤانوڤچ کۆکەیەکی بۆ کردو بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە: "تۆزێ لەمەوپێش گوتت ماسییەک کەشتییەکی هەڵ لوشیوە، و ئێستا دەڵێی جڵەوی بایەکەیان بەرەڵڵا کردوە، چما با حەیوانە تا جڵەوی هەبێ؟"

-خەڵکی وا دەڵێن.

-خەڵکیش وەکو تۆ نەفامن. جا خەڵکی چ ماوە نەیڵێن؟ پیاو دەبێ مێشکی هەبێ و بیربکاتەوە، گەوجە!

پاڤل ئیڤانوڤچ، هەمیشە لەدەریادا تێک دەچوو. کە کەشتییەکە دەکەوتەڕێ بەدەم شەپۆلانەوە دەبوو بە بووکە سەماکەرە، تووڕە دەبوو، و بە بچوکترین شت پەست دەبوو. جۆزیف نەیزانی پاڤل ئیڤانوڤچ بۆچی وەها دەهری بوو. چما شتێکی خراپی لەمەڕ ماسی و جڵەو بەربوونی با گوتبوو کە دەماری ئەوی گرتبێ؟ - "وای دابنە ماسی بە ئەندازەی کێوێک بێ و پشتی بەقەد ئەستووری و قایمی پێستی سەگی ئاوی بێ، وای دابنە ئەو سەری دنیا شوورەی بەردبێ و ئەم بایەی کە بەگڤ و هوڕ دێت لەوێندەر جڵەو کرابێ. ئەگەر یەکێک جڵەوی بەرنەدات ناتوانێ بەمجۆرە ناخۆشی بکات و وەکو سەگ پەلامار بدات و هەموو شتێک بخاتە لەرزە؟ باشە ئەگەر با جڵەو نەکرابێ بۆچی لە پڕا دەوەستێ و بێدەنگ و خامۆش دەبێت؟"

جۆزیف، ماوەیەکی زۆر بیری لە زل ماسییەکی کێوئاسا کردەوە پاشان بیری لە زنجیری ئەستوری ژەنگگرتوو کردەوە. کە ماندوو بوو کەوتە خەیاڵی گوندەکەی خۆی. ئەو گوندەی، کە هەنووکە و پاش پەنجا ساڵ خزمەت لە ڕۆژهەڵاتی دوور، بۆی دەگەڕایەوە.

بەخەیاڵ حەوزە گەورە پڕ بەفرەکەی گوندی هێنایە بەرچاوی خۆی لایەکی حەوزەکە، کوورەخانەیە. دووکەڵکێشەکەی چووە بە حەل حەلەی ئاسماناو دووکەڵێکی ڕەشی بەسەرەوەیە. گوندەکەش کەوتۆتە لایەکەی دیکەی حەوزەکەوە. حەوشەی پێنجەم ماڵی

ئەوانە. ئەلکسیی برای لە سوچیکی حەوشەکەوە بە خۆو خزاکەکەیەوە وەدەردەکەوێ. کوڕە چکۆلەکەی "ڤانکا" لەپشتییەوە دانیشتووەو جوتێ پۆتینی لبادی لەپێیە، کیژەکەشی "ئاکولکا" پۆتینی لبادی لە پێکردووە. ئەلکسی مەستە. ڤانکا پێدەکەنێ و دەموچاوی "ئاکولکا" دیار نییە، دەمامکی کردووە. جۆزیف لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەو منداڵانە سەرمایان دەبێ. خوایە دەست بە باڵیانەوە بگری و هێندەیان ئەقڵ و ئاوەز بدەیتێ کە حورمەتی داک و بابیان بگرن و لەداک و بابیان باشتر دەربچن."

لەم کاتەدا کەشتیوانە نەخۆشەکە هاواریکرد: "دەبێ جێیەک بۆ ئەم پێڵاوانە چاکبکرێ!"

پەتی بیرکردنەوەو خەیاڵی جۆزیف پچڕاو لەبری حەوزەکە، لەپڕ سەروکەلەی گایەکی بێچاو لەبەرچاوی بەرجەستە بوو. ئەسپ و خزاکەکە لە جێی خۆ وەستان و چیدی نەچوونە پێشێ. لە جێی خۆ خولانەوەو لەنێو تەمێکی خەستی ڕەشدا لەچاو گومبوون. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، جۆزیف دڵخۆشبوو بەوەی کە لەدنیای خەیاڵدا کەسوکاری خۆی بینی بوو. لە کەیفان پێکەنی. ئازای لەشی کەوتە مێرووله و قامکەکانی کەوتنە لەرزین.

بەدەم خۆ دواندنەوەو بەو تاریکییە کەوتە چاو گێڕان بۆ ئاوی خواردنەوە. ئاوی خواردەوەو لەجێیەکەی خۆی ڕاکشایەوە. جارێکی دیکەش خزاکەکە بەخەیاڵیدا تێپەڕی، پاشان سەری گایە بێچاوەکەو ئەوجا دوکەڵە ڕەشەکە، یەک لە دووی یەک بە بەرچاویا هاتن و ڕۆیین، تاکو سپێدە بەم حاڵەوە تلایەوە.

(٢)

هەوەڵجار، لەنێو تاریکییەکەوە تەنیا بازنەیەکی شینباوی کڵاو ڕۆژنەی کەشتیەکە دەرکەوت. پاشان جۆزیف، بەرەبەرە پاڤلیڤانوڤچی بینی کە لەسەر جۆلانەکەی خۆی و بەدانیشتنەوە خەوی لێکەوتبوو. بۆیە بەدانیشتنەوە خەوتبوو، چونکە گەر ڕابکشایە دڵی تێکدەچوو و هەناسەی بۆ نەدەدرا. ڕەنگی زەردو کەپووی درێژو چاوانی درشت بوو. بە خۆیشی تا بڵێی باریک و بنێس بوو. دەموچاوی درابوو بەیەکداو ڕدێنێکی تەنکی هەبوو. بەڵام بەهیچ جۆرێ پایە چینایەتییەکەی لە سیمایدا نەدەخوێنرایەوە، ئایا خانەدان و دەوڵەمەند بوو. بازرگان بوو، دێهاتی و جووتیار بوو؟ بەڕوواڵەت و قژە درێژەکەیدا لە ڕەبەنێکی گۆشەنشین دەچوو. یان بەلای کەمەوە لە گۆیەندەیەکی کڵێسا دەچوو. بەڵام دەم و دووی لەدەم و دووی کەشتیان نەدەچوو. کۆکە و نەخۆشی و گەرمای

لەتوانا بەدەر هێزو پرزەی لەبەر بڕی بوو. بەهەزار حاڵ هەناسەی پێدەدرا. لێوە وشکەکانی بەردەوام دەبزوان. کە هەستیکرد جۆزیف سەیر دەکات، ڕووی تێکردو گوتی:

-ئێستا خەریکە تێدەگەم کە..

-لەچی تێدەگەی پاڤل ئیڤانوڤچ؟

-بەڵێ. هەوەڵجار عەجایەبم ما کە ئێوەی نەخۆش لەبری لە خەستەخانەو شوێنی ئیسراحەت پەرستاری بکرێن. لەم کەشتییەدا وێڵیان کردوون. ئاخر ئەم کەشتییە گەرمە، ئەم هەڵبەزو دابەزە بۆ ئێوە گەل یەکجار خەتەرە، دەتانکوژێ. بەڵام ئێستا لە هەموو شتێک حاڵی بووم. هەموو شتێکم بۆ ڕونبووەتەوە. بەڵێ، دکتۆرەکان بۆیە ئێوە دەنێرنە ئێرە تا لە دەستتان ڕزگاربن. دکتۆرەکان لە ڕەفتارو ئەتواری ئێوەی کێوی بێزار دەبن.

خۆ ئێوە پارەیان نادەنێ. بۆیە ئێوە بەلای ئەوانەوە وەکو پەز وان، رادانتان بۆ ئەوان کارێکی ئاسانە، هیچی ناوێ تەنیا ئەوە نەبێ هەندێ بێویژدان و کەمێک دڵڕەق بن و سەبارەت بە خاڵی یەکەم داشیان سوارە، واتا لە بێویژدانیدا بسپۆرن و کەس بەتۆزی پێیاندا ناگات. بەڵام سەبارەت بەخاڵی دووەم ئەوا پێویستی بە هەندێک پرۆڤە هەیە. لەنێوان چوارسەد نەفەر سەربازی ساغ و کەشتیوانی مل ئەستووردا، پێنج نەخۆشی دەغەزار هەر دیار نابێ. بەئاسانی تێکەڵ بە سەربازە ساغەکان دەکرێن، ئەم هەموو سەربازەی کە ئەوەندە بەپەلە سەرژمێر دەکرێن، ئاگایان لە هیچ نییە. بەڵام کە کەشتییەکە دوور دەکەوێتەوە، لەپڕ بۆیان دەردەکەوێ کە خەڵکی سیلاوی و نەخۆش لەسەر کەشتییەکە، شەکەت و ماندوو بوراونەتەوە."

جۆزیف، سەری لەم قسانەی پاڤل ئیڤانوڤچ دەرنەکرد. بەڵام پێی وابوو مەبەستی ئەوە جا بۆ ئەوەی داکۆکییەک لە خۆ بکات گوتی: "من لێرە، نەخۆشکەوتم چونکە کە لە قایەغەکە هاتینە دەرێ سەرمام بوو." پاڤل ئیڤانوڤچ گوتی: "سەیرە! کارەساتەکە لەوەدایە کە خۆیان زۆر چاکدەزانن ئێوە برناکەن و ناگەنە کۆتایی سەفەرەکە و کەچی هەر دەشتان نێرن. ڕەنگە هەموو ئۆقیانووسی هند ببڕن. بەڵام ئەدی پاشان! ئا ئەمەیە پاداشتی خزمەتی بێ غەل و غەشتان! بەمجۆرە چاکەتان دەدەنەوە، پاڤل ئیڤانوڤچ زۆر تووڕە دەهاتە بەرچاو. کێشای بەنێوچەوانی خۆیداو، پێکەنی: "دەبێ ئەمانە لەڕۆژنامەکاندا ڕیسوا بکرێن و دەستیان بخرێتە ڕوو." دوو سەربازە نەخۆشکەو

کەشتیوانەکە هەنوکە هەستا بوون و دەستیان کردبووەوە بە کاغەزبازی. کەشتیوانەکە لەسەر جۆلانەکەی خۆی دانیشتبوو و سەربازەکان بە زەحمەت لەسەر عەردەکە پان بوبوونەوە. یەکێک لەسەربازەکان دەستی ڕاستی بەگەردنییەوە هەڵبەستبوو، مەچەکیان بە سارغییەک توندتوند بەستبوو، بۆیە یان دەبوو بەدەستی چەپ یاری بکات یان کاغەزەکان لە پێچی ئانیشکیدا بگرێ. کەشتییەکە هێندە خێرا هەڵبەز و دابەزی دەکرد کە مەحاڵ بوو کەسێک بتوانێ هەستێ و چایەک یان دەرمانێک بخوا. پاڤل ئیڤانوڤچ لە جۆزیفی پرسی: "تۆ خولامی؟"

-بەڵێ.

پاڤل ئیڤانوڤچ بەوپەڕی خەمبارییەوە گوتی: "ئەی خوایە، وەرە پیاو لەشاری خۆی دووربخەنەوە، پازدە هەزار میل لەئاو وخاکی خۆی دوور بکەویتەوە، لە شوێنێکی پیسی پڕ میکرۆبی سیل، بەرەڵڵای بکەن و ئەوجاش جەنابی، خولام و موراسیل بێ، خولامی فلان مولازم یان فیسار سەرتیپ نازانم شعوریان لەکوێیە؟".

جوزیف گوتی: "کارێکی خراو نییە پاڤل ئیڤانوڤچ. پیاو بەیانی زوو لەخەو ڕادەبێت. پۆستاڵەکان بۆیاخ دەکات. سەماوەرەکە دادەگیرسێنێ، ژورەکە ڕێک دەخات و ئیدی چ کارێکی دیکەی نییە جەنابی ئەفسەر ڕۆژ تا ئێوارێ خەریکی نەخشەدانانە. پیاو ئەگەر خۆی بیەوێت دەتوانێت بەدرێژایی ڕۆژ نوێژ بکات و وێردان بخوێنێ. یان کتێبێک بخوێنێتەوە یان بۆ خۆی پیاسەی کوچەو کۆلانان بکا. ژیانێکی باشە.".

-بەڵێ، زۆرچاکە جەنابی ئەفسەر نەخشە دادەنێ و تۆش بەدرێژایی ڕۆژ لە موبەقەکەدا کەوتووی حەسرەت بۆ گوندەکەی خۆتان هەڵدەکێشیت، نەخشە! نەخشە چ نییە. ژیان، ژیانی مرۆڤ گرینگە! ژیان دووبارە نابێتەوە، مرۆڤ دەبێ بە تەنگییەوە بێت."

-پاڤل ئیڤانوڤچ. مرۆڤی بەدو خراو، خێرو خۆشی نابینێ جا چ لە ماڵا بێ چ لە دەرێی ماڵ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی ڕاستگۆو گوێڕایەڵ بێ، کەس هەقی نییە بەسەرییەوە. ئەوانە خەڵکانی ماقوڵن و چاکو خراو دەناسن، پەنجا ساڵی خشتە من ئێستاش ڕۆژێ زیندانم نەدی. تەنیا تاقە جارێک لێدانم خواردووە. پەنابەخوا! خۆم بە چاوەوە نەکەم.

-لەسەر چی لێدانت خوارد؟

–شەرم کرد، پاڤل ئیڤانوڤچ من دەستم قورسە چوار کەسی چینی هاتبوونە حەوشەمان. باش لەبیرم نییە، پێموایە چیلکەیان هێنابوو. من وەزعم تەواو نەبوو، چووم بە گژیانداو خوێنی کەپووی یەکێکیان بەربوو. جەنابی مولازم لە پەنجەرەکەوە ئەمەی دیتبوو و دارکارییەکی چاکی کردم."

پاڤل ئیڤانوڤچ لەبن لێوانەوە گوتی: "ئەی گەوجی بەستەزمان لە هیچ تێناگەی!" و پاش تۆزێک پرسی: "بۆ لەگەڵ ئەو چینیانەدا بەشەڕ هاتی؟"

–لەخۆڕایی. ئەوان هاتنە حەوشەکەمانەوە و منیش تێیان کەوتم.

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. قوماربازەکان دودانە سەعاتی خشت یارییان کرد. ناڕەحەت بوون و جنێویان دەدا. هەڵبەزو دابەزی کەشتییەکە ماندووی کردن. وەرەقەکانیان فڕێداو ڕاکشان وخەیاڵ جارێکی دی جۆزێفی بردەوە بۆلای حەوزە گەورەکە، کوورەخانەکەو گوندەکەیان، جارێکی دی عەرەبانەکە بە شاشەی خەیاڵیدا ڕەت بوو، جارێکی دی ڤانکا بۆی گرژییەوەو ئاکولکا پاڵتۆ چەرمەکەی کردەوە. لاقەکانی درێژ کرد و واهاتە بەرچاوی جۆزیف کە دەیگوت: "تەماشا بکەن، هەژارانی داماو! پۆتینەکەی من نفت و نوێیە، وەکو ئەوەی ڤانکا کۆن نییە."

جۆزیف گوتی: "خەریکە پێ دەنێتە شەش ساڵان، بەڵام زۆر بێ شعورە، لە بری ئەوەی پێڵاوەکانت نیشانبدەی بۆ ناچی ئاو بۆ مامە قۆزاقەکەت بێنی؟ شتێکی چاکت دەدەمێ." ئەوجا "ئاندرێ"ی هاتە بەرچاو کە تفەنگێکی لە شان بوو و کەروێشکێکی کوشتبوو وبەدەستییەوە بوو. "تیشک" بە شەلە شەل بەدوویدا دەهات. دەیویست بە پولکە سابونێک کەروێشکەکەی لێ بسەنێ. گوێرەکە ڕەشەکەیان لە حەوشەدا بەسترابووەوە. و "دوما" خەریکی پینەکردنی تەنورەیەک بوو و بەدەم تەقەڵ و دورمانەوە هێواش هێواش دەگریا. دیسان سەری گایە بێ چاوەکەو دوکەڵە ڕەشەکە لەبەرچاوی بەرجەستە بوون. لەسەروی ئەوانەوە دەنگە دەنگ و هاوار بوو و کەشتیوانەکان بەپەلە غاریان دەدا. دەنگی ڕاکێشانی شتێکی قورس لەسەر کەشتییەکە دەهاتە گوێ. وەک بڵێی لە پڕ شتێک شکا. دیسان دەنگی پێی خەڵکانێک دەهات کە غاریان دەدا. جۆزیف لەدڵی خۆیدا گوتی: "چی بووە"؟ تەواو گوێی هەڵخست. سەری هەڵبڕی: دوو سەبازەکەو کەشتیوانەکە هێشتا هەر قوماریان دەکرد. پاڤل ئیڤانوڤچ دانیشتبوو و لێوی دەلەرزین. دنیا زۆر گەرم بوو. جۆزیف هەناسەی سوار دەبوو. تینووی بوو. بەڵام ئاوەکە هێندە گەرم بوو نەدەخورایەوە. هەڵبەزو دابەزی کەشتییەکە هێدی تر بوو بوو. لەپڕ یەکێک لە

سەربازەکان بە جۆرێکی سەیر گۆڕا، گوتی: "نەقش!" حیسابەکەی لەدەست دەرچوو و کاغەزەکانی تووڕ دایە سەر زەوی. لە جێی خۆی ڕاپەڕی و دەستی بە پێکەنین کرد، پێکەنینێکی گەوجانە. ئەبڵەق ئەبڵەق دەیڕوانییە دەوروبەری. گوتی: "دەقیقەیەک سەبر بکەن، برادەران!" ئەمەی گوت و لەسەر عاردەکە ڕاکشا، هەموو گێژو وێژ بوون. هاواریان لێکرد. بەڵام بەرد وەدەنگ هات ئەو وەدەنگ نەهات. ئەو سەربازەی کە مەچەکی پێچرابوو گوتی: "ستیفن نەخۆشیت؟ کە شیشت بۆ بانگ بکەم؟ ها؟". کەشتیوانەکە گوتی: "ستیفن هەستە ئاو بخۆوە وەرە ئاو بخۆوە گیانەکەم."

جۆزیف تووڕە بوو و هاواریکرد: "ئاوی چی؟ نابینن گەوجینە؟."

-چی؟

-چی، چی؟ لێبۆتەوە. مردووە. خوایە لەم قەلپیاوانە!

(٣)

هەڵبەزودابەزی کەشتییەکە هێدی تر بووبوو. پاڤل ئیڤانوڤچ هاتەوە سەرخۆ.. تایەکەی نەمابوو. سیمای بێباک دەهاتە بەرچاو. دەتگوت ڕستەیەکی لەسەر زارەو دەیەوێ بڵێ: "چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە لە پێکەنیندا ببورێنەوە" کلاوڕۆژنەی کەشتییەکەیان واز بوو و شنەیەکی فێنک و خۆشی لە دەموچاوی پاڤل ئیڤانوڤچ دەدا. غەڵبە غەڵبی خەڵک و شپڵە شلێپی سەوڵ و ئاو دەهاتە گوێ. لەژێر پەنجەرەکەوە دەنگێکی ناسک و سامناک دەهاتە گوێ، دەتگوت کابرایەکی چینییەو ستران دەبێژێت.

پاڤل ئیڤانوڤچ گوتی: هەنوکە واین لە بەندەردا" و بزەیەکی تەوساوی بۆ کرد و: "مانگێکی دی دەگەینە ڕوسیا ئەی جەنگاوەرانی دلێرو نەجیب ڕاستە من دەچمە ئۆدیساو لەوێندەرەوە یەکڕاست دەچم بۆ خارکوف لە خارکوف دۆستێکم هەیە کە ئەدیب و نووسەرە دەچمە نک وی و پێی دەڵێم: دۆستی ئازیز بەسە واز لە چیرۆکی ئاشقانەی بازاڕی و حەیابەرە بێنە، واز لە وەسفی سروشت و ئەم شتانە بێنە، لەبری ئەوە پۆخڵەواتەکانی ئینسانی دووپێ بخەڕوو. من یەک دنیا بابەتم پێیەو دەیخەمە

بەردەستت بیکە بە هەوێنی نوسینەکانت" کەمێ لەفکرانڕاچوو و ئەوجا گوتی: "جۆزێف دەزانی چۆنیان هەڵخەڵەتاندم؟".

-مەبەستت کێیە پاڤل ئیڤانوڤچ؟

-هەموویان. دەزانی لە کەشتیدا تەنیا ئەوانە سواردەکەن کە بلیتی نمرە یەک و نمرە دوو دەبڕن و تەنیا جوتیاران بۆیان هەیە بلیتی نمرە سێ ببڕن. ئەگەر سەروسیمات ڕێکوپێک بێت و وەکو خانەدان بێیتە بەرچاو ئەوا مەجبووری بچییە نمرە یەک، لەوەیە ئیفلاس بکەی بەلام ئەمەو ئەوەی بۆ نییەو "... دەبێ ٥٠٠ ڕۆبلی کاش بدەی. من پرسیم. مەبەستتان لەمە چییە؟ دەتانەوێ پلەو پایەی خەڵکی بەرزبکەنەوە؟ گوتیان نەخێر تەنیا لەبەر ئەوە ڕێگەت نادەین بچییە نمرە سێ، چونکە نمرە سێ بۆ پیاوی ڕێکوپێک و پاکو خاوێن بەکەڵک نایەت. نمرە سێ جێگەی لات و لەوێر و خەڵکی ڕووتەیە. گوتم: هەقی خۆتانە بە ڕاستی بە تەنگی خەڵکی پاکو خاوێن و خانەدانەوەن. بەلام وێڕای ئەمەش من ٥٠٠ ڕۆبلم نییە چونکە نە گەنجم دۆزیوەتەوە و نە کەسم تالانکردووە، نە مامەڵەی قاچاغم کردووە و نەکەسم بە کوشتداوە. پێموایە ئەم پێشەکییە بەس بێ بۆ ئەوەی ڕێمبدەن بە نمرە سێ سەفەر بکەم و ببم بە هاوڕێ و هاودەرەجەی ڕۆشنبیرانی ڕوس". بەلام گوێ لە کەس دەگرن؟ منیش ناچار بووم بکەومە فڕوفێڵ، پاڵتۆیەکی دێهاتیانەم لەبەر کردو جووتێ پێلاوی گەورەم لەپێکرد و خۆم مەست و گەوج نواند وەکو لات و لەوێران خۆم بە نووسینگەکەیاندا کرد و گوتم "قوربان بلیتێکم بدەنێ"

بەرپرسی نووسینگەکە گوتی "ئیشت چییە؟"

گوتم: سکرتێر. بابم کەشیشێکی شەریف بوو و چونکە درۆی نەدەزانی و هەمیشە ڕاستی دەگوت، زۆری چەرمەسەری بینی" پاڤل ئیڤانوفچ هیلاک بوو. هەناسەی سوار بوو. بەلام درێژەی بەقسەکەی خۆیدا: "بەڵێ من کابرایەکی ڕاستگۆم . هەمیشە قسەم لە ڕووەو لە هیچکەس و هیچ شتێک ناترسم، بەینی من و ئێوە زۆرە، ئێوە گەوج، دڵڕەق و گێلن چ شتێک نابینن و ئەگەر بشبینن ئەقڵتان پێیدا ناشکێت پێتان دەڵێن جڵەوی با بەربووە، دەڵێن ئێوە حەیوانن و لە حەیوان کەمترن و باوەڕیش نەکەن دارکاریتان دەکەن و ئەوجایش دەستیان ماچ دەکەن، کردەی ئێوەیەو بردەی ئەوان، تۆزێ پارەتان بۆ فڕێ دەدەن و ئێوەش دەڵێن "قوربان با دەستتان ماچ بکەم ئێوە لە هەموو شوێنێک هەر ڕەتێنراو و ڕەنجەڕۆن من وەکو ئێوە نیم من بە ئەقڵ دەژیم من ڕێک وەکو هەڵۆیەک کە هەڵدەفڕێ لە بەرزییەوە دەڕوانمە هەموو شتێک و لە هەموو شتێک

تێدەگەم ،من کابرایەکی خەباتگێرم ستەم و زوڵم دەبینم. دژی دەوەستم. فێڕوفێڵ و تەزویر دەبینم. دژی دەوەستم کە دەبینم بەرازسیفەتان سەرکەوتوون، دژیان دەجەنگم من بابەیەکی کۆڵنەدەرم نەئەشکەنجەو ئازاردان، نە دادگای تاقیب کردنی بیرو باوەڕ ناتوانن زمانم بگرن گەر زمانم هەڵکێشن بە ئیشارەتی دەست و سەر نارەزایی خۆم دەردەبڕم گەر حەپسم بکەن، هاوارێکی وەها دەکەم کە دەنگم سەعاتە ڕێیەک بڕوات یان مان دەگرم و دەم بەزەوادەوە نادەم تا باری وێژدانی ڕەشیان قورستر بێ ئەگەر بشمکوژن، ڕوحم لێیان هەڵدەگەڕێتەوە هەموو ئاشناکانم دەڵێن: پاڤل ئیڤانوفچ تۆ کابرایەکی کەڵەمە ڕەقی، کەس لەگەڵت هەڵناکات. من شانازی بەم شۆرەتەوە دەکەم ٣ ساڵان لە ڕۆژهەڵاتی دووردا خزمەتم کردووەو بەشی سەد ساڵان ئەزموونی تاڵم لا کۆبۆتەوە. من هەر لەسەر هەڵوێستی خۆم مامەوە، دۆستەکانم لە ڕووسیاوە نامەم بۆ دەنووسن "مەیە" بەڵام من دەڕۆم و عینادییان لەگەڵ دەکەم، بەڵێ ئەمەیە ژیان، من تێدەگەم بەمە دەگوترێ ژیان"

جۆزیف، گوێی نەدەگرت بەڵام لە پەنجەرەی کەشتییەکەوە دەیڕوانیە دەرێ. بەلەمێک بەسەر ئاوە پیرۆزەییەکەوە خنەخن دەڕۆیی، بەلەمەکە لەبەر تیشکی ڕۆژدا دەدرەوشایەوە پیاوێکی چینی قوت و قەڵەو لەسەری دانیشتبوو. بە دوو چیلکەدار برنجی دەخوارد ئاوەکە کشومات تەیروتوی دەریایی بەسەرییەوە لە فڕین و نیشتنەوەدا بوون. جۆزیف، نیگایەکی کابرای چینی کرد. باوێشکێکی داو لەفکرانڕا چوو: "چەند خۆشە زللەیەکی مزر بە بناگوێی ئەم زەلامە زلەدا بکێشم" و بە خۆیشی کەوتە وەنەوزدان، وای هاتە بەرچاو کە هەموو جیهان لەشیرین خەودایە. کات بلەز دەبووری بێئەوەی بە خۆبزانێ شەو دەهات و ڕۆژ دەچوو کەشتییەکە، هەرچەندە بەتەکان بەرەوپێشێ دەڕۆیی، بەڵام لەتۆ وایە لە جێی خۆی چەقیوەو ناجوڵێت.

(٤)

دوو ڕۆژان بووری، پاڤل ئیڤانوفچ هەڵنەسا. یەک تەختە ڕاکشابوو چاوی نوقاندبوون. کەپووی لەجاران درێژتر دەهاتە بەرچاو . جۆزیف، گازی کرد "پاڤل ئیڤانوفچ، پاڤل ئیڤانوفچ" پاڤل ئیڤانوفچ چاوانی هەڵهێنان و لێوەکانی جوڵاند

-چییە؟ وەزعت باش نییە؟

پاڤل ئیڤانوفچ بەهەناسە برکێوە وەڵامی دایەوە: -ترسم نییە. هیجم نییە. نا زۆر باشترم ئەوەتا بەخۆت دەبینی  کە دەتوانم ڕابکشێم حاڵم زۆر باشترە.

-پاڤل ئیڤانوفچ شوکری خوا بکە!

کەخۆم لەگەڵ ئێوەدا بەراورد دەکەم دڵم پێتان دەسوتێ سی پەلاکم سپ و ساغن کۆخەکەم خەتای بەد هەرەسییە لەم دۆزەخەدا هەڵدەکەم. بەڵام نێوی دەریای سوورم لانەیەنن. ئەمە جگە لەوەی کە من دژی نەخۆشیش دەجەنگم سەنگەری بەرگریم لێی گرتووە، گاڵتەم پێی دێت وەکو چۆن گاڵتەم بەدەواو دەرمانەکانم دێت. بەڵام ئێوە، ئێوە جاهیلن. کاری ئێوە زەحمەتە، زۆریش زەحمەتە.

 کەشتییەکە هێدی هێدی دەڕۆیی هێدی و ئارام بوو، بەڵام هێندە گەرم بوو لەتۆ وایە گەرماوی ڕۆژهەڵاتییە قسەکردن زەحمەتە و گوێگرتن زەحمەتتر بوو. جۆزیف ئەژنۆکانی لە باوەش گرتن. سەری خستنە سەریان و کەوتە بیرو خەیاڵی زێدی خۆیەوە "خوایە لەم گەرمایە، خۆزگەم بە بەفرو سەرماکەی لای خۆمان" بە خەیاڵ خۆی لەسەر "خزاکێک" بینییەوە و لەپڕ ئەسپەکانی ڕەوینەوە، نەگوێیان بە جادە، نە بە کەندو دۆڵان نەدا. وەکو شێت و هاران بە چوار ناڵە بەرەو گوند بوونەوە. لە حەوزە گەورە، لە کوورەخانەکە تێپەڕین و ملیان نا بە کێڵگە و مەزراکانەوە خەڵکی و ڕێبواران هاواریان کرد "جڵەوەکەیان ڕاکێشە. جڵەوەکەیان ڕاکێشە" بەڵام بۆ جڵەویان بگرم؟ با بای تەزی لە دەموچاو ودەستەکانت بدات. واز بێنە با بەفری پەڕیوی ژێر سمی ئەسپەکان پتر بە ئاسماندا بچێ و بەسەرو گوێلاکتدا بێتە خوارێ و بەگەردن و سینگتدا داگەڕێت. واز بێنە با ئەوانەی بەغاردان خۆ لەبەر ئەسپەکان لادەدەن بپلیشێنەوە با، زین و هەوساری ئەسپەکان پارچە پارچە ببێ. چەند خۆشە عەرەبانەکە وەگەڕێ و پیاو بکەوێتە چاڵە بەفرێکەوە ودەموچاوی لەبەفر بچەقێ و سەراپای سپی سپی ببێ و سمێڵی ببیەستێ، کڵاوەکەی ئێرە و هۆ ئەوێ  بپەڕێ، دەستکێشەکانی لەدەست دابکەندرێ و پشتێنەکەی بکرێتەوە، خەڵکی لە قاقای پێکەنین بدەن و کسۆکان بکەونە حەپە حەپ..!".

 پاڤل ئیڤانوفچ، بەلا چاوێکەوە ڕوانییە جۆزیف و بە ئەسپایی لێ ی پرسی:-جۆزیف، فەرماندەکەی ئێوە دزی دەکرد؟

-پاڤڵ ئیڤانوفچ، من چوزانم ئێمە مانان شتی وا نابیستینەوە.

ماوەیەک بە بێدەنگی بووری، جۆزیف بیری کردەوە، چووە ژێری لەگەڵ خەیاڵدا ژیا، ئاوی خواردەوە قسەکردن زەحمەت و گوێگرتن زەحمەتتر بوو. دەترسا کەسێک قسەی لەگەڵدا بکات. سەعاتێک بووری.سەعاتی دووەم و سێیەمیش تێپەڕین. خۆراوا بوو، شەو داهات. بەڵام ئەو بەدەقی خۆیەوە دانیشتبوو و بە خەیاڵی بەفر دەژیا. لەپڕ گوێی لە هاتنی چەند کەسێک بوو. غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگ هەستا بەڵام دوای پێنج دەقیقە هەموو شتێک بوو بە ئاشی ئاولێکەوتوو.

سەربازە مەچەک پێچراوەکە گوتی "خوا عافووی بکات، پیاوێکی چەتوون و بزێو بوو."

جۆزیف پرسی:

-چییە؟ کێ؟

-مردووە هەنووکە بردیانە سەرێ.

جۆزیف، باوێشکێکی داو گوتی "ها، باشە باخوا عافوی بکات" سەربازە مەچەک پێچراوەکە پاش ماوەیەک پرسی:

-جۆزیف بەڕای تۆ دەچێتە بەهەشت؟

-کێ؟

-پاڤل ئیڤانوفچ!

-بەڵێ دەچێتە بەهەشت. زۆری ڕەنجکێشا. ئەمە جگە لەوەی کوڕە کەشیش بوو، و کەشیشان کەسوکاریان زۆرە. هەموویان لەخوا دەپارێنەوە کە بیبەخشێت."

سەربازە مەچەک پێچراوەکە لەسەر جۆلانەکەی جۆزیف دانیشت و بە دەنگی نزم گوتی:

-جۆزیف تۆش نۆرەت هاتووە، هەرگیز ڕووسیا نابینی.

جۆزیف گوتی: "دکتۆرەکە یان پەرستارەکە هیچیان پێگوتویت؟

-نەء، کەس هیچی پێنەگوتووم. خۆم دەزانم پیاو دەتوانێ بزانێ کێ زوو دەمرێ. تۆ نە نان دەخۆی و نە ئاو، هێندە لاواز بوویت پیاو دەترسێت سەیرت بکات، تۆ سیلتە. من کە ئەمەت پێدەڵێم، بۆ ئەوە نییە کە نارەحەتت بکەم. بەڵام گوتم ڕەنگە بتەوێ تۆبە

بکەیت و کەشیش بێتە دیارت. ئەگەر پارەو مارەیەکت هەیە وا چاکە لای فەرماندەکە داینبەیت.

-من چ وەسیێتنامەیەکم بۆ کەسوکارم نەناردووە و لە نامەکانمدا باسی مردنم نەکردووە، دەترسم بمرم و ئەوان پێنەزانن.

کەشتیوانەکە گوتی: "پێدەزانن. کە مردین دەتخەمە تابووتێکەوەو لە ئودیسادا یاداشتنامەیەک دەدەن بە فرمانداری سوپایی و ئەوانیش یاداشتنامەکە وەکو خۆی دەنێرن بۆ گوندەکەی خۆت یان بۆ زێدی خۆت لە هەر کوێیەک بێت.

ئەم گفتوگۆیە جۆزیفی غەمبار کردو ئارەزوویەکی ئالۆز باڵی بەسەریدا کێشا. هەستیدەکرد حەزی لە شتێکە. ئاوی خواردەوە، ئەو شتە ئاو نەبوو. خۆی گەیاندە بەر کلاورۆژنەی کەشتییەکە. هەندێ هەوای گەرم و شێداری هەڵمژی، ئەو شتە هەوا نەبوو. هەوڵیدا خۆی بە زێدی خۆی و بەفرەوە مژوول بکات، ئەویش هەو نەبوو. ئاقیبەت هەستیکرد کە ئەگەر یەک تۆزی دی لە نەخۆشخانەی کەشتییەکەدا وەمێنێ، دەخنکێ. "برادەران حاڵم خراپە. دەمەوێ بچمە حەوشەی کەشتییەکە، بیکەن بەخاتری عیسا بمبەنە حەوشی کەشتییەکە."

جۆزیف، باسکی خستە سەر ملی سەربازە مەچەک پێچراوەکە و سەربازەکەش بە دەستە ساغەکەی بن باڵی گرت و لە ڕاڕەوەکەوە بردی. لە حەوشی کەشتییەکەدا، کەشتیوانان و سەربازان بەڕیز خەوتبون. هێندە زۆر بوون ڕێنەبوو بە نێویاندا ڕەتبێ سەربازە مەچەک پێچراوەکە گوتی: "ڕێک بوەستە کراسەکەم توند بگرەو هێواش هێواش بەدوومدا وەرە." دنیا تاریک بوو. پاسەوانێک لەپێشی کەشتییەکەوە وەکو پەیکەر بێ جووڵە ڕاوەستابوو. پێدەچوو بەپێوە خەوتبێ. کەشتییەکە وەکو ئەوە بوو بەرەڵڵا کرابێ و بە ئارەزووی خۆی بڕوات. سەربازە مەچەک پێچراوەکە گوتی: "دەیانەوێ پاڤل ئیڤانوفچ بخەنە دەریاکەوە. دەیخەنە تەلیسەوەو لەسەر کەشتییەکەوە تووڕی هەڵدەدەن.

-ئا، وایە، وای لێدەکەن،

-مردنیش لەشوێن و ڕێی خۆتدا باشترە. هەر نەبێ دایکت دێتە سەر گۆڕەکەت و بۆت دەلاوێنێتەوە.

-ئەدی مەعنای چی.

بۆنی کاو پەین دەهات. گایەکی زۆر لە تەویلەی حەیواناتەکەدا وەستابوون. یەک، دوو ، سێ. هەشت دانە بوون. ئەسپێکی چکۆلەشیان لەوێندەر بەستبووەوە. جۆزیف، دەستی برد کە بیلاوێنێ، بەڵام ئەسپەکە قولاغ بووەوە، دەمی داچەقاندو ویستی قۆڵی جۆزیف بەدەمدا بەرێ. جۆزیف بە تووڕەییەوە هاواری لێکرد: "عەمرت نەمێنێ! زریکەم لێدایت!"

جۆزیف و سەربازەکە هێواش هێواش خۆیان گەیاندە بەرایی کەشتییەکە. پشت لە تەویلەی حەیوانەکان و ڕەوەو دەریا ڕاوەستان و مات و بێدەنگ کەوتنە تەماشاکردن. ئاسمان، بەسەر سەریانەوە ستێرانی بەجریوەی گرتبووە باوەش، بێدەنگی و ئارامییەکی تایبەتی هەبوو. ڕێک وەکو ئاسمانی گوندەکەی خۆیان وابوو. بەڵام ژێر پێیان تاریکییەکی بێڕەزا بوو. شەپۆلانی ڕازئامێز وەکو منارە بەرز دەبوونەوە. شەپۆل بە شەپۆلی دەگوت بەولاوە. شەپۆلەکان لە پاڵە پەستۆدا بوون. یەک، یەکی دەدایە دواوە.

بەڵام هەمدیس شەپۆلانی تازە دەهاتنە پێشێ و بێباک و ناشیرین خۆیان بە شەڕگەکەدا دەکرد.

دەریا نە بەزەیی هەیەو نەهیچ دەچێت بەگوێیدا. ئەگەر کەشتییەکە تۆزێ بچوکتر باو لە ئاسن دروست نەکرابوایە، ئەوا شەپۆلەکانی بێ سێ و دوو، و بێ پەشیمانی هەم کەشتییەکەو هەم خەڵکەکەی نێو کەشتییەکەیان لە چاو تروکانێکدا هەڵدەلوشی.

کەشتییەکەش بێگوێ و ملهوڕ دەهاتە بەرچاو. ئەم دێوە کەپووە زەلامە وەپێشدەکەوت و لەنێو ملیۆنان شەپۆلدا ڕێی خۆی دەکردەوە.

نەخەمی تاریکی بوو و نەبا، نە ترسی تەنیایی هەبوو نە ترسی کات وشوێن. گوێی لە هیچ نەبوو. ئەگەر دەریا لەجێی ئەو باو خەڵکەکەی هەڵگرتبا ئەوا ئەم دێوە "کەشتییەکە" تێیان دەوڕوکا و شەلم کوێرم، چاکو خراپ نابوێرمی هەڵدەلوشی.

جۆزیف پرسی: -ئێستا لەکوێین؟

-نازانم. لە ئۆقیانوسداین.

-وشکاییەک دیار نییە.

-دەڵێن تا حەوت ڕۆژی دی وشکانی نابینین.

جۆزیف و سەربازەکە چاویان بڕییە ئەو کەفە سپییانەی کە دەبریسکانەوە. جۆزیف، بێدەنگییەکەی شڵەقاند و گوتی: "ڕاستت دەوێ چ شتێک سامناک نیە، بەڵام پیاو وەکو ئەوەی لە جەنگەڵێکی تاریک و نوتەکدا بێ، هەست بە ناڕەحەتی دەکات.

ئەگەر بەلەمێکیان دیناو بە منیان دەگوت سەد میل لێخوڕەو پاشان بۆ خۆت ڕاوە ماسی بکە، دەمکرد. ئەگەر کەسێکم دیتبا بکەوتبا دەریاکەوە خۆم هەڵدەدایە دەریاکەوەو ڕزگارم دەکرد. هەڵبەتە ئەگەر چینی یان ئەڵمانی بوایە خۆم لێ بە ساحێب نەدەکرد، بەڵام ئەگەر ڕوسی بوایە بێ چەندو چوون فریای دەکەوتم.

-لە مردن ناترسیت؟

-چۆن ناترسم. خەمی کەس وکارەکەممە. تاقەبرایەکم هەیە. پیاوێکی ڕێکو پێک نییە. مەشروب دەخواتەوەو لە خۆڕایی ژنەکەی دارکاری دەکات. ڕەنگە پیرە داک و بابەکەم خراویان بەسەر بێت.

بەڵام ئێستا لاقەکانم دەلەرزن و ناتوانم خۆم بە پێوە بگرم.

ئێرەش زۆر گەرمە برای ئازیز، بابڕۆم بخەوم.

(٥)

جۆزیف، گەڕایەوە و لەسەر جۆلانەکەی خۆی ڕاکشا. وەکو پێشوتر ئارەزوویەکی ئاڵۆز ئازاری دەدا. خۆیشی نەیدەزانی ئارەزووی چدەکات، خڵت و خاشەیەکی زۆر سینگی گرتبوو. سەری زرینگەی دەهات. دەمی هێند وشک بوو هێندە وشک بوو زاری نەدەگەڕا، وەنەوزی دا، خەیاڵبردییەوە، لە گەرما، لە کۆکە، لەو تارماییانەی دەهاتنە بەرچاوی وەڕز بوو. تا نزیکی سپێدە کە خەوی لێکەوت هەر خەونی بینی: "لە خەونیدا لە سەربازخانەیە تازە نانیان لە تەنوور دەرهێناوە. لەو خەوەدا بە سینگە خشکێ خۆی خزاندە نێو تەنورەکەو خۆی دایە دەم گڕی ئاگرەکەوە، پاشان دوو ڕۆژی تەواو خەوت.

ڕۆژی سێیەم دوای نیوەڕۆ دوو کەشتیوان هاتن و لەو بەشەیان بردە دەرێ. تەپاندیانە نێو قوماشێکی ئەستوورەوە و ئەوجا دوورییان، بۆ ئەوەی قورستر بێ، دوو پارچە ئاسنیان پێوە بەست، لەنێو پارچەکەدا وەکو بنجە توورێکی لێهات بوو. سەری زل و قەدی باریک بوو. بەر لەخۆراوا بردیانە حەوشی کەشتییەکە و لەسەر تەختێک دایان نا. سەرێکی تەختەکە بەسەر تەیمانی تەویلەی حەیوانەکانەوە بوو. سەرەکەی تری خرابووە سەر جانتایەک و جانتاکە لەسەر تەپڵەکێکی قایم بوو. سەربازی نەخۆش و بێتاقەت لە دەوری وێستابوون. کەشیشەکە دەستی پێکرد: "خوا بەڕوحمی خۆی ڕەحمی لێبکات." سێ کەشتیوان گوتیان: "ئامین" سەربازو شاگردانی کەشتییەکە دانەوینەوەو بەلاچاو تەماشایەکی شەپۆلەکانیان کرد. زۆر سەیر بوو کە پیاو لە پارچە موشەمایەکەوە بدورون و توورِی بدەنە دەریاوە! ئایا تا ئێستا کەس وایکرد بوو؟ کەشیشەکە، جۆزیفی بە خاک تەبەڕوک کردو دانەوییەوە. سرودێک خوێنرا. یاساوڵەکە سەرێکی تەختەکەی هەڵبڕی. جۆزیف، بەسەر سەردا تل بووەوە. لە ئاسماندا تەقڵەیەکی داو ئەوجا شڵپ کەوتە ئاوەکەوە. لە کەفی دەریاکەدا ونبوو . شەپۆلان وەبنیان خست. خەریک بوو بەرەو بنکی دەریا دەڕۆیی... ئایا دەگاتە بنکی دەریا؟ دەڵێن دەریا یەکجار قوڵەو ناگەیتە بنکی. ئەو، شەست هەفتا پێیەک چوبووە خوارێ. ئەوجا وردە وردە چووە خوارێ و بەملاو بەولادا تلی دەدا. ڕێک وەک ئەو کاتەی خەریک بوو بیری دەکردەوە. ئەوجا شەپۆلی ئاوەکە لەگەڵ خۆیدا بردی. پتر بەم لاو بەولادا دەیبرد تا بەرەو بنکی دەریا. بەڵام لەپڕ پۆلە ماسییەکی ڕەنگاو ڕەنگی بینی. ماسییەکان کە جەستەیەکی تاریکیان بینی تۆزێ سڵەمینەوە ئەوجا لەپڕ هەموو بەرەو پاش گەڕانەوە. پاش کەمتر لە دەقیقەیەک وەکو گولله بەرەو جۆزیف هێرشیان هێنا. بەدەوریدا دەهاتن و دەچوون. پاشان شتێکی بۆری زەبەلاح هات. سەگی دەریایی بوو. بێباک و بێسڵکردن دەهاتە پێشێ. وەکو ئەوەی چ کارێکی بە جۆزیف نەبێت، بە مەلە خۆی بەژێریدا کرد. بە پشتا مەلەی کردو ورگی هێنایە سەرەوە.

لە ئاوە گەرم و ڕوونەکەدا خۆی خاو کردەوە. پاشان بە ئەسپایی دەمی کردەوە. دوو ڕیز ددانی پێوە بوو هەر مەپرسە. ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکان کە نەوسیان بزوا بوو، وەستان تا بزانن چیدەبێت. سەگە دەریاییەکە لوتێکی لە جەستەکە دا. ئەوجا بە ئەسپایی دەمی کردەوە. ددانەکانی لە جەنازەکە سوو، ئەوجا تەقەڵەکانی لەسەرێ تا خوارێ هەڵپچڕی. یەکێک لە پارچە ئاسنەکان کەوت. ماسیەکان هەڵاتن و پارچە ئاسنەکە کەوت بە قەبرغەی سەگەکەداو بەرەو بنی ئاوەکە داکشا..."

لەسەر دەریاش، هەوران دەوری هەتاوی تازە ئاوابویان گرتبوو. هەر پەڵە هەورێک بە شێوەیەک دەهاتە بەرچاو، پەڵەیەک لە شێر و یەکێکی دی لە تاقی سەرکەوتن و یەکێکی دی لە مقەست دەچوو. لەپشت هەورەکانەوە رستێکی ڕووناکی سەوزباو تا ناوەندی ئاسمان هەڵکشابوو. تۆزێ لەولاترەوە ڕووناکییەکی وەنەوشەیی هات و باڵی بەسەر ڕوناکییە سەوزەکەدا کێشاو ئەوجا ڕوناکییەکە ڕەنگێکی دی گرتە خۆ، بوو بە زەردو مەیلەو  سوورو ئەنجام ئاسمان شین و ساف و جوان بوو. ئۆقیانووسی گەورەش لە هەوەڵەوە لەژێر ئاسمانی دەرخشان و جواندا مۆنی کردو شێوا. بەڵام هێندەی پێنەچوو ئەویش ڕەنگی هەڵێنا، ڕەنگی دڵگیر، جۆراو جۆر، و لەزەتبەخشی گرتە خۆ. ڕەنگی وەهای هەڵێنا و گرتە خۆ کە مەحاڵە لە زمانی مرۆڤدا ناویان هەبێ و ناویان بۆ بدۆزرێتەوە.

لە دەفتەری بیرەوەری کیژێکەوە

١٣/ ئۆکتوبەر

ئەورۆ گەلەک بەکەیفم.. ئاقیبەت ئەشق ڕووی کردە دڵم. لەچاوی بەد بەدوور هیچ ناچێتە ئەقڵەوە. ئەوەتا لەبەیانی زووەوە. پیاوێکی باڵا بەرزی موو ڕەش بە بەر پەنجەرەی ژورەکەمدا دێت و دەچێت. سمێڵی جوانە! چەند ڕۆژێکە لە بەیانی زووەوە، تا ئێوارەیەکی درەنگ بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا پیاسە دەکات و بەردەوام دەڕوانێتە پەنجەرەی ژوورەکەم. منیش بەڕواڵەت وا دەنوێنم کە ئاگام لێی نییەو گوێ بە نیگا کردنەکەی ئەو نادەم.

١٤/ئۆکتۆبەر

ئەورۆ، باران وەکو سێلاو لە سپێدەوە تا شەوێ بەردەوام دەباری. بەڵام ئەو پیاوە بەستەزمانە وەکو ڕۆژانی پێشوو، لەبەیانی زووەوە خۆی گەیاندبووە بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەم و وەکو ڕۆژان خەریکی پیاسەکردن بوو. دڵم پێی دەسووتا، هەر بۆ ئەوەی دڵی خۆشبکەم و سارد نەبێتەوە، چاوێکم لێداگرت و ماچێکی هواییم بۆ

هەڵدا، ئەویش بە بزەیەکی شیرن وەڵامی ماچەکەی دامەوە. من نایناسم و نازانم کێیە. "ڤاریا"ی خوشکم وا دەزانێت کە ئەو پیاوە موو ڕەشە ئاشقی ئەو بووە؛ بۆیە ئەمڕۆ پێی گوتم:

–ئەشقی من وای لێکردووە لەو بەر بارانە بوەستێت، هەرچەندە سەراپای تەڕ تەڕ بووە، کەچی هەر لەبەر پەنجەرەکە دوورناکەوێتەوە...

پێم وایە ڤاریا کیژێکی بێئاوەزە، دەنا چۆن دەشێت پیاوێکی موو ڕەش ئاشقی کیژێکی چاوو ئەبرۆ ڕەش ببێ؟

دایکم بەمەسەلەکەی زانی. من و ڤاریا بە تەگبیری ئەو باشترین جلکی خۆمان لەبەر کرد، سەرو سیمای خۆمان بە جوانترین شێوە ئارایشت کردو لەبەر پەنجەرەکە لێی دانیشتین. دایکم گوتی:

–لەوەیە ئەم پیاوە، مرۆڤێکی فێڵباز و دەستبڕبێت، لەوەشە مرۆڤێکی لەبارو باشبێ. بەڵام هەرچۆنێ بێت، دەبێ ئێوە زیاتر سەرنجی ڕابکێشن.

من گوتم: –دایکە تۆ سەهویت، مرۆڤێکی فێڵباز نییە.

١٥/ئۆکوبەر

ڤاریا، زۆر ناڕەحەتە. لای وایە من ڕێی بەختەوەری ئەوم گرتووە. باوەڕی وایە من سەرچاوەی هەموو ناڕەحەتییەکی ئەوم. بەڵام من چ تاوان و گوناحێک لەخۆمدا شک نابەم؛ من چیبکەم کابرای موو ڕەش ڤاریای ناوێ و ئاشقی منە.

دەمەو عەسر، کاغەزێکم نووسی و بۆ کابرای مووڕەشم هەڵدایە خوارەوە... کابرا کاغەزەکەی هەڵگرت و خوێندییەوە، بەڵام دیارە کە کابرایەکی زۆر فێڵبازە؛ پارچە دەباشیرێکی لە بەرکی دەرهێناو لەسەر قۆڵی چاکەتەکەی بە پیتی درشت نووسی: (جارێ). چەند دەقیقەیەک بە بەر پەنجەرەکەدا پیاسەی کردو ئەوجا خۆی گەیاندە شۆستەکە ئەوبەرو بە دەباشیرەکە لەسەر دیوارەکە، نووسی: "بە پێشنیازەکەت قایلم، بەڵام جارێ..." پاش ئەوەی نووسینەکەی ئەوم لەسەر دیوارەکە خوێندەوە، بلەز سڕییەوە. نازانم بۆچی دڵم بەو توندییە کەوتە لێدان؟!.

١٦/ئۆکتوبەر

ڤاریای خوشکم ئەمڕۆکە لە بەغیلی و حەسوودی خۆیدا سیخورمەیەکی توندی بەسینگمدا کێشا. ژانی بردە دڵمەوە کیژێکی شووم و پیسە، زۆر کینە لەدڵە.

کابرای موو ڕەش، ئەمڕۆش وەکو ڕۆژانی پێشوو بە بەر پەنجەرەکەدا پیاسەی دەکرد. تەنانەت چەند جارێک پەنجەرەی ژوورەکەمی بەپاسەوانی گەڕەکەکە نیشاندا. بۆ چەند دەقیقەیەک قسەی لەگەڵدا کرد. لەوەیە ستایشی منی لەلا کردبێ. یان ویستبێتی فێڵ و دەهۆیەک ساز بکات. یان بەقسەی لووس و زمانی تەڕو بەڵێنان دڵی کابرای پاسەوان نەرم بکات و بیکات بە دۆست و ئاشنای خۆی.. ئامان لەدەست تیرەو توخمی پیاوان.. ئێوەی پیاو لەڕادەبەدەر ناجسن و فێڵبازو زاڵمن، بەڵام لەگەڵ هەموو زاڵمی و ناجسنییەکتاندا، بوونەوەرێکی هێندە بێ هاوتان هەر شایەنی پەرستنن.

١٧/ئۆکتوبەر

دوێنێ شەو، براکەم لەسەفەر گەڕایەوە. فریای چوونە نێو جێ و خەوتن نەکەوت، پۆلیس گرتیان و حەپسکرا.

١٨/ئۆکتوبەر

ئەو پیاوە خوێڕییە، چەپەڵ و ناکەسبەچەیە، تازە بۆم دەرکەوت کە لەو ماوەیەدا نە لەبەر خاتری من دەهاتە بەر پەنجەرەکەو نە لەبەر خاتری ڤاریا. بەڵکو بۆ گرتنی برایەکەم، کە پارەی دایەرەیەکی دزی بوو، دەهاتە ئەوێندەر و تاقیبی دەکرد.

بەڕیکەوت، ئەمڕۆش کابرای موو ڕەشم لەبەر پەنجەرەکەدا بینی. چەند ساتێک بەشەقامەکەدا پیاسەی کرد. پاش ئەوەی شەقامەکە چۆڵ بوو، لەسەر دیوارەکە نووسی: "لەمڕۆوە دەستم بەتاڵەو کارێکم نییە، ئامادەی فرمانی تۆم".

لەتووڕەییدا، دەموچاوم گرژ کرد. مۆڕەیەکم کرد. زمانم لێدەرهێنا... حەیوانی پیس ، خوێڕی.

دنیا گورگ و مێشە. گڵۆپی شەقامەکە تازە هەڵکراون، کلوە بەفری درشت بە دەوری گڵۆپەکاندا گێژ دەخواو وەکو کاژێکی نەرم و ناسک لە سەربان، پشتی ئەسپان، شانو ملو سەرو گوێلاک و کڵاوی بنیادەمان دەنیشێتەوە. ئەیونا پوتاپۆفی گالیسکەچی لە بەفرا نقوم بووە، لە تاپۆیان دەچێ. تا حەزبکەی خۆی کۆماندووەتەوە. لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووەو کەمترین جوڵە ناکات. کە کلو بەفرێک بە روویدا دەڕژێ، بە ئاستەمیش خۆی تێک نادات، لە تۆ وایە بە پێویستی نازانێ لە خۆیی بتەکێنێ. ئەسپە چکۆلەکەشی یەکپارچە بەفرە، لە جێی خۆی رەق راوەستاوە، لاقەکانی هێندە راستو رەقو بێ جوڵەن ئێژی لە تەختە دروست کراون. لە نزیکەوە لە ئەسپە دارینەی یەک کۆپیکی مندالان دەچوو. هەڵبەتە بە قووڵی لە فکران ڕاچووە. ئەگەر تۆش لە خزمانی خۆت، لە دەوروبەری ئاشنای خۆت، جیایان کردبایتەوەو تووڕیان دابایتە ئەم زەلکاوەوە کە پڕە لە گڵۆپی دێوئاسا، ژاوە ژاوو هەراو هەنگامەی تاقەت بەرو خەڵکانی بزێوو بەلەز، چ کارێکت لە دەست دەهات جگە لەوەی لە فکران ڕابچی. ئەیوناو ئەسپە چکۆلەکەی ماوەیەکی زۆرە لە جێی خۆیان نەجوڵاون. بەر لە شام لە ماڵ وەدەر کەوتوون و تا نهۆ تاقە رێبوارێ بەلایاندا نەهاتووە. تەمتومانی ئێوارێ بەسەر شاردا دادەڕژێ، تیشکی سپیواژی گڵۆپی شەقامەکان درەخشان تر دەبێ. جمو جۆڵو هەراو هۆریا پتر دەبێ. ئەیونا لەنکاوا دەنگێ دەژنەوێ!

گالیسکەچی بۆ جادەی ڤیبورگم بەرە، گالیسکەچی؟

ئەیونا لە جێی خۆی رادەپەڕێ. لە نێوان برژانگە بەفراوییەکانییەوە ئەفسەرێکی پاڵتۆ لەبەر دەبینێ، کە کڵاوی پاڵتۆکەشی لەسەر کردووە.

ئەفسەرەکە دووبارەی دەکاتەوە: "بۆ جادەی ڤیبورگ! ئەوە خەوتووی هاپۆ؟ جادەی ڤیبورگ!".

ئەیونا، سەرێکی بۆ دەلەقێنێو وا دەنوێنێ کە گوێی لێیەتی، هەوساری ئەسپەکە بە دەستەوە دەگرێ، توێژاڵە بەفری سەر پشتو سەرو گەردنی ئەسپەکە دەخزێ. ئەفسەرەکە لە گالیسکەکەدا جێی خۆی دەگرێ.

گالیسکەچییەکە، دەکەوێتە نچ نچ تا ئەسپەکەی بخاتە سەر زەوق. گەردنی وەکو قاز قوت دەگرێو قیت دادەنیشێ. ئەوجا وەکو خووی هەمیشەیی دەکەوێتە قامچی بادان.

ئەسپە چکۆلەکەش گەردنی رادەکیشیو لاقە تەختە ئاساکانی دەجولێنیو بە ناچاری وەڕێ دەکەوێ.

هەرکە وەگەڕ دەکەون، ئەیونا، لە نێو ئاپۆرای بێ سەروبنی خەڵکەکەوە کە عەینی مێرو دێنو دەڕۆن، دەنگێک دەژنەوێ: "ئەوە چ دەکەی گوێرەکە؟"

"بۆ کوێ، خوا بتباتەوە؟! دەستە راست بگرە".

ئەفسەرەکە بەتووڕەیی: "گالیسکەڕانی نازانی! دەستە راست بگرە."

گالیسکەیەکی تایبەتی تێدەپەڕێ، گالیسکەچییەکەی دەم رێژێک جنێوی بۆ رەوانە دەکات. رێبوارێک بە پەلە لە شەقامەکەوە دەپەڕێتەوە. شانی بەر قەپۆزی ئەسپەکە دەکەوێ. بەفرەکانی سەر قۆڵی دەتەکێنیو مۆڕەیەک لە کابرای گالیسکەچی دەکات. ئەیونا وەکو لەسەر دەرزیو دڕو دانیشتبێ، لە جێی خۆی تویتکە ناگرێ. وەکو کەسێک بیەوێ هاوسەنگی خۆی بپارێزێ، دەستەکانی دەجولێنێ. وەکو کەسێک دووچاری هەناسەبڕکێ بووبێ بە زاری بەشەوە دەڕوانێتە دەوروبەر. ئەفسەرەکە بەسوعبەتەوە دەڵێ: "کە خەڵکێکی... هیچ و پوچن! لە تۆ وایە هەموو تەگبیریان کردووە کە خۆیان بە تۆدا بکێشن یان خۆیان بخەنە ژێر ئەسپەکەتەوە".

ئەیونا، سەری وەردەگێڕێ. نیگایەکی ئەفسەرەکە دەکا. لێوەکانی دەبزوێن، وا دیارە دەیەوێ شتێک بڵێ. بەڵام تەنیا دەنگێکی نامەفهوم لە زاری دێتە دەرێ.

ئەفسەرەکە دەپرسێت: "ئەوە چ دەڵێی؟"

ئەیونا. بە تۆبزی پێدەکەنێ. بە دەنگی گیراوو زۆر بە زەحمەت دەڵێ: "کوڕەکەم. بارین، هەفتەی پێشوو، عەمری درێژی بۆ تۆ جێهێشت".

"ئەها، یانی مرد، بۆ مرد؟"

ئەیونا، هەموو لەشی روەو نەفەرەکە وەردەگێڕێو دەڵێ: "خوا دەیزانێ! گوتیان گرانەتایەتی. سێ رۆژان لە خەستەخانە کەوت و سەری چوارەم رۆژ مرد... ئیدی ئەوە ڤیانی خودێ بوو."

یەکێک لە نێو تاریکییەکەوە هاواری کرد: "وریابە بارگیر هۆشت لە کوێیە پیری خەڵەفاو؟ چما کوێری؟"

ئەفسەرەکە دەڵێ: "خێراکە خێرا، دەنا تا سبەینێ ناگەینە جێ. کەمێک لەزێکە!"

گالیسکەچییەکە، دووبارە گەردن درێژ دەکاتەوە، قیت دادەنیشێتو بەبێ تاقەتییەوە قامچییەکەی بادەدا. چەندین جاری دی سەر وەردەگێڕێو نیگای نەفەرەکەی دەکات. بەڵام نەفەرەکە چاوانی نوقاندونو پێدەچێ حەز نەکات گوێی لێبگرێ. گالیسکەچییەکە، نهو نەفەرەکەی لە شەقامی ڤیبورگ داگرتووە.

لەبەر مەیخانەکەدا دەوێستێ. لە سەر کورسییەکەی هەڵدەکورمێو جوڵە لە خۆی دەبڕێ، جارێکی دی بەرف خۆیو ئەسپەکەی دادەپۆشێ. سەعاتان تێدەپەڕن، سەعاتێ، دووان.... سێ کوڕی هەرزەکار، بەلارە لارو لە کاتێکدا دەنگی پێڵاوە قورسەکانیان، لەو شەوەدا دەنگ دەداتەوە، لەوبەری شۆستەکەوە دێن. دووانیان باڵا بەرزو باریکەلەن و سێیەمیان کورتە باڵایەکی قەمپوورە. قەمورەکەیان. بە پچڕ پچڕی دەڵێ: "گالیسکەچی، بمان بە بۆ پردی پۆلیس. بە هەر سێکمان دوو "گریڤنیک"ت دەدەینێ".

ئەیونا، هەوسارەکە دەگرێو نچ نچێک لە ئەسپەکەی دەکات. دوو گریڤنیک کەمە. بەڵام بۆ بابایەکی وەکو ئەو یەک رۆبڵ یان پێنج کۆپیک، فەرق ناکا. مادامێکی ئەم چەن نەفەرەی چنگ کەوتووە، ئیدی کەمی یان زۆری پارەکە گرینگ نییە. هەرزەکارەکان بە دەم شەڕەشانو جنێوبارانی یەکدییەوە لە گالیسکەکە نزیک دەبنەوەو دەیانەوێ هەرسێکیان لەسەر کورسییەکە دانیشن، کێیان بە پێوە بوەستێ؟ لێیان دەبێ بە قرە قر. پاش هەراو هەنگامەو جنێوو قسەی ناشیرین، لێدەبڕێن کە هاوڕێ قەموورەکەیان لەبەر ئەوەی بچووکترە، بە پێوە بوەستێ.

کابرای قەمور لە پشت گالیسکەچییەکەوە دەوەستێو هەموو هەناسە گەرمەکەی بە پشت مل و سەرو گوێلاکی گالیسکەچییەکەدا دەچێ. لێکدا لێکداش بە دەنگێکی مینگن دەڵێ: "خێراکە، پەلەکە پیرەمێر، توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکە! بڕوابکە لە هەموو پتروزبورگدا لەمە فریشقەتر پەیدا نابێ...."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنێ: "ها. ها. ها! ها، ها! دەورو زەمانەیەکی سەیرە...."

"بڕۆ بابە، زەمانە زەمان. لەزێکە. بە تەمای بە خاوە خاوە بڕۆی؟... وا دیارە شەپەلاغت دەوێ؟".

یەکێک لە دوو هەرزەکارەکەی دی دەڵێ: "سەرم دێشێ. دوێنێ شەو من و ڤاسکا لە دونکماسۆڤ، چوار قاپ کۆنیاکمان خواردەوە." هەرزەکارەکەی دی گوتی: "بریا دەمزانی بۆ درۆدەکەی!"

"خوا کوێرم بکات ئەگەر درۆ بکەم."

"بەڵێ، پێویست بە سوێند ناکا، کەی شەممە لە مانگ برِا باوەرِ دەکەین."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنێ: "ها، ها. کە کورِگەلێکی بە دەماخو بە کەیفـو سوعبەتچین!"

قەموورەکە، بەپەستییەوە دەڵێ: "رێکە هاپۆ."

"تۆ دەتەوێ بمانگەیەنی یان نا، پیرە سەگ؟ توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکەرِانی؟ قەمچییەکەت تۆزێ با بدە. توندتر، توندتر، پشتی ئاگردە!

ئەیونا، لەپشتەوە هەست بە هەڵچوونو لەرزینی دەنگی کورِە قەموورەکە دەکات. گوێی لەو جنێوە مزرانە دەبێ کە هەواڵەی دەکرا. خەڵکی دەبینێ، بەرە بەرە هەستی تەنیاییەکەی لێ دەرِەوێتەوە.

کورِە قەموورەکە هێشتا هەر جنێو دەدا... واز لە گالیسکەچییەکە دێنێو بە نوکتەیەکی هاورِێیەکی هێندە دەکۆکێ، دەکۆکێ، خەریکە بخنکێ. دوو هەرزەکارەکەی دی دێنە سەر باسی ئافرەتێک بەنێوی نادیا پتروفنا. ئەیونا، چەند جارێک ئاورِی پاشەوە دەداتەوەو سەیریان دەکات، چاوەرێی کەمێک بێدەنگی دەکات، ئەوجا دووبارە ئاورِدەداتەوەو بە دەنگێکی تکا ئامێزەوە دەڵێ : "ئەم هەفتەیە کورِەکەی من... ئەم هەفتەیەی پێشوو مرد."

قەموور،پاش چەند کۆکەیەک، دەمو لێوی پاک دەکاتەوەو، ئاهێک هەڵدەکێشێو دەڵێ: "خێراکە هاپۆ، مردن برا گەورەیە، هەموومان هەر دەمرین. کورِینە بەرِاستی تاقەتم چوو، ئەمە نەبوو بە گالیسکەرِانی. ئەم کابرایە کەی دەمانگەیەنێ، خوا بیباتەوە؟"

" گەردنی لەبەر دەستتە، ماتەڵی چیت؟"

پیره سەگ، خۆ گوێت لێیە چ دەڵێ؟ حەزدەکەی گەردنت بشکێنم! پیاو بەپێ بڕوا لەم حاڵە چاکترە، گوێت لێمە؟ هاپۆ یادگار، خەوتووی یان بێدار؟ خۆ ناشێت لەم گوێیەتەوە بێتو لەوی دییەوە بڕوات".

ئەیونا، لەبری ئەوەی بەو هەموو تەوسو تانەو تەشەرەیان دڵگران بێ، کە گوێی لە دەنگیان دەبێ، بە پێکەنینەوە دەڵێ: "ها، ها. کە گەنجی قۆشمەو سوعبەتچین، خوا لە کەموکوڕیتان ببورێ!"

یەکێک لە هەرزەکارەکان دەپرسێت: "گالیسکەچی تۆ ژنت هەیە؟"

"من؟ ها، ها، لاوانی بێخەم! ژنی من تەنیا بستێک زەوی شێدارە... هەی داد و بێداد... مەبەستم گۆڕە گۆڕ. کوڕەکەم قەزاو بەڵای ئێوەی برد، کەچی من ماوم... سەیرە، مەرگ بە هەڵە لە دەرگای داوە، لە بری من بەرێتەوە، کوڕەکەمی بردەوە...."

ئەیونا، روو وەردەگێڕێ تا سەربردەی مەرگی کوڕەکەی بگێڕێتەوە، رێک لەم کاتەدا قەمبوورەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێو دەڵێ: "سوپاس بۆ خوا، ئاخرییەکەی گەیشتین."

ئەیونا، کرێکەیان لێ وەردەگرێ. تا لە تارکییەکەدا ون دەبن. هەر تەمەشایان دەکات.. جارێکی دی تەنیاییو بێدەنگی گەمارۆی دەدەنەوە. ئەو خەمەی کە بۆ ماوەیەکی کەم رەهای کردبوو، بۆی دەگەڕێتەوەو لە جاران توندتر چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەرانو لەزەوە، چاو بە نێو ئاپورای خەڵکەکەی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ، تا کەسێک پەیدا بکات کە گوێی لێ بگرێ. خەڵکی بێ گوێدان بەو و بەنیگەرانی ئەو بەپەلە تێدەپەڕن. خەمی ئەو، بارێکی لە ڕادە بەدەر گرانە، لەوەیە ئەگەر دڵی شەقبەرێ و خەمەکەی هەڵبڕێژێ، هەموو دنیا غەرق بکات. کەچی ئەو خەڵکە تێدەپەڕن و هەست بە کڵۆڵی ئەو ناکەن. خەم لە جێیەکی وەهادا خۆی قایم کردووە کە هیچ کەسێک، تەنانەت بە رۆژی روناکیش، نەتوانێ بیدینێ.

ئەیونا، کۆڵبەرێک لە پەنای چەند گۆنییەکدا دەبینێ و لێدەبڕێ، قسەی لەگەڵدا بکات. دەرگاوانێک دەبینێ...

- هاوڕێ سەعاتمان کردووە بە چەند؟

- لە نۆ رەت بووە. ئەوە بۆ لێرە وەستاوی. بچۆ ئەولاتر.

ئەیونا، تۆزێ دور دەکەوێتەوە. دوولۆ دەبیتەوەو تەسلیمی خەم دەبێ. هەست دەکات، رووکردنە بنیادەمان و چاوەڕوانی کۆمەک لەوان بێهودەیە. دوای پێنج دەقیقە، قیت دادەنیشێت، وەکو یەکێک ئازار کەوتبێتە گیانی، سەرهەڵدەبڕێ و تەکانێک بە هەوسارەکە دەدا. ئیدی سەبری لەبەر دەبڕێ. تەویلەی بیر دەکەوێتەوە. ئەسپە چکۆلەکەشی وەکو ئەوەی لە مەبەست و نیازی حاڵی بووبێ، بە چوار ناڵە دەکەوێتە ڕێ.

ئەیونا، پاش سەعات و نیوێک، لەبەر سۆپایەکی گەورەی پیسدا رۆدەنیشێ. خەڵکی بە چوار دەوری سوپاکەو لەسەر تەختەکاندا لە پرخەی خەودان. هالاوی گەرمی سۆپاکە، پیاو تەنگە نەفەس دەکات.

ئەیونا، نیگایەکی خەڵکە نوستووەکە دەکات، بەدەم خۆ خوراندنو هەڵکڕاندنەوە، پەژیوان دەبێ لەوەی کەوا زوو هاتووە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "تەنانەت پارەی ئالیکەکەشم پەیدا نەکرد. ئەمەیە خەمی گەورە، کە پیاو ئەرکی خۆی جێبەجێ بکا هەم خۆی تێر دەخواو هەم ئەسپەکەی هەست بە ئاسودەیی دەکات. خەڵکی کە تێر بەسکی خۆیان خواردبێ و ئەسپەکانیان تێربێ، باشیش دەخەون."

گالیسکەچییەکی گەنج، لە خەو ڕادەبێو بۆ شوێنی ئاوی خواردنەوە دەچێ.

ئەیونا، دەپرسێت: "تینوتە؟"

- بەڵێ، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە.

- نۆشی گیانت بێ.. دەزانی هاوڕێ، کوڕەکەم مرد... گوێت لێم بوو؟ ئەم هەفتەیە لە نەخۆشخانە.. بەسەر هاتەکەی دورو درێژە."

ئەیونا، تاوێک سەیری دەکات، تا کاریگەری قسەکانی خۆی بەدی بکات. بەڵام چ شتێک لە گۆڕێ نییە، کوڕە گەنجەکە سەری خۆی داپۆشیوەو خەوتوەتەوە. پیرەمێردەکە ئاهێک هەڵدەکێشێ و سەری دەخورێنێ. چەند کوڕە گەنجەکە تینوی ئاو بوو، ئەمیش ئەوەندە تێنوی قسە کردنە. چی وای بۆ هەفتانەی مەرگی کوڕەکەی نەماوە. کەچی تانهو نەیتوانیوە باسی مردنەکەی بۆ چ کەسێک بکات. مرۆڤ دەبێ بە هێواشیو بەوردی باسی بکات و بیگێڕێتەوە: چۆن لە پڕ کەوت و ئیدی ڕاست نەبووەوە ؟

چ دەردو ئازارێکی بەسوێی چەشت؟ بەر لە مردن چ قسە گەلێکی کردو چۆن مرد؟ پیاو، دەبێ بەوردی باسی کفن و دفنەکەی بکات، هەورەها باسی چوونی خۆی بۆ خستەخانە تا جلو بەرگی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. ئانیسیای کیژی لە گوند ماوەتەوە، دەبێ باسی ئەویش بکات. ئایا ئەم شتانە شایانی باس کردن نین؟! بێگومان گوێدێر نارەحەت دەبێ، ئاە هەڵدەکێشێ، هاوخەمی لەگەڵ ئەودا دەکات. واچاکە دەردی دڵی خۆی بۆ ژنانیش هەڵڕێژێ، چونکە ئەوان ئەقڵیان خەفیفەو بە دوو کەلیمە قسە دەکەونە گریان و لوشک و هوڕ.

ئەیونا، لە فکران ڕا دەچێ: "بابچم بەلای ئەسپەکەمەوە، وەخت زۆرە بۆ نوستن.

پاڵتۆکەی لەبەر دەکات و روەو تەویلەکان بۆ لای ئەسپەکەی وەڕێ دەکەوێ، بیر لە زورات، لە کاو لە هەوا دەکاتەوە. لە تەنیاییدا، ناوێرێ بیر لە کوڕەکەی بکاتەوە. هەر کەسێکی لەگەڵدا بێ، دەتوانێ باسی کوڕەکەی خۆی بۆ بکات. بەڵام لە تەنیاییدا و بیرکردنەوە لەو و بەرجەستەکردنی ئەو لەبەر چاوی خۆی، زۆر لەبەری گران و بەسوێیە.

ئەیونا، سەیرێکی چاوە گەش‌و درشتەکانی ئەسپەکەی دەکات و دەپرسێت: "چ دەکەی؟ خەریکە تێربی، دەبخۆ دەی. کە پارەی زوراتت پێ پەیدا نەکرێ، دەبێ بە گیا قاییل بی. بەڵێ من زۆر پیرو کەنەفت بووم، گالیسکەڕانی لەمن نایەت، لە کوڕەکەم دەهات... بریا دەما!"

ئەیونا، تاوێ بێدەنگ دەبێ، ئەوجا لەسەری دەڕوات: "ئەمەیە دەردی من ئەسپە پیرەکەم. ئیدی کوزما ئایونیچ نەما. بەجێی هێشتین، رۆیی. جا تۆ وەرە بهێنە بەرچاوی خۆت کە جوانوویەکت هەیە، باوکی بووی.. لە پڕ جوانووەکەت وەغر بکاو بەجێت بیلێ، خەفەتی بۆ ناخۆی؟!"

ئەسپە چکۆلەکە، سەرقاڵی جوینە، گوێ دەگرێ. هەناسەکەی بەردەستی خاوەنەکەی دەکەوێ.

ئەیونا، بەرگەی بیرو خەمەکەی خۆی ناگرێ، شانی لێ قایم دەکاو لە نووکەوە تا کۆتایی، سەربردەی کوڕەکەی خۆی بۆ ئەسپە چکۆلەکە دەگێڕێتەوە.

مەرگی فەرمانبەرێک

لە شەوێکی سایەقەی خۆشدا، کارمەندێک بەنێوی ئیڤان دمیتریچ چرڤیاکوڤ، کە لەوپەڕی هەوای خۆیدا بوو، لەسەر کورسییەکی ڕیزی دووەمی شانۆدا دانیشتبوو، دووربینێکی نابوو بە چاویەوە و سەرگەرمی تەمەشای ئۆپەرێتی "زەنگەکانی کورنیلوڤ" بوو، چاوی بڕیبووە سەر شانۆکە و لەوپەڕی هەوای خۆیدا بوو و شای بەسەپان نەدەگرت. بەڵام لەناکاوا.... بەڕاستی زۆر جار لە چیرۆکەکاندا تووشی دەستەواژەی "لەناکاوا" دەبین. نووسەران نەهەقیان نییە ئەم دەستەواژەیە بەکاربەرن، چونکە ژیان پڕە لە بویەر و ڕووداوێن لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو!... بەڵام لەناکاوا دەموچاوی گرژ بوو، چاوانی کەوتنە مۆلەق و هەناسەی گیراو... هەپژم!!! وەکو مەلاحەزە دەفەرموون، پژمی. ئیدی ئەمە پژمینە، شەرمی لە کەس نییە، کە هات هیچکەسێک، چ دێهاتی، چ شاری یا کەلانتەر یا بەڕێوەبەری بێ، ناتوانێ جڵەوی بگرێت، واتە پژمین مافی هەر کەسێکە. چرڤیاکوف، پژمینەکەی بەلاوە ئاسایی بوو، هەستی بە هیچ شەرمەزاری و لە ڕوودامانێک نەکرد، بە دەستەسڕەکەی دەم و لووتی سڕی و وەکو هەر مرۆڤێکی بە نەزاکەت ڕوانیە دەوروبەری خۆی، تا دڵنیا ببێت کە کەسی بێزار نەکردووە. بەڵام ڕێک لەم ساتەدا هەستی بە جۆرە حەرەجێک کرد، چونکە پیاوێکی بە تەمنی بینی، کە لەڕیزی پێشەوە، ڕێک لەبەردەم ئەودا، دانیشتبوو خەریک بوو سەرە ڕووتاوەکەی وپشت ملی بەدەستکێشەکەی دەسڕی و لەبن لێوانەوە دەیبۆڵاند. چرڤیاکوف، بە یەکەم نیگا کابرای ناسییەوە و زانی جەنەڕاڵ بریزجالوفی بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ڕێگاو بانە. لەدڵی خۆیدا گوتی: "چ کارێکی خراپم کرد، بەسەروکەللەی ئەودا پژمیم!هەرچەندە بەرپرسی ڕاستەوخۆی من نییە، بەڵام کارێکی خراپم کرد... پێویستە عوزرخوایی لێبکەم."

چرڤیاکوف، کەمێک سەری بردە پێشەوە، سووکە کۆکەیەکی بۆ کرد و لەبن لێوانەوە بەگوێی جەنەڕاڵیدا چرپاند:

– ببوورە قوربان، بەسەر تۆدا پژمیم... بەدەست خۆم نەبوو ئەزبەنی...

کابرای جەنەڕاڵ قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

–گوێ مەدەیە، گرینگ نییە...

-توزاتی خوا بمبووره... عەرزی جەنابی با سەعادەتم کردیت بەدەست خۆم نەبوو، به ئانقەستم نەبوو.

جەنەڕاڵەکە بەرسڤی دایەوە:

-گرینگ نییە، خەمت نەبێ! بێزەحمەت بێدەنگ بە، باگوێ بگرم!

چرڤیاکوف، هەستی بە جۆرە شەرمەزاری و لە ڕوو دامانێک کرد، بزەیەکی شەرمەزارانەی بۆ کرد و چاوی بڕییە تەختەی شانۆیەکە، هەرچەندە تەماشای شانۆیەکەی دەکرد و ئەکتەرەکانی دەبینی، بەڵام هەستی نەدەکرد بەختەوەرترین مرۆڤە. خەم و پەژارە، عەزابی ڕوحی دەدا. لە پشووی نێوان دو پەردەدا چوو بۆلای یارۆی جەنەڕاڵ، چەند چرکەیەک بەدەوروبەریدا سوڕایەوە، سەرەنجام بەسەر شەرم و ترسەکەی خۆیدا زاڵ بوو و بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:

-پایەبەرز بەسەر تۆدا پژمیم... قوربان بمبورە، بەدەست خۆم نەبوو، بە خۆت دەزانی، کە بەئانقەستم نەبوو...

جەنەڕاڵ بریزجالوف کە لە پەستی و بێتاقەتیدا لێوی شۆڕ بوو بووەوە، گوتی:

-ئاخ بەسە برادەر!... تەواو من هەر لە بیرم نەما.. بەسە ئیدی...

چرڤیاکوف، لاکەوت، بە گومان و دوودڵییەوە چاوی بڕینە جەنەڕاڵ و لە دڵی خۆیدا گوتی: دەڵێت: "لە بیرم نەما" بەڵام تووڕەیی لە چاوانیا پرشنگ دەدات. نایەوێ تاقە یەک قسەم دەگەڵدا بکات. دەبێ بۆی ڕوون بکەمەوە کە هیچ نیازێکی خراپم نەبووە... پێویستە تێی بگەیەنم کە پژمین کارێکی ئاساییە، دەنا لەگینە وا وێنا بکات کە بەئانقەست ویستوومە تف بەسەر و گوێلاکیدا بکەم.. ئەگەر ئەمشەویش وا وێنا نەکات، سبەینێ وا وێنای دەکات!...

دوای تەواوبوونی نمایشەکە، بۆ ماڵ ڕۆییشتەوە و حیکایەتی پژمینە نەنگین و بێ ئەدەبانەکەی خۆی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. ژنەکەی، هەڵبەتە بە گومانی چرڤیاکوف، مەسەلەی پژمینەکەی زۆر بە هەند وەرنەگرت، هەوەڵجار کەمێک ترسا، بەڵام کەزانی جەنەڕاڵ بریز جالوف، بەرپرسی خەڵکی دییە نەک بەرپرسی ڕاستەوخۆی چرڤیاکوف، هێور بووەوە و گوتی:

–وێڕای ئەمەش بچۆ خزمەتی و تەوازی بۆ بێنەوە، دەنا لەوەیە وا وێنا بکات تۆ کابرایەکی دووری لە هەر ئەتەکێتێکی کۆمەڵایەتی.

وەڵامی دایەوە و گوتی: – منیش هەمان ڕای تۆم هەیە… هەڵبەتە تەوازیم بۆ هێنایەوە بەڵام کابرایەکی سەیرە! هیچ وەڵامێکی تەواوەتی نەدامەوە… ئەلهەقی دەرفەتی پێویستیش نەبوو… بۆ قسەکردن.

چرڤیاکوف، بۆ سبەی جلکە نوێیە فەرمییەکانی خۆی لەبەر کرد، قژی چاک کرد و بە نیازی پاکانە و عوزر خوایی بە هەشتاو بۆ خزمەتی جەنەڕاڵ ڕۆیی. هۆڵی پێشوازیەکەیان لە موراجیعدا جمەی دەهات. خودی بریزجالوف، کە بەکارو سکاڵای ئەو خەڵکە ڕادەگەیی و دەست بەکار بوو بوو، لەنێو قەرەباڵغیەکەدا دەبینرا. ئەنجام نۆرە هاتە سەر چرڤیاکوف و جەنەڕاڵ، نیگای پرس ئامێزی تێ بڕی. چرڤیاکوف، دەستی بە قسان کرد:

– دوێشەو، لە شانۆی "ئارکادی"دا – هەڵبەتە ئەگەر جەنابت لەبیرت مابێ – بەندە پژمیم و… جەنابتم بەبێ مەبەست… تەڕ… ببوورن…

جەنەڕاڵ، بە پەستی وەڵامی دایەوە: –گرینگ نییە… ئەمە چ قسەیەکە، تۆ خۆتیش نازانی چ دەڵێی!

ئەوجا ڕویکردە، موراجعێکی دیکەو پرسی: –فەرموو، تۆ چیت دەوێ؟

چرڤیاکوف، خەمین و پەشێو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "نایەوێ قسەم دەگەڵدا بکات، وادیارە لێم تووڕەیە!… نا، نابێ ئەم کارە فەرامۆش بکرێت… پێویستە بۆی ڕوون بکەمەوە…"

کاتێ کە جەنەڕاڵ کاری دوا مراجیعی ڕایی کردو ویستی لە هۆڵی پێشوازی وەدەربکەوێ، چرڤیاکوف، دووی کەوت و بەدەم مینگەوە گوتی:

–ئەزبەنی، پایەبەرز، هەستی پەشیمانی وای لێکردووم، بەگۆساخی و لاساری خۆم، جەنابتان بێزار بکەم… مەعلومی جەنابتانە کە هیچ نیاز خراپییەک لەئارادا نەبووە!

جەنەڕاڵ، خەریک بوو لە داخا دەگریا، بەدەست لایدایە لاوەو گوتی: –ئاغا، تۆ پێم ڕادەبوێری!

ئەوسا ڕۆیی و دەرگاکەی لە ڕووی داخست

چرڤیاکوف، لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئاخر من و ڕابواردن؟ من و شۆخی؟ بۆچی دەبێ پێی وابێ ڕادەبوێرم؟ تۆ بڵێی بابایەکی جەنەڕاڵ (گەورە فەرمانبەر) جیاوازی لە نێوان قسەی جدی و سوعبەت و شۆخیدا نەکات؟ کە مەسەلەکە وای لێهات ئامادە نیم چیتر تەوازی بۆ ئەم کابرا بە فیز و ڕوح زلە بنێمەوە! ڕەزای قورسی بمرێ، بەزاتی خوا چیتر عوزر خوایی بۆ ناکەم!"

بەدەم ئەو بیر و خەیاڵاتەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە… دەیویست نامەیەک بۆ جەنەڕاڵ بنووسێت، بەڵام دەسبەرداری ئەو بیرۆکەیەش بوو – چەندی بیرکردەوە نەیتوانی ناوەڕۆکێکی گونجاو بۆ نامەکەی بدۆزێتەوە و بیخاتە سەر کاغەز. بۆیە ناچار بوو، ڕۆژی دوایی بچێت بۆ خزمەتی جەنەڕاڵ و مەسەلەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە.

هەر کە بریزجالوف، نیگای پرسیار ئامێزی تێ بڕی، چرڤیاکوف، بەدەم مینگە مینگ و زمانە لاڵکێوە گوتی: – قوربان، ئەزبەنی، پایە بەرز، من دوێنێ کە بوومە مایەی بێزاری تۆ، بەو مەبەستە نەبوو، کە وەکو جەنابت تەسەورت کردبوو، پێتان ڕابوێرم، بەڵکو بەو مەبەستە بوو کە داوای بوردنتان لێبکەم کە ئەو شەوە، بەسەر جەنابتدا پژمی بووم… بەندە هەرگیز نیازی ڕابواردنم نەبوو… ئاخر من چۆن زاتی کاری وادەکەم، من و شۆخی و ڕابواردن!؟ خۆ ئەگەر هەر بەندەیەکی وەکو من، بکەوێتە ڕابواردن بە گەورە پیاوان، هیچ ڕێز و حورمەتێک بۆ بەرپرسان… نا… مێ…

جەنەڕاڵ، کە ئازای لە تووڕەییدا دەلەرزی و دەموچاوی شین هەڵگەڕابوو، بەتوندی هاواری کرد:

–بۆ دەرەوە! بڕۆ گوم بە لەبەر چاوم!!

چرڤیاکوف، کە سەراپای کەوتە لەرزین، بە لێوە لەرزێ، لەبن لێوانەوە گوتی:

–چیتان فەرمووی؟

جەنەڕاڵ، پیی کوتا بە عاردیدا و هەمدیس هاواری کرد:

–بڕۆ، هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم!!

چرڤیاکوڤ، هەستی کرد شتێک لە ناخیا پچڕا، هەرەسی هێنا، وەکو یەکێک بینایی و بیسنایی لەدەست دابێ، پەشێو و پەرێشان پاشەو پاش بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی، گەییە سەر جادەکە و لۆژ لۆژ و بەپێ خشکان بەرەو ماڵ گەڕایەوە... کاتێ بە هەنگاوی لەرزۆک و میکانیکیەوە گەییە ماڵەوە، هەر بەجلە فەرمییەکانیەوە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاو... مرد.

سەرچاوە:

١-ڕوایات الهلال، العدد ١٩٩٧/٧/٣٤٣/ ق و روایات قصیرة/ الجزء الاول، بقلم تشیکوف/ ترجمة: دکتور محمد القصاص.

٢- مجموعه اثار انتون پاولویچ چخوف (جلد اول) داستانها کوتاه ترجمه سروژ استپانیان (از متن روسی) چاپ دوم/ بهار ١٣٨١. انتشارات توس/تهران.

ڤانکا

ڤانکا ژوکوڤ، منداڵێکی نۆ ساڵان، نزیکەی سێ دانە مانگ بوو بەشاگردی لەلای ئالیاخینی قۆندەرچی کاری دەکرد. لە شەوی کریسمسدا بە هیچ جۆرێ نەخەوت. چاوەڕوانی کرد تا ئاغاو ئاغا ژن و شاگردە گەورەکانی دیکەی موغازەکە بۆ نوێژ و نزا و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی چوون بۆ کڵێسا و ئەویش لە دۆڵابەکەی ئاغایدا شووشەیەک مەرەکەب و قەڵەمێکی نووک ژەنگنی دەرهێناو، پارچە کاغەزێکی چرچ و لۆچی لەبەردەم خۆیدا ڕاخست و خۆی بۆ نووسین ئامادە کرد. بەرلەوەی یەکەمین وشەی نامەکەی بنووسێت، بە ترس و دوودڵییەوە ڕوانیە دەرگا و پەنجەرەکان، چەند جارێک ڕووانیە ئەو ئیکۆنەیەی کە ئەم لاو ئەولای یەکپارچە تاقچەی پڕ لە قالبی قۆندەر بوون، هەناسەیەکی قوڵی بە سوێی هەڵکێشا. کاغەزەکەی لەسەر تەختەکە پان

کردبووەوە، بەخۆیشی لە بەردەم تەختەکەدا چۆکی دادابوو. بەم جۆرە دەستی بە نووسینی نامەکە کرد:

"باپیرەی ئازیزم کونستانتین ماکاریچ، وا خەریکم ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم. ساڵوەگەڕی لەدایک بوونی مەسیح و جەژنی سەری ساڵت لێ موبارەک دەکەم، لە خودا دەپاڕێمەوە هەموو ئاوات و ئارەزووەکانت بێنێتەدی. من کە نە بابم هەیە و نە دایک، تاقە پشت و پەنام لەم دنیایەدا هەر تۆیت..."

ڤانکا سەری هەڵبڕی، چاوی بڕیە شووشەی تاریکی پەنجەرەکە، کە ڕوناکی کزی مۆمەکەی عەکس دەکردەوە و یەکسەر وێنەی کونستانتین ماکاریچی باپیری، کە پاسەوانی ماڵباتی ژیڤاروڤ بوو، هێنایە بەرچاوی خۆی. باپیری، پیاوێکی لاوازی کورتە باڵای، زیتەڵی، چالاک و گورج و گۆڵ بوو، ڕوو خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، هەمیشە مەست و چاو خواڵوو بوو، تەمەنی نزیکەی شەست و پێنج ساڵ دەبوو. بە ڕۆژەوە لە موبەقی تایبەتی ئاشپەز و کارەکەرەکاندا دەنووست یا سەری دەخستە سەر کارەکەرەکان و سوعبەت و شۆخی دەگەڵ دەکردن. شەوان فەروەیەکی دەڵب و پان و پۆڕی لەخۆیەوە دەپێچا و بەدەوری ماڵ و باخ و مەزرای ئاغایدا دەسوڕایەوە و هەر تاو نا تاوێک شاورێکی لێدەدا. دوو سەگیش – یەکێکیان ناوی کاشتنکا بوو و پیر بوو، ئەویتریان گۆڵێکی ڕەشی قەد باریک بوو، لە ڕاسو "خورماپێچان" دەچوو، بۆیە پێیان دەگوت ڤیون (چاپوک) ئەم جوتە سەگە سەریان شۆڕ دەکرد و دوای دەکەوتن. ڤیون سەگێکی میهرەبان و قەدر زان بوو، ڕەفتاری لەگەڵ ئاشناو بێگانەدا وەکو یەک بوو، بەهەمان ئەندازە مەرایی دەکردن، وێڕای ئەمەش کەس ئیحتوباری بۆ دانەدەنا، جێگەی متمانە نەبوو، چونکە لەپشت پەردەی ئەم قەدرزانی و گوێڕایەڵیە ڕواڵەتیەوە، ئەستورترین ڕق و کینە و ڕوبینی و دڵڕەشی پەنهان بوو. هیچ سەگێک وەکو ئەو بەڵەدا نەبوو کە لەکاتی خۆیدا و بە نهێنی پەلاماری لاقی ڕێبواران بدات یا شتێک لە عەماری ماڵێکدا بڕفێنێ یا مریشکێک لە ماڵە وەرزێرێک بدزێت.

زۆرجاران لە کلکی گەڕابووەوە کە لاقی وردو خاش بکەن، یەک دوو جاریش دارکاریان کردبوو و هەموو هەفتەیەکیش بەجۆرێ بەر دەبوونە گیانی کە نیوە گیان دەبوو، بەڵام هەموو جارێکیش گیانی وەبەردەهاتەوە و زامەکانی ساڕێژ دەبوونەوە.

ڤانکا بەخەیاڵ بابە گەورەی هێنایە بەرچاوی کە لە بەردەرگا گەورەکەی باخەکە وەستاوە و بە چاوانی نیوە نوقاوەوە، دەڕوانێتە شووشە ئامال سوور و ڕەخشانەکانی

کڵێساکە، بە چەکمە لبادەکانیەوە ئەم پێ و ئەو پێ دەکات و بە شۆخی و سوعبەتەوە سەر دەخاتە سەر کارەکەرەکان. (چێوخەبەر)ەکەی بەناوقەدییەوە بەستووە، دەستەکانی بە یەکدا دەماڵێت، لەسەرما خۆی کز دەکات، وەکو پیرەمێردان پێدەکەنی جارێ نوقورچ لە کارەکەرێک دەگرێ و جارێک لە ئاشپەزێکی دی. قوتووە سعوتیەکەی (بڕنوتی) بۆ کارەکەرەکان ڕادەگرێت و فەرموویان لێدەکات:

- فەرموو تۆزێکی لێ بکە بە لووتتەوە.

ژنەکان، هەر یەکە بەقەد سەرە پەنجەیەکی لێ هەڵدەگرن و بۆنی دەکەن و دەکەونە پژمین. باوەگەورە لە خۆشیاندا دێتە جۆش، ئیدی لە پێکەنیندا بەملاو بەولادا دێت هاوار دەکات:

-ورچ تەرەکی!

ئەوسا قوتووە بڕنوتیەکە لەبەر لووتی سەگەکاندا ڕادەگرێت. کاشتانکا دەپژمێ، لووتی وەردەگێڕی، بێزار و تووڕە لە بابەگەورە دوور دەکەوێتەوە. بەڵام ڤیون، لە ڕووی ویقارەوە جڵەوی پژمەکەی خۆی دەگرێت و تەنیا کلکی دەلەقێنێ . ئەم ئێوارەیە هەواکەی خۆشە -دنیا ئارام و ساف و کەمێک ساردە! شەوەکەی هەرچەندە تاریکە، بەڵام گوندەکە بە هەموو سەربانە بەفرپۆشەکانیەوە، بەو لوولە دووکەڵانەوە کە لە دووکەڵکیشەکانەوە تەنوورەیان دەبەست و دەچوون بە ئاسماندا بەهەموو ئەو دارو درەختانەوە، کە لەژێر بەفردا عەینی زیو دەبروسکانەوە، هەر هەموو ئەو دیمەنانە بەڕوونی دیار بوون. ئاسمان سایەقە و ئەستێرە باران بوو، ڕێگای کاکێشان هێندە ساف و ڕووناک دەنوێنێ، لە تۆ وایە پێش یادی لەدایکبوونی مەسیح، بە بەفر شوردبوویان و سیقاڵیان دابووەوە... ڤانکا ئاهێکی هەڵکێشا و نووکی قەڵەمەکەی بە شووشە مەرەکەبەکەدا کرد و درێژەی بە نووسین دا:

"دوێنێ کوتەکێکی باشم خوارد. وەستام، چنگی نایە قژم و بردمیە ناو حەوشەکەو بە قامچی کەوتە گیانم و ئازای بەدەنی شین و مۆر کردمەوە؛ ئەمە چیە بەدەم ڕاژەنینی جۆلانەی منداڵە جیڤنەکەیەوە خەوم لێکەوتبوو. هەفتەی ڕابردووش وەستا ژن داوای لێکردم ماسی بۆ پاک بکەم، من لە کلکیەوە دەستم پێکرد، ماسییەکەی لە دەستم ڕاپسکاند و تا توانی سەری ماسیەکەی لە دەم و قەپۆزم هەڵسوو. شاگردەکانی دیکە بەردەوام گاڵتەم پێدەکەن ، دەمنێرن بۆ دوکانی مەیفرۆشی تا ڤۆدگایان بۆ بکڕم. پاشان

ناچارم دەکەن لە عەمارەکەی وەستا خەیارشۆریان بۆ بدزم و وەستاش، بەهەرچییەکی بێتە دەست، لێم دەدات. باسی فراڤین و شیو هەر مەکە. بەیانیان یەک پارچە نانی وشک، نیوەڕوان شیر برنج، ئێوارانیش نانی وشک، چای و گۆشتاو تەنیا خۆیان قوزەڵقورت و زلفنجی دەکەن. من لەڕاڕەوەکەدا دەخەوێنن و خۆ ئەگەر منداڵە جیقنەکەیان هەڵبستێت، ئیدی خەوم لێ حەرام دەبێ، پێویستە بچم ڕای بژەنم. باپیرە گیان، بیکە بە خاتری خوا لێرەم ڕزگار بکە، بمبەرەوە بۆ گوندەکەمان. بەڕاستی لەوەی پتر هەڵناکەم... باوەگەورە، تکات لێدەکەم، لێت دەپاڕێمەوە، لاقت ماچ دەکەم، تا ماوم دوعای خێرت بۆ دەکەم، لێرەم ڕزگار بکە دەنا دەمرم..."

لێوی ڤانکا کەوتە تەتەڵە، بەمستە ڕەش و پیسەکەی کەوتە هەڵگلۆفینی چاوەکانی و بەدەم هەنسک هەڵدانەوە لەسەر نووسین بەردەوام بوو:

"تووتنت بۆ هەڵدەولێنم و دەکوتم، دوعای خێرت بۆ دەکەم، ئەگەر هەر سەرپێچییەکم کرد، بە دڵی خۆت دارکایم بکە. ئەگەر وا وێنا دەکەیت لە گونددا کار بۆ من دەست ناکەوێ، دەچم بۆ لای گزیرو لێی دەپاڕێمەوە، بەخواو بە مەسیح سوێندی دەدەم کە ڕێگەم بدات پێڵاوەکانی بۆ بۆیاخ بکەم، یا لە فیدکا، دەچمە لای شوانەکان و شاگردییان دەکەم. باپیرە گیان تەواو تاقەتم چووە، ئەگەر لێرە وەمێنم تیا دەچم، دەمرم. بە نیاز بووم هەڵێم و بەپای پیادە خۆ بگەیەنمەوە گوندی. بەڵام پێڵاوم نەبوو، لەترسی بەفرو بەستەڵەک نەوێرام. بابە گەورە بەڵێنت دەدەمێ، کە گەورە بووم نان و ئاوت دەدەمێ، بەخێوت دەکەم، خزمەتت دەکەم و ئاگام لێت دەبێت. نایەڵم کەس ئازارت بدات، کەمردیت دوعا و نزا بۆ ڕوحت دەکەم، وەکو چۆن ئێستا دوعا بۆ گیانی پلاگیای دایکم دەکەم."

"بەڵام موسکۆ زۆر گەورەیە. خانووی ئاغایانەی زۆر تیایە. ئەسپیشی زۆرە، بەڵام پەزی تیا نییە، سەگەکانی دڕ نین، خەڵکی ناگرن. لێرە لە شەوی نۆئیل دا، منداڵان بە مەبەستی پارە کۆکردنەوە ناگەڕێن، لە کڵێساکاندا ڕێگەی غەواران نادرێت خۆیان تێکەڵ بە دەستەی ئاوازخوانانی کڵێسا بکەن. ڕۆژێک لەپشت جامخانەی دوکانێک جۆرەها قولاپم بینی کە پێکەوە دەگەڵ داری ماسیگریدا دەیانفرۆشت، بۆ ڕاوی هەموو جۆرە ماسییەک، جا دارو قولاپی قایم ،ڕەختە، تەنانەت قولاپێکم بینی کە بەکەڵکی ڕاوکردنی ماسیەکی پێنج مەنیش دەهات. دوکانی وا هەن کە جۆرەها تفەنگی تیا دەفرۆشن، تەنانەت تفەنگی وەکو تفەنگەکەی وەستاشم، کە لەوەیە هەر یەکێکیان بایی سەد ڕۆبڵ

بێت. لە گۆشت فرۆشیەکانی ئێرەدا، هەر جۆرە گوشتێکت بوێ هەیە، لە گۆشتی کەڵەبابی کێویەوە بیگرە تا سوێسکەو کەروێشک، بەڵام دوکاندارەکان، ڕاوگەی ئەمانە بەکەس ناڵێن."

"بابەگەورە گیان، لە ماڵی ئاغای خۆمان، کاتێ درەختی نوئێل دەڕازێننەوە، لەبیرت نەچێ کە گوێزێکی زێڕین لە درەختەکە بکەیتەوە و لە سەندوقە سەوزەکەتدا بۆمی تاقەت بکە. بە خانمی چکۆلە ئولگا ئیگنا تیڤنا بڵێ کە گوێزت بۆ ڤانگا دەوێ."

ڤانکا کە گەییە ئێرە هەناسەیەکی کەسەرداری هەڵکێشاو جارێکی دی ڕوانیە پەنجەرەکە. بیری کەوتەوە کە باپیری هەموو ساڵێک بۆ هێنانی درەختی نوئێل بۆ ماڵی ئاغای، دەچوو بۆ لێڕەوارو ئەمیشی دەگەڵ خۆیدا دەبرد. کە ڕۆژانێکی خۆش بوون! ئیدی باپیرە بەدەمی دەیقڕان، بەستەڵەک و سەهۆڵان لەبن پێیاندا دەکەوتنە قرچە قرچ، ڤانکاش بەچاولێکەری وی دەکەوتە قڕاندن. بابەگەورە هەندێجار پێش ئەوەی دەست بە بڕینەوەی دارەکە بکات، سەبیلێکی تێدەکرد، تۆزێک بڕنوتی هەڵدەمژی، بەدەم ڤانکاوە، کە لەسەرما هەڵدەلەرزی پێدەکەنی. دارکاژەکان، کە سەراپا لەبەفرا سپی سپی دەچوونەوە، ڕەق ڕاوەستا بوون و چاوەڕوان بوون تابزانن مەرگ بەسەر کامیاندا دەدات. لەناکاوا کەروێشکێک لەسەر خەرمانە بەفرێک دەردەکەوێت و لەچاوتروکانێکدا وەکو تیر بۆی دەردەچوو و پێی وەغارێوە دەناو دەڕەڤی... بابەگەورە خۆی پێنەدەگیراو، لە دواوە هاواری دەکرد:

"بیگرن! نەڕۆی!... بیگرن! ئاهـ ئەی شەیتانی کلک بڕاو!"

باوەگەورە، پاشان دارکاژەکەی بە ڕاکێش ڕاکێش دەگەیاندەوە ماڵی ئاغاو لەوێندەر دەستیان بە ڕازاندنەوەی دەکرد... ئولگا ئیگنا تیڤنا – کە ڤانکا لە هەموو ئەوانی دیکەی خۆشتر دەویست – لە هەموو ئەوانی دی بە هیمەت تر بوو بۆ ڕازاندنەوەی دار کاژەکە. کاتێ پلاگیای دایکی ڤانکا هێشتا لەژیاندا بوو و لە ماڵی ئاغا کارەکەری دەکرد، ئولگا ئیگناتیڤنا نوقڵ و نەباتی بە ڤانکا دەدا، لە بێکاریدا و بۆ سەرگەرمی خۆی، فێری خوێندن و نووسین و ژمارەی دەکرد. تەنانەت فێری سەماشی دەکرد. بەڵام دوای مردنی پلاگیای دایکی، ئیدی ڤانکایان نارده ژووری خزمەتکاران بۆ لای باوەگەورەی و دوای ماوەیەک لەوێندەرەوە بۆ موسکۆیان، بۆلای وەستا ئالیاخینی قۆندەرچیان ڕەوانە کرد... ڤانکا لەسەر نووسینەکەی خۆی بەردەوام بوو:

"باپیرە گیان، فریام کەوە، وەرە بۆلام، بیکە بەخاتری خواو مەسیح، فریام بکەوەو لێرەم دەرباز بکە. بەزەییت بە منی هەتیوی بەدبەختدا بێتەوە، دەنا هەموو ڕۆژێک دارکاریم دەکەن، نانم نادەنێ، هەمیشە برسیم دەکەن. دڵم هێندە تەنگە هەر مەپرسە. بەردەوام دەگریم. لەم ڕۆژانەدا، وەستام، دەستی دایە قاڵبە قۆندەرەیەک و ڕێک کێشای بەسەرمدا؛ یەکسەر تەختی عاردی بووم و بە هەزار حاڵ وەخۆهاتمەوە. ژیانێکی زۆر خراپم هەیە، خراتر لە ژیانی کسۆکان. سڵاوم بە ئالیناو ویگورکای یەکەڵە چاو و عەرەبانچییەکەی ئاغا بگەیەنە. ئۆکۆردیۆنەکەم مەدە بەکەس. نەوەی تۆ، ئیڤان ژوکوف. باوەگەورە گیان، بە زووترین کات وەرە بەدوومدا."

ڤانکا نامەکەی چوار قەد کردو لەناو زەرفێکی نا کە دوێنێ بە کوپیکێک کڕی بووی... هەڵوەستەیەکی کرد، کەمێک لە فکران ڕاچوو. نووکی قەڵەمەکەی لە مەرەکەبەکە هەڵکێشاو ئەدرەسی باوەگەورەی لەسەر زەرفەکە نووسی:

"بۆ خزمەتی باوەگەورەم لە گوندی..." ئەوسا سەری خوراند، بۆ دەمێک دەبیرەوە چوو و هەنگێ بەردەوام بوو: "کونستانتین ماکاریچ". زۆر خۆشحاڵ بوو کە کەس نەهاتبوو بەسەر نامە نووسینەکەیدا، ئەوسا هەستا کڵاوەکەی لەسەر کردو بێ ئەوەی پاڵتۆ چەرمەکەی لەبەر بکات، بە تۆی تاقە کراسێک بەرەو دەرەوە غاریدا...

دوێنێ کە لە شاگرد قەسابەکانی سەری کۆڵانەکەی پرسی بوو، چۆن نامە فڕێ دەکرێت، پێیان گوتبوو کە نامە دەخرێتە سەندوقی پۆستەخانەوە و ئەوسا ئیدی پۆستەچیان بە خۆیان، لەسەندوقەکانی دەردێنن و لەلایەن دوو عەرەبانچی پۆستە بەرەوە و لە ترۆیکایەکی(عەرەبانەی سێ ئەسپە) زەنگۆڵەدار بار دەکرێت و بۆ ئەوسەری دنیاش بێ دەیبەن. ڤانکا بە هەشتاو چوو بۆ نزیکترین سەندوقی پۆستە و نامە ئازیز و پڕ بەهاکەی لە درزی سەندوقەکەوە خستە ناو سەندوقەکەوە.

دوای سەعاتێک، ڤانکا بەدەم لای لایەی خەون و خەیاڵی شیرینەوە، خەوێکی قووڵی لێکەوت.خەونی بینی کە باوەگەورەی لەسەر سەکۆی موغەیرییەکدا دانیشتووەو لاقە ڕووتەکانی شۆڕ کردنەتەوە و خەریکە نامەکەی ئەو بۆ کارەکەرەکان دەخوێنێتەوەو... ڤیون بەکلکە سووتێ بە بەر موغەیرییەکەدا دێت و دەچێ.

سەرچاوە:

١-مجموعه اثار/ انتون پاولویچ چخوف (جلد سوم) داستانهای کوتاه، ترجمه سروژ استپانیان (از متن روسی) چاپ دوم/ بهار ١٣٨١/ انتشارات توس/تهران.

٢-روايات الهلال/ العدد ١٩٩٧/٧/٣٤٣ قصص و روايات قصيرة/ الجزء الاول، بقلم تشيكوف/ترجمة الدكتور محمد القصاص.

خانم و سەگە چکۆلەکەی

"١"

دەیانگوت لە شەقام و کۆڕنیشەکەی شاردا، سیمایەکی تازە پەیدا بووە... خانمێک بە خۆ و سەگێکی چکۆلەوە. دیمیتیری دیمیتریچ گوروف کە دوو هەفتەیەک دەبوو هاتبوو بۆ یالْتا (یالْتا: شارێکی گەشتیاریە لە نیمچە دوورگەی قرم) و لەگەڵ شوێنەکەدا ڕاهاتبوو ئیدی وەکو هەر خەڵکێکی شار، بایەخی بە سیمای تازە دەدا. کە لە کەپرێکی باخی ڤیرن دانیشتبوو، خانمێکی گەنجی، قژ زەردی، دەستە باڵای، بینی بە پیاسە بە کۆڕنیشەکەدا دەڕوات و سەگێکیش بە دوویدا غاری دەدا.

لەوە بەدواوە دیمیتری دیمیتریچ ڕۆژی چەند جارێک لە پارکی سەرەکی شاردا، تووشی هەمان ژنی گەنج دەبوو. ئەم ژنە هەمیشە بە تاقی تەنیا پیاسەی دەکرد و هەمیشە هەمان بێری لەسەر بوو و هەمیشە سەگە چکۆلە سپیەکەی بەدواوە بوو. جا لەبەرئەوەی کەس نەیدەناسی، ناویان نا "خانم و سەگە چکۆلەکەی" گوروف لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر بەبێ مێردەکەی و بەبێ ئاشناو بناژۆ بۆ ئێرە هاتبێ، ئەوە دێنێ تەعاروفی لەگەڵ دا بکەم."

دمیتری دیمیتریچ، هەرچەندە هێشتا تەمەنی نەگەیی بووە چل ساڵان، بەڵام کیژێکی دوازدە ساڵان و دوو کوڕی مەکتەبلی هەبوو. زوو ژنیان بۆ هێنابوو، لە قۆناغی دووەمی زانستگەبوو، ژنەکەی زۆر لەخۆی گەورەتر دیار بوو، لە ئافرەتێکی شەست ساڵە دەچوو. ئافرەتێکی درێژی، چاو و برۆ ڕەشی، ڕەق و تەق، قسە لەڕوو و لووت بەرز و سەنگین و خۆی گوتەنی بیرمەند بوو، زۆری دەخوێندەوە. لە نامەکانیا پیتی "b" نەدەنووسی (جاران ئەم پیتە لە کۆتایی ئەو وشە ڕوسیانەدا کە بە پیتی بێدەنگ کۆتاییان دەهات دەنووسرا.) لە جیاتی مێردەکەی بە "دمیتری" بانگ بکات بە "دیمیتری" بانگ دەکرد. بەڵام گۆرۆڤ، لەدڵی خۆیدا بە ژنێکی کورت بینی، نازیرەکی، زبری ناشیرینی دەزانی، لێی دەترساو حەزی نەدەکرد زۆر لەماڵەوە وەمێنێ، دەمێک بوو

خیانەتی لەم ژنەی دەکرد، زۆری خیانەت لێدەکرد. لەوەدەچێ هەر لەبەر ئەمە بووبێ، کە دانی خێری بە ژناندا نەدەنا. هەر کاتێ لای ئەو باسی ژنان بکرایە. بە "خێڵی خوێڕیان" ناوی دەبردن.

وای وێنا دەکرد کە ئەزموونی تاڵی خۆی دەگەڵ ژناندا، ئەو هەقەی دەداتێ کە بە ئارەزووی خۆی هەر ناو و ناتۆرەکیان لێبنێت، بەڵام وێڕای ئەوەش نەیدەتوانی دوو دانە ڕۆژیش بەبێ ئەم "خێڵی خوێڕیانە" هەڵبکات. لەکۆڕو مەجلیسی پیاواندا هەستی بە بێزاری دەکرد و زۆر کەم قسەی دەکرد، بەڵام هەر کە ڕێی دەکەوتە کۆڕو مەجلیسی ژنان، ئیدی ڕووی دەگەشایەوە و هەستی بە ئازادی دەکرد و دەیزانی دەبێ چ بکات و چ بڵێت. تەنانەت بێدەنگیشی لە گیان خۆش بوو، لە کۆڕی ژناندا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. لە ڕوڵەت و تایبەتمەندییەکانیا، بەشێوەیەکی گشتی لە تەبع و تەبیعەتیدا شتێکی دڵگیری پەنهان هەبوو کە سەرنجی ژنانی ڕادەکێشا، بەخۆیشی بەمەی دەزانی و هێزێکی پەنهان بەرەو خێڵی ژنانی ڕادەکێشا.

ئەزموونی دوورو درێژ و، لە ڕاستیدا تاڵ، لە کۆنەوە ئەوەی فێر کرد بوو کە هەر جۆرە نزیک بونەوەیەک – نزیک بوونەوەیەک کە لە هەوەڵەوە جۆرە چالاکی و خۆشیەک بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت و وادەردەکەوت کە جۆرە سووکە ڕیسکێکی ڕەوتەنی و دڵگیرە -لای خەڵکانی ماقووڵ و سەنگین، بەتایبەتی لەلای مۆسکۆییانی دو دڵ و کەم جوڵە لە ئەنجامدا دەبێت بە کێشەیەکی ئاڵۆز و گۆنگ و خەمناک و پڕ سەریەشە. بەڵام هەر جارێ تووشی ژنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەبوو، هەموو ئەو ئەزموونە تاڵانەی فەرامۆش دەکرد، ئیدی هەواو هەوەسی ژیان و ڕابواردنی دەکەوتە سەرو هەموو شتێکی بەلاوە ئاسان و ئاسایی و سەرگەرمکەر دەبوو.

دەمەو ئێوارانێک، کە لە کەپری باخەکەدا سێوی دەخوارد هەمان خانمی بێریە لەسەر، بەکاوەخۆ هات و لە مێزەکەی تەنیشت ئەوەوە دانیشت. هەموو شتێکی ئەم ژنە، لە سیمایەوە بیگرە تا ڕەفتار و جل و بەرگ و ئارایشت و تەسریحەکەی، ئەوەیان دەنواند کە لەخانەوادەیەکی ئابڕومەند و بەڕێزە، ژنێکی بە مێردە، دیار بوو ئەمە یەکەم سەفەرێتی بۆ یاڵتا و بەتاقی تەنیایە و زۆر هەست بە تەنیایی و دڵتەنگی دەکات. زۆربەی ئەو دەنگۆ و قسە و قسەلۆکانەی کە دەربارەی گەندەڵی و هەرزەیی ئەخلاقی خەڵکی شار، دەماو دەمیان دەکرد، لە ڕاستییەوە دوور بوون. گۆرۆف، ئەم قسەو قسەلۆکانەی پێ ناخۆش بوو و دەیزانی کەسانێک ئەو دەنگۆیانە بڵاو دەکەنەوە کە

ئەگەر دەرفەت و دەلیڤەیان بۆ هەڵکەوتبا، سڵیان لە هیچ خەتاو گوناحێک نەدەکردەوە. بەڵام هەرکە ژنەی تاین، لەسێ هەنگاوی ئەودا، لەپشت مێزەکەوە دانیشت، یەکسەر حیکایەت و چیرۆکی گەشت و گەڕانی ئاسانی زۆزانانی بیر کەوتەوە. یەکسەر بیرۆکەیەکی تەماح بزوێنی کەوتە سەر کە پەیوەندییەکی ئاشقانە دەگەڵ ژنێکی نەناسدا، بێ ئەوەی تەنانەت ناو و نیشانی بزانێ، ببەستێ.

به میهرەبانیەوە سەگە چکۆلەکەی بانگ کرد، هەر کە سەگەکە لێی نزیک بووەوە، پەنجەی لێ ڕاوەشاند و هەڕەشەی لێکرد. سەگەکە بەتووڕەیی وەڕی. گوروف دیسان هەڕەشەی لێکرد. ژنە، تەمەشایەکی کرد، بەڵام زوو چاوی داخست. دەموچاوی سوور بووەوە و گوتی:

-گاز ناگرێت

-قەیدی نییە ئەگەر ئێسقانێکی بدەمێ؟

دوای ئەوەی ژنە سەری ڕەزامەندی لەقاند، گوروف بزەیەکی بۆ کرد و پرسی:

-دەمێکە تەشریفتان بۆ یاڵتا هێناوە؟

-تەنیا پێنج ڕۆژە.

-من خەریکە هەفتەی دووەم لێرە بەڕێدەکەم.

بۆ ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوون. ژنە گەنجەکە بێئەوەی تەمەشای گوروف بکات گوتی:

-کات لێرە زۆر خێرا دەڕوات. کەچی ئینسان بێتاقەت دەبێ!

-ئیدی ئەمە لەشارا باوە کە بگوترێ ئینسان بێزار و بێتاقەت دەبێ. بۆ نموونە کەسێک لە ماڵی خۆیدا، لە شوێنێکی وەکو بیلیڤ یان ژیزدرا دەژی و هیچ هەست بە بێزاری و بێ تاقەتی ناکات، بەڵام هەر ئەو کەسە، وەختێ دێت بۆ ئێرە وەکو ئەوەی لە غرناتەو ئەسپانیاوە تەشریفی هێنا بێ، هاواری لێ هەڵدەستێت کە: "ئاهە چەند ناخۆشە! چ تەپۆتۆزێکە!"

ژنەی گەنج پێکەنی. ئەوجا بە بێدەنگی، وەکو دوو کەسی نەناس کەوتنە شێو خواردن. بەڵام دوای نان خواردن، شان بەشانی یەکدی کەوتنە پیاسەو ڕاوێچکە. ئیدی

گفتوگۆیەکی شیرین و دڵگیر و شۆخی ئامێز کەوتە بەینیانەوە، هەمان گفتوگۆی خەڵکانی ئازاد و خۆشگوزەران، ئەو خەڵکانەی کە بەلایانەوە گرینگ نییە کێوە دەچن و باسی چی دەکەن. بەدەم پیاسەوە باسی درەوشانەوەی سەیر و عەنتیکەی دەریا، باسی ڕەنگی وەنەوشەیی و ئارامی و گەرمی ئاوی دەریا، باسی تریفەی زیوینی مانگیان دەکرد کە بەسەر ئاوەکە و پەخش بوو بوو. باسی هەوای شێداری دوای ڕۆژێکی گەرمیان دەکرد... گوروف، گوتی خەڵکی مۆسکۆیە، دەرچووی کۆلیجی ئەدەبیات، بەشی زمانە، بەڵام لە بانقێکدا کار دەکات. زەمانێک بە نیاز بوو لە ئۆپەرایەکی تایبەتیدا ببێت بە گۆرانی بێژ و بەڵام وازی لەو خولیایە هێنا بوو و ئێستا لە مۆسکۆ خاوەنی دوو خانووە... بە قسەکانی ژنەکەدا بۆی دەرکەوت کە لە پتروسبۆرگ گەورە بووە و لە شاری (س) شووی کردووە و دودانە ساڵە لەوێندەر دەژی و قەرارە یەک مانگی دی لە یاڵتا وەمێنێ و لەوەیە مێردەکەی – ئەویش پێویستی بە ئیسراحەتە –بێت بۆ یاڵتا و پێکەوە بۆ شارەکەی خۆیان بگەڕێنەوە. ژنەی تاین، بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی باسی شوێنی کاری مێردەکەی بکات. بەدروستی نەیدەزانی کە کارمەندی پارێزگا بوو یا کارمەندی ئەنجوومەنی هەرێم، بەخۆیشی پێکەنینی بەم نەزانینەی خۆی دەهات. ئیدی گۆروف لەم کەین و بەینەدا، ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە ژنەی تاین ناوی ئانا سیرگییڤنایە.

ئەو شەوە پاش ئەوەی بۆ ئوتێل گەڕایەوە هێشتا هەر بیری لەو ژنە گەنجە دەکردەوە و ئومێدی ئەوەی هەبوو کە سبەیش بیدینێ، هەر دەبوایە واش بێ، کاتێ چووە ناو جێگای خەوەوە لەدڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە ئانا سیرگییڤنا تا ماوەیەک لەوەپێش هێشتا خوێندکاری زانکۆ بووە و وەکو کچەکەی ئەم "گوروف" خەریکی خوێندن بووە، بیری کردەوە کە بێگومان ئەمە یەکەمجارە خۆی لەم جۆرە هەڵوێستەدا دەبینێ – هەڵوێستێ کە پیاوان دوای دەکەون و چاوی لێناگوازنەوە و بە نیازی گڵاوەوە دوای دەکەون و قسەی دەگەڵ دەکەن و دەیانەوێ لە خشتەی بەرن، کەچی ئانا سیرگییڤنا هەر هەستیشی پێناکات. ئەوسا کەوتە یادی ملە باریک و چاوە کەوەییە جوانەکانی گوروف، بەدەم وەنەوزەوە گوتی: "وێڕای ئەمەش شتێکی تیایە کە مایەی بەزەییە" ئەوسا خەوی لێکەوت.

"٢"

هەفتەیەک بەسەر تەعاروفی ئەم دووانەدا بووری. ڕۆژی پشووی یەک شەممە بوو. هەوای ژوورەکان گەرم و خەفە بوو. لە دەرێ ڕا ڕەشەباو گێژەڵوکە، کڵاوی سەری ڕێبوارانی دەبرد. گوروف بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەزگ بوو لە تینواندا بخنکێ، زوو زوو دەچووە کەپرەکە و ئانا سیرگییڤنای دەعوەتی شەربەتی میوە و ئایس کرێم دەکرد. لە گەرما پەرێشان بوو بوو. هیچ شوێنێک نەبوو بۆی بچێت.

دەمەو ئێوارێ، کاتێ هەوا کەمێک هێور بووەوە، بەرەو کەناری دەریا ڕۆیشتن، تا تەمەشای کەشتییەک بکەن کە قەرار بوو بگاتە بەندەرەکە. حەشیمەتێکی فرە لەسەر ئەسکەلەکە خڕبوو بوونەوە، هەموو چەپکە گوڵیان بەدەستەوە بوو، دیار بوو چاوەڕوانی هاتنی کەسانێک بوون. لێرەدا دوو خەسڵەتی تایبەتی یاڵتاییانی بۆشناخ و شیک پۆش دیار بوو: یەکێکیان ئەوە بوو کە ژنانی بەتەمەنیش وەکو ژنانی گەنج جلیان پۆشی بوو و دووەمیان ئەوە بوو ژمارەی جەنەڕاڵان یەجگار زۆر بوو. کەشتیەکە بەهۆی هەڵچوون و شەپۆلی دەریاوە، دواکەوت. یانی دوای خۆرئاوا گەییە بەندەرەکە و پێش ئەوەی لە بەندەرەکەدا لەنگەر بخات، ماوەیەکی زۆر سوڕایەوە. ئانا سیرگییڤنا بەدووربینەکەی خۆی دەیڕوانیە کەشتیەکە و نەفەرەکانی ، وەکو ئەوەی چاو بۆ کەسێکی ناسیاو بگێڕێت، هەر جارێ کە ڕووی بۆ لای گۆرۆف وەردەگێڕا و قسەی دەگەڵدا دەکرد. چاوەکانی دەبریسکانەوە. ئەو ڕۆژە، لە ڕۆژانی پێشوو پتر قسەی کرد، پرسیارەکانی زۆر کورت بوون و یەکسەر لە بیری دەچوونەوە، ئەنجام لەو قەرەباڵغییەدا دووربینەکەشی ون کرد.

حەشیمەتە بۆشناخ و شیک پۆشەکە بەرە بەرە بڵاوەیان لێدەکرد، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، دەموچاوەکان بەزەحمەت دەبینران و جیادەکرانەوە. بایەکەی بە تەواوەتی خست. بەڵام گوروف و ئانا سیرگییڤنا بەدەقی خۆیانەوە وەستابوون، دەتگوت چاوەڕوانن کە کەسێکی دیکە لە کەشتیەکە دابەزێت. ئانا ئێستا بێدەنگ بوو. بێئەوەی تەماشای گوروف بکات، چەپکێک گوڵی چکۆلەی بە دەستەوە بوو و بۆنی دەکرد.

گوروف گوتی:

– جەوەکەی خۆش کرد. ئێستا بۆ کوێ بڕۆین؟ چۆنە گالیسکەیەک بگرین و بۆخۆ بۆ شوێنێکی ئارام بڕۆین؟

ئانا سیرگییڤنا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، گوروف، چاوی تێبڕی و دوای تۆزێک لەناکاوا لە هەمێزی گرت، بەخۆوەی گوشی و لێوەکانی مژی. بۆنی گوڵەکانی چوون بە کەپووی گوروف دا، ئەوسا بەترس و نیگارانیەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی تا دڵنیا ببێت کە کەس نەیدیوون. ئەوجا لەبن لێوانەوە گوتی:

-بابچین بۆ ئوتێلەکەی تۆ...

هەردووکیان بە هەشتاو کەوتنەڕێ.

بۆنی ئەو گوڵە جۆراو جۆرانەی کە لە فرۆشگای ژاپۆنیەکان کڕی بوو، ژوورەکەی ئانای پڕو خەفە کردبوو. گوروف کە چاوی بڕی بووە ئەم ژنە لەدڵی خۆیدا گوتی: "لە ژیاندا زۆرجار ڕێکەوت خەڵکانێک پێ دەناسێنێ کە لە خەوی خاویشدا بە بیرتا نەهاتووە!" زۆر بیرەوەری دەربارەی ژنانی بێ خەم و خەیاڵ و دڵپاکی لە زەیندا مابووەوە، لەوانە ژنانێک کە مەمنوونی ئەو ئەشق و لەزەتە دەبوون کە ئەم بۆ ماوەیەکی کەم پێی دەبەخشین. یا ژنانێکی وەکو ژنەکەی خۆی کە هەر بەدەمی و بە درۆوە وشێتانە هەوڵیان دەدا، بۆی بسەلمێنن کەتەنیا بۆ سێکس و حوب حوبێنە خۆشیان ناوێ، بەڵکو خۆشەویستیان بۆ ئەو لەو جۆرە پەیوەندییانە باڵاترە. پاشان کەوتە یادی دوو سێ ژنی دیکە - ژنانی زۆر جوانی، مجێز سارد و سڕ کە لەناکاودا دەبوون بە دەعبایەکی دڕندەی تەماعکاری ئەوتۆ بەوان بوایە هەموو ژیان بۆ خۆ قۆرخ بکەن، شتێک لە ژیان بپچڕن، کە لەتوانای ژیاندا نەبێت بیانداتێ، ئەمانە ژنانێک بوون تەڕ پیر، هەوەسباز، بێ فکر، نازیرەک، سەڵیتە و زاڵ. کاتێ کە گوروف، پەیوەندی دەگەڵ ئەمجۆرە ژنانەدا بەرەو ساردی دەچوو، قێزی لە جوانیەکەیان دەبووەوە و کە پولەکەی سەر دەرپێکانیانی دەبینی، پولەکەی ماسی بیر دەکەوتەوە.

بەڵام ئێستا و لێرەدا لە بەردەم شەرم و دوو دڵی و سەرسامی و بێ ئەزموونی گەنجێک وەستا بوو، وەکو ئەوەی لەناکاوا یەکێک لە دەرگای دابێ، هەستی بە پەشۆکان و شپرزەیی کرد. ئانا سیرگییڤنا – "خانمێک لەگەڵ سەگە چکۆلەکەیدا" – بەشێوەیەکی تایبەتی و زۆر بەجدی دەیڕوانیە ئەو شتەی کە لەنێوان ئەو و گوروف دا ڕووی دابوو، خۆی بەناو زڕاو دەزانی. گوروف وای هەست دەکرد. ئەو ڕەفتارەی ئانای بەلاوە سەیرو نابەجێ بوو. سیمای ئانا ژاکاو شۆڕبووەوە، قژە درێژەکەی بە هەردوو لای دەموچاویەوە پەخش بووەوە، ئانا سیرگییڤنا بە خەمباری لە فکران ڕاچوو، بەو حاڵەوە لە وێنەی ناو تابلۆیەکی کۆن دەچوو. دوای بێدەنگیەکی کەم گوتی:

-ئەمە کارێکی باش نەبوو. تۆ ئێستا یەکەم کەسیت کە چیدی حورمەتم ناگریت، بێ حورمەتیت پێکردم.

کاڵەکێک لەسەر مێزی ناو ژوورەکە بوو، گوروڤ قاژێکی لێکردەوە و بەکاوەخۆ کەوتە خواردنی. هەردووکیان بێدەنگ بوون، نزیکەی نیو سەعاتێک بەو بێدەنگیە مانەوە.

ئانا سیرگییڤنا، ژنێکی زۆر هەستیار بوو و هەمان پاکی و سادەیی و بێئەزموونی ژنانی نەجیبی هەبوو، ئەو ژنانەی کە ژیانیان نەجەڕباندبوو. ئەو تاقە مۆمەی کە کزکز لەسەر مێزەکە دەسووتا، بەئاستەم دەموچاوی ڕوناک دەکردەوە. بەڵام دیار بوو لەناخا عەزاب و ناڕەحەتیەکی زۆری دەکێشا. گوروف لێی پرسی:

- بۆچی وا تەسەور دەکەی کە ئیدی حورمەتت ناگرم؟ تۆ خۆشیت نازانی چ دەڵێی.

بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە گوتی:

-هیوادارم خوا لە گوناحم ببورێ. کارێکی نەنگین بوو.

-تۆ بەجۆرێ قسە دەکەی وەکو ئەوەی بتەوێ خۆت پاک بکەیتەوە. پاکانە بۆ خۆت بێنیتەوە.

-چۆن دەشێت خۆم پاک بکەمەوە؟ من ژنێکی سووکم، من قێزم لەخۆ دێتەوە، بیر لە هەنجەت و پاکانە ناکەمەوە. من نەک مێردەکەم، بەڵکو خۆمم هەڵخەڵەتاندووە. نەک هەر ئێستا، بەڵکو دەمێکە هەڵی دەخەڵەتێنم. ڕەنگە پیاوەکەم، پیاوێکی ئابڕوومەند و باش بێ، بەڵام بابایەکە پڕ خزمەت و نۆکەر ئاسا. من نازانم لە شوێنی کارەکەیدا چ دەکات و چۆن خزمەت دەکات، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بە تەبیعەت بە خزمەت و نۆکەر سیفەتە. کە شووم پێکرد تەمەنم بیست ساڵان بوو. ئەوکاتە هەستی کونجکاوی وەکو مۆرانە و خۆرە دابویە گیانم، حەزم دەکرد ژیانێکی باشترم هەبێت. بە خۆم دەگوت: "ژیان هەر ئەمە نییە، بێگومان ژیانێکی دیکەش هەیە" دەمویست بژیم، بژیم بژیم... ئیدی کونجکاوی وەکو ئاور بەربووبووە ئازام... تۆ لەم شتانە حاڵی نابیت، بەڵام خودا شایەدە نەمدەتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم، گۆڕانێکی سەیر لە بوونما ڕووی دەدا، هێز نەبوو ڕام بگرێت. بە مێردەکەم گوت کە نەخۆشم و بۆ ئێرە هاتم... لێرەش وەکو شێتان، بەم لاو بەولادا، وێڵ و سەرگەردان دەسوڕامەوە و جێم بەخۆ نەدەگرت... ئەوەتا ئاقیبەت بووم

به ژنێکی سووک و بازاڕی، ژنێک که هەموو کەسێک بتوانێ به چاوی سووک تەمەشای بکات و بیبیزرێنێ.

گوروف، له قسەکانی ئەو بێزاربوو، قسه سادەو ساکارانەکانی ئەو و ئەم پەشیمانیه لەناکاوه و نابەجێیه، پەستی دەکرد. ئەگەر ڕوندکەکانی چاوانی نەبوایه، لەوه بوو وا تەسەور بکات که ئاناسیرگییڤنا، شۆخی دەکات یان نمایش دەکات. گوروف به ئەسپایی گوتی:

-ئێستاش تێنەگەییشتم که تۆ چیت دەوێ؟

ژنەکه، دەموچاوی نا بەسینگ و بەرۆکی ئەوەوه و گوتی:

-باوەڕبکه... تکایه باوەڕم پێ بکه... من حەزم له ژیانی ئابڕومەندانەیه و حەزم له داوێن پاکیه، بەڕاستی حەز له گوناح و داوێن پیسی ناکەم. خۆیشم نازانم چی دەکەم. خەڵکی سادەو ئاسایی لەم جۆره هەڵوێستانەدا دەڵێن: "شەیتان فریوی داین" منیش دەردەکەی ئەوان مەگەر بڵێم: شەیتان فریوی دام.

گوروف لەبن لێوانەوه گوتی:

-بەسه... بەس...

دەیڕوانیه چاوه بێ جوڵەو تەژی ترسەکانی ئانا، ماچی دەکرد و بەدەنگی نزم قسەی بۆ دەکرد. ژنه بەرەبەره ئارام بووەوه و گەشایەوه و هاتەوه تایم و هەردووکیان دەستیان به پێکەنین کرد.

دوای تۆزێک له ئوتێلەکه هاتنه دەرێ، کۆڕنیشەکه چۆڵ و هۆڵ بوو، کەس به جادەکەوه نەبوو. شار بەدار سەرووەکانیەوه له شاری مردوان دەچوو، بەڵام دەریا له هاژه هاژی خۆی نەکەوتبوو و خۆی به کەنارەکەدا دەکێشا، تاقه بەلەمێک بەدەم شەپۆلەکانەوه دەرەقسی و فانۆسه چکۆلەو خەواڵوەکەی به حاڵ دەتروسکایەوه.

گالیسکەیەکیان گرت و چوون بۆ ئاریاندا(ئاریاندا:شوێنێکی سازگاروگەشتیاریه له دەورو بەری یاڵتا) گوروف گوتی:

-تۆزێک بەرلەوەی له ئوتێلەکه وەدەرکەوین، ناوی شۆرەت و فامیلی تۆم زانی، لەسەر تابلۆی ناوی ڕێبوارانی ئوتێلەکه نووسرابوو: فۆن دیدریتس. چما مێردەکەت ئەڵمانیه؟

-نەخێر، بەڵام وابزانم باپیری ئەڵمانی بوو. بەڵام خۆی ڕووسی ئەرتەدۆکسیە.

که گەیینە ئاریاندا، لەسەر تەختێکی نزیکی کڵێساکە دانیشتن . لەو سەرەوە، بە بێدەنگی کەوتنە تەماشای دەریاکە. باڵتا لەنێو تەم و مژی بەرەبەیاندا بەئاستەم دەبینرا، پەڵە هەورێن سپی، بەبێ جووڵە بە لوتکەی چیاکانەوە گیرسابوونەوە. گەڵای هیچ درەختێک نەدەجووڵا. زیک زیکە کەوتنە زیکە زیک، هاژە هاژی مەندو یەکهاوی و یەک نەوای دەریا کە لەخواری خوارەوە دەهاتە گوێ، خەوی ئەبەدی و ئەو ئارامیەی وەبیر دێنایەوە کە چاوەڕوانی هەموو کەسێکە. دەریا، لەخواری خوارەوە، بەرلەوەی یالْتا یان ئاریاندا بێنە ئاراوە، هەر هەمان هاژە هاژی خۆی کردووە، و لە ئایندەشدا، لەدوای نەمانی ئێمەش، بێ خەم و خەیاڵ، لەسەر هاژە هاژی خۆی بەردەوام دەبێت. ڕەنگە هەمان ئەبەدیەت و بەردەوامی و بێ موبالاتی ڕەها دەرهەق بە مەرگ و ژیانی هەر یەکێک لە ئێمە، خۆی لە خۆیدا زامنی بزووتنەوەی بەردەوامی ژیان و پەرەسەندنی هەمیشەیی ژیان بێت. گوروف کە لە تەنیشت ژنە گەنجەکەوە دانیشتبوو، ئەو ژنەی کە لەباوەشی سپێدەدا زۆر جوان دیار بوو، لە بەرانبەر ئەم دیمەنە ئەفسانەییەی دەریاو چیاو هەورو ئاسمانی بێ سنووردا، دانیشتبوو، هەستی بەوپەڕی ئارامی و ئاسوودەیی دەکردو بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر بەڕاستی ورد بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە هەر هەموو شتێکی ئەم دنیایە، جوان و باڵایە، تەنیا ئەو بیرو کردەوانەمان نەبێ کە لە دەمانی غافڵ بوونمان لە باڵاترین ئامانجێن ژیان و کەرامەتی مرۆڤانیماندا، بیریان لێدەکەینەوە و ئەنجامیان دەدەین.

کابرایەک، کەدیار بوو شەوگەڕە، بەرەو لای ئەمان هات، تەمەشایەکی کردن و ڕۆیی. تەنانەت ئەم ڕوداوە بچووکەش، لە نۆڕین و دیدی گوروفدا، جیلوەیەکی دڵگیر و ئاڵۆزی هەبوو. کەشتیەک کە لە سەمتی فیودوسیاوە دەهات و لەگەڵ هەوەڵێن دەمی بەرەبەیاندا، گڵۆپەکانیان کوژاندبووەوە، لە ئاسۆوە بەدیار کەوت.

ئانا سیرگییڤنا دوای بێدەنگیەکی کەم گوتی:

- ئاونگ نیشتووەتە سەر گیایەکان...

-بەڵێ، با بگەڕێینەوە.

بەرەو شار گەڕانەوە.

لەوە بەدواوە، هەموو ڕۆژێک دەوری نیوەڕۆ، لە کۆنیشەکەدا یەکیان دەبینی و فراڤین و شیویان پێکەوە دەخوارد و پیاسە و ڕاوێچکەیان دەکرد، لەزەتیان لە تەمەشای دەریا دەبینی. ئانا، گلەیی لە بێ خەوی و نیگەرانی دڵی خۆی دەکرد و هەمیشە –هەندێجار لە غیرەو حەسوودیدا و هەندێجار لە ترسی ئەوەی کە لەبەرچاوی گوروف کەوتبێ و وەکو پێویست حورمەتی نەگرێ و قەدری نەزانێ، گلەیی دەکرد. گوروف، هەرکاتێ لەپارکدا، یا لەباخی شاردا، هەستی بکردایە دەوروبەریان چۆڵەو کەسیان لێوە نزیک نییە، ئانای لە هەمێز دەگرت و بەتاسەو تامەزرۆییەوە ڕایدەمووسی. ئەم بێکارییە ڕەهایە، ئەو ماچانەی کە بەڕۆژی ڕوناک و بەترس و دوو دڵییەوە لەئانای دەکرد، هەوای گەرم، بۆنی دەریاو دیتنی هەندێ خەڵکی بێکارەو بۆشناخ و خۆش خۆرو تێر و پڕ، هەر هەموو ئەمانە دەتگوت تین و تاو و گوڕێکی تازەیان بە بەر گوروف کرد بوو. بەردەوام باسی جوانی ئاناسیرگییڤنای دەکرد، و بەجۆرێ ئالودەی شورو شەهوەت بوو بوو، بەسات لە ئانا دوور نەدەکەوتەوە. بەڵام ژنەی گەنج، زۆربەی کات لە فکران ڕادەچوو، داوای لە گوروف دەکرد کە ڕاستی پێ بڵێ و ئیعترافی بۆ بکات کە نە حورمەتی دەگرێت و نەخۆشی دەوێ و بەژنێکی هەرزەو سووکی دەزانێت و شایستەی هیچ ڕێزێک نییە. زۆربەی شەوان، سەعاتێک دوای خۆرئاوا، گالیسکەیەکیان بەکرێ دەگرت و دەچوون بۆ ئاریاندا یان تاڤگەکان؛ و ئەم پیاسەو دەرچونانەیان پێخۆش بوو و هەموو جارێکیش دەکەوتنە ژێر کاریگەری بەرجەوەن و دیمەنە جوان و دڵگیرەکان.

قەرار بوو مێردەکەی ئانا بۆ یاڵتا بێت، بەڵام نامەیەکی ناردبوو کە بەهۆی چاویەشەیەکی توندەوە ناچارە دەستبەرداری سەفەرکەی یاڵتا ببێت و لەکۆتایی نامەکەدا تکای لەئانا کردبوو کە بەزووترین کات بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. ژنە پەلە پەلی پێکەوت کە بگەڕێتەوە. بە گوروفی گوت:

–زۆرباشە، من دەبێ بگەڕێمەوە، ئەمە حکومی قەدەرە.

گالیسکەیەکیان بەکرێ گرت، هێدی هێدی ڕۆیشتن تا گەیینە وێستگەی قیتار، کاتێ لە زەنگی دووەمی قیتارەکە دراو ئانا دەیویست سورای فارگۆنەکە ببێت، ڕووی کردە گوروف و گوتی:

–کوا با جارێکی دی تەمەشات بکەم... جارێکی دیکە بتبینم، ئاوها.

ئانا، نەگریا، بەڵام خەمبار بوو، لەوە دەچوو نەخۆش بێ، هەموو ماسولکەکانی دەماوچاوی دەلەرزین. گوتی:

-هەرگیز لەیادت ناکەم... یادت دەکەمەوە. خودا ڕاوەستاوت بکات. گلەیی بەجێ بهێڵە.. بەیەکجارەکی لێکدی جیا دەبینەوە، پێویستە جیاببینەوە، نەدەبوو یەکدی بدینین. خوا پشت و پەنات بێ... خودا حافیز.

قیتارەکە بە هەشتاو کەوتەڕێ، زوو بەزوو گڵۆپەکانی دیار نەمان، دوای دەقیقەیەک، دەنگە دەنگەکەشی دامرکایەوە، لەتۆ وایە هەموو شتەکان بەئانقەست دەستیان تێکەڵاو کردبوو، تا بەزووترین کات کۆتایی بەم فەرامۆشیە شیرینە و بەم شێتاتییە بێنن. گوروف کە بەتاقی تەنیا لەسەر شۆستەی قیتارەکە وەستابوو و چاوی بڕی بووە تاریکیەکە، بە جۆرێ گوێی لە زیکە زیکی سیسرکان و وژە وژی تەلی دارتەلەکان دەگرت وەکو ئەوەی تازە لەخەو ڕابووبێ. لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەمەش ڕیسکێکی دیکەی ژیانم. ڕیسکێک کە تەواو بوو و مەگەر تەنیا وەکو بیرەوەریەکی ڕەوتەنی بمێنێ و هیچی دی." دڵتەنگ و خەمین بوو و هەستی بە سووکە پەشیمانیەک دەکرد. ئاخر ئەم ژنە گەنجە، کە جارێکی دی هەرگیز نای بینێتەوە، لەگەڵ ئەودا خۆشبەخت و ئاسوودە نەبوو. ڕاستە کە گوروف لەگەڵیا ڕاستگۆ و میهرەبان بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش، جۆرە تەوس و توانج و خۆبەلزانی و زبری پیاوێکی خۆشبەخت، کە دوو تەمەنی ئەوی هەبوو، لە ڕەفتار و گوفتار و نەوازشتەکانیا بەرانبەر بە ئانا سیرگییڤنا، هەبوو. ئانا هەمیشە ئەوی بە پیاوێکی میهرەبان و خۆشەویست و شەریف دەزانی. بەڵام ژنەی گەنج بەهەڵەدا چوو بوو، ئەو و کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەوی وەکو چۆن لە واقیعدا هەبوو نەناسی بوو، بۆیە بتەوێ و نەتەوێ ژنەی تاینی هەڵدەخەڵەتاند... دنیا ساردی کرد، بۆنی پاییز لە وێستگەکەدا بڵاوبووەوە، گوروف کەوتەڕێ و لەدڵی خۆیدا گوتی: "کاتی ئەوە هاتووە منیش بۆ باکوور بگەڕێمەوە. بەڵێ کاتی ڕۆیشتنە!"

"٣"

لە مۆسکۆدا هەموو شتێک بۆنی هاتنی زستانی لێدەهات. سۆپا پێ کرابوون، منداڵە مەکتەبلی لەتاریک و ڕونی بەیانیدا لەخەو ڕادەبوون و کارەکەران ناچار دەبوون چرایان بۆ پێبکەن تا تێشت و نانی بەیانیان بخۆن. ئیدی سەرەتای ڕۆژانی زوقم و سەهۆڵبەندان بەرە بەرە دەستی پێدەکرد. کاتێ کە یەکەم بەفری زستان دەکەوێت و لەیەکەم ڕۆژا کە ئینسان سواری خزاک دەبێت و بەفر زەوی و سەربانان دەگرێت،

بەڕاستی دیتنی ئەو دیمەنانە جوان و لەزەت بەخشە. لەم کاتانەدا، ئینسان نەرم و ڕەحەت هەناسە دەدات و لە خۆڕا دەورانی منداڵیەتی وەبیر دەکەوێتەوە. درەختانی کۆنساڵی زەیزەفۆن و بەتولاو غانی سپی پۆش دیمەنێکی هێندە جوان و دڵگیر پەیدا دەکەن، کە زۆر لە سەرو و دارخورما جوانتر دەنوێنن. لە نزیکی ئەمانەوە ئینسان ئارەزووی ئەوەی نامێنێ کە یادی چیاو دەریا بکاتەوە.

گوروف، مۆسکۆیی بوو. ئەو ڕۆژەی کە بۆ مۆسکۆ گەڕایەوە دنیا زۆر سارد بوو، کاتێ پاڵتۆی فەرووی لەبەر کردو دەستکێشی ئەستووری لەدەست کردو پیاسەیەکی شەقامی پیتروفکای کرد و کە ئێوارەی شەممە گوێی بە زەنگی کڵێساکان زرینگایەوە. لەزەت و خۆشی سەفەرەکەی یاڵتا و ناوچە سیحراویەکانی دەوروبەری یاڵتا، کاڵ بووەوە. بەرەبەرە دەستی بە ژیانەکەی جارانی کردەوە. ڕۆژانە سێ ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و هێشتاش دەیگوت ڕۆژنامەکانی مۆسکۆی بە دڵ نین و لەناچاریدا دەیان خوێنێتەوە. ئێستا پای بۆ خوارنگەو یانەو دەعوەتی خواردن و ئاهەنگی ساڵوەگەڕان کرابووەوە و زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کە پارێزەران و ئەکتەرانی مەنشور و بەنێوبانگ هاتوچۆی ماڵەکەیان دەکرد و خۆیشی چونکە لەیانەی پزیشکاندا قوماری دەگەڵ پرۆفیسورێکدا دەکرد، ناوی دەرکردبوو. ئێستا ئیدی دەیتوانی بە یەک ژەم، یەک تاوە ماسی سورەوەکراو بخوات...

وای خەیاڵ دەکرد، ئەگەر کار وابڕوات لە ماوەی یەک دوو مانگدا، تەم و مژ یادو بیرەوەری ئانا سیرگییڤنا لە یادگەیدا دادەپۆشێت و مەگەر بەدەگمەن و جار جارێک وەکو ژنانی دیکەی پێش ئەو، سیمای ژنە گەنجەکە و بزەو خەندە ئەفسووناوییەکەی، لە زەینیدا زندوو ببێتەوە. بەڵام پتر لە هەیڤێک بووری، زستان گەییە نیوەی دووەمی، بەڵام یادی ئانا، بەڕادەیەک لە زەین و یادگەیدا زندوو بوو دەتگوت دوێنێ لێکدی جیابونەتەوە. ئاگری بیرەوەری ئەو ڕۆژانە، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بڵێسەی دەسەند. ئەوەندەی بەس بوو کە لە بێدەنگی شەودا گوێی لە دەنگی منداڵەکانی بێت کە مژوولی ئامادەکردنی وانەکانیان بوون، یا گوێی لەگۆرانیەکی دڵداری بێ، یا دەنگی ئۆرگێک لە خوارنگەیەکەوە بگاتە گوێی، یا با بەلووره لوور خۆی بە دووکەڵکێشی موغەیریەکەدا بکات، تا هەموو شتێک لەزەین و یادگەیدا زندوو ببێتەوە:هەر لەتەم و مژی بەیانیانی سەر چیاکانەوە بیگرە تا ئەوەی لەسەر کۆڕنیشی دەریاکەدا ڕوویدا بوو، تا چاوەڕوانی ئەو کەشتیەی کە لە فیودوسیاوە دەهات و تا ئەو ماچ ماچێنەی لەنێوانیاندا ڕووی

دابوو، هەر هەمووی لە زەین و یادگەیدا زندوو دەبووەوە. بە سەعاتان بە ژوورەکەی خۆیدا دەهات و دەچوو، ڕۆژانی ڕابردووی وەبیر دێنانەوە و بزەی دەهاتێ. ئیدی بیرەوەریەکانی دەبوون بە ئارەزوو و، لە خەیاڵیا ڕابردوو تێکەڵ بە ئاینده دەبوو. ئانا سیرگییڤنا نەک هەر دەهاتە خەون و خەیاڵی، بەڵکو لە هەموو شوێنێکدا، وەکو سێبەر دووی دەکەوت و لێی نەدەبووەوە، هەرکە چاوانی لێکدەنا، ئانا بەزیندوویەتی لەبەرچاوی بەرجەستە دەبوو و هەموو جارێکیش جوانتر و گەنجتر و ناسکتر لە جاران دەهاتە بەرچاوی. ئیدی سەبارەت بەخۆیشی هەستی دەکرد، لەوسا زۆر باشترە کە لە یاڵتا بوو. کە خۆر ئاوا دەبوو و شەو دادەهات، ئانا لە سوچی کتێبخانەکەیەوە، لە موغەیرییەکەوە، لە گۆشەی ژوورەکەوە تەمەشای دەکرد، بەو حاڵەوە گوێی لە هەناسەی دەبوو، گوێی لە ورشەو پرشەی دڵگیر و دڵنەوازی جلەکانی دەبوو. بەئومێدی ئەوەی کە کەسێکی وەکو ئانا بدینێ، لە کوچەو کۆڵاناندا بە نیگا تاقیبی ژنانی دەکرد...

وای لێهاتبوو، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، بتوانێ لەگەڵ کەسێکدا دەردە دڵ بکات، یادگاریەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. هەڵبەتە مەحاڵ بوو بتوانێ لە ماڵەوە باسی ڤیان و ئەڤینداری خۆی بکات. لە دەرێی ماڵەوەش کەسێکی وای شک نەدەبرد کە گوێی لێبگرێت. ئاخر چۆن دەیتوانی گرێی دڵی بۆ خانەوادەکەی، یا هاوکارانی بانقی خۆی بکاتەوە؟ چما پەیوەندی ئەو و ئانا، شتێکی جوان و شاعیرانە و پەندئامێز و تەنانەت سەرنجڕاکێشی تیا بوو کە شایستەی گێڕانەوە بێ؟ ناچار بوو هەندێ عمومیاتگۆیی ئاڵۆز و گونگ دەربارەی ڤیان و ژنان بداتە دەم یەکەوە و کەسیش لێی تێنەگات و گوێی نەداتێ تەنیا ژنەکەی برۆ ڕەشەکانی هەڵدەبڕین و دەیگوت:

-گوێ بگرە دیمیتری، تۆ بەهیچ جۆرێ دەوری هەرزەکار و فشەکەر و خۆهەڵکێشت لێنایەت.

ئەنجام شەوێک، کە لەیانەی پزیشکان، بە ڕێکەوت لەگەڵ فەرمانبەرێکی دایەرەی خۆیدا، لەسەر قومار هەستابوون، و دەهاتە دەرێ، خۆی پێنەگیراو گوتی:

-خۆزگە دەتزانی کە لە یاڵتا، دەگەڵ چ شۆخە ژنێکی ئەفسووناویدا ئاشنایەتیم پەیدا کردبوو!

فەرمانبەرەکەی هاوڕێی، سواری خزاگ بوو و کەوتەڕێ، بەڵام لەناکاوا ئاوڕی دایەوە و هاواری کرد:

-دمیتری دمیتریچ!

-چیە؟

-قسەکەی سەعاتێ لەمەپێشت دروست بوو: ماسییەکە بۆگەن بوو.

ئەم قسە زۆر ئاساییە، کەس نەیزانی لەبەرچی گوروفی زۆر پەست و تووڕە کرد، بە تەوهین و سووکایەتیەکی پیسی زانی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "چ خەڵکانێکی هۆڤی و کێوی، چ خوو خدەیەکی هۆڤیانە! چ شەوێکی بێ مانا، چ ڕۆژانێکی بۆش و بەتاڵ و ڕۆتینی و تاقەتبەر! قوماری شێتانە، پڕ خۆری، بادەنۆشی، قسەی سواوی دووبارە، لێدانی هەمان قەوانی شکاو، کارێن بێهودە و قسەێن دووبارە و دەبارە، باشترین کاتی تەمەن و باشترین هێز و توانای پیاوانی وەکو گوروف، بە فیڕۆ دەدەن و سەرەنجام چ شتێکیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە جۆرە ژیانێکی بۆش و بەتاڵ و بێ سەروبەر، وەکو ئەوەی بەخورتی لە شێتخانان دابنرێن یا بخرێنە زندانەوە.

گوروف ئەو شەوە خەو نەچووە چاوانی، لەداخا گینگڵێ دەدا، بۆ سبەیش، بەدرێژایی ڕۆژەکە، ژانە سەرێکی توندی لەگەڵدا بوو. شەوانی دواتریش خەوی دەزڕا، لەنێو جێگاکەیدا دادەنیشت، دەبیرەوە دەچوو، یا بەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. لە منداڵەکانی خۆی، لەو بانقەی کە کاری تیا دەکرد بێزار و وەڕز بوو بوو. نە حەوسەڵەی ئەوەی هەبوو بۆ شوێنێک بڕوات نە قسە دەگەڵ کەسێکدا بکات.

لە پشوو و ئاهەنگەکانی مانگی دیسامبەردا، بارگەی سەفەری تێک ناو بە ژنەکەی گوت، کە بۆ پتر سبۆرگ دەڕوات تا واسیتە بۆ گەنجێک بکات کە لەکارێک دایمەزرێنێ، بەڵام لە جیاتی پتروسبۆرگ، لە شاری "س" سەری دەرهێنا. بۆچی؟ خۆیشی بەتەواوەتی نەیدەزانی بۆ. حەزی دەکرد ئانا سیرگییڤنا بدینێ و قسەی دەگەڵدا بکات و ئەگەر بکرێت قەول و قەرارێکی دەگەڵدا ببەستێ.

بەیانی گەییە شاری "س"، لە باشترین ئوتێلدا ژوورێکی گرت. زەمینەی ژوورەکە، لە جیاتی فەرش، بە ماهووتێکی سوپایی خاکی فەرش کرابوو، شووشە مەرەکەبێک بەسەرمێزەکەوە بوو کە لە گەرد و تۆزا قاوەیی بوو بوو، وێنەی سوارێکی چکۆلەی بێ

سەری بەسەرەوە بوو کە دەستی هەڵبڕی بوو و کڵاوێکی لێوداری بەدەستەوە بوو. پێشخزمەتی ئوتێلەکە زانیاری پێویستی دایە: فون دیدریتس، لە شەقامی ستارو – گونچارنایا لە ماڵە تایبەتیەکەی خۆیدا دەژی کە زۆر لە ئوتێلەکەوە دوور نییە. کاروباری خراپ نییە، ماڵ و حاڵێکی هەیە، خاوەنی چەندین سەر ئەسپە و گالیسکەی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو خەڵکی شار دەیناسن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە یارۆی پێشخزمەتی ئوتێلەکە، ناوی مێردەکەی ئانای بەغەڵەت دەبرد و دەیگوت: دریدیریتس.

گوروف، بەکاوەخۆ بەرەو شەقامی ستارو –گونچارنایا ڕۆیی و ماڵەکەی دۆزییەوە. تەیمانێکی دارینی نوک تیژ – درێژ و و قاوەیی، بەدەوری ئەم ماڵەدا کێشرا بوو. گوروف کە جارێک دەیڕوانیە پەنجەرەکانی ماڵەو، جارێ دەیڕوانیە تەیمانە دارینەکە، لەدڵی خۆیدا گوتی: "پیاو دەبێ خۆی لەم جۆرە تەیمانانە بپارێزێت..."

بەدەم ڕێوە بیری دەکردەوە: ئەمڕۆ یەک شەممەیە، دەبێ مێردەکەی لەماڵ بێ. هەر ماقولیش نیە بەبێ ئاگاداری بچم بۆ ماڵیان و ئیحراجیان بکەم. خۆ ئەگەر نامەش بۆ ئانا ڤڕێ بکەم، زۆر نزیکە بکەوێتە دەستی مێردەکەی و هەموو شتێک کەشف ببێت و... کەواتە باشترین شت ئەوەیە کە چاوەڕوانی ڕێکەوت بکەم و شتەکە بەڕێکەوت بسپێرم. بە جادەکەدا و بەپاڵ تەیمانەکەدا کەوتە پیاسە و چاوەڕوانی ئەو ڕێکەوتەی دەکرد. دەرۆزەکەرێکی بینی کە خۆی بە حەسارەکەی ماڵی ئانادا کرد و سەگەل، بەدەم سەگوەڕەوە بۆی هاتن. دوای سەعاتێک نەوای پیانۆی –کزو گۆنگ – هاتە گوێ. لەدڵی خۆیدا گوتی: بێگومان ئانا سیرگییڤنایە کە پیانۆ لێدەدا. لەناکاوا دەرگای سەرەکی ماڵەکە کرایەوە، پیرەژنێک هاتە دەرەوە، سەگە چکۆلە سپیەکەی ئانا، بەغار دووی کەوت و هاتە کۆڵان. گوروف، ویستی سەگەکە بانگ بکات، بەڵام دڵی بە جۆرێ داخورپا و کەوتە لێدان و پەرێشان بوو کە ناوی سەگەکەی بیر چووەوە.

ئیدی بەدەم پیاسە و ڕاوێچکەوە، سات بەسات پتر ڕقی لە تەیمانە قاوەییەکە هەڵدەستا. بەدڵی خەمین و کەسەردارەوە، لەدڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئانا سیرگییڤنا، فەرامۆشی کردووە و بێگومان هەنووکە دەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردووە و، دیارە ئەمە بۆ ژنێکی گەنج، کەناچارە لەبەیانیەوە تا ئێوارێ، لەچوارچێوەی ئەم تەیمانە نەحلەتیەدا زندانی بێ، زۆر ئاساییە. بۆ ئوتێلەکە گەڕایەوە، ماوەیەکی زۆر لەسەر قەنەفەکە دانیشت و پاڵی دایەوە. نەیدەزانی چ بکات. پاشان فراڤینی خوارد و ماوەیەکی زۆر خەوت.

دوای خۆرئاوا خەبەری بووەوە. چاوی بڕینە پەنجەرە تاریکەکانی ژوورەکە و لەدڵی خۆیدا گوتی: "چ کەرێتییەکم کرد! ئەم هەموو خەوە چ بووە؟ شەوێ چۆن خەوم لێ بکەوێ؟" لە قەراغ تەختە خەوەکە، کە پەتۆیەکی هەرزان بەهای قاوەیی، وەکو پەتۆیانی نەخۆشخانانیان، پێدا دابوو، دانیشت و بە کەسەرەوە کەوتە سەرکۆنەی خۆی کە: "فەرموو ئەمەش بەزمی خانم و سەگە چکۆلەکەی... ئەمەش بەزمی ئاشقێنی جەناب عالیت... دەبخۆ دەی... بۆ خۆت لێرە دانیشە و باوێشکان بدە!"

بەیانی ئەو ڕۆژە، لە وێستگەی قیتاردا، ئاگادارییەکی شانۆی شاری بینی بوو کە بەخەتی درشت نووسرا بوو: "هەوەڵین شەوی نواندنی گیشا "ئۆپەرێتێکی سیدنی جۆنسۆنی موزیسێنی ئینگلیزە" ئەو ئاگادارییەی بیرکەوتەوە و گالیسکەیەکی بەکرێ گرت و چوو بۆ شانۆیەکە. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "دوور نییە ئاناش لە شەوی یەکەمی نمایشەکەدا لەوێ بێت."

شانۆیەکە قەرەباڵغ بوو. لێرەش وەکو شانۆی هەموو شارۆچکە و ناوچەکانی دی، تەم سەرووی بلاجکتۆر و گڵۆپەکانی پڕ کردبوو، خەڵکی لە ڕاڕەوەکاندا کردبوویان بە هەراو زەناو قەرەباڵغی و ژاوەژاو، کەشخە و شیکپۆشانی شار، پێش ئەوەی نمایشەکە دەست پێبکات، لە ڕیزەکانی پێشەوەی شانۆکەدا وەستابوون و دەستیان خستبووە پشتیان. لە لۆجی تایبەتی فەرمانداردا، کیژەکەی لە ڕیزی پێشەوە لەسەر مۆبیلەیەک دانیشتبوو و فەرویەکی ناسکی کەوڵەڕێوی بەشانیا دابوو، بەڵام فەرماندار لەڕووی تەوازوعەوە، لەپشت پەردەی دەرگای لۆجەکەوە وەستابوو و تەنیا دەستەکانی دیار بوون، پەردەی شانۆکە دەجوڵایەوە و دەنگی کۆک کردنی ئامێرە موزیکیەکان دەهاتە گوێ. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە تەمەشاڤانان دەهاتنە هۆڵەکەوە و لە جێگای خۆ دادەنیشتن، گوروف بەتاسەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و بە چاو تاقیبی دەکرد.

ئەنجام ئانا سیرگییڤناش خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و لە ڕیزی سێیەمدا دانیشت، هەرکە گوروف ئانای بەدی کرد، دڵی داخورپا و بەڕوونی بۆی دەرکەوت کە ئانا، ئازیزترین و نزیکترین و گرنگترین کەسی ئەم دنیایە بۆ ئەو. ئەم ژنە وردیلەیەی، کە لەنێو ئەم حەشیمەتە قەوغایەدا، لە دەرزییەکی گوم بووی ناو یەک خەرمانە کا دەچوو، ئەم ژنەی کە هیچ شتێکی ناوازە و سەرنجڕاکێشی نەبوو، ئەم ژنەی کە کامێرایەکی هەرزان بەهای بەدەستەوە گرتبوو، ئێستا هەموو ژیانی گوروفی پڕ کردبووەوە و بوو بوو بە خەم و شادی و تاقە بەختەوەری و خولیا و ئارەزووی ئەو. گوروف، بەدەم ئاوازی

ناخۆشی گۆرانی بێژەکان و دەنگی ناسازی ئامێرە بازاڕییە خراپەکانەوە، تەنیاو تەنیا بیری لە جوانی ئانا دەکردەوە. بیری دەکردەوە و خەونی دەبینی.

دەگەڵ ئانادا، گەنجێکی درێژ داهۆڵی کەمێک پشت کۆماوەی لاجانگ کورت وەژوور کەوت و لە تەنیشت ئەوەوە دانیشت. سەری کابرای گەنج لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بە جۆرێ دەجولا کە لەتۆ وایە بەردەوام لەحاڵی ئیکلام کێشاندا بوو. لەوە دەچوو مێردەکەی بێ، ئەو مێردەی کە لەیالتادا بە بێزاری و وەڕزییەوە باسی دەکرد و دەیگوت نۆکەر سیفەتە. و بەڕاستی جۆرە نیشانەیەکی خولام سیفەتی، بەبالا درێژ و نێوچەوانە کەم مووەکەی و لاجانگ و ڕدێنە کورتە کەیەوە بەدی دەکرا، بزەیەکی شیرین بەسەر لێویەوە هەبوو، میدالێکی زانستی بە یەخەی جاکەتەکەیەوە دەبریقایەوە، زیاتر لە نیشانەی سەریەخەی پێشخز مەتان دەچوو.

کابرا لە یەکەم پشوودا چووە دەرێ تا جگەرە بکێشێت و ئانا، لە جێی خۆی بەتەنیا مایەوە. گوروف کە چەند ڕیزێک لەدواترەوە دانیشتبوو، چوو بۆ لای ئانا، بە تۆبزی بزەیەکی بۆ کرد و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: - سلاو!

ئانا تەمەشای کرد و ڕەنگی هەڵبزڕکا. جارێکی دی بە ترس و نیگەرانیەوە تەمەشای کردەوە، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، باوەشێن و کامێراکەی لەنێو دەستیا گوشی. بە ئاشکرا دیار بوو کە هەوڵی دەدا نەبورێتەوە. هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئانا دانیشتبوو و ئەو بەپێوە وەستا بوو. گوروف کە لە پەشۆکان و شپرزەبوونەکەی ئانا ترسا بوو، زاتی نەدەکرد دانیشێت. سازڤانەکان خەریکی کۆک کردنی سازەکانیان بوون، ئەم دووەش لە ناکاوا ترسیان لێنیشت، وایان هەست دەکرد لە هەموو لۆجەکانەوە تەمەشای ئەمان دەکەن. ئانا هەستاو بە هەشتاو بەرەو دەرگای چوونە دەرەوەی هۆڵەکە ڕۆیی، "گوروف"ش شوێنی کەوت. هەردووکیان، بێئەوەی هیچ ماقولیەتێک لەکارەکەیاندا هەبێت، بەڕاڕەوەکاندا کەوتنە هاتوچۆ. بە قالدرمەکاندا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان. خەڵکانی جیاواز بە جل و بەرگی تایبەتی قازییان و مامۆستایان و فەرمانبەرێن دەوڵەتیەوە -هەموو میداڵ بەبەرۆکەوە -بەلایاندا تێدەپەڕین. بەلام ئەوان بێ گوێدان بە دەوروبەری خۆ و بێ گوێدان بەو ژنانەی تێدەپەڕین و بەو جێ جلانەی کە جۆرەها پاڵتۆی چەرم و فەرویان پێوە هەڵواسرابوو، پیاسەی خۆیان دەکرد. بایەک لە شوێنێکەوە دەهات یەکپارچە بۆنە دووکەڵی جگەرە

بوو. گوروف، کە دڵی بە توندی لێی دەدا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەرێ ئەم قەرەباڵغی و ئۆرکسترایە چیە، بە کەڵکی چی دێت..."

لەو ساتەدا، ئەو ئێوارەیەی بیرکەوتەوە کە چوو بوو بۆ وێستگەی قیتار تا ئانا بەڕێ بکات. ئەو ڕۆژە لە دڵی خۆیدا گوتبووی تەواو، هەموو شتێک تەواو، ئیدی هەرگیز یەکدی نابیننەوە. بەڵام ئێستا وای هەست دەکرد ئەم ڕێگایە زۆر دوور ودێژە و بەم زووانە نابڕێتەوە.

لە سەر قاڵدرمەیەکی تەنگ و نیمچە تاریکدا، کە لە سەررووییەوە نووسرابوو "تایبەت بە نواندن" وەستان. ئانا کە هێشتا شپرزە و پەشێو بوو، لەکاتێکا بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا گوتی:

-ئاهـ چەند ترسام! بەڕاستی ترساندمت! لەزگ بوو بمرم! بۆچی هاتوویت؟ بۆچی؟

گوروف، بە پەلەو لەبن لێوانەوە گوتی:

-ئانا، لە حاڵم بگە، لێم تێبگە، تکات لێدەکەم لێم حاڵی بە...

ئانا بە نیگایەکی ئاوێتە لە ترس و پاڕانەوە و خۆشەویستیەوە دەیڕوانیە گوروف، بۆ ئەوەی زیاتر سیما و تەرح و دیداری گوروف، بە زەینی خۆی بسپێرێت. بەڵام بێئەوەی گوێ لە قسەکانی گوروف بگرێت، لەسەری ڕۆیی:

-من زۆر ناڕەحەتم! بەدرێژایی ئەم ماوەیە هەر بیرم لە تۆ دەکردەوە، لە بیرو خەیاڵ لەگەڵ تۆدا دەژیام، لەگەڵ بیرەوەریەکانی یاڵتادا دەژیام. دەمویست لەبیرت بکەم، لە بیرت بکەم، پێم بڵێ بۆچی هاتی؟ ئاخر بۆ؟

دوو خوێندکاری گەنج، لە پاگەردی قاڵدرمەکە وەستا بوون، بەدەم جگەرەکێشانەوە تەمەشای خوارەوەیان دەکرد. گوروف، بێئەوەی گوێ بەو دوانە بدات، باوەشی بە ئانا سیرگییڤنادا کرد و دەموچاو و گۆنا و دەستەکانی غەرقی ماچ و ڕامووسان کرد. ئانا بە ترسەوە، لە کاتێکا هەوڵی دەدا ئەو لە خۆی دووربخاتەوە گوتی:

-ئەوە چی دەکەی؟ چ دەکەی؟ من و تۆ شێت بووین. ئەمڕۆ... هەر ئێستا لەم شارە بڕۆ... بەهەموو قەدیسان سوێندت دەدەم، لێت دەپاڕێمەوە، بڕۆ... نەبا یەکێک بێ بەسەرمانا... پێدەچێ یەکێک بۆ ئێرە بێت!

یەکێک بە پلەکاندا سەردەکەوت. ئانا بەدەم پاڕانەوە و لە بن لێوانەوە لەسەری ڕۆیی:

-دەبێ لێرە بڕۆیت، گوێت لێمە دمیتری دمیتریچ؟ بەخۆم دێم بۆ مۆسکۆ، دێم بۆ لات. من هەرگیز خۆشیم بە خۆوە نەبینیوە و خۆشیش بەخۆوە نابینم، کارێکی وامەکە لەوەش خراتربیم، بەڵێن دەدەم کە دێم بۆ مۆسکۆ بۆلات. بەڵام ئێستا با لێکدی جیاببینەوە گیانەکەم، ئازیزە میهرەبانەکەم، دەبێ لێکدی دووربکەوینەوە!

دەستی گۆروفی گوشی، لەکاتێکدا سات بەسات ئاوڕی پاشی دەدایەوە و سەیری ئەوی دەکرد، بە هەشتاو لە قالدرمەکانەوە داگەڕا . بە چاوەکانیا دیار بوو کە بەڕاستی ژنێکی بەختەوەر نەبوو... گوروف، کەمێک لە هەمان جێگادا وەستا، کەمێک گوێی هەڵخست، کە بێدەنگی بەتەواوەتی بەرقەرار بوو، پاڵتۆکەی دۆزییەوە و لە شانۆیەکە وەدەرکەوت.

"٤"

پێی ئانا سیرگییڤنا بۆ مۆسکۆ کرایەوە. هەر دوو سێ هەیڤان جارێک بە بیانووی سەردانی پزیشکی تایبەتی ژنانەوە لە شارۆچکەی "س"ەوە دەهات بۆ مۆسکۆ و مێردەکەی باوەڕی بە قسەکانی دەکرد و نەدەکرد. ئانا کە دەگەییە مۆسکۆ، دەچووە ئوتێلی "سلاڤیانسکی بازاڕ" و خێرا یەکێک لە بۆیەکانی ئوتێلەکەی بە کڵاوێکی سوورەوە -ئەمە نیشانەی قەراردای نێوانیان بوو – بۆ لای گوروف دەنارد و گوروف بە هەشتا و دەڕۆیی بۆ لای و لە سەرانسەری مۆسکۆدا کەس بەم کەین و بەینەی نەدەزانی.

گوروف بەیانیەکی زستان دەچووە دیدەنی ئا (ئێوارەی پێشوو، ئەو بۆیەی کە پەیامی ئانای پێ دەگەیاند، چوو بوو بەڵام نەیدۆزی بووەوە). کیژەکەی گوروف دەگەڵ بابیا دەبێت. بە تەمابوو لەسەر ڕێگای خۆیەوە تا قوتابخانەی (ئامادەیی) بگەیەنێت. بەفرێکی قورس و تەڕ دەباری. گوروف بە کچەکەی گوت:

-هەرچەندە پلەی گەرما سێی سەرووی سفرە، کەچی بەفر دەبارێ. بەڵام ئەم گەرمایە تەنیا لەسەر ئەرزی وایە. دەنا لە ئاسماندا پلەی گەرما زۆر نزمترە.

-باوکە، بۆچی لە زستاندا، هەورەتریشقە و تەشبریق نییە؟

گوروف، هەندێ شتی لەو بارەیەوە بۆ ڕوون کردەوە. لەکاتێکا دەگەڵ کیژەکەیدا قسەی دەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "هەرچەند دەچمە ژوان، بەڵام چ کەسێک بەم نهێنییەی من نازانێت و ڕەنگە هەر نەشزانێ." ئێستا دوو ژیانی هەبوو، یەکێکی دیار کە لە لای هەموو کەسێک عەیان و ئاشکرا بوو و هەر کەسێک بیویستایە دەیتوانی بیدینێ و سەری لێدەربێنێ. ئەم ژیانە وەکو ژیانی دۆست و ئاشناکانی خۆی تەژی بوو لە حەقیقەتی ڕێژەیی و فریوی ڕێژەیی. ژیانێکی دیکەی هەبوو، پەنهان و ژێراو ژێر، دوور لە چاوێن ئەغیار درێژەی بەبوونی خۆی دەدا. ئیدی بەگوێرەی ڕۆژگار، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگ و خۆش و پێویست بوو، ئەوەی ئامیان و هەوێنی ڕاستەقینەی ژیانی ئەوی پێکدێنا، هەر هەمووی بە پەنهانی و دوور لە چاوی خەڵکی ئەنجام دەدا، بەڵام شتەکانی دی، ئەوەی درۆ و نێرەنگ بوو، هەر هەمووی پەردەیەک بوو حەقیقەتی خۆی لەژێردا دەشارەوە -بۆ نموونە وەکو کارەکەی بانق، یا گەنگەشە و گفتوگۆکانی لەیانەدا یا "خێڵی خوێڕیانەکە"ی یا ئەو ئاهەنگانەی کە دەگەڵ ژنەکەیدا بۆی دەچوو — هەر هەموو ئەمانەی بەئاشکرا دەکرد و ئەنجام دەدا. چونکە لەخۆیەوە تەمەشای خەڵکی دەکرد و خۆی دەکرد بە مەحەکی هەڵسەنگاندنی هەر کەسێک، باوەڕی بە ڕواڵەت نەدەکرد و باوەڕی وابوو، کە واقیعی ترین و خۆشترین ژیانی هەر کەسێک لە تاریکی شەو و لەپشت پەردەوە دەگوزەرێ. یانی ژیانی تایبەتی هەر کەسێک بەندە بە نهێنیانەوە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە خەڵکانی ڕۆشنبیر و شارستانی، حەز نەکەن پەردە لە ڕووی نهێنییانی شەخسی خەڵکی هەڵماڵن و لە قاوی بدەن.

گوروف، کە کیژەکەی گەیاندە قوتابخانە، بەرەو ئوتێلی "سلاڤیانسکی بازاڕ" کەوتەڕێ لە خوارەوە پاڵتۆکەی داکەند و بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت و بە ئەسپایی لەدەرگای دا، ئانا سیرگییڤنا، بە کراسە کەوەییەکەیەوە، کە گوروف حەزی لێدەکرد، لە دوێنێ ئێوارەوە، کە ماندووی سەفەر و چاوەڕوانی بوو، چاو لەڕێی ئەو بوو. ڕەنگی زەرد بوو، تەمەشای دەکرد و پێنەدەکەنی، هەر کە گوروف وەژوورکەوت، ئانا باوەشی پێدا کرد و خۆی بە سینگ و بەرۆکیەوە قرساند. ڕامووسانێکی هێندە دوورو درێژیان کرد، لە تۆ وایە دوو دانە ساڵە یەکدییان نەبینیوە.

گوروف لێی پرسی:

-حاڵ و ڕۆژگاری ئەوێندەرت چۆن دەقەتێ؟ چی هەیە چی نیە؟

-پەلە مەکە، ئێستا بۆتی باس دەکەم... جارێ ناتوانم...

لەڕاستیدا نەیدەتوانی قسە بکات، چونکە دەگریا. ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەرگێڕا و فرمێسکەکانی سڕی. گوروف لەدڵی خۆیدا گوتی: "با کەمێک بگری. من جارێ لێرە دادەنیشم." لەسەر کورسیەک دانیشت. ئەوسا لە زەنگی داو داوای چایەکی کرد، لەکاتێکا ئەم چایەکەی دەخواردەوە، ئانا هێشتا بە پیوە و ڕوو لە پەنجەرەکە وەستابوو... ئیدی لە نیگەرانیدا دەگریا، ئەم ژیانە خەمناکەی کە تووشی بوو بوون و دەبوایە وەکو دزان خۆ لە خەڵکی بدزنەوە و تەنیا بە نهێنی یەکدی ببینن، زۆر نیگەرانی دەکرد، ئاخر ئەمەش بوو بە ژیان؟

سەرەنجام گوروف گوتی: -مەگری... بەسە!...

وەکو ڕۆژی ڕوون لێی عەیان بوو کە ئەم ئەشق و ڤیانەیان بەم زووانە کۆتایی نایەت و هیچ دیار نییە کەی تەواو دەبێت. ئانا سیرگییڤنا لە جاران زیاتر ئاشقی بوو بوو، بەپەرستن دەیپەرست. بۆیە هیچ ماقووڵ نەبوو، پێی بڵێ ئەم ئەشق و ڤیانەش، ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتایی دێت. ئاناش باوەڕی بە قسەی وا نەدەکرد.

گوروف، لێی نزیک بووەوە، دەستی خستنە سەر شانەکانی تا نەوازشیان بکات، ڕێک لەودەمەدا سیمای خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی: قژی خەریک بوو ماش و برنج دەبوو. پێی سەیر بوو کە لەزەرفی ئەم چەند ساڵەی دواییەدا، بەم ڕادەیە پیر و ناشیرین بوو بوو. شانەکانی ئانا گەرم بوون و لەژێر دەستەکانی گوروفدا دەلەرزین. خەفەتی بۆ ئەم ژیانە هێشتا گەرم جوانەی ئانا دەخوارد – ئەم ژیانەی کە بەرەو ئەوە دەچو وەکو ژیانی ئەو (گوروف) بەرەو ژاکان و چرمسین و دامرکانەوە بڕوات. ئاخر ئانا بۆچی ئەوەندەی خۆش دەویست؟ هەمیشە بەشێوەیەکی جیاوازتر لە حەقیقەتی خۆی دەهاتە بەرچاوی ژنان، ژنان خودی ئەویان خۆش نەدەویست، بەڵکو ئەو شۆڕە سواری خەیاڵی خۆیان، خۆش دەویست کە لەودا دەبینییەوە، ئەو شۆڕە سوارەی بەدرێژایی تەمەنی بە خۆیان بەتامەزرۆییەوە بۆی دەگەڕان. خۆ ئەگەر پاشان پەیان بە هەڵەی خۆیانش ببردایە هەر خۆشیان دەویست. هیچ ژنێک لەگەڵ ئەودا هەستی بە بەختەوەری و ئاسوودەیی نەکرد بوو. ڕۆژگار تێ دەپەڕی و ئەو ئاشنایەتی و دۆستایەتی دەگەڵ جۆرەها ژندا پەیدا دەکرد، ماوەیەکی لەگەڵدا ڕادەبواردن و پوولی پێوە دەنان، بەڵام بە تەمەنی خۆی بۆ تاقە جارێکیش ئاشق و شەیدای شتاقیان نەبوو، لە ژیانیا تامی ئەشقی نەکرد. ئەوەی دەگەڵ ژناندا دەیکرد هەموو شتێک بوو تەنیا ئەشق نەبێ. بەڵام ئێستا کە بەفری پیری بەرەبەرە سەری دادەپۆشی، بۆ یەکەمجار لە ژیانیا ئاشق و شەیدای ئانا

بوو بوو. ئەمانە وەکو دوو دۆستی گیانی بەگیانی، وەکو دوو خزمی زۆر نزیک، وەکو ژن و مێرد یەکیان خۆش دەویست، بەخۆیان پێیان وابوو، چارەنووس بۆ یەکی دروست کردبوون و بە ئەقڵی خۆشیاندا نەدەچوو کە گوروف ژنی هەبێ و ئانا مێرد. ئەمانە لە دوو باڵندەی کۆچەری دەچوون، یەکێکیان نێر و ئەویتریان مێ. بەداوەوە بوو بوون و ناچاریان کردبون، دوور لە یەکدی لە دوو قەفەزی جیادا بژین، ئیدی لە هەموو ئەو شتانەی یەکدی بوردن کە لەڕابردوودا مایەی شەرمیان بوو، لە هەموو خەتایەکی ئێستای یەکدی خۆش بوون و وایان هەست دەکرد ئەشق و ڤیانەکەیان هەردووکیانی گۆڕیوە.

گوروف، جاران کە خەم دایدەگرت و خۆی بە هەر بیرێکەوە کە بە مێشکیدا دەهات مژوول دەکرد، بەڵام ئێستا بیری لە هیچ نەدەکردەوە. هەستی بە هاوخەمیەکی قووڵ دەکرد، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد میهرەبان و ڕاستگۆ بێت...

بە ئانای گوت:

- بەسە گیانەکەم، بەسە، زۆر گریایت... وەرە با کەمێک قسان بکەین، بەڵکو بتوانین چارێکی حاڵی خۆمان بکەین.

ماوەیەکی زۆریان بەدەم ڕاوێژ و گفتوگۆوە بردە سەر کە چۆن خۆیان لەم ڕەوشە نالەبارە ڕزگار بکەن، نەیاندەویست لەوەی پتر پەیوەندی خۆیان بشارنەوە و بەناچاری پەنا وەبەر درۆ و نێرەنگ بەرن و بەناچاری لە دوو شاری دوور لە یەکدی بژین و بە هەیڤان لە دیداری یەکدی مەحرووم بن. چۆن و بە چ شێوازێک دەیان توانی ئەو هەموو کۆت و زنجیرە لە تەحەمول بەدەرە، بپچڕن؟ گوروف، سەری دەنێو هەردوو دەستی ناو گوتی:

-چۆن؟ ئاخر چۆن؟

وایان دەهاتە بەرچاو کە لەهەر ئان و ساتێکدا چارەسەری کێشەکەی خۆیان دەدۆزنەوە، هەنگێ دەست بە ژیانێکی جوان و تازە دەکەن. بەڵام هەردووکیان چاک دەیانزانی کە ئەمە هێشتا سەرەتاو دەستپێکی دژوارترین و ئاڵۆزترین قۆناغی ژیانیانە و، هێشتا ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژیان بۆ کۆتایی کارەکە لەپێشە.

سەرچاوە: ١-مجموعەاتار انتون پافلوفیچ چیخۆف، جلد چهارم، ترجمە:سروژ استپانیان (ازمتن روسی)، چاپ دوم، تهران:توس ١٣٨١

٢-انتون تشیخوف، مولفات مختارە، المجلد التالت، دار التقدم، موسکو، ١٩٨٢،ترجمە:ابوبکر یوسف

بووکێ

"١"

سەعات دەی شەو بوو، مانگی چواردە بەسەر باخەکەوە دەدرەوشایەوە. لەماڵی خاتوو شۆمینادا، تازە نوێژ و نزای شەوێ کە لەسەر داوای داپیرە مارفا میخائیلوڤا بەرپا کرابوو، تەواو بوو بوو. نادیا، دوای تەواوبوونی ڕێورەسمی نوێژ و نزایەکە، بەچەند دەقیقەیەک، بە نیازی هەوا گۆڕکێ هاتبووە ناو باخەکە. لەوێوە پێشخزمەتەکانی لە ژوورەوە دەبینی کە چۆن خوانەکەیان بە جۆرەها خواردنی بەلەزەت دەڕازانەوە و هەروەها داپیرەشی دەبینی کە چۆن بەکراسە ئاوریشمە جوانەکەیەوە دەهات و دەچوو و ئەمری بە پێشخزمەتەکان دەکرد کە ئەمە بکەن و ئەوە بکەن. لەم بەینەدا نینا ئیڤانوڤنای دایکی خۆیشی بینی کە لە ژووری میواندا، دەگەڵ ئاندرێی قەشە باشی کلێسادا، سەرگەرمی گفتوگۆ بوو، سەیر ئەوە بوو کە دایکی لەپشت پەنجەرە ڕووناکەکەی ژووری میوانەوە زۆر گەنج دیار بوو. "ئاندرێ ئاندریچ"ی کوڕی ئاندرێی قەشە باشیش بەدیاریانەوە وەستا بوو و گوێی لە قسەکانیان دەگرت.

کەش و هەوای باخەکە ئارام و سارد بو، لێرە و لەوێ پەڵە سێبەرێکی تۆخ بەسەر ئەرزەکەوە پان بووبووەوە. قیرە قیرِی قورباقان لە شوێنێکی دوورەوە،زۆر دوورەوە، پێدەچوو لەو دیوی شارەوە بێ، دەهاتە گوێ. هەموو شتێک بۆنی بەهاری لێدەهات، بەهاری دڵگیر و خۆشەویست. لەم جۆرە کەش و هەوایەدا ئینسان هەناسەی قووڵتر هەڵدەکێشێت و حەز دەکات وا وێنا بکات کە ژیانی بەهاری نەک لێرەدا، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەدا، لەژێر گومەزی ئاسماندا، لەسەر ترۆپکی درەختاندا، لەشوێنێکی دووری شاردا، لە دەشت و دەرا، لەمەزراو لێرەواراندا، ژیانی بەهاری، گۆنگ و ئاڵۆز، جوان، پڕ بەرەکەت و پیرۆز، دوور لە ئیدراکی مرۆڤی لاوازی تاوانبار دەستی پێکردووە. نادیا بەوجۆرە بیری دەکردەوە، خۆیشی نەیدەزانی لەبەرچی دڵی مەیلی گریان دەکات.

نادیا، تەمەنی بیست و سێ ساڵان بوو. لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە، هەموو خەم و خولیا و ئارەزوویەکی ئەوە بوو کە شوو بکات، ئێستا وا ئاواتەکەی هاتووەتە دی و مارە بڕ و دەزگیرانی "ئاندرێ ئاندریچ"ە، ئەو کوڕەی کە لەپشت پەنجەرەی ژووری

میوانەکەوە وەستاوە -نادیا کوڕەی تاینی بەدڵ بوو و قەرار بوو لە ٧/تەمووزدا زەماوەندی لەگەڵدا بکات، کەچی وێڕای ئەوەش خۆشحاڵ نەبوو، خەوی خراپ بوو، زەوق و کەیفەکەی جارانی نەما... لەژێر خانەکەوە، کە موبەقەکەش لەوێ بوو، لە پەنجەرە کراوەکەی موبەقەکەوە، دەنگی پەلە پەلی هاتوچۆ و تەقو هوڕی چەقۆ و چەتاڵ و پێکادانی دەرگا هاتە گوێ. بۆنی قەلەموونی سوورەوەکراو و ترشیاتی ئالۆبالۆ و گێلاس هەموو شوێنێکی پڕ کرد. نادیا لە خەیاڵی خۆیدا وای وێنا کرد – هەڵبەتە بێئەوەی هۆیەکی تایبەتی بۆ ئەو خەیاڵە لەئارادا بێ -کەسەرانسەری ژیانی بەمجۆرە، بە ڕۆتینی و بێ هیچ گۆڕانێک و بێ کۆتایی، بەسەر دەچێت!

کەسێک، لە ژوورەوە هاتەدەرێ و لەبەر دەرگا وەستا. ئەم کەسە ئەلکساندەر تیموفیچ، بەکورتیەکەی ساشابوو، ساشا میوان بوو، دە ڕۆژێک بوو لە موسکۆوە هاتبوو. کاتی خۆی، زوو زوو، ژنێکی وردیلەی، لاوازی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، نەخۆش و لەشبەبار، بەناوی ماریا پتروڤنا، کە نەجیمزادەیەکی لێکەوتبوو و خزمایەتیەکی دووری لەگەڵ داپیرەدا هەبوو، جار جار بە ئومێدی وەرگرتنی خێرێک یا سەدەقەیەک سەری داپیرەی دەدا. ئەم ژنە کوڕێکی هەبوو بەناوی ساشا، کە نازانم بۆچی دەیانگوت نیگارکێشێکی بەسەلیقەیە. دایە گەورە، پاش مردنی ماریا پتروڤنا، بە خێری خۆی، بە ساقەسەری خۆی، ساشای بۆ مۆسکۆ نارد، تا لە هونەرستانی کومیساروفسکویە بخوێنێ. ساشا، دوای نزیکەی دوو ساڵ چووە پەیمانگەی نیگارکێشی  و نزیکەی پازدە ساڵ لەوێ درێژەی بە خوێندن داو سەرەنجام بە هەزار حاڵ و بە جرە جڕ کولیجی تەلارکاری تەواو کرد، بەڵام کەم و زۆر مومارەسەی پیشەی تەلارکاری نەکرد، بەڵکو لە یەکێک لە چاپخانەکانی چاپی بەردین لە مۆسکۆ دەست بەکار بوو. ئەم کوڕە تەقریبەن هەموو هاوینێک، -هەڵبەتە نەخۆش و لەشبەبار - دەهات بۆ مولک و مەزارەکەی دایەگەورە، تا کەمێک بحەسێتەوە و شیفای بۆ بێت.

ئەو شەوە نیو کۆتێکی دوگمەدار و پانتۆڵێکی کەتانی ئەستوری نیوداشت و دەلنگ تاڵکێشی چرچ و لۆچ و کراسێکی ئوتو نەکراوی لەبەربوو، زۆر سیسەڵە و چرچەڵە دیار بوو، لاوان، چاو گەورە، قامکەکانی شووش و باریک، ڕیشن، ڕەشتاڵە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر جوان و قۆز بوو. بەجۆرێ خووی بە خانەوادە و ماڵباتی شومیناوە گرتبوو، وەکو ئەوەی یەکێک بێت لە ئەندامانی ئەو ماڵباتە، کە دەچووە ماڵی ئەوان، وای

هەستدەکرد کە لەماڵی خۆیدایە. ئەو ژوورەی کە لێرە بۆ ئەو تەرخان کرابوو و لە هەر سەردانێکیا تیای دەژیا، لە مێژ بوو ناو نرابوو "ژوورەکەی ساشا."

ساشا لە شوێنەکەی خۆیەوە نادیای بینی، چوو بۆ لای و گوتی: -ئێرە چەند جوان و خۆشە!

-بەڵێ جوانە. خۆزگە تا پاییز لێرە دەمایتەوە.

-بەڵێ، پێدەچێ ناچاربم وابکەم. لەگینە تا مانگی نۆ لێرە بمێنمەوە و بۆ مۆسکۆ نەگەڕێمەوە.

هەنگێ بەبێ هۆ، پێکەنی و لە تەنیشت نادیاوە ڕۆنیشت.

نادیا گوتی: -من لێرە دانیشتووم و تەمەشای دایکم دەکەم. لێرەوە زۆر گەنج دیارە!

کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوسا لەسەری ڕۆیی:

-هەڵبەتە دایکم هەندێ خاڵی لاوازی هەن، بەڵام بەوحاڵەشەوە هەر ژنێکی ژنانەیە.

ساشا، قسەکانی بۆ سەلماند و گوتی:

-بەڵێ، ژنێکی چاکە... دایکت هەم ژنێکی باشە و هەم زۆر میهرەبانە، هەڵبەتە بەشێوازی تایبەتی خۆی. بەڵام... نازانم چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە؟ ئەم بەیانیە چوومە مووبەقەکە، چوار کارەکەرم بینی کە لەسەر ئەرزەکە نووستبوون، کەتیان (تەختە خەو) نەبوو. لە جیاتی نوێن، جل و پەلاس، پەڕۆ شڕیان ڕاخستبوو... بۆن بۆگەنی و مێشوولە و سیسرک... هەمان وەزع و حاڵی بیست ساڵ لەمەپێش، بێ هیچ گۆڕانێک بەرقەرار بوو.... ئەمە سەبارەت بەدایە گەورە، جێگای گلەیی نییە، گازاندە لەو ناکرێت، ئەو تازە پیر بووە. بەڵام سەبارەت بە دایکت، لای خوایە زمانی فەرەنسی دەزانێت و بەشداری لە نواندنی شانۆییدا دەکات... دەبێ هەست بەو شتانە بکات.

ساشا، عادەتی وابوو کە قسەی بۆ کەسێک دەکرد، دوو قامکی باریک و درێژی بۆ گوێگرەکەی درێژ دەکرد، کەمێک بێدەنگ بوو و گوتی:

-هەموو شتێکی ئێرەم پێ نامۆیە. هەموو شتێکی ئێرەم پێ سەیرە، لەم ماڵەدا کەس بەکەس نییە، کەس هیچ کارێک ناکات. دایکت لە بەیانییەوە تا شەوێ خەریکی پیاسەو

گەڕانە، لەتۆ وایە کچە سوڵتانە، دایە گەورەش دەست بە هیچەوە نادات. تۆش وەکو ئەوانی تریت، دەزگیرانەکەشت، ئاندرێ ئاندریچ، هیچ ناکات.

نادیا، پارو پێراریش هەمان ئەو قسانەی بیستبوون و دەیزانی کە ساشا ناتوانێ بەشێوەیەکی دی بیر بکاتەوە، جاران پێکەنینی بەقسەو گەنگەشەکانی دەهات. بەڵام ئێستا، خۆیشی نەیدەزانی بۆ، بەقسەکانی ساشا پەست و خەمبار دەبوو.

نادیا بەدەم هەستانەوە گوتی:

–ئەم قسانە کۆن بوون و لەمێژە دڵم پێیان دەگوشرێ و لێیان وەڕزبووم. خۆزگە دوو قسەی تازە فێر دەبوویت.

ساشاش، بەدەم پێکەنینەوە هەستا، بە دووقۆڵی بەرەو ماڵ بوونەوە، نادیای باڵا بەرز و بەژن زراڤی خۆش ئەندام و شووش و باریک لە تەنیشت ساشاوە، سەلامەت و گەش و بەکەیف و بەدەماخ دەینواند. نادیا بەخۆیشی هەستی بەمە دەکرد و دڵی بە حاڵی ساشا دەسووتاو بەخۆیشی نەیدەزانی بۆچی هەستی بە جۆرە شەرمەزاری و حەڕەجێک دەکرد. ئەوسا گوتی:

–تۆ لە ڕادەبەدەر قسەی زیاد دەکەیت. بۆ نموونە تۆزێک لەمەپێش باسی ئەندرێی دەزگیرانمت کرد، بەبێئەوەی کەم و زۆر بیناسیت.

–ئاندرێی دەزگیرانت! واز لەباسی ئەندرێی دەزگیرانت بێنە، من دڵم بە گەنجێتی تۆ دەسووتێت.

کاتێ ئەمان خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد، میوانەکان لە دەوری خوانەکە دانیشتبوون، ئامادەی شیو خواردن بوون. بابولیا – خەڵکی ماڵەکە بە دایە گەورەیان دەگوت بابولیا – کە ژنێکی قەڵەوی، ڕەزا قورسی، ئەبرۆ چڕی، برۆ پەیوەست و لێو تووکن بوو، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بە جۆری قسەکردنەکەیدا دیار بوو کە سەرگەڤار و خودان ماڵە. هەرچەندە لە بازاڕا چەندین دوکان و موغازەی هەبوو خانوو بەرەیەکی کۆنی ئەستوندار و باخێکی هەبوو، کەچی هەموو بەیانیەک بەچاوانی گریانەوە، بەدەم نوێژ و نزاوە لە قاپی خوا دەپاڕایەوە کە دووچاری نابووتی نەکات. بووکەکەشی، واتە نینا ئیڤانۆڤنا، دایکی نادیا، لێرە بوو، ئەمە ژنێکی قژ زەردی بەژن زراڤ بوو، عەینەکی چێوە کانزایی لەچاو دەکرد، هەر قامکێکی موستیلەیەکی ئەڵماسی نقێم کارەبای پێوە بوو.

قەشە ئاندریێش لەوێ بوو، ئەمە پیرەمێردێکی لاوازی بێ ددان بوو، سیمای وای دەنواند کە بیەوێ حیکایەتێکی یەجگار سەیر بگێڕێتەوە. کوڕەکەی قەشە باشی، واتا ئاندری ئاندریچ، دەزگیرانەکەی نادیا، گەنجێکی جوان و کەمێک گۆشتن، و قژ لوول بوو و زیاتر لە ئەکتەر و نیگارکێش دەچوو. باس و گفتوگۆیەکەیان لەسەر نواندنی موگناتیزی بوو.

بابولیا ڕوی کردە ساشا و گوتی:

-ئەگەر لای من وەمێنی لەزەرفی یەک هەفتەدا چاک دەبیتەوە و عەلەمت نامێنێ. بەمەرجێ باش بخۆیت.

ئەوسا، ئاهێکی هەڵکێشا و لەسەری ڕۆیی:

-تەمەشا چیت بەسەر هاتووە! بنیادەم لێت دەترسێت! کە کوڕێکی ناڕەسەنی!

بابا ئاندرێ، بەکاوە خۆ، لەکاتێکا بزە لە چاوانیا شەپۆلی دەدا گوتی:

-ئەو مەلعوونە دەگەڵ چوار پێیاندا چووە لەوەڕ هەرچی ماڵ و میراتی بابی هەبوو، بە فیڕۆی دا...

ئاندرێ ئاندریچ، دەستی خستە سەرشانی بابی و گوتی:

-چەندم بابەگیان خۆشدەوێ، پیرێکی چاکە، پیرەمێرێکی میهرەبانە!

هەموو بێدەنگ بوون.. ساشا لەناکاوا پێکەنی و خاولی سەر مێزەکەی بەدەمیەوە گرت.

بابا ئاندرێ، لە نینا ئیڤانۆڤنای پرسی:

-یانی تۆ باوەڕت بە نواندنی موگناتیزی (هیپنوتیزم) هەیە؟

نینا ئیڤانۆڤنا، سیمایەکی جدی و بگرە گرژی لەخۆ هێناو بەرسڤی دایەوە:

-ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم باوەڕم پێیەتی، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم کە سروشت پڕە لە دیاردەێن نامەفهووم و پەنهان و نهێنی ئامێز.

–لە گەڵتام، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە ئیمان، بەشێوەیەکی بەرچاو، ڕادەی دیاردە پەنهانەکان کەم دەکاتەوە.

لەم کاتەدا پێشخزمەتەکان، قەلەموونێکی سوورەوەکراوی گەورەی قەڵەوی چەوریان هێنایە ژوورەوە و لەسەر مێزەکەیان دانا. نینا ئیڤانوڤنا و قەشە ئاندرێ، درێژەیان بە گفتوگۆیەکەیان دا. موستیلە ئەڵماسەکان بە قامکەکانی نیناوە دەبریسکانەوە، پاشان ڕوندک زاییە چاوەکانی، بە پەشۆکاوییەوە گوتی:

–هەڵبەتە من خۆم بەوە نازانم کە گەنگەشەت دەگەڵ بکەم، بەڵام هیوادارم لەوەدا هاوبیرو بۆچوونی من بی کە ژیان پڕە لە مەتەڵ و لیچاڕی لە هەڵهێنان نەهاتگ!

–بەندە دڵنیات دەکەم، کە هیچ مەتەڵێکی لە هەڵهێنان نەهاتگ لە ژیاندا نییە.

دوای شێو، ئاندرێ ئاندریچ کەوتە وێڵون ژەندن و نینا ئیڤانوڤناش بە پیانۆ کەوتە شان بە شانی. ئاندریچ، پێش دەساڵان، کۆلیچی پەروەردەی مامۆستایانی تەواو کردبوو، بەڵام دانەمەزرا بوو و هیچ کارێکی دیاریکراوی نەبوو. تەنیا هەندێجار ئەویش بەدەگمەن، لەو کۆنسێرتانەدا، کە لەلایەن ئەنجوومەنانی خێرخوازییەوە ساز دەکران، بەشداری دەکرد. خەڵکی شار ناویان نابوو "هونەرمەند"

ئاندرێ ئاندریچ، خەریکی وێڵون ژەندن بوو و ئەوانی دی هەموو بێدەنگ و ئارام گوێیان دەگرت. سەماوەرەکە، لەسەر مێزەکە، هێدی هێدی دەکولا، کەس چای نەخواردەوە تەنیا ساشا نەبێت کاتێ سەعاتە دیواریەکە، نیوەشەوی ڕاگەیاند، ژێیەکی وێڵونەکەی ئاندرێ پچڕا. هەموو پێکەنین و میوانەکان هەستان و کەوتنە ماڵاوایی.

نادیا دوای ئەوەی "ئاندرێ ئاندریچ"ی بەرێکرد، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی لە نهۆمی دووەم، کە لەگەڵ دایکیدا لە هەمان ژوور دەژیا. (نهۆمی خوارەوە هی داپیرە بوو) پێشخزمەتەکان، لە خوارەوە خەریکی کوژاندنەوەی چراکانی هۆڵەکە بوون، بەڵام ساشا، هێشتا هەر دانیشتبوو و خەریکی چا خواردنەوە بوو. وەکو مۆسکۆییەکان بەدرێژا دادەنیشت و چای زۆری دەخواردەوە، لە هەر دانیشتنێکدا نزیکەی حەوت کووپ چای دەخواردەوە. نادیا، لە ژوورەکەی خۆیدا، خۆی گۆڕی، چووە جێگاوە، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر گوێی لە دەنگە دەنگی پێشخزمەتەکان بوو کە ئامانەکەنیان کۆدەکردەوە، داپیرەش تووڕە بوو و هەر هاواری دەکرد. پاشان بێدەنگی باڵی بەسەر

هەموو شتێکدا کێشا، تەنیا ناو بەناو دەنگی کۆکە کۆکی ساشا، لە قاتی خوارەوە دەهات.

"٢"

دوو سەعاتێک لە نیوەشەو بوری بوو کە نادیا لە خەو بێدار بووەوە -بەیان لە ئونگاوتندا بوو. تەقە تەقی دار دەستی حەس حەسی شەو، لەدوورەوە دەهاتە گوێ . نادیا مەیلی لە خەو نەبوو. ئەگەر بڵێی جێگاکەشی زۆر نەرموو ڕەحەت بوو، بەڵام حەزی نەدەکرد بخەوێ. ئیدی وەکو هەموو شەوانی مانگی مایوی ڕابردوو، لەناو جێگاکەیدا دانیشت و لە فکران ڕاچوو. بەڵام بیرەکانی هەمان بیری شەوی ڕابردوو بوو. بیری ڕۆتینی یەکنەواو بێهودە و وەسوەسە ئەنگێز، بیری لە ئاندرێ ئاندریچ دەکردەوە کە چۆن دەورو خولی دابوو و مەرایی دەکرد و خوازگاری کرد بوو و چۆن ئەم ڕازی بوو بوو و بەرە بەرە ئەو مرۆڤە میرەبان و زیرەکەی ناسی بوو و ڕێز و حورمەتی گرتبوو. بەڵام ئێستا کە کەمتر لە مانگێک بۆ زەماوەندەکەیان مابوو، بەخۆیشی نەیدەزانی لەبەرچی ئەوەندە هەست بە نیگەرانی و ترس دەکات، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی پێشهاتێکی ناخۆش و ناوادە بێت. دەنگی تەقە تەقی دار عاسای شەوگەڕەکە بەردەوام بوو: تەق، تەق، تەق، تەق، تەق..."

لەپەنجەرە گەورە و کۆنەکەی ژوورەکەیەوە باخەکەی دەبینی، کەمێک لەولاترەوە، هێشوە گوڵی یاس، کە لەسەرما ملیان لار کردبووەوە و خەواڵو دەیان نواند. تەمێکی سپی چڕ و شیر ئاسا، بەرەو داریاسەکە بە شەپۆل دەهات و دەیویست سەراپای دەوەنەکە داپۆشێت. قەلەڕەشانی خەواڵو، لەسەر درەختە دوورە دەستەکانەوە دەیانقڕاند. نادیا لەبن لێوانەوە گوتی: "خودایا، بۆچی ئەوەندە هەست بە دڵ تەنگی دەکەم؟"

ڕەنگە هەموو کچێک لە ڕۆژانی پێش زەماوەندیا، هەمان هەستی لابێ. کێ چوزانێ! یا لەوەیە هۆی ئەم دڵتەنگیەی، قسەکانی ساشا بێ؟ بەڵام خۆ ساشا، چەندین ساڵە هەمان ئەو قسانە دەکات و هەمان قەوان لێدەداتەوە، لە تۆ وایە دەقێکی نووسراوە و ئەزبەری کردووە، کە قسان دەکات زۆر ساویلکە و سەیر دێتە بەرچاو. بەڵام بۆچی ساشام لەبیر دەرناچێ؟ بۆچی؟

سەعاتێک دەبێت کە تەقە تەقی دار عاساکەی شەوگەڕەکە نەماوە. مەلان، لە باخەکە و ژێر پەنجەرەی ژوورەکەی ئەودا، دەچریکێنن، تەمی سەرباخەکە ڕەویوەتەوە، ڕوناکیەکی بەهاری، وەکو زەردە خەنە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە. زوو بە زوو پرتەوی گەرم و کتوپڕی هەتاو، گیانی وەبەر سەرانسەری باخەکە خست، دڵۆپە ئاونگی ئەڵماس ئاسا، بەسەر لق و پۆپی درەختەکان و لاسک و گەڵای گیاوە، کەوتە درەخشانەوە. ئەم بەیانیە باخە کۆن و پیرەکە، ئەو باخەی کەلە مێژ بوو فەرامۆش کرابوو، زۆر گەش و تازە دەینواند.

بابولیاش، لەخەو ڕابوو. دەنگی وشکە کۆکەی ساشا، بەرزبووەوە. لە ژوورەکانی قاتی ژێرەوە، دەنگی پێشخزمەتەکان دەهات کە سەماوەریان پێدەکرد و کورسیەکانیان ڕێکدەخست.

کات بە خاوی دەبووری. نادیا سەعاتێک پتر بوو کە لەباخەکەدا پیاسەی دەکرد، بەڵام کات نەدەڕۆیی، بەیانی هێشتا هەر لە سەرەتادا بوو، لەتۆ وایە نایەوێ جێ بۆ نیوەڕۆ چۆڵ بکات. نینا ئیڤانوڤناش بەچاوانی گریاناویەوە، پەرداخێک ئاوی مەعدەنی بە دەستەوەیە. ماوەیەک بوو خووی دابووە ئامادەکردنی ڕوحان و گیا دەرمانی. زۆری دەخوێندەوە، حەزی دەکرد باسی ئەو گومان و وازوازیانە بکات کە بەرۆکیان دەگرت و نادیا وای وێنا دەکرد کە ئەم ڕەفتارانە حیکمەت و نهێنییەکی قووڵیان تێدایە. دایکی ماچ کرد و کەوتە شان بە شانی و پرسی:

-دایکە بۆچی دەگری؟

-دوێشەو دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆمانێک کرد کە باسی پیرەمێردێک و کچەی دەکات. یارۆی پیرەمێرد، لە شوێنێکدا، شوێنەکەم بیر نەماوە، کارمەند بوو. سەرۆکی دایەرەکەی حەز لە کیژەکەی ئەم دەکات. هەڵبەتە هێشتا ڕۆمانەکەم تەواو نەکردووە، بەڵام گەییمە شوێنێک کە نەمتوانی جڵەوی گریانی خۆم بگرم..

نینا ئیڤانۆڤنا، قومێکی لە ئاوە مەعدەنیەکە خواردەوە و لەسەری ڕۆیی:

-ئەم بەیانیەش کە ئەو چیرۆکەم بیرکەوتەوە، هەمدیس گریام.

نادیا، کەمێک بێدەنگ بوو و گوتی:

–دایکە، من ئەم ڕۆژانە هەست بە خەمینی دەکەم. شەوان خەو لە چاوم ناکەوێت، نازانم بۆچی؟

–نازانم گیانەکەم. بەڵام من کاتێ خەوم دەزڕێ، چاوم توند دەنوقێنم، ئە ئاوا، ئانا کارینینا(شا قارەمانی ڕۆمانەکەی تۆلستوی یە،کە ڕۆمانەکەی بە ناوی ئەوەوە ناو ناوە) دێنمە بەرچاوی خۆم کە چۆن ڕێی دەکات و قسە دەکات. یا شتێکی مێژوویی دنیای کۆن دێنمە بەرچاوی خۆم...

نادیا، بۆی دەرکەوت کە دایکی نەلێی دەگات و نە دەتوانێ لێی تێبگات. هەستی کرد ئەمە یەکەمجارە لە ژیانیا ڕوو بەڕووی ئەم جۆرە کێشەیە دەبێتەوە. دووچاری ترس بوو. حەزی دەکرد پەنایەک وەدۆزێ و خۆی تیا بشارێتەوە، بۆیە بلەز بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە.

نزیکی سەعات دووی دوانیوەڕۆ، لەسەر سفرە و خوانی نیوەڕۆژە دانیشتن. ڕۆژی چوارشەممە، واتە ڕۆژی ڕۆژوو و پارێزی باوەڕداران بوو، بۆیە شۆربای کەلەرمی بێ گۆشت و ماسی سیمیان بە ساوارەوە بۆ داپیرە لێنابوو

ساشا، بۆ ئەوەی سەر بکاتە سەر دایە گەورە هەم لە شۆربا چەورەکەی خۆی و هەم لە شۆربا بێ گۆشت و چەوریەکەی ئەویشی دەخوارد. بەدرێژایی ماوەی فراڤینەکە، سوعبەت و شۆخیانی دەکرد، بەڵام چونکە سوعبەتەکانی لە قاڵبی وەعزی ئەخلاقی دابوون، لە گیان قورس و ناخۆش بوون. هەر جارێ کە قامکە زۆر باریک و درێژەکانی بەرز دەکردەوە تا قسەیەکی خۆش بکات، کەس پێنەدەکەنی. بەڵام کاتێ پیاو بیری لەوە دەکردەوە کە زۆر نەخۆشە و لەگینە بەو زووانە بمرێت، دڵی بە حاڵی دەسووتا.

هەر کە لەفراڤین بوونەوە، دایە گەورە بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی تا ئیسراحەت بکات. نینا ئیڤانوڤناش کەمێک پیانۆی ژەند و ئەویش ڕۆیی. ساشا، دەستی بە قسە هەمیشەییەکانی دوای نیوەڕۆژەی خۆی کرد:

–ئاهـ نادیا گیان، خۆزگە بەگوێی منت دەکرد! خۆزگە!

نادیا، چاوانی لێک نابوون و لەسەر مۆبێلەیەکی کۆن پاڵی دابووەوە، ساشاش بە هۆڵەکەدا دەهات و دەچوو، دەیگوت:

-خۆزیا درێژەت بەخوێندن دەدا! دەزانی تەنیا خوێندەواران و ڕۆشنبیران جێگای ڕێزن و بە کەڵک دێن. تا ژمارەی ئەو جۆرە خەڵکانە زۆرتر بن، دنیای ئێمە، ئەم دنیایە زووتر دەبێت بە بەهەشتی خوا. هەنگێ بەرەبەرە بەردێکی ئەم شارەی ئێوە بەسەر بەردەوە نامێنێ.. هەموو شتێک ژێر و بان دەبێت. وەکو ئەوەی جادوو لێی دابێ بەو ئاوایە دەگۆڕێت. هەنگێ لەجیاتی ئەم خانووە کۆن و داڕوخاوە، ئەپارتمانی گەورە و بەشکۆ دروست دەکرێت، باخ و باخاتی سەیر و فوارەی جوان دروست دەکرێت، خەڵکانی شایستە دێنە دنیاوە... بەڵام ئەمە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە، کە ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت و بە ئاژاوەو بێ سەروبەرە - بەو مانایەی کە ئەمڕۆ لای ئێمە باوە - نامێنێ. چونکە هەنگێ هەر ئینسانێک ئیمانی خۆی دەبێت و دەزانێ بۆچی دەژی، قەدری ژیان دەزانێت و کەس پشت بە ڕووت و ڕەجاڵ نابەستێت. نادیا گیان، لێرە برۆ، سەفەر بکە، بۆ هەمووانی بسەلمێنە کە ئەم ژیانە یەکهاوی و یەک نەوا ڕۆتینی و پڕ تاوان و گوناحە، بێزاری کردوویت، بەلای کەمەوە ئەمە بۆ خۆت بسەلمێنە!

-ساشا، شتی وا نابێت، من خەریکە شوو دەکەم.

-وازبێنە! ئاخر شوو کردن بە کەڵکی چی دێت؟

بەجووتە بۆ باخەکە چوون و کەمێک پیاسەیان کرد. ساشا لەسەر قسەکانی ڕۆیی:

-بەهەرحاڵ گیانی من، تۆ دەبێ بیر بکەیتەوە، لەوە بگەیت کە ئەم ژیانە پووچ و بێ مانایەی ئێستات چەند ئالودە و پیس و نا ئەخلاقیە. ئاخر بۆ لەوە ناگەی کاتێ کە تۆ و دایکت و بابولیا، بێهودە دەسوڕێنەوەو، دەست بە هیچەوە نادەن. مانای وایە خەڵکانی دیکە لە جیاتی ئێوە کار دەکەن و ئێوە ژیانی ئەوان بە فیڕۆ دەدەن؟ ئایا ئەم ڕەفتار و هەڵوێستە بە گوناح و خەتا نازانیت؟ ئەمە بێ شەرەفی نییە؟

نادیا دەیویست بڵێت: "بەڵێ، دروستە"، دەیویست بڵێت هەست بەوە دەکات، بەڵام، ڕوندک لە چاوانیدا قەتیس ماو لەناکاوا بێدەنگ بوو و چووەوە قاوغەکەی خۆی بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی.

ئاندرێ ئاندریچ، کەمێک بەر لە ئێوارە هات، وەکو خووی هەمیشەیی نزیکەی سەعاتێک وێڵۆنی ژەند. ئەندرێ بەشێوەیەکی گشتی کەسێکی کەم دوو بوو، لەوەیە هەر لەبەر ئەوەش، حەزی لەوێڵۆن بووبێ، کە دەیتوانی یەک دانە سەعات وێڵۆن بژەنێ و تاقە قسەیەک نەکات. دەوروبەری سەعات یازدە ئاندرێ پاڵتۆکەی لەبەر کرد و بە نیاز

بوو کە بڕوات، نادیای لە هەمێز گرت و بە تاسەوە کەوتە ڕامووسانی دەموچاو و شان و مل و دەستەکانی نادیا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

-گیانەکەم! نازدارەکەم!... چەند خۆشحاڵم! خەریکە لە خۆشی و شادیدا شێت دەبم!

نادیا، وای هەست دەکرد، ئەم قسانە تازەنین، زۆر لەمەپێش لەم جۆرە قسانەی بیستووە. یا ڕەنگە لە کۆنە کتێبێکدا خوێندبنیەوە... لە ڕۆمانێکی کۆندا، دڕاو و فەرامۆش کراودا خوێندبنیەوە.

ساشا لە هۆڵەکەدا شانی دادابووە سەر مێزەکە و ژێر پیاڵەکەی نابووە سەر نووکی هەر پێنج قامکە درێژو باریکەکەی و چای دەخواردەوە. بابولیا، دەستیەک وەرەقی لەسەر مێزەکە ڕیز کرد بوو و خەریک بوو فاڵی بۆ خۆی دەگرتەوە. نینا ئیڤانوفنا، سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێب بوو. پڵیتەی چرای ئیکۆنەکە دەگڕا و دەنگی لێ بەرز دەبووەوە، پێدەچوو جەوەکە ئارام بێ. نادیا خواحافیزی لە هەمووان کرد و سەرکەوت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی. خێرا چووە ناو جێگاکەیەوە و یەکسەر خەوبردییەوە. بەڵام وەکو دوێشە و بەر لە سپێدە لەخەو ڕابوو. خەوی زڕا، هەستی بە خەم و نیگەرانی دەکرد. دانیشت، سەری نایە سەر ئەژنۆی و بیری لە دەزگیرانەکەی و لە زەماوەندەکەیان دەکردەوە... بە خۆیشی نەیزانی بۆچی ئەوەی بیرکەوتەوە کە دایکی هەرگیز مێردە ڕەحمەتیەکەی خۆی خۆش نەویستبوو و ئێستاش دەستی لە هەموو شتێک بەر بوو بوو لەسایەی خەسویدا، لەسایەی دایە گەورەدا دەژیا. نادیا چەند بیری دەکردەوە. نەیدەزانی بۆچی تا ئەم ساتەش دایکی بە ژنێکی گەورە، نا ئاسایی دەزانی و، بە ژنێکی سادە و ئاسایی و نەگبەت و قەرەبەختی نەدەزانی.

ساشاش، لە خوارەوە، لە ژوورەکەی خۆیدا نە نووستبوو، لەوێندەرەوە دەنگی کۆکە کۆکی دەهات. نادیا دەبیرەوە چوو: "ساشا کەسێکی ساویلکە و سەیرە، لە هەموو خەون و خەیاڵەکانیا، لە هەموو باخە سەیرەکانیا، لە فوارە خەیاڵیەکانیا جۆرە ساویلکەیی و گەوجایەتیەک بەدی دەکرێت، بەڵام ئەم ساویلکەیی و گەوجێتیەی – نازانم بۆ – ئەوەندە جوانە کە بیرم لەوەکردەوە لێرە بڕۆم و درێژە بە خوێندن بدەم، سەراپای بوون و دڵم هاتە لەرزین و لە شادی و خۆشیدا سەر ڕێژ بوو."

هەنگێ لەبن لێوانەوە گوتی:

-باشتر وایە بیرنەکەمەوە.. پێویست ناکات بیر لەم بابەتە بکەمەوە.

له دووره‌وه، وه‌کو دوێشه‌و، ده‌نگی دار ده‌ستی شه‌وگه‌ڕه‌که به‌رز بووه‌وه: ته‌ق – ته‌ق... ته‌ق –ته‌ق... ته‌ق – ته‌ق...

"٣"

ساشا، له نیوه‌ی مانگی حوزه‌یراندا، هه‌ستی به جۆره دڵته‌نگی و ترسێک کرد، لێبڕا خۆی کۆبکاته‌وه و بۆ مۆسکۆ بگه‌ڕێته‌وه. به په‌ستیه‌وه گوتی:

–من له‌م شاره هه‌ڵناکه‌م... نه ئاوی لووله‌کێشی تیایه نه زێرابی تیایه، مووبه‌قه‌که‌تان هێنده پیسه، که ده‌مه‌وێ نان بخۆم دڵم تێک هه‌ڵدێت...

دایه گه‌وره، به چپه، دیار نه‌بوو بۆ به‌چپه؟ به‌رسڤی دایه‌وه:

–په‌له مه‌که نه‌گریس، جارێ مه‌ڕۆ! له حه‌وتی مانگی ته‌مووزدا شاییمان هه‌یه.

–نا، ده‌ڕۆم.

–ئه‌دی قه‌رار نه‌بوو تا مانگی ئه‌یلول لێره بیت؟

–با، به‌ڵام ژێوان بوومه‌ته‌وه، ده‌بێ کار بکه‌م!

تاوسانی ئه‌و ساڵه شێدار و سارد بوو، دره‌خته‌کان له باراناودا هه‌ڵکشابوون، باخه‌که سارد و ناخۆش بوو، به‌ڕاستی وه‌ختی کار بوو. له هه‌موو ژووره‌کانی هه‌ردوو نهۆمی سه‌ره‌وه و خواره‌وه، ده‌نگی ژنانی نه‌ناس ده‌هات. مه‌کینه‌ی خه‌یاتیه‌که‌ی داپیره که‌وته کارکردن، له په‌ستاو بێ پسانه‌وه کاری ده‌کرد: په‌له په‌لیان بوو که به‌زووترین کات جیازی بووکه‌خان ئاماده بکه‌ن. ئه‌و جیازیه‌ی که بۆ بووکێیان فه‌راهه‌م ده‌کرد یه‌جگار زۆر بوو. بۆ نموونه شه‌ش دانه پاڵتۆی فه‌روویان بۆ کڕی بوو، که نرخی هه‌رزانتر ینیان، به گوته‌ی دایه گه‌وره، سێ سه‌د ڕۆبڵ بوو! ئیدی ئه‌و هه‌موو هه‌راو زه‌نایه، ساشایان بێتاقه‌ت کرد بوو. له ژووره‌که‌ی خۆیدا دانیشتبوو و خۆی ده‌خوارده‌وه. به‌ڵام وێڕای ئه‌وه‌ش قه‌ناعه‌تیان پێکرد که وه‌مێنێ و بۆ مۆسکۆ نه‌ڕواته‌وه و ئه‌ویش به‌ڵێنی دا که تا کۆتایی حوزه‌یدان وه‌مێنێ و سه‌فه‌ر نه‌کات.

کاته‌که به‌خێرایی ده‌ڕۆیی. له ٦/٢٩دا که ڕێکه‌وتی جه‌ژنی سان پیوته‌ری ده‌کرد، ئاندرێ ئاندریچ ده‌گه‌ڵ نادیادا، له دوای فراڤین پیاسه‌یه‌کی شه‌قامی موسکوفسکایایان کرد تا ته‌مه‌شایه‌کی ئه‌و خانووه بکه‌ن که ده‌مێک بوو بۆ ئه‌وانیان، بووک و زاوایان

بەکرێ گرتبوو. ئەم خانووە دوو نهۆم بوو، بەڵام جارێ تەنیا ژوورەکانی قاتی سەرەوەیان موبێلمان کرد بوو.  زەمینەی هۆڵەکە پارکێت (تەختە پۆش) کرا بوو، کورسی حەیزەرانی تیا دانرابوو، پیانۆیەکی گەورەی تیا بوو، ستاندێکی نۆتەی کەمانچەی تیادانرا بوو... بۆنی بۆیە ژوورەکانی پڕ کردبوو. تابلۆیەکی گەورەی چوارچێوە زێڕینی، ڕەنگینی ئافرەتێکی ڕووت بەلای گوڵدانێکی وەنەوشەیی دەسک شکاوەوە، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. ئاندرێ ئاندریچ لەبن لێوانەوە گوتی: -زۆر نایابە!

ئەوسا هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەڕێزەوە ناوی نیگارکێشەکەی برد:

-تابلۆیەکی جوانە، کاری شیشماچیفسکی یە.

ئەوسا چوونە ژووری میوان. مێزێک و قەنەفەیەک و ڕیزێک کورسی، بەرگ شینی درەخشانی تیا بوو. وێنەیەکی فۆتۆگرافی گەورەی بابی ئاندرێ، بەکڵاوی تایبەتی کەشیشان و میداڵی شانازییەوە، لە سەرووی قەنەفەکەوە، بەیوارەکەوە هەڵواسرا بوو. ئەوسا خۆیان بە ژووری نانخواردندا کرد، بۆفیەکەی ئامادە کرا بوو. ئەوسا لە ژووری نوستنەوە سەریان دەردێنا. نیمچە تاریک بوو. دوو کەتی (تەختەخەو) بە تەنیشت یەکەوەی تیا بوو. پێدەچوو کە کاتێ ئەم ژوورەیان موبێلە کردووە، وایان تەسەور کردبێ کە ئەم ژوورە دەبێ هەر وابێ و لەوەی باشتر تەرتیب ناکرێت. ئاندرێ ئاندریچ، نادیای لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوورە دەبرد و بە درێژایی ئەو ماوەیە باسکی لە قەدی ئاڵاند بوو. بەڵام  نادیا هەستی بەلاوازی و گوناح دەکرد، لە ژورەکان و کەتەکان و هەموو موبێلمانەکان بێزار بوو، دڵی لە دیتنی تابلۆی ژنە ڕووتەکە تێک هەڵدەهات. ئێستا بەتەواوەتی بۆی دەرکەوتبوو کە چیتر ئاندری ئاندریچی خۆش ناوێ و ڕەنگە هەرگیز خۆشی نەویستبێ. هەرچەندە شەو و ڕۆژ بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە، بەڵام نەیدەزانی چۆن ئەم شتە بدرکێنی و بەکێی بڵێ و چۆنی بڵێ و بۆ بیڵێ... ئاندرێ ئاندریچ، دەست لە کەمەری نادیا، بەژوورەکاندا دەیگێڕا و بە نەرمی و خۆشەویستییەوە دەیدواند و لە کانگای دڵیەوە هەستی بە شادی دەکرد. بەڵام نادیا گاڵتەی بەهەموو ئەو شتانە دەهات، بە زیادە مەسرەفێکی گەوجانە و ساویلکانەی لە تەحەمول بەدەری دەزانی، هەستی دەکرد باسکی ئاندرێ، وەکو قەیدی دەوری پیپ و بۆشکە، ساردو سڕ لە قەدی ئاڵاوە. ئامادەبوو لە هەر ئان و ساتێکدا هەڵێت، یان لە هۆڕژنی گریان بدات و خۆی لە پەنجەرەوە هەڵبدێرێ. ئاندرێ ئاندریچ، حەمام و

تەوالێتەکەشی نیشان دا، ئەو شێرەیەی کە لەدیوارەکەدا قایم کرابوو باداو، لەناکاوا ئاو هاتە خوارەوە. ئاندرێ بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

-چۆنە؟ بەدڵتە؟ بەخۆم پێمگوتن کە تەنکیەیەکی هەزار لیتری لەسەربان دابمەزرێنن. بۆ ئەوەی هەمیشە ئاومان هەبێ و ئاومان لێ نەبڕێت.

پاشان، پیاسەیەکیان بەنێو حەوشەکەدا کرد و ئەوسا چوونە سەر جادەکە، گالیسکەیەیان بەکرێ گرت و ڕۆیشتن. دنیا تەپ و تۆز بوو، لەوە دەچوو، هەر ئان و ساتێک باران دابکات. ئاندری ئاندریچ. لەبەر تۆزو بایەکە چاوی داخست و گوتی: -تۆ سەرمات نییە؟

نادیا، وەڵامی نەدایەوە. ئاندرێ دوای کەمێک بێدەنگی گوتی:

- لەبیرتە دوێنێ ساشا، سەرکۆنەی کردم کە هیچ کارێک ناکەم؟ هەق بەوە! زۆریش هەق بەوە! من هیچ کارێک ناکەم، ناشتوانم بیکەم. هۆی ئەمە چیە گیانەکەم؟ نازانم بۆچی کە بیر لەوە دەکەوە کڵاوێکی فەرمی لەسەر بکەم و لە وەزیفەیەکی حکومەتی دابمەزرێم. قێزم لە خۆ دەبێتەوە؟ نازانم بۆچی کە چاوم بە قازییەک، یا مامۆستایەکی زمانی لاتینی یا ئەندامێکی ئەنجوومەنی شار دەکەوێ، دڵم دەگوشرێ، قێزم دێتەوە؟ وا وەیلا بە حاڵی ڕووسیای دایکمان! ئەی ڕووسیای دایکمان! چەند زۆرن ئەو کەسانەی بەسەر خاکی تۆوە، بێکارو بار، بێ کەڵک و فایدە دەسوڕێنەوە! ژارۆ ڕووسیا، کڵۆڵ خۆت، سەد حەیف و مخابن کە خەڵکانی وەکو من لە باوەشی خۆیدا بەخێو دەکات!

بێکاری خۆی بەدیاردەیەکی گشتی دەزانی و بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆی دەزانی.

ئەوسا لەسەری ڕۆیی: -ئازیزەکەم دوای زەماوەندەکەمان دەچین بۆ گوندی و بۆ خۆمان لەوێندەر کار دەکەین! موڵکێک بە باخ و ئاوەوە دەکڕین و کاری لەسەر دەکەین و ژیان و بژێوی خۆمان دابین دەکەین... بەڕاستی ژیان و گوزەرانێکی خۆشمان دەبێت!

ئاندرێ ئەو قسەیەی کرد و قژەکەی بە بایەکە سپارد. نادیا، بەدەم گوێگرتن لە قسەکانی ئەوەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خودایا! حەز دەکەم بۆ ماڵ بڕۆمەوە خودایا فریام بکەوە!" لە نزیکی ماڵی دایەگەورەدا تووشی بابا ئاندرێ بوون. ئاندرێ ئاندریچ، کڵاوەکەی هەڵبڕێ و بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

-ئەوەش باوکمە! کە باوکە گیانم خۆش دەوێ!

لەکاتێکا کرێی گالیسکەچیەکەی دەدا، لەسەری ڕۆیی: -پیرەمێردێکی باشە، پیرەمێردێکی میهرەبانە!

نادیا، شەکەت و تووڕە، نەخۆش و لەشبەبار، خۆی بەماڵدا کرد. بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ تا حەوت نیوەشەو بە میوانانەوە مژوول بێ، سەرگەرمیان بکات، بەدەمیانەوە پێبکەنێت و گوێ لە وێڵۆن و هەر تورەهاتێکی دیکە بگرێت و تەنیا باسی شایی و زەماوەند بکات. دایە گەورە کە لەکراسە ئاوریشمەکەیدا بەخۆی دەفشی و بەهەمان کەش و فشەوە کە هەمیشە لە حوزووری میوانانی دا هەی بوو، لەپای سەماوەرەکە دانیشتبوو. دوای تۆزێک پاپا ئاندرێ، وەژوور کەوت، ڕووی کردە دایەگەورە و بەدەم بزەیەکی ڕووبینانەوە گوتی:

-زۆر خۆشحاڵم، کە بەساغ و سەلامی دەتبینم.

زۆر زەحمەت بوو کە بزانیت ئاخۆ سەعبەتی دەکرد یا بەجدی ئەو قسەیەی دەکرد.

"٤"

بایەکە خۆی بە پەنجەرەکان و سەربانی دەکێشا، خۆی بە دووکەڵکێشی سوپاکەدا دەکرد و دەیلوراند، بە ئاوازێکی خەمناک و پڕ سۆزەوە دەیلوراند. تازە شەو لە نیوە بووری بوو. هەموو چووبنە جێگاوە، بەڵام کەس نەخەوتبوو. نادیا وای گومان دەکرد کە یەکێک لە خوارەوە وێڵۆنی دەژەند. لەناکاوا دەنگێکی توند بەرزبووەوە، لەوە دەچوو بایەکە تاکی پەنجەرەکەی شکاندبێ. دوای تۆزێک نینا ئیڤانوفنا، بە مۆمێکەوە و بەتۆی کراسێک، خۆی بە ژوورەکە نادیادا کردو پرسی: -ئەوە دەنگی چی بوو نادیا؟

دایکی بەو توفە شەو و باپێچە، بەزەردەخەنە ترس ئامێزەکەیەوە، بەقژە لوولە تێک ئاڵاوەکەیەوە، پیرتر و ناشیرینتر و کورتە باڵاتر لە هەمیشە دەهاتە بەرچاو. نادیا، بیری کەوتەوە کە تا ماوەیەکی کورت لەمەپێش، دایکی بەژنێکی گەورە، نائاسایی دەزانی و بەشانازییەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت. بەڵام ئێستا بەهیچ جۆرێ توانای ئەوەی نەبوو ئەو قسە غروور ئامێزانە وەیاد بێنێتەوە، ئەوانەشی کە وەیادی دەهاتنەوە، هەر هەمووی قسەی بۆش و بەتاڵ و، بێتام و بێهودە دەهاتنە بەرچاو.

بایەکە بەجۆرێ خۆی بە دووکەڵکێشی سۆپاکەدا دەکرد و دەیلوراند وەکو ئەوەی چەندین دەنگ پێکەوە یەک بگرن و هاوار بکەن، "ئەی خودایا" نادیا هەستی کرد هەر بەڕاستی هاوارێکی وەها دێت. نادیا لەناو جێگاکەیدا دانیشت، لەناکاوا چنگی نایە قژی خۆی و لە هۆڕژنی گریانی دا:

-دایکە، دایکە، دایکە گیان، خۆزگە ئاگات لە دڵم دەبوو! تکات لێدەکەم، لێت دەپاڕێمەوە، ڕێگەم بدە لێرە بڕۆم، سەفەر بکەم! تکات لێدەکەم!

نینا ئیڤانوڤنا کە سەری لە قسەکانی ئەو دەرنەدەکرد، پرسی:

-بۆ کوێ؟ بۆکوێ بڕۆیت؟

نادیا، بۆ ماوەیەکی زۆر گریاو نەیتوانی تاقە یەک وشە بڵێ. ئەنجام گوتی:

-ڕێگەم بدە لەم شارە بڕۆم! من نامەوێ ئەم زەماوەندە بکەم، ناشی کەم! تکایە لێم تێبگە! من ئەم کەسەم خۆشناوێ... تەنانەت ناتوانم باسیشی بکەم.

نینا ئیڤانوڤنا ترسی لێنیشت و بلەز گوتی:

-نا، گیانەکەم، نا! هێور بەوە، هۆی ئەمە تێکچوونی مجێزی خۆتە، بەڵام گرینگ نیە، بەسەر دەچێت. ئیدی هەندێجار ئەو شتانەش دەبێت. ناشێ دەگەڵ ئاندرێ دا دەمەقاڵێ بووبێ؟ بەڵام ئەوەش بزانە کە شەڕی دوو دەزگیران، زوو دەبڕێتەوە و یەکتریان زیاتر خۆش دەوێ.

نادیا، بەدەم گریانەوە گوتی: -باشە، بڕۆ دایکە، بڕۆ!

نینا ئیڤانۆڤنا، دوای بێدەنگییەکی کەم گوتی:

-بەڵێ تۆ تا دوێنێ منداڵ بووی، کچۆڵە بوویت، بەڵام ئێستا بووی بە بووک... ئیدی دنیا لە گۆڕاندایە، تەبیعەت لە گۆڕانی بەردەوامدایە؛ کاتێ بە خۆ دەزانی وەکو من دەبی بە دایک و پیرەژن، وەکو من دەبی بە خاوەنی کچێکی گوێ نەبیست.

-بەڵام دایکە، گیانەکەم تۆ ژنێکی ئاقڵیت... ژنێکی نەگبەت، زۆر نەگبەت... بۆ ئەم قسە تورەهاتانە دەکەیت؟ بۆ خاتری خوا، بۆ؟

نینا ئیڤانوڤنا، دەیویست شتێک بڵێت، لێ زمانی چووە کلیلە، هەر ئەوەندەی بۆ کرا، بەدەم گریانەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بگەڕێتەوە. دەنگە بەرزەکە، دیسان لە دووکەڵکێشی سۆپاکەوە لوراندی و نادیا ترسی لێنیشت، لە کەتەکەی دابەزی و بلەز بۆلای دایکی چوو. نینا ئیڤانۆڤنا لە جێگاکەی خۆیدا ڕاکشا بوو ڕوندک لە چاوانیدا قەتیس مابوون، پەتۆیەکی بەخۆدا دابوو و کتێبێکی بەدەستەوە بوو. نادیا گوتی:

-گوێ بگرە دایکە! تکایە گوێ لە قسەکانم بگرە، لێم تێبگە! مەگەر ئاگات لەم ژیانە هیچ و نەنگینەی ئێمە نییە. تەواو تازە چاوم کرانەوە، ئێستا هەموو شتێک دەبینم. هەمووان دەبینم. ئاخر ئەم ئاندرێ ئاندریچەی تۆ هیچ نییە، پیاوێکی گەمژەیە دایکە! خودایا خۆت فریام بکەوە! دایکە تۆ دەبێ تێبگەی کە پیاوێکی کەرە!

نینا ئیڤانوڤنا، بلەز لەسەر جێگاکەی دانیشت و بەدەم پەڵمە پەڵمی گریانەوە گوتی:

-تۆ و دایە گەورەت عەزابم دەدەن، ڕۆژگارم ڕەش دەکەن! من دەمەوێ بژیم! بژیم!

یەک دووجار کێشای بە سینگی خۆیدا و دووبارەی کردەوە:

-ژیان! وازم لێ بێنن! ئازادم بکەن! من هێشتا گەنجم، بە بەرمەوە ماوە، دەمەوێ بژیم! بەڵام ئێوە کردووتانم بە پیرەژن!..

بە کوڵی گریانەوە، لە جێگاکەی خۆیدا ڕاکشا، پەتۆکەی بە خۆیدادا و لەژێر پەتۆکەوە، لاقەکانی لەژێر خۆیدا ڤانگڵە کرد. لەژێر پەتۆکەوە زۆر بچکۆلەو کڵۆڵ دیار بوو و مایەی بەزەیی بوو. نادیا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، جلەکانی گۆڕی و لەبەر پەنجەرەکەدا، بەدەم چاوەڕوانی هەڵاتنی خۆرەوە دانیشت. بەدرێژایی شەوەکە، بەدەم بیرکردنەوە و هزرینەوە لەوێندەر دانیشت. یەکێک لە خوارەوە، لەناو حەوشەوە، پەیتا پەیتا بە پەنجەرەکەیدا دەکێشا و دەیلوراند.

بەیانی دایە گەورە کەوتە پەکوپۆ کە ڕەشەبایەکەی شەوێ هەموو بەری دارسێوەکانی خستووە و یەکێک لە پیرەدار هەڵوچەکانیشی شکاندووە. دنیا هەور بوو، دڵ دەگوشرا، ئەوەندە تاریک بوو، دەبوا چرا هەڵکەن. باران بەلێزمە دەباری و لە شووشەی پەنجەرەکانی دەدا و هەمووان سەرمایان بوو. نادیا، دوای خواردنی تێشت (نان و چای بەیانی) چوو بۆ ژوورەکەی ساشا، لە سووچێکدا و لەبەر قەنەفەکەدا، بێئەوەی فزە بکات، بە چۆکدا هات و دەم و چاوی لەنێو هەردوو دەستی نا.

ساشا، پرسی: –چ بووە؟

–نازانم... تێناگەم... سەردەرناکەم... چۆن توانیومە تا ئێستا لێرە بژیم! لە دەزگیرانەکەم بێزارم. لەخۆم بێزارم، لەم ژیانە بۆش و بەتاڵە، لەم ژیانە بێ مانایە بێزارم...

ساشا، کە هێشتا نەیدەزانی مەسەلە چیە، گوتی:

– دەی دەی، گرینگ نیە، گوێ مەدەیە، بەخۆی چاک دەبێ..

بەڵام نادیا لەسەری ڕۆیی:

–لەم ژیانە وەڕز بووم. ناتوانم تاقە یەک ڕۆژی دی لێرە هەڵکەم. سبەینێ دەڕۆم. بیکە بەخاتری خوا لەگەڵ خۆتم ببە!

ساشا، بۆ ماوەی دەقیقەیەک بە حەپەساوی لێی ڕوانی، سەرەنجام لە مەبەستی قسەکانی حاڵی بوو و وەکو منداڵ گەشایەوە و خۆشحاڵ بوو. کەوتە دەست جوڵاندن و بەجۆرێ پێیەکانی بەعاردیدا دەدا وەکو ئەوەی لەخۆشیاندا برەقسێت. ئەوجا بەدەم دەست هەڵگلۆفتنەوە گوتی: –کە باشە! خودایا چەند باشە!

نادیا، بەچاوانی درشتی لێوان لێوی ئەشقەوە، بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ، وەکو ئەفسوونکراوان تەمەشای دەکرد، لە تۆ وایە چاوەڕوانە کە ساشا لەو دەمەدا شتێکی گرینگی پێ بڵێ. بەڵام وێڕای ئەمەش نادیا وای هەست دەکرد ئێستا دنیایەکی نوێ و بێ سنوور، دنیایەک کە پێشتر هیچ وێنایەکی لە هەنبەریا نەبوو، لە بەردەمیا دەکرێتەوە. بە چاوانی تەژی چاوەڕوانیەوە تەمەشای ساشای دەکرد و بۆ هەموو شتێک، تەنانەت بۆ مردنیش ئامادە بوو. ساشا کەمێک لە فکران ڕاچوو و گوتی:

–من سبەینێ لێرە دەڕۆم. تۆ بەناوی خواحافیزییەوە تاکو وێستگە لەگەڵما وەرە... شتەکانت دەخەمە جانتاکەی خۆمەوە، بلیت بۆ تۆش دەبڕم. کاتێ کە زەنگی سێیەمیان لێدا، ڕێک خۆت بە فارگۆنەکەدا دەکەیت و... پێکەوە دەڕۆین. تا مۆسکۆ لەگەڵ مندا دێیت و لەوێ بەولاوە، خۆت بە تەنیا بۆ پتروسبۆرگ دەڕۆیت. تەسکەرەو ناسنامەت پێیە؟

–بەڵێ.

ساشا، بەجۆش و خرۆشەوە گوتی:

-سوێندت بۆ دەخۆم کە لەم کارەت ژێوان نابیتەوە. لێرە برۆ، برۆ بۆ خۆت بخوێنە، قەدەر ئاگای لێت بێ. کە ژیانت گۆڕی، هەموو شتێک دەگۆڕێت. گرینگ ئەوەیە کە مرۆڤ ژیانی خۆی بگۆڕێت، ئیدی شتەکانی دی گرینگ نییە. دەی باشە، کەواتە سبەی دەڕۆین ها؟

-بەڵێ. سوێندت بۆ دەخۆم!

نادیا، هەستی بە نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، دڵی دەگوشرا، هیچ کاتێکی دی دڵی بەو شێوەیە نەگوشرا بوو، دەبوا لە ئێستاوە تا ڕۆیشتنی، بەدەم بیرکردنەوە و نیگەرانیەوە بتلایەتەوە. بەڵام هەر کە چووە ژوورەکەی خۆی و لەسەر جێگاکەی ڕاکشا. بە چاوانی بە گریان و لێوانی بە بزەوە، خەوێکی قووڵی لێکەوت و تا ئێوارێ لە خەو ڕانەبوو.

"٥"

یەکێکیان بەشوێن گالیسکەدا نارد. نادیا، کڵاوەکەی لەسەرو پاڵتۆکەی لەبەر کرد و چوو بۆ سەرەوە تا تەمەشایەکی دایکی و شتەکانی خۆی بکات. بەدیار جێگە و بانەکەی خۆیەوە، کە هێشتا گەرم بوو وەستا، تەمەشایەکی دەوروبەری کرد و ئەوسا بە ئارامی بۆ ژوورەکەی دایکی چوو. نینا ئیڤانوڤنا لە غوڕابی خەودا بوو، بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەیدا کێشا بوو. نادیا دایکی ماچ کرد، قژەکەی ڕێکخستەوە و نزیکەی دوو دەقیقەیەک بەدیاریەوە وەستاو... ئەوسا بەکاوەخۆ بۆ قاتی خوارەوە دابەزی..

بارانێکی توند دەباری . گالیسکە چادردارەکە لەبەر دەرگا وەستا بوو، سەراپای بوو بوو بەئاو. کاتێ خزمەتکارەکە، جانتاکانی لە گالیسکەکە بار دەکرد، دایە گەورە گوتی:

-نادیا، جێی هەردووکتان لە عەرەبانەکەدا نابێتەوە. چ پێویست دەکات بەم بارانە بەڕێی بکەیت؟ بۆ لە ماڵەوە داناسەکنی؟ نابینی چ بارانێکە؟!

نادیا ویستی شتێک بڵێت، بەڵام نەیتوانی. ساشا، ئەوی سواری گالیسکەکە کرد و چەرچەفێکی تەنکی بەسەر لاقیا دا، ئەوسا بەخۆیشی سوار بوو و لە تەنیشت نادیاوە دانیشت. دایە گەورە لەبەر دەرگای ژوورەوە بە دەنگی بەرز گوتی:

-سەفەر بەخێر! خوا ئاگادارت بێ! ساشا لە مۆسکۆوە نامەمان بۆ بنێرە!

-بەسەرچاو، خودا حافیز بابولیا.

-مریەمی پیرۆز، پشت و پەنات بێ!

ساشا لەبن لێوانەوە گوتی:

-چ کەش و هەوایەکی بۆگەنە!

نادیا، دەستی بە گریان کرد. ئێستا، بە پێچەوانەی ئەو کاتەی کە خواحافیزی لە دایەگەورە دەکرد یا لە سیمای دایکە نوستووەکەی ورد دەبووەوە، دڵنیا بوو کە ماڵ و شارەکەی بەجێدێڵێ. خواحافیزی شارەکەم!

لەناکاوا هەموو شتێکی بیرکەوتەوە: ئاندرێ، و بابی و شوقە تازەکەیان و وێنەی ژنە ڕووتەکەی کەنار ئینجانە دەسک شکاوەکەی بیرکەوتنەوە. بەڵام ئێستا هیچ یەکێک لەمانە دووچاوی ترسیان نەدەکرد، بەڵکو لە جاران زیاتر کاڵ دەبوونەوە و لەو دوور دەکەوتنەوە. کاتێ سواری فارگۆنەکە بوون و شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ، ئەم ڕابردووە گەورەیەی کە ئەوەندە بە گرینگی دەزانی، وردە وردە بچووک بووەوە و بوو بە پڕ چنگێک و ئەو ئایندەیەی کە تاکو ئێستا بایەخێکی زۆر کەمی پێدا بوو، ئێستا بەرە بەرە لەبەرچاوی گەورە دەبوو و بایەخی پێدەدا. باران لە پەنجەرەی فارگۆنەکەی دەدا، دەشت و سەوزەزارێکی بەرین لەبەرچاوی بەرجەستە دەبوو، دارتێل و باڵندەی هەڵکوڕماوی سەر تەلەکان، خێرا دەردەکەوتن و زوو ون دەبوون. لە ناکاوا ئۆخژنی شادی لە دڵ و دەروونی گەڕا. بیری کەوتەوە کە بەرەو ئازادی دەڕوات، دەڕوات بۆ خوێندن، و بە گوتەی پێشینان دەڕوات ببێت بە قوزاق. پێدەکەنی و دەگریا و و نوێژ و نزای دەکرد. ساشا، بەدەم بزەوە و لەبن لێوانەوە دەیگوت: -قەیدی نییە! زۆر باشە.

"٦"

پایز و زستان دوا بە دوای یەک تێپەڕین. نادیا هەستی بە غوربەت و دڵتەنگیەکی سەخت دەکرد، ڕۆژ نەبوو بیر لە دایکی و دایە گەورە و ساشا نەکاتەوە. تۆن و زمانی ئەو نامانەی کە لە خانەوادەکەیەوە پێی دەگەیین، نەرم و میهرئامێز بوو و وادیار بوو کە هەڵوێستەکەی نادیایان فەرامۆش کرد بوو و بەخشی بوویان. لە مانگی پێنج دا دوای کۆتایی تاقیکردنەوەکان، خۆشحاڵ و بەکەیف بەرەو شارەکەی خۆیان کەوتەڕێ، لەسەر ڕێگای خۆیەوە، لەمۆسکۆ لای دا تا ساشا بدینێ. ساشا وەکو جاران، عەینی هاوینی ڕابردوو، هیچ نەگۆڕا بوو: ڕیشن، سەروقژ شێواو و بژ، هەمان نیوکۆت و پانتۆڵە کەتانە ئەستوورەکەی لەبەر بوو و هەمان چاوانی درشت و جوان. بەڵام ڕەنگ

و ڕووو سیسەڵە و چرچەڵە بوو، نەخۆش و شەکەت دیار بوو، بەردەوام و لەیەکبینە دەکۆکی. نادیا لەم دیدارەدا، دیارنەبوو لەبەرچی، ئەوی وەکو پیاوێکی ڕەشۆکی دێهاتی هاتە بەرچاو.

ساشا، بەشادیەوە پێکەنی و گوتی: -خودایا. نادیا هاتووە! ئەی کۆترە ماڵییەکەم!

لە چایخانەیەکدا کە یەکپارچە دووکەڵ و بۆنی خنکێنەری بۆیە بوو دانیشت. دوایی چون بۆ ژوورەکەی ساشا. یەکپارچە بۆنە جگەرە بوو. زەمینەکەی هەمووی تف و بەڵغەم بوو. لەسەر مێزەکە، لە تەنیشت سەماوەرە سارد و سڕەکەوە، قاپێکی لێوار پەڕیوو و کاغەزێکی ڕەش دانرابوو. سەر مێزەکە و ناو ژوورەکە پڕ بوو لە مێشی مردوو. هەموو شتێک لێرەدا ئەوەی نیشان دەدا کە ژیانی ساشا، بێ سەروبەر و بێ بەرنامەیە. کەمترین گرینگی بە ژیانی تایبەتی خۆی نادات، ئیدی هەر چۆنێ بوایە ژیانی بەڕێ دەکرد و ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانی نەکرد بوو بەخەم. هەر کەسێک باسی بەختەوەری و ژیانی تایبەتی ئەو و ڤیان و ئەشقی ئەوی، لەگەڵدا بکردایەتەوە، هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، تەنیا پێکەنینێکی بە ڕوویدا دەدا و تەواو. نادیا بەلەز بۆی گێڕایەوە کە:

-بەشێوەیەکی گشتی خراپ نیە. هەموو شتێک بەسەلامەتی تێپەڕیوە.

پاییزی ڕابردوو دایکم هات بۆ پتروسبۆرگ و سەری دام؛ گوتی دایەگەورە هێور بووەتەوە و تووڕەییەکەی دامرکاوەتەوە، بەڵام هەمیشە دەچێتە ژوورکەی من و نیشانەی خاچ بەسەر دیوارەکاندا دەکێشێت.

ساشا، بە چاوانی شادەوە، تەمەشای نادیای دەکرد، بەڵام بەردەوام دەکۆکی و کە قسەی دەکرد دەنگی دەلەرزی. نادیاش چاوی بڕی بووە ئەو و سەری لەوە دەرنەدەکرد کە ئایا ساشا بە ڕاستی نەخۆشە یا لەبەرچاوی ئەو نەخۆش دیارە. گوتی:
-ساشا، ئازیزەکەم، تۆ نەخۆشیت!

-نا، هیچ نییە. نەخۆشم، بەڵام زۆر نا...

نادیا، پەشۆکاو گوتی: -ئەی خودایا. بۆچی ناچیت خۆت چارەسەر بکەیت؟ بۆچی خەمی سەلامەتی خۆت ناخۆیت؟ ساشا گیانەکەم

بەدەم ئەو قسەیەوە ڕوندک لەچاوی هاتە خوارێ و، خۆیشی نەیزانی بۆچی وێنەی ئاندرێ ئاندریچ و تابلۆی ژنە ڕووتەکە و گوڵدانەکە و هەر هەموو ئەو ڕابردووەی کە لەبەرچاوی خەیاڵی، وەکو منداڵیەتی، دووری دوورکەوتبووەوە، لە هەستیا زندوو بوونەوە. هۆیەکی دیکەی گریانەکەی نادیا ئەوە بوو، کە ساشای، بە پێچەوانەی پارەوە، وەکو مرۆڤێکی تازە و ڕۆشنبیر و لەبەردڵان نەدەبینی. نادیا دوای سووکە بێدەنگیەل، لەسەری ڕۆیی:

–ساشا، گیانەکەم، تۆ زۆر زۆر نەخۆشیت. نازانم چی بکەم تا ئەم لاوازی و ڕەنگ زەردیەت لەکۆڵ ببێتەوە. من قەرزار باری تۆم! تۆ خۆتیش نازانی چەندت چاکە بەسەر منەوە هەیە! تۆ سەبارەت بە من نزیکترین و ئازیزترین کەسیت.

نزیکی یەک دانە سەعات بەدەم قسەوباسەوە دانیشت. نادیا دوای ئەوەی زستانێکی لەپتروسبورگ بەسەر بردبوو، خودی ساشا و جۆری گوفتار و کردار و پێکەنینەکەی و، سەرو سیمای کۆن و نامۆدێرن دەهاتە بەرچاوی و وەکو ئەوە بوو بەسەرچووبێ و لە گۆڕنرابێ.

ساشا وتی:

– دووسبەی سەفەری ڤۆلگا دەکەم، دەمەوێ بڕۆم بۆ پاوان و یەڵخییەکان، حەزدەکەم شیری ماین بخۆمەوە. لەم سەفەرەدا برادەرێک و ژنەکەیم لەگەڵدان. ژنەکەی مرۆڤێکی زۆر باشە، هەمیشە بەگوێیدا دەخوێنم کە بڕوات بخوێنێ. حەزدەکەم ژیانی خۆی بگۆڕێت.

پاشان چوون بۆ وێستگەی قیتار. ساشا، دەعوەتی چاو شێوی کرد. کاتێ قیتارەکە وەڕێکەوت ساشا بەدەم زەردەخەنەوە دەستەسڕەکەی بۆ تەکان دا. تەنانەت بەلاق و ڕێکردنەکەشیا دیار بوو کە زۆر نەساغە و پێناچێ زۆر بژی.

نادیا، بۆ نیوەڕۆ گەیشتەوە شارەکەی خۆی. کاتێک لە وێستگەکەوە بۆ ماڵ دەڕۆیی. هەستی دەکرد جادەو بانەکان فراوان بوون و خانووەکان بچووک و نزم بوونەتەوە. کوچە و کۆڵانەکان چۆڵ بوون. نادیا تەنیا پیانیستە ئەڵمانیەکەی بینی کە پاڵتۆیەکی کاڵەوە بووی ئامال زەردی لە بەردا بوو. ماڵەکەیان دەتگوت خۆڵی بەسەرا کراوە. دایە گەورە، وەکو هەمیشە قەڵەو و دزێو بوو و، لە پار پیرتر بوو، نادیای لە هەمێز گرت و سەری نایە سەر شانی نادیا و ماوەیەکی باش بەسەریا گریا. نینا ئیڤانوڤناش پیرتر و

ناشیرین تر بوو بوو، بەڵام هێشتا وەکو جاران باڵای بەرز بوو و موستیلە ئەڵماسەکان بە قامکەکانیەوە دەدرەوشانەوە.

لە کاتێکا ئازای دەلەرزی، لە یەکبینە دەیگوت: -کچەکەم، گیانەکەم! عەزیزەکەم!

پاشان، بەسێ قۆڵی دانیشتن و هێدی هێدی و بە بێدەنگی گریان. دیار بوو کە دایەگەورە و نینا ئیڤانوڤناش، هەستیان دەکرد کە ژیانی جارانیان ڕۆیی، بۆ هەمیشە بەسەرچوو و جارێکی دی ناگەڕێتەوە: ئەو پێگەو ئیحتوبارەی جارانیان لەنێو خەڵکیدا نەماوە و ئیدی ناتوانن، هیچ کەسێک دەعووەت بکەن بۆ ماڵەوە. وەزع و حاڵیان، لە وەزع و حاڵی پیاوێکی دەوڵەمەند دەچوو، کە لەناکاوا پۆلیس بدات بەسەریا و دەربکەوێت کە پیاوێکی قەڵبەزەن و دز بووەو... ئیدی بەدوعا ئەی ژیانی ئاسوودە و بێ خەم و خەفەت!

نادیا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، هەمان کەت و تەختە خەو، هەمان پەنجەرە بە پەردەی سپی و سادەوە، لەپشت پەنجەرەکانەوە، هەمان باخی نوقمی هەتاو، هەمان جوانی و ژاوەژاوی بینی. دەستێکی بە مێزەکەی خۆیدا هێنا، ئەوسا دانیشت و ماوەیەک لە فکران ڕاچوو. ئەو ڕۆژە فراڤینێکی باشی خوارد، چای بە سەرتوێژەوە خوارد. بەڵام هەستی کرد لە شتێکی کەمە، کە ژوورەکان چۆڵن، کە میچ و ساپیتەکان نزمن... شەوێ چووە ناو جێگاو خزییە ژێر لێفەکەیەوە. نەیدەزانی بۆچی وای دەهات بەخەیاڵیدا، کە نووستن لەناو جێگایەکی نەرم و گەرمی وادا، مایەی پێکەنینە.

نینا ئیڤانوڤنا، بۆ چەند دەقیقەیەک هاتە ژوورەکەی ئەو و وەکو کەسێک هەست بە تاوان و خەتایەک بکات، بە تەریقی و شەرم وپارێزەوە دانیشت. دوای بێدەنگییەکی کەم پرسی:

-نادیا، چۆنی؟ لەوەزعی خۆت ڕازیت؟ زۆر ڕازیت؟

-بەڵێ. ڕازیم دایکە.

نینا ئیڤانوڤنا، هەستا، نیشانەی خاچی بەسەر نادیاو پەنجەرەکاندا کێشا و گوتی:

-وەکو دەبینی من ئێستا زۆر بەدین بووم. دەزانی ئێستا ئاشقی فەلسەفەم و بەردەوام بیردەکەمەوە و بیر دەکەمەوە... زۆر مەسەلەم وەکو ڕۆژی ڕوناک بۆ ڕوون بووەتەوە.

پێموایە ژیان هەر هەمووی دەبێ بە جۆرێ بگوزەرێت وەکو ئەوەی بەمەنشورێکدا تێ بپەڕێت.

-دایکە، حاڵی دایە گەورە چۆنە؟

-خراپ دیار نیە. کاتێ تۆ لەگەڵ ساشادا ڕۆیشتی و بروسکەیەکی تۆمان پێگەیی و داپیرە خوێندیەوە یەکسەر کەوت. سێ دانە ڕۆژ، بێ هیچ جوڵەیەک لە جێدا کەوت. پاشان بەردەوام نوێژی دەکرد و دەگریا. بەڵام ئێستا خراپ نییە.

لە دەرێ ڕا، دەنگی دارەتەقێی شەوگەڕەکە دەهات. نینا ئیڤانوڤنا کە هەستا بوو و بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، لەسەری ڕۆیی:

-بەڵێ کچەکەم، ژیان دەبێ بە جۆرێ بگوزەرێ وەکو ئەوەی بە مەنشورێکدا(هاوێنە) تێپەڕێت، بە گوتەیەکی دی ژیان لە هەست و هۆشی ئینساندا دەبێ بەسەر ڕەگەزە هەوەڵینەکانی خۆیدا، وەکو حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە، دابەش ببێت و هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی بەجیاو ئەلاحەدە بخرێتە بەر وردەبینی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەوە.

نادیا، زوو خەوی لێکەوت، و نەیزانی پاشان دایکی چی گوت و کەی لە ژوورەکەی ئەو دەرکەوت.

مانگی پێنج تێپەڕی، نادیا بەرە بەرە دەگەڵ ماڵەکەی خۆیاندا ڕاهاتەوە. دایە گەورە لەپاڵ سەماوەرەکەدا دادەنیشت و ئاهی قووڵی هەڵدەکێشا. شەوان ئیڤانوڤنا، باسی فەلسەفەکەی خۆی دەکرد. تا ئێستاش مێڵ ئاسا دەژیا، تەنانەت بۆ سووکە خەرجیش دەستی لە دایەگەورە پان دەکردەوە. ماڵەکە یەکپارچە مێش بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە میچ و ساپیتەی ژوورەکان ڕۆژ بە ڕۆژ نزمتر دەبنەوە. بابولیا و نینا ئیڤانوڤنا. لەماڵ نەدەچوونە دەرێ، نەبا لەدەرەوە تووشی پاپا ئاندرێ یان ئاندرێ ئاندریچ ببن. نادیا بە ئارەزووی خۆی بە باخەکەدا دەسوڕایەوە، پیاسەی ناو شاری دەکرد. دەیڕوانیە ماڵەکان و موحەجەرەو تەیمانە قاوەییەکان. وای هەست دەکرد هەموو شتێک لە شاردا پیر بووە و چاوەڕوانی مەرگی خۆیەتی یا چاوەڕوانی سەرەتای ژیان و شتێکی تازەیە. خۆزگە ئەو ژیانە نوێ و ڕوناکە زووتر دەهات و ئینسان دەیتوانی بوێرانە چاو ببڕێتە ناو چاوی چارەنووسی خۆی و هەست بە حەقانیەتی خۆی بکات و شادو ئازاد بژی! بەڵێ ئەم ژیانە ڕوناکە زوو یا درەنگ هەر دێت! سەرەنجام ڕژێک دێت کە هیچ شوێنەوارێکی ماڵەکەی دایە گەورە، کە بەحوکمی سیستەمی بەڕێوەبردنی ماڵەکە،

دەبوو چوار دانە کارەکەر لەژێر زەمینێکی پیس و پەرپووتدا بژین، نامێنێ و هیچ کەسێک یادی ناکاتەوە. تاقە سەلواو سەرگەرمی نادیا، منداڵانی دراوسێکانیان بوو. هەر جارێ کە نادیا بەناو باخەکەدا پیاسەی دەکرد. بە دارەکانیان دەیانکێشا بە پەرژین و تەیمانەکەداو گاڵتەیان پێدەکرد و هاواریان دەکرد: -بووکەخان! بووکەخانم!

نامەیەکی ساشا، لە شاری ساراتوڤەوە هات. بە خەتە خۆش و بەرز و نزمەکەی خۆی نووسیبووی کە سەفەرەکەی ڤولگای زۆر خۆش بووەو زۆری لەزەت لێ دیتووە، بەڵام لە ساراتوف، سەرمای بووە و کەمێک نەخۆش کەوتووە و دوو هەفتەیە لە نەخۆشخانە کەوتووە. نادیا لە مانای نامەکە تێگەیی. هەست و گومانێکی یەقین ئاسای لا دروست بوو. زۆری پێناخۆش بوو کە وەکو جاران، نیگەرانی ساشا نەبوو. حەزی دەکرد بژی و بە زووترین کات بۆ پترسبورگ بگەڕێتەوە. ئیدی ئاشنایی و دۆستایەتی دەگەڵ ساشادا بەرەو ئەوە دەچوو بە تەواوەتی کاڵ ببێتەوە و ببێت بە ناسکە بیرەوەرییەکی دوورو دێرین! بەدرێژایی شەو خەو لە چاوانی نەکەوت، بەیانیش لەبەر پەنجەرەکە دانیشت و گوێی هەڵخست. بەڕاستی هەندێ دەنگ لەقاتی خوارەوە دەهاتە گوێ. دەنگی شپرزەی دایە گەورە بوو کە بەپەلە هەندێ پرسیاری لەکەسێک دەکرد. ئەوسا دەنگی گریە و زاری کەسێکی هاتە گوێ… نادیا چووە خوارەوە دایەگەورەی بینی کە بە چاوانی گریانەوە لە سووچێکدا وەستاوە و نزاو نوێژ دەخوێنێ. بروسکەیەک بەسەر مێزەکەوە بوو.

نادیا، ماوەیەکی زۆر بەدەم هاتوچۆوە گوێی لە گریانی دایە گەورە گرت. ئەوسا بروسکەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و کەوتە خوێندنەوەی. ناوەڕۆکی بروسکەکە ئەوە بوو کە دوێنێ بەیانی ئەلکساندر تیموفیچ، واتا ساشا، لە نەخۆشخانەی ساراتوف، بە نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کردووە.

دایە گەورە و نینا ئیڤانوڤنا چوون بۆ کڵێسا تا ڕێوڕەسمی پرسەی بۆ دابنەن، بەڵام نادیا لەماڵ مایەوە و بەدەم بیرکردنەوە و هزرینەوە بە ژوورەکاندا هاتوچۆی دەکرد. بە ئاشکرا هەستی بەوە دەکرد کە ژیانی وەکو چۆن ساشا حەزی دەکرد، گۆڕاوە و ئێستا لێرەدا کەسێکی تەنیا، نامۆ و زیادە بوو و بە کەڵکی کەس نایەت. هەستی دەکرد هەرچیەک لێرە، لەم شارەدا هەیە بە کەڵکی ئەو نایەت. و ژیانی ڕابردووی بەجۆرێ لەو دابڕاوە و جیابووەتەوە وەکو ئەوەی پاکی سووتابێ و بووبێ بە خۆڵەمێش و بەر ڕەشەبا کەوتبێ. خۆی بە ژوورەکەی ساشادا کرد، چەند دەمێک لەوێندەر وەستاو لەبن

لێوانەوە گوتی: "خودا حافیز ساشا گیان!" لە فکران ڕاچوو، ژیانێکی تازە، بێ سنووری هێنایە بەرچاوی خۆی، ژیانێک کە هێشتا نادیار و ئاڵۆز بوو، بەرەوخۆی بانگی دەکرد.

ئەوسا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی تا بارگەی سەفەر تێک بنێ. بۆ سبەینێ بەیانی، شادو بەکەیف، خودا حافیزی لە کەسوکارەکەی کرد و شاری – بەخەیاڵی خۆی بۆ یەکجاری – بەجێهێشت.

سەرچاوە:

١-مجموعة آثار آنتون پاڤلوفیچ چیخوف (جلد چهارم) ترجمة سروژ استپانیان (از متن روسی)/چاپ دوم/ تهران: توس ١٣٨١ (٢٠٠٢).

٢-انتون تشیخوف/مولفات مختاره/المجلد الثالث/ دار التقدم، موسکو/١٩٨٢/ترجمة د. ابوبکر یوسف.

قاوشی ژمارە شەش

((١))

لە نێو بیناو حەوشی نەخۆشخانەکەدا، ژوورێکی چکۆلەی لاتەریک هەیە کە دەوراندەوری یەکپارچە پنجە دڕکەزیو دڕکە ئاسنینەو چەقڵە شینکەو گیاکەڵەیە، دڕووەڵانێکە لەو گۆڕە، ساپیتە شیروانییەکەی ژەنگنو ژەنگگرتوو، دووکەڵکێشی بوغارییەکەی کۆنو داڕوخاو، پێبیلکەکانی شێدارو درز بردوو، قرێژە بەردو خەنەتیلکە لە درزەکانییەوە سەری دەرهێناوە. گەچکاری دیوارەکانی لە ناوەوە بەری داوەو بەئاستەم، لێرەو لەوێ شوێنەواری گەچکارییان پێوە ماوە، رووکاری پێشەوەی، روو لە نەخۆشخانەکەیە، بە هۆی تەیمانێکەوە کە بە بزماری دارینی سەر بە قوببە قایم کراوە، لە دەشتەکە جیا دەبێتەوە. تەیمانو بزمارەکان کە نووکە تیژەکانیان روو لە ئاسمانەو ،تەنانەت ژوورەکەش هەمان دیمەنی شوومو نەفرەت ئەنگێزیان هەیە، کە تەنیا لە بینای نەخۆشخانەو زیندانەکاندا دەبینرێت.

ئەگەر لە دڕووان و چەقڵە شینکان ناترسیت، فەرموو با لەم باریکە رێگایەوە کە دەچێت بۆ ژوورەکە، بڕۆین تا تەمەشایەکی ناوەوەی بکەین. کە دەرگاکە دەکرێتەوە، دەچینە ناو یەکەم دالانو راڕەوەوە. لێرەدا، لە پاڵ دیوارەکان و لە نزیک بوغارییەکەوە (موغەیری) خەرمانێک لەجلی کۆنو شڕ، دۆشەکو کۆنە پاڵتۆی شڕ، دەرپێو دیزداشەی خەت خەتی شینباوی بێ کەڵک و پێڵاوە شڕی کۆنو بێ کەڵک، هەڵدراوەتەوە، ئەم شڕو شیتاڵانە بەستە بەستەو بەچرچو لۆچیو تێکەڵو پێکەڵیو لە سوچێکدا بەسەریەکا هەڵڕژێنراوەو بۆن بۆگەنی دنیای پڕکردووە.

نیکیتای دەرگاوان، کە هەمیشە سەبیلێکی بە دەمەوەیە، لەسەر ئەم شڕەو پڕەیە دادەنیشێت، سیمای زبرو تاوەسووتی، کەپووە سوورەکەی و، برۆ چڕو ئاوێزانەکانی، سیمای سەگی پاسەوانی پێدەبەخشێت. پیاوێکە کورتە بالا، باریک و بنێس، بەدمجێز، بەلام دەموچاوی دلگیرو دەستەکانی زەلامو بەهێزن. نیکیتا یەکێکە لەو زەلامە خۆشباوەڕو چالاک و چەلەنگو کورت بینو خڕفانەی کە نەزمو تەکووزی لەم دنیایەدا بە هەموو شتێک دەزانن و، باوەڕیان وایە کە کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیەو، دەبێ لە پێناوی بەرقەراری نەزمو تەکووزیدا، لێدانو تەمێکاری بەدەنی بەکارببرێت، بۆیە بێ

جیاوازی، دەموچاو، سینگ و بەرۆک، پشت و خالیگەو هەر شوێنێکی تری لێوە نزیک بێت، پێیدا دەکێشێت و قەناعەتی وایە، بەبێ ئەم کارە نەزم و تەکووزی، لەو شوێنەدا بەر قەرار نابێت.

لەوێ تێپەڕیت، دەگەیتە ژوورێکی گەورە، ئەگەر راڕەو،و دالانەکەی لێدەربکەی، پانتایی هەموو بینایەکە دەگرێتەوە. دیوارەکانی ئەم ژوورە بە بۆیەی شینی تۆخ بۆیە کراوە، تۆزاوی و پیسە. میچو ساپیتەکەی یەکپارچە تەنییەو بە باشی دیارە کە بوغارییەکانی (موغەیری) ئەم ژوورە بێ دووکەڵکێشن ولە زستاندا دووکەڵ دەکەن و، سیان و تەنی لە سەراپای دەنیشێت. پەنجەرەکانی ناقۆڵان، لە دیوی ناوەوە کەتیبەی ئاسنی نارێک و پێکیان بۆ کراوە کە هێندەی دی ناشیرینو بێ نموودی کردووە، زەمینەی ژوورەکە کە تەختەپۆشە بۆرو چڵکن، شەقی بردووە. بۆنی کەلەرمی شۆرو ترشاوو دووکەڵی چرای نەوتی،و ئامونیاک و نۆشاتر دنیای پڕکردووە، گەنەو مێشوولە تەراتێنیانە، کە هەوەڵجار ئەم بۆنەت بەسەرا دێت، لە تۆ وایە چوویتەتە باخی گیانلەبەرانەوە.

لەم ژوورەدا چەند تەختە خەوێک بە ریزی یەکەوە دانراوە، هەر یەکەیان زەلامێکی لەسەرە کە بە دیزداشەی شینباوی نەخۆشخانەو، بە کلێتەو شەوکڵاوی مۆد کۆنەوە، دانیشتووە یان پاڵکەوتووە.

تێکڕا پێنج نەفەرن، تەنیا یەکێکیان سەر بە چینی دەوڵەمەندە، ئەوانی دی هەموویان رەشوڕووتی پیشەوەرو کاسبکارن. لەسەر تەختی یەکەم کە رێک بەتەنیشت دەرگاکەوەیە، کەسێکی باریک و بنێسی، سمێڵ سوورو بریقەداری، چاو بە فرمێسک دانیشتووە، سەری لە نێو هەردوو دەستی داناوەو لە پەستاو بێ پسانەوە دەڕوانێتە یەک خاڵی بەردەم خۆی. شەوو رۆژ سەر دەجوڵێنێ، ئاخ هەڵدەکێشێ، بزەیەکی تاڵی بەسەر لێوەوەیەو ئالکاوی خەم و پەژارەیە. بەدەگمەن بەشداری گفتوگۆی ئەوانی دی دەکات، عادەتەن وەڵامی ئەو پرسیارانەش ناداتەوە کە لێی دەکرێن. هەرکاتێ خواردنی بدەنێ، بێ چەندوچوون،و بە شێوەیەکی میکانیکی هەڵی دەقوڕێنێ. بە کۆکە کورت،و دژوارەکەیا، بە گۆنا لاوازو سوور هەڵگەڕاوەکانیا، دیارە کە تازە تووشی نەخۆشی دەردە باریکە (سیل) بووە.

لە تەختەکەی ئەولای ئەوەوە، پیرەمێردێکی کورتە باڵای، زیتەڵەو چەڵەنگی، ردێن تیژی قژ رەشی قژ لوولی وەکو قوڵەڕەشان، دەبینرێت. بە رۆژەوە، بە بەر پەنجەرەکانی

ژوورەکەدا پیاسە دەکات، یان وەکو تورکان دەستەوئەژنۆ لەسەر تەختە خەوەکەی خۆی دادەنیشێت و پەیتا پەیتا دەجولێت، فیکە دەکێشێت و سۆزە دەکاتو نەرمە گۆرانی دەڵێت.

شەوانیش، کاتێ بۆ عیبادەتی خوا هەڵدەستێ، هەمان شەنگوڵیو شادمانی منداڵانەو زیتەڵەیی بەسیمایەوە دەردەکەوێ. عادەتی وایە بە مشت دەکێشێت بە سینگ و بەرۆکی خۆیدا، قەست دەکات بەسەری قامکان دەرگاکە کون بکات، ئەم پیاوە دێوانە موسای ناوەو جولەکەیە. نزیکەی بیست ساڵێک لەوە پێش، کە کارگەی کڵاودۆزی دەبێت، کارگەکەی گڕ دەگرێتو دەسووتێت، لە حەژمەتاندا تێکدەچێت، شێت دەبێتو بۆ ئەم نەخۆشخانەیەی دێنن.

لە نێو هەموو دانیشتووانی قاوشی ژمارە شەشدا تەنیا رێگە بەو دەدەن لە قاوشەکە بچێتە دەرێ،و تەنانەت لە نەخۆشخانەکەش بچێتە دەرێ و لە شەقامەکاندا بسوورێتەوەو پیاسە بکات. هەڵبەتە سەرچاوەی ئەم ئیمتیازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پیاوە لە مێژ بوو وەکو نەخۆشێکی بە درێژاو پێشینەدارو ، شێت و دێوانەیەکی ئارام و بێوەی، بە لیبۆک و گاڵتەچی شار ناسرابوو. دەمێ بوو خەڵکی شار بەوە ڕاهاتبوون کە لە شەقامەکانی شاردا، لە نێو کۆمەڵێک منداڵو پۆلێک لە کسۆکاندا بیدینن. ئەم پیاوە بە دیزداشەو شەوکڵاوە سەیرەکەیەوە، بە نەعل و سۆلەوە، هەندێجار بە پێ خاوسی و تەنانەت بەبێ دەرپێ لە شەقامەکاندا دەسوڕێتەوە، لەبەر ماڵ و دوکانەکاندا دەوەستێ و داوای چەند کۆپیکێک دەکات. ئیدی لە شوێنێ کواسی (کۆلا) دەدەنێ، لە جێیەکی دی نان یان چەند کۆپیکێکی پێ دەبەخشن، هەنگێ بەسکی تێرو بەرکی پڕەوە بۆ قاوشەکە دەگەڕێتەوە. بەڵام هەرچییەک لەگەڵ خۆیدا دێنێ، نیکیتا نەک بە خۆشی بەڵکو بەوپەڕی توورەیی و بە تۆبزی لێی دەسێنێ، بەدەم بە تاڵکردنەوەی گیرفانەکانی دیوانەوە، سوێند دەخوات و خوا بە شایەد دەگرێت کە چیتر رێگەی ئەم جولەکەیە نادات بچێتە دەرێ و بە نێو شەقامان بکەوێ. چونکە بەلای ئەوەوە هیچ شتێک لە دنیادا، لە بێ نەزمی و پاشاگەردانی خراتر نییە.

موسیکا(موسا)، پیاوێکی خۆشخزمەتە، حەزدەکات خزمەتی خەڵکی بکات، ئەگەر هاوڕێیانی ژوورەکە تینووبن ئاویان دەداتێ، کە دەنوون، دایان دەپۆشێت، بەڵێنیان دەداتێ کە یەکی چەند کۆپیکێکیان بۆ پەیدا بکات، شەوکڵاوی تازەیان بۆ دروست بکات. بە مراک خواردن بەدەمی ئەو پیاوەی دەستەچەپی خۆیەوە دەکات، چونکە ئیفلیجە.

هەڵبەتە ئەم کارە لە ڕووی هاوسۆزی یان هەر ئەنگێزەیەکی دیکەی مرۆڤانییەوە ناکات، بەڵکو زیاتر لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی گرۆمۆفە، گرۆمۆف یەکێکە لە هاو قاوشەکانی خۆی، کە لە تەختە خەوەکەی دەستە ڕاستیدایە.

ئیڤان دمیتری گرۆمۆف، گەنجێکی تەمەن سی و سێ ساڵەیە، لە ماڵباتێکی ڕۆشنبیرە، جاران دادسێن و سکرتێری پارێزگا بووە، پاشان تووشی شێتییەک بووە کە وای هەست کردووە هەمیشە بە دوایەوەن و تاقیبی دەکەن. ئەم پیاوە بە زۆری خۆی گرمۆڵە دەکات و لەسەر جێگەکەی دەکەوێت یان بە قاوشەکەدا دێت ودەچێت، بە دەگمەن دادەنیشێت. هەمیشە پەریشان و نیگەرانە، چاوەڕوانی بویەرو قەوماوێکی چاوەڕوان نەکراوی ترسناکە. چ قورەتە ژاوە ژاوێک لە دالانەکەوە بێت، یان دەنگ و بانگێک لە حەوشەکەوە هەستێ، ملی قوت دەکاتەوە، گوێچکەکانی هەڵدەخات: "تۆ بڵێی لە دووی ئەو هاتبن؟ ئایا تاقیب و سۆراخی ئەو دەکەن؟" لەم کاتانەدا شوێنەواری ناڕەحەتیو بێزارییەکی نا ئاسایی بە سیمایەوە دەردەکەوێ.

دەموچاوە پان و لاوازەکەی دایمە زەردهەڵگەڕاوە، بە ئاشکرا شوێنەوارو ماکی نەگبەتیو بەدبەختی پێوە دیارە، وەکو ئاوێنەیەک، ئازاری روحی و ترسی هەمیشەیی ئەو، دەنوێنێ. من ئەم پیاوەم خۆش دەوێ، ئەداو ئەتواری نەرم و مایەی سەرنجە، ئەو چرچە باریکانەی کە بە هۆی رەنجو ئازارێکی قووڵەوە کەوتووەتە سیمای، هەستیاری و زیرەکی و هۆشمەندی ئەو دەنوێنێ. پرشنگێکی فێنک و جوان لە چاوەکانیەوە هەڵدەقوڵێت. من ئەم پیاوەم زۆر بەدڵە، چونکە پیاوێکە لە ڕادەبەدەر بە ئەدەب و نەزاکەت و بێ فیزو بە سۆزو میهرەبانە، جگە لە نیکیتا، هەموو ئەوانی دی رێزی دەگرن. هەرکاتێ دوگمەیەک یان کەوچکێک لە دەستی کەسێک بەربێتەوەو بکەوێتە عاردی، خێرا لە تەختەخەوەکەی خۆی دێتە خوارێ، هەڵی دەگرێتەوەو دەیداتەوە دەستی خاوەنەکەی. هەموو بەیانییەک کە لە خەو ڕادەبێت، ڕۆژ باش لە هاوڕێکانی دەکات و، شەوێش کە دەچووە نێو جێگا شەو باشی لێدەکردن.

ئەم پیاوە تەنیا بە دەموچاو، بەو پەرێشانی و نیگەرانییە هەمیشەییو حەرەکاتانەوە کە بە سیمایەوە دەردەکەوت شێت نەبوو،بەڵکو شێتاتی وی زیاتر لە کردارەکانی دیکەیدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە هەندێ شەو، دیزداشەکەی توند لە خۆیەوە دەپێچێتو جەستەی وەکو بی دەلەرزێت و دەکەوێتە دانەچیرێ، بەلەز بە ناو قاوشەکەدا یان بە بەینی تەختەخەوەکاندا دێتو دەچێت. لە تۆ وایە تایەکی توندی لێهاتووە. لە پڕ

دەوەستێ، دەڕوانێتە هاوڕێکانی، لە تۆ وایە گەرەکیەتی بابەتێکی زۆر گرینگیان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام زۆری پێ ناچێ، وەک بڵێی هەست بکات کە کەس گوێ لە قسەکانی ناگرێت، یان کەس لێی تێناگات. بە بێزاری و بێتاقەتی سەر بادەدات و درێژە بە پیاسەکەی خۆی دەدات. وێڕای ئەوەش زوو بە زوو ئارەزووی قسەکردن، بەسەر هەر خولیاو ئارەزوویەکی تریدا زاڵ دەبێت، جڵەو بۆ خۆی شل دەکات و بەوپەڕی ئاو وتاو و تامەزرۆیی دەکەوێتە قسان. قسەکانی وەکو وڕێنەی خەڵکی تا لێهاتوو پچڕ پچڕو زۆرجار نا مەفهوومن. بەڵام وشەکانی و، ئاهەنگی دەنگی، مایەی سەرنجی گوێگرن. کە دەکەوێتە قسان و گوێی لێدەگریت، هەم بە شێت و هەم بە ئاقڵی دەزانیت، هەردوو حاڵەتەکەی تیا بەدی دەکەیت. هەڵبەتە گێڕانەوەو شرۆڤەی قسە وڕێنە ئامێزەکانی وی یەجگار دژوارە. باسی بچووکیو دونیەت و بێ فەڕی بەشەر، باسی ئەو زۆردارو ستەمکارانە دەکات کە حەقیقەت و دادپەروەری پێشێل دەکەن، باسی ئەو ژیانە درەخشان و شکۆدارە دەکات کە خەڵکانی ئایندە لەم جیهانەدا دەیانبێت، باسی ئەو پەنجەرە شیشبەندو دەرگا ئاسنانە دەکات، کە هەمیشە گەوجیەتی و دڵڕەقی زۆردارانو ستەمکاران وەیاد دێننەوە، قسان دەکات و قسەکانی هەندێ بەندی گۆرانی ئازادی، هەندێ بەندی ئەو سروودە کۆنانە وەبیر دێننەوە، کە هێشتا تا کۆتایی نە گوتراون.

((٢))

نزیکەی دوازدە، پازدە ساڵێک لەوەپێش، فەرمانبەرێک بە نێوی گرۆمۆف، کە پیاوێکی بەڕێزو دەوڵەمەند بوو، لە شەقامی سەرەکی شاردا خانوویەکی خۆی هەبوو، دەگەڵ خانەوادەکەیدا لەو خانووەدا دەژیان. گرۆمۆف، دوو کوڕی هەبوون بە نێوی سێرگی و ئیڤان. سێرگی، لە قۆناغی چوارەمی خوێندنی ئامادەیی بوو کە بە نەخۆشی دەردە باریکە مرد، ئیدی ئەم مەرگە بوو بە سەرەتاو دەستپێکی زنجیرە بەدبەختی و نەگبەتیەک کە لە ناکاودا رووی لە ماڵباتی گرۆمۆف کرد. هەفتەیەک دوای مەرگی سێرگی، بابە پیرەکەی بە تۆمەتی تەزویرو پارەدزی گیراو درایە دادگا، زۆری نەبرد، لە نەخۆشخانەی زینداندا بە نەخۆشی تیفۆس(گرانەتێ) مرد. ماڵەکەی و هەرچی دارو نەداری هەبوو، خستیانە هەڕاجەوەو ئیڤان دمتریچ و دایکی کەوتنە سەر ساجی عەلی و هیچ سەرچاوەیەکی رزقو رۆزییان نەما.

ئیڤان، تا بابی مابوو، لە زانستگەی پترسبۆرگ دەیخوێندو مانگانە شەست حەفتا رۆبڵی لە بابی وەردەگرت و بە هیچ کلۆجێ هەستی بە ئاتاجی و نەداری نەدەکرد. لێ

نها ناچاربوو ڕەوش و ڕەوتی ژیانی بەتەواوەتی بگۆڕێت. ناچار بوو لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بە کرێیەکی زۆر کەم و ناچیز، دەرسی تایبەتی بڵێتەوە یان سەنەدو دیکۆمێنتان پاکنووس بکاتەوە. وێڕای ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەش، هەر لە نەداری و برسیەتی نەدەخەلەسی، چونکە هەرچییەکی دەست دەکەوت، بۆ ژیان و گوزەرانی دایکی تەرخان دەکردو بۆ ئەوی دەنارد. ئەنجام ئیڤان دمتریچ، نەیتوانی باری ئەم ژیانە سەخت و قورسە ببات، ورەی لەق بوو، خەم و پەژارەیەکی گەورە نیشتە سەر دڵی، زانستگەی تەرک کردو بۆ ماڵ گەڕایەوە. لەوێ، لە شارە چکۆلەکەی خۆیدا، توانی لە ڕێگەی هەندێ دۆستانی دەستڕۆوە، بە مامۆستای سەرەتایی دابمەزرێت. بەڵام هەرچی دەکرد دەگەڵ هاوکارەکانیا نەدەسازاو نەیدەتوانی دڵی قوتابییەکان بۆ خۆی ڕاکێشێت، بۆیە زوو بە زوو دەستبەرداری ئەم کارەش بوو. دایکی مرد، نزیکەی شەش مانگێک بێ کار بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە خواردنی نانی وشک و ئاو بوو، تا ئەنجام لە دادگای شاردا بە پلەی سکرتێر دامەزراو تا لەبەر نەخۆشی دەریان نەکرد، هەر لە هەمان پۆستدا مایەوە.

ئیڤان هیچ کاتێ، تەنانەت بە قوتابیەتیش کەسێکی ساغو سەلامەت دیارنەبوو. هەمیشە کەسێکی ڕەنگزەردو لاواز بوو، بەکەمترین سەرما نەخۆش دەکەوت و تووشی پەسیڤ دەبوو، خواردنی کەم بوو، خەوی باش نەبوو. بە پێکێ شەراب سەرەگێژکەی پێدەکەوت و دەکەوتە بزڕکان، زۆر حەزی دەکرد، پەیوەندی دەگەڵ دۆست و ئاشنایاندا ببەستێ، لێ بە هۆی بەدگومانی و بەدمجێزی خۆیەوە، نەیدەتوانی دۆستایەتی نزیک و ڕاستەقینە دەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات. زۆر بە خراپی باسی خەڵکی شاری دەکردو بە سووکی تەمەشای دەکردن، دەیگوت جەهلو نەزانیو ژیانی حەیوان ئاساو سست و خەواڵویان، پەست و بێزاری دەکەن و مایەی نەفرەتەو، نزم  و سووک و بازاڕی دێنە بەرچاوی. دەنگی بەرزو تیژ بوو، هەمیشە یا بە دەنگی ڕەساو هێواش یا بە دەنگی گەرم و گوڕو ئاشوفتەو شڵەژاو قسانی دەکرد. قسەکانی هەمیشە ڕاشکاوو ڕاستگۆیانە بوون، باسی هەر شتێکت دەگەڵدا بکردایە ئەنجام سەری قسەکەی دێنایەوە سەر بابەتە دڵخوازەکەی خۆی کە:

"ژیان لەم شارەدا ناخۆشو تاقەتبەرە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هیچ ئامانج و بەهایەکی بەرز نییە، ژیانی خەڵکی نادیارو گونگ و ئاڵۆزو بێ ئامانجە. زۆرداری و گەندەڵی و هەلپەرستیو دوو ڕوویيو دەڵەچەیی و ڕووبینی خەڵکی، ژیان دەکوژێت. خەڵکی

بودەڵەو بێ ئابڕوو لە خۆشیو ئاسایشدا دەژین. خۆشخۆرو تێرشۆرو پۆشتەو پەرداخن، بەڵام خەڵکانی ئابڕوومەندو داوێنپاک، نانیان بە دۆیان ناگات. نانی وشکیانیش بە ئاسانی دەست ناکەوێت. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە قوتابخانانو ڕۆژنامانو شانۆو کتێبخانانی گشتی هەیە، بەو مەرجەی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی تەزویرو قەڵبکاری و درۆو ناپاکیو بێ شەرەفی نەیەنە دامەزراندن. پێویستە ڕۆشنبیران وەکو هێزێکی یەکگرتوو لە دەوری یەکدی خڕ ببنەوە. هەڵبەتە دەبێ کارێ بکرێت کە کۆمەڵگە لە کێماسییەکانی خۆی ئاگادار بێت و هان بدرێ کار بۆ نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی خۆی بکاتو لە ئایندەی ترسناکی خۆی بترسێت و خەمی بخوات."

کە دەهاتە سەر باسی خەڵکی و خوو خەسڵەتیان، ئامانی نەبوو، وەکو نیگارکێشێک کە تەنیا ڕەنگێن زەقی سپی و رەش بەکار بێنێ و هیچ ڕەنگێکی دیکە شک نەبات، میانڕەوی نەدەزانی، بە باوەڕی وی خەڵکی دوو دەستە بوون: دەستەی یەکەم ئابڕوومەندو دروستکار بوون و دەستەی دووەم چەپەڵو نەگریس و ناپاک بوون. زۆر بە ئاو و تاو وگەرمو گوڕی باسی ژنان و ئاشقێنی دەکرد، کەچی بە خۆی بۆ تاقە جارێکیش ئاشق نەبوو بوو.

هەرچەندە پیاوێکی توندە تەبیعەتو بەدمجێز بوو، بەڵام خەڵکی شار خۆشیان دەویست و لە پاشملەیان نەدەگوت و بە میهرەبانییەوە پێیان دەگوت : "ڤانیای ئازیز".

روح سووکی، مەیلی خزمەتکردن و بە دەنگەوە چوونی خەڵکی، بە نەزم و زاکوونیەکەی، ئاکار بەرزییەکەی، سەرباری چاکەتە کۆنەکەی و دیمەن و ڕواڵەتی ماندوو و،نەخۆشی، ئەو نەگبەتیو بەڵایانەی بە سەر ماڵباتەکەیدا هاتبوون، کردبوویانە کارێک کە خەڵکی بەزەییان پێدا بێتەوەو هاوخەمی دەگەڵ بکەن.

سەرباری ئەمانەش، خوێندەوارێکی تەواو بوو وهاوشارییەکانی باوەڕیان وابوو هەموو شتێکی دەزانیو بەو چاوە سەیریان دەکرد کە قامووسێکی گەڕۆکە. زۆری دەخوێندەوە، زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەوە بەسەردەبرد. بە سەعاتان لە یانەدا دادەنیشت و بە توورەیی ڕدێنی خۆی رادەکێشاو کتێب و گۆڤارانی تەمەشادەکرد. بە دەموچاویا دیاربوو کە بە تامەزرۆییەوە تەمەشای وشەکان دەکات و زیاتر قووتیان دەدات تا بیانخوێنێتەوەو ماناکانیان هەرس بکات. هەموو کەسێک دەیزانی کە خوێندنەوەی لەلا بووە بە خوو و نەخۆشی، چونکە بەهەمان تاسەباری و تامەزرۆییەوە هەر شتێکی بەر دەست کەوتبا، با رۆژنامەو ساڵنامەی پارش بوایە، دەکەوتە

خوێندنەوەی. ئەوەندەی لەماڵەوەش بوایە، هەمیشەو بە دەم پاڵکەوتنەوە، خەریکی خوێندنەوە دەبوو.

((٣))

بەیانییەکی رۆژێکی پاییز بوو کە ئیڤان دمتریچ، یاخەی پاڵتۆکەی هەڵدابووەوەو بە ناو سیاناو و قوڕاوی گەڕەک و کوچەوکۆڵانان کەوتبوو تا تەبلیغی دادگا بۆ کابرایەکی کاسبکار کە غەرامەی هاتبووە سەر، بەرێت و بە وەسڵ غەرامەکەی لێوەربگرێت. ئەو بەیانیەش وەکو زۆربەی بەیانیانی دی پەست و خەمبار دەینواند. لە یەکێک لەم لاکۆڵانانەدا رێکەوتی دوو زندانیی دەست بە کەلەپچەی کرد کە بە چوار سەربازی تفەنگ بە دەست پێشیان دابوون. ئیڤان دمتریچ. بەمجۆرە دیمەنانە، یانی دیمەنی زاندانییان، کە خەمبارو پەشێوو پەریشانیان دەکردو سۆزو بەزەییان دەوروژاند، ڕاهاتبوو، بەڵام ئەمرۆکە دیمەنی زاندانییەکان، کارێکی تایبەتی و سەیریان تێکرد. لە ناکاودا، بێ هیچ هۆیەکی دیار، وای هات بە خەیاڵدا کە لەگینە رۆژێک لە رۆژان ئەویش کۆت و زنجیر بکەن و بە هەمان شێوە، بە کوچەو کۆڵانە قوڕاوییەکاندا، بەرەو زندانی ببەن.

پاش ئەوەی لە نک کابرای کاسبکارەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لە نزیکی پۆستەخانەدا، تووشی موفەتیشێکی ئەمن بوو، کە ئاشنایەتی دەگەڵیا هەبوو. یارۆی موفەتیش پاش چاکوخۆشیو هەواڵپرسی چەند هەنگاوێک لەگەڵیا هات. ئەم رەفتارە بووە بایسی بەدگومانی گرۆمۆف. کە گەییەوە ماڵ، بەدرێژایی ئەو رۆژە، خەیاڵی ئەو سەربازە چەکدارو زندانیانەی لێ دوور نەدەکەوتەوە، ئەم نیگەرانییە دەروونییە کردیە کارێک کە تەرکیزی پێ نەکرێت و نەتوانێ بخوێنێتەوە. کە شەو هات و دنیا تاریک بوو، چراکەی پێنەکرد. تا بەیانی خەو نەچووە چاوانی، بە دەم ئەو بیرو خەیاڵەوە دەتلایەوە کە نەبادا ئەویش بگرن و کۆت و زنجیری بکەن و بۆ زندانی ببەن.

زۆر چاک دەیزانی هیچ تاوان و خەتایەکی نەکردووە، دڵنیاش بوو لە خۆی کە لە ئایندەشدا هەرگیز پەنا بۆ پیاوکوژی وساختەچیاتی، تاوان و دزی نابات. بەڵام باشە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە پیاو بەبێ ویستی خۆی و لە نەزانستەو بە رێکەوتەکی تاوانێک بکات؟ باشە دەشێت جڵەوی بوختان و ئیفترای درۆزنان و ئەنجام هەڵەو سەهۆی دادگا بگیرێت؟ مەگەر سەدان ساڵە بە تەجرەبە دەرنەکەوتووە کە دەربازبوون لە هەژاری و بێنەوایی و زندان مەحاڵە؟ ئەمە جگە لەوەی دادگاکان بەم ڕەوش و

هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی و یاساییانەی ئەمڕۆیانەوە، زۆر بە ئاسانی دەکەونە هەڵەو سەهووەوە". وەکو چۆن هەرگیز سەیر نییە ئەگەر بێتاوانێ حوکم بدرێت. خەڵکانی وەکو قازی و پۆلیس و پاسەوانان و پزیشکان کە کارەکەیان وا دەخوازێت سەرو کاریان دەگەڵ عەزاب و ئازارو بەدبەختی و نەگبەتی خەڵکیدا هەبێت، بەرە بەرەو بە دیتنی ئازارو عەزابان، بەڕادەیەک دڵیان ڕەق دەبێت، کە ئەگەر بەخۆشیان بیانەوێ، ناتوانن جگە لە شێوەی فەرمی ڕۆتینی، بە هیچ شێوەیەکی دی ڕەفتارو مامەڵە لە تەک تاوانباران و موراجیعاندا بکەن و، لەوەیە لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەکان دەگەڵ ئەو قەسابانەدا نەبێت، کە گاو گۆتاڵان دەکوژنەوەو گوێ بە ڕشتنی خوێنی ئەو گیانلەبەرانە نادەن و زەڕەیەک ڕەحم و بەزەییان بە دڵدا نایەت. جا قازی و دادوەران، بەو ڕەفتارە بێ بەزەیی و ڕۆتینیانە، بۆ ئەوەی کەسێکی بێ گوناح لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی و حەیاتی مەحرووم بکەن،و مەحکومی بکەن و بەدەستی جەلادانی بسپێرن‌و لە گرتووخانەی بێگارەزندانی بپەستن، تەنیا پێویستیان بە کاتی تەواوە تا بتوانن بڕیارو تەشریفاتی غەڵەت و ڕۆتینی، لە ڕێگەی مەحکووم کردنی ئەو پیاوە بێ تاوانەوە جێبەجێ بکەن،و بەوە مووچەکەیان حەڵاڵ بکەن، چونکە تەنیا لەسەر ئەوە مووچە وەردەگرن. وەختێ کە ئەم بڕیارو تەشریفاتە پەیڕەوکراو ئەنجام درا، ئیدی تەواو، هەموو شتێک دەبڕێتەوە. هەنگێ کوڕ هەیە بتوانێ لەم شارە چکۆلەو پیسەدا، کە لە نزیکترین مەحەتەی قیتارەوە دوو سەد فرسەخ دوورە، دەنگ هەڵبڕێ، داوای هەقی خۆی بکات، دادخوازی بکات و بکەوێتە تاقیبی پارێزەرو پشتیوانێک! ئایا لە کۆمەڵگەیەکدا هەموو جۆرە نە هەقی‌و زۆرداربیەک بە ئاسایی‌و لۆژیکی‌و تەنانەت بە زەروری و پێویست بزانێت و بە هەر کارێکی خێرخوازی و باش و میهرئامێزی، بۆ نموونە وەکو ڕەهاکردنی تۆمەتبارێکی بێتاوان و گوناح، قەڵس و تووڕە ببێت و بە ڕق‌و کینەو ناڕەزاییەوە پێشوازی بکات، ئایا لە کۆمەڵگایەکی وەهادا دادخوازی و هەق جۆیی کارێکی کۆمیدی نییە؟

ئیڤان دمتریچ، هەر چۆنێ بوو ئەو شەوەی ڕۆژکردەوە ، بەیانی بەترس و لەرزێکی زۆرەوە لە خەو رابوو، ئارەقەیەکی سارد نیشتبووە سەر هەنیەی. ئیدی بە تەواوەتی لەوە دڵنیا بوو کە هەر ساتێ بیگرن دەیگرن، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "مادامێکی ئەو خەیاڵات و بیرۆکە تاریکانەی دوێ شەو بەرۆکی بیریان بەر نەداوم، کەواتە گومانی تیا نییە کە دەبێ ماکێکی ڕاستییان تێدابێ. دەنا هیچ ماقووڵ نییە ئەو خەیاڵ و بیرانە بەمێشک و خەیاڵدانی مندا بێن."

پاسەوانێک بە کاوەخۆ بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا تێدەپەڕێ. بێگومان مەبەستێکی هەیە، ئەم کارە بێ مەلامەت نییە. دوو زەلام لەبەر ماڵەکەیدا، بە کپی و بێدەنگی دەوەستن، بۆچی بێدەنگن؟.

لەوە بە دواوە، ئیڤان دمتریچ نە شەوی شەو بوو، نە ڕۆژی ڕۆژ، ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا، هەر کەسێک بە بەر پەنجەرەی ماڵەکەیدا تێپەڕیبا، یان پێی نابایە حەوشەکەی بە جاسوس و ئەمنی دەزانی. ئەفسەری بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی ناوچەکە، هەموو ڕۆژێ لە کاتی نیوەڕۆدا بە گالیسکە دوو ئەسپییەکەی، لە باخ و موڵکەکەی خۆیەوە، کە لە دەرێی شار بوو، بەو شەقامەدا، کە ماڵەکەی ئیڤان دمتریچی لێ بوو، دەگەڕایەوەو بۆ دایەرەی ئاسایش دەچوو. لێ ئیڤان دمتریچ هەر کەڕەتێ کە ئەوی دەبینی و سیمای لەبەر چاویا جۆرێکی دەنواندو گالیسکەکەی زۆر خێرا داژۆت، وای وێنادەکرد بۆیە پەلەیەتی تا ئاسایش ئاگادار بکاتەوە کە تاوانبارێکی زۆر ترسناک لە شاردایە. ئیڤان دمتریچ، وای لێهات لە دەنگی هەر زەنگ و تەقولبابێک ڕادەچڵەکی و ترسی لێدەنیشت. هەر کاتێ خاوەن ماڵەکە میوانێکی هاتبا کە ئەم نەیناسیبا، تەواو دەپەشۆکاو قوشقی دەبوو. کە تووشی پۆلیسێک یان پاسەوانێک بوایە، بە درۆوە بزەی لە خۆ دێناو دەکەوتە فیکە لێدان تا خۆی بێ منەت و بێ خەم و خەیاڵ و ترس بنوێنێ. بە درێژایی شەو، لە ترس و بە خەیاڵی ئەوەی هەر ساتێ بدەن بە سەریاو خانەبگیری بکەن، نەدەخەوت، بەڵام بە دەنگی بەرز دەی پرخاندو هەندێجار هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا تا ژنەی خاوەن ماڵ، وا وێنا بکات کە گوایە نوستووە. چونکە وای خەیاڵ دەکرد کە ئەگەر خاوەن ماڵەکە بزانێت ئیڤان دمتریچ بە شەوان ناخەوێت، بێگومان هۆی خەو زڕان و بێ خەوییەکەی دەگێڕێتەوە بۆ عەزابی ویژدانو ئازاری دەروون. ئەوجا نۆبەتی ئەو قەوانەیە! حەقیقەت و بیرکردنەوەو لۆژێکی دروست قەناعەتیان پێ دێنا کە هەموو ئەم ترس و نیگەرانییەی ئەو، شتێکی بێهودەو بێ بنج و بناوانە. ئەوە ساغ بووەتەوە کە کەسێک ویژدانی ئاسوودە بێت، پێویست ناکات هیچ ترسێکی لە گرتن و حەپس هەبێت. بەڵام تا ئاقڵانەترو واقیعبینانەترو لۆژیکیانەتر بیری دەکردەوە، نیگەرانترو شپرزەتر دەبوو. کێشماکێشی دەروونی ئەو، لە کاری پیاوێک دەچوو کە بیەوێ بە تاقی تەنیا درەختانی بێشەیەکی چڕە دارستان ببڕێتەوەو تا زیاتر هەوڵبدات و تەور بوەشێنێ، درەختەکان زیاد بکەن کەم نەکەن. کاتێ ئیڤان دمتریچ بۆی دەرکەوت ئەم کێشماکێشە دەرونییەی ئەو بێ سوودو ئاکامە، ئیدی وازی لە بیرکردنەوە هێناو خۆی بە ترس و نائومێدی سپارد.

بەرە بەرە کەوتە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی لە خەڵکی. جاران کە لە کاروخزمەتی فەرمی حکومەتی بێزار بوو، ئێستا لێی بوو بوو بە کۆڵی شێرو لە ژێریا دەری نەدەبرد. لەوە دەترسا، داوێکی بۆ بنەنەوەو فریوی بدەن: بۆ نموونە بەبێ ئەوەی پێ بزانێت پارەیەک بخەنە گیرفانییەوەو پاشان بە بەرتیلخۆری تۆمەتباری بکەن یان بە خۆی لە نووسینی نامە ئیدارییەکاندا، لە نەزانستە هەڵەیەک بکاتو ئەمەی لێبکەن بە تەزویرکردنی بەڵگەنامەی حکومەتی، یان پارەی ئەو خەڵکانەی کە بە ئەمانەت بەوی دەسپێرن، ون بکات و بە تۆمەتی ساختەچیاتی و دزی بکەونە تاقیب و سۆراخی، سەیر ئەمە بوو کە پێشتر هیچ کاتێک وەکو ئەمڕۆ، هەر سەعاتەی هەزارو یەک داڵغەی بەمێشکدا تێ نەدەپەڕی کە نەبادا ئازادیی و ئابڕووی لەکەدار ببێت. هەرگیز بە ئەندازەی ئێستا پەریشان و پەشێو نەبووە. ئەم داڵغەو نیگەرانییە، بە ئاشکرا پەیوەندی وتەماسی ئەویان بە دنیای دەرەوە کزو کەم دەکرد، ئیدی ئارەزووی خوێندنەوەی نەبوو، بەرە بەرە زاکیرەی لە دەست دەداو دەیدایە کزی.

لە ڕۆژێکی سەرەتای بەهاردا، کە بەفرێکی قورس کەوتبوو، لە کەندێکی کەناری گۆڕستانەکەدا، دوو جەنازەی کۆن دۆزرایەوە. یەکێکیان هی پیرەژنێک و ئەویتریان هی منداڵێکی بچووک بوو کە شوێنەواری مەرگی نائاسایی بەهەردوو جەنازەکەوە دیاربوو. ئیدی باسی دۆزینەوەی ئەم جەنازانەو هەبوونی بکوژێکی نە ناسراو لە شاردا بوو بە وێردی سەر زاران. جا ئیڤان دمتریچ بەو مەبەستەی کە خەڵکی گومان لەو نەکەن و ئەو بە بکوژ نەزانن، بە شەقام و جادەکاندا دەسوڕایەوەو بزە لە لێوانی نەدەبڕا، بەڵام هەرکە ئاشنایەکی دیتبا، ڕەنگێکی دێناو ڕەنگێکی دەبردو هەوڵی دەدا بۆی بسەلمێنێ کە لە دنیادا هیچ تاوانێک لە کوشتنی خەڵکی سڤیلو بێ دەسەڵات نامەردانەتر نییە. بەڵام زوو بە زوو لەم درۆبازیە بێزارو بێتاقەت بوو، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە لێبڕا کە باشترین شت ئەوەیە خۆی لە ژێرخانی خاوەنماڵەکەیدا وەشێرێت، شەوێک و دوو ڕۆژان لە ژێر خانەکەدا مایەوە! خەریک بوو لە سەرما ڕەق هەڵێ، ڕۆژی سێیەم کە دنیا تاریکی کرد، وەکو دز، بە نهێنی بۆ ژوورەکەی خۆی، دزەی کرد. بێ ئەوەی لە جێی خۆ ببزوێ تا بەیانی لە نێو ژوورەکەدا بەدەم ڕاوەستانەوە، گوێی بۆ هەر دەنگێک هەڵدەخست و بە بچووکترین دەنگ گوێ قوڵاغ دەبوو، بەیانی زوو، پێش خۆرکەوتن، چەند سۆپاسازێک خۆیان بە حەوشەدا کرد، ئیڤان دمتریچ زۆر چاک دەیزانی کە هاتوون بوغاری بۆ موبەقەکە دابنەن. لێ ترس و وازوازی دەروونی پێی دەگوت هەبێو نەبێ ئەمانە ئاسایشن و خۆیان گۆڕیوەو جلی بوغاری سازییان لەبەر کردووە.

بەخشکەیی و بێئەوەی فریابکەوێ کڵاوو پاڵتۆکەی لەبەر بکات، لە حەوشە وەدەرکەوت، هەرکە گەییە سەر جادەکە دەستی بەڕاکردن کرد. سەگ و کسۆکان بە دەم حەپینەوە دووی کەوتن، کابرایەکی دێهاتی لە دواوە هاواری لێدەکرد، وژە وژی با لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. بەڵام ئیڤان دمتریچ وای وێنا دەکرد هەر هەموو هێزی دنیا دوای ئەو کەوتووەو تاقیبی ئەو دەکەن.

ئەنجام چەند کەسێک گرتیانەوەو بۆ ماڵیان هێنایەوەو خاوەن خانووەکەی ناردی بە شوێن دکتۆردا. دکتۆر ئاندرێ ییفیمیچ، کە پاشان بە دوورو درێژی دێمە سەر باسی ئەویش، هات و دەستووری دا کە پەرۆی تەڕ لەسەر سەری دابنەن و ئاوی گەڵای مۆرتکی دەرخوارد بدەن. پاشان بەداخ و کەسەرەوە سەرێکی باداو رۆیی، لە کاتی رۆییشتنەکەیدا بەخاوەن ماڵەکەی گوت کە چیتر بە دوویدا نەنێرێت، چونکە کابرا بەرەو شێتی دەڕوات و، نابێ ئەزیەت و ئازار ببینێ. جا چونکە ئیڤان دمتریچ، پارەی ژیان و مەسرەفی عیلاجی نەبوو، بۆ نەخۆشخانەیان برد، لە قاوشی نەخۆشانی دەروونی، خەواندیان. شەوان نەدەخەوت، بیانووی دەگرت و نەخۆشەکانی دیکەی نارەحەت و بێزار دەکرد. دوای چەند رۆژێک بە دەستووری دکتۆر ییفیمیچ، بۆ قاوشی ژمارە شەشیان گواستەوە.

ساڵێک بووری، خەڵکی، ئیڤان دمتریچیان لە بیرچووەوە. بەڵام کتێبەکانی، کە خاوەن ماڵەکە، هەڵی ڕشتبوونە ناو سەندوقۆکەیەکەوەو لە داڵانەکەدا دای نابوون، هەر هەمووی منداڵانی گەڕەک بردیان.

((٤))

وەکو پێشتر گوتم، هاوتەختی دەستەچەپی ئیڤان دمتریچ، موسیکای جولەکە بوو، بەڵام هاوتەختی دەستەڕاستی دێهاتیەکی قوت و قەڵەوە، دەموچاوە سپیەکەی بە ئاشکرا شوێنەواری بێ فیکری و بێهوشی تەواوەتی پێوە دیارە، ئەم حەیوانە تەمەڵ و چەپەڵو چڵێس و زۆر خۆرە، لە مێژە توانای هزرین و هەستکردنی لە دەستداوە. دایمەی خوا بۆنێکی کەسکون و ناخۆشی لێدێت.

نیکیتا، کە پەرستاری ئەو پیاوەی پێ سپێردرا بوو، بێ ئەوەی بەلای کەمەوە بەزەیی بە دەستەکانی خۆیدا بێتەوە، زۆر خراپی لێدەدات. لێدانەکەی نیکیتا زۆر گرینگ نییە، چونکە لەگینە بابایەکی گوندی بەو جۆرە لێدانە ڕاهاتبێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە

ئەمەیە کە ئەم بوونەوەرە گەوج و کەودەنە لەهەنبەر بۆکسەکانی نیکیتادا نە فزەیەک نە جوڵەیەک ناکات، بەڵکو تەنیا وەکو بەرمیلێکی قورس، لەسەر تەختە خەوەکە گینگڵێک دەدات و هیچی تر.

پێنجەمین و دوایەمین نەفەری قاوشی ژمارەی شەش، خزمەتگوزاری دایەرەیە، کە پێشتر کاری پۆستەبەری کردووە، پیاوێکی کورتە باڵای سیسەڵەی موو زەرد. جووتێ چاوی میهرەبان بەڵام فێڵاوی هەیە. بە چاوە ئارام و زیتەڵ و پرشنگدارو روونەکانیا، کە بە شادمانی دەڕوانێتە دەوروبەر، وادیارە کە نهێنییەکی زۆر گرنگ و خۆشی لە دڵی خۆیدا حەشارداوە. هەمیشە شتێک لە ژێر دۆشەکەکەی خۆیدا دەشارێتەوە، ئەم کارەی لە ترسی ئەوە نییە کە نەبادا شتەکەی لێ بدزن یان لێ بڕفێنن، بەڵکو لەبەر شەرمنی خۆی ئەو شتە بە هیچ کەسێک نیشان نادات. هەندێجار دەچێتە بەر پەنجەرەکە، پشت دەکاتە هاوڕێکانی، شتێک بە بەرۆکی خۆیەوە دەکات، سەر دادەنەوێنێتو تەمەشای دەکات. ئەگەر لەم کاتەدا کەسێک لێی نزیک ببێتەوە، یەکسەر دەپەشۆکێ و شپرزە دەبێتو ئەو شتەی کە لە بەرۆکی خۆی داوە، لە ناو دەستیا دەشارێتەوە، هەڵبتە پەی بردن بە نهێنییەکانی وی کارێکی زۆر ئەستەم نییە.

زۆرجار روو دەکاتە ئیڤان دمتریچ ودەڵێت:

-پیرۆزباییم لێبکە! بۆ میداڵی (ستانیسلافی ئەستێرەداری نمرە دوو)،کاندید کراوم. میداڵی نمرە دووی ئەستێرەدار تەنیا بە فەرەنگیان و بێگانان دەدرێت، بەڵام لەبەر هۆیەکی تایبەتی منیان لەو مەرجە بواردووە.

ئەوجا بەدەم بزەوە، بەسەر سامی شانەکانی هەڵدەتەکێنێو لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

-پیاو ڕاست بڵێ چاوەڕوانی ئەو ڕێزو قەدرزانیە نەبووم.

ئیڤان دمتریچ، بە پەستی و گرژی وەڵام دەداتەوە: -من سەر لەم شتانە دەرناکەم.

لێ کۆنە پۆستەبەر، چاوە مەکراوییەکانی بچووک دەکاتەوەو لەسەر قسەکەی خۆی دەڕوات و دەڵێت:

-دەزانی کە لە ئایندەی نزیکدا، بە چ میدالێک موشەڕەف دەبم؟ ئەسەح میداڵی (ئەستێرەی قوتبی)م دەدەنێ، ئەو میداڵە هەموو زەحمەتێک دێنێ، خاچێکی سپیە بە نەوارێکی رەشەوە... میداڵێکی زۆر جوانە.

ئەلهەقی ژیان لە هیچ شوێنێکی دیکە، وەکو ژیانی ناو قاوشی شەشەم، یەکهاوی و ناخۆش و تاقەتبەر نییە. بەیانیان جگە لە دوو کەس، پیرەمێردەکەو دێهاتیە قەڵەوەکە، هەموو نەخۆشەکان دەچنە دالانەکەو لە کۆلە ئاوێکی گەورەدا دەست و دەم و چاویان دەشۆن و بە داوێنی جبەکانی بەریان دەستو دەموچاویان وشک دەکەنەوە. دوای ئەوە لە کوپی تەنەکەدا چای دەخۆنەوە. نیکیتا، لە بینا سەرەکییەکەی نەخۆشخانەکەوە چایان بۆ دێنێ و یەک کوپ چای بە هەر یەکێکیان دەدات. نیوەڕوان سوپ و شلەی کەلەرمیان دەدەنێ، ئێواران پاشمەنەی خواردنەکەی نیوەڕۆیان دەدەنێ. باقی کاتەکان دەخەون، لەسەر جێگاکانیان پاڵدەکەون، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرێ دەکەن، بە ناو قاوشەکەدا پیاسە دەکەن. ئیدی ئەمە بەرنامەی هەموو رۆژێکیانە. تەنانەت کۆنەپۆستەبەرەکەش هەمیشە باسی میداڵ و نیشانەکانی خۆی دەکات و دەکاتەوە.

لە قاوشی ژمارە شەشدا بەدەگمەن کەسێکی تازە دەبینرێ. دکتۆر دەمێکە دەستووری داوە کە نەخۆشانی تازە وەرنەگرن. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی ئەوانەی کە دەیانەوێ سەری شێتخانان بدەن، لە هەموو دنیادا هەر کەمە. (سیمیون لازاریچ)ی بەربەر هەردوو مانگ جارێک سەری قاوشی ژمارە شەش دەدات. هەڵبەتە باسی ئەوەی کە ئەم بەربەرە چۆن سەری نەخۆشەکان چاک دەکات و، چۆن نیکیتا یارمەتی دەدات و هەروەها چۆن کاتێ نەخۆشەکان چاویان بەم بەربەرە خەنۆل و خەندەران و مەستە دەکەوێ دەهاڕوژێن و زارە تەرەک دەبن، شتێکی زیادەو پێویست ناکات.

جگە لە بەربەرەکە کەسی دی بۆ ئەم قاوشە نایەت. بۆیە نەخۆشەکان مەحکومن بەوەی هەموو رۆژێ تەنیا سیمای نیکیتا ببینن و تەواو. بەڵام دەنگۆیەکی سەیر لە نەخۆشخانەکەدا داکەوتووە، دەڵێن گوایە دکتۆرەکە کەوتووەتە هاتوچۆی قاوشی ژمارە شەش و بە بەردەوامی سەری نەخۆشەکان دەدات.

((٥))

ئەلهەقی دەنگۆیەکی سەیر بوو!

دکتۆر ئاندرێ یفیمیچ راگین، لە پێستی خۆیدا پیاو وپیاوانە دیار بوو. دەڵێن لە تافی لاویدا زۆر بە دین بووەو حەزی کردووە بچێتە سنفی ڕۆحانیانەوە، کە لە ساڵی ١٨٦٣دا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، بە نیاز بووە بچێتە ئەکادیمی زانستە ئاینییەکان، بەڵام بابی پزیشک و جەڕاح بووە، زۆری گاڵتە پێکردووەو بە ئاشکرا پێی گوتووە کە ئەگەر بچێتە ناوەندەی ڕوحانیان و ببێ بە قەشە ئەوا حاشای لێدەکات و بە کوڕی خۆیی نازانێت. من نازانم ئەم قسەیە تا چەند ڕاستە، بەڵام زۆر جار بەخۆم لە (ئاندرێ ییفیمیچ)م بیستووە کە گوتوویەتی کە قەت رۆژێ لە رۆژان هەستی نەکردووە حەزی لە دکتۆری و زانستێن پزیشکی بێت. بە هەرحاڵ پاش تەواو کردنی کۆلیجی پزیشکی نەبوو بە کەشیش. لە سەرەتای ژیانی دکتۆریشیدا، خووی نەدایە دینداری و هەروەکو ئەمرۆکە لە کابرایەکی ڕۆحانی نەدەچوو.

بە ڕواڵەت زیاتر لە فەلاحێکی تۆکمەو زبر دەچوو. سەرو ریشی زبرو قەدو قەلافاتی تۆکمەو دزێوی، مەیخانەچیانی گۆساخ و بێ ئەدەبی بەینی جادەکانی وەبیر پیاو دێناوە. دەموچاوی زبرو یەکپارچە دەماری شین بوو، جووتێ چاوی چکۆلەو کەپوویەکی سووری پێوەبوو. زەلامێکی کەتەی باڵا بەرزی ناوشان پان، دەست و مەچەک قەوی و ئەستووری ئەوتۆ بوو، وات وێنا دەکرد ئەگەر مستێک بە هەر کەسێکدا بکێشێت، ڕوح دەرنابات. بەڵام زۆر ئارام بوو، بە پارێزو سلکردنەوە رەفتاری دەکرد. ئەگەر لە ڕاڕەوە تەنگەکەی نەخۆشخانەکەدا تووشی کەسێکی دی بوایە، بەو مەبەستەی ریگەیان بکات، دەوەستا، نەک بە دەنگێکی قەبە وەکو تەسەور دەکرا، بەڵکو بە دەنگێکی نزم و نەرم و ناسک دەیگوت: "ببورن!" لوویەکی گەورە بەگەردنییەوە بوو، بۆیە نەیدەتوانی کراسی ملیوان ڕەق لەبەر بکات و هەمیشە کراسی چیت یان کەتانی نەرم و ناسکی بێ ملشۆی(یەخە) لەبەر دەکرد. یانی بە شێوەیەکی گشتی بە جل و بەرگ و پۆشاکیا لە دکتۆران نەدەچوو. دوو دەست جل بەشی دەساڵی دەکرد. ئەگەر جلی تازەی پێویستبایە لە دوکانی کابرایەکی جولەکەی دەکڕی، هەر بە چرچ و لۆچی لەبەری دەکردو سەد خۆزگەی بە جلە کۆنەکانی، جلی لێنەدەهات. هەر بەو جلانەوە پێشوازی لە نەخۆشان دەکرد، نانی پێوە دەخواردو دەچووە میوانیش. هەڵبەتە ئەمەی لەبەر پیسکەیی یان هەژاری و نەداری نەدەکرد، بەڵکو زادەی خەمساردی و بێ موبالاتی و بە خۆڕانەگەییشتن و گوێ نەدان بە رواڵەتی خوی بوو.

کاتێ کە ئاندرێ ییفیمیچ، بە وەزیفە هات بۆ شارەکەی ئێمە، ئەو (دەزگا خێرخوازییە)ی کە بەو سپێردرا بوو، وەزع و حاڵێکی زۆر خراپی هەبوو. بۆنی بۆگەنی سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی، کوڕم دەویست لە قاوشەکاندا، لە ڕاڕەوەکاندا، لە حەسارو حەوشەی نەخۆشخانەکەدا، بتوانێ لەبەر بۆنی بۆگەنی بە ئاسانی هەناسە بدات. خزمەتگوزارانی نەخۆشخانەکە، پەرستارەکان و منداڵەکانیان، دەگەڵ نەخۆشەکاندا لە یەک شوێن دەخەوتن. هەر هەموو دادو بێدادیان بوو کە بەدەست سیسرکەو پێشکەو ئەسپێ و مشکانەوە، حەوانەوەیان لێ هەڵگیراوەو ژیانیان زۆر خراپە.

لە سەرانسەری خەستەخانەکەدا تەنیا دوو نەشتەرو یەک قیڕات هەبوو. تەشتەکانی گەرماوەکەیان کردبوو بە عەماری هەڵگرتنی پەتاتە. پاسەوان و جل شۆرو پزیشکیاری نەخۆشخانەکە، هەر هەموویان دزییان لە نەخۆشەکان دەکردو تەماحیان دەکردە خۆراکی وان، سەبارەت بە دکتۆرەکەی پێشوو، یانی ئەوەی پێش ئاندرێ ییفیمیچ، بە دزییەوە کحول و سپرتۆی نەخۆشخانەکەی دەفرۆشتەوەو لە سیستەران و ژنانی نەخۆش، حەرەمسەرایەکی تەواوی بۆ خۆی دروست کردبوو. خەڵکی شار بە باشی ئاگایان لەم ئاژاوەو پاشاگەردانیە هەبووو، تەنانەت بە موبالەغەشەوە باسیان دەکرد، کەچی وایان دەنواند هەر ئاگاشیان لێ نییە. تاقمێک پاکانەیان بۆ سەبەبکارانی ئەم پاشاگەردانییە دەکردو دەیانگوت نەخۆشانی ئەم نەخۆشخانەیە هەر هەموویان لە چینی کاسبکارانی لات و لەوێرو خەڵکانی ڕەش و ڕووتن و، چونکە ژیانیان لە ماڵی خۆیاندا زۆر لێرە خراترە بۆیە نابێ لەم وەزعە نا ڕازی بن. نەخۆشخانە چییان لێ بکات، خۆ کەو و سوێسکەیان دەرخوارد نادات! تاقمێکی دی دەیانگوت لە شارێکی وا بچووکدا چۆن بەبێ کۆمەکی دەسترۆ و دەوڵەمەندانی ناوچەکە، دەکرێت نەخۆشخانەیەکی تازەو شایستە دروست بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت بەم هەنجەتەی کە شارەکە نەخۆشخانەی تیایە، ئامادە نەبوو بچێتە ژێر باری ئەوەی نەخۆشخانەیەکی دیکە لە شارەکەو دەوروبەری شارەکە دابمەزرێنێ.

ئاندرێ ییفیمیچ، پاش ئەوەی گەشتێکی بە ناو نەخۆشخانەکەدا کرد، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئەم نەخۆشخانەیە سەرچاوەی بەدئاکارییەو زیانی بۆ سیحەتی خەڵکی شار هەیە، قازانجی نییە. یانی خێری نییەو شەڕی بە پای سەگ. بەڕای وی باشترین کار ئەوەیە نەخۆشەکان ئیزن بدرێن و دەرگای نەخۆشخانەکە دابخەن. بەڵام کە بیری کردەوە، سەیری کرد ئەم کارە لە لایەکەوە تەنیا لە دەسەڵاتی ئەودا نییەو هەر بە

ویستی ئەو نایەتە ئەنجامدان و لە لایەکی ترەوە کارێکی بێهودەیە، چونکە ئەگەر نەتوانن نەخۆشی خەڵکی ڕیشەکێش بکەن و جڵەوی گەندەڵی ئەخلاقی بگرن، ئەوا بێگومان ئەم نەخۆشیانە بۆ شوێنی دی تەشەنە دەکەن. کەواتە دەبێ سەبر بکرێ تا ئەو نەخۆشیانە خۆ بەخۆ لەناو بچن و نەمێنن. لەمەش بترازێ، مادامێکی خەڵکی، ئەم نەخۆشخانەیەیان لە شاردا دامەزراندووەو بەو حاڵەوە پێی قاییلن، مانای وایە پێویستیان پێیەتی.

به قەناعەتی ئەو هەر هەموو ئەم پۆخڵەوات و نەگریسی و کمی و کێماسی و بەدئاکاری و دەست پیسیانەی کە لەلایەن خەڵکییەوە مومارەسە دەکرێن، زەرورییە، چونکە وەکو ئەو پەینەی کە بە زەوی کشتوکاڵییەوە دەکرێت، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگۆڕێت و دەبێت بە شتێکی بەسوودو پڕ بەها، بۆیە لەم دنیایەدا هیچ شتێکی باش نییە کە سەرچاوەکەی گەندەڵیو پۆخڵەوات نەبێت.

بەڵێ ئاندرێ ییفیمیچ دەست بەکار بوو، بەڵام بە رواڵەت گوێی لەو ئاژاوەو پاشاگەردانییە نەبوو کە باڵی بەسەر نەخۆشخانەکەدا کێشابوو. تەنیا داوای لە کارمەندان و کارگوزاران و سیستەرەکان کرد کە چیتر لە قاوشی نەخۆشەکان نە نوون، دوو دۆڵابی بۆ ئامێرە پزیشکیو نەشتەرگەرییەکان جیاکردەوەو لە ژوورەکەی خۆی داینان. دەرگاوان و سەرپەرشتیارو جلشۆرو پزیشکیارەکەو... وەکو جاران لە شوێنی خۆیان هێشتەوە.

ئاندرێ ییفیمیچ، ئابڕو وشەرەف و دەستپاکی لە هەموو شتێک بەلاوە گرینگتر بوو، بەڵام نە پیاوێکی جددی و بە نەزم وبەزاکون بوو، نە بەو ئەندازەیە باوەڕو متمانەی بە ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی هەبوو کە بتوانێت ژیان، لە ژینگەی کارەکەی خۆیدا، لە سەر بنەماکانی مرۆڤپەروەری و ئابڕوومەندی، ڕێک بخات. لەو پیاوانە نەبوو کە بتوانێ ئەمرو نەهی بکات، یان سوور بێ لەسەر ئەنجامدانی کارێک. لە کاتی قسەکردندا، وەکو ئەوەی وەعز دابدا، هەرگیز دەنگی بەرز نەدەکردەوە، فرمانی ئەمری لە قسەکانیا بەکار نەدەبرد، زۆری بەلاوە ئەستەم بوو بڵێ "ئەوەم بدەیە" یان "ئەوە ببە". ئەگەر برسیبایە، بە دوو دڵی کۆکەیەکی بۆ دەکردو بە ئاشپەزەکەی دەگوت: "چۆنە چایەک بخۆمەوە؟" یان "چۆنە نیوەڕۆژە بکەم." بەهیچ جۆرێ زاتی ئەوەی نەبوو بە سەرپەرشتیارەکە بڵێ: "دزی مەکە!" یان ئەم کارە زیادەیە لاببات و ئەم پیاوە مشەخۆرو بێکارە دەربکات. کاتێ خەڵکانێک بە درۆو بە مەبەستی فریودان، مەراییو روپامایيان (ئاندرێ ییفیمیچ)یان

دەکرد یان لیستێکی حیساباتی ساختەیان بۆ دێنا تا ئیمزای بکات، لە شەرماندا وەکو کیژانی نەبالق سوور هەڵدەگەڕاو وای هەست دەکرد کە بە تاوانێکەوە گیراوە. لێ وێڕای هەموو ئەوەش لیستەکەی ئیمزا دەکرد، ئەگەر نەخۆشەکان گلەیی ئەوەیان لەلا کردبا کە خواردنەکەیان کەمەو برسیانە، یان کارمەندان و سیستەرەکان دەگەڵیاندا خراپن، دەپەشۆکا، شپرزەو نیگەران وەکو گوناهکاران لە بن لێوانەوە دەیگوت:

- باشە، باشە، بیرێکی لێدەکەمەوە… هەڵبەتە دەبێ هەڵەو سەهویەک ڕووی دابێت..

ئاندرێ ییفیمیچ، لە سەرتاوە بەوپەڕی جددی کاری دەکرد. هەموو ڕۆژێ لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ پێشوازی لە نەخۆشان دەکرد. کاری نەشتەرگەری ئەنجام دەداو تەنانەت هەندێجار بە کاری مامانیشدا ڕادەگەیی. ژنان و خانمان دەیانگوت دکتۆرێکی چاک و وردو بە ئەزموون و کارامەیەو بەباشی جۆری نەخۆشیان، بە تایبەتی نەخۆشی منداڵان و ژنان، دەست نیشان دەکات. بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی رۆتینیەت و بێهودەیی ئەم کارەوە بە تەواوەتی سارد بووەوە. بۆ نموونە رۆژێک پێشوازی لە سی نەخۆش دەکردو سەیری دەکرد بۆ رۆژی دوایی ژمارەیان بووە بە سیو پێنج نەفەرو بۆ ڕۆژی دواتر بوون بە چل نەفەرو بەمجۆرە ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژو ساڵ بە ساڵ زیادی دەکرد. نە ڕێژەی مردن لە شارەکەدا کەمی دەکردو نە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی خەستەخانەیان دەکرد کەم دەبووەوە. چما دکتۆرێک دەکارێت لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ چل دانە نەخۆش بە دروستیو جددی ببینێو دەرمان بکات؟ هەڵبەتە چونکە دەرەقەتی ئەم کارە نەدەهات، ئیدی ناچار بوو، بە پێچەوانەی مەیلو ویستی خۆیەوە، نەخۆشان فریو بدات. یانی بەم پێوەرو پێوانەیە لە ساڵێکدا بەلای کەمەوە، دوازدە هەزار نەخۆشی دەبینی، هەڵبەتە ئاشکرایە کە پێشوازی و دەرمانی دوازدە هەزار نەخۆش یەکسانە بە فریودانی دوازدە هەزار کەسی بێ سووچ و بێ گوناح. هەروەها نە ڕێساو ڕێنماییان و نە زانست ڕێگەیان نەدەدا نەخۆشانی تازە لە نەخۆشخانەکەدا وەربگرن. چونکە ڕێساو ڕێنماییانی زۆر هەبوونو هیچ زانستێکیش لە ئارادا نەبوو. خۆ ئەگەر بیەوێ چاوپۆشی لە لایەنی تیۆری و فەلسەفی زانستەکەش بکات و، وەکو هەموو دکتۆرەکان، کوێرانە تەنیا پەیڕەوی ڕێنماییە رۆتینی و تەشریفاتیەکان بکات، ئەوا ئەمەش، بەر لە هەر شتێک پێویستی بە تەهویەی دروست و پاکی و خاوێنییە نەک ئەم پیسیو پۆخڵییە. دەبێ خواردنی پاک و

به سوود به نەخۆشەکان بدرێ نەک شۆربای کەلەرمی ترشاوو گەنیو، پێویست بەپزیشکیاران و پەرستاران و سیستەرانی باش هەیە نەک بە دزو تالانچیان.

سەربای هەموو ئەمانەش، ئەگەر مردن بە کۆتایی ئاسایی‌و سروشتی هەموو گیاندارێک بزانین، ئیدی پێویست بەوە ناکات ڕێ لە مردنی خەڵکی بگرین. گریمان ئەگەر بابایەکی کاسبکار یان کارمەندێکی دایەرە، پێنج ساڵ یان دە ساڵ زیاتر ژیا، چ سوودێک لە ژیانی ئەو بە دەست دێ؟ خۆ ئەگەر مەبەست و ئامانجی زانستی پزیشکی لەوەدا ببینم کە دەیەوێ بە زەبری دەرمان، دەردو ئازاران کەم بکاتەوە، لەم حاڵەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشێ بۆچی دەبێ دەردو ئازار سووک بکرێت؟ یەکەم وەکو دەڵێن رەنج‌و ئازار، مرۆڤ بەرەو کەماڵ و پوختەبوون دەبات و، دووەم ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی بتوانێت دەردو ئازاری خۆی بە حەب و شروبان نەهێڵێ و لە ناو بەرێت، ئەوا بە جارێ لە ئاین و فەلسەفە، کە تا ئێستا نەک هەر بە بەڵاگێڕی هەر بەڵاو بەدبەختی‌و نەخۆشییەکی خۆیان زانیوە، بەڵکو بە سەرچاوەی هەموو بەختەوەری و خۆشنوودیەکی خۆیانیشیان زانیوە، تەوەللا دەبن. پوشکین لەسەرە مەرگا ژان و ئازاری دنیای چەشت، هاینەی داماو چەندین ساڵ بە ئیفلیجی‌و کەفتەکاری لە جێدا مایەوە ئەوسا مرد. باشە چی تیایە کە فلان ئاندرێ یفیمیچ یان فیسار ماتریونا سافیشنا کە ژیانێکی بێ ناوەرۆک و بێهودەیان هەیە،وئەگەر دەردو ئازار نەبێت ژیانیان لە ژیانی ئەمیبیا بێ سەمەرو بێهودەتر دەبێت، نەخۆش بکەون و ئازاربچێژن ؟

ئاندرێ یفیمیچ لە ژێر باندۆرو کاریگەریی ئەم جۆرە هزرو هزرینەو، لە سایەی ئەم جۆرە داوەریانەدا، دەستەکانی هەڵدەتەکاندو رێی دەکردو وای لێهات زۆربەی ڕۆژان بۆ نەخۆشخانە نەدەهات.

((٦))

بەرنامەی ژیانی رۆژانەی بەمجۆرە بوو: بەیانی سەعات هەشت لە خەو ڕادەبوو، خۆی دەگۆڕی، جلکی لەبەر دەکردو چای دەخوارد. هەنگێ یا لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشت‌و دەکەوتە خوێندنەوە یان بۆ نەخۆشخانە دەڕۆیی و لەوێندەر دەی بینی کە نەخۆشان لە راڕەوە تەنگەکاندا دانیشتوون‌و چاوەڕوانی ئەوەن دکتۆر بیاندینێ. هەروەها خزمەتگوزاران و پەرستارانی دەبینی کە بەخشەخشی پێڵاوەکانیانەوە بەملاو بەولادا ڕایان دەکرد، جەندەکی مردووان و لەگەنی پیساییان دەبرد، نەخۆشانی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵەو چرچەڵە بە دیزداشەی خەت خەتەوە ڕێیان دەکرد، منداڵان دەگریان و

سەرباری ئەو حاڵەش بایەکی توند بە نێو ڕاڕەوەکاندا دەهات. ئاندرێ ییفیمیچ چاک دەیزانی کە ئەم وەزعو حاڵو ڕەوشە بۆ ئەوانەی گرانەتاو سیلیان بوو، بۆ هەموو ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشیەکانیان سەختەو لاوازو بێ توانان، جۆرێکە لە عەزاب. بەڵام نەیدەزانی چارە چییە؟ کە بۆ نەخۆشخانە دەهات، (سێرگی سیرگیوڤیچ)ی یاریدەدەری دکتۆر، خێرا، بەپیرییەوە دەچوو ولە هۆڵی پێشوازیدا، خێرهاتن و پێشوازی دەکرد. سێرگی سێرگیوڤیچ، پیاوێکی کورتە باڵاو قەڵەو بوو، دەموچاو گۆشتنێکی، ڕدێن تاشراوی پاک و خاوین بوو، ڕەفتار سووک و ناشیرین بوو، باڵاپۆشێکی تازەو دەڵبی لەبەر دەکرد، زیاتر لە سیناتۆران دەچوو تا لە پزیشکیاران. لە شارا عیادەیەکی گەورەی هەبوو، بۆینباخێکی سپی لە مل دەبەست، خۆی لە هەر دکتۆرێکی تازەو کەم ئەزموون، بە کارامەترو زاناتر دەزانی. لە سوچێکی هۆڵی پێشوازی نەخۆشاندا، ئیکۆنەیەکی گەورە لە میحرابەکەدا دانرا بوو، فانۆسێکی گەورە لە بەردەمیا دەسووتاو لە نزیکی فانۆسەکەوە، شەمدانێکیان لە سەر مێزێکی چکۆلە دانابوو کە پەردەیەکی سپی پێدا درابوو. هەندێ وێنەی گەورە ئەسقوفان، دەگەڵ نیگاری دێری سفیاتو گورسک و تاجەگوڵینەی مێخەکی وشکدا، بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو.

هەڵبەتە سێرگی سێرگیوڤیچ پیاوێکی بەدین بوو و حەزی لە شکۆو جەلالی ئاینی بوو. ئەم ئیکۆنەیە وهەموو وێنەکانی تری ئەم ژوورە، بە پارەی ئەو کڕدرا بوو و لەوێندەر دانرا بوو. ڕۆژانی هەموو یەک شەممەیەک یەکێک لە نەخۆشەکان بە ئەمرو دەستووری ئەو، لە هۆڵی پێشوازیدا بەدەنگی بەرز بەرز دوعای (ئاکافیست)ی دەخوێندو پاش ڕێو ڕەسمی ئەم دوعاخوانی وسروودخوانییە ، سێرگی سێرگیوڤیچ بەخۆی بۆ ژوور بە ژووری نەخۆشخانەکە دەچوو و داری عودی دادەگیرساند.

ژمارەی نەخۆشان زۆرو ، کات کەم بوو، بۆیە دکتۆر هەر فریای ئەوە دەکەوت چەند پرسیارێکی کورت لە نەخۆشەکان بکات و دەرمانێکی سادەی وەکو شەربەتی هازیمە یان ڕۆن گەرچەکی بۆ بنووسێت. ئاندرێ ییفیمیچ دەستی دەنایە ژێر چەنەی و دادەنیشت و بە دەم ئەندێشەو خەیاڵەوە، میکانیکیانە پرسیاری لە نەخۆشەکان دەکرد. سێرگی (سێرگیوڤیچ)ش لە پاڵ ئەودا دادەنیشت، دەستەکانی پێکدا دێناو هەندێجار، بەشداری گفتوگۆی دکتۆرو نەخۆشەکانی دەکردو دەیگوت:

– هەژاری و نەخۆشی ئێمە، هی ئەوەیە کە وەکو پێویست خوای دەهەندەو دلۆڤان ناپەرستین، بەڵێ مەسەلەکە ئەوەیە!

ئاندرێ ییفیمیچ، لە کاتی دیتن و معایەنەی نەخۆشاندا بە هیچ جۆرێ دەستی بۆ نەشتەرگەری نەدەبرد. لە مێژ بوو کاری نەشتەرگەری تەرک کردبوو، چونکە بە دیتنی خوێن تێک دەچوو. سەری دەسوڕا. کاتێ کە ناچار دەبوو زاری منداڵێک بۆ معایەنەی گەرووی بکاتەوە و منداڵەکە هاواری پێدەکەوت و دەگریاو بە دەستە چکۆلەکانی بەرگری لە خۆی دەکرد، بەو هاوارو گریانە سەرەگێژەکەی پێدەکەوت و ڕوندک لە چاوانیا قەتیس دەما، بلەز ڕەچەتەیەکی دەنووسی و بەدەست ئاماژەی دەکرد کە دایکی منداڵەکە خێرا منداڵەکەی لە ژوورەکە بباتە دەرەوە.

پێشوازی نەخۆشان و شەرم و ترس و گەوجێتیان، بوونی سێرکی سێرگیوڤیچی دیندارو، نیگارو وێنەو شەمایلانی قەد دیوارەکان، پرسیارە رۆتینییەکانی خۆی، کە بیست دانەساڵی خشت دووبارەی کردبوونەوە، (ئاندرێ ییفیمیچ)ی بێزارو بێتاقەت دەکرد، بۆیە دوای معایەنەی پێنج شەش نەفەران، هۆڵی پێشوازی بەجێدەهێشت و معایەنەی نەخۆشەکانی دیکەی بۆ یاریدەدەرەکەی (پزیشکیار) بە جێدەهێشت.

ئاندرێ ییفیمیچ، لە دڵی خۆیدا مەمنونی خوا بوو کە عیادەی تایبەتی نییەو ئیدی هیچ کەسێک بێزارو بێتاقەتی ناکات، هەرکە دەگەییە ماڵەوە، یەکسەر دەچوو لە پشت مێزی کارکردنەکەیەوە دادەنیشتو دەستی بە خوێندنەوە دەکرد. زۆری دەخوێندەوەو لەزەتێکی لە ڕادەبەدەری لە خوێندنەوە دەبینی. نیوەی مووچەکەی بە کتێبان دەدا، ماڵەکەی شەش ژوور بوو، لەو شەش ژوورە، سیانیان پڕبوو لە کتێب و گۆڤارو کۆنە ڕۆژنامان، زیاتر حەزی لە کتێبی مێژوو و فەلسەفە دەکرد، بۆیە لە هەموو گۆڤارە پزیشکییەکاندا تەنیا گۆڤاری (پزیشک)ی دەکڕی، کە هەمیشە لە کۆتایی گۆڤارەکەوە دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد. کە دەستی بە خوێندنەوە دەکرد، بێ ئەوەی ماندوو ببێت، سێ چوار سەعاتی ڕەبەق لەسەر خوێندنەوە بەردەوام دەبوو. بەڵام وەکو ئیڤان دمتریچ، بە پەلەو درشتی نەیدەخوێندەوە، بەڵکو بە ئارامی و وردی موتالای دەکرد، زۆرجار لەسەر ئەو بابەتانەی کە بە دڵی بوایەن یان باش لێیان حاڵی نەبوایە، دەوەستاو هەڵوەستەی دەکرد. هەمیشە، لە پاڵ کتێبەکاندا، قاپێ ڤۆدگاو بڕێک خەیارشۆرو قەیسی خوسیاگ، بە ڕووتی لەسەر ماهوتی مێزەکەیدا دەبینرا. هەر نیو سەعات جارێک، بێئەوەی چاو لەسەر کتێبەکە هەڵگرێت، پێکێ ڤۆدگای تێدەکردو هەڵی دەداو ئەوسا بێئەوەی تەمەشا بکات، دەستی بەسەر مێزەکەدا دەگێڕا تا پارچەیەک خەیارشۆر، وەکو مەزە لە زاربنێ.

دەوروبەری سەعات سێ، بە ئەسپایی‌و بە پارێزەوە بۆ مووبەقەکە دەهات و بە دوو دڵییەوە نەرمە کۆکەیەکی بۆ دەکردو دەیگوت: - داریوشکا! وەختی نیوەڕۆژە نییە، دەڵێی چی نانێ بخۆم؟...

ئاندرێ ییفیمیچ، پاش ئەوەی فراڤینێکی زۆر خراپی نیوەکوڵاوی بێ تامی دەخوارد، دەستانی لەسەر سینگی تێک دەئاڵاندو، بە ژوورەکاندا دەکەوتە پیاسە. جاری وا بوو تاسەعات چوارو پێنجیش بەدەم هزرینەوە هەر پیاسەی دەکرد. جارجار جیڕەیەک لە دەرگای مووبەقەکە دەهات و دەموچاوە سوورو هەڵاوساو و خەواڵووەکەی داریوشکا دەردەکەت و بە نیگەرانییەوە دەیپرسی:

- ئاندرێ ییفیمیچ! وەختی ئەوە نەهاتووە بیرەیک بخۆیتەوە؟!

- نا! هێشتا وەختی نەهاتووە... پەلەم نییە... جارێ....

دەمەو عەسر، (میخاییل ئاڤریانیچ)ی سەرۆکی پۆستەخانە، کە تاقە کەس بوو ئاندرێ ییفیمیچ، لە دۆستایەتی و هاونشینیی بێزار نەدەبوو. دەهات بۆلای. میخاییل ئاڤریانیچ کاتی خۆی یەکێک بووە لە موڵکدارە گەورەو دەوڵەمەندەکان و لە سوپای سوارەدا کاری کردووە، بەڵام دوای ماوەیەک نابووت دەبێت و بە ئاخری پیری لە ئاتاجیدا، لە دایەرەی پۆستەدا دادەمەزرێت. بەسەرو سیمادا بە گوڕو ساغو سەلامەت دیاربوو، ڕدێنێکی چڕی ماشوبرنجی هەبوو، رەفتارو ئەتواری جوان و پەسندو، دەنگی نەرم و خۆش و بەرز بوو. هەرچەندە توندە مجێز بوو، بەڵام پیاوێکی دلۆڤان و هەستیار بوو. چ قورەت بوو یەکێک گلەییەک لە دایەرەی پۆستە بکات، یان بە کارێک رازی نەبێت، یان بیەوێ ڕەخنەو ئیرادێک بگرێت، یەکسەر میخاییل ئاڤریانیچ سور دەبووەوە، ئازای گیانی دەکەوتە لەرزین و بە دەنگێکی تەشبریق ئاسا بە ڕوویا هەڵدەشاخی: "بێدەنگ!". بۆیە دایەرەی پۆستەخانە تا ماوەیەکی زۆر بەوە ناوی ڕۆیی بوو کە شوێنێکی ترسناکە. میخاییل ئاڤریانیچ، بۆیە (ئاندرێ ییفیمیچ)ی خۆش دەویست و ڕێزی دەگرت، چونکە پیاوێکی خوێنەوارو نەفس بەرز بوو. بەڵام باقی خەڵکی شاری، وەکو ئەوەی بەر دەستی ئەو بن، بە گەجەرو گوجەر دەزانی و بە چاوی سووک سەیری دەکردن.

هەرکە خۆی بە ماڵەکەی ئاندرێ ییفیمیچدا دەکرد، هەر لە ڕێوەو بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

- ئەوە منم، سڵاو برای ئازیز! پێدەچێ لێم بێزار بیت! ها؟

دکتۆر بەرسڤی دەدایەوە:

– حەیفت نەکرد، بە پێچەوانەوە زۆر خۆشحاڵم! من هەمیشە بەدیتنی تۆ خۆشحاڵ دەبم.

ئەم جووتە برادەرە ماوەیەک لە ژوورەوەو لەسەر قەنەفەکە دادەنیشتن، بە بێدەنگی سیغاریان دەکێشا. پاشان دکتۆر بانگی دەکرد: – داریوشکا! چۆنە تۆزێ بیرەمان بدەیتێ.

بوتڵی یەکەمیان بە بێدەنگی دەخواردەوە. دکتۆر لەفکران ڕادەچوو و میخاییل ئاڤریانیچ بە سیمایەکی شادو شەنگوڵەوە وەک بڵێی باسێکی زۆر جوانی پێ بێت. هەمیشە دکتۆر سەری قسەی دەکردەوە، بەدەم سەر لەقاندنەوەو، بێئەوەی بڕوانێتە چاوی بەرانبەرەکەی (قەت نەیدەڕوانییە چاوی بەرانبەرەکەی) بە کاوەخۆ دەیگوت:

– بەڕاستی مایەی داخە... (میخاییل ئاڤریانیچ)ی ئازیز! یانی جێی داخ نییە کە لەم شارەی ئێمەدا بە هیچ جۆرێ خەڵکانێک نەبن کە حەزبکەن یان بتوانن دەربارەی بابەتێکی ئەقڵانیو جوان گفتوگۆو گەنگەشە بکەن. بەڕاستی ئەمە کێماسییەکی گەورەی جڤاکییە. تەنانەت خوێنەوارو ڕۆشنبیرەکانیشمان، ناتوانن لە باسی بابەتە کۆن و سواوو بازاڕییەکان هێوەتر بچن. من دڵنیات دەکەم کە ئاستی پەروەردەو کەماڵی فیکری ئەوانیش ( ڕۆشنبیرانمان)، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە هی ڕەمەکی مەردمەگە نییە.

– زۆر ڕاستە! هەق بە تۆیە، منیش دەگەڵ تۆدام.

دکتۆر، بە دەنگە نەرمەکەی، هێدی هێدی لەسەری دەڕۆیی:

– هەڵبەتە تۆش دەزانیت کە لەم دنیایەدا جگە لە دیاردەو دەسکەوتە بەرزەکانی ئەقڵی بەشەری هیچ شتێکی دیکە نە بایەخی هەیەو نە لەزەت. تەنیا ئەقڵە کە بە سەرحەدی نێوان ئینسانیەت و حەیوانییەت دێتە ژماردن، هەر ئەقڵە کە بەشەر دەکات بە گەورەو ئەشرەفی بوونەوەران و دەیگەیەنێتە قۆناغی کەماڵ و پوختە بوون و پایەی خوایەتیو، چونکە وەکو هەموو بوونەوەرانی دی دەمرێت، تا ڕادەیەک نەمرو جاویدانی دەنوێنێ. جا ئەگەر ئەمەمان سەلماندو ئەمە وابێ، ئەوا ئەقڵ دەکاتە تاقە سەرچاوەی لەزەتە بەشەرییەکان. بەڵام چونکە لە دەوروبەری خۆماندا نە خەڵکانی ژیرو ئاقڵ دەبینینو نە گوێمان لە قسەی ئاقڵانە دەبێت، بۆیە لە هەر جۆرە لەزەتێک بێبەشین، ڕاستە ئێمە کتێبان دەخوێنینەوە، بەڵام کتێب جێگەی قسەکردنی زندوو وتێکەڵ بوونی جڤاکی،

ناگرێتەوە، زۆریان فەرقە، ئاسمان و ڕێسمانن. جا ئەگەر یارمەتیم بدەیت دەمەوێ لێرەدا بەراوردێک بکەم، هەرچەندە رەنگە بەراوردەکەم زۆر دروست نەبێت، بەڵام بە یارمەتی تۆ دەمەوێ بڵێم ئەگەر کتێبان بە نۆتەی مۆزیک بچوێنین، ئەوا گفتوگۆو قسان دەکاتە گۆرانی.

- زۆر تەواوە، دەقاو دەق وایە.

دوای ئەوە،کەمێک بێدەنگ دەبوون، داریوشکا لە مووبەقەکە وەدەردەکەوت، بە سیمای خەمبارەوە دەستی دەخستە ژێر چەنەی و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستاو گوێی بۆ قسەکانی وان هەڵدەخست.

میخاییل ئاڤریانیچ ئاهێکی هەڵدەکێشا:

- ئاه! چاوەڕوانی چی لە هەست و ئەقڵی خەڵکی ئەم زەمانە دەکەیت!

ئەوسا، دەکەوتە باسی ئەوەی کە خەڵکی جاران چۆن ژیانیان بەخۆشیو شادی گوزەراندووە، ژیانیان چەند خۆش و بەلەزەت بووە، خوێنەوارو رۆشنبیرانی ئاقڵی جارانی روسیا چۆن بوون و چەند بە خەمی شەرەف و دۆستایەتیوە بوون. متمانەیان بە یەک دەکرد، بێ هیچ سەنەدو قەواڵەیەک قەرزیان بە یەک دەدا،و لە کاتی پێویستدا یارمەتی یەکیان دەدا، دەستگیرۆیی ئاتاج و نەدارایان دەکردو دەست نەگرتنی لێقەوماوانی هاوڕەگەزی خۆیان بە شەرم و نەنگییەکی گەورە دەزانی. داب و نەریت و پەیوەندی و دۆستایەتی و کردارو گوتیاریان زۆر باش بوو! دۆستایەتیان دەفامی، دۆستی گیانی بە گیانی و یەکڕەنگ و یەک دڵ پەیدا دەبوون، جا چەند ژنی جوانیان هەبوو! دەڤەری قەفقاز هەر باسی مەکە وڵات بوو نە گاڵتە! ژنی یەکێک لە سەرهەنگەکانی لەشکری مە، کە ژنێکی سەیر بوو، بەبێ رێنوێن و بەلەد، دەیدایە ئەو شاخ و کێوانە. خەڵکی دەیانگوت گوایە پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ میرزادەیەکی گومناوی یەکێک لەو گوندانەی ئەو ناو چیایانەدا هەیە.

داریوشکا ئاهێکی هەڵدەکێشا: - ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمانی!... ئەی مەریەمی پاکیزە.

میخاییل ئاڤریانیچ دوای هەڵوەستەیەکی کەم لەسەر قسەکانی خۆی دەڕۆیی:

- جا خواردن و خواردنەوەیان بۆ ناڵێی! ڕابواردنیان بۆ ناڵێی! سەفەرو گەڕانیان هەر باس ناکرێ! چ خەڵکانێکی ئازادو ئازا بوون!

ئاندرێ یيفیمیچ، هەر بە رواڵەت گوێی لێدەگرت، دەنا بەدەم بیرە خواردنەوەوە، بیری لە شتێکی دی دەکردەوە، لە پڕ قسەکەی بە میخاییل ئاڤریانیچ دەبڕی و هەڵیدەدایە:

– من زۆرجار خەون بەوەوە دەبینم کە دۆستایەتی‌و تێکەڵاوی خەڵکی ئاقڵ بکەم، گفتوگۆو گەنگەشەیان دەگەڵ بکەم. بابم باشی پەروەردە کردووم، بەڵام لە ژێر باندۆرو کاریگەری هزرێن کۆمەڵایەتی باوی ساڵانی ١٨٥٠- ١٨٦٠دا بوو، ناچاری کردم ببم بە دکتۆر، تەسەور دەکەم کە ئەگەر ئەوسا بە گوێی ئەوم نەکردبایە، ئێستا ئەندامی دەستەی مامۆستایانی یەکێک لە کۆلیجە ڕۆحانییەکان دەبووم و لە ناو جەرگەی بزووتنەوە فیکرییەکەدا دەبووم. هەڵبەتە ئەقڵیش ئەبەدی نییە، بەڵکو وەکو هەر شتێکی تری ئەم دنیایە ڕەوتەنیە. بەڵام پێشتر بۆم باس کردوویت کە بۆچی ئەوەندە مایل بە ئەقڵم و ئەقڵ دۆستم. ژیان داوێکی بە ئازارە. کە پیاوی هزرڤان و بیرمەند فامی کردەوەو لە ڕووی ئەقڵییەوە پێ گەیی‌و تێگەیی، خەملێنی ئەقڵی پەیدا کرد، ئیدی خۆی لە ناو داوێکا دەبینێتەوە کە ڕێگەی دەرچوونی نییە. ئەلهەقی مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی و لە ئەنجامی زنجیرەیەک ڕووداوەوە، هاتووەتە ئاراوە، هاتووەتە دنیاوە. بۆچی؟ دیار نییە! هەڵبەتە دەیەوێ هۆو ماناو ئامانجی دروستبوونی خۆی بزانێت، یان وەڵامی پرسیارەکانی نادەنەوە یان کۆمەڵێک وەڵامی بێ ماناو تورەهاتی دەدەنەوە، لە هەر دەرگایەک بدات، لێی ناکرێتەوە، ئەنجام مەرگ، کە ئەویش بەبێ مەیل‌و ویستی ئەوە، دەگاتە سەری و قیرەبڕی دەکات. لەبەر ئەمە وەکو چۆن زندانیان کاتێ دەگەڵ هاوزندانیانی خۆیاندا بە کۆمەڵ ڕێ بکەن، وا خەیاڵ دەکەن کە ئازادترو ئاسوودەترن، بە شەریش بەو ئاوایە ئەگەر لە ژیاندا بکەونە شیکردنەوەو لێکدانەوەی هزری‌و پێکڤە هەڕنە پێشێ و کاتی خۆیان بە گۆڕینەوەی هزرێن ئازادو بەنرخ بەرنە سەر، ئیدی ئاگایان لە داوەکەی ژیان نامێنێ. جا لەم ڕوانگەیەوەو بەم چەمک و مانایە ئەقڵ و فیکر لەزەتێکی بێ هاوتای دەبێت.

– دەقاو دەق وایە، ڕاستە فەرموویت !

ئاندرێ یيفیمیچ، بێ ئەوەی تەمەشای چاوانی هاونشینەکەی بکات، بە کاوەخۆ، بەهێمنی‌و، وردە وردە درێژەی بە باسەکەی دەربارەی پیاوانی ئاقڵ‌و لەزەتی گفتوگۆ دەگەڵ ئاقڵاندا، دەداو (میخاییل ئاڤریانیچ)ش گوێی لێدەگرت و ناو بەناو بە ڕستە باوەکەی خۆی بۆی دەسەلماند:

– دەقاو دەق وایە! ڕاستە فەرموویت!

له پڕ سەرۆکی پۆستەخانە لێی دەپرسی: – باشە دکتۆر تۆ باوەڕت بە ژیانی ئەبەدی و جاویدانی ڕوح نییە؟

– نا! میخاییل ئاڤریانیچی ئازیز! "نە باوەڕم پێیەتیو نە هیچ بەڵگەو بیانوویەکم پێیە کە باوەڕم پێ هەبێ."

میخاییل ئاڤریانیچ هەڵدەداتێ و دەڵێت:

– منیش هەرچەند وا هەست دەکەم کە هەرگیز نامرم، کەچی هەر بەینی خۆمان بێت گومانم لە ژیانی ئەبەدی و مانی ڕوح هەیە. زۆرجار بەخۆم دەڵێم دەی پیرەمێری فەرتووتی زۆرهان، بەسە، ئیدی کاتی مردنت هاتووەو دەبێ غەزەلی خوداحافیزی بخوێنیت! بەڵام دەنگێکی کز لە ناخی دڵمەوە بەرسڤ دەداتەوە: "باوەڕ مەکە، تۆ هەرگیز نامریت!".

نزیکی سەعات دەی شەو، میخاییل ئاڤریانیچ هەڵدەستاو دەڕۆیی. کە دەچووە ڕاڕەوەکە، بەدەم لەبەرکردنی پاڵتۆ چەرمە قورسەکەیەوە ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشاو دەیگوت:

– تۆ تەمەشا چارەنووس فڕێی داوینەتە چ گۆشەیەکی دوورە دەستەوە! داخ ئەو داخەیە کە دەبێ لە هەمان شاردا بمرین. ئاخ دنیای بێ وەفا!

((٧))

ئاندرێ ییفیمیچ، پاش ئەوەی دۆستەکەی بەڕێ دەکرد، دووبارە دەگەڕایەوە پشت مێزەکەی و دەستی بەخوێندنەوەو موتاڵا دەکردەوە. هیچ سەدایەک بێدەنگی شەوی نە دەشلەقاند، بچووکترین سرتە خامۆشی شەوی دەشلەقاند. پێدەچوو کە زەمانیش وەستابێ تا تەمەشای دکتۆرو کتێبەکەی بەردەمی بکات کە بەوپەڕی خامۆشی و کڕی و کپی سەری بەسەریا داژەندووە. دەتگوت دنیا جگە لەم کتێبەو لەم لامپا بلور کەسەکە، هیچ شتێکی دی تیا نەبوو. لەم کەش و هەواو هاماجەدا، سیمای زبروسادەی دکتۆر بەرەبەرە دەگەشایەوەو پاراوتر دەبوو،و شوێنەواری شادی و خۆشی لێدەردەکەوت، هەمان ئەو شادی و جۆش و خرۆشە بوو، کە لە سەرەتاو دەستپێکی بزاوتنی فیکرا، بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "حەیفێ بۆچی بەشەر دەمرێت، بۆچی نەمرو جاویدان نییە؟ باشە ئەم مێشک و ئەم هەموو پێچەلپێچەی

مێشک، ئەم هەستی ئەقڵانییە، ئەم نێروی نوتقو دەربڕینە، ئەم سۆز هەستانە، ئەم هەموو بلیمەتی و توانا بەشەرییە لە پای چی و سوودی چیە، کە چارەنووسی ئەوە بێت بفەوتیو نەمێنێ، هەموو ئەو ئیمتیازانە دەگەڵ جەندەکی ویدا وەژێر گڵی ڕەشەوە بکرێت و بلێونان ساڵ دەگەڵ عاردیدا، بێ هیچ مەبەست و ئامانجێک بە دەوری ڕۆژدا بسوڕێتەوە؟ خۆ ئەگەر مەبەست لە دروستبوونو دروستکردنی بەشەر تەنیا ئەمە بوو کە سەرەنجام بمرێت و نەمێنێ، هیچ پێویستی نەدەکرد کە بەم هزرو ئیدارەکە بەرزو نیمچە خواییەوە لە نەبوونەوە بێتە بوون و پاشان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، بە نەمان و عەدەمی بسپێرنەوە." . " گۆڕانی بەردەوامی مادە! گوایە ئەمە ئەلتەرناتیفی نەمری و جاویدانییە!، ئەمە ئەوپەڕی ترسنۆکییە ببین بەم هزرە بێ مانایانە، بەم تیورییە کۆمیدیەی هەرمان، دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە! ئەم پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکارییە، ئەم کارو کاردانەوە لاشعورییەی کە لە تەبیعەتدا ڕوو دەدات، لە حەماقەتە بەشەریەکانیش بێ بایەخترە. چونکە حەماقەتە بەشەرییەکان هەر چۆنێ بێ، کەمۆکەیەک هەست و ئیرادەیان تیایە، بەڵام لەم ڕووداوو دیاردە سروشتیانەدا نە هەست بەدی دەکرێت و نە ویست و ئیرادە. تەنیا ئەو بنیادەمە ترسنۆک و قەلەزراوەی کە ترسی مەرگ بەسەریا زاڵ دەبێت و هەموو شەهامەت و پیاوەتییەک لە دەست دەدات، دەتوانێ دڵخۆشی خۆی بەم بیرە بداتەوە کە جەستەی وی تا هەتا هەتایە لە گیایەکدا، لە بەردێکدا یان لە بۆقێکدا... دەژی. هەڵبەتە ئەم قسەیەی کە گۆڕان خۆی لە خۆیدا جۆرە جاویدانییەکەو هەرمان و ئەبەدیەتی بەشەر دەنوێنێ، هیچی لەو گاڵتەجاڕی و گەوجێتییە کەمتر نییە، کەسێک دوای شکان و وردبوونی وێڵۆنێکی گرانبەها، پێشبینی ئایندەیەکی گەش بۆ قاڵۆرو قاوغەکەی بکات."

هەر سەرە سەعاتێک کە سەعاتی قەد دیوارەکە زەنگی لێدەدا، ئاندرێ ییفیمیچ پشتی بە کورسیەکەیەوە دەداو چاوانی دەنوقاند، تاباشتر بیربکاتەوە. لە پڕو بێ ویستی خۆی دەکەوتە ژێر باندۆرو کاریگەریی ئەو بیرە بەرزانەی کە لە کتێبەکەدا خوێندبوویەوەو چاوێکی بە رابردوو،و ئایندەی خویدا دەخشاندەوە، رابردووی قێزەون و پەشم، دەهاتە بەرچاو، بە شایستەی بیرلێکردنەوەی نەدەزانی. بەڵام سەبارەت بە ئایندە هەستی دەکرد هیچی لە ڕابردوو جیاوازتر نییە. تەسەوری دەکرد لەو دەمەدا کە ڕوحی وی دەگەڵ گۆی ساردو سڕی زەویدا بەدەوری هەتاودا دەسوڕێتەوە، هێشتا هەر خەڵکانی نەخۆش و دەردەدار دەستە دەستە روو دەکەنە ماڵ و عیادەی دکتۆران. رەنگە لەو زەمان و رۆژگارەشدا، دەقاو دەق وەکو ئەمڕۆ نەخۆشان لە تاو ئازارو ژان، خەویان

لێنەکەوێت، بەردەوام لە قاوشانی پیس و پۆخڵی نەخۆشخانەکاندا، لە شەڕی پێشکەو مێروواندا بن. لە دنیای خەیاڵدا، بە چاوی خەیاڵ نەخۆشێکی دەبینی کە سیمای بە دەم ئازارەوە دەگۆڕێت و لە تاو بەستنی توندی زامەکەی دەناڵێنێ. ڕەنگە ئەو ڕۆژو ڕۆژگارەش نەخۆشان دەگەڵ پەرستاران و سیستەراندا قومار بکەن و ڤۆدگا بخۆنەوە. رەنگە ئەو سەردەمەش، ئاماری ساڵانە ئەوە نیشان بدات کە دکتۆرێک، دوانزە هەزار نەخۆشی، لە جیاتی چارەسەر، فریوداوە. ڕەنگە لەو زەمان و ڕۆژگارەشدا، هەموو کاروبارانی نەخۆشخانەکان وەکو ئەمڕۆ بەدزی و ساختەچیاتی، هەڤڕکی و ململانێو فیتنەبازی، دووزمانی و درۆزنی، واسیتەکاری و سەرسەریاتی، بەڕێوە بچن. نەخۆشخانەکان وەکو رابردوو ببن بە بنکەو مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەدئاکاری و زیانۆکی(بە زیان) تەندروستی گشتی هاووڵاتیان.

دکتۆر ئاندرێ ییفیمیچ زۆر چاک دەیزانی کە نیکیتا لە قاوشی ژمارە شەشدا، لەو دیوی پەنجەرە ئاسنەکانەوە، لە نەخۆشەکان دەدات و هەموو ڕۆژێ موسیکا جوو، بۆ سواڵ و سەدەقە بۆ ناو شار دەنێرێت.

هەروەها ئەوەشی دەزانێ کە زانستی پزیشکی لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییەدا گۆڕان و پێشڤەچوونی چاک و گرینگی بەخۆوە بینیوە. ئاندرێ ییفیمیچ کاتێ کە لە زانستگەدا دەیخوێند. وای تەسەور دەکرد کە زانستی پزیشکی بەو زووانە بەهەمان مەرەدی کیمیاگەری و میتافیزیک دەچێت ودەبێ بە هاوچارەنووسی وان. بەڵام ئەمێستا کە شەوان سەری دەکردە خوێندنەوەو موتاڵا، پێشکەوتنو تەرەقیاتی تازەی دنیای پزیشکگەری زۆری کار تێدەکرد،و دڵی پڕ دەبوو لە خۆشیو شادی. لە ڕاستیشدا پێشکەوتن و شۆڕشێکی یەجگار گەورە و سەیر بوو! بە فەزڵی دەرمان و کەشفیاتی تازە، دەکرا نەشتەگەری و عەمەلیاتی ئەوتۆ بکرێت کە خودی پروگۆفی مەزن تەنانەت لە خەویشدا زاتی نەدەکرد خۆی لە قەرەی ئەم جۆرە نەشتەرگەری و عەمەلیاتانە بدات و، بگرە بە مەحاڵیشی دەزانی. کار گەییوەتە ئەوەی پزیشکانی ئاسایی، بێ ترس و بە ئاسانی عەمەلیاتی کەشکەژنۆ دەکەن، لەو نەخۆشانەی کە عەمەلیات و نەشتەرگەری برینی گەدەیان بۆ دەکرێ، رەنگە تەنیا لە سەدا یەکێکیان زایە ببێت، خۆ نەخۆشی بەردی میزڵدان بە رادەیەک ئاسان مالیجە دەکرێت، کە لە گۆڤارانی پزیشکیشدا لەسەری نانووسن. نەخۆشی سیفلیس هەر بە تەواوەتی دەرمان دەکرێت. تۆ تەمەشا

تیۆری تازە دەربارەی ویراسەت، هیپنۆتیزم، کەشفەکانی باستوورو کوخ لە کوێ و پزیشکی وڵاتی ئێمە لە کوێ! چ جیاوازییەکی زۆریان هەیە!

نەخۆشیانی دەروونیو جۆرە پۆلێن کراوەکانی نەخۆشی دەروونیو شێوازی دۆزینەوەو چارەسەریان ئەوەندە پێشکەوتووەو گەشەی کردووە کە لەگەڵ جاراندا هەر بەراورد ناکرێت.. ئەمڕۆکە نەخۆشانی ئەقڵی بەو جۆرە مالیجەو دەرمان ناکرێن کە ئاوی ساردیان پێدا بکرێ، بخرێنە بەر ئاوی ساردو، بەخورتی و تۆبزی کراسێن گەرمیان لەبەر ناکەن، وەکو خەڵکانی ئاقڵ و بێ عەیب مدارایان دەکەن و، تەنانەت وەکو لە رۆژنامەکاندا دەنووسرێت، ئاهەنگی شانۆیی و کەڕەنەڤاڵی بالیەو رەقسیان بۆ ساز دەکەن تا بێزار و بێتاقەت نەبن. ئاندرێ ییفیمیچ زۆر چاک دەیزانی، بە بەراورد دەگەڵ تیۆری و باوەڕو کەشفکاری و سەلیقەی ئێستادا، ئەو کارە دزێوو نەنگینانەی لە قاوشی ژمارە شەشدا دەکرێن، تەنیا لە شارێکی دوو سەد فەرسەخی نزیکترین وێستگەی قیتاردا جێی دەبێتەوە کە بەڕێوەبەرو ئەندامانی ئەنجوومەنی شار، لەو نەزان و کۆڵکە خوێنەوارانە بن کە دکتۆران بە کەشیشان دەزانن و باوەڕیان وایە دەبێ کوێرانەو بێ چەندو چوون بە گوێیان بکرێ و پەیڕەوی دەستوورو رێنماییەکانیان بکرێت، ئیدی خوای دەکرد قورقوشمی تواوەیان بە گەرووی خەڵکیدا دەکرد. ئەگەر ئەم نەخۆشخانەیە، کە خۆی لە خۆیدا باستیلێکی بچووکە، لە هەر شارو شوێنێکی دیکە بوایە، تا ئێستا دەمێ بوو لەلایەن جەماوەری خەڵکییەوە بە کۆمەکی رۆژنامان تەختی زەوی کرابوو.

ئەوسا ئاندرێ ییفیمیچ، چاوەکانی دەکردنەوەو لە خۆی دەپرسی: "بەڵام چارە چیە؟ بەچی دەچێ؟ چ سوودێکمان لە هەر هەموو ئەمانە بینی؟ موعەقیمات و دەرمان و کوخ و پاستوریش هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەریان نەکردووە، رێژەی نەخۆشی و مەرگیان کەم نەکردووەتەوە. ڕاستە ئاهەنگی شانۆییو کەڕنەڤاڵی بالیەو ڕەقسان بۆ شێتان سازدەکرێ، بەڵام ئازادیان ناکەن بە کەیفی دڵی خۆیان بکەن، بە گوێرەی حەزو ویستی خۆیان ڕەفتار بکەن، کەواتە هەر هەموو ئەمە بێفایدەو بێبایەخەو، هیچ جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان خەستەخانەکەی من و باشترین خەستەخانەی شاری ڤێنادا نییە."

بەڵام پەڵە خەمێکی سەیرو هەستێکی بەغیلی ئاسا، کردیانە کارێک کە ئاندرێ ییفیمیچ نەتوانێ بە یەکجارەکی دستبەرداری ئەم بیرو هزرە تاریک و ڕەشانە ببێت، پێدەچوو ئەمە زادەی ماندوویەتی ئەعساب بێت. سەری قورسی بەسەر کتێبەکەدا دادەهاتەوە،

دەستەکانی دەنانە ژێر چەنەی تا کەمتر هەست بە قورسایی سەری بکات، دووبارە لە فکران ڕادەچوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

"ئەم خزمەتەی من کارێکی پڕ زیانە، من مووچەی خۆم لە خەڵکانێک وەردەگرم کە فریویان دەدەم، من پیاوێکی شەریف نیم، بەڵام من بە تەنیا هیچم لە دەست نایەت و ناکەمە هیچ، من تەنیا گەردیلەیەکم لەو شەڕو گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەی کە لەبن نایەت. تەنیا یەک گەردیلەی گەندەڵی کۆمەڵایەتی بەهۆی منەوە دروست دەبێت، چونکە هەر هەموو کارمەندانی ناوچەکەو شارەکان، خەڵکانی بەزیانن و بەبێ ئەوەی هیچ خێرێکیان هەبێ، هیچ کارێک بکەن، بە خوت و خۆڕایی، لە بەلاش مووچەو مانگانە وەردەگرن... کەواتە گوناحی ئەم گەندەڵی و ماڵ وێرانییە لە ئەستۆی من نییە، بەڵکو لە ملی سەردەم و ڕۆژگارە... خۆ ئەگەر دوو سەد ساڵێک دواتر لە دایک بوومایە، بێگومان ئەم کەسەی ئێستا نەدەبووم، بەڵکو کەسێکی دی دەبووم."

لە سەعات سێی بەرەبەیاندا، بە دەم زەنگی سەعاتەکەوە، ئاندرێ ییفیمیچ چراکەی خامۆش دەکردو،دەچووە ژووری نوستن، بەڵام خەو نەدەچووە چاوی .

((٨))

نزیکەی دوو ساڵێک لەوەپێش، دەسترۆ ودەوڵەمەندانی ئەنجوومەنی هەرێم، ڕەحمیان تلیسایەوەو بڕیاریان دا تا کاتی دروستکردن و کردنەوەی نەخۆشخانەی دەوڵەتی، ساڵانە سێ سەد ڕۆبڵ بۆ ئاوەدانکردنەوە وگەورەکردنی نەخۆشخانەکەو کۆمەکی کارگوزارانی نەخۆشخانەکە تەرخان بکەن. ئەوە بوو، هەر لە پارەی ئەو کۆمەکە، دکتۆرێکی ناوچەکەیان، بە نێوی یفگینی فیدورڤیچ خروبوتوف، بۆ شار هێنا تا یارمەتی ئاندرێ ییفیمیچ بدات. یفگینی فیدورڤیچ گەنج بوو، سی ساڵی پڕ نەکردبووەوە، باڵا بەرزێکی گەنمڕەنگی مووزەرد بوو، دەموچاو پانێکی چاو چکۆلە بوو. لەوە دەچوو ئەسڵ و فەسڵی فەڕەنگی بن. بە تاقە جانتایەکەوە خۆی بە شارا کرد، تاقە کۆپیکێکی لە بەرکدا نەبوو. ژنێکی گەنجی ناشیرینی دەگەڵدا بوو و دەیگوت گوایە کارەکەرو چێشتچیەتی، ئەم ژنە منداڵێکی شیرەخۆرەی بەر مەمکەی بە باوەشەوە بوو. یفگینی فیدورڤیچ کڵاوێکی قووچی لەسەر دەناو جووتێ پووتی ملدرێژی لە پێ دەکرد. زستانان بە پۆستینێکی تیسکنەوە دەسوڕایەوە. زۆری پێنەچوو، دۆستایەتیەکی گەرمی دەگەڵ سێرگی سیرگیوفیچی یاریدەدەری دکتۆرو، سەندوقداری خەستەخانەکەدا پەیدا کرد، بەڵام خۆی لە باقی کارمەندەکان، کە مەگەر هەر خۆی بزانێ بۆچی بە ئەشراف و

ئەرستۆکراتی ناو دەبردن، دوور دەگرت. تەنیا یەک کتێب لە ماڵەکەیدا هەبوو، بە ناونیشانی "دوا ڕەچەتەو ڕێنوێنییەکانی خەستەخانەی ڤێنا، چاپی ساڵی ١٨٨١". بەبێ ئەم کتێبە نەدەچووە معایەنەی هیچ نەخۆشێک. زۆرجار شەوان لە یانەدا یاری بلیاردی دەکرد. حەزی لە وەرەقبازی و قومار نەبوو. هەمیشە ئەم جۆرە قسانەی بەسەر زارەوە بوو "هەر ئێستا. مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووە، بۆ خۆی ڕابوێرێ، کەیف بکات!"و ... هتد.

هەفتەی دووجار بۆ نەخۆشخانە دەچوو، ماوەیەک بە ژوورو قاوشەکاندا دەسوڕایەوەو معایەنەی نەخۆشانی دەکرد. نەبوونی موعەقیمات و دەرمانی پاقژکردنەوەو زۆری باکێش لە خەستەخانەکەدا پەست و بێزاری دەکرد، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا ئاندرێ ییفیمیچ زویر بێت، هەوڵی نەدەدا ڕێبازێکی تازە لە خەستەخانەکەدا دابێنێ و بگرێتەبەر. ئاندرێ ییفیمیچی هاوکارو هاوپیشەی خۆی بە ساختەچی و دزێکی پیرو دەوڵەمەند دەزانی، لە دڵی خۆیدا بەغیلی پێدەبردو حەزی دەکرد جێگای ئەو بگرێتەوە.

((٩))

شەوێکی بەهار بوو، ئاخرو ئۆخری مانگی مایس بوو، بەفرو شوێنەواری بەفر بە زەوییەوە نەما بوو،ڕەشۆڵەو تەیروتو، لە باخەکەدا دەیان خوێند، دکتۆر لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرێ تا میخاییل ئاڤریانیچی برادەری تا بەر دەرگای حەوشە بەڕێ بکات. لەم کاتەدا موسیکای جوولەکە، کە لە دەرۆزە دەگەڕایەوە، خۆی بە حەوشەدا کرد. موسیکا کڵاوی لەسەر نەبوو، جووتێ سۆلی لاسیکی شڕی لە پێدا بوو، کیسەیەکی چکۆلەی پێ بوو کە پڕ بوو لەو خێرو سەدەقانەی کە سواڵی کردبوو.

موسیکا، لە کاتێکا لە سەرما هەڵدەرزی، بەدەم بزەیەکەوە بە دکتۆری گوت: - لە ڕای خوا کوپیکێکم بدەیە!

ئاندرێ ییفیمیچ کە هەرگیز نەیدەتوانی دەست بە ڕووی کەسەوە بنێت و داوای کەس ڕەت بکاتەوە، سکەیەکی نیو ڕۆبڵی دایە. ئەوسا نیگایەکی پێیە رووت و قلێشاوەکانی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: "چەند داماوە! بەم سەرمایە پێی دەتەزێ."

ئاندرێ یفیمیچ کە هەم بەزەیی پێیدا دەهاتەوەو هەم قێزو بێزی لێدەکردەوە، بەرەو قاوشەکە دووی کابرای جولەکە کەوت، جارێ تەمەشای سەرە تاسەکەی و جارێ

تەمەشای پێیە ڕووت و قڵیشاوەکانی دەکرد. هەرکە دکتۆر وەژوور کەوت، نیکتیا بە پەلە لەسەر کۆمەڵە شڕۆشیتاڵەکان هەستاو جووتە پێ لە بەردەمیا وەستا.

ئاندرێ ییفیمیچ، بە دەنگە ئارام و نەرمەکەی گوتی:

- شەو باش نیکیتا! چۆنە جووتێ پێڵاو بەم جولەکەیە بدەی؟ لەوەیە سەرمای ببێت.

- ئەمرەکەی ئەزبەنی. هەر ئێستا بە سەرپەرشتیارەکە دەڵێم.

- بێزەحمەت بە ناوی منەوە پێی بڵێ. بڵێ من داوام کردووە کە پێڵاو بەم جولەکەیە بدەن.

دەرگای نێوان ڕاڕەوەکەو قاوشی ژمارە شەش کرا بووەوە. ئیڤان دمتریچ، لەسەر جێگاکەی خۆی راکشا بوو وخێرا خۆی خستە سەر ئانیشکەکانی و گوێی هەڵخست تابزانێ ئەم دەنگە غەریبە، دەنگی کێیە، لە ناکاو دکتۆری ناسییەوە، لە کاتێکا ئازای بەدەنی لە تووڕەییدا دەلەرزی. خۆی لە تەختە خەوەکەی هەڵدایە خوارەوە، بە دەموچاوی سوور هەڵگەڕاوی پڕ ڕق و کینەو، بە چاوانی ئەبڵەق و دەرپۆقیوەوە، تا ناوەندی قاوشەکە رای کردو، لەوێندەرەوە هاواری کرد: - دکتۆر هات!

ئەوسا لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

- کوڕینە پیرۆزباییتان لێدەکەم، ئاخری دکتۆر هات! وادیارە دکتۆر بە بەشەرمان دەزانێ، بە شایستەی ئەوەمان دەزانێ سەرمان بدات!

بەڵام لە ناکاو بەوپەڕی تووڕەیی و هەڵچوون و ڕەفتارو ئەتواری سەیرەوە هاواری کرد: - ماری نەعلەتی!

ئەوجا لاقی بە عاردیدا داو گوتی:

- ئەم مارە نەعلەتییە بکوژن! نا، کوشتن بۆ ئەو کەمە، شەرەفە! بیخەنە بیری ئاودەسەکەوە.

ئاندرێ ییفیمیچ کە گوێی لەم قسەیە بوو، لە ڕاڕەکەوە سەری کێشایە ژوورەوەو بە هێمنی پرسی:

- بۆچی؟

ئیڤان دمتریچ، بە سیمای هەڕەشە ئامێزەوە بەرەو دکتۆر چوو، لە کاتێکا کە ئازای بەدەنی لە نێو باڵاپۆشە درێژەکەیدا دەلەرزی، هاواری کرد: - بۆچی؟

هەنگێ لێوەکانی هێنانەیەوە یەک، وەک بڵێی بیەوێ تف بکات و، بە نەفرەتەوە گوتی:

- هەی دز! هێشتا تۆ دەپرسیت بۆچی؟ هەی جەلاد! شەلاتی!سێ بەندی!

ئاندرێ ییفیمیچ، بە دەم بزەیەکەوە وەکو ئەوەی خەتابار بێت و بیەوێ داوای بوردن بکات، گوتی:

- تووڕە مەبە، ئارام بە! دڵنیات دەکەم کە لە ژیانما دزیم نەکردووە، هیچ شتێکم نەدزیوە. پێموایە تۆ زیادەڕۆیی دەکەی. وادیارە زۆر لە من پڕیت، زۆر ڕقت لێمە. تکایە ئەگەر دەتوانی کەمێک خۆت هێور بکەوەو بە ئارامی پێم بڵێ بزانم بۆچی ئەوەندە تووڕەیت؟!.

گوتی: - تۆ بۆچی منت لێرە داناوە ؟

- چونکە نەخۆشیت.

- بەڵێ! نەخۆش! باشە دەزانی دەیان، بگرە سەدان شێت و دێوانە، بە کەیفی خۆیان، ئازادانە دەسوڕێنەوە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کە تۆ لەوە نەزان تری بتوانی لە خەڵکی ئاسایی و ساغ جیایان بکەیتەوە. ئیدی بۆچی دەبێ لە نێو ئەو هەموو شێتانەدا، تەنیا من و ئەم قەرەبەختانە ناچار لەم زندانەدا بین؟ جا تۆو یاریدەدەرەکەت و سەرپەرشتیارەکەو هەر هەموو ئەم گەجەرو گوجەرو شەقاوانەی کە لە نەخۆشخانەکەی تۆدا کار دەکەن، لە ڕووی پێوەری ئەخلاقی و خوڵقییەوە زۆر لە ئێمە کەمترن، ئیدی بۆچی دەبێ ئێمە لێرە زندانی بین و ئێوە بە ئازادی بگەڕێن؟ ئاخر ئەمە چ لۆژیکێکە ؟

- ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە پێوەری ئەخلاقیو لۆژیکییەوە نییە. هەموو شتێک بەندە بە شانس و ڕێکەوتەوە. کەسێک کە بە ڕێکەوت بکەوێتە زندانەوە، دەبێ زندانی بێت. کەسێکیش کە نەکەوێتە زندان، دەتوانێ بە ئازادی بسووڕێتەوەو تەواو. دکتۆریی من و شێتاتی تۆ، پەیوەندییان نە بە ئەخلاقەوە هەیەو نە بە لۆژیک و، بەڵکو تەنیا زادەی شانس و ڕێکەوت و بویەرە کۆمەڵایەتییەکانە.

ئیڤان دمتریچ، لە قەراخ تەختەخەوەکەی دانیشت و بە دەنگێکی نوساو گوتی:

– من سەر لەم قسە هەلەق و مەلەقانەی تۆ دەرناکەم.

موسیکای جوولەکە، کە ئەمشەو نیکیتا لەبەر دکتۆر رووی نەهاتبوو، گیرفانەکانی و تورەکەکەی بە تاڵ بکاتەوە، بە دەم دەرهێنان و ریزکردنی نان و خواردنی سواڵی و ورتکە کاغەزو ئێسقان و ناوکە بادەم و هەڵوژەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی، لە حاڵێکا کە هێشتا لە سەرما هەڵدەرزی بە پەلەو لە بن لێوانەوە بە زمانی عیبری سۆزەی دەکرد، وادیار بوو لە دڵی خۆیدا وای تەسەور دەکرد کە موغازەیەکی کردووەتەوەو خەریکی کارو کاسبیە.

ئیڤان دمتریچ، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: – ئازادم بکە! لێمگەڕێ با بڕۆم!

– ناتوانم.

– بۆچی؟ لەبەرچی ناتوانی؟

– چونکە لە دەسەلات و توانای مندا نییە. تۆ خۆت بڵێ ڕەهاکردنی تۆ سوودی چییە؟ گریمان من رێم دایت لێرە بڕۆیت، یەکسەر خەڵکی شار یان پۆلیس دەتگرن و دووبارە بۆ ئێرەت دێننەوە.

ئیڤان دمتریچ، بەدەم هەڵگلۆفتنی نێو چەوانییەوە گوتی:

– بەڵێ! بەڵێ! هەق بە تۆیە... بەڕاستی کارەساتە! ئەدی من چبکەم؟. ها؟

دەنگی ئیڤان دمتریچ و سیمای گەنجانەو هۆشمەندی، وێڕای گرژ بوون و خاو بوونەوەی، کاریان لە ئاندرێ ییفیمیچ کرد، زۆری حەز لێبوو کە دڵخۆشی ئەم گەنجە بداتەوەو هێوری بکاتەوە، بۆیە لە قەراخ تەختەکەی و لە تەنیشتیەوە دانیشت و دوای بیرکردنەوەیەکی کەم گوتی:

– دەپرسیت چی بکەی؟ بۆ تۆ باشترین کار ئەوەیە لێرە هەڵێی. بەڵام مخابن ئەم کارەش سوودی نییە. چونکە دەتگرن. کاتێ کە کۆمەڵگە لێبڕا خۆی لە تاوانباران و نەخۆشانی دەروونی و ئەقڵی، بەشێوەیەکی گشتی لە خەڵکانی ناباب بپارێزێ و جیا بکاتەوە، ئیدی کەس باری نابات، نە نەرم دەبێت و نە لەشکان دێت! جا تۆ یەک چارەت

هەیە، ئەویش ئەوەیە خۆت لەگەڵ ئەم بیرەدا رابێنی کە گلدانەوەو ڕاگرتنی تۆ لەم شوێنەدا پێویست و مەسڵەحەتە.

- ئاخر مانەوەی من لێرەدا پێویست نییە.

- کە زندان و شێتخانانیان دروست کرد، دەبێ خەڵکانێکیشی تێبخەن. ئیدی ئەو خەڵکە یان تۆ، یان من یان خەڵکێکی دی دەبن. تۆ چاوەڕوان بکە، کەمێک سەبرو حەوسەڵەت هەبێ، تا لە ئایندەدا هیچ زندان و شێتخانەیەک نامێنێ. هەنگێ نە پەنجەران شیشبەند دەکەن و نە دیزداشەی شۆڕ لەبەر تۆ دەکەن. بێگومان، درەنگ یا زوو ئەو سەردەم و رۆژگارە هەردێت.

ئیڤان دمتریچ، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە بە ئاستەمێک گرژییەوەو گوتی:

- گاڵتە دەکەیت. خەڵکانی وەکو تۆو نیکیتای هاودەست و یارمەتیدەرتان، هیچ کارێکتان بە کاری ئایندەوە نییە. بەڵام جەناب، دڵنیابە کە دەوران و رۆژگارێکی باشتر بەڕێوەیە! گریمان من وڕینە دەکەم،دەبزڕکێنم، دەتوانیت بە قسەکانم پێبکەنی، بە قسەی پوچو بێ مانایان بزانیت، بەڵام سپێدەی ژیانێکی نوێ لە ئەنگوتندایەو حەقیقەت و عەدالەت سەردەکەوێ و وەکو دەڵێن شاییو هەڵپەڕکێ لە گەڕەک و کۆڵانی مەش بەرپادەبێت، خەڵکی شارەکەی ئێمەش ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن! دەزانم کە من ئەو رۆژە نابینم، تا ئەو رۆژە دەتۆپم، بەڵام نەوەی خەڵکانێک دەمێنن و ئەو رۆژە دەبینن، بەشداری ئەو ژیانە پڕخۆشی و شادییە دەکەن، لە کانگای دڵمەوە سڵاویان بۆ دەنێرم، هاوبەشی خۆشیو شادیان دەکەم، شادم بە شادییان! هاوڕێیان هەڕنە پێش، خوا یارو یاوەرتان بێت!

هەنگێ چاوەکانی پرشنگیان دا، لەجێی خۆی ڕابوو، دەستەکانی بەرەو پەنجەرەکە راکێشانو بە دەنگێکی هەیەجان ئامێزەوە لەسەری ڕۆیی.

- لە پشت شیشبەندی ئەم پەنجەرەیەوە دوعای خێرتان بۆ دەکەم، پایەدار بێ حەقو عەدالەت، بژی ئازادی! خودایا چەند شادمان و خۆشحاڵم!

ئاندرێ ییفیمیچ، کە ئەداو ئەتوارە پڕجۆش و مەیلەو شانۆییەکەی ئیڤان دمتریچ، سەرنجی راکێشا بوو و بەلایەوە جوان بوو، هەڵیدایەو گوتی:

- من بەش بە حاڵی خۆم هیچ هۆیەک بۆ شادمانی نابینم. دروستە کە زندان و شێتخانان نامێنن و خۆت گوتەنی هەقو عەدالەت سەردەکەوێ، بەڵام جەوهەرو ماهیەتی مادەو شتان ناگۆڕێت و یاساکانی تەبیعەت و سروشت بە هەمان دەقی خۆیانەوە دەمێنن و وەکو هەمیشە بە نەگۆڕیی دەمێننەوە. خەڵکی لە ئایندەشدا، وەکو ئەمڕۆ نەخۆش دەکەون، پیرو فەرتووت دەبن و سەرەنجام دەمرن. گریمان سپێدەیەکی بەشکۆش ژیانی ڕوناک کردنەوە، کردی بە چراخانێکی بێ وێنە، لە ئەنجامدا هەر بەوە کۆتایی دێت و دەبرێتەوە کە جەنازەکەت لە تابوتێک دەنەن و بۆ ناو چاڵی گۆڕی شۆڕ دەکەنەوە.

- کەواتە بەم حیسابە زندوو بوونەوەو ژیانی ئەبەدی نییە ؟

- ئاە، بەسە! بیبڕەوە!

- تۆ باوەڕت پێی نییە؟ کەیفی خۆتە، بەڵام من باوەڕم پێیەتی. یەکێک لە قارەمانەکانی نازانم دۆستویفسکییە یان ڤۆلتیرە دەڵێت ئەگەر خواش نەبوایە، بەشەر بەخۆیان خوایەکیان دادەهێنا. من بەش بە حاڵی خۆم باوەڕی تەواوم بەمە هەیە کە ئەگەر نەمریی‌و جاویدانیش لە حاڵی حازرشدا نەبێت، ئەوا ئەقڵی گەورەی بەشەری دەرنگ یان زوو دای دەهێنێ.

ئاندرێ ییفیمیچ، بزەیەکی شادمانی بۆ کردو گوتی:

- دەم خۆش! پێم خۆشە کە باوەڕت پێیەتی، ئەمە بۆ تۆ باشترە، کەسێک کە باوەڕی هەبێ، ئەگەر بیخەنە درزی دیواریشەوە، دەتوانێ بێ خەم و خەیاڵ بژی. بەڵام پێموایە تۆ پیاوێکی خوێنەواری، لە کوێ خوێندووتە؟

- لە زانستگەی پترزبۆرگ، بەڵام نەمتوانی تەواوی بکەم.

- تۆ مرۆڤێکی بەهۆش وبیری. دەتوانی دەگەڵ هەر ڕەوش و هەلومەرجێکا، بە ئارامی و ئاسوودەیی هەڵبکەی. ئەندێشەی ئازادو قوڵ دەربارەی ژیان و تێگەییشتن لە مەسەلەو نهێنییەکانی ژیان، لەگەڵ دوورە پەرێزی لە شتە بچووک و تووڕەهات و گیروداره گەوجانەکانی دنیا، دوو گەورەترین نیعمەتن کە تا ئێستا مرۆڤ پێیان گەیی بێ. جا تۆ یەکێکی لەوانەی بتخەنە پشت سێ شیشبەندی ئاسنیشەوە، هەر دەتوانی ئەم

دوو بەهرەو نیعمەتە بەدەست بێنی. دیوجین لە نێو خەمرەدا دەژیا، وێڕای ئەوەش لە گشت سوڵتانانی دنیا بەختەوەرتر بوو.

ئیڤان دمتریچ، بە ڕوویەکی گرژو پەستەوە گوتی: - دیوجینەکەی تۆ بنیادەمێکی کەر بوو.

ئەوەی گوت و لە پڕ بە تووڕەیی هەستایە سەر پێیان و، لەسەری ڕۆیی:

- ئەم قسە قۆڕانە چیە کە دەربارەی دیوجین و تێگەییشتنی مەسەلەو نهێنییەکانی ژیان بۆ منی دەکەی. من حەزم لە ژیانە... ئاشقانە حەزم لە ژیانە!. من تووشی وەهمی چەوسانەوە بووم، لە  من وایە بەردەوام تاقیبم دەکەن، کون بە کون بە شوێنما دەگەڕێن، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکەدام، لە ڕەنجو عەزابدا دەژیم. بەڵام هەندێجار عەشقی ژیان سەراپام دادەگرێت، ڕێک لەم ساتانەدایە کە دەترسم شێت بم. من زۆرم حەز لە ژیانە، بێ حەد تینووی ژیانم!

ئەوسا بە دەم هەڵچوونەوە بە نێو ژوورەکە کەوت و بە ئەسپایی گوتی:

- هەر جارێ کە خەون و خەیاڵ دەمگرێت، تارمایی و تاپۆیان دەورم دەدەن، لەم جۆرە کاتانەدا خەڵکانێکی نەناس دەبینم کە لێم دێنە پێشەوە، دەنگی جیاوازو جۆراوجۆر، نەوای موزیکی ڕوحنەواز دێنە گوێم و وام دێتە بەر خەیاڵ کە لە بێشەو جەنگەڵانی جوان و لەبەستێن و ڕەخێن دەریادا پیاسە دەکەم، لەم حاڵەدا پڕ بە دڵ حەزدەکەم کاربکەم، زەحمەت بکێشم و ڕەنج بدەم ... تۆ پێم بڵێ، خەبەرو باسی تازەی ئەوێم بۆ بگێڕەوە، خەبەری تازەی ئەوێندەر چیە.؟

- مەبەستت خەبەرو باسی شارە، یان خەبەرو باس بەگشتی؟

- با جارێ لە خەبەری شارەوە دەست پێبکەین، پاشان بێینە سەر خەبەرو باسی گشتی.

- چی بێ لە تۆ نهێنی؟ ژیان لەم شارەدا عەزابە، پیاو ماندوو ودڵتەنگ دەکات... نە کەسێکی تیایە کە بتوانی قسەی بۆ بکەیت یان گوێی لێبگریت، کەسی تازەشی بۆ نەهاتووە، تەنیا دکتۆرێکی گەنج نەبێ بە نێوی خوبوتوف.

- بەڵێ! دەزانم، کە هات من لەوێ بووم، پێت وانییە کابرایەکی زبرو بێ تەربێت بێ ؟

– ڕاستە، کابرایەکی خۆش تەربێت و خوێنەوار نییە. دەزانی زۆر سەیرە... بە ڕواڵەت پایتەختەکانی* ئێمە، بزوتنەوەی فیکری و ڕۆشنبیریی گەورەیان تێدایە، یانی بەم پێیە دەبوایە پڕ بوونایە لە خەڵکی واقیعبین و مرۆڤی تازەو مودێرن، کەچی نازانم بۆچی هەر کەڕەتێ کە سەر دێتە سەر ئەوەی کەسێک بۆ شارەکەی ئێمە بنێرێن، دەگەڕێن خراپترین و ناشایستەترین کەس هەڵدەبژێرن. کەسێکم بۆ دەنێرن حەزناکەم سەیری چڕوچاویشی بکەم. بەڕاستی شارێکی نەگبەت و بێ نازمان هەیە!

ئیڤان دمتریچ ئاهێکی هەڵکێشاو بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– بەڵێ، بەڕاستی شارێکی نەگبەتە! دەی هەنووکە خەبەرە گشتییەکان چیە؟ رۆژنامەو گۆڤارەکان چ دەنووسن؟

ئیدی، دنیا تاریک بوو بوو، تاریکی باڵی بەسەر قاوشی ژمارە شەشدا کێشا بوو. دکتۆر هەستاو هەر بەسەر پێوە، باسی هەواڵ و گوتارێن ڕۆژنامە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ئەو ڕێبازە فکریە تازانەی کرد کە مۆدو باویان پەیداکردبوو. ئیڤان دمتریچ بە وردی گوێی لە قسەکانی دکتۆر دەگرت و ناو بە ناو پرسیارێکی دەکرد. بەڵام لە ناکاودا وەکو ئەوەی شتێکی ترسناکی بیر کەوتبێتەوە، سەری نایە نێو هەردوو دەستی،و پشتی کردە دکتۆرو لەسەر تەختەکەی ڕاکشا.

ئاندرێ ییفیمیچ پرسی: – چیتە؟

ئیڤان دمتریچ، بە دەنگێکی خەمناک و گیراو گوتی:

– ئیدی ئامادە نیم یەک قسەت دەگەڵدا بکەم! لێمگەڕە بەحاڵی خۆمەوە.

– ئاخر بۆچی ؟ مەگەر چ بووە؟

– پێمگوتی وازم لێ بێنە! عەجەب شەیتانێکە!

دکتۆر شانەکانی هەڵتەکاند، ئاهێکی هەڵکێشاو لە قاوشەکە وەدەرکەوت. کە بە ڕاڕەوەکەدا تێ دەپەڕی، رووی کردە نیکیتاو گوتی: – چۆنە ئێرە خاوێن بکەیتەوە...! بۆنێکی ناخۆشی لێدێ!

– ئەمرەکەی ئەزبەنی، بە چاوان.

ئاندرێ ییفیمیچ. لە کاتێکا بەرەو ماڵ نشێو دەبووەوە، بەدەم ڕێگاوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

"ئەم ئیڤان دمتریچە چەند گەنجێکی باش و ماقووڵە. لەوەتای لەم شارەدا دەژیم، تووشی هەزاران کەس بووم، کەچی ئەو تاقە کەسێکە پیاو بتوانێ قسەی دەگەڵدا بکات. ئەم گەنجە توانای بیرکردنەوەو قەزاوەتی هەیە، قسەو بۆچوونەکانی لۆژیکی وماقووڵن، تەنیا بایەخ بە شتە گرینگ و پێویستەکان دەدات.

ئەو شەوە، چ لە کاتی خوێندنەوەو موتاڵاداو چ ئەو کاتەی چووە ناو جێگاوە، هەر بیری لەلای ئیڤان دمتریچ بوو. بەیانیش کە لە خەو ڕابوو، جارێکی دی بیری کەوتەوە کە دوێ شەو ئاشنایەتی دەگەڵ پیاوێکی ئاقڵ و زیرەکدا پەیدا کردبوو، بۆیە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا هەرکە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، یەکەم ئیشی ئەوە بێت، جارێکی دی بچێتە سەردانی.

* – مەبەست لە مۆسکۆ وپترسبۆرگە.

((١٠))

ئیڤان دمتریچ، وەکو دوێنێ شەو، سەری لە نێو هەردوو دەست و، ئەژنۆکانی بەسنگی خۆیەوە نابوون و بە جۆرێ لەسەر تەختەکەی پاڵکەوتبوو، کە دەموچاوی دیارنەبوو. دکتۆر خۆی بە قاوشەکەدا کردو گوتی: – سڵاو دۆستی ئازیز! خۆ نە نوستوویت؟

ئیڤان دمتریچ، هەر بەو دەقەوە کە دەموچاوی بە بالیفەکەیەوە نابوو، وەڵامی دایەوە:

– یەکەم من دۆستی تۆ نیم، دووەم تۆ بە خۆڕایی خۆت ئەزیەت دەدەی، چونکە ئامادەنیم تاقە یەک قسەشت دەگەڵدا بکەم.

ئاندرێ ییفیمیچ، بە سەرسامی و شپرزەیی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– زۆر سەیرە!... دوێنێ هێدی و هێمن و دۆستانە پێکەوە گفتوگۆمان دەکرد، نازانم بۆچی لە پڕێکا زویر بوویت و گفتوگۆکەت بڕی... ناشێ قسەیەکی خراپم کردبێت، یان قسەکانم دژی بیرو بۆچوونەکانی تۆ بووبن.

ئیڤان دمتریچ، هەر لە سەر تەختەکەیەوە نیمچە ئاخیزێکی بۆ کرد، نیگای چاوە سوور هەڵگەڕاو مەخسەرە ئامێزو ئاشوفتەکانی بڕییە دکتۆرو گوتی:

– بە تەمای بەو ئاسانییە باوەڕ بە قسەکانت بکەم؟ باشتر وایە بڕۆی لە شوێنێکی دیکە جاسوسیو هەواڵدزی خۆت بکەی! لێرە هیچ بە هیچ ناکەیت. من دوێ شەو زانیم کە بە چ مەبەستێ بۆ ئێرە هاتبوویت.

دکتۆر بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– ئەمە چ وەهمێکی سەیرە! یانی تۆ من بە جاسووس دەزانی؟

– بەڵێ!... کەسێک بۆ ئەوە دانرابێ کە من تاقی بکاتەوەو قسەم لێ دەربێنێ و ئازاری ڕوحم بدات، چ دکتۆر بێ و چ جاسووس، فەرقی چییە؟

– ئاخ! بەڕاستی تۆ چ ... ببوورە... بنیادەمێکی سەیریت!

هەنگێ دکتۆر لەسەر تەپڵەکێکی کەنار تەختەخەوەکە دانیشت، سەرێکی گلەیی ئامێزی بۆ لەقاندو گوتی:

– با وای دابنەین هەق بە تۆ بێ، وای دابنە من بە قەستی خیانەت دەمەوێ قسەت لێ دەربێنم و خەبەری پۆلیست لێبدەم تا بتگرن، پێت وایە چ دەبێ؟ ئەوپەڕی دەتگرن، حوکمت دەدەن و دەتخەنە بێگارە زندانەوە. تەسەور دەکەیت وەزعت لە دادگا یان لە زنداندا لێرە خراتر دەبێت؟ خۆ ئەگەر حوکمی زندان یان بێگارە زندانیش بدرێی، هێشتا وەزع و حاڵت، لە وەزع و حاڵی ئێرە هەر خراتر نابێت. نا، تەسەور ناکەم خراتر بێت... کەواتە تۆ لە چی دەترسیت؟

دیار بوو ئەم قسانە کاریان لە ئیڤان دمتریچ کرد، چونکە هەستاو بە ئارامی لەسەر تەختە خەوەکەی دانیشت.

دەوروبەری سەعات پێنجی دوا نیوەڕۆ بوو، یانی ئەو کاتە بوو کە دکتۆر ڕۆژانە لە ژوورەکانیماڵەکەی خۆیدا پیاسەی دەکردو داریوشکا دەهات و لێی دەپرسی: "ئایا کاتی ئەو نەهاتووە بیرەیەک بخواتەوە؟" هێشتا زوو بوو، دنیای دەرەوە ڕوناک و ئارام، ئاسمان شین و ساف بوو. دکتۆر گوتی:

– من دوای نیوە ڕۆژە حەزم کرد پیاسەیەک بکەم، ئیدی لە ماڵ هاتمە دەرێ و ویستم لەسەر ڕێگای خۆمەوە سەرێکی تۆ بدەم. بەڕاستی بەهارێکی جوانە!

ئیڤان دمتریچ پرسی: – لە چ مانگێکداین؟ مانگی مارسە؟

- بەڵێ، ئاخرو ئۆخری مارسە.

- بێگومان حەوشەو بانەکەو کۆڵان و جادەکان هێشتا قوڕو قوڕاوە.

- زۆریش نا. باریکە ڕێگای ناو باخ و باخچەکان وشک بوونەتەوە.

ئیڤان دمتریچ وەکو یەکێک تازە لە خەو ڕابووبێ، چاوە سوورەکانی هەڵگڵۆفت و گوتی:

- چەند خۆشە پیاو لەم کات و هەوا خۆشەدا گالیسکەیەک بگرێت و گەشتێکی دەرەوەی شار بکات و پاشان بگەڕێتەوە بۆ ژوورە گەرم و گوڕو خۆشەکەی خۆی و... ئەوجا بۆ چارەسەری ژانەسەرەکەی بچێت بۆ لای دکتۆرێکی کارامەو لێزان... زۆر دەمێکە وەکو بنیادەم نەژیاوم. بەڕاستی ئێرە شوێنێکی پیس و ناخۆشە! یانی ناخۆشیەکەی لە کێشدا نییە.

دوای ئەو هاڕوژانەی کە دوێ شەو تووشی بوو بوو، پەژمردەو ماندوو دەهاتە بەرچاو و، بەبێ مەیلی قسانی دەکرد. قامکەکانی دەلەرزین و بە سیمایدا دیاربوو کە ژانە سەرێکی قورسی گرتووە.

ئاندرێ ییفیمیچ گوتی:

- هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژووری گەرم و گوڕو خۆش و، ئەم قاوشانەدا نییە، بەشەر دەبێ لە ناخی خۆیدا بۆ ئاسوودەیی و ئارامی بگەڕێت نەک لە دەرەوە.

- یانی چۆن؟

- تۆ تەمەشا، خەڵکی ئاسایی لە دەرێی خۆیدا، واتە لە شتانی وەکو گالیسکەو ژووری کارکردن و ئەو شتانەدا بۆ چاکی و خراپی دەگەڕێت، بەڵام خەڵکی فامیدەو ژیر لە ناخی خۆیاندا بۆ چاکی و خراپی دەگەڕێن.

- بڕۆ ئەم فەلسەفەیە لە یۆناندا، کە ئاو وهەواکەی فێنک و خۆشەو یەکپارچە بۆن و بەرامەی نارنجە، بڵاوبکەوە. ئەم فەلسەفەیەی تۆ بە دەردی ئێرە ناخوات، لەگەڵ ئاوو هەوای ئێرەدا ناگونجێت. نازانم لەگەڵ کێدا بوو کە باسی دیوجینم دەکرد؟ لەگەڵ تۆدا بوو؟

- بەڵێ! دوێ شەو باسمان کرد.

– دیوجین، پێویستی بە ژووری خۆش و شوێنی گەرم نەبوو، چونکە ئاوو هەوای وڵاتەکەی بەجۆرێ بوو کە بەبێ ئەو شتانەش ئاسوودەو ڕەحەت بوو، لە ناو خەمرەکەی دادەنیشت و هەر پرتەقاڵ و زەیتونی دەخوارد. بەڵام ئەگەر لە روسیادا بوایە بە جۆرێ سەرما زەیفی لێ دەسەند کە دەبوا نەک هەر لە مانگی دیسامبەردا، بەڵکو لە مانگی مایسشدا، لە خەڵکی بپاڕێتەوە کە ژوورێکی گەرم و گوڕی بدەنێ، بێگومان لە سەرما ڕەق دەبووەوەو ئەعسابی تێک دەچوو.

– نا، نا وانییە! سەرماش وەکو هەر دەردو ئازارێکی دی دەشێت مرۆڤ هەستی پێنەکات، فەرامۆشی بکات. مارک ئورلیوس* دەڵێت: "دەردو ئازار، وێنایەکی زندوو وبەرجەستەی خودی ئازارە، هەرکەسێک بیەوێ ئەو وێنایە بگۆڕێت، دەبێ غیرەت و ورە بنێتە بەرخۆی، بیری لێنەکاتەوە، دادو بێداد نەکات، خۆی بۆ شل نەکات، بێ چەندوچوون ئەو دەردو ئازارەی دەپەڕێتو لە کۆڵی دەبێتەوە." ئەم وتەیە زۆر دروستە. جیاوازی خەڵکی زانا یان خەڵکی هۆشن دەگەڵ خەڵکێن ئاساییدا لەمەدایە کە لە دەردو ئازار، بێباکن، بە چاوی سووک تەمەشای دەکەن، خۆی بۆ شل ناکەن، ئەوانە هەمیشە خۆشحاڵن و، بێ منەتن و سەریان لە هیچ پێشهاتێک ناسوڕمێ.

– کەواتە من چونکە ئازار دەچێژم و، دڵم خۆش و شاد نییە، سەرم لە کەمی و ناڕەسەنی خەڵکی سوڕ دەمێنێ، دەبێ کابرایەکی گەوج بم.

– نا، مەبەستم ئەمە نەبوو. دەردو ئازارەکەی تۆ بێهودەیە. چونکە ئەگەر کەمێک قووڵتر بیر بکەیتەوە، هەنگێ بۆت بە دیاردەکەوێ، کە هەر هەموو ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی بەمجۆرە هێناومانیەتە وڕوژان، چەند سواوو بێ بایەخن. هەوڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە پێناوی ئەوەدایە بە دروستی لە چەمک و مانای ژیان بگات، کە نەجاتی واقیعی مرۆڤ لەمەدایە، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین نیعمەتە.

ئیڤان دمتریچ، برۆی وێکهێنایەوەو گوتی:

– چەمک... فاکتەرێن دەروونی... بێرونی... ببورە من سەر لەم قسانەی تۆ دەرناکەم.

ئەوسا هەستایە سەر پێیان، نیگایەکی پڕ تووڕەیی دکتۆری کردو لەسەری ڕۆیی:

– من ئەوەندە دەزانم کە خواوەند منی لە خوێنی گەرم و دەمارو ئەعساب دروست کردووە. جا ئەگەر تانوپۆی بەدەن، ژیانی تیابێ، زندوو بێت، دەبێ لە هەنبەر هەر

کارێکدا کاردانەوەی خۆی هەبێت. منیش لە هەنبەر هەر کاریگەرییەکی دەرەکی و بێرونی کاردانەوەم دەبێت، لە بەرانبەر دەردو ئازارا، ناڵەو هاوارو گریانم دەبێت، لە هەنبەر کمی و نزمی، بێزاریی، لە هەنبەر بەدئاکاری و بێ فەڕی و ناڕەسەنیدا قێزو بێزم هەیە. بەبۆچوونی من ئەم کاردانەوانە، ژیانە. تا ئۆرگانیزمی بەدەن نزمترو لاوازتر بێت، ئەوەندە هەستیاریی لە هەنبەر باندۆرێن بێرونی لاوازتر دەبێت و کاردانەوەی کەمتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە تا ئۆرگانیزمی بەدەن بەرزترو ئاڵۆزتر بێت، ئەوەندە لە هەنبەر ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیدا، لە هەنبەر باندۆرە دەرەکییەکاندا، هەستیارترو پڕ کاردانەوەتر دەبێت. چۆن تۆ ئەمانە نازانیت؟ پیاو دکتۆر بێت و ئەم شتە سادەو ئاساییانە نەزانێت؟! ئەگەر کەسێک بیەوێ دەردو ئازار بە هەند نەگرێت و بە چاوی سووک تەمەشای بکات و هەمیشە بە هەر پێشهاتێک رازی و قاییل بێت دەبێ... لە کاتێکا بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو دێهاتییە زەلام و قەڵەوە دەکرد کە لەسەر تەختەکەی ڕاکشا بوو، دەکرد.. لەسەری ڕۆیی:

– ...دەبێ یان بە مەرەدی ئەمە بچێت، یان بەڕادەیەک خوو بە دەردو ئازارەوە بگرێت کە هەستی پێ نەکات و هەموو هەستیارییەکی خۆی لە دەست بدات، بە کورتیەکەی فڕی بەژیانەوە نەمێنێ.

ئەوسا بە توڕەیی و هەڵچوونەوە لەسەری ڕۆیی:

– ببوورە، من نە زانام و نە فەیلەسوف، زانیارییەکی ئەوتۆم لەمەڕ ئەم مەسەلانە نییە،و لە وەزعو حاڵێکی ئەوتۆشدا نیم بتوانم ئەکادیمیانە بیربکەمەوەو بە بەڵگەوە گەنگەشەیان لەسەر بکەم.

– نا، بە پێچەوانەوە، تۆ زۆر بەچاکی مەسەلەکان لە بنج و بناوان دەکەیت و داوەریان لەسەر دەکەیت!

– ڕەواقیەکان، کە تۆ ڕێک لاسایی ئەوان دەکەیتەوە، خەڵکانێکی زۆر باش بوون، بەڵام فەلسەفەکەیان، لە وەتای دوو دانە هەزار ساڵە نەک هەر لەجێی خۆی وەستاوە، بەڵکو لە پاشی داوەو نەک تاقە زەڕەیەک پێش نەکەوتووە، بەڵکو لە ئایندەشدا پێش ناکەوێت، چونکە دیدو بۆچوونەکانیان نەک هەر پراکتیکی نەبووە، بەڵکو بۆ ژیانی بەشەریش پێویست و زەرووری نەبووە.. ئەم دیدو بۆچوونانە تەنیا لای کەمینەیەکی کەم، بایەخدارو پەسند بووە، کە ژیانی خۆیان وەقفی فێر بوونی زانیاری و فەلسەفەی

جۆراوجۆر کردووەو لەزەتیان لێ بینیوە، دەنا ئەم فەلسەفەیە لەلای زۆرینەی خەڵک ناکاتە هیچ و مانایەکی نییە. فەلسەفەیەک داوا لە خەڵکی بکات کە گوێ بە ماڵ و سەروەتی دنیاو خۆشگوزەرانی نەدەن، کە باکیان بە دەردو ئازارو مەرگ نەبێت، لەلای زۆربەی جەماوەری خەڵکی، هیچ ماناو چەمکێک ناگەیەنێ، چونکە ئەم زۆرینەیە هیچ کاتێک نە دەوڵەمەند بووە نە خۆشگوزەران. دیارە لە ڕوانگەی ئەم زۆرینەیەوە، گوێ نەدان بە دەردو ئازار، سووک تەمەشاکردنی دەردو ئازار، هاوتای سووک تەمەشاکردنی خودی ژیانە، چونکە سەرانسەری بوونی بەشەری بریتییە لە زنجیرە هەستێکی وەکو هەستی برسێتی، سەرما، ڕەنج و ئازار،و ترس لە مردن – هەمان ئەو ترسەی کە هاملێت گرفتاری بوو بوو- بەڵێ! ژیانی بەشەر لەم هەستانەدا پەنهانە. بۆیە دەشێت کەسێک لە ژیان تێرو بێزار ببێت، بەڵام ناتوانێ بیبێزرێنێ، بە سووکی تەمەشای بکات. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە فەلسەفەی ڕەواقی هیچ ئایندەیەکی گەش‌و درەخشانی نابێت، بەڵام وەکو دەبینی، لە وەتای سەدان ساڵەوە تا ئەمڕۆ، ململانێ، هەستیاریی لە هەنبەر دەردو ئازار، توانای کاردانەوە لە هەنبەر فاکتەرانی دەرەکی و بیرونیدا هەبووەو بەردەوام لە پێشکەوتندا بووە...

لە پڕ زنجیرەی بیرەکانی ئیڤان دمتریچ پسایەوە، هەڵوەستەیەکی کرد، بە کەسەرەوە دەستێکی بە تەوێڵی خۆیداماڵی و گوتی:

- دەمویست باسی بابەتێکی گرینگت لەگەڵدا بکەمەوە، بەڵام سەری کڵافەکەم لێ ون بوو. ئەرێ بەڕاست باسی چیم دەکرد؟ ئا، بیرم کەوتەوە. دەڵێن یەکێک لە ڕەواقیەکان، بۆ ئەوەی یەکێک لە خزمەکانی خۆی لە کۆیلایەتی ئازاد بکات، بە خوایشتی خۆی و بۆ هەتا هەتایە تەوقی ئەسارەت و دیلی لە گەردنی خۆی کردبوو. ملاحەزە دەکەی کە تەنانەت کەسێکی پابەندی فەلسەفەی ڕەواقیش، لە هەنبەر تووڕەیی و باندۆری بیرونیدا چۆن کاردانەوەی نیشان داوە، چونکە دەبێ بۆ ئەنجامدانی کارێکی جوامێرانەو هیمەتێکی پیاوانەی لەو بابەتە، یانی خۆ فیداکردن لە پێناوی هاوڕەگەزێکی ئازیزی خۆتا، دەبێ ڕوحێکی سەرڕێژ لە هاودەردی و هاوخەمی و هاوسۆزیت تیابێ. من هەرچیم دەزانی و فێری بوو بووم، لەم زندانەدا لە بیرم چوونەتەوە، دەنا لەوە بوو نموونەی زندووترو بە سوودترم بۆت هێنابایەوە. بەڕاست وەرە با حەزرەتی عیسا بە نموونە بێنینەوە، تەنانەت کاردانەوەی ئەویش لە هەنبەر ڕووداوەکانی ژیانا، هەر گریان و خەندە،و خەمینی،و تووڕە بوون، و تەنانەت خەفەت خواردن بووە. هەرگیز بە

پێکەنین و خۆشیەوە بەرەو پیری دەردو ئازار نەچووە، مەرگی بە سووک و کەم نەزانیوە، تەنانەت بۆ ئەوەی لەم چارەنووسە خەمناکە ڕزگاری بێ، لە باخی جنسیماندا کەوتبووە دوعاو نزاو پاڕانەوە.

ئیڤان دمتریچ، لێرەدا کەوتە پێکەنین، دانیشت و لەسەری ڕۆیی:

– گریمان تۆ ڕاست دەکەی، ئاسوودەیی و ئۆقرەی بەشەر لە ناخی خۆیدایە، نەک لە دەرەوەی خۆی. گریمان دروست ئەوەیە گوێ بە دەردو ئازار نەدرێت و بە سووکی بگیرێ و تەمەشا بکرێت، ببیزێنرێ و هیچ پێشهاتێک بە سەیر نەزانرێ و بە هەند نەگیرێت. بەڵام تۆ بە چ هەقێک ڕێ بە خۆت دەدەی ئەم ڕێبازو فەلسەفەیە بڵاو بکەیتەوە؟ مەگەر تۆ هزرڤان و فەیلەسوفیت؟

– نەخێر! من فەیلەسوف نیم، بەڵام پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێک ئەم فەلسەفەیە بڵاوبکاتەوە، چونکە دەگەڵ ئەقڵ و لۆجیکدا تێکدەکاتەوە.

– نا! من دەمەوێ بزانم بۆچی لە مەسەلە لۆژیکی و ئەقڵیەکاندا، لە مەسەلەی بێزراندنی ئازارو دەردو ئەو شتانەدا خۆت بە پسپۆرو شارەزا دەزانیت؟ تا ئێستا ڕەنجت کێشاوە؟ ئایا لە چەمکی دەردو ئازار تێدەگەیت؟ باشە پێمان بڵێ ئاخۆ بە منداڵی شەلاق کاریان کردوویت؟ بەر شەلاقیان داویت؟

– نەخێر، باوک و دایکم باوەڕیان بە هیچ سزایەکی بەدەنی نەبوو.

– بەڵام بابی من زۆر بێ ڕەحمانە بەر شەلاقی دەدام، بابم کارمەندێکی زبرو توندە تەبیعەت بوو، کەپوویەکی درێژو ملێکی زەردی هەبوو، مایەسیرییەکی قورسی لەگەڵدا بوو، بەڵام با واز لەو بێنین و بێینە سەر باسی تۆ. بە عەمراتت کەسێک پەلەپیتکەیەکی لێ نەداوی، کەس چاوی لێ سوور نەکردوویتەوە، کەس هەڕەشەی لێنەکردویت، کەس نەی چەوساندویتەوە، تۆکمەو سەلامەت و قەڵەو دەڵێی گامێشی. لە ژێر پەڕو باڵی باوکتا گەورە بوویت، بە پارەی ئەو خوێندنت تەواو کردووەو ئەوسا یەکسەرو بە واسیتەکاری کارێکی پڕ دەرامەت و کەم زەحمەتیان بەبێ ئەوەی موستەهەق بی، داویتێ. پتر لە بیست ساڵە لە خانوویەکی گەرم و گوڕو روناکدا، دەژی کە نە لە ئاوی کەمەو نە لە کارەبا، تاقە پولێک کرێ نادەی. کارەکەری خۆڕاییت هەیە، سەرباری ئەوەش هەم دەسەڵاتت هەیەو هەم هەق، کە بە کەیفی دڵی خۆت دەوام بکەیت یان نەکەیت... بۆیە تۆ پیاوێکی تەمەڵ و تەوەزەلیت، بە جۆرێ ژیانی خۆت ڕێک خستووە،

که هیچ شتێک نەتوانێ ناڕەحەتت بکات، یان بتهاڕوژێنێ، هەموو کارەکانی خۆت داوە بەسەر یاریدەدەرەکەت و گەجەرو گوجەرو لات و لەوێرەکانی تری نەخۆشخانەکەداو بە خۆت لە ژوورێکی گەرم و گوڕو گەورەدا پاڵت لێداوەتەوەو پارە دەخەیتە سەر یەک، کتێب دەخوێنیتەوە، بیر لە شتی توڕەهات و گەوجانە دەکەیتەوە...

نیگایەکی کەپووە سوورەکەی دکتۆری کردو لەسەری رۆیی:

.. بە کامی دڵ بیرە دەخۆیتەوە. بە کورتیەکەی تۆ لە ژیاندا هیچت نەدیتوەو، هیچت دەربارەی ژیان نەزانیوەو نەجەڕباندووە، تەنیا زانیارییەکی تێوری سەرڤە سەرڤەی رووتت دەربارەی دنیای واقیع هەیە. بۆیەش خەمساردو بێ موبالات، چ بە ڕاست و چ بە درۆ دەردو ئازار دەبوغزێنی، بە سووک تەمەشای دەکەیت، چونکە نەخۆشی و مردن، لۆژیک و ئەقڵ، شادمانی ڕاستەقینەو ئەم فەلسەفە ریسییە بە زیانانە، لەبارترین فەلسەفەن بۆ پیاوی تەمەڵ و ئیش نەکەر. بۆ نموونە تۆ ئەگەر جووتیارێک ببینی لە ژنەکەی دەدات. لە دڵی خۆتا دەڵێی: "بۆچی داکۆکی لەم ژنە بکەم؟ با لێی بدات! هیچ گرینگ نییە، چونکە درەنگ یان زوو هەردووکیان دەمرن، لەم حاڵەتەدا کابرا خۆی ئازار دەدات نەک ژنەکەی، واتە کارەکەی سووکییە بۆ خۆی نەک بۆ ژنەکەی." تۆ پێت وایە مەیخۆری و بەدمەستی کارێکی زۆر گەوجانەو ناشیرینە، بەڵام پیاو چ بخواتەوەو چ نەخواتەوە لە ئەنجامدا هەر دەمرێت. نموونەیەکی دی، ئەگەر پیرەژنێک تووشی ددان یەشە بووبێت، بۆ چارەسەرو دەرمان بێتە لای تۆ... پێی دەڵێی: "مەگەر چ قەوماوە؟ ئازار و نەخۆشی دەکاتە تەسەوری خودی ئازار و، نەخۆشی دەکاتە سێبەرو نمای ئازار. خۆ لەم دنیایەشدا سەر بێ سەریەشە نابێ، کەس بەبێ ئازار نابێت و هەمووشمان هەر گیای مردنین. دەیسا بڕۆ پیرەژن، هەیدێ لەبەر چاوم گوم بە، وازم لێبێنە با بۆ خۆم بیربکەمەوەو ڤۆدگا بخۆمەوە." یان ئەگەر گەنجێکی بێ ئەزموون بێت و ڕاوێژت پێبکات کە لەم دنیایەدا چ بکات و چۆن بژی؟ تۆ یەکسەرو بێ هیچ ڕامانێک پێی دەڵێی: "برۆ لە ڕای دەرکی مەعنەویات یان خۆت گوتەنی سەعادەتی ڕاستەقینەدا تێ بکۆشە!" بەڵام ئەم سەعادەتە واقیعیو ئەفسانەییە چییە؟ بەخۆتیش نایزانیت. بۆ نموونە ئێمە لێرەدا، لە پشت ئەم شیشبەندانەوە حیجز دەکەن، ئەشکەنجەو ئازارمان دەدەن، لێرەدا دامان دەڕزێنن، بەڵام ئەم کارە لە ڕوانگەی تۆوە کارێکی تەواو ئاقڵانەو لۆژیکیە، چونکە بەتەسەوری تۆ هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم قاوشە پیس و پۆخڵەو ئۆفیسێکی گەرمو گوڕو پاک و خاوێن وڕەحەتدا نییە. بەڕاستی فەلسەفەیەکی لەبارو بێ

خەوشە! بە شەرت فەلسەفەیە! تۆ بە پشتیوانی ئەم فەلسەفەیە بە تیرێ چەند نیشان دەشکێنێ: هەم هیچ کارێک ناکەیت، هەم ویژدانت پاک و ئاسوودەیەو، هەم خۆت بەهزرڤان دەزانێت... نا! برادەری ئازیز نا، خەیاڵت خاوە، ئەم کارە فەلسەفەو هزرو بۆچوونی ناوازەو دەوڵەمەند نییە ، بەڵکو تەمەڵی و گۆشەگیری و قەدەریەت و سست ئەقڵییە...

ئیڤان دمتریچ، هەڵوەستەیەکی کرد، بە نەفەسێکی تووڕەترەوە لەسەری ڕۆیی:

- بەڵێ، تۆ گوێ بەدەردو ئازار نادەیت، بە گرینگی نازانیت، بەڵام ئەگەر پەنجە توتەت بە دەرگاکەوە بێت، تاهێز لە گەرووتایە هاوار دەکەیت.

ئاندرێ ییفیمیچ، نەرمە بزەیەکی بۆ کردو گوتی: - لەوەشە هاوار نەکەم!

- مەحاڵە هاوار نەکەیت، بە دەنگی بەرزیش هاوار دەکەیت! یان ئەگەر خۆت ئیفلیج و زەوینگیر ببیت یان گریمان کەسێکی خۆسەری گۆساخ، بە پشتیوانی پلەو پایەی بەرزی خۆی، بەبەرچاوی خەڵکییەوە سووکایەتیت پێبکات و سوور بزانیت لەسەر ئەم کارەی سزا نادرێت، هەنگێ تێدەگەی کە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی بۆ "دەرکی مەعنەویات و سەعادەتی ڕاستەقینە" چ تامێکی هەیە!

ئاندرێ ییفیمیچ کە قسەکانی ئەوی لە گیان خۆش بوو و، لە خۆشیاندا پێدەکەنی و دەستەکانی لێکدی دەخست، گوتی:

- قسەکانت جوان و تازەن! بەڕاستی بۆچوونەکانت خۆشحاڵم دەکەن. ئەو وەسفەی کە ئێستا دەرهەق بەمن کردت، بەڕاستی جوان بوو، ئەلهەقی قسە کردن دەگەڵ تۆدا یەجگار خۆشە. من تائێرە گوێم لە تۆ گرت، جا ئێستا نۆرەی تۆیە کە لوتف بفەرموویت و گوێ لە قسەکانی من بگریت....

*- ئۆرلیۆس: ئیمپراتۆری ڕوم (١٨٠-١٢١ز)

((١١))

ئەم گفتوگۆیە نزیکەی یەک سەعاتی دی بەردەوام بوو، ئەم گفتوگۆیە کارێکی قووڵی لە ئاندرێ ییفیمیچ کرد. بۆیە لەو ڕۆژە بە دواوە هەموو ڕۆژێ بەیانیان و دوا

نیوەڕۆیان دەچوو بۆ قاوشی ژمارە شەش و زۆرجار تا ئێوارەیەکی درەنگ گفتوگۆی دەگەڵ ئیڤان دمتریچدا دەکرد. ئیڤان دمتریچ لە سەرەتاوە سڵی لە دکتۆر دەکردەوە، لە نیازپاکی وی بە گومان بوو، و بە ئاشکرا بێزاری و نەیاری خۆی دەردەبڕی، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەگەڵیا ڕاهات ئەو ڕەفتارە توندو زبرەی جارانی نەما، شێوازێکی بەتەوسی مدارا ئامێزی گرتەبەر.

ئیدی خێرا لە سەرانسەری نەخۆشخانەکەدا بڵاوبووەوە کە ئاندرێ ییفیمیچ، ڕۆژانە سەری قاوشی ژمارە شەش دەدات. هیچ کەس — نە یاریدەدەری دکتۆر، نە نیکیتاو نە پەرستارەکان – سەریان لەوە دەرنەدەکرد کە بۆچی دکتۆر بۆ قاوشی ژمارە شەش دەڕۆیی، بۆچی بە سەعاتان لەوێندەر دادەنیشت و باسی چی دەکرد؟ ئەگەر بەمەبەستی معایەنەی نەخۆشەکان دەڕۆیی، بۆچی ڕەچەتەی دەرمانی بۆ پڕ نەدەکردنەوە. خوڵاسە ڕەفتاری دکتۆر گۆڕابوو و سەیرو سەمەرە دەهاتە بەرچاو. ڕێک بە پێچەوانەوەی جارانەوە، میخاییل ئاڤریانیچ، زۆربەی کات دکتۆری لە ماڵەکەی خۆیدا نەدەبینی، داریوشکا، زۆر نیگەران و پەریشان بوو، چونکە دکتۆر وەکو جاران لە کاتی خۆیدا بیرەکەی نەدەخواردەوە، تەنانەت هەندێجار بۆ نیوەڕۆژەو فراڤینیش لە جاران درەنگتر بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.

ڕۆژێک، کە دەوروبەری ئاخروئۆخری مانگی تەمووز بوو، دکتۆر خوبوتوف، بە کارێک چوو بۆ دیدەنی ئاندرێ ییفیمیچ، چونکە لە ماڵەوە نەبوو، ئیدی بۆ تاقیبی وی بە ناو حەساری بینایەکە کەوت، لەوێندەر پێیان گوت کە دکتۆری پیر چووەتە معایەنەی نەخۆشە دەروونیەکان. کاتێ کە خوبوتوف گەییە ڕاڕەو و داڵانەکە، گوێی لە ئیڤان دمتریچ بوو کە بە دەنگێکی نیمچە تووڕە دەیگوت:

– من و تۆ هەرگیز ڕێک ناکەوین، مەحاڵە بتوانی بمهێنیتە سەر بیروباوەڕی خۆت. تۆ فڕت بە واقیعەوە نییەو هیچ لە واقیع نازانی، لە ژیانتا ئازارو ناخۆشیت نەچەشتووە، تەنیا وەکو زەروو خوێنی خەڵکیت مژیوە. بەڵام من لەوەتای چاوم بە دنیادا هەڵیناوە تاکو ئەمڕۆ، هەمیشە لە مەینەتیو ئازارو ئەشکەنجەدا بووم، بۆ ساتێ لە دەست ئازار ڕەها نەبووم، بۆیە ڕێک و ڕەوان دەیڵێم کە خۆم لە تۆ بە زیاتر دەزانم، لە هەموو ڕوویەکەوە خۆم لە تۆ بە شارەزاترو کارامەتر دەزانم. بۆیە تۆ ئەوە نیت من ئامۆژگاری بکەیت.

ئاندرێ ییفیمیچ، که تەسەوری دەکرد، ئیڤان دمتریچ، نایەوێ لە مەبەستی ئەو حاڵی ببێت، بە ئەسپایی و بە دەنگێکی خەم ئامێزەوە گوتی:

– نا، من بە هیچ جۆرێ مەبەستم ئەوە نییە کە بیروبۆچوونی خۆمت بەسەردا بسەپێنم. برادەری ئازیز! مەسەلەکە ئەوە نییە کە تۆ ڕەنجت کێشاوەو من ڕەنجم نەکێشاوە، رەنج و شادی دوو حاڵەتی ڕەوتەنین، جێگیرو پایەدارنین، پێویست ناکا باسیان بکەین. گرینگ ئەمەیە من و تۆ توانای بیرکردنەوەمان هەیە، من و تۆ لە جوملەی ئەو خەڵکانەین کە دەتوانن بیربکەنەوە، دیاردەو رووداوەکان تاوتوێ بکەن و داوەری بکەن. جا ئەمە خۆی لەخۆیدا، چەند لە بیرکردنەوەشا لێکدی جیاواز بین، جۆرە پەیوەندییەکی مەعنەویمان لە نێواندا چێدەکات. برادەری ئازیز، خۆزگە دەتزانی من چەند لە نەفامی و گێلی و نەزانی خەڵکی بێزارو بێتاقەتم، بریا دەتزانی هەر جارێ کە دەگەڵ تۆدا گفتوگۆ دەکەم چەند خۆشحاڵ و کەیف خۆش دەبم. تۆ پیاوێکی زیرەکی بۆیە زۆر لەزەت لە تێکەڵاوی تۆ دەبینم، دۆستایەتی تۆم لە گیان خۆشە.

خوبوتوف، بە ئاستەم درزێکی خستە دەرگاکەو تەمەشایەکی نێو قاوشەکەی کرد. دکتۆری پیرو ئیڤان دمتریچ کە شەوکڵاوێکی لەسەر بوو، لە تەنیشتییەکەوە لەسەر تەختەخەوەکە ڕۆنیشتبوون! دیقەتی دا کابرای شێت بەدەم سیماگۆڕکێوە خۆی دەجوڵاندو شانەکانی هەڵدەتەکاند، و بەردەوام دیزداشەکەی توند وتوندتر لە خۆیەوە دەپێچا. کەچی دکتۆر سەری داخستبوو و بەبێ جوڵە دانیشتبوو، سیمای سوورو شەکەت و خەمناک دەهاتە بەرچاو. خوبوتوف، بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە ،پۆزخەنێکی بۆ کردو تەمەشایەکی نیکیتای کرد.

نیکیتاش شانێکی بۆ هەڵتەکاند.

ڕۆژی دوایی خوبوتوف، پزیشکیارەکەی دەگەڵ خۆیدا هێنا، بە دوو قۆڵی لە ڕاڕەوەکەداو لە پشت دەرگای قاوشی ژمارە شەشەوە وەستان و گوێیان هەڵخست. پاش تۆزێک لەوێندەر وەدەرکەوتن، خوبوتوف بە دەم ڕێوە بە پزیشکیارەکەی گوت:

– وا تەسەور دەکەم بابە گەورەمان بە تەواوەتی تێکچووە.

سێرگی سێرگیوفیچی خۆشپۆشیش، کە هەوڵی دەدا بە هێواشی بەلای گۆلاوەکاندا تێپەڕێت تا پێڵاوە بۆیاخکراوو بریقەدارەکانی قوڕاوی نەبن، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– خودای گەورە! لە گوناحی ئێمەی داماو خۆش بە! ئاغای یڤگینی فیدورڤیچ، چی بێ لە تۆ نهێنی، من لە مێژە چاوەڕوانی ئەم پێشهاتە بووم.

((١٢))

لەوە بە دواوە دکتۆر ئاندرێ ییفیمیچ، بەرە بەرە کەوتە نامۆیی، هەستی دەکرد لە کەش و هەواو ژینگەیەکی گۆنگ و نهێنی ئامێزدا دەژی. کارمەندان و پەرستاران و نەخۆشانی خەستەخانەکە، کە دەیان بینی بە گومانەوە سەیریان دەکردو لە بەینی خۆیاندا دەکەوتنە چپە چپ. ماشا، کیژە چکۆلەکەی سەرپەرشتیاری دارایی و خەرجیات، کە دکتۆر زۆری خۆش دەویست و هەرجارێ لە حەساری خەستەخانەکەدا دیتبای دەچوو بۆ لای و دەستی نەوازشتی بەسەریدا دێنا، ئەمێستا هەرکە چاوی بە دکتۆر دەکەوت، کەس نەیدەزانی بۆچی قوشقی دەبوو و هەڵدەهات، میخاییل ئاڤریانیچ، سەرۆکی پۆستەخانە، ئێستا کاتێ کە گوێی لە قسەکانی دەگرت، وەکو جاران بە ئاوو تاو نەیدەگوت: "دەقاودەق وایە، ڕاستە فەرموویت" بەڵکو بە پەریشانی و نیگەرانی و بە بێتاقەتی و لە بن لێوانەوە مینگە مینگێکی بۆ دەکرد: "بەڵێ! بەڵێ!..." حایرو خەمبار دەیڕوانییە دۆستەکەی، بەردەوام ئامۆژگاری دەکرد کە خۆی لە خواردنەوەی بیرەو ڤۆدگا بپارێزێ، بەڵام چونکە پیاوێکی ناسک و بە ئەدەب بوو، ئەمەی بە ئاشکراو زەقی پێنەدەگوت، بەڵکو بە ئاماژەو کینایە تێی دەگەیاند. جا بۆ ئەم مەبەستە جارێ سەرگوزشتەی فەرماندەیەکی سوپاییو جارێ سەربهووردی کەشیشێکی بۆ دەگێڕایەوە کە چۆن بە هۆی زیادەڕۆیی لە بادەنۆشیدا نەخۆش کەوتوون و چۆن کە تەرکیان کردووە چاک بوونەتەوەو عەلەمیان نەماوە. لەم بەینەدا دکتۆر خوبوتوف-ش دوو سێ جار هاتە دیدەنیو ئامۆژگاری کرد کە خۆی لە خواردنەوەی مەشرووبات و کهولیات دوور بگرێتو بە خوت و خۆڕایی، پێشنیازی بۆ دەکرد کە برومیدی پوتاسیوم بەکار بێنێت *.

ئاندرێ یفیمیچ لە مانگی ئابدا، نامەیەکی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوە پێگەیی، کە داوای لێکرد بوو بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەر کارێکی گرینگ ، سەری ئەنجوومەنی شار بدات. کاتێ لە وەختی دیاریکراودا چوو بۆ ئەنجوومەن، سەیری کرد فەرمانداری سوپایی، سەرۆکی دایەرەی پەروەردە، یاریدەدەری ئەنجوومەنی شار، خوبوتوف و پیاوێکی قەڵەوی موو زەرد کە بە دکتۆر بانگیان دەکرد، هەموو لەوێندەر ئامادەن. ئەم ئاغای دکتۆرە کە ناوی شۆرەتی لە وشەێن پۆڵاندی پێکهاتبوو و گوتنی لەسەر زمان

زۆر قورس بوو، لە ئیدارەی چاکسازی نەژادی ئەسپ، کە لە سێ فەرسەخی شاردا بوو کاری دەکردو هەر لەوێندەر ئاکنجی بوو، بە تەما بوو چەند ڕۆژێک لەم شارەدا بمێنێتەوەو بەسەر بەرێت. دوای سەلام و چاک و خۆشیو یەکتر ناسی، هەموو لە دەوری مێزێک دانیشتن، یاریدەدەری ئەنجوومەن رووی کردە ئاندرێ یفیمیچ و گوتی:

– یاداشتنامەیەکمان لەلایە کە بڕێک پەیوەندی بە کارەکانی تۆوە هەیە، یفگینی فیدوروڤیچ دەڵێت کە شوێنی دەرمانخانەکە لە بینای ئەسڵی خەستەخانەکەدا زۆر بچووک وتەنگە، پێویستە بگوازرێتەوە بۆ یەکێک لە قاوشەکان، هەڵبەتە گواستنەوەی دەرمانخانەکە کارێکی زۆر قورس و زەحمەت نییە، کێشەی گەورە لەوەدایە کە قاوشەکە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

ئاندرێ یفیمیچ، تاوێک لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– بەڵێ، هەق بە تۆیە، بەبێ نۆژەنکردنەوە بە کەڵک نایەت. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ ئەو ژوورەی دەستەچەپی بینا سەرەکیەکە بکەین بە دەرمانخانە. پێموایە بەلای کەمەوە پێنج سەد ڕۆبڵی دەوێ بۆ نۆژەنکردنەوە، کە مەسرەفێکی بێفایدەیە.

بێدەنگی، بۆ ماوەیەکی کورت باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا. ئاندرێ یفیمیچ هێدی هێدی درێژەی بە قسەکەی خۆی داو گوتی:

– من شانازی بەوە دەکەم کە دە ساڵ لەمە پێش خەبەرم دایتێ کە ئەم نەخۆشخانەیە بەم وەزع و حاڵەی ئێستایەوە نوقستانی یەجگار زۆرە، زیادە مەسرەفێکە کە شار دەرەقەتی نایەت. ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی ١٨٤٠ دا هاتووەتە دامەزراندن و ، ئەوسا ئەم ئامێرو ئیمکاناتەی ئەمڕۆ لە ئارادا نەبوون. ئەم شارە پارەیەکی یەجگار زۆر لە دروستکردنی بینای نا زەروری و کاروباری زیادە خەرج دەکات، بە بۆچوونی من دەشیا بەم پارەیە، لە هەلومەرجێکی جڤاکی دیکەدا، بەلای کەمەوە دوو نەخۆشخانەی نموونەیی، بێ هیچ کەموکوڕییەکی پزیشکی، دروست بکرێتو بەڕێوە ببرێت.

یاریدەدەری ئەنجوومەن بە گەرم و گوڕی گوتی:

– دەیسا، وەرن با ئەم هەلومەرج و پلانە نوێیە برەخسێنین!

ئاندرێ یفیمیچ، گوتی:

- بەندە هەر زوو پێشنیازی ئەوەم کرد کە با ئیدارەو سەرپەرشتیو بەڕێوەبردنی دەزگا تەندروستییەکان بە ئەنجوومەنی شار بسپێردرێت.

دکتۆرە موو زەردەکە لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

- بەڵێ ئاغا، بودجەی خەستەخانەکان بخەنە بەر دەستی ئەنجوومەنی شار تا دوا پولی بدزن و بخۆن.

نوێنەری ئەنجوومەنی شارەوانیش پێکەنی و قسەکەی دکتۆری تەسدیق کرد:

- بێگومان، دزییان دەگەڵ شیر مژتوە.

ئاندرێ یفیمیچ، نیگای پەژمردەو خەمناکی بڕییە دکتۆرە موو زەردەکەو گوتی:

- پیاو نابێ بەخۆڕایی لە عەلەیی خەڵک بڵێ، ئینساف شتێکی باشە.

دیسان بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. چایان هێنا، فەرماندای سوپایی، بە شپرزەییەکی زۆرەوە، دەستی بەسەر مێزەکەدا درێژکردو خستیە سەر دەستی ئاندرێ یفیمیچ و گوتی:

- دکتۆر، وادیارە بەتەواوەتی ئێمەت فەرامۆش کردووە. وەکو ڕەبەن و تەرکە دنیایان دەژیت، توخنی وەرەق ناکەوی، حەز لە ژن و ژنبازی ناکەیت، وادیارە بە تێکەڵاوی خەڵکی وەکو ئێمە بێتاقەت دەبیت.

ئیدی هەموو ئامادەبووان، یەک یەک کەوتنە باسی ئەوەی کە پیاوی ماقووڵ و ڕێک و پێک لەم شارەدا بێتاقەت دەبێت. چونکە نە شانۆی تیایە، نە موزەخانە،و نە کۆنسێرتی تیادەکرێت، تەنانەت لەو دوا کۆڕو ئاهەنگی سەمایەشدا کە لە یانەکەدا کرابوو، تەنیا بیست ژن و دوو پیاو ئامادە بوو بوون.. گەنجەکان ناچنە کۆڕی سەما. یان لە مەیخانەکاندا کەوتوون یان خەریکی قومارن. ئاندرێ یفیمیچ، بێئەوەی تەمەشای کەس بکات، هێدی و هێمن دەستی بە قسان کردو داخ و کەسەری بۆ ئەوە دەخوارد کە خەڵکی شار، هەموو هۆش و گۆش و هەست و نەستیان بە قومارو غەیبەت، بە فیڕۆ دەدەن. نایانەوێ و ناتوانن وەختی خۆیان بە گفتوگۆی جوان و باش و خوێندنەوەو موتاڵای کتێبان بەرنەسەر، نایانەوێ سوودو لەزەت لە داهێنانەکانی ئەقڵی بەشەری وەربگرن. تەنیا ئەقڵ ودەسکەوتە ئەقڵییەکان شتن، ئەوی دی هەمووی پەشمە.

دکتۆر خوبوتوف کە بە وردی گوێی لە قسەو بۆچوونەکانی، هاوکارەکەی دەگرت، لە ناکاودا پرسی:

– ئاندرێ یفیمیچ، ئەمڕۆ چەندی هەیڤە؟

پاش ئەوەی ئاندرێ یفیمیچ، وەڵامی دایەوە، خوبوتوف و دکتۆرە موو زەردەکە، وەکو ئەوەی پەیان بە بێ مانایی پرسیارەکەی خۆیان بردبێ و، بۆ ئەوەی تەریقیی خۆیان بشارنەوە، کەوتنە کۆمەڵێک پرسیاری تری وەک: ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ یان ساڵ چەند ڕۆژە؟ یان ئایا ڕاستە پێغەمبەرێکی شایستەو بەڕێز لە قاوشی ژمارە شەشدا دەژی؟ ئاندرێ یفیمیچ، بە دەم وەڵامدانەوەی دوا پرسیارەوە سوور بووەوەو گوتی:

– بەڵێ، هەرچەندە نەخۆشە، بەڵام بەڕاستی گەنجێکی شایستەیە. ئیدی پرسیاری دیکەیان لێنەکرد.

لەو کاتەدا کە ئاندرێ یفیمیچ لە دالانەکەدا مژوولی لەبەرکردنی پاڵتۆکەی بوو، فەرماندارى سوپایی دەستی خستە سەر شانی و ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– وەختی ئەوە هاتووە ئێمەی پیر خانەنشین ببین و ئیدی ئیسراحەت بکەین.

کاتێ ئاندرێ یفیمیچ، لە بینای ئەنجوومەنی شار دەهاتە دەرێ، یەکسەر زانی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ تاقیکردنەوەی حەواس جەمی و توانای فیکری ئەو ساز درابوو، ئەو پرسیارانەی وەبیر خۆی هێنایەوە کە لێیان کردبوو، ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو بۆ یەکەمین جار لە هەموو تەمەنی خۆیدا بەزەیی بە حاڵی زانستی پزیشکیدا هاتەوە.

لە کاتێکا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو دکتۆرانە ئەویان تاقی کردووەتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "خودایە، خۆ ئەمانە بە ناخێریان زۆر نییە بەشی دەروونناسی پزیشکییان تەواو کردووە، ئیمتیحانیشیان تیا داوەو دەریش چوون، باشە بۆچی ئەوەندە نەزان و جاهیلن؟ بۆچی کەمترین زانیارییان لەمەڕ نەخۆشی دەروونی نییە؟

دکتۆر ئاندرێ یفیمیچ، بۆ یەکەمجار لە ژیانی خۆیدا هەستی بە سووکایەتی کرد، لە دڵی خۆیدا زۆر تووڕە بوو.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، میخاییل ئاڤریانیچ هات بۆ لای، بێ ئەوەی سڵاوو ئەحواڵپرسی بکات، خۆی گەیاندە ئاندرێ یفیمیچ، هەردوو دەستی وی لە نێو دەستەکانی خۆی ناو بە شپرزەیی‌و نیگەرانی گوتی:

– برادەری ئازیز! گیانەکەم! بۆمی بسەلمێنە کە تۆ، من بەدۆستی خۆت دەزانی، متمانەت بە دڵسۆزی و دۆستایەتیم هەیە... دۆستی ئازیز!

ئەوسا بێئەوەی دەرفەتی قسەکردن بە ئاندرێ یفیمیچ بدات، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی و گوتی:

– من بۆیە تۆم خۆش دەوێ چونکە کەسێکی خوێنەوارو دڵپاک و میهرەبان و بە بەزەیی و بە تەربێتی. گیانەکەم! گوێ لە من بگرە بزانە چ دەڵێم! ئیتیکی پیشەیی وادەخوازێت کە دکتۆرەکان، حەقیقەت و ڕاستیەکان لە تۆ بشارنەوە. بەڵام من بە حوکمی ئەوەی سەربازم، ڕێک و ڕەوان و بێ پەردە پێت دەڵێم کە تۆ نەخۆشیت. برادەری ئازیز بمبوورە! بەڵام ئەم مەسەلەیە حەقیقەتێکە ئاو لێڵ ناکات و هەموو ئەوانەی دەوروبەرت ماوەیەکە پەیان بە نەخۆشییەکەت بردووە. ئەمڕۆکە دکتۆر یفگینی فیوروفیچ پێی گوتم کە تۆ بۆ سەلامەتی و ساغڵەمی خۆت پێویستت بە ئیسراحەت و گەڕانە. هەڵبەتە هەق بەوە! جا من بە تەمام لەم ڕۆژانەدا، مادوونی وەربگرم و بچمە گەڕان و هەوایەک بگۆڕم. جا تۆش بیسەلمێنە کە بەڕاستی دۆستی منیت و لەگەڵما وەرە. بڕۆین و بە یادی ڕۆژگاری گەنجی، بای باڵێکی خۆمان بدەین.

ئاندرێ یفیمیچ بۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– بە پێچەوانەوە، هەست دەکەم عەیبم نییە، ساغ و سەلامەتم. من ناتوانم لەگەڵتا بێم، بەڵام ڕێم بدە با بەشێوەیەکی دیکە دۆستایەتی و دڵسۆزی خۆمت بۆ بسەلمێنم.

ئەم سەفەرە کوت و پڕەو، بۆ شوێنێکی نادیارو، بەبێ هیچ هۆیەکی تایبەتی و، بەبێ کتێب و بەبێ داریوشکاو بەبێ مەشرووب و بیرە، دەیکردە شێوانی نەزم و زاکوونی ژیانی ئەو، ئەو ژیانەی کە بیست دانە ساڵی خشت بوو، خووی پێوە گرتبوو! لە سەرەتادا، تەنانەت وێناو تەسەوری ئەم کارەشی بەلاوە زۆر سەیرو خەیاڵاوی و زەحمەت بوو. بەڵام لە ناکاودا، گفتوگۆی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی شارەوانی‌و ئەو خەم و پەژارەیەی کە لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، سەرو دڵی گرتبوو، وەبیر هاتەوەو ئەمە وای لێکرد، بیر لەوە بکاتەوە بۆ ماوەیەک لەو شارە بڕوات، لە شارێک کە

دەستەیەک خەڵکی کەودەن و گەوج و جاهیل و نەزانی ئەوێندەر، بەشێتیان دەزانی. بۆیە لە میخاییل ئاڤریانیچی پرسی:

- بە تەمای بۆ کوێ برۆیت ؟

- بۆ مۆسکۆ، پترزبۆرک و بۆ وارشۆ. من خۆشترین پێنج ساڵی ژیانم لە وارشۆ قەتاندووە. بەڕاستی شارێکی خۆش و ئەفسوناوییە! دەی گیانەکەم، بڕیاری خۆت بدەو لەگەڵما وەرە.

((١٣))

دوای یەک هەفتە داوایان لە ئاندرێ یفیمیچ کرد کە بچێتە ماڵەوەو ئیسراحەت بکات، یانی بە گوتەیەکی دی ئیستیقالە بدات و دەستبەرداری کارەکەی ببێت.

دکتۆر بەوپەڕی خوێنساردی و بێ منەتی ئەم هەڵوێستەی قەبووڵ کردو، هەفتەی دواتر، دەگەڵ میخاییل ئاڤریانیچدا، سواری گالیسکەکەی پۆستەخانە بوو و،بەرەو نزیکترین وێستگەی قیتار کەوتە ڕێ. دنیا فێنک و مایل بە سەرما بوو، ئاسمان ساف و شین بوو. ئاسۆی دوور ڕوناک دەینواند. بە دوو ڕۆژان، دووسەد فەرسەخەکەی نێوان شارو وێستگەی قیتارەکەیان بڕی، بەڵام شەوێ لە دوو قۆناغی پۆستەخانەدا بۆ ئیسراحەت و نووستن لایان دا.

ئەگەر لە قۆناغەکاندا چایان لە کوپی پیسدا بۆ هێنابان، یان درەنگ ئەسپەکانیان داکردبا، یان لە گالیسکەکەیان بەستبا، میخاییل ئاڤریانیچ دەهری دەبوو، سیمای سوور هەڵدەگەڕاو دەلەرزی و هاواری دەکرد: "بێدەنگ! گوێم لە قسەتان نەبێ!" لە نێو گالیسکەکەشدا، بۆ تاقە ساتێ دەمی لێک نەدەنا، لێکدا لێکدا باسی سەفەری خۆی، بۆ قەفقازو وڵاتی پۆڵاندا، دەکرد، باسی ڕیسک و ڕیسککاریەکانی خۆی، دەکرد. باسی ئەو خەڵکانەی دەکرد کە ئاشنایەتی دەگەڵ پەیدا کردبوون. هەموو ئەوانەی بە دەنگی بەزر دەگێڕایەوەو بە دەم قسەکردنەوە، چاوی بە شێوەیەکی حیرەتامێزی ئەوتۆ دەکرانەوە، کە گوێگر وای تەسەور دەکرد کە درۆو فشان دەکات. ئەمە جگە لەوەی کاتێ کە قسەی دەکرد هەناسەی بەر دەم و چاوی ئاندرێ یفیمیچ دەکەوت و لە پەنای گوێی ئەودا، لە قاقای پێکەنینی دەداو، ئەمەش دکتۆری بێزارو ناڕەحەت دەکردو نەیدەتوانی حەواس و بیرێن خۆی جەم بکات.

له درێژەی سەفەرەکەیانداو بۆ ئەوەی کەمێک پاشەکەوت بکەن بلیتی نمرە سێی قیتاریان بڕی بوو. فارگۆنێکیان هەڵبژارد کە سیغارکێشان تیایدا قەدەغە بوو. نیوەی ڕێبوارەکان خەڵکی پۆشتەو پەرداخو پاک وخاوێن بوون. میخاییل ئاڤریانیچ زوو بە زوو ئاشنایەتی دەگەڵ هەموویاندا پەیدا کردو لەم تەختەوە دەچوو بۆ ئەو تەخت و بە دەنگی بەرز دەیگوت: "هەق نییە خەڵکی بەم جادە نا ئەمنانەدا سەفەر بکەن، پیاو لەبەر دزو درۆزن جێ بەخۆی ناگرێت! سەفەر بە گالیسکە سەد قاتی سەفەر بە قیتار، باشتر و ئەمینترە. ئەگەر ڕۆژی سەد فەرسەخیش ببڕیت، هەست بە بێتاقەتیو ماندوو بوون ناکەیت. هۆی وشکەساڵی ناوچەکە ئەوەیە کە مرداو و قۆپییەکانی پینسکایایان وشک کردووە. بەشێوەیەکی گشتی بێ نەزمیو پاشاگەردانی و ئاژاوەیەکی سەیرو ترسناک باڵی بەسەر ئەم وڵاتەدا کێشاوە.". ئیدی ئەم پیاوە سوور دەبووەوەو تووڕە دەبوو و هەژدەر هەژدەر قسەی دەردەفرتاندو دەرفەتی قسەکردنی بە کەس نەدەدا، چەنەبازی بێ پایان و قاقای پێکەنین و جوڵاندنی دەست و سەری، بەجۆرێ ئاندرێ یفیمیچی جاڕزو وەڕزکرد، کە بە کەسەرو داخێکی زۆرەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "توخوا کێمان شێتین؟ من شێتم کە هەوڵدەدەم بە هیچ کلۆجێ ڕێبوارانی ناو فارگۆنەکە بێزارو ناڕەحەت نەکەم یان ئەم پیاوە خۆپەسندە، کە لە ناو ئەو خەڵکەدا لە هەمووان خۆی پێ زاناترەو ئیسراحەتی لێ هەڵگرتوون؟"

کە گەییشتنە مۆسکۆ، میخاییل ئاڤریانیچ، جلکی سوپایی لەبەر کرد: بە چاکەتێکی بێ کەتافیەو قەیتانی لاباڵ، پانتۆڵێکی بە قیراچی سوورو کڵاوێکی سوپاییەوە ڕێی دەکردو سەربازان هەرکە بە ڕێکەوت دەیانبینی، ئیکلامی سوپاییان بۆ دەکرد. دکتۆر وای هەست دەکرد کە ئەم پیاوە هەرچی سیفەت و خەسڵەتی پەسندو پیاوانەی دێهاتیانەی ڕابردووی خۆی هەیە، فەرامۆشی کردووەو تەنیا سیفەتە خراپەکانی پاراستووە. میخاییل ئاڤریانیچ حەزی دەکرد کە خەڵکی تەنانەت لە کاتی نازەروورییشدا خزمەتی بکەن. بۆ نموونە ئەگەر شخارتەیەک لەسەر مێزەکەو لەبەر چاویا بوایەو دەستیشی پێ گەییشتبا، پێشخزمەتەکەی بانگ دەکرد کە شخارتەکەی بداتە دەست. بە بەرچاوی کارەکەرە گەنجەکانەوە، بە تۆی دەرپێ قوتەیەکەوە دەسوڕایەوەو هیچ تەریق نەدەبووەوە، هەموو پێشخزمەتەکانی بێ ڕیزپەڕ، تەنانەت ئەگەر پیرەمێرێکی هەفتا ساڵەش بوایە بە ناوی ڕووتی خۆیانەوە بانگ دەکردو کاتێ کە تووڕەش بوایە هەزارویەک جنێوی سەر بە کولکەی وەک "کەرە"و "گەوجە"ی پێدەدان. ئاندرێ یفیمیچ

دەیزانی هەر هەموو ئەم رەفتارانە، رەفتاری ئاغایەکی دێهاتیە، بەڵام قێزی لێی دەهاتەوەو بە ڕەفتارێکی نابەجێ و نا پەسندی دەزانی.

میخاییل ئاڤریانیچ، هەرکە گەیینە مۆسکۆ، بەر لە هەر شتێک دکتۆری بۆ کڵێسای (ئیڤرسکایا) برد، لەوێندەر دوعاو نزای کرد، پاڕایەوە، کڕنووشی بۆ ئیکونەی پیرۆز برد، فرمێسکی هەڵڕشت و گریا، کاتێ کە نوێژو نزای تەواو بوو، لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- ئەگەر ئینسان باوەڕو ئیمانیشی نەبێت، دوای هەر نوێژو نزایەک هەست بە ئارامی و ئاسوودەییەکی زیاتر دەکات. برای ئازیز تۆش ئەم ئیکۆنەیە ماچ بکە، کڕنۆشی بۆ ببە.

دکتۆر، بەو قسەیە لە ڕوو داما، بە هەر شەرم و ڕووگیرییەک بوو کڕنۆشی بۆ ئیکۆنەکە برد، بەڵام میخاییل ئاڤریانیچ، دەم و لێوی هێنایەوە یەک، بە کوڵ و دڵ کەوتە سەر بادان و وێرد خوێندن،و ڕوندک لە چاوانی هاتنە خوارێ. پاشان چوون بۆ کۆشکی کرملین و لەوێندەر تەمەشای گەورەترین تۆپ و گەورەترین زەنگیان کرد کە بە شای تۆپان و شای زەنگان بە ناوبانگ بوون. نەک هەر تەمەشایان کردن بەڵکو دەستیانیش پێدا هێنان، ئەوسا چوونە تەمەشای روبارە جوانەکەی مۆسکۆ، پاشان چوون بۆ پەرستگەی سپاستیل و موزەخانەی رومیانتسفسکی.

لە میوانخانەی تستوف نیوەڕۆژەیان کرد. میخاییل ئاڤریانیچ کە پەیتا پەیتا دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا، ماوەیەک تەمەشای لیستی خۆراکەکانی کرد، ئەوسا وەکو کەسێکی خۆشخۆرو بە سەلیقە، ئاسوودەو ڕەحەت وەکو ئەوەی لە ماڵی خۆیدا بێت بە گارسۆنەکەی گوت:

- فریشتەکەم! حەزدەکەم بزانم ئەمرۆ چ خواردنێکمان دەدەیتێ!

((١٤))

دکتۆر لە هیچی کەم نەبوو، پیاسەی دەکرد، دەگەڕا، تەمەشای دەکرد، دەیخوارد، دەیخواردەوە، بەڵام هەستی دەکرد دەگەڵ میخاییل ئاڤریانیچدا بێتاقەتە، لێی بێزارە، حەزی دەکرد ساتێ بە تەنیا بێ و پشوویەک بدات، لە هاوڕێکەی جیا بێتەوەو خۆی لەو بدزێتەوە. بەڵام هاوڕێکەی بە پێچەوانەوە، خۆی بەوە دەزانی کە لە سەرێتی بەبست لێی دوور نەکەوێتەوەو ئەوەندەی دەتوانێت، زەمینەی سەرگەرمی کەیف و خۆشی بۆ

فەراهەم و خۆش بکات. ئەگەر بۆ شوێنێکیش نەڕۆیشتبان، هەوڵی دەدا دکتۆر بە قسەو گفتوگۆیان سەرگەرم و مژوول بکات. ئاندرێ یفیمیچ هەر تا دوو رۆژ ئەو وەزع و حاڵەی تەحەمول کرد، رۆژی سێیەم بە هاوڕێکەی خۆی گوت کە نەخۆشەو حەزدەکات ئەو رۆژە تا ئێوارێ هەر لە ماڵەوە بێت. بەڵام هاوڕێکەی گوتی کەواتە ئەویش ناچێتە دەرێ و، مرۆڤ پێویستە پشوویەکیش بدات دەنا لە پەلوپۆ دەکەوێ. ئاندرێ یفیمیچ لەسەر موبیلەکە، ڕوو لە دیوارەکە ڕاکشا، ژێراو ژێر دانەکانی لێکدی دەسوو و بە بێزاری گوێی لە قسەکانی هاوڕێکەی دەبوو، کە زۆر بە کوڵ و بەجۆش، بە ئاو وتاو هەوڵی دەدا پێی بسەلمێنێ کە بێگومان فەرەنسا درەنگ یان زوو، بەسەر ئاڵمانیادا زاڵ دەبێت ، کە ژمارەی دەستبڕو گیرفانبڕ لە مۆسکۆدا یەجگار زۆرە، کە ئەسپ بە ڕەنگ و رواڵەت نایەتە هەڵسەنگاندن.

دکتۆر بەرە بەرە هەستی دەکرد گوێی دەزرنگێتەوە، دڵی کەوتووەتە تەپە تەپ، بەڵام ئەوەندە بە ئەدەب و نەزاکەت بوو. دڵی نەدەهات بە هاوڕێکەی بڵێ کە بە تەنیا جێی بێڵێ یان بەلای کەمەوە تۆزێ بێدەنگ بێت و ئەوەندە قسان نەکات. خۆشبەختانە میخاییل ئاڤریانیچ، لە ئوتێل بێتاقەت بوو و دوای فراڤین چووە دەرێ تا کەمێک بگەڕێ و سڕی پێی دەربکات.

ئاندرێ یفیمیچ، کە تامەزرۆی ئیسراحەت بوو، کاتێ بە تەنیا مایەوە، بە تەواوەتی خۆی رادەستی ئەو ئارەزووەی کرد. ئەلهەقی پاڵکەوتن بەبێ جوڵەو، هەست کردن بە تەنیایی، شتێکی یەجگار خۆشە! شادمانی ڕاستەقینە بەبێ گۆشەگیری و تەنیایی مەحاڵە. بێگومان، ئەهریمەن، ئەو فریشتە تڕۆکراوە، لەبەر ئەمە خیانەتی لە یەزدان کرد، چونکە یەجگار تاسەمەندو تامەزرۆی تەنیایی بوو و، عەوداڵی ئەم نیعمەتە گەورەیە بوو، کە فریشتەکان لێی بێبەش بوون. ئاندرێ یفیمیچ دەیویست لە تەنیاییدا بیر لەو شتانە بکاتەوە کە لەو چەند رۆژەی ڕابردوودا دیتبوونی و بیستبوونی، بەڵام نەیدەتوانی، چونکە هەمیشە سەروسیمای میخاییل ئاڤریانیچی لە بەرچاو بوو،و بەغەم و کەسەرەوە بە خۆی دەگوت: "باشە تۆ بڵێی ئەم پیاوە تەنیا لەبەر خاتری دۆستایەتی و لە ڕووی جوامێری و پیاوەتییەوە، مادوونی وەرگرتبێ و ملی بەم سەفەرەوە نابێ! بەڵام لە دنیادا هیچ شتێک لە سایەداری دۆستانە قوڕتر نییە! دروستە میخاییل ئاڤریانیچ، پیاوێکی میهرەبان و دلۆڤان و خۆش مەشرەب و جوامێرە، بەڵام مێشکی سەرت دەبات و پیاو

بێتاقەت دەکات. ئەم جۆرە خەڵکانە هەمیشە هەوڵدەدەن کە قسەی جوان و ئاقڵانە بکەن، لێ گوێگر یەکسەر هەستدەکات کە ئەوانە کەودەن و گەوجن."

ڕۆژانی دواتریش ئاندرێ یفیمیچ، هەر بە درۆ خۆی دەکرد بە نەخۆش و لە ژوورەکەی خۆی نەدەچووە دەرێ. هەرجارێ ئاڤریانیچ هەوڵی دابا سەرگەرمی بکات و قسانی بۆ بکات، لەسەر کەتەکە(تەختە خەو) دەکەوتە سەر لاو ڕووی دەکردە دیوارەکە و ناڕەحەت دەبوو، لێ هەرکە ئاڤریانیچ دەچووە دەرێ، هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشاو خۆشحاڵ دەبوو، ودەکەوتە سەرزەنشتی خۆی کە بۆچی ملی بۆ ئەم سەفەرە دابوو و کە دەیبینی هاوڕێکەی ڕۆژ بە ڕۆژ چەنەبازترو، سوێرە قسان تر دەبێت، دڵتەنگ و خەمبار دەبوو. بۆیە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی حەواسی خۆی جەمو بیری کۆنترۆڵ بکات و بیر لە بابەتێن جددی و گرینگ بکاتەوە.

ئاندرێ یفیمیچ، کە لە وەزع و حاڵو خولڵو خووی خۆی بێزار دەبوو، لەفکران ڕادەچوو و، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "لەوە دەچێ، قسەکانی (ئیڤان دمتریچ)م لێ بێنە دی. بەڵام نا! بێهودە خۆم نیگەران دەکەم.... هەر ئەوەندەم ئەستەمە تا دەگەڕێمەوە ماڵێ، ئیدی هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر بارو دۆخی جارانی خۆی..."

لە پترسبۆرگیش هەمان تاس و هەمان حەمام بەردەوام بوو، بە ڕۆژەوە لە ژوورەوەکەی خۆی نەدەچووە دەرێ. لەسەر کەتەکە ڕادەکشا، مەگەر بۆ بیرە خواردنەوە هەستابا دەنا لە جێی خۆی نەدەجولا.

میخاییل ئاڤریانیچ، بەردەوام پەلەی لێدەکرد تا هەرچی زووترە بگەنە وارشۆ. لێ دکتۆر، بە پاڕانەوە لێی دەپاڕایەوەو تکای لێدەکرد کە:

- برادەری ئازیزم! ئاخر من چ ئیشم لە وارشۆیە؟ خۆت بە تەنیا برۆ، با من بۆ ماڵەکەی خۆم بگەڕێمەوە. تکات لێدەکەم، ڕێگەم بدە کە بۆ ماڵ بگەڕێمەوە!

لێ میخاییل ئاڤریانیچ، بەرپەرچی دەدایەوەو دەیگوت:

- نا، بە هیچ جۆرێ بە تەنیا جێت ناهێڵم. تۆ نازانی وارشۆ چ شارێکی جوان و پڕ ئەفسوونە. من خۆشترین پێنج ساڵی تەمەنم لەوێندەر قەتاندووە.

هەڵبەتە دکتۆر، ئەوەندەی ئیرادە نەبوو کە بتوانێ قسەی خۆی بباتە سەر، بۆیە ناچار بەرەو وارشۆ بەگەڵ هاوڕێکەی کەوت. لەوێش لە ژووری ئوتێل نەدەهاتە دەرێ،

لەسەر کەتەکەی (تەختە خەو) ڕادەکشاو، لە دەستی خۆی و میخاییل ئاڤریانیچ و گارسۆن وبۆیە پۆڵاندییەکان، کە بەوپەڕی سەر سەختی و عینادی نەیاندەویست لە زمانی روسی بگەن، بێزارو تووڕە دەبوو. بەڵام میخاییل ئاڤریانیچ وەکو هەمیشە چالاک و چەلەنگ و گەش و تەندروستو دڵتەڕ دەهاتە بەرچاو لە بەیانییەوە تا شەوێ بەناو شارا دەسوڕایەوەو تاقیب و سۆراخی کۆنە دۆست و ناسیاوەکانی خۆی دەکرد. چەند شەوێکیش تاکو بەیانی بۆ ئوتێل نەگەڕایەوە. دوای شەوێک کە دیار نەبوو لە کوێ وچۆنی بەسەر برد بوو، لە سپێدەدا بۆ ئوتێل گەڕایەوە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا بوو، سەرو قژی شێوا بوو و، غەزەب و تووڕەیی لێدەباری. ماوەیەکی زۆر بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، لە بن لێوانەوە مینگە مینگێکی نا مەفهوومی دەکرد، پاشان وەستاو گوتی:

– شەرەف و ئابڕووی مرۆڤ لە سەروو هەموو شتێکەوەیە.

دووبارە بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، دەستی نایە قژی خۆی و بە خەمینیەکی زۆرەوە گوتی:

– بەڵێ، شەرەف و ئابڕوو لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە! نەفرەت لەو ساتەی، کە بیری سەفەری ئەم وێرانەیەم (بابل) کەوتە سەرم.

ئەوسا رووی کردە دکتۆر و گوتی:

– برادەری ئازیز، تا دەتوانی سەر کۆنەم بکە! چونکە هەرچی دارو نەدارم هەیە لە قومارا دامناوە! پێنج سەد رۆبڵم بە قەرز بدەیە!

ئاندرێ یفیمیچ، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات پێنج سەد ڕۆبڵی ژماردو دایە دەستی هاوڕێکەی. میخاییل ئاڤریانیچ کە هێشتا دەموچاوی لە شەرماو لە قارا سوورهەڵگەڕا بوو، بەدەم ورتە ورتێکی نا مەفهووم و پچڕ پچڕەوە هەندێ سوێندی بێهودەو نابەجێی خوارد. کڵاوەکەی لە سەر کردو بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت. دوای دوو سەعاتان بۆ ئوتێل زڤڕییەوە، خۆی دا بەسەر کەتەکەدا. ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

– باش بوو حەیاو حەیسیەتی خۆم کڕییەوە، برادەری ئازیز! واچاکە تا زووە لێرە بڕۆین! حەز ناکەم بۆ تاقە دەقیقەیەکیش لەم شارە شوومەدا بمێنم. هەموویان دەستبڕو دزن! جاسووس و هەواڵدزی نەمسان!.

مانگی یازده بوو، بەفرێکی قورس جادەوبانی گرتبوو، کە جووتە هاورێ بۆ شارەکەی خۆیان گەڕانەوە. پۆست و کارەکەی (ئاندرێ یفیمیچ)یان بە دکتۆر خوبوتوف سپاردبوو. هێشتا لە خانووەکەی جارانی خۆیدا بوو، چاوەڕوان بوو ئاندرێ یفیمیچ لە سەفەرەکەی بگەڕێتەوەو ژوورەکانی نەخۆشخانەکەی بۆ چۆڵ بکات. ئەو ژنە ناشیرینەی، کە خوبوتوف لە هەموو شوێنێ بڵاوی کردبووە گوایە چێشتچییەتی، لە یەکێک لە شوقەکانی نەخۆشخانەکەدا ئاکنجی بوو بوو.

لە شارا دەنگۆیەکی تازە دەربارەی وەزع و حاڵی نەخۆشخانەکە دەماو دەمی دەکرد. دەیانگوت کە ئەم ژنە ناشیرینە دەگەڵ سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکەدا بە شەڕ هاتووەو دەمەقاڵەو قەرقەشەیان بووەو لە ئەنجامدا یارۆی سەرپەرشتیار، خۆی لەبەر پێیانی هاویشتووەو داوای بوردنی کردووە.

ئاندرێ یفیمیچ، هەر لە یەکەم رۆژی هاتنەوەیدا بۆ شار، ناچارکرا، بچێ بۆ خۆی ماواو سوکنەیەک پەیدا بکات. سەرۆکی پۆستەخانە بە شەرم و شکۆوە لێی پرسی:

– دۆستی ئازیز! داوای بوردن دەکەم و نەبێ بەبێ ئەدەبێ، حەزدەکەم بزانم وەزعی داراییت چۆنەو چیت هەیە؟.

ئاندرێ یفیمیچ، بێ چەندوچوون پارەکانی ژمارەدو گوتی:

– هەشتاو شەش رۆبڵم هەیە.

میخاییل ئاڤریانیچ، کە لە مەبەستی دکتۆر تێ نەگەیی بوو، بە شەرمێکەوە گوتی:

– مەبەستم ئەو برە پارەیە نییە کە پێتە، دەمەوێ بزانم کۆی هەموو پارەکانت چەندە.

– عەرزم کردیت کە لە دارای دنیادا تەنیا ئەو هەشتاو شەش رۆبڵەم هەیە....

میخاییل ئاڤریانیچ، هەرچەندە دکتۆری بە پیاوێکی شەریف و پاک و دروستکار دەزانی، بەڵام وێڕای ئەمەش پێی وابوو کە دەبوایە بەلای کەمەوە خاوەنی بیست هەزار رۆبڵی وشەکە بێت. بەڵام نها کە پەی بە دەستکورتی و نەداری ئاندرێ یفیمیچ بردبوو، لە پڕێکاو، بێ هیچ هۆیەکی دیار، لە هۆڕژنی گریانی داو، دەستی لە ملی هاوڕێکەی وەرینا.

ئاندرێ یفیمیچ، گواستیەوە خانووەیەکی چکۆلە، کە سێ پەنجەرەی هەبوو، ئەم خانووە هی بێوەژنێکی کاسبکار بوو بە نێوی بلیۆڤایا. ئەم خانووە چکۆلەیە بریتی بوو لە سێ هۆدەو مووبەقێک. دکتۆر ئەو دوو ژوورەی بەکرێ گرت، کە پەنجەرەکانیان دەیانڕوانیە سەر جادەکە. داریوشکاو خاوەن ماڵەکەو سێ منداڵەکەی لە ژووری سێیەم و مووبەقەکەدا دەژیان. هەندێجار ماشوق و دۆستی بێوەژنەکە، دەهات کە شەو دەگەڵ ئەودا ڕابوێرێ. ئەمە کە بابایەکی فەلاحی بەدمەست و بەدفەڕو شەڕەنگێز بوو، نیوەشەو دەیکرد بە هەراو هەنگامەو ریسواییەکی ئەوتۆ کە داریوشکاو منداڵەکانی لە ترسا شپرزەو پەریشان دەبوون. ئەم پیاوە هەرکە سەروسەکوتی پەیدا دەبوو و، دەچوو لە مووبەقەکە دادەنیشت و داوای ڤۆدگای دەکرد، هەموو زیرەیان لێدەکرد، دکتۆر لە ڕووی دلۆڤانی و بەزەییەوە منداڵە چاو بە گریانەکانی خاوەن ماڵەکەی دەبردنە ژوورەکەی خۆی و لە عاردەکە جێگەی بۆ ڕادەخستن و دەی خەواندن و، زۆر دڵی بەم کارە خێرەی خۆی خۆش بوو.

ئاندرێ یفیمیچ، وەکو جاران سەعات هەشتی بەیانی لە خەو ڕادەبوو و دوای نان و چای بەیانی، دەکەوتە خوێندنەوەی کۆنە کتێب و گۆڤارەکانی خۆی، چونکە هەنووکە ئەو پارەیەی نەبوو کە کتێب و گۆڤارێن تازە بکرێت. ئێستا خوێندنەوە وەکو جاران سەرنجی ڕانەدەکێشاو، زوو ماندوو دەبوو، ئیدی دیار نەبوو، لەبەر کۆنی کتێبەکان بوو یان لەبەر نالەبەری ژیانی تازەی بوو. جا بۆ ئەوەی کاتەکەی بە فیڕۆ نەچێ و هەست بە بێکاری نەکات، کەوتە سەر ئەوەی پێڕستێک بە ناوی گشت کتێبەکانی خۆیەوە چێ بکات و ناونیشانی هەر یەکێکیانی لە پارچە سریشێکی چکۆلەدا دەنووسیو لە سەمتی جزو بەندەکەدا، دەینا بە پشتی کتێبەکەوە. ئەم کارە بەدەنییە زەحمەت و بێ سوودەی لە موتاڵاو خوێندنەوە پێ خۆشتر بوو. چونکە کاری یەکهاوی و ڕۆتینی و دەستگیرو بێ سوود، ئارامییەکی هزری ئەوتۆی پێدەبەخشی کە ئیدی بیری لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوەو کاتەکەشی بلەز لێ دەڕۆیی. تەنانەت ئەوەشی پێ خۆش بوو کە بچێت بۆ مووبەقەکەو دەگەڵ داریوشکادا دانیشێت و پەتاتە پاک بکات یان مرۆر لە ساوار ببژێرێت. ڕۆژانی شەممەو یەک شەممە دەچوو بۆ کڵێسا، لەوێندەر پشتی بە دیوارەکەوە دەداو چاوانی دەنوقاندو گوێی بۆ ئاوازی سروودی ئاینی دەگرت و بیری لە باوک، دایک، زانکۆو ئۆل و ئاینە جۆراو جۆرەکان دەکردەوەو لە کانگای دڵەوە هەستی بە جۆرە ئارامییەکی خەمناک دەکرد، کە لە کڵێساش وەدەردەکەوت، هەمیشە خەفەتی ئەوەی دەخوارد کە بۆچی نوێژو نزاو ڕێوڕەسمەکە وا زوو تەواو بووە.

لەم ماوەیەدا دوو جاران چوو بۆ نەخۆشخانەکە تا ئیڤان دمتریچ بدینیو دەمەتەقەیەکی دەگەڵ بکات، بەڵام هەردوو جارەکە ئیڤانی بە پەشێوی و پەریشانی و توورەیی بینی، تکای دەکرد کە بە تەنێ بەجێی بێڵن و دەیگوت: دەمێکە لە خەڵکانی بودەڵەو هیچ و پوچ، لە چەنەبازی بێهودەو بازاڕی بێزار بووە، دەیگوت لە هەنبەر ئەو هەموو ڕەنجەی داویەتی هیچ پاداشتێکی لەو خەڵکە هیچ و پوچە ناوێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بیخەنە زندانی ئینفرادییەوە، بەڵام دەترسا ئەو داوا بچووکەشی پێ ڕەوا نەبینن!. هەردوو جارەکە، کە دکتۆری پیر، لە کاتی ڕۆییشتنا خودا حافیزی و شەوباشی لێکرد، ئیڤان دمتریچ، زۆر بە ڕەقی وەڵامی دایەوە.

- دەرۆی بە جەهەنەم!

بۆیە ئاندرێ یفیمیچ، دوو دڵ بوو لەوەی کە بۆ جاری سێیەم بچێتە سەردانی یان نا؟
- هەڵبەتە بە دڵ حەزی دەکرد ئەم دیدارە تازە بکاتەوە.

ئاندرێ یفیمیچ، جاران عادەتی وابوو دوای فراڤین، بە ژوورەکەیدا پیاسەی دەکردو بە دەم پیاسەوە لە فکران ڕادەچوو، بەڵام هەنووکە لە نیوەڕۆوە تا عەسر لەسەر کەتەکەی ڕادەکشاو رووی دەکردە دیوارەکەو لە دەریای هزرو بیری پوچ و بێ سەمەردا نقوم دەبوو، و هەرچی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی ئەو بیرانە لە مێشک و خەیاڵی خۆی بتارێنێ. زۆری خەفەت بەوە دەخوارد کە دوای پتر لە بیست ساڵ خزمەت، نە مووچەیەکی خانەنشینیان بۆ بڕی بووەوەو نە پاداشتێکیان دابوویە، ئەم کارەی بە سووکایەتیەکی گەورە دەزانی. ڕاستە خۆی بەوە نەدەزانی کە لە کارەکەیدا پاک و دروستکار بووبێ، بەڵام مووچەی خانەنشینی بە هەر کارمەندێک دەدرا کە ماوەیەکی لەکارو خزمەتدا بەسەر بردبا، ئیدی ئەو کارو خزمەتەی بە پاکی و دڵسۆزی کردبا، یان بە ناپاکی و نا دڵسۆزی. یاساو رێساو دادپەروەری جڤاکی رۆژگاری ئێمە وادەخوازێت کە پایەو میداڵ و نیشان و مووچەی خانەنشینی، لە هەنبەر خزمەتی کارمەندا، ئیدی هەر جۆرە خزمەتێک بێ، چاک یان خراپ، بدرێت، نەک لەسەر تایبەتمەندی ئەخلاقیو تواناو بەهرەو دڵسۆزی ئەو کارمەندە، باشە بۆچی تەنیا ئەویان لەم یاساو ڕێسایە پەڕاندووە؟

ئاندرێ یفیمیچ تاقە پولێکی پێ نەما بوو، شەرمی دەکرد بە بەر دوکانەکاندا تێپەڕێت و تەمەشای دوکاندارەکان بکات، هەر قەرزی بیرەی گەیی بووە سی و دوو رۆبڵ. هەڵبەتە قەرزاری خاوەن ماڵەکەش بوو. داریوشکا لە بەرەوەو، بە دزی دکتۆرەوە جلە

کۆنەکانی و کتێبەکانی دەفرۆشت و بە درۆ بە خاوەنماڵەکەی دەگوت کە دکتۆر بەو زووانە پارەیەکی مۆڵی بۆ دێت.

ئاندرێ یفیمیچ، خەفەتی لەوە دەخوارد بۆچی لەم سەفەرەی دواییەدا، ئەو هەزار رۆبڵەی کە بە زەحمەتێکی زۆر پاشەکەوتی کردبوو، بەخوت و خۆڕایی خەرج کردووە، ئەگەر هەنووکە ئەو پارەیەی مابا، چ خەمی بوو! چ گرێ کوێرەیەکی بۆ نەدەکردەوە! زیاتر لەوە پەست و ناڕەحەت بوو کە خەڵکی وازیان لێنەدەهێنا بۆ خۆی دڵرەحەت و ئاسوودە خەیاڵ بژی. دکتۆر خوبوتوف، بە ئەرکی خۆی دەزانی ناو بە ناو سەری هاوکارە نەخۆشەکەی بدات. ئاندرێ یفیمیچ ڕقی لە پێستی سەری بوو، ڕقی لە هەموو شتێکی بوو، لە دەموچاوە گۆشتنەکەی، لە دەنگە ناسازگارو غروور ئامێزەکەی، لە ڕەفتاری ریابازانەی، لە وشەی (هاوکار) کە دەرهەق بەو بەکاری دەبرد، لە پوتە درێژەکانی پێی، لەمانەش زیاتر ڕقی لەوە بوو کە خوبوتوف بە ئەرکی خۆیی دەزانی کە معایەنەو دەرمانی ئاندرێ یفیمیچ بکات و وای وێنا دەکرد کە بەڕاستی دەرمان و چارەسەری دەکات. هەر کەڕەتێ کە دەچوو بۆ دیدەنی، شووشەیەکی پڕ لە پرومیدی پوتاسیوم و پاکەتێ حەبی دیکەی بۆ دەبرد.

هەروەها میخاییل ئاڤریانیچش بە ئەرکی خۆی دەزانی بچێتە دیدەنی هاوڕێکەی و سەرگەرمی بکات و نەیەڵێ بێتاقەت بێت. هەرجارێ کە خۆی بە ژوورەکەی ئاندرێ یفیمیچدا دەکرد، بە درۆ بە ڕوویەوە پێدەکەنی و دەیویست قەناعەت بە دکتۆری پیر بێنێ و دڵنیای بکات کە بەڕەنگ و روویا، ئەمڕۆکە لە دوێنێ باشترەو شوکر نەخۆشییەکەی روو لە باشییە. بەڵام تۆنی دەنگی ئەوەی دەنواند کە بە تەواوەتی لە وەزع و حاڵی دۆستەکەی نائومێدو هیوا بڕاوە. هێشتا ئەو پارەیەی نەدابووەوە کە لە وارشۆ لێی قەرزکردبوو، بۆیە هەر کاتێ (ئاندرێ یفیمیچ)ی دەبینی هەستی بە تەریق بوونەوەو شەرمەزاری دەکرد، جا بۆ شاردنەوەی ئەمە هەوڵی دەدا بە دەنگی بەرزتر قاقا لێبداتو نوکتەو چیرۆکی کۆمیدیتر بگێڕێتەوە، نوکتەو چیرۆکەکانی کۆتاییان نەبوو، بەڵام ئیدی ئەو نوکتەو چیرۆکانەی کە دەیگێڕانەوە، نە لەلای ئاندرێ یفیمیچ تام و لەزەتیان مابوو نە لەلای خۆی، زۆر ڕۆتینی و یەکهاوی و سواو دەهاتنە بەرچاو.

ئاندرێ یفیمیچ، هەرکە هاوڕێکەی دەهات بۆ لای، لە سەر تەختە خەوەکەی ڕادەکشا، ڕووی دەکردە دیوارەکەو بە دەم دان جیڕکردنەوە گوێی دەگرت، هەستی دەکرد خەم و پەژارەیەکی نا ئاسایی لەسەر دڵیا کەڵەکە دەبوو و، لە گەڵ هەر هاتنێکی میخاییل

ئاڤریانیچدا بۆ لای، ئەم خەم و پەژارەیە ڕوو لەزیادی دەڕۆیی و لەزگ بوو ئەوکی بگرێت و خەفەی بکات.

بەو ئومێدەی ئەم هرزو هەستە پوچ و بێهودانە لە خۆیدا خەفە بکات، لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە هەم خوبوتوف، هەم میخاییل ئاڤریانیچ و هەم خودی خۆی، بیانەوێ و نەیانەوێ، درەنگ یان زوو دەبێ بارگەی ژیان تێکبنەن و بەرەو مەنزڵی مەرگ بڕۆن، بەبێ ئەوەی لەم دنیایەدا شوێنەوارێک لە دوای خۆ بە جێ بێڵن، ئەگەر بە خەیاڵ و لە جیهانی خەیاڵدا وێنای ئەوە بکەین کە دوای یەک ملیۆن ساڵی دیکە، روحێکی سەرگەردان لە ئاسمانی بێ کەوشەن و سنوورەوە بەسەر گۆی زەویدا بسووڕێتەوە، بێگومان جگە لە خاکی ساردو، هەڵدێران و، تات و تاوێران و، بیابانی رووتەنو چۆڵوهۆڵ هیچی دی نابینێ. کەواتە ئەم شەرمەزاری و خەجاڵەتبارییە لە هەنبەر یارۆی دوکاندارو ئەم نارەحەتیە کە خوبوتوفی  هیچ و پوچ و بودەڵەو، ئەم دۆستایەتیە پڕ عەزابەی میخاییل ئاڤریانیچ لە پای چی؟ هەر هەموو ئەمانە پوچ و بۆش و بەتاڵە.

بەڵام ئەم جۆرە هزرین و ئەم چەشنە داوەرییەش فایدەی نەبوو، چونکە هەرکە بە خەیاڵ، گۆی زەوی پاش یەک ملیۆن ساڵی دی دێنایە بەرچاوی خۆی، یەکسەر سەر وسەکوتی خوبوتوف، بە پوتە درێژەکانییەوە، لە پاڵ تاوێرێکی وشک و برینگدا لەبەر چاویا بەرجەستە دەبوو، یان قەدو قەڵافاتی میخاییل ئاڤریانیچ، بە قاقای پێکەنینەکەیەوە لە پشت تاوێرێکەوە دەردەکەوت و گوێی لێی دەبوو کە بە دەنگێکی نەرم و پچڕ پچڕو، شەرەمەزاری و خەجاڵەتبارییەکی زۆرەوە دەیگوت: "گیانەکەم، خەمت نەبێ، لەم ڕۆژانەدا ئەو قەرزەت، کە لە وارشۆ لێم کردبوویت دەدەمەوە.... دڵنیا بە دەتدەمەوە."

((١٦))

ڕۆژێک دەمەو عەسر بوو، ئاندرێ یفیمیچ لە سەر قەنەفەکە ڕاکشا بوو، میخاییل ئاڤریانیچ خۆی بە ژوورا کرد. بە ڕێکەوت (خوبوتوف)ش لە هەمان وەختا، بەخۆو شووشەیەک پرۆمیدی پۆتاسیومەوە خۆی بە ژوورا کرد. ئاندرێ یفیمیچ، بە زەحمەتێکی زۆر، خۆی راستکردەوەو لەسەر قەنەفەکە دانیشت و هەردوو دەستی خستنە سەر پشتی قەنەفەکە. میخاییل ئاڤریانیچ سەری قسەی کردەوەو گوتی:

– گیانەکەم، ئەمڕۆ ڕەنگ و ڕووت زۆر باشترە لە دوێنێ. گەنج بوویتەوە. خودایە چەند گەنج بوویتەوە!

(خوبوتوف)ش بە دەم باوێشک دانەوە گوتی:

– هاوکاری ئازیز، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە چاک ببیتەوە، بێگومان خۆتیش لەم وەزع و حاڵ و گۆشەگیرییە بێزار بوویت!

میخاییل ئاڤریانیچ، بە خۆشی و شادییەوە گوتی:

– ئەرێ ، چاک دەبێتەوە! سەد ساڵی دیکە دەژی!

خوبوتوف، وەکو ئەوەی بیەوێ دڵخۆشی کەسێک بداتەوەو ورەی بەرز بکاتەوە، گوتی:

– بۆ سەد ساڵ نازانم، سەد ساڵ زۆرە، بەڵام بەلای کەمەوە بەشی بیست ساڵی پێوە ماوە. هاوکاری ئازیزم! هیچ نییە! گوێ مەدەیە، پێویست ناکات ورە بەربدەی.... هیچ خەمت نەبێ... ئیدی واز لەم گۆشەگیرییە بێنە.

میخاییل ئاڤریانیچ بەدەم قاقای پێکەنینەوە ،دەستی نایە سەر ئەژنۆی هاوڕێکەی و گوتی:

– من و دکتۆر تازە هەوڵمانە، بزانە چۆن هاوینی داهاتوو، ئیشەڵلا بە دوو قۆڵی سەفەری قەفقاز دەکەین و لەوێندەر هەموو رۆژێ ئەسپ سواری دەکەین... هۆپ، هۆپ، هۆپ... هەموو ئەو دەڤەرە تەی دەکەین و، کە لەوێش گەڕاینەوە، کێ چوزانێ؟ لەوەیە زەماوەند بکەین.

بە دەم ئەو قسەیەوە چاوێکی داگرت و لەسەری رۆیی:

– ژنت بۆ دێنین دۆستی ئازیز!... دەتکەین بە زاوا.

ئاندرێ یفیمیچ، لە ناکاو هەستی کرد بەو قسەیە سەرو دڵی گیرا، هەناسەی تەنگ بوو، دڵی کەوتە پرتە پرت، لە پڕ و بلەز لە جێی خۆی هەستا، بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی و گوتی:

– قسەی قۆڕو بێ مانا! یانی ئێوە بە خۆتان نازانن چ ناماقوولّییەک دەکەن؟

دەیویست بە نەرمی و بە نەزاکەتەوە لەسەر قسەکانی بڕوات، بەڵام بە دەستی خۆی نەبوو، کۆڵەمستی گوشی و بەرزی کردەوە، لە کاتێکدا لە داخا سوور بوو بووەوەو لە حەژمەتاندا دەلەرزی، بە دەنگێکی نائاسایی و گیراو گوتی:

- وازم لێ بێنن! بۆ دەرەوە! هەردووکتان بۆ دەرەوە!

میخاییل ئاڤریانیچ و خوبوتوف، بە هەشتاو هەستانە سەر پێیان و هەوەڵجار بە حیرەت و سەرسامی و پاشان بە ترسەوە لێیان ڕوانی، بەڵام ئاندرێ یفیمیچ پەیتا پەیتا هاواری دەکرد:

- هەردووکتان بۆ دەرەوە! بەڕاستی خەڵکێکی کەرو گەوجن! نە ئاتاجی دۆستایەتی تۆم و نە دەواو دەرمانی تۆی گەوج و کەودەن! بەڕاستی خەڵکێکی گەوج و کەرن، بەڕاستی چەورەن، خوێڕیەتیش بەم ڕادەیە!

خوبوتوف و میخاییل ئاڤریانیچ، پەشێوو پەریشان، مودەتێک ڕوانیانە یەکدی، پاشان بەلەز لە دەرگای ژوورەکە وەدەرکەوتن و خۆیان گەیاندە ڕاڕەوەکە. ئاندرێ یفیمیچ هەر پڕی دایە شووشە پڕومید پۆتاسیومەکەو تێی سرەواندن، شووشەکە شلْپ کەوت بە لا شیپانەی دەرگاکەداو وردو خاش بوو، هەنگێ بەرەو ڕاڕەوەکە تەکانی داو، لە کاتێکدا تووڕەیی و گریان ئەوکیان گرتبوو، دیسان هاواری کرد:

- بڕۆن، حەوت بەرد لە شوێنتان!.... بڕۆن، بەر نەکەن بە دواوە!

پاش ڕۆییشتنی میوانەکان، وەکو یەکێک لەرزی لێهاتبێ، بە پەلە چوو لەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوت و، لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوە:

- هیچو پوچ و، ئەحمەقینە! کەرینە!

لێ هەرکە هێور بووەوە، لە دڵی خۆیدا ژێوان بووەوەو بیری لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە هەنوکە (میخاییل ئاڤریانیچ)ی داماو، زۆر تەریق و خەجاڵەت بێ، ئەمەی زۆر لەبەر گران و ناخۆش بوو. پێشتر هەرگیز شتی وا ڕووی نەدابوو. ئەدی ئەقل و نەزاکەتەکەی کێوە چوو بوو؟ حیکمیەت و خوێناساردییە فەلسەفیەکەی لە کوێ بوو؟

دکتۆر، ئەو شەوە تاکو بەیانی، لە تەریقی و شەرەمەزاریدا، خەو نەچووە چاوانی. بەیانی لە خەو ڕابوو، دەورووبەری سەعات دە چوو بۆ پۆستەخانە تا عوزرخوازی لە

میخاییل ئاڤریانیچی دۆستی بکات. میخاییل ئاڤریانیچ، کە داخ و کەسەر بە روویەوە دیاربوو، بەوپەڕی گەرم و گوڕی دەستەکانی گوشی و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

– ئەوەی چوو چوو، باسی مەکە.

بەڵام لە ناکاو، بە دەنگێک کە هەموو کارمەندان و موراجیعەکانی هێنایە لەرزە، هاواری کرد:

– لیوباوکین! کورسییەک بێنە!

ئەوسا، بەسەر پیرەژنە دێهاتییەکدا، کە دەیویست لە بەینی شیشبەندی موحەجەرە ئاسنەکەوە، نامەیەکی سڤارشی بداتێ، نەڕاندی و گوتی:

– سەبرت بێ پیرەژن! مەگەر نابینی کە سەرقاڵم ؟

دوای ئەم هات و هاوارانە، دووبارە ڕووی کردەوە دکتۆرو بەوپەڕی نەرمی و نەرمکێشییەوە گوتی:

– ئا، ئەوەی چوو چوو، با لە بیری بکەین! دۆستی ئازیزم تکا دەکەم کەرەمکە دانیشە!

دوای ساتێک بێدەنگی، دەستی بەسەری ئەژنۆکانی خۆیدا هێناو گوتی:

– باوەڕ بکە بە خەیاڵیش زویر نیم، دەزانم کە نەخۆشی گاڵتە نییە. باوەڕبکە هەڵچوون و تووڕە بوونەکەی دوێ شەوت هەم من و هەم دکتۆریشی ترساند، تا ماوەیەکی زۆر لەوە دواش هەر باسمان کردوویت. برادەری ئازیز بۆچی حەزناکەیت نەخۆشیەکەت بە تەواوەتی و بە جددی چارەسەر بکەن؟ ئاخر ژیان بەو جۆرە دەگوزەرێ؟

ئەوسا، دەنگی نزم کردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ببورە کە من لە ڕووی دۆستایەتیەوە بە ڕاشکاوی قسان دەکەم، هەر بەینی خۆمان بێ ئەوە ژیان نییە کە تۆی تیای. شوێنەکەت تەنگ و بچووکە، پیسە، کەسێک نییە خزمەت و پەرستاریت بکات، چاوی تێتەوە بێ و خزمەتێکت بکات، ئاخر لەو وەزع و حاڵەدا چارەسەری تۆ مەحاڵە... برادەری ئازیزم! منو دکتۆر خوبوتوف، دڵسۆزانە تکات لێدەکەین کە بە گوێمان بکەیتو بچیت لە نەخۆشخانە بخەوی! خواردنی ئەوێندەر باشو خاوێنە، باشتر پەرستاریت دەکەنو هەرچەندە یفگینی فیدوروفیچ، بنیادەمێکی

عەبوس و گۆساخ و بێ ئەدەبە، بەڵام بەینی خۆمان بێت، دکتۆرێکی بە ئەزموون و شارەزایە و متمانەی پێدەکرێت. بەڵێنی بە من داوە کە چارەسەرت بکات.

غەمخۆری ڕاستگۆیانەو ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکەی کە لەپڕ بە گۆنای سەرۆکی پۆستەخانەوە هاتنە خوارێ، کارێکی زۆریان لە ئاندرێ یفیمیچ کرد، دەستی خستە سەر دڵی خۆی و زۆر بەنەرمی و هێوری گوتی:

– دۆستی ئازیزم! باوەڕ بە قسەکانی دکتۆر مەکە! بە هیچ کلۆجێ باوەڕی پێ مەکە، دەیەوێ تۆ بخەڵەتێنێ، پیاوێکی دەغووڵ و فریبۆکە. نەخۆشییەکەی من تەنیا ئەمەیە کە بیست دانە ساڵە لەم شارەدا دەژیم، دوای ئەم هەموو ساڵە، تەنیا یەک پیاوی زیرەک و ئاقڵم پەیدا کردووە، کە ئەویش شێتە. ئەمەیە نەخۆشییەکەی من، جگە لەمە هیچ نەخۆشییەکی ترم نییە، بە کورتیەکەی کەوتوومەتە ناو بازنەیەکی بۆش و بە تاڵەوەو ڕێگەی دەرباز بوون نا دۆزمەوە. بە هەرحاڵ ئیدی بۆ من هیچ فەرقێک ناکات، تۆ هەرچییەک بڵێی بە گوێت دەکەم.

– برادەری ئازیزم، کەواتە بڕۆ لە نەخۆشخانە بکەوەو لەوێ ئیسراحەت بکە.

– بۆ من هیچ فەرقێک ناکات، بۆ هەر گۆڕێک بڵێی دەڕۆم.

– گیانەکەم، بەڵام قەولم بدەیە کە یفگینی فیدوروفیچ هەرچییەکی گوت بە گوێی دەکەی.

– بەڵێن دەدەم، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە من نەخۆش نیم، بەڵکو خراومەتە بازنەیەکی سیحرئامێزی ئەوتۆوە، کە تەنانەت هاودەردی ڕاستگۆیانەی دۆستەکانیشم بەرەو نەمانم دەبات. من بەرەو نەمان دەچم، لەم دنیایە دەڕۆم، بەڵام شەهامەت و پیاوەتی ئەوەم تیایە کە دان بەم مەسەلەیەدا بنەم.

– برادەری ئازیز، دڵنیابە کە چاک دەبیتەوە.

ئاندرێ یفیمیچ بە تووڕەیی گوتی:

– ئەم قسانە بەچی دەچێ؟ ئەوەی کە هەنووکە من هەستی پێدەکەم، ئەو ئاستەنگەی من تێی کەوتووم، کەم کەس هەیە لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا هەستی پێنەکات. کاتێ پێت بڵێن گورچیلەت نەخۆشەو خەریکە دەوەستێ، دڵت ئاوساوەو دەبێ فریای خۆت بکەوی یان پێت بڵێن شێتی و تەنانەت تاوانباریت... بە کورتی کاتێ خەڵکی لە پڕ بە تووە

بیگرن، سوور بزانە کەوتوویتە بازنەیەکی سیحرئامێزەوە کە هەرگیز ناتوانی لێی دەرباز ببیت. تا زیاتر هەوڵ بدەیت لەو بازنەو ژینگەیە دەربازبیت، پتر لە پێچ وپەناکانیا وێڵ و گومڕا دەبیت. کەواتە باشتر وایە بە یەکجارەکی و تەواوەتی مل بدەیتە خەت، چونکە هیچ هێزێکی بەشەری ناتوانێ ڕزگارت بکات. جا ئەمە ڕەئی و بۆچوونی منە."

کاتێ کە ئەم جووتە دۆستە پێکەوە ئەو قسانەیان دەکرد، موارجیعان لە پشت شیشبەندەکانەوە کەڵەکە بوو بوون. ئاندرێ یفیمیچ بۆ ئەوەی دۆستەکەی لەوە پتر مژوول نەکات و کاری ئەو خەڵکە دوا نەخات، هەر هەستاو خودا حافیزی لە دۆستەکەی کرد. میخاییل ئاڤریانیچ دووبارە قەولی شەرەفی لێوەرگرت کە بچێت لە نەخۆشخانە بکەوێت و، پاشان تا دەرگای دەرەوەی دایەرەکە بەڕێی کرد.

عەسری هەمان ڕۆژ، خوبوتوف بە فەروەو پووتی درێژەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، هاتە دیدەنی ئاندرێ یفیمیچ و بەدەنگ و سەدایەک وەکو ئەوەی دوێ شەو هیچ شتێک نەبووبێ، گوتی:

- هاوکاری ئازیز، هاتووم داوایەکم لە خزمەتت هەیە. هاتووم بۆ کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری پزیشکی دەعوەتت بکەم. نازانم ئاخۆ دەعوەتەکەم قەبووڵ دەکەیت؟ ئایا حەزدەکەی بەشداری تیا بکەیت؟

ئاندرێ یفیمیچ، بەو خەیاڵەی کە خوبوتوف دەیەوێ بۆ گەڕانی ببات، یا ڕەنگە ڕاست بکات و پێویستی بە ڕاوێژو کۆمەکی ئەو هەبێت،و بیەوێ دکتۆری پیر سووکە دەرامەتێکی دەست بکەوێ، بلەز خۆی گۆڕی و دەگەڵ ئەودا لە ماڵ وەدەرکەوت. زۆر شاد و خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، چونکە وای وێنا دەکرد کە دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساوە، تا پۆزش بۆ ئەو کارە دزێوەی دوێنێ شەوی خوێ بێنێتەوەو داوای بوردن لە هاوکارەکەی خۆی بکات و ئاشتی بکاتەوە. لە دڵی خۆیدا سوپاسی خوبوتوفی دەکرد کە تەنانەت ئاماژەیەکی چکۆلەشی بۆ ئەو ڕووداوەی دوێنێ شەو نەکرد، وادیار بوو فەرامۆشی کردبوو و لە دڵی نەگرتبوو، ئاخر چاوەڕوانی ئەم هەموو نەزاکەتەی لە کەسێکی بێ تەربیێتی نا ڕۆشنبیر نەدەکرد.

ئاندرێ یفیمیچ، لە ڕێگا پرسی:

- نەخۆشەکەتان لە کوێیە؟

- له خەستەخانەیە... ماوەیەکە بە نیازبووم پیشانتی بدەم... حاڵەتێکی زۆر غەریب و سەرنجراکێشە.

به جووت خۆیان بە حەساری نەخۆشخانەکەدا کرد، بە دەوری بینا ئەسڵیەکەدا سوڕوانەوەو بەرەو بەشی تایبەتی شێتەکان ڕۆییشتن، بە درێژایی ئەم ماوەیە لەبەر هەر هۆیەک بوو، ورتە لە کەسیانەوە نەهات. هەرکە خۆیان بەو بینایەدا کرد، نیکیتا وەکو هەمیشە بەرزە پێ لە بەریان هەستا.

کە چوونە ژوورەوە خوبوتوف*، بە ئەسپایی بە (ئاندرێ یفیمیچ)ی گوت:

- سیپەلاکی یەکێک لەمانە ئاوساوە، تۆ لێرە بوەستە تا ئێستا دێمەوە. دەچم سەماعەکەت بۆ دێنم.

ئەو قسەیەی گوت و لە بینایەکە وەدەرکەوت.

*- خوبوتوف: بە زمانی روسی مانای( قورتمی فیل) دەگەیەنێت.

((١٧))

دەمەو ئێوارە بوو، دنیا ڕوو لە تاریک بوون دەچوو! ئیڤان دمتریچ، لەسەر تەختە خەوەکەی خۆی ڕاکشا بوو و سەروچاوی لە بالیفەکەی چەقاندبوو، پیرەمێرە ئیفلیجەکە بێ جووڵە لە جێی خۆی ڕۆنیشتبوو، هێدی هێدی بەدەم گریانەوە لێوی دەبزواند. بەڵام فەلاحە قەڵەوەکەو، پۆستەبەرەکەی جاران خەوتبوون. بێدەنگی و خامۆشی تەواو باڵی بەسەر قاوشەکەدا کێشا بوو.

ئاندرێ یفیمیچ لە قەراخی تەختە خەوەکەی ئیڤان دمتریچ دانیشتبوو و چاوەڕوانی گەڕانەوەی خوبوتوف بوو. بەڵام دوای نزیکەی نیو سەعاتێک، لە جیاتی خوبوتوف، نیکیتای دەرگاوان و پاسەوان خۆی بە قاوشەکەدا کرد، جبەیەک و دەستێک کراس و دەرپێ و جووتێ سۆلی لە ژێر باخەڵ بوو. هەرکە وەژوور کەوت، بە ئەسپایی و کاوەخۆ گوتی:

- فەرموو، ئەزبەنی ئەمانە لەبەر بکە!.

هەنگێ بە دەست ئاماژەی بۆ تەختە خەوێک، کە دیار بوو تازە بۆ قاوشەکەیان هێنا بوو، کردو گوتی:

– ئەمەش جێگەی تۆیە، فەرموو بچۆ ئەوێ، خەفەت مەخۆ، ئیشەڵڵا خودا شیفات دەدات.

ئاندرێ یفیمیچ، پەی بە هەموو شتێک برد، لێ بێئەوەی وشەیەکی لە زار بێتە دەر چوو بۆ لای ئەو تەختە خەوەی کە نیکیتا نیشانی دابوو و، لەسەری دانیشت، بەڵام کە دیتی نیکیتا وەستاوەو چاوەڕوانی ئەوە، لە جێی خۆی هەستا، جلەکانی خۆی داکەندو سەراپا ڕووت بووەوە. کە خۆی بەو ڕووتیە لە بەردەم نیکیتادا بینییەوە، زۆر بە خۆیدا شکایەوە. ئەوسا جلکی نەخۆشخانەی لەبەر کرد. دەرپێیەکەی زۆر کورت و کراسەکەی زۆر درێژ بوو، باڵا پۆشەکەشی بۆدڕی ماسی بۆدراوی لێدەهات.

دیسان نیکیتا گوتی:

– ئیشەڵڵا بەو زووانە چاک دەبیتەوە.

دوای ئەو قسەیە، جلەکانی (ئاندرێ یفیمیچ)ی نایە ژێر باڵ و لە قاوشەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست.

ئاندرێ یفیمیچ، باڵاپۆشەکەی لە خۆیەوە پێچا، بەو جلانەوە خۆی وەکو بابایەکی زندانی دەهاتە بەرچاو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چ قەیدییە! هەمووی هەر یەکە، چ جلی فەرمی، چ ئەم جلانە، هەمووی هەر یەکە...."

ئەدی سەعاتەکەی کوا؟ ئەدی ئەو دەفتەرچەیەی کە لە بەرکی بەرباخەڵەکەی دانا بوو و وردە یاداشتەکانی تیا دەنووسییەوە چی بەسەر هات؟ ئەدی قوتووە سیغارەکەی کوا؟ نیکیتا جلەکانی بۆکوێ برد بوو؟ لەوەیە جارێکی دی بە عەمراتی نەتوانێ چاکەت و پانتۆڵ و ئێلەک و پێڵاوەکانی خۆی لەبەر بکات.

هەموو ئەم ڕووداوانەی، لە سەرەتاوە بەلاوە نەک هەر سەیر بوو، بەڵکو نامەفهوومیش بوو. ئاندرێ یفیمیچ هێشتا قەناعەتی وابوو کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ماڵەکەی بیلوڤیای بێوەژن و قاوشی ژمارە شەشدا نییە، چونکە جیهان و هەموو شتێکی ئەم جیهانەی بە پوچو بێ مانا دەزانی. کەچی وێڕای ئەمەش دەستەکانی دەلەرزین، لاقەکانی ڕچی بوون و نیگەرانی ئەوە بوو کە بەو زوانە ئیڤان دمتریچ خەبەری ببێتەوەو بەو جلە شۆڕانەوە بیدینێ. لەسەر تەختە خەوەکە هەستا، چەند جارێک بە قاوشەکەدا هاتوچوو و، دووبارە دانیشتەوە.

نیو سەعات تێپەڕی، نەخێر بووبە سەعاتێ، بە تەواوەتی لە دانیشتن وەڕەزو بێتاقەت بوو. ئاخر پیاو چۆن بتوانێ ڕۆژێک، هەفتەیەک، یان ساڵێک یان چەند ساڵێک وەکو ئەم خەڵکە لێرەدا بگوزەرێنێ؟ لێکدا لێکدا دادەنیشت و هەڵدەستایەوە، ئۆقرەی نەدەگرت، کەمێک بە قاوشەکەدا دەهات و دەچوو، ئەوجا دادەنیشتەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دەشێت پیاو بچێتە بەر پەنجەرەکەو لەوێندەرەوە بڕوانێتە دەرێ، بە ناو قاوشەکەدا پیاسە بکات، لەم سوچەوە بۆ ئەو قوڕنە بچێت، ئەدی پاشان؟ مەگەر دەشێت پیاو وەکو پەیکەر بێ جوڵەو هەمیشە لە جێی خۆی دابنیشێت و لەگژ فکران ڕابچێ؟ نا، نا، ئەمە مەحاڵە!"

ئاندرێ یفیمیچ ناچار لەسەر تەختە خەوەکەی ڕاکشا، بەڵام یەکسەر هەستایەوە. بەسەری قۆڵی کراسەکەی، ئارەقە ساردەکەی سەر هەنیەی سڕی و هەستی کرد دەموچاوی بۆدڕی ماسی لێدێت. لە تەختەکە هاتە خوارەوە، دووبارە کەوتە پیاسە بە قاوشەکەدا، بە دەم دەست بادانەوەو لەبەر خۆوە دەیگوت و دەیگوتەوە: "بێگومان بەد حاڵی بوونیک لەم کارەدا هەیە، نابێ، شتی وا نابێ، دەبێ قسەیان دەگەڵ بکەم، بۆیان ڕوون بکەمەوە کە هەڵەیەک، بەدحاڵی بوونێک لەم مەسەلەیەدا هەیە".

لەم کاتەدا ئیڤان دمتریچ، لە خەو ڕابوو، لەسەر تەختە خەوەکەی دانیشت و دەستەکانی نایە ژێر چەنەی، تفێکی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە، بە تەمەڵی و سستی ڕوانییە دکتۆر، وادیاربوو لە ساتەکانی هەوەڵەوە هەستی بە هیچ نەکرد، بەڵام زوو بە زوو شوێنەواری ڕکونی و تەوس لە سیمای خەواڵویدا دەرکەوت. چاوێکی نوقاندو بە دەنگێکی خەواڵووەوە گوتی:

– ئاە! تۆشیان بۆ ئێرە هێنا؟ بەڕاستی خۆشحاڵم! ڕۆژانێک تۆ خوێنی خەڵکیت دەمژی، ئێستاش نۆرەی خەڵکییە کە خوێنی تۆ بمژن، زۆر جوانە!

ئاندرێ یفیمیچ، بەو قسانە ترسی لێنیشت و گوتی:

– نا! ئەمە تەنیا بەدحاڵی بوونێکەو هیچی تر.

ئەوجا شانەکانی هەڵتەکاندو دووبارەی کردەوە: – بەڵێ، بەدحاڵی بوونە...

ئیڤان دمتریچ، دووبارە تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی، ڕاکشاو لە بن لیوانەوە گوتی:

– نەفرەت لەم ژیانە! ئەوەی زۆر خراپ و نەنگینە ئەمەیە کە ئەم ژیانە وەکو شانۆ، بە شکۆو جەلالەوە کۆتایی نایەت، پاداشتی ئەو کەسەی هەموو تەمەنی خۆی لە ڕەنج و ئەشکەنجەدا بردۆتە سەر، جگە لە مەرگی شووم و ترسناک هیچی تر نییە، کە دەمرێت، چەند فەلاحێک دێن، لە دەست و لاقی دەنەون و دەیخەنە ژێر خاکەوە، قەیدی نییە باوا بێ!... لە تۆڵەی ئەمە ئەو دنیامان هەیە... من دەبم بە سێبەرو تاپۆیەک و لەو دنیاوە دێمەوە بۆ ئێرەو خۆم نیشانی ئەم خەڵکە قێزەونە دەدەم، وایان دەترسێنم کە سەریان سپی ببێت و لە حەژمەتاندا ڕوح دەرنەبەن.

لەم کاتەدا موسیکای جوولەکە لە سواڵ گەڕایەوە، هەرکە چاوی بە دکتۆر کەوت، خۆی گەیاندێ و دەستی لێ پان کردەوەو گوتی: – ساقە سەری خۆت کۆپیکێکم بدەیە!

((١٨))

ئاندرێ یفیمیچ چووە بەر پەرنجەرەکەو کەوتە تەمەشای مەزراکانی ئەو ناوە. دنیا بەرە بەرە خەریک بوو تاریک دەبوو. مانگی ساردو ئامال سوور، بەکاوەخۆ لە ئاسۆوە بەرز دەبووەوە. لەو دیوی تامانی نەخۆشخانەکە، بە دووری دوو سەد مەترێک، بینایەکی سپی، بەرز، بەدی دەکرا، دیوارەکانی لە بەرد دروست کرابوو، ئەمە بینای زندانی شار بوو. ئاندرێ یفیمیچ، کە ئەم دیمەنانەی بینی لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەڵێ، ئەمە یەکێکە لە حەقیقەتەکانی دنیای واقیعی!"

ئەوسا ترس لە سەراپای نیشت. مانگەکە، بینای زندانەکە، بزمارە تیژەکانی سەر تامانەکە، ئەو ئاگرەی کە لە دووری دوورەوە لە کارخانەی جەلاتین سازییەکە بەرز دەبووەوە، هەر هەموو ئەمانە ترسناک دەهاتنە بەرچاو. لە ناکاو یەکێک لە پشتیەوە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. ئاندرێ یفیمیچ، ئاوڕی پشتەوەی دایەوە، یارۆی پۆستەبەری جارانی بینی کە سینگ و بەرۆکی یەکپارچە ئەستێرەو میداڵ و نیشانانی بریقەدار بوو، بزەیەک بەسەر لێوییەوە بوو و بە شێوەیەکی قێزەون چاوی دادەگرت. قەدو قەڵافەتی ئەویش ترسناک دەهاتە بەرچاو.

ئاندرێ یفیمیچ، هەوڵی دەدا قەناعەت بەخۆی بێنێ کە نە مانگەکە ترسناکەو نە بینای زندانەکە. دەیویست قەناعەت بە خۆی بێنێ کە خەڵکانی ئاقڵیش میداڵ و نیشانان بە بەرۆکی خۆوە دەنەن. دەیویست قەناعەت بەخۆی بێنێ، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، هەموو شتێک دەڕزێ و دەگەنێ و ڕوو لە نەمان دەچێ و دەبێ بەخاک و خۆڵ، بەڵام

لە ناکاو نائومێدی باڵی بەسەردا کێشا، بە هەردوو دەست شیشبەندی پەنجەرەکەی گرت، بە هەموو هێزی خۆیەوە ڕایتەکاند، بەڵام شیشەکان لەوە قایمتر بوون بەو بجوڵێن.

ئەوسا، بەو نیازەی ترسی خۆی برەوێنێتەوە، بەرەو تەختە خەوەکەی ئیڤان دمتریچ ڕۆیی، لە قەراخ تەختەکەی ئەوەوە دانیشت، ئازای دەلەرزی، دەست دەست ئارەقەی دەردەدا، بەدەم سڕینی ئارەقەکەی سەر هەنیەیەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– من ورەم ڕوخاوە گیانەکەم... بەڵێ نەترەم بەرداوە.

ئیڤان دمتریچ، بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:

– چۆنە بۆ خۆت کەمێک فەلسەفە ڕێسی بکەیت.

ئاندرێ یفیمیچ، بە دەنگێک وەکو ئەوەی بیەوێ بگری یان بەزەیی بەرانبەرەکەی بهاڕوژێنێ، بەرسڤی دایەوە:

– خودایا، ئەی پەروەردگار! بەڵێ، بەڵێ!... لە بیرمە ڕۆژێک تۆ دەتفەرموو کە لە ڕوسیادا هەر چەندە هیچ قوتابخانەیەکی فەلسەفی نییە، بەڵام هەر لەم ڕوسیایەدا هەموو کەسێک، تەنانەت ڕەمەکی مەردمیش، ڕەش و ڕووتیش فەلسەفەڕێسی دەکەن. باشە فەلسەفەڕێسی ئەم خەڵکە عەوامە هیچ زەرەرو زیانێک بە کەس دەگەیەنێ؟ ئیدی ئەم پێکەنینە تەوس ئامێزو ڕکونیەی تۆ لە پای چیە گیانەکەم؟ جا خەڵکێکی عەوام و نەزان کە لە هەموو شتێکی کەم بێت، هیچ شتێک نەبێ مایەی ڕەزامەندی ئەو بێت، بۆچی فەلسەفەڕێسی نەکات، ئەگەر فەلسەفەڕێسی نەکات چ بکات؟ لەم وڵاتەدا پیاوی زانا و خوێنەوارو سەربەرزو ئازادیخواز، هیچ چارێکی نییە جگە لەوەی وەکو دکتۆر بڕوات بۆ شارێکی دوورە دەستی چکۆلەی پیسی پاشکەوتوو، عومرێک دەگەڵ حەجامات و زەروو ولەگەنی پیسایی‌و گمێزدا بەسەربەرێت! بەچاوی خۆی هەرچی سەرسەریاتی و کورت بینی و پاشڤەڕۆیی‌و سووکی‌و چروکیەک هەیە بدینێ! ئاە خودایا! ئەمە چ ژیانێکە!

ئیڤان دمتریچ گوتی:

– تۆ قسەی قۆڕ دەکەی. کە دکتۆریت بە دڵ نەبوو، بۆچی کارێکی ترت هەڵنەبژارد؟ خۆ ببویتایە بە وەزیر.

– نا، ئەگەر کارێکی دیکەشم هەڵبژاردایە هەر وادەبوو. گیانە ئێمە خەڵکانێکی لاوازو بێ توانایین... من بابایەکی خوێنساردو بێ موبالات بووم، بە ڕاستگۆیی و لۆژیکانە مامەڵەم لەگەڵ مەسەلە جۆراو جۆرەکاندا دەکرد. بەڵام هەرکە ژیان ڕووی دزێوو زبرو ڕەقی خۆی نیشان دام، بە جارێ نەترەم بەردا... بەڵێ ئێمەمانان خەڵکی بێ ورەو لاوازو بێ توانایین... تۆش وایت هاوڕێ گیان! تۆ پیاوێکی زیرەک و میهرەبان و نەجیبی: خێرخوازی و خۆشەویستی و دلۆڤانیت بە شیری دایکەوە مژتووە، لێ هەرکە پێت نایە مەیدانی ژیانەوە، یەکسەر ماندوو بوویت و نەخۆش کەوتیت... بەڵێ تۆش لاوازی، لاواز.

لەگەڵ ئاوا بوونی ڕۆژدا، جگە لە ترس و دڵەڕاوکێ، شتێکی دیکەش چینەی لە هەست و نەستی ئاندرێ یفیمیچ دەکردو ئازاری دەدا. ئەنجام وای تەسەور کرد کە هۆی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە، هۆی ئەم نیگەرانیە، ئەمەیە کە ئەمڕۆ نە بیرەی خواردووەتەوەو نە سیغاری کێشاوە. ئیدی ڕووی کردە ئیڤان دمتریچ و گوتی:

– گیانەکەم! من دەچمە دەرێ و دەستوور دەدەم کە چرایەک پێبکەن... من تەحەمولی ئەم ژیانە ناکەم.

بە دەم ئەو قسانەوە بەرەو دەرگاکە چوو و، کردییەوە، لێ نیکتیا یەکسەر لە جێی خۆی ڕاپەڕی و ڕێی لێگرت و گوتی: – بۆ کوێ دەڕۆیت؟ نابێ، قەدەغەیە! ئیدی کاتی خەوە.

دکتۆر بە پەشۆکاوی گوتی: – دەمەوێ، بۆ یەک دەقیقە پیاسەیەکی ناو حەشەکە بکەم، تەنیا یەک دەقیقە.

– نابێ، نابێ! تۆ لە من باشتر دەزانی کە ڕێگەی کاری وا نادەن.

نیکیتا دوای ئەو قسەیە دەرگاکەی توند داخست و پشتی خۆی پێوەدا. ئاندرێ یفیمیچ، شانەکانی هەڵتەکاندو پرسی:

– باشە چوونە دەرەوەی من زەرەر بە کەس دەگەیەنێت؟ بە ڕاستی سەر لەمە دەرناکەم، هیچ تێناگەم.

ئەوسا بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- گوێ بگرە نیکیتا! من دەبێ بچمە دەرێ. پێویستم بەوەیە بچمە دەرێ. هەر دەبێ بچمە دەرێ!

نیکیتا بە مکوڕییەوە گوتی: - ئاژاوەمان بۆ مەنێوە! ئەمە کارێکی باش نییە!

لە پڕ ئیڤان دمتریچ هاڕوژا، لە جێی خۆی ڕاپەڕی، پڕ بە زار هاواری کرد:

- ئەم گاڵتە بازاڕە چییە؟ بە چ هەقێک نایەڵێ خەڵکی بچنە دەرەوە؟ بە کام یاسا ئێمەیان لێرە حەپس کردووە؟ ئەوەندەی من بزانم، قانون ڕێگە نادات بە بێ حوکمی دادگا، ئازادی لە هیچ کەسێک زەوت بکرێت! ئەمە نەهەقیەکی زەق و ئاشکرایە، زوڵم و بێدادییە، ئەمانە خۆسەری دەیکەن.

ئاندرێ یفیمیچ، کە ئەم هەڵوێستەی لە ئیڤان دمتریچ بینی، زاتی پەیدا کردو گوتی:

- هەڵبەتە کە زوڵم و ناهەقیە! من دەبێ بڕۆمە دەرێ، پێویستم بە چوونە دەرەوەیە... دەبێ بڕۆمە دەرێ! ئەو بۆی نییە ڕێگەم لێبگرێ. پێمگوتی دەرگام بۆ بکەوە!.

ئیڤان دمتریچ، بە دەم هاوارەوە، بە مست بەر بووە دەرگاکە:

- حەیوانی کەودەن! گوێت لێیە؟ بیکەوە دەنا دەی شکێنم! هەی جەلاد!.

(ئاندرێ یفیمیچ)ش کە هاڕوژا بوو و، سەراپای دەلەرزی، هاواری کرد:

- من ئەمرت پێدەکەم، دەرگاکە بکەوە!

نیکیتا لە پشت دەرگاکەوە بەرسڤی دایەوە:

- هەر هاوار بکە، ئەوەندە هاوار بکە تا...

- بەلای کەمەوە بڕۆ یفگینی فیدوروفیچ بانگ بکە! بە زمانی منەوە تکای لێبکە، کە تەشریف بۆ ئێرە بێنن... تەنیا بۆ یەک دەقیقە تەشریف بێنن.

- پێویست بە بانگ کردن ناکات، سبەی بەیانی بە خۆی تەشریف دێنێ.

لەم بەینەدا ئیڤان دمتریچ، لێکدا لێکدا هاواری دەکرد:

– هەرگیز نایەڵن لێرە بچینە دەرێ! بۆ خۆمان لێرەدا بۆگەن دەکەین و لێدەبینەوە. ئۆف خودایا، تۆ بڵێی لەو دنیا دۆزەخێک نەبێ و ئەم تاوانبارانە، ئەم بێ حورمەت و قێزەونانە، بە سزای خۆ نەگەن؟ ئەدی دادو عەدالەت و میهری تۆ لە کوێیە؟

بەم حاڵەوە بە دەنگێکی لەرزۆک و نوساو گوتی: – دەرگاکە بکەوە نامەرد! خەریکە دەخنکێم!

بەدەم ئەو قسانەوە، تا هێزی تیا بوو خۆی بە دەرگاکەدا کێشاو هاواری کرد:

– پیاوکوژانە، جەلادینە! ئەوەندە سەری خۆم بە دەرگاکەدا دەکێشم تا مێشکم دەپژێ!

نیکیتا لە پڕ دەرگای کردەوە، بە شەقو زللە (ئاندرێ یفیمیچ)ی تورِ دایە سوچێکەوە، ئەوسا مستی بەرز کردەوەو تا توانی کێشای بە دەموچاویا، ئاندرێ یفیمیچ، گێژو وڕ بوو، وای هەست دەکرد کە شەپۆلێکی گەورەی سوێر، سوێر وەکو ئاوی دەریا، هەڵی گرتوو، بەرەو سەر جێگاکەی برد. بەڕاستیش، سوێرییەکی نا ئاسایی دەم و زاری پڕ کردبوو. چونکە بۆکسەکە دەمی پڕ کردبوو لە خوێن، و خوێن لە ددانەکانی دەهات.وەکو یەکێک بیەوێ بەدەم مەلەوە، خۆی لە خنکان رزگار بکات و بکەوێتەوە سەر ئاو، بەو ئاوایە دەست و باسکە بێ هێزەکانی خۆی جوڵاندو دەستی گەیاندە یەکێک لە تەختە خەوەکان، رێک لەم کاتەدا هەستی کرد دوو بۆکسی دیکەی نیکیتای وەپشت کەوت، و گوێی بە هاواری ئیڤان دمتریچ زرینگایەوە کە دیاربوو ئەویشیان گرتبووە بەر شەق و بۆکس.

دوای تۆزێک ،بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا. تریفەی زەردو کزی مانگ لە شیش بەندی پەنجەرەکەوە دەیدا لە نێو قاوشەکەو، سێبەری شیشبەندی پەنجەرەکە تۆڕ ئاسا لە ئەرزەکەدا بەرجەستە بوو بوو.

دیمەنی قاوشەکە زۆر ترسناک بوو. ئاندرێ یفیمیچ ڕاکشا بوو، هەناسەی لە خۆ بڕی بوو و، بەترس و لەرزەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو، حەسیرمەیانێکی دیکەی بکەنەوە. وەکو یەکێک داسێکیان بە ورگیا کردبێ و بێ ڕەحمانە بە هەناویا بیگێڕن و بای بدەن، لە تاو دەردو ئازار قەپی بە بالیفەکەیدا دەکردو ددانەکانی بە چیرەوە دەبرد. لە ناکاودا لە جەرگەی ئەم هەراو هەنگامەیەوە بیرێکی ترسناک و بەترەف بە مێشکیدا هات. لە دڵی خۆیدا گوتی: "بێگومان، ئەم خەڵکەی کە هەنووکە لەبەر تریفەی مانگەکە لە سێبەرو تارمایی ڕەش دەچن، دەبێ بە درێژایی ڕۆژان، هەیڤان و بەڵکو ساڵان هەمان دەردو

ئازاری ئێستای منیان چەشتبێ. زۆرم پێ سەیرە بۆچی دەبێ بە درێژایی ئەم بیست ساڵە نەمتوانی بێ هەست بەمە بکەم یان نەم ویستبێ تێی بگەم؟" دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە مادامێکی پەی بە ئازارو دەرد نەبردووە، هیچ زانیارییەکی دەربارە نەبووە، تێی نەگەییشتووە، کەواتە هیچ گوناح و تاوانێکی نییە، گلەیی لێناکرێت.

بەڵام ئەم پاکانەیە سوکنایی پێ نەدەبەخشی. ویژدانی – ویژدانێک کە وەکو نیکیتا دڵڕەق و سەرسەخت و سەختگیر بوو - عەزابی دەدا، کردیە کارێک کە سەراپای لە ئارەقە بنیشیت، هەست بە شەرمەزاری بکات. بۆیە لە ناکاو ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێیان. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، تا هێز لە ئەوکیدایە هاواربکات، لە قاوشەکە وەدەربکەوێ و هەرچی زووترە نیکیتاو خوبوتوف و سەرپەرشتیاری دارایی و پزیشکیارەکەو، خۆیشی بکوژێت. بەڵام هیچ دەنگ و سەدایەک لە سینەیەوە دەرنەهات، لاقەکانی کەوتنە لەرزین و لە دووی نەهاتن، هەستی کرد، هەناسەی دەرنایەت، چنگی لە یەخەی جبەو کراسەکەی گیرکرد، سەراپای دادڕی و لە هۆش خۆی چوو وکەوتە سەر تەختە خەوەکە.

((١٩))

بەیانی رۆژی دوایی بەدەم ژانە سەرێکی زۆر توندەوە هەستا، خەریک بوو مێشکی دەتەقی. ژاوە ژاوێکی ئەوتۆ لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە، خەریک بوو کەڕی دەکرد، ئازای گیانی لە تاو ئازار هاواری دەکرد. هیچ شەرمەزاری ئەو هەڵوێستە لاوازەی دوێ شەوی خۆی نەبوو. دوێ شەو بە جۆرێ گیرۆدەی ترسنۆکی و نەترەبەردان بوو بوو تەنانەت لە هەیڤەشەوەکەش، لە تریفەی مانگەکەش دەترسا، جڵەوی بۆ هزرو ڕەفتاری ئەوتۆ شل کردبوو کەجاران هەرگیز بە خەویش وێنای نەدەکرد ئەو جۆرە ڕەفتارو حەرەکاتە لەو بوەشێتەوەو ئەم جۆرە هزرین و بۆچوونانەی هەبێت. یەکێک لەو بیرانەی ئەمە بوو، کە ناڕەزایی ڕەمەکی مەردم لە کۆمەڵگە، وایان لێدەکات بکەونە فەلسەفەڕێسی. بەڵام ئێستا گوێی بە هیچ نەدەداو هەموو شتێکی بەلاوە یەکسان بوو بوو.

نە خواردنی دەخواردو نە ئاوی دەخواردەوە، بێ جوڵەو یەک تەختە لەسەر جێگاکەی ڕاکشا بوو، ورتەی لێوە نەدەهات، هەر کاتێ پرسیاریان لێکردبا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

"هەموو شتێک بۆ من یەکسانە، وەڵامی پرسیارەکانیان نادەمەوە... هەموو شتێک بۆ من یەکسانە..."

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە میخاییل ئاڤریانیچ هاتە دیدەنی، تۆزێ چای وشک و کەمێک مرەبای لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنا بوو! داریوشکاش هاتە دیدەنی، نزیکەی یەک دانە سەعات، بە خەمینی و بێدەنگی بەدیارییەوە دانیشت. ئەوسا سەروسەکوتی دکتۆر خوبوتوف پەیدا بوو، شووشەیەک پرومیدی پۆتاسیومی بۆ هێنا بوو، دوای معایەنە کردنی دەستووری بەنیکیتا دا کە بخورد و داری عود لە قاوشەکەدا دابگیرسێنێت.

عەسرێکی درەنگی هەمان ڕۆژ ئاندرێ یفیمیچ بە سەکتەی دەماغ گیانی سپارد. هەوەڵجار بەر لەوەی گیانی دەربچێ، هەستی بە سەرمایەکی نائاسایی دەکرد، دڵی تێک هەڵدەهات، وای هەست دەکرد شتێکی لینجی قێزەوەر، بەئازای بەدەنیا، بڵاوبووەتەوەو تاوەکو سەر قامکەکانی هاتووە. لەگەدەیەوە دەستی پێکردو بەرەو سەری کشاو بە ناو چاوی و گوێچکەکانیا بڵاوبووەوە. ڕەنگێکی تاریکی ئاماڵ ڕەش بەری چاوی گرت. ئیدی ئاندرێ یفیمیچ حاڵی بوو، کە دوا دواییەتی و لەو دەمەدا بیری کەوتەوە کە ئیڤان دمتریچ و میخاییل ئاڤریانیچ و ملیونان کەسی دی باوەڕیان بە ئەبەدیەت و هەرمان هەیە. تۆ بڵێی شتی وا هەبێت؟ بەڵام بە خۆی هیچ ئارەزویەکی ئەبەدیەت و هەرمانی نەبوو، شتێک بوو هەروا لامسەرلایی و بەڕەوتەنی بە بیریدا هات. لەپڕ ڕەوە حەیوانە کێوییەکی یەجگار جوان، کە دوێنێ شەو وەسفیانی لە کتێبێکدا خوێندبووەوە، بەلایدا تێپەڕین. ئەوسا پیرەژنێکی دێهاتی، نامەیەکی سفارشی (راسپاردن) بۆ درێژ کرد... میخاییل ئاڤریانیچ، شتێکی گوت... ئەوسا هەموو شتێک لەبەر چاوی ون بوو و ئاندرێ یفیمیچ بۆ هەتا هەتایە خۆی لە بیرکرد.

دوان لە پێشخزمەتەکان هاتن، لە دەست ولاقی نەوین و جەندەکەیان بۆ نوێژخانەی خەستەخانەکە برد. بە چاوانی کراوەوە لەسەر مێزێک کەوتبوو،و تریفەی مانگ لە جەنازە بێ گیانەکەی دەداو ڕوناکی دەکردەوە. بۆ بەیانی سێرگی سیرگیوفیچ خۆی گەیاندە نوێژخانەکە. ماوەیەک چەلیپا بەدەست، بەدڵ و کوڵ و ئیماندارانە وێردو دوعای خوێندو ئەوسا چاوانی سەرۆکەکەی جارانی خۆی داخست.

ڕۆژی سێیەم (ئاندرێ یفیمیچ)یان بە خاک سپارد، تەنیا میخاییل ئاڤریانیچ و داریوشکا لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا ئامادە بوون.

تێبینی: ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٩ لە سلێمانی، گەڕەکی ڕزگاری، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

*- انتون چیخوف / اتاق شماره (٦) و چند داستان دیگر ترجمەی کاظم انصاری، چاپ هفتم / ١٣٨٩/ چاپ گلشن.

هەروەها دەگەڵ ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوەشدا بەراوردم کردووە کە نەک هەر زۆرم سوود لێیان وەرگرتووە، بەڵکو هەندێجار، لێرەو لەوێ، کەم تا زۆر، دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافم ڕاستەوخۆ لێیانەوە پاچڤە کردووە، جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە، ئەوا لەگەڵ دوو دەقەکەی تردا، تەواو تێک دەکاتەوەو بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییەکە هیچی لەو دەقانەی تر کەمتری نییەو بێ چەندو چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

*- روايات الهلال، العدد ٣٤٣ – يوليه- ١٩٧٧- رجب ١٣٩٧ ص ١٦٢- ٢٢٥، الجناح رقم ٦ ترجمە دكتور محمد القصاص.

*- مجموعه اپار چیخوف، جلد چهارم، داستانهای کوتاه (٤) ترجمه سروژ استپانیان "از متن روسی" چاپ دوم: بهار ١٣٨١.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم،قەرەمیرزا، ڕەندی عارف زادە، حەمۆکە بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- له هەشتاكانەوه تا ۲۰۱۰/۸/۲۰راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكايەتی لقی كەركووكی يەكێتيی نووسەرانی كوردی كردووه.

- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردووەتەوه، لێ زۆربەی هەره زۆريان، به تايبەتی ئەوانەی له چيادا چاپ بوون به نوسخەی هێنده كەم بڵاوبوونەتەوه،له نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەيه كه له فەوتان رزگار بوون. هەندێك له وانه:

١- تيرۆژ، كۆ چيرۆك، چاپی يەكەم ١٩٧٩

٢- كۆچی سوور، رۆمان، چاپی يەكەم،١٩٨٨،چاپی سێيەم ٢٠٠٧

٣- بەيداخ، چيرۆك، چاپی يەكەم ١٩٨٨

٤- داوەتی كۆچەرييان، كۆ چيرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، كۆمەڵه چيرۆك،چاپی يەكەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- كوچ سرخ، كۆ چيرۆك، به فارسی، وەرگيڕان چاپی يەكەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نينا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی يەكەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێيەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبير كامۆ، چاپی يەكەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سايه،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسين، چاپی يەكەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شكست، رۆمان، ئەلكساندەر فەدايەف، چاپی شاخ (راه كارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەكان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەكان، رۆمان، عەزيز نەسين، چاپی سێيەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هيرب ميدۆ، چاپی يەكەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی يەكەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێک دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک

٢٥- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨،١ ١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١( ٢٠٠٩) دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی مالّتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولاّم حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاّوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوللاّئەلبوسێری..

---

٤٣- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالاّن.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ مندالاّن، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالاّن

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالاّن)

٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەیێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ١،٢٠٠٤،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆک، بوزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ريوايەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الكوردیە، حەمە كەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی

٨٦-دەیڤد كۆپەرفیلد، (ڕۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران حەمە كەریم عارف

٩٢-باڵندەكەی من ڕۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەكانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ مناڵانی كورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- كوڵوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەكانی خانەی مردووان/ دۆستویفسكی

١٠٤-مێژووی ڕۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک...............کۆمەڵێک نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ.............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)

١١٦- ڕۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- ماینی چل جوانوو " کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠- ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، کۆچیرۆک: چیخۆف

١٣١- گۆگۆل، دامەزرێنەری ریالیزمی ڕەخنەیی